ژن

لەسەر تەختی دەسەڵات

مەحموودی تلووعی

وەرگێڕانی

ئەبوبەکر مەجیدی

کوردستان – هەولێر

٢٠٠٥

ناونیشانی کتێبی لێوەرگێڕدراو:

محمود تلوعی

زن بر سریر قدرت

ناوی کتێب: ژن لەسەر تەختی دەسەڵات

– نووسەر: مەحموودی تلووعی

– وەرگێڕانی: ئەبوبەکر مەجیدی

– نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی

– بەرگ: هۆگر سدیق

–سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

– تیراژ: ١٠٠٠ دانە

– ژمارەی سپاردن: (٣٢٦)

–– چاپی یەکەم

– نرخ: ٤٥٠٠ دینار

– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب – ١٩ – (١٢٢)

ناونیشان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com

ژمارەی تەلەفۆن: 2260311

www.mukiryani.com

پێڕست

– پێشەکی وەرگێڕ 5

– پێشەکی نووسەر 9

١– کلیۆپاترا 21

٢– دەسەڵات و گەندەڵی 41

٣– تیۆدۆرا 57

٤– کاترین دۆمێدیسی 75

٥– ماری خوێنمژو ئێلیزابێتی یەکەم 91

٦– ژنانی دەرباری فەڕانسە 117

٧– ئەو ژنانەی کە لەسەر رووسیە حکوومەتیان کرد 155

٨– لەسووچی بەندیخانەوە بۆ کۆشکی ئیمپراتۆری 177

٩– مەلیکە ڤیکتۆریا 201

١٠– تێزۆهسی 229

١١– مەلیکە ئەلیکساندرا 249

١٢– ئێڤیتا پێرۆن 291

١٣– رۆڵی ژن لەدەسەڵاتی ئەمریکادا 305

١٤– چوار ژنی ئاسیایی 323

١٥– دایە گەورەی ئیسرائیل 361

١٦– ژنی ئاسنینی بریتانیا 377

١٧– ژنانی دەسەڵاتداری سەدەی بیستەم 403

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بەبرای زۆر خۆشەویستم کاك ئەحمەد کەبەو پەڕی هەست بەبەرپرسایەتی وخۆشەویستی‌یەوە ئەرکی پەروەردەو خوێندنی منی بەئەستۆوە گرتووە. هیوادارم ئاورینگی بەختەوەری دڕکە وشکەکانی داوێنی ژیانی ئاگرباران بکاتو مەلی ئاواتەکانی بەرەو نیشتمانی ئامانجەکانی بفرێت.

پێشەکی وەرگێڕ

ئەم پەرتوکەی کە لەبەر دەستان دایە بەرهەمی چەندین ساڵ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی نووسەری ئێرانی، ئاغای مەحمودی تلووعیە کە سەبارەت بە ژنانی دەسەڵاتداری جیهان ئەنجامی داوەو بەپاڵپشتی سەرچاوە مێژووییەکان تیشکی خستۆتە سەر بارودۆخی ژیانو چۆنیەتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتو هەروەها شێوازی دەسەڵاتداریو ئەو ژنانەی کە لەدێژایی مێژوودا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووەو رەوتی مێژووی وڵاتەکەیانو لەهەندێك جاردا مێژووی جیهانیان گۆڕیوە. پێش ناساندنی کورتەیەك لەناوەڕۆکی ئەم پەرتوکە ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بەپێویست دەزانم.

یەکەم: بەهۆی نەبوونی مێژوویەکی نووسراوی باوەڕپێکراو سەبارەت بە ژنانی دەسەڵاتداری جیهان لە هەزارەی یەکەمی پ.ز نووسەر ئاماژەی بەژنانی دەسەڵاتداری ئەم بەشە لەمێژوو نەکردووە.

دووهەم: بەهۆی ئەوە کە نووسەر ئێرانی‌یە، لەپێشەکی ئەم پەرتوکەدا ئاماژەی بەژمارەیەك ژنی ئێرانی کردووە کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبووەو ناتوانین ناوی ئەوان لەریزی ناوی ژنانی دەسەڵاتداری جیهان بهێنین.

سێهەم: لەبەر ئەوەی کە لەچاپی چوارەمی ئەم پەرتووکە ئاماژە بە سەرچاوەکانی نەکراوە، منیش نەمتوانیوە لە وەرگێڕانی پەرتووکەکە ئاماژە بەسەرچاوەکانی بکەم.

سەبارەت بەناوەڕۆکی پەرتوکەکە دەتوانم بڵێم کە شێوازی بەدەستەوەگرتنو هەروەها چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەلایەن ژنانی دەسەڵاتدارەوە بەدوو قۆناغ دابەش دەبێت، قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتداری ژنان، لە کلیۆپاتراوە (٥١پ.ز) دەست پێدەکاتو بەسەردەمی حکومەتی ژۆزێفینی هاوسەری ناپلیۆن بۆناپارت کۆتایی پێدێتو قۆناغی دووهەمیش لە مەلیکە ڤیکتۆریاوە دەست پێدەکاتو تا ئێستاش بەردەوامە. لەقۆناغی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی شێوازێکی هاوبەش لەنێوان ژناندا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتو هەروەها بەڕێوەبردنی دەبینرێت. هەموویان لەجوانیو راکێشانی سێکس بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کەڵکیان وەرگرتووەو بەهۆی رێگا پێنەدانی یاساکانی ئەوکات نەیانتوانیوە راستەوخۆ دەسەڵات بەدەستەوە بگرنو هەربەم هۆیەشەوە وەك شاژن یاخود دایكو ئەوینداری پاشاو لەرێگای

کارتێکەری لەهاوسەرەکانیان حوکمڕانیان کردووە. ئاستی دەسەڵاتدارێتی ژنان لەم قۆناغەدا سەرکەوتوو نەبووە: ناعەداڵەتی، چەوسانەوەو بەفیڕۆدانی سامانی وڵات، بێبەزەییو کوشتارو گەندەڵیو پیلانگێڕان، دیمەنی سەرەکی دەسەڵاتی ژنانی ئەم قۆناغەیە. ئاگریپینا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ کوڕەکەی جووت دەبێت، ماری تۆدۆر نازناوی ماری خوێنمژ وەردەگرێتو ماری دۆمێدیسی کارەساتی "ساینت بارتۆلۆمی" دەخولقێنێ و... هتد. هەڵبەت ئاماژە بەم خاڵە پێویستە کە هاوسەرەکانیان کە دەسەڵاتداری راستەقینە بوون لەوان سەرکەوتووتر نەبوون. نووسەر لەم پەرتوکەدا ئەم دیمەنانە لەچوارچێوەی دەسەڵاتدارێتی ژنان لێکدەداتەوەو ئەگەرچی ژنانی ئەم قۆناغە لە خولقاندنی ئەم کارەساتانە رۆڵی سەرەکییان نواندووە، بەڵام نابێ ئەم بابەتەش کە دیمەنی دەسەڵاتی پاشاکانی ئەوکاتیش بەگشتی هەربەم شێوەیە بووە لەچاوی ئاوێنەی دادپەروەری بشارینەوە. ئەگەر بەراوردێکم هەبێت لەنێوان دەسەڵاتدارێتی ژنانو پیاوانی ئەوکاتو هەموو ئەو دۆخو چوارچێوەیەی کە ژنانو پیاوانی تێدا ژیاوە هاوکات لەگەڵ تێڕوانینی کۆمەڵگا بخەمە بەر هەڵسەنگاندنێکی دادپەروەرانە، ئەوە دەتوانم بڵێم کە ژنان سەرکەوتووتر بوون. ژنە دەسەڵاتدارانی ئەم قۆناغە ئەگەر تینووی دەسەڵاتنو نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن، دەرئەنجامی سروشتی چەوسانەوەو بێبەری بوونی ئەوانە لەدەسەڵات. ئەمەش بەنۆبەی خۆی جگە لەناشیاویو ناشارەزاییو چەوتی دەسەڵات ئاکامی‌تری لێناکەوێتەوەو هەربۆیەش ناتوانین وەك نمونە پەنجە لەسەر ژنە دەسەڵاتدارێکی کارامەو لێهاتوو لەم قۆناغەدا دابنێین، بەڵام پیاوان کە لەسەرتای ژیانی مرۆڤەوە ئەزموونی دەسەڵاتدارییان هەبووە دەبوایە پەڕەکانی پەرتوکی مێژووی دەسەڵاتیان لەوەی کە هەیە خاوێنتر بووایە. لە قۆناغی دووهەمی دەسەڵاتدارێتی ژنان، ژنە دەسەڵاتدارانی ئەم قۆناغە جگە لە مەلیکە ئالێکساندارو تێزۆهسی (کە ئەم دوانەش لە گرووپی ژنە دەسەڵاتدارانی قۆناغی یەکەم جێدەگرن) لەرێگای میراتگریو بە زۆرینە تا لەسەر دەمی ئەمرۆکە نێزیکتر دەبێتەوە، لە رێگای هەڵبژاردن بە دەسەڵات دەگەن. بەهۆی ئاڵو گۆڕی قووڵ لە تێڕوانینی کۆمەڵگاو خەباتی ژنانو پێشکەوتنی یاساکان و...هتد، ئیتر رۆڵی جوانیو راکێشانی سێکس بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات نامێنێو لێهاتوویيو شارەزاییو هەڵبژاردن رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. لەم قۆناغەدا ژنان بەهۆی ئەم ئاڵو گۆڕییانەی کە باسمان کرد بەدەستێکی پڕ لە زانستو رووناکبیرییەوە دێنە ناوگۆڕەپانی دەسەڵاتو هاوشانی پیاوان ئەرکی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا

دەگرنە ئەستۆ. هەر بۆیەش دەبینین لە چوارچۆوەی سیاسەتی دەرەوە بۆچوونەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا دروستو وردبینانەترە لە بۆچوونەکانی وەزیری دەرەوەی (پالمیرستۆن)و هەروەها ژنە دەسەڵاتدارانی وەکوو ئێڤیتا پیرۆن بە نازناوی فریشتەی رزگاری هەژارانو مارگاریت تاچێر بە نازناوی ژنی ئاسنینی بریتانیاو گۆڵدا مایێر بە نازناوی دایەگەورەی ئیسرائیل دێنە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوەو ئەرکی سیاسەتی وڵاتەکەیان دەگرنە ئەستۆو راستەوخۆ (نەك لەرێگای کارتێکەری لە هاسەرەکانیان) لەسەر کوورسی دەسەڵات بڕیار دەدەن. ئەگەر بێن بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەم دوو قۆناغەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لە قۆناغی یەکەمدا ژن بەشێکی چەوساوەو بڕیار لەسەر دراوو بێبەش لە دەسەڵاتی کۆمەڵگایە کە کاتێك دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت چەوت کەڵکی لێوەردەگرێو ناشارەزایانە یان لە رووی عوقدەوە گەندەڵی دەکات. بەڵام لە قۆناغی دووهەمدا ژن پتر شارەزاو رۆشنبیرەو کاتێك دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت شان بەشانی پیاوان بەڕێوەی دەباتو هەروەها بەهۆی دەرەتانی یاساییو کۆمەڵایەتییەوە، ئیتر رۆڵی جوانیو راکێشانی سێکس بۆ بەدەستهێنانی دسەڵات نامێنێو تواناییو شارەزاییی شۆێنی دەگرێتەوەو خۆی راستەوخۆ پاڵ بە تەختی دەسەڵاتەوە دەدات. ژنانی قۆناغی دووهەم ئەگەرچی سەرکەوتنێکی زۆریان بەدەست هێناوە بەڵام بەراورد لەگەڵ پیاوان لە ئاستێکی نزمتر دابوونو ئەمەش هەر وەك لەسەرەتادا باسم کرد لەوە سەرچاوە دەگرێ کە هێشتاش تێڕوانینی کۆمەڵگا سەبارەت بە ژن ئەگەر چی بەرەو پێش چووە بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی یەکسانیو کۆمەڵگای ئەمرۆش بەتایبەت لە شەرق رۆڵی گرینگی لە دانانو داسەپاندنی هەرێمە گشتیو تایبەتییەکان هەیە، واتە رۆڵو کاری ژن لە هەرێمە تایبەتییەکانی وەکوو کاروباری ماڵداریو منداڵ بەخێو کردنو بە گشتی هەموو ئەو کارانەی کە لە چوارچێوەی دیواری ماڵەوە ئەنجام دەدرێ بەرجستە دەبێ (هەرێمی تایبەتی)و ئەرکی سیاسیو بەڕێوەبردنیکۆمەڵگاو بە گشتی کاری دەرەوەی ناو ماڵ (هەرێمە گشتییەکان) لەسەر شانی پیاوانەو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن بە خواستی خۆی نا بەلکوو لەژێر دەسەڵاتو سیستەمی پیاوسالاریدا ناچار بێ کاروباری سیاسی بەجێ بهێڵێت.

نووسەر لەپێشەکی ئەم پەرتووکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی ژنو رۆڵی ئەوان لە سیاسەتی جیهانیدا پێوەندی راستەوخۆی بەسەرکەوتنی ژنان لە بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانەوە نییە، بەڵام بە وردبوونەوە لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی ژنان کە نووسەر بۆ

خۆشی لەم پەرتووکەدا ئاماژەی پێداوە، بۆمان دەردەکەوێ ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەسەردەمی ئێمە (سەردەمی خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافە رامیارییەکانو هەروەها بەرز بوونەوەی ئاستی رووناکبیری کۆمەڵگا) بەدەسەڵات گەیشتوون، زۆرترەو لەگەڵ ئەمەشدا رەوتی بەدەستهێنانو شێوازی دەسەڵاتداری رەوتێکی رێکوپێكو درووستی بە خۆیەوە گرتووەو ژنە دەسەڵاتداری ئێستا پشتیوانی بەرەو پێشچوونی دەسەڵاتە نەك گەندەڵکەری دەسەڵات. لێردا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکرێ کە دوای تەواوبوونی وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی جیهان بۆ وێنە مێگاواتی سۆکارنۆ سەرۆك کۆماری ئەندۆنێزیاو گلۆریا ئەرۆیۆی، سەرۆك کۆماری فیلیپینو خاتوو ئانا لیندای وەزیری دەرەوەی سویدو خاتوو کۆندۆ لیزارایزی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جۆرج بووش و... هتد لە پۆستە جیاجیاکانی حکوومەت وەك سەرۆك وەزیرانیو وەزیری دەرەوە و... هتد لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتون کە لەم پەرتووکەدا ناویان نەهاتووە.

لەکۆتاییشدا جێگەی خۆیەتی سپاس و ئەمەگناسی خۆم پێشکەش بە هەموو ئەو کسانە بکەم کە لەئامادەکردنی ئەم بەرهەمە یارمەتیان داوم. هیوادارم نەمامی ئەوین لە پێدەشتی ژیانیان بڕوێت وداری ئاواتەکانیان چرۆی بەختەوەری بگرێت.

پێشەکی نووسەر

ئەم پەرتووکەی کە لەبەردەستاندایە، بەرهەمی چەندین ساڵ لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونە سەبارەت بە ژنانی حوکمڕانی جیهان، کە لەم کۆتاییانە دەرفەتێك بۆ نووسینەوەی ئەم زانیارییانە رەخسارو هاوکات لەگەڵ رێکخستنی بابەتەکانی هەر بەشێك، کەڵك لەنوێترین سەرچاوەکانی تایبەت بەو ژنانە وەرگیراوە کە لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بە دەسەڵات گەیشتوون. حوکمڕانیی ژنانو رۆڵی ئەوان لە سیاسەتی جیهاندا هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆی بە سەرکەوتنی ژنان لە بەدەستهێنانی مافە رامیارییەکانەوە نی‌یە، بەهۆی ئەوەی کە تا کۆتایی سەدەی بیستەم تەنیا ژنانی نیوزیلەندا توانیبوویان مافە سیاسییەکانیان بەدەست بهێنن. پێش شەڕی یەکەمی جیهانیش وێڕای بەخشینی مافی سیاسی بە ژنانی ئۆستۆرالیاو فینلەنداو نۆروێژ، ژمارەی ئەم وڵاتانە لە چوار دەوڵەت تێ پەڕی نەدەکرد. لەمەودای شەڕی یەکەمو دووهەمی جیهانیشدا تەنیا ژنانی نۆزدە وڵاتی جیهان کە زۆربەیان ژنانی وڵاتانی ئەورووپی بوون، بۆ وێنە شوڕەوی (یەکێتی سۆڤیەت) لەساڵی ١٩١٧، ئەڵمانیا لەساڵی ١٩١٨، بریتانیا لەساڵی ١٩١٩و ئەمریکا لەساڵی ١٩٢٠ توانیان مافە رامیارییەکانیان بەدەست بهێننو ژنانی فەڕانسەو ئیتالیاش دوای کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا. لەسەرەتای نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا تەنیا ژنانی سی وڵات لە کۆی وڵاتانی سەربەخۆی جیهان کە نێزیکەی سەد وڵات بوو، مافی دەنگدانیان هەبووو ئەمەش تەنیا وڵاتانی جیهانی سێهەمی نەدەگرتەوە بەڵکو لەهەندێ وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بۆ وێنە سویسرا، ژن مافی دەنگدان یان هەڵبژاردنی بۆ پۆستە سیاسییەکانی نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی دەسەڵاتداری ژنان بۆ چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە نووسراوی مێژوویی لەوبارەیەوە تا دووهەزار ساڵ لەمەوپێش لەبەردەستدایە. لە نووسین و رێکخستنی بابەتەکانی ئەم پەرتووکە لەمێژووی نووسراوەی دووهەزار ساڵە کەڵك وەرگیراوەو ئەگەر ئاماژە بە ژنانی وەك بلقیس، شاژنی سەباو سمیرامیس، شاژنی ئاشوورو نەفرتیتی، شاژنی میسر نەکراوە بەهۆی نەبوونی سەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراوو هەروەها ئەفسانەیی بوونی ئەو باسو بەسەرهاتانەیە کە سەبارەت بەو ژنانە نووسراوە. یەکەمین ژنی دەسەڵاتداری جیهان کە لەم

پەرتووکەدا (کۆکراوەیە) باسی دەکەین، کیلوپاترای شاژنی میسرە. دوای کیلوپاترا لەنیوان ئەو ژنانەی کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەسەڵاتیان بەدەست هێناوە، ئاماژە بە ژنانی ناوداری رۆماو "تیۆدۆرا" شاژنی بیزانس کراوە. سەبارەت بە باتەکانی ئەم بەشەی پەرتووکەکە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە پێویستە کە لەنێوان سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە رووداوەکانی ژیانی ئەو ژنانەی کە لەهەزارەی یەکەمی پێش زایین بە دەسەڵات گەیشتوون، هەندێك بابەتو نووسراوەی دژبەیەك هەیە کە لەم پەرتووکەدا لە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەکان کەڵك وەرگیراوە. بەڵام بابەتەکانی تایبەت بە رووداوەکانی ژیانی ژنانی دەسەڵاتداری جیهان لە هەزارەی دووهەمی پێش زایین کەمتر جێگای شكو گومانن، ئەمەش بەهۆی نێزیکی لەسەردەمی ئێمەو هەروەها زۆر بوونی سەرچاوە مێژووییەکان کە کاری لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە ژیانی ئەو ژنانە ئاسانتر کردووە کە لەم چەند سەدەیەی رابردوو بە دەسەڵات گەیشتوون. پێش ناساندنی سەرچاوەکانی ئەم پەرتووکە، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵەش پێویستە کە مەبەست لە ژنانی دەسەڵاتداری جیهان یاخود ئەو ژنانەی کە بەدرێژایی مێژوو خاوەن دەسەڵات بوون تەنیا ئەو ژنانە نی‌یە کە راستەوخۆ دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، وەك پاشاو شاژن یاخود لە پۆستی سەرۆك کۆماریو سەرۆك وەزیرانی و... هتد حوکمیان گێڕاوە، بەڵکو بە درێژایی مێژوودا زۆر ژن هەبوون کە هیچکام لەو پایەو پۆستانەیان نەبووەو راستەوخۆ حوکمڕانیان نەکردووە بەڵام وەك جێگری پاشاو دایکی پاشا بەسەر وڵاتەکەیاندا حوکمیان گێڕاوەو یان لەرێگای هیچکام لەمانەش، بەڵکو لە رێگای زاڵ بوونو کاریگەری لە مێردەکانیان چارەنووسو رەوتی مێژووی وڵاتەکەیان گۆڕیوە. کاترین دۆمێدیسی کە نێزیکەی چل ساڵ بەناوی کوڕەکانی لە فەڕانسا حکوومی گێڕاوە، مەلیکە ئەلێکساندرا کە لەژێر کاریگەریو کارتێکەری پیاوێکی بەرەنگ ئایینی بەناوی راسپووتین ئیمپراتۆریەتی تێزارەکانی روخاندو ئێدیت ویلسۆن هاوسەری سەرۆك کۆماری بەناوبانگی ئەمریکا (ویلسۆن) کە لەدووساڵی کۆتایی خولی سەرۆك کۆماری مێردەکەیدا بەناوی ئەو لە ئەمریکا حکوومی گێڕا، چەند وێنەیەکن لەو ژنانە. خاڵی هاوبەشی هەموو ژنانی دەسەڵاتداری جیهان، تووڕەییو سووربوون لە کاروباری دەسەڵاتو بێبەزەییو دڵڕەقی بەرامبەر بە دوژمنانو رکابەرەکانیانە کەلەم کارەدا تا ئەو جێگایە چوونەتە پێشێ کە تەنانەت ژمارەیەکیان بۆ پاراستنی هێزو دەسەڵاتیان، لە کوشتنی منداڵەکانیشیان نەپرینگاونەتەوە. وا دێتە بەرچاو کە ئەو ژنانەی تینووی دەسەڵاتن، لە گەیشتن بەدەسەڵات یان

پاراستنی دەسەڵات لە هیچ توندوتیژییەك خۆ ناپارێزنو دەیانهەوێ کەم وکوڕییە دەروونی‌یەکانیان بە دڵڕەقیو توندوتیژی قەرەبوو بکەنەوەو وانیشاندەن کە لە پیاو کەمتر نین. ژمارەیەك لەو ژنانە بۆ وێنە کاترین دۆمێدیسیو ئیلیزابێتی یەکەمو ئیندیراگاندیو گۆڵداماییر هیچ جوانیو ناسکیو هەستێکی ژنانەیان نەبووەو دەڵێی سروشت بەهەڵە ئەوانی کردۆتە ژن، بەڵام ژمارەیەکی تر لەو ژنانە وەکوو کاترینی گەورە دەسەڵاتداری بەهێزی رووسیا لەنیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەیەمو یان ئەو ژنانەی کە لە ئیمپراتۆریەتەکانی رۆماو بیزانس بەدەسەڵات گەیشتوون، بەهۆی هەوەسبازی بێ سنووریان هێزو گەندەڵیان تێکەڵ بە یەکتر کردووە.

سەرچاوەکانی ئەم پەرتووکە جگە لەو پەرتووکانەی کە لە کۆتاییدا ئاماژە بە پێڕستەکانیان دەکرێ، بریتین لە خولەکانی (دەورەکانی) سێ "دائره المعارف"ی گەورەی ئەمریکاناو بریتانیکاو لارۆس. هەروەها لە نووسینەوەی هەندێك لە بەشەکانی ئەم پەرتووکە لە خولەکانی گۆڤارە فەڕانسەییەکانی وەکو "هیستۆریا HISTORIA"و "لیستوار L'HISTOIRE"و "لیر LIRE" کەڵك وەرگیراوە. سەبارەت بەو ژنانەی کەلەم بیست ساڵەی رابردوودا بە دەسەڵات گەیشتوون، جگە لەو پەرتووکانەی کە لەسەر ئەوان نووسراوە، لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی ئەو گۆڤارو رۆژنامە بیانی‌یانە کەڵك وەرگیراوە کەتا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوبوونەتەوە. لەنێوان ئەم گۆڤارانەدا پتر لە گۆڤارە ئەمریکاییەکانی وەکو "تایم TIME"و "نیوزویك NEWS WEEK"و هەروەها گۆڤاری فەڕانسەیی "لێکسپرێس L'EXPRESS"و بڵاوکراوە بەریتانیاییەکانی "لەندەن ریڤیوو ئۆف بوکس LONDON REVIEW OF BOOKS" کە تایبەتە بە ناساندنی نوێترین پەرتووکە بڵاوکراوەکانی بەریتانیا کەڵك وەرگیراوە.

* * *

رەنگە خوێنەرە خاوەنڕاکان رەخنە لەنووسەر بگرن کە بۆچی بەشێك لەم پەرتووکە تەرخان نەکراوە بۆ ئەو ژنە ئێرانی‌یانەی کە بە دەسەڵات گەیشتوون یان رۆڵیان لەدەسەڵاتی ئێراندا گێڕاوە؟ راستیەکەی ئەوەیە کە لەمێژووی ئێراندا هیچ ژنێك رۆڵی یەکەمی لە دەسەڵاتدا نەبینیوە ئەو دوو ژنە ئێرانی‌یەش کە لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ساسانی بە دەسەڵات گەیشتوون، کەمتر لە دووساڵ حکوومەتیان کردووەو هێزو دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبووەو جگە

لەمەش ئەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان بە رۆڵی ژنانی ئێرانی لە دەسەڵاتدا کردووە، زۆر کەمنو لەناوەڕۆکدا لەگەڵ یەکتر جیاوازن، ئەمەش پیشاندانی دیمەنی راستەقینەو رۆشەنی ژنانی دەسەڵاتداری ئێرانی دژوار دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا جێگای خۆیەتی ئاماژەیەکی کورت بەو ژنە ئێرانی‌یانە بکرێت کە لە حکومەتدا رۆڵیان نواندووە. یەکەمین ژنی ئێرانی کە لە دەسەڵاتدا رۆڵی گێڕاوە کە بەسەرهاتەکەی بەشێك لە پەرتووکی پیرۆز پێك هێناوە، ژنێکی یەهوودی بەناوی "ئێسترا" یان ستارەیە کە بەپێی پەرتووکی پیرۆزی یەهوودییەکان لەسەردەمی خەشایار شاو بەپێی هەندێك لەسەرچاوە فارسییەکان لەسەردەمی پاشایەتی ئەردەشێری یەکەمی هەخامەنشی، شاژنی ئێران بووەو لەسەرەتادا بە کارتێکردن لەسەر پاشای هەخامەنشی، هامانی سەرۆك وەزیرانی ئەوی کوشتووەو دواتریش مامی خۆی بەناوی "مەرد خای" لە جێگەی ئەو داناوە. بەپێی گێڕانەوەی پەرتووکی پیرۆز، هامان لەگەڵ یەهودییەکان دوژمنایەتی هەبووەو فەرمانی کۆمەڵکوژی ئەوانی لە خەشایار شا وەرگرتووە، بەڵام خەشایار شا (یان بەپێی ژمارەیەك سەرچاوەی ئێرانی ئەردەشێری یەکەم) دوای کوژرانی هامان ئەم بڕیارەی هەڵوەشاندۆتەوەو دیسانیش بەپێی گێڕانەوەی پەرتووکی پیرۆز، یەهودییەکان بە پاڵپشتی ستارەو مەردخای تۆڵەیەکی بەزەبرو قورسیان لە دوژمنەکانی خۆیان سەندۆتەوەو لەرۆژەکانی سێزدەو چواردەی مانگی "ئادار"دا ٧٧٠٠٠ کەسیان لێ‌کوشتوون. یەهودییەکان لە رۆژی چواردەی ئاداردا بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو رۆژە جێژن (جێژنی پوریم) دەگێڕن. یەکەمین ژنی ئێرانی کە بە پلەی پاشایەتی گەیشتووە، "پوران دۆخت" یان "بوران دۆخت" بە مانای کچێکی رووخسار نێوەگوڵ کە ساڵێك دوای کوژرانی باوکی (خوسرەو پەروێز) لەدەوروبەری ساڵی ٦٢٩ی زایینی بەدەسەڵات گەیشتو بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە، ساڵێکو چوار مانگو بەپێی هەندێ سەرچاوەی‌تر هەژدە مانگ پاشایەتی کرد. سەردەمی دەسەڵاتداری ئەو هاوکات بوو لەگەڵ کۆتاییەکانی جێنشینی ئەبوبەکرو سەرەتاکانی جێنشینی عومەرو سەردەمی بەهێزی دەسەڵاتداریەتی ئیسلام. سەبارەت بە سەردەمی پاشایەتی ئەو لە پەرتوکی "حبیب السیر"ی خاندمیر بە گێڕانەوەی مێژووی تەبەری هاتووە کە: "... دوای ئەوەی کە پوران دۆخت پاڵی بە تەختی دەسەڵاتەوەدا، زوڵمو زۆرداری نەماو دادپەروەری پەرەی سەند...و سەفروحی (پووس فەرۆخ) کردە وەزیرو نامەی بۆ سوپاکان نووسی کە "ئەم پاشایەتییە تەنیا بە پیاو بەڕێوە ناچێت بەڵکو لەژێر سێبەری بەزەیی خوداو بە دادپەروەری‌و سیاسەتی پاشا رادەگیرێ...

هەروەها سوپاش تەنیا بە دادپەروەریو جیاوازی نەکردن رادەگیریَو ئەگەر پاشا دادپەروەر بێ، دەتوانێ پارێزگاری لە هەرێمی دەسەڵاتو حکومەت بکات جا چ ژن بێ و چ پیاو. هیوادارم سەبارەت بە ئێوە دادپەروەر بووبم ئەویش کە هیچ کەسێکتان بەو شێوەیە نەبینی بێت..." دواتریش فەرمانیدا کە هەموو خەراجی پاشماوەی سەردەمی خوسرەو پەروێزە بدەنەوە بە خەڵکی ویلایەتەکانو دادپەروەری بڵاو بکەنەوەو داری چلیپا (خاچ) کە لەسەردەمی خوسرەو پەروێز لە رۆمایان داگیر کردبووو نەیگەڕاندبۆوە، بدەنەوە بە دەوڵەتی رۆم بۆئەوەی سازش و لایەنگری لەگەڵ حکومەتی پوران دۆخت بکات... ئەو ساڵێکو چوار مانگ پاشایەتی کرد.

خاندمیر دوای ئەم پێشەکییە کە کەمو زۆر دان بە توانایی‌و دادپەروەری پوران دۆخت دادەنێ ئەم چەند بەیتەشی نووسیوە:

چون تاج کیانی به پوران رسید	شکوهی دار آن خاندان کس ندید
بیاد آور این قول سنجیده را	بخوان قول مرد جهان دیده را
شکوهی نماند در آن خاندان	که بانگ خروس آید از ماکیان

وەرگێڕانەکەی بریتیە لە:

کاتێك کە تاجی دەسەڵاتی کیانی بە پوران گەیشت هیچ کەس شکۆیەکی لەم بنەماڵەیە نەبینی ئەم وتە بەجیَو بەنرخە وەبیرەخۆت بهێنەوەو پەندی پیاوانی گەڕیدە بخوێنەوە کە هیچ شکۆیەك بۆ بنەماڵەیەك نامێنێتەوە کاتێك کە لەجیاتی کەڵەشێر مریشك دەخوێنێ

فێردەوسیش کە لەگەڵ چەمکی هۆنراوەکەی سەرەوە سەبارەت بە دەسەڵاتداریێتی ژنان هاوڕایە، لەسەر سەردەمی پاشایەتی پوران دۆخت دەنووسێ:

یکی دختری بود پوران بنام	چو زن شاه شد کارها گشت خام
که از تخم ساسان همان مانده بود	بس دفتر خسروان خوانده بود
بر آن تخت شاهیش بنشاندند	بزرگان بر او گوهر افشاندند
چنین گفت پس دوخت پوران، که من	نخواهم پراکندن انجمن
کسی را که درویش شد، ز گنج	توانگر کنم، تا نماند به رنج
مبادا به گیتی کسی مستمند	که از داد او بر من آید گزند
ز کشور کنم دور بدخواه را	بەرآئین شاهان کنم راه را

وەرگێڕانەکەی بریتیە لە:

کچێك بەناوی پووران هەبوو کە کاتێك بوو بە ژنی پاشا هەموو کارەکان شێوان

لەبنەماڵەی ساسان تەنیا ئەو کچە مابوو کە بەسەرهاتی زۆربەی پاشاکانی خوێندبۆوە

کاتێك لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت گەورە پیاوان زێڕو گەوهەریان بەسەردا باراند

دواتر پوران دۆخت ئاوای گوت: کە من نامهەوێ ئەم پاشایەتییە بشێوێنمو

کەسێك کە لەگەنج بێبەش (فەقیر) بێت دەوڵەمەندی دەکەم تا دەردو رەنجی نەمێنێ

نابێ لەجیهاندا کەس دەستکورت بێ لەبەرئەوەی کە بەهۆی هاوارو سکاڵای ئەوەوە زەرەرمەند دەبم

نەیاران لە وڵاتەکەم دوور دەخەمەوەو بەشێوەی شاهانە (دادپەروەرانە) دەسەڵاتداری دەکەم

دوای مردنی پوران دۆخت، خوشکەکەی بەناوی "ئازەر میدۆخت" کە بە واتای پیرنەبوون یان کچی هەمیشە گەنج دێت لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت، بەڵام سەردارێکی سوپای ساسانی بەناوی "فەرۆخ هۆرمۆزد" داوای تاجو تەختی ئەوی کردو دواتر داوای لە ئازەر میدۆخت کرد زەماوەندی لەگەڵ بکات، بەڵام ئازەر میدۆخت کە ئامادە نەبوو زەماوەندی لەگەڵ بکات، کار دروستایی کوشتنی ئەوی ئامادە کرد. کوڕی فەرۆخ هۆرمۆزد بەناوی رۆستەم بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی باوکی دژی ئەو راپەڕیو توانی حکوومەتەکەی بڕوخێنێو خودی ئازەر میدۆختیش کوێر بکات. بەپێی مێژووی ئێرانی بەر لە ئیسلام، سەردەمی دەسەڵاتی ئازەر میدۆخت لە دەوروبەری سێ یان چوار مانگ بووە.

"تورکان خاتوون"ی ناسراو بە خوای جیهان کە هاوسەری تەکێشو دایکی سوڵتان محەمەدی خارەزمشا بوو، لە مێژووی ئێرانی دوای ئیسلامدا بەناوبانگترین ژن بووە کە رۆڵی کاریگەری لەدەسەڵاتدا نواندووەو ماوەیەکی کورتیش بەتەنیا حوکمڕانی کردووە. تورکان خاتوون کچی یەکێك لەخانەدانە تورکەکان بووو بەپشتیوانی خێڵەکەی (قبچاق) توانی لەدەرباری خازەرمشادا دەسەڵاتێکی زۆر بەدەست بهێنیو زۆربەی وەزیرەکانی پاشاش کە بەراوێژو مەیلی ئەو هەڵدەبژێردران، پێڕەویان لێدەکرد. بەهۆی ئەوەکە سوڵتان محەمەد دەیهەویست کوڕەکەی

(جەلالەدین) كە لە ژنێكی توركمان بوو بكاتە جێنشینی خۆی، ناكۆكی كەوتە نێوان ئەوو دایكیو تەنانەت توركان خاتوون كاتی هێرشی مەغۆلیش ئامادە نەبوو لەگەڵ كوڕەكەی خارەزم بەجێ بهێڵێ، بەڵام بە نزیك بوونەوەی سوپای مەغۆل وردەوردە ترس لەسەر دڵی نیشتو دوای كوشتنی شازدە كەس لە شازدەكان (بەپێی هەندێ سەرچاوە ٢٧ كەس) كە ركابەرو داواكاری تاجو تەختی دەسەڵات بوون، خارەزمی چۆڵ كردو لە قەڵای ئیلال كە وایدەزانی مەغۆلەكان دەستیان پێی راناگات، جێگیر بوو. واسیلیەیان، نوسەرو مێژوونوسی رووس لەپەرتووكی بەناوبانگی خۆیدا (جەنگیزخان) سەبارەت بەچارەنووسی توركان خاتوون دەنوسێ: "... مەغۆلەكان دوای ماوەیەكی كورت گەیشتنە قەڵاكەو گەمارۆیاندا. دەوراودەوری ئەم كێوە چڕەیان بەدیوار هەڵچنیو بەتەواوی پەیوەندی گەمارۆدراوەكانیان لەگەڵ دەرەوە بڕی. گەمارۆی قەڵاكە چوار مانگی خایاندو دوای ئەوەكە ئاوو خۆراك نەما، توركان خاتوون بەناچاری خۆی بەدەستەوەدا. مەغۆلەكان هەموو ژنو مندالە بچوكەكانی خارەزمشایان لەگەڵ توركان خاتوون دەستبەسەر كردو بەشێوەیەك كە لە پەرتووكی مێژووی جیهانگیردا ئاماژە پێكراوە، كوڕەكانی سوڵتان محەمەدیان بەگەورەو بچوكەوە كوشتو كچەكانی سوڵتان محەمەدو هەروەها دایكیشیان نارده خێوەتگای چەنگیز". واسیلیەیان درێژەی پێدەداتو دەڵێت: "سەركردەی مەغۆل كچەكانی خارەزمشای دا بە كوڕو خزمەكانی خۆیو توركان خاتونیشی بۆ نمایش لەكۆڕەكانی بەزمو ڕەزمی خۆی راگرت. توركان خاتوون دەبوایە لەپێشەوەی تەختی پاشا راوەستێو گۆرانی خەمین بڵێ. جەنگیزخان لەتە ئێسقانی دەخستە بەردەمی توركان خاتوونو ئەویش كە خۆی بەدەسەڵاتداری رەهای خارەزمو شاژنی جیهان دەزانی بەم لەتە ئێسقانانە دەژیا". لەمێژووی ئێراندا ژنێكیتریش بەناوی توركان خاتوون بەدەسەڵات گەیشتووە. ئەو ژنی ئەتابەگی سەعدی كوڕی ئەبووبەكری ئەتابەكانی فارس بوو. كوڕەكەی ئەتابەك سەعد (محەمەد) لەكاتی مردنی باوكیدا منداڵ بووو هەر بەم هۆیەشەوە دایكی هەوساری كاروباری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتو بەپێشكەش كردنی خزمەت بە هۆلاكۆ خانی مەغۆل، بەناوی كوڕەكەی مۆڵەتی دەسەڵاتی لە هۆلاكۆ خان وەرگرت. بەڵام محەمەد دوو ساڵ دواتر مردو توركان خاتونیش بەراوێژی گەورە پیاوانی دەوڵەتی كوڕەكەی، كوڕی سەلغوری كوڕی سەعدی زەنگیی كردە ئەتابەكی فارسو كچەكەشی لێمارە كرد. سەعدی زەنگی دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، دەستی بەزوڵمو زۆرداری كردو بەشێوەیەك خەڵكی ئازار دەدا كە توركان خاتون دژی راپەڕیو دوای دەستبەسەر

كردنی، ناردیە هۆلاكۆ خان. هۆلاكۆ خان، سەلجوق شای كردە دەسەڵاتداری فارسو سەلجوق شاش دوای رۆیشتن بۆ شیراز، توركان خاتونی مارەكرد. بەڵام ئەم زەماوەندە كە لەپێناو بەرژەوەندیدا بوو، ئاكامێكی باشی لێ نەكەوتەوەو توركان خاتوون لەساڵی ٦٦١ی كۆچی مانگی بەفەرمانی سەلجوق شا كوژرا.

لەمێژووی هاوچەرخی ئێراندا كە لەسەردەمی قاجارییەوە دەست پێدەكات، هیچ ژنێك بەرادەی "مەهدی عوڵیا"ی دایكی ناسرەدین شا لە حكومەتی ئێراندا رۆڵی نەنواندووەو دەتوانین بڵێین ئاژاوەو دووزمانییەكانی ئەو كە بووە هۆی كوژرانی میرزا تەقیخانی ئەمیر كەبیر، رەوتی مێژووی ئێرانی گۆڕیووە. دكتور فەرەیدوونی ئادەمیەت كە گشتگیرترین لێكۆڵینەوە مێژووییەكانی تایبەت بەسەردەمی ئەمیر كەبیری ئەنجامداوە، لە پەرتووكی "ئەمیر كەبیرو ئێران" بەم شێوەیە مەهدی عوڵیا دەناسێنێ: "خاوەن شكۆی ناسراو بە نەوابو خاوەن نازناوی مەهدی عوڵیا، كچی ئەمیر محەمەد قاسم خانی قاجارو ژنی محەمەد شاو دایكی ناسرەدین شاو شازادە "عزت الدوله" بوو. ئەو زۆر ژیرو پاوانخوازو رازاوە دۆستو ناشیرین بوو. هەروەها لێهاتوییەكی بێوێنە لە نووسینی خەت بەشێوازی چلیپا هەبوو. جگە لەمانەش مامۆستای هونەری مەكربازیو فرت وفێڵ بوو. دەسەڵات پەرستیو هەوەسبازی، خووو رەوشتی ئەوی پێك دەهێناو ژیانی ئەو پەروەردەی ئەم دوو رەوشتە بوو. محەمەد شا، مەهدی عولیای خۆش نەدەویستو هەربۆیەش تەڵاقی دابوو... بەڵام لەدەستی ئەو رزگاری نەدەهاتو بەردەوام لە مەترسی پیلانگێڕی ئەو دابوو. مەهدی عوڵیا لەمەودای مردنی محەمەد شاو هاتنە سەركاری ناسرەدین شا وەك جێگری پاشا حوكمڕانی دەكرد. ناسرەدین شا بەپێچەوانەی رای دایكی، میرزا تەقی خانی وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژارد. ئەم گرنگی نەدانە بەرای مەهدی عوڵیا زۆر لەدڵی دایكی گران هات، ئەمەش لەكاتێكدا كە تا دوێنێ دایكە پاوانخوازەكەی خاوەن دەسەڵات بوو... بەڵگە باوەڕپێكراوەكان هەندێك بابەتی گشتی ئاشكرا دەكەن: مەهدی عوڵیا هەر لەسەرتای دەست بەكاربوونی ئەمیر كەبیر دەستی بەپیلانگێڕی كرد. سەرەڕای ئەوەی كە ئەمیر كەبیر بەردەوام سازشی لەگەڵ دەكرد، داواكارییەكانیشی بۆ خۆ پاراستن لەدوژمنایەتی ئەو بەجێ دەگەیاند! ناسرەدین شا دایكی نەدەدواندو لێی دوور دەكەوتەوە، بەڵام خاڵی سەرنج راكێش ئەوە بوو كە ئەمیر كەبیر هەوڵیدەدا ناسرەدین شا رازی بكات كە دڵی دایكی بداتەوە..." لەگەڵ ئەوانەش، مەهدی عوڵیا كە دەیهەویست سەرۆك وەزیران ملكەچو پێڕەوی

بێت، هیچکات لەگەڵی ڕێك نەدەکەوت‌و دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ ئەمیر کەبیر بەهۆی ئەوە کە ناسرەدین شا بەپێچەوانەی ویستی دایکی، خوشکەکەی (عزەت الدولە) لە ئەمیر کەبیر مارەکرد، توندوتیژتر بوو. لەراپۆرتی نوێنەری سیاسی بریتانیا لەئێران (فرانت) بەڕوونی ئاماژە بەم بابەتە کراوەو بۆ وێنە هاتووە "... مەهدی عۆلیا بەتوندی لەگەڵ ئەم زەماوەندە ناکۆك بوو، لەبەرئەوەی کە دەترسا دەسەڵاتی ئەمیر کەبیر لەم ڕێگایەوە زیاتر بێت‌و ئەمەش شتێکی سروشتی‌بوو. بەڵام ناسرەدین شا گوێی بەقسەی دایکی نەداو سوربوو لەسەر ئەم کارەو دەیگوت کە سەرکەوتون و بەردەوام بوونی حکوومەتەکەی بە بوونی ئەمیر کەبیرەوە بەستراوەتەوە. ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی لەناوخۆیاندا بەتەشەروە دەیانگوت: کوڕی نۆکەری "قائم مقام" لەگەڵ خوشکی شای ئێستاو کچی شای پێشوو دەستیان لەناودەستی یەکترەوە ناوە..." ئەمیر کەبیر دوای زەماوەند لەگەڵ کچی مەهدی عۆلیا زیاتر لەجاران هەوڵیدەدا کە دڵی خەسوەکەی بداتەو، بەڵام مەهدی عۆلیا کە چاوەڕوانی ئەوە بوو زاواکەی نۆکەرو ملکەچی بێت، لەڕێزو زمانخۆشی‌و هێمنی ئەمیر کەبیر ڕازی نەدەبوو، تا ئەوەی کە ئەمیر کەبیر وردە وردە شێوازی توندتری لەبەرامبەر پیلان‌و دووزمانی‌یەکانی مەهدی عۆلیا گرتەبەرو مەهدی عۆلیاش لەبەرامبەردا ڕێژەی جوڵانەوەکانی چڕتر کردو توانی بەکەڵك وەرگرتن لەلایەنگرەکانی لەدەربار، تۆوی دڵپیسی لەدەرونی ناسرەدین شادا بچێنێ‌و لەماوەیەکی کورتدا کاردروستایی لەسەرکار لابردن‌و دوورخستنەوەو دواتریش کوشتنی ئەمیر کەبیر ئامادە بکات. مەهدی عۆلیا دوای کوژرانی ئەمیر کەبیرو تا تەواوبوونی سەردەمی سەرۆك وەزیرانی میرزا ئاقاخانی نوری کە نزیکەی حەوت ساڵی خایاند، ڕۆڵی گرنگی لە کاروباری وڵاتدا گێڕاو ئامانجەکانی خۆی لەرێگای میرزا ئاقاخانی نوری‌یەوە دەستەبەر کرد، بەڵام دوای ئەمانە ڕۆڵی بەرچاوی نەبووو لەساڵی ١٣٩٠ی کۆچی مانگی کە لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا مرد، کڕو بێدەنگ ببوو. لەنێوان ژنە جۆراوجۆرەکانی ناسرەدین شای قاجار، تەنیا "انیس الدولە"ی سەرتۆپی ژنانی حەرمسەرا ڕۆڵی کاریگەری لەکاروباری وڵاتدا دەنواندو بەکارتێکەری لە ناسەرەدین شا، دەستی لەدانان و لەسەرکار لابردنی پۆستە گرینگەکانی دەوڵەتی وەردەدا. لەنامەیەکی "انیس الدولە" بۆ ناسرەدین شا سەبارەت بە بڕیاردەری شیراز کە لەپەرتوکی "بیرەوەرییەکان‌و مەترسییەکان"ی حاجی "مخبر السلطنة "ی هیدایەت دا چاپکراوە، ئاماژەیەك بەو دەست تێوەردانانە کراوە. لەو نامەیەدا کە بە ڕستەی "قوربانی

خاکی بەرپێت بم" دەست پێدەکات، "انیس الدولە" داوا لە هاوسەری دەکات کە "رکن الدولە" لەسەر حکوومەتی شیراز لانەبات. لەو نامەیەدا دوای پێشەکییەکەی هاتووە: "بیستومە کە دیسان حکوومەتی شیرازتان گۆڕیوە. بەخودا جێگەی سەرسووڕمانە. "رکن الدولة"ی بەستەزمان سەرەڕای ئەو زیانە زۆرە حەوت مانگەکە ڕۆیشتوە. ئەگەر بۆ پێشکەشیە لەشازادەی وەرگرن. بەم شێوەیە ڕەعیەتی داماو لە پەل و پۆ دەکەون. ڕەعیەت بەم شێوەیە تەواو دەبێت، حاکم کە لەخۆی نادا.... لەجوامێری بەدوورە ئەو داماوانە لەهەموو لایەکەوە تەواوبون...". ناسەردین شا لەسەروی ئەو داواکارییەی "انیس الدولە"دەنوسێ:"رکن الدولة" حاکمە. وڵامی داواکارییەکەشیمان بە تێلێگراف داوە..."

"انیس الدولة" لەگەڵ میرزا حسێن خانی سپەهسالار، (مشیر الدولة) سەرۆك وەزیرانی لێهاتووی "ناسرەدین شا"ش ناکۆك بووو پێشەکییەکانی لەسەر کار لابردنی ئەوی ئامادە کرد. دێنیس ڕایتی باڵوێزی پێشوی بریتانیا لەئێران کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی ئێران ئەنجام داوە، لەدوایین پەرتووکی خۆیدا لەژێر ناوی "ئێرانییەکان لەنێوان بەریتانییەکان" ئاماژەی بەڕیشەو بنەماکانی ئەو ناکۆکییانە داوەو سەبارەت بەسەفەری یەکەمی ناسرەدین شا بۆ ئەورووپا کە لەرێگای روسیەوە ئەنجامدرا، دەنوسێ:" ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەبەندەری ئەنزەلی لەگەڵ ناسرەدین شا چوونە سەر پاپۆڕەکە لە دەوروبەری سەد کەس دەبوون‌و کۆمەڵێك مرۆڤی سەیرو سەمەرە بوون کە زۆربەیان بۆ یەکەمین جار بۆ دەرەوەی وڵات سەفەریان دەکرد. "انیس الدولة"و سێ کەس لەخزمەتکارەکانیشی لەگەڵ ئەو گرووپەدا بوون‌و تەنیا ژنانی ئەو گرووپەیان پێك دەهێنا. وەفدە سەرکییەکەی شا لەو سەفەرەدا بریتی بوو لە میزاحسێن خان (مشیر الدولة) و ١٠ یان ١٢ کەس لە وەزیرو شازادەکان کە ژمارەیەکیان وەزیر بوون... ناسەردین شاو هاوڕێیانی لەرێگای دەریای خەزەرەوە بەرەو بەندەری ئیستراخان وەڕێکەوتن‌و لەوێشەوە بە پاپۆڕێکی‌تر چوونە رووباری ڤۆڵگاو لەم رووبارەشەوە بەرەو تێزاریتسین (ئێستالین گراد) وەڕێکەوتن‌و لەو شارەوە سواری دوو شەمەندەفەر بوون. ئەمە یەکەمین شەمەندەفەر بووکە ناسرەدین شاو هاوڕێیانی دەیانبینی، ئەوان بەشەمەندەفەرەکە چوونە مۆسکۆو چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوەو هاوسەری ناسرەدین شا لەو ماوەیەدا لە مۆسکۆ گرفتێکی سازکرد. ڕوون نی‌یە کە ئایا ئەم گرفتە بەهۆی دوور ڕاگرتنی ئەو لەبەر چاوی پیاوان بووە یا خود لە حەزو ئارەزووی "انیس الدولة" بۆ گەڕان‌و

بەشداری لەکۆڕو کۆمەڵە جیاوازەکان بەشێوەیەکی رووت سەرچاوەی گرتووە. لەئاکامدا سەرۆك وەزیران توانی ناسرەدین شا رازی بکات کە هاوسەرو خزمەتکارەکانی لەژێر سەرپەرشتی مەلایەك بۆ تاران بگەڕێنێتەوە. ئەو(انیس الدولة) بەنادڵیو تورەییەوە ملکەچی ئەم بڕیارە بوو، بەڵام رقی لەسەرۆك وەزیران هەڵگرتو دەڵێن هەوڵەکانی ئەو فاکتەری سەرەکی لەسەرکار لابرانی سەرۆك وەزیران دوای گەڕانەوە لەسەفەری ئەوروپا لەمانگی سێپتەمبەردا بووە".

دوای ئەم پێشەکییە کە تایبەت بوو بە رۆڵی ژنی ئێرانی لەسیاسەتو حوکمڕانیدا، ئێستا لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوەو بەسەرهاتی ئەو ژنانە دەخەینە بەرچاو کە لە درێژایی مێژوودا پاڵیان بەتەختی دەسەڵاتەوە داوەو هەندێجار رێگەو رەوتی مێژووی جیهانیان گۆڕیوە.

فەسڵی یەکەم

کیلۆپاترا

یەکەم ژن کە جوانیو سەرنجراکێشیی سێکسی لەخزمەتی سیاسەت دا بەکارهێنا


بێگومان لەنێوان ژنانی مێژووسازی جیهاندا، کلیۆپاترا[1] شاژنی میسر لە کۆتاییەکانی سەدەی پێش زایین، یەکەمینو بەناوبانگترینی ئەو ژنانەیە. بە درێژایی مێژوو لەسەر هیچ ژنێك بە رادەی ئەو پەرتووكو شانۆنامە نەنووسراوەو بەسەرهاتی ئەو پتر لە هەموو ژنێك هاتۆتە سەر تەختەی شانۆو پەردەی سینەما. نوسەرانی بەناوبانگی وەکو شێکسپیر[2] لەسەدەکانی پێشوو، بیرنارد شۆ[3] لە سەردەمی ئێستادا بەپێزترین شانۆنامەکانی خۆیان لەسەر بەسەرهاتو چارەنووسی ئەو ژنە نووسیوەو هێشتاش دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەك، دراماکانی ئەوان لەسەر ژیانی کلیۆپاترا، یەکێك لە سەرکەوتووترینو پڕبینەرترینی ئەو درامایانەیە کە لە ئەمریکاو ئەوروپا پێشان دەدرێن. زۆربەی کات بۆ نواندنی رۆڵی کلیۆپاترا لە فیلمو شانۆکاندا، جوانترین ئەکتەرەکانی سینەماو شانۆ هەڵدەبژێردرێنو بینەرانی ئەو فیلمو شانۆیانە بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە کە جوانی ئەفسووناوی کلیۆپاترا هۆکاری سەرەکیی کارتێکەریو دەسەڵاتی ئەو لەسەر دوو سەرکردەی گەورەی ئەوکاتی رومی، واتە ژولیۆس سێزار[4]و مارك ئانتۆنی[5] بووە. لەحاڵێکدا بەڵگە مێژووییەکان دەری دەخەن کە کلیۆپاترا جوانییەکی لە ڕادەبەدەری نەبووەو هۆکاری سەرەکی کارتێکەریو دەسەڵاتی ئەو لەسەر پیاوانی هاوچاخی خۆی، هۆشو زیرەکیو توانایی ئەو لە کەڵك وەرگرتن لەخاڵە لاوازەکانی پیاوانی سەردەمی خۆیو لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەش، سەرنج راکێشیو عیشوەگەری ئەو بووە و ئەو شتەیە کە حافز بە "ئەو" ناوزەدی دەکات.

کلیۆپاترا ناوی چەند کەس لە خاتوو شازادەکانی میسرییە کە لەنێوانیاندا ئەوەی مەبەستمانە، کلیۆپاترای حەوتەم کچی یەکێك لە پاشاکانی بنەماڵەی پتۆلێمییە[6]. بنەماڵەی پتۆلێمی کە بە

1-Copleatra.
2-Shkespear
3-Berard shaw
4-Julus Caesar
5-Mark Antony
6-Ptolemy

ڕەچەڵەك یۆنانیو خەڵکی مەقدوونیە بوون، دوای داگیرکرانی میسر لەلایەن سوپای ئەسکەندەری مەقدوونییەوە لەساڵی ٣٣٢ی (پ.ز) دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان بەدەستەوە بوو. بەڵام لەکاتی لەدایکبوونی کلیۆپاترای حەوتەم لەساڵی ٦٨ یان ٦٩ی(پ.ز) حکوومەتەکەیان بەرەو نەمان دەچوو. پاشاکانی پتۆلێمی لە درێژە پێدانی فەرمانڕەوایی خۆیان، پشتیان بە رۆمییەکان دەبەستو لەژێر فەرمانی قەیسەرە رۆمییەکان دابوون. هەندێك لە مێژوونووسان بۆ نموونە "پلوتارك"[7]ی یۆنانی باس لە تواناییو ژیری کلیۆپاترا لە فێربوونی زانستو زمانە باوەکانی سەردەمی خۆی دەکاتو دەنووسێ کە کلیۆپاترا لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا جگە لە زمانی میسریو یۆنانی، بە ئاسانی بەزمانەکانی لاتینو عێبریو عەرەبیو ئێرانیو حەبەشی قسەی دەکرد. تەنانەت زمانی خەڵکانی رەسەنی کەناراوی دەریای سوریش فێر ببوو. کلیۆپاترا کە گەورەترین کچی پتۆلێمی یازدەیەم بوو لەکاتی مردنی باوکی لەساڵی ٥١ی(پ.ز) لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو بە پاشای میسر، بەڵام بەپێی دابو نەریتی میسرییەکان دەبوایە مافو دەسەڵاتەکانی پاشایەتی لەگەڵ کوڕی گەورەی باوکی (پاشای کۆچکردوو) دابەش بکات. پاشایەتیی هاوبەشی کلیۆپاتراو برا گچکەکەی (پتۆلێمی دوازدەیەم) تا ساڵی ٤٩ی (پ.ز) درێژەی کێشا، تا ئەوکاتە کە دارودەستەی براکەی کلیۆپاترا بۆ بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵات، دژی کلیۆپاترا پیلانیان گێڕاو لەسەر دەسەڵاتیان لابرد. کلیۆپاترا بۆ وڵاتی سوریە دوور خرایەوە، بەڵام دەستی لە هەوڵەکانی خۆی بۆ سەندنەوەی دەسەڵات هەڵنەگرتو دەستی بە کۆکردنەوەی هێز بۆ هێرش بردنە سەر ئەسکەندەریە کرد. هەوڵی کلیۆپاترا بۆ گەڕانەوە بۆ سەر دەسەڵات هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی دەسەڵات لە رۆما لەنێوان ژۆلیۆس سێزارو پۆمپی.[8] لە شەڕێکدا کە لەنێوان هێزەکانی ژۆلیۆس سێزارو پۆمپی روویدا، پۆمپی شکستی خواردو هەڵات بۆ ئەسکەندەریە. ژۆلیۆس بە مەبەستی راوەدوونانی چوو بۆ ئەسکەندەریە، بەڵام کەسانیدەستو پێوەنداری پتۆلێمی، پاشای کەم تەمەنی میسر بۆ خۆشخزمەتی بەسەرکردەی سەرکەوتووو بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەو،سەری پۆمپییان بڕیو لەکاتی چوونە ژوورەوەی ژۆلیۆس سێزار بۆ شاری ئەسکەندەریە، سەری بڕاوی پۆمپییان لەسەر سینیەکی زێڕین داناو پێشکەشی ئەویان کرد.

7-Plutarch
8-Pompey




وێنەی کیلۆپاترا

ژۆلیۆس سێزار کە دەیەویست پۆمپی بە زیندوویی بگرێو لەگەڵ خۆی بیباتە رۆما،لەو کارەی دەسەلاَتدارانی میسری کە بەبێ ئیزنی ئەو کردبوویان تووڕە بوو و بە ساردی لەگەڵیان جوولاَوە. کلیۆپاترا کە ناوبانگی ژنبازیی ژۆلیۆس سێزاری بیستبوو، لەو هەلە بۆ داگیرکردنی دڵی ئەو کەلکی وەرگرتو بۆ بینینی ژۆلیۆس، بە نهێنی چوو ناوشاری ئەسکەندەریە. لە هەندێك لە بەڵگە جیاوازە مێژووییەکاندا هاتووە، کلیۆپاترا لەناو فەرشێك کە وەك دیاری بۆ ژۆلیۆس سێزاریان دەبرد، چووە ناو ئەو کۆشکەی کە جێگای نیشتەجێ بوونی ژۆلیۆس بوو لە ئەسکەندەریە. کاتێك کە فەرشەکەیان لەپێش چاوی ژۆلیۆس کردەوە، کلیۆپاترا هاتەدەرێ. کلیۆپاترا کە لەوکاتەدا تەمەنی لە دەوروبەری بیست ساڵ بوو، بۆ فریودانی ژۆلیۆس سێزاری ٥٢ ساڵە لە هەموو فرتو فێڵێکی ژنانە کەڵکی وەرگرتو کاتێك کە بە جلوبەرگی بەنرخو رازاوەییو عەترو بۆنێکی زۆرەوە خۆی خستە بەرپێی ژۆلیۆس، بۆنی عەتری هەوەسهێنیی سێزاری سەرسام کرد.

کاتێك کلیۆپاترا زمانی قسەی کردەوە، بە پاراوییەك قسەی لەگەڵ ژۆلیۆس سێزار کرد کە ئەو سەردارە رۆمییە تا ئەو کاتە لەزمانی هیچ ژنێکی نەبیستبوو، هەر بەم هۆیەشەوە سێزار ئاشقی جوانیو ژیری ئەو ژنە جوانو دلڕفێنە بوو. ئەو ئەڤینو هۆگریە سەرەتای رووداوگەلێك بوو کە رەوتی مێژووی جیهانی لە نیوەی سەدەی کۆتای پێش زایینی گۆڕی. پشتیوانی ژۆلیۆس سێزار لە کلیۆپاترا

بۆ حکوومەت لەسەر میسر بووە هۆی راپەڕینی برا (پتۆلێمی)و دارودەستەکەی بە دژی سێزار. سێزارو هێزە چوارهەزار کەسیەکەی لە ئەسکەندەریە کەوتنە ژێر گەمارۆی پتر لە بیست هەزار سەربازی میسری. کلیۆپاترا داوای یارمەتیی لە هێزە لایەنگرەکانی خۆی کردو لە شەڕێکدا پتۆلێمی دوازدەیەم کوژرا. سێزار دوای ئەو سەرکەوتنە،کلیۆپاترای کرد بە شاژنو دەسەلاَتداری میسرو لەگەڵ ئەودا بە پاپۆڕێکی گەورەو بە شکۆ سەفەرێکی بەدرێژایی رووباری نیل کرد. کلیۆپاترا لەو سەفەرە یەك مانگە لەسەر رووباری نیل کە لە مێژوودا بە مانگی هەنگوینی سێزارو کلیۆپاترا ناودێر کراوە، سکی لە سێزار پڕ بووو ساڵی دواتر (ساڵی٤٧ی پ.ز) کوڕێکی بوو کە ناویان نا "سێزاریۆن"[9] یان کوڕی سێزار. لەم کاتانەدا ژۆلیۆس سێزار دوای چەند داگیرکارییەکیتر گەڕایەوە شاری رۆما و ئەنجومەنی سێنای رۆما ئەویان وەك دیکتاتۆری[10] هەمیشەیی هەڵبژارد، بەلاَم لەرۆما داواکاری کلیۆپاترا سەبارەت بەوەی کە سێزاریۆن کۆری ژۆلیۆس سێزارە، شكو دوودڵی تێکەوت، تا ئەوە کە سێزار لەساڵی ٤٦ی(پ.ز) بە بانگهێشت کردنی کلیۆپاتراو مندالەکەی بۆ رۆما بەکردەوە پاڵپشتی لە داواکارییەکەی کلیۆپاترا کرد.



پەیکەری ژۆلیۆس سێزار لە مۆزەخانەی بێرلین

9-Caesarion

١٠- پۆستی دیکتاتۆری کە ئێستا بۆ پاشا زاڵمو زۆردارەکان بەکار دەهێندرێت، لەیۆنانی قەدیم پلەیەکی بەرزو رێزدار بوو. لەراستیدا ئەو پۆستە کۆمەلێك دەسەلاَتی رەهای تێدا بوو کە لەلایەن سێنای رۆما بە کەسێك دەدراو ژۆلیۆس سێزار یەکەمین سەرداری رۆمی بوو کە ئەو پۆستەی وەرگرت.

کلیۆپاترا دوای دەرچوونی سێزار لە میسر، بەپێی داب‌و نەریتی دەرباری میسر شوی کرد بە برا گچکەکەی، پتۆلیمی سێزدەیەم کە لەو کاتە منداڵێکی یازدە ساڵە بوو (لە راستیدا کلیۆپاترا مێردی هەبوو). بەڵام ئەو کارە رێگر نەبوو لە پەیوەندی ئاشقانەی سێزارو کلیۆپاترا. سێزار کۆشکێکی بە شکۆی لە قەراغی رووباری "تیبەر" خستە ژێردەستی کلیۆپاتراو بە فەرمانی ئەو پەیکەری زێڕینی کلیۆپاترایان لە پەرستگای ڤینۆس خستە بەر چاوی خەڵك. ئیتر هیچ گومانێك بۆ کەس نەمابوو کە کلیۆپاترا دڵی بەهێزترین پیاوی ئەو کاتی جیهانی داگیر کردووەو بەکردەوە بووە بە شاژنی میسر. سێزار لە دەربڕینی ئەشق‌و خۆشەویستی بۆ کلیۆپاترا تا ئەو جێگایە چووە پێش کە تەختێکی زێڕینی بۆ لە (ئەنجومەنی) سێنای رۆما داناو کلیۆپاترا لە هەندێك لە کۆبوونەوەکانی سێنادا بەشداری کرد. لەم نێوانەدا پیلانێك دژ بە سێزار لە داڕشتن دابوو کە بوونی کلیۆپاترا لە رۆماو کارتێکەری رۆژ لە رۆژ زیاتری ئەو لە سێزار، پاڵنەری ئەنجام درانی ئەم پیلانە بوو.

ئەو پیلانە کە بەدەستی دوو سەرکردەی لێهاتووی رۆمی "کاسیۆس"[11] و "برۆتۆس"[12] داڕێژرابوو، رۆژی یازدەی مارسی ساڵی٤٤ی(پ.ز) جێبەجێ کراو ژۆلیۆس سێزار لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سێنای رۆمادا بە بیست زەربەی چەقۆ کوژرا. برۆتۆس نزیکترین دۆستی سێزار بوو کە لەرێگای رێخۆشکەری پێشوو لەگەڵیدا رۆیشتە سێنای رۆماو کاتێك لەگەڵ ئەوانی تر لە لێدانی چەقۆکان لە جەستەی سێزار بەشداری کرد، سێزار چاوێکی لێکردو گوتی"برۆتۆس... تۆش؟!" کە ئەم رستەیە لەمەڕ خەیانەتی دۆست بۆتە پەند.

کلیۆپاترا کە دوای کوژرانی سێزار خۆی لە مەترسیدا دەبینی، بە پەلە لەوێ دوور کەوتەوەو هەر لەهەمان شەودا (شەوی کوژرانی سێزار) بەو پاپۆڕانەی کە لەگەڵ خۆی هێنابوویە رۆما، لە کاتێکدا کە سێزاریۆنی لە باوەشدا بوو بەرەو میسر وەڕێکەوت. کلیۆپاترا دوای دوو ساڵ دووری‌و لەکاتی گەڕانەوە بۆ میسر بینی کە بارودۆخی دەوڵەت ئاڵۆزە، لەلایەکەوە خەڵك بەهۆی کەمی کەل‌و پەل زۆر ناڕازی‌و ئامادەی ڕاپەڕین بوون‌و لە لایەکی‌تریشەوە لایەنگرانی مێردو براکەی (هەم مێردی بوو، هەم برا)، پتۆلیمی سێزدەیەم کە ئێستا بۆتە چاردە ساڵ،

11-Cassius
12-Brutus

کلیۆپاترایان بە خەمساردی و گرینگی نەدان بە کاروباری دەوڵەت‌و بە فیڕۆدانی سامانی میسرییەکان لە پێناوی سێزاردا تۆمەتبار کردبووو پێشەکییەکانی لابردنی ئەویان لەسەر دەسەڵات ئامادە دەکرد. براو مێردە چواردە ساڵەکەی کلیۆپاترا کەمێك دوای گەڕانەوەی کلیۆپاترا بە نەخۆشییەکی گومان لێکراو مرد. مێژوونووسان لەوەدا پێکەوە هاوڕان کە مردنی پتۆلیمی کە خۆی بە خاوەن تاج‌و تەختی میسر دەزانی، بەهۆی ژەهرێکی کوشندە بووە کە کلیۆپاترا لە چێشتەکەی کردبوو کلیۆپاترا دوای مردنی براو رکەبەری دەسەڵاتی، داروودەستەکانی ئەویشی لە نێو بردو لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی کارامەو لێهاتوو کە لە دەوری خۆی کۆکردبوونەوە، خەریکی بەرنگاری قات‌و قڕی‌و چارەسەر کردنی گێروگرفتی خەڵك بوو. کلیۆپاترا لەو قۆناغەی حکوومەتی بیست ساڵەی خۆیدا لەمیسر، لێهاتوویی‌و تواناییەکی زۆری لەخۆی پێشان داو توانی سنووری حکوومەتی میسر بە کەڵك وەرگرتن لە کێشە ناو خۆییەکانی رۆما دوای مردنی ژۆلیۆس، بەرفراوان بکات.

شەڕی دەسەڵات لەرۆما دوای کوژرانی سێزار، بە شکست هێنانی کۆماری خوازەکان‌و درێژە پێدانی حکوومەتی دیکتاتۆری بە شێوازی ژۆلیۆس سێزار کۆتایی پێهات، بەڵام بەهۆی ئەو رکەبەرییە توندوتیژەی کە لەنێوان خوازیارانی جێنشینی سێزار دروست ببوو، سێنای رۆما بە ناچاری شاندێکی سێ کەسیی بە جێنشینی سێزار هەڵبژارد. ئەو سێ کەسە بریتی بوون لە "ئۆکتاڤیان"[13] و "مارکوس ئانتۆنیۆس "[14] و "لێپیدۆس"[15].

مارکوس ئانتۆنیۆس کە لە مێژوودا زۆرتر بەناوی "مارك ئانتۆنی" ناسراوە، کەمێك دوای جێگیربوونی حکوومەتی سێ کەسی لەرۆما، بۆ بەرفراوان کردنی ئیمپراتۆریەتی رۆماو شەڕ لەگەڵ ئەشکانی‌یەکان کە دەست درێژی‌یان کردبووە سەر سنوورەکانی رۆما، بەرەو رۆژهەڵات بەڕێکەوت. مارك ئانتۆنی لە یەکەم قۆناغی لەشکر کێشییەکانیدا، لە بەندەری "تارسۆس"[16] راوەستاو پێش گەیشتن بەو بەندەرە، یەکێك لە پاپۆڕەکانی خۆی ناردە ئەسکەندەریە تا کلیۆپاترا بۆ دیدارو قسەو باس لەگەڵ ئەو بیهێنن بۆ بەندەری تارسۆس. کلیۆپاترا بانگهێشتی

13-Octavian
14-Marcus Antonius
15-Lepidus
16-Tarsus

مارك ئانتۆنیی کە دەرفەتێکی نوێی بۆ داگیر کردنی سەرکردەیەکی رۆمی پێدەبەخشی، قبووڵ کرد. بەلاّم وای بە باش دەزانی کە بەهێزە گەورە دەریاییەکەی خۆی بچێت بۆ بینینی ئەو سەرکردە رۆمیە تا هێزو توانای دەریایی خۆی پێشانی ئەو بدات.

کلیۆپاترا دەیزانی کە مارك ئانتۆنی لە لەشکر کێشییەکەی بۆ ئێران، پێویستی بە یارمەتیی و هاورێیەتی ئەو هەیەو لەلایەکی‌تریشەوە بەتەما بوو بە یارمەتیدانی سەرکردەی رۆمی لەو لەشکر کێشییەو مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی ئەو لەو شەرەدا، شانسی ئەو لە بەدەستەوە گرتنی دەسەلاّتو جێنشینی سێزار زیاتر بکات و لەو رێگایەشەوە بتوانێت ئەو پیلانەی کە بە مردنی سێزار سەری نەگرت، بە داگیر کردنی دڵی مارك ئانتۆنیو گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی بۆ رۆما بە ئاکام بگەیێنێت. یەکەم چاوپێکەوتنی کلیۆپاترا لەگەڵ مارك ئانتۆنی جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ یەکەم دیداری لەگەڵ ژۆلیۆس سێزاردا.

ئەم جارەیان کلیۆپاترا بە گەورەیی‌و شکۆیەکی بەرچاوەوە چووە دیداری سەرکردەی رۆمی‌و لە پاپۆرە بە شکۆکەی خۆیدا میوانداریییەکی تێرو تەسەلی لێکرد. کلیۆپاترا لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژۆلیۆس سێزار کچێکی بیست ساڵەو لەش ناسك بوو،بەلاّم ئێستا لەتەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا، ژنێکی پێ‌گەیشتووو شارەزا بە هەموو سرێکی فرتو فێڵەو سەرەڕای ئەمەش لە جیاتی ژۆلیۆس سێزاری ٥٢ ساڵە، بەرەو رووی پیاوێکی بەهێزو چل ساڵەیەو لەم رووەوە شانسی سەرکەوتنی زیاترە. مارك ئانتۆنی هەر لەیەکەم چاوپێکەوتنی‌دا ئاشقی کلیۆپاترا بووو هۆگریی بەم ژنە لە هەر ژوانێکدا زۆرترو پتەوتر دەبوو.

هاودەمی لەگەڵ کلیۆپاترا بووە هۆی ئەوە کە سەرکردەی رۆمی لە درێژە پێدانی سەفەرەکەی بۆ رۆژهەلاّتو شەڕ لەگەڵ ئەشکانی‌یەکان غافڵ بێتو دوای گەڕانەوەی کلیۆپاترا بۆ ئەسکەندەریە حەجمینی لێهەڵگیراو بە بیانوی بە سەر کردنەوەی شاژنی میسر، بەرەو ئەو ولاّتە وەرێکەوت. کلیۆپاترا پێشوازییەکی بێ وێنەی لەسەرداری رۆمی کردو مارك ئانتۆنی کە دەتگوت ئامانجو ئەرکە پێ‌ئەسپێردراوە سەرەکییەکەی لەبیر کردەوەو لەحاڵێکدا کە بەشی هەرە زۆری هێزو پاپۆڕەکانی لە تارسۆس بەجێ هێشتبوو، لە کۆشکی بە شکۆی کلیۆپاترا جلکی مانەوەی لەبەر کرد. یەکێك لە بەڵگە مێژووییەکانی سەبارەت بە ژیانی کلیۆپاترا لەگەڵ مارك ئانتۆنی، نامەیەکە کە بالۆیزی رۆمای دەرباری کلیۆپاترا بۆ "فلۆڤیا"[17]ی هاوسەری مارك ئانتۆنی

17-Fluvia

نووسیوە. فلۆڤیا کە دوای رۆیشتنی مێردەکەی بۆ رۆژهەلاّت لە رۆما مابۆوە، درۆو راستی ئەو دەنگۆگەلەی کە لەبارەی پێوەندی مێردەکەی لەگەڵ کلیۆپاترا گەیشتبووە رۆما، لە بالۆیزی رۆمای لەمیسر پرسی. بالۆیزەکە کە وادیارە خزمی فلۆڤیا بووەو لەگەڵ ئەو پێوەندی هەبووە، لە وەلاّمی نامەکەی فلۆڤیادا ئاماژەی بە تەواوی وردەکارییەکانی ئەم پێوەندییە کردووەو دەنوسێ:

"بە تەواوی روونە کە خاتوو کلیۆپاترا هەموو شارەزایی‌و پسپۆڕی ژنانەی خۆی بۆ داگیر کردنی دڵی ئانتۆنی بەکار هێناوەو بە باشی سوود لە خاڵە لاوازەکانی وەردەگرێ بەرامبەر بە ژنان. کەرستەی خۆشی‌و خۆشرابواردن، شەوو رۆژ بۆ ئانتۆنی ساز دراوەو شاری ئەسکەندەریە سەرنج راکێشی تەواوی هەیە بۆ دابینکردنی ویستو هەوەسەکانی... ئەو (کلیۆپاترا) لە تەواوی کاتژمێرەکانی رۆژو شەو لە تەنیشت ئانتۆنی‌یەو تەنیا لەو کاتژمێرانەی کە ئانتۆنی دوای خواردنەوە لە میوانی‌یەکانی شەوانە دەچێتە خەوەوە، لەگەڵ وەزیرو راوێژکارەکانی بۆ داڕشتنی پلانەکانی داهاتوو کۆ دەبێتەوە..."[18]

مانەوەی درێژخایەنی ئانتۆنی لە میسر، رۆمیییەکانی تووڕە کرد. بەلاّم بیانووی ئەو بۆ راوەستان لە ئەسکەندەریە کۆکردنەوەی هێزو کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوە گەورەکانی سامانی میسرییەکان بۆ هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ رۆژهەلاّتو داگیر کردنی ئێرانو هێندووستان بوو. کلیۆپاترا داوای لەسەرکردە رۆمییەکە کرد کە لە رێو رەسمێکداو بەپێی دابو نەریتی میسرییەکان زەماوەندی لەگەڵ بکاتو ئانتۆنیش کە ئیتر توانای وتنی "نا"ی بە داواکارییەکانی کلیۆپاترای نەبووو لەگەڵ ئەوەش کە ژنەکەی لە رۆما دەژیا، سەری بۆ ئەم داوایەی ئەو نەوی کرد.

زەماوەندی کلیۆپاتراو ئانتۆنی بە شکۆو گەورەییەکی بێ‌وێنەوە لە ئەسکەندەریە بەڕێوە چووو لەساڵی ٤٠ی (پ.ز) کلیۆپاترا کوڕو کچێکی جمکی بۆ ئانتۆنی هێنایە سەر دونیا. ناوی کوڕەکەیان نا "ئالێکساندێر هێلیۆس"[19] یانی هەتاوو کچەکەشیان ناو نا "کلیۆپاترا سێلێنی"[20] واتە مانگ کە ئەمەش هێمایەك بوو لە بەرزەفڕییەکانی شاژنی میسرو ئاواتەکانی

18-the life and time of Cleopatra,by Carlo Maria Franzero
19-Alexander Helios
20-Cleopatra Selene

ئەمانەدا کلیۆپاترا بەڵێن دەدات کە تەواوی سەرچاوەکانو توانای خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ ئەشکانی‌یەکانو پێشڕەوی بەرەو هێندووستان لەژێر دەستی ئانتۆنی دابنێت.

ئەم پەیماننامەیە کە بەزمانەکانی لاتینو یۆنانیو میسری نووسرابووو لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە ئەسکەندەریە واژۆ کرابوو، بە مەزنترین سەرکەوتنی سیاسی کلیۆپاترا دەژمێردرا، لەبەر ئەوەی کە بە لکاندنی زەوییەکانی کەنارووی ڕۆژهەلاتی مەدیتەرانەو دوورگەی قیبریس بە سنووری حکوومەتی میسر، ئەو ولاتە گەورەییو بەرفراوانی دەورانی فیرعەونەکانی بەدەست دەهێناوەو هۆکاری داستانە ئاشقانەکانی کلیۆپاترای لەگەڵ ژۆلیۆس سێزارو مارك ئانتۆنی دەردەخست.

دوای واژۆی ئەو پەیماننامەیە، کاهینە میسرییەکان لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی پاشاکانی میسری باو بوو، تاجیان لەسەر کلیۆپاتراو ئانتۆنی داناو کلیۆپاترا بە چەقۆیەکی زێڕینی بچوك کە دەمو چاوی پاشاکانی میسرییان پێچەور دەکرد، دەمو چاوی ئانتۆنیی پێ چەور کرد. واتای ئەو ڕێوڕەسمانە لای میسرییەکان ئەوە بوو کە سەرکردە ڕۆمییەکە هاوسەری یاسایی شاژنەکەیانەو ملکەچی یاسای میسرو ئەو بڕیارانەیە کە لە میسر دەردەچێ. دوابەدوای ئەو ڕێوڕەسمانە هەندێك دراوی کانزایی لێدرا کە وێنەی کلیۆپاتراو مارك ئانتۆنیی تێدا دەبینرا. کلیۆپاترا کە ئیتر مارك ئانتۆنیی بە تەواوی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆی، ئێستا خەیاڵی داگیر کردنی جیهانی لەسەر دایەو دەیەویست بەدەستی پیاوێك کە وەك مۆم لە دەستیدا نەرم ببوو، لەسەرەتادا ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی‌یەکان لە بەین بباتو ئەو ولاتانەی کە ئەسکەندەر نەیتوانی بوو بیگرێ، ئەو داگیری بکاتو دواییش سەرکەوتووانە لەگەڵ ئانتۆنی بچێتە ڕۆماو تاجی شاژنی ڕۆمییەکانیش لەسەربنێ. ئانتۆنی



وێنەی مارك ئانتۆنی کە لەسەر پارەیەکی ئاسن گیراوە

بۆ گەیشتن بە دەسەلاتداریتی جیهان. لەم نێوانەدا هاوسەرە ڕۆمییەکەی ئانتۆنی مردو ئانتۆنیش کە لە ئەگەری لەناوچوونی ناوبانگو پایەو پلەکەی نیگەران بوو، گەڕایەوە ڕۆما. ئانتۆنی بۆ ڕوون کردنەوەی سەرکەوتنەکانی خۆی لەمەڕ کۆکردنەوەی هێزێکی گەورە کە بەشێکی گرینگی لە میسرییەکان پێك هاتبوو، لە ئەنجومەنی سێنای میسر ئامادە بووو ڕایگەیاند هەر بە گەڕانەوەی بۆ ڕۆما هێرش بۆ سەر ئێرانو هێندووستان دەست پێدەکات.لەگەڵ ئەمەشدا، ئانتۆنی هەستی کرد کە بێپشتیوانی ڕکەبەرو شەریکە سەرەکییەکەی لە حکوومەتی ڕۆمادا، واتە ئۆکتاڤیان ناتوانێ پشتیوانی سێنای ڕۆما بەدەست بهێنێو مەرجی ئۆکتاڤیانیش بۆ پشتیوانی لە ئانتۆنی ئەوە بوو کە لەگەڵ خوشکەکەی (ئۆکتاڤیا)[21] زەماوەند بکاتو واز لە ئەشقی کلیۆپاترا بهێنی. ئانتۆنی بەرژەوەندی خۆی لەوەدا بینی کە لەگەڵ ئۆکتاڤیا زەماوەند بکات، بەلام نەیتوانی دەست لە خۆشەویستی کلیۆپاترا هەلگرێو هەر بۆیەش ئۆکتاڤیان ناچاری کرد کە هاوسەری (ئۆکتاڤیا) لەگەڵ خۆی ببات بۆ سەفەری ڕۆژهەلات تا دەرفەتێك بۆ نوێ کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ کلیۆپاترا بەدەست نەهێنێ. بەلام ئانتۆنی دوای چەند مانگ مانەوە لەگەڵ هاوسەری (ئۆکتاڤیا) لە یۆنان، گەڕاندیەوە بۆ ڕۆماو خۆی چوو بۆ دیداری کلیۆپاترا. کلیۆپاترا کە بەهۆی ملکەچ بوونی ئانتۆنی بۆ مەرجەکانەی ئۆکتاڤیانو زەماوەندی لەگەڵ ئۆکتاڤیا تووڕە ببوو، ئەم جارەیان بەساردی هەلسوکەوتی لەگەڵ کرد، بەلام بەو شارەزاییەی کە لە داگیرکردنی دڵی پیاوان هەی بوو، لەگەڵ ئەوەش کە تووڕەو زویر بوو، بە دلڤریویو مەکربازی داخوازیو تینوویەتی ئەوی پتر کردو کاتێك کە زانی ئانتۆنی بە کۆتو بەندی پتەوترەوە لە داوی ئەودا ئەسیر بووە، مەرجی قورسی بۆ ئاشتی لەگەڵی داناو ئانتۆنی بێ ئەملاو ئەولا مەرجەکانی قەبووڵ کرد.

یەکێك لەو مەرجانە بریتی بوو لە سازدانی ڕێوڕەسمێکی تێروتەسەل کە تێیدا ئانتۆنی جگە لە دانانی بە زەماوەندی ڕەسمی خۆی لەگەڵ کلیۆپاترا، وەك شاژنی میسرو کوڕەکەشی (سێزاریۆن) وەك میراتگری تاجو تەختی میسر بناسێنێت. لووتکەی ئەو ڕێوڕەسمانە بریتی بوو لە واژۆی بڕیارێك لەنێوان کلیۆپاتراو ئانتۆنی کە بە هۆیەوە ئانتۆنی، سەروەری میسری بەسەر ئەو ولاتانەی کە دەکەوتنە کەناراووی ڕۆژهەلاتی مەدیتەرانە (دەریای سپی ناوەڕاست) (سوریەو لوبنانو فەلەستینو بەشێك لە ئەردەن)و دوورگەی قبرس بە ڕەسمیەت دەناسیو لەبەرامبەر

21–Octavha

بەیارمەتی کلیۆپاترا سوپایەکی سەدهەزار کەسی کۆکردەوە کە چل هەزار کەسی ئەو سوپایە لە میسرییەکان پێك هاتبوو. ئانتۆنیو کلیۆپاترا لە بەهاری ساڵی ٣٦ی(پ.ز) لە پۆستی سەرکردایەتی ئەم سوپایەدا بەرەو ئێران وەڕێکەوتن. کلیۆپاترا دەیەویست کە خۆی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا ئامادە بێتو ئانتۆنی بە دلێری لەو شەڕەدا تا گەیشتن بە سەرکەوتن هان بدات. بەلاّم کاتێك کە هێزەکانی رۆمیو میسری گەیشتنە رووباری فۆڕات، کلیۆپاترا کەدووبارە لە ئانتۆنی سکی پڕ ببۆوە، نەیتوانی درێژە بەو سەفەرە بداتو بۆ زایینی ئەو منداڵەی کە لە سکیدا بوو گەڕایەوە میسر. کلیۆپاترا لە کۆشکەکەی خۆی لە ئەسکەندەریە چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەیو بیستنی هەواڵە خۆشەکانی سەرکەوتن لە رۆژهەلاّت بوو، بەلاّم هاوکات لەگەڵ بە دونیا هێنانی کوڕێکی دیکە بۆ ئانتۆنی کە ناوی نا "پتۆلێمی فیلادێلفۆس"[22]، هەواڵی خراپی لەبەرەی شەڕ لەگەڵ ئەشکانییەکانی پێگەیشت. ئانتۆنی لەیەکەم خولی شەڕ لەگەڵ ئەشکانییەکان کە مانگێکی خایاند، شکستێکی قورسی خواردو دوای کوژرانی بیستو چوارهەزار کەس لە هێزە سەد هەزار کەسییەکەی پاشەکشەی بۆ سوریە کرد. پلۆتارك نووسەرو مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی کەسەبارەت بە رۆڵی کلیۆپاترا لە مێژووی جیهان لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەگەر کلیۆپاترا لە شەڕەکەدا هاوڕێیەتی ئانتۆنی بکردایە، بە ئەگەرێکی بەهێز ئەم شەڕە بە شکستی ئەشکانییەکان کۆتایی پێدەهاتو کلیۆپاترا خەونی زێڕینی خۆی لە گەڕانەوەی سەرکەوتووانە بۆ رۆماو دەسەلاّتدارێتی بەسەر جیهانی شارستانی ئەوکات بەدی دەهێنا، لەبەر ئەوەی شەڕکەرەکانی رۆمیو میسری لەو شەڕەدا کەرستەی شەڕو رێکخستنی باشتریان هەبووو ئەگەر ئانتۆنی لەتاو دووری کلیۆپاترا خەریکی مەی خواردنەوە نەبوایە، سەرکەوتنی هێزەکانی بەسەر ئەشکانییەکان مسۆگەر دەبوو. پلۆتارك دەنووسێ کە ئانتۆنی تەنانەت یەك جاریش لەم شەڕانەدا هوشیار نەبووو چارەنووسی سوپایەك بە سەرکردەیەکی ئاوا سەرخۆش نەیدەتوانی لەوە باشتر بێت. ئانتۆنی دوای ئەوەی لەگەڵ پاشماوەی هێزە شکست خواردووەکانی گەیشتە سوریە، پەیامێکی نارده ئەسکەندەریەو داوای لە کلیۆپاترا کرد کە هەرچی زووتر خۆی بگەیێنێتە لای. پلۆتارك دەنووسێ لەو کاتانەدا ئانتۆنی وەك شێتی لێهاتبوو، شەوانە شێتانە مەی دەخواردەوەو رۆژانەش لە کەناری دەریا دادەنیشتو چاوی لە دوور دەکرد تا کەی ئەو پاپۆڕەی کلیۆپاترای تێدایە دەگاتێ. لەم رۆژانەدا زۆربەی نێزیکانی ئانتۆنی، ئەم سەرکردە بەهێزو بەخۆوەیەیان بینی بوو کە لەکەناری دەریا دانیشت بووو وەکوو منداڵ فرمێسکی دەڕشت. لە ئەنجامدا کلیۆپاترا بە دەیان کەشتی پڕ لە زێڕو خواردەمەنیو کەرستەی شەڕ گەیشتو شەڕەکەرەکانی شکست خواردووی ئانتۆنی کە هێندەی نەمابوو لە دژی سەرکردەکەیان یاخی بن، گیانێکی تازەیان وەبەرهاتەوە. کلیۆپاترا بە ئانتۆنیی راگەیاند کە ئۆکتاڤیان لە رۆما هەندێك چالاکی دزێوی بە دژی ئەو کردووە کە باشتر وایە لە جیاتی درێژە پێدانی پلانی گرتنی ئێرانو هێندووستان هێزەکانی بگەڕێنێتەوە رۆماو شەڕ لەگەڵ ئەشکانییەکان تا کاتی سەرکردایەتی بە سەر رۆما وەدوا بخات. لەو رۆژانەدا بوو کە نامەبەرێك لە یۆنان گەیشتە سووریەو پەیامێکی لەلایەن ئۆکتاڤیانەوە (هاوسەری رۆمی ئانتۆنی) بۆ ئانتۆنی هێنا. ئۆکتاڤیا پەیامیدا بوو بە ئانتۆنی کە لە نەبوونی ئەو کچێکی بۆ بە دونیا هێناوەو ئێستاش بە پارەو سوپاو هێزێك کە براکەی (ئۆکتاڤیان) لەژێر دەستی ناوە، هاتۆتە یۆنان تا یارمەتی مێردەکەی بدات لەدرێژ پێدانی شەڕ بۆ داگیر کردنی ئێرانو هێندووستان. رەنگە ئەقڵو مەنتق وا حوکم بکات کە دەبوایە ئانتۆنی ئەو دەرفەتە نوێیەی بۆ ئاشتی لەگەڵ ئۆکتاڤیانو بەدەست هێنانەوەی ناوبانگو شانازییەکانی پێشووی بقۆزێتەوەو خۆی بگەیێنێتە هاوسەرە رۆمییەکەی، بەلاّم ئەڤین بڕیارێکیتری دەداو ئانتۆنیش ملکەچی حوکمی ئەشقو مانەوە لەگەڵ کلیۆپاترا بوو. ئانتۆنی تەنانەت هەنگاوێکیتری هەڵێناو بە هاندانی کلیۆپاترا بڕیاری تەلاّقی ئۆکتاڤیای ئەسپاردە ئەو پەیکەی (نامەبەرەی) کە ئۆکتاڤیا ناردبوویە لای. ئەم بڕیارە لە حوکمی سووکایەتی بە براکەی ئۆکتاڤیاو هاوکات لەگەڵ ئەوەش، راگەیاندنی شەڕ بە دژی بەهێزترین پیاوی ئەو کاتی رۆما بوو. ئۆکتاڤیان کە لە ماوەی نەبوونی درێژخایەنی ئانتۆنی،دەسەلاّتی لە دەست خۆیدا پاوان کردبووو کەسانی باوەڕ پێکراوی خۆی خستبووە سەر کارە گرینگەکان، ولاّمی سووکایەتییەکەی ئانتۆنیی بە وتارێکی توندو تیژ لەسێنای رۆما داوە. ئۆکتاڤیان لەو وتارە دا وتی: "ئیتر جێگای گومان نەماوە کە کلیۆپاترا رووحو جەستەی ئانتۆنیی پیس کردووە. بە دانی دەرمانی خۆشەویستیو ئەشق بە ئانتۆنی هێزی ئیرادەو بڕیاردانی لێسەندووە... ئانتۆنی ئیتر ئامێری بێ ئیرادەی دەستی کلیۆپاترایەو پیاوێك کە ئاوا لەگەڵ شاژنێکی بێگانە دژی ولاّتی خۆی هاوپەیمان بووە،شایانی ناوی رۆمی نییە".

22-Petolemy Philadelphus

ئۆکتاڤیان لەو وتارەدا ئاماژەی بە ئامادەکارییەکانی ئانتۆنیو کلیۆپاترا سەبارەت بەهەڵگیرساندنی شەڕ بە دژی رۆما کردو بۆ سووك کردنی ئانتۆنی، وتی: "ئانتۆنی لە ئامادەکاریو ئەنجامدانی ئەو شەڕە هیچ رۆڵێکی نییە. بەڵکوو کلیۆپاتراو راوێژکارو خواجەکانی حەرمسەراو ئارایشکارە تایبەتەکانی ئەون کە ستاڤی جەنگی دژ بە رۆما پێك دەهێننو بۆ سەرکردەیەکی رۆمی هیچ شتێك لەوە شوورەییتر نییە کە بەرێوەبەرو ملکەچی فەرمانی سەرکردەیەکی ئاوا بێت. تەنیا پیاوێك کە رووحو جەستەی خۆی تەسلیمی هەواو هەوەسی ژنێك کردبێ دەتوانێ ئاوا لە شەڕەفو ئابرووی خۆی خۆش بێت". ئۆکتاڤیان دواتر داوای لە سێناتۆرە رۆمییەکان کرد کە رێ بدرێت وەسیەتنامەکەی ئانتۆنی بخوێننەوە کەلە سندوقێکی بچووك لە سێنا دانرا بوو. لەنێوان سەرسوورمانی سێناتۆرەکان لە وەسیەتنامەکەدا خوێندییەوە کە ئانتۆنی، سێزاریۆنی (کوڕی کلیۆپاترای) بە منداڵو میراتگری راستەقینەی ژۆلیۆس سێزار ناساندووەو بەشی هەرە زۆری سامانەکەی بۆ منداڵەکانی(ئەوانەی لە کلیۆپاتران) بە میرات داناوە. ئاخرین داواکاری ئانتۆنی لەو وەسیەتنامەیەدا ئەوە بوو کە ئەگەر لە رۆما مرد جەستەکەی بنێرن بۆ کلیۆپاتراو لە ئەسکەندەریە بە خاکی بسپێرن. ئۆکتاڤیان دوای خوێندنەوەی وەسیەتنامەکەی ئانتۆنی، داوای لە سێنای رۆما کرد:"بەهۆی ئەوەی کە ئانتۆنی هۆشو هەستی خۆی لەدەست داوە" هەموو پلەو پایەکانی لێوەربگیردرێتەوە. هەروەها داوای لە سێنا کرد کە بە رەسمی شەڕ دژی کلیۆپاترا رابگەیەنن. سێنا هەر دوو پێشنیارەکەیان قەبووڵ کردو بۆ ئامادەکارییەکانی شەڕ دەسەڵاتی رەهای پێدا.

لەلایەکیترەوە کلیۆپاترا سەرقاڵی ئامادەکاری شەڕێکی گەورە بە دژی رۆما بووو ئیتر نەیدەتوانی متمانە بەهێزە لایەنگرەکانی ئانتۆنیو توانایی سەرکردایەتی ئەو لەشەڕی چارەنووس سازی داهاتوو بکات. ئانتۆنیش ئیتر پیاوێکی بەردەوام سەرخۆش بووو نەیدەویست تەنیا بۆ کاتێکیش لە کلیۆپاترا جیا بێتەوە. پاشماوەی سەربازو سەرکردەکانی سوپای رۆمی ئیتر باوەڕیان پێی نەمابووو تەنیا سەرنج راکێشیو لێهاتوویی کلیۆپاترا بوو کە ئەوانی لە لای ئانتۆنی هێشتبۆوەو کلیۆپاترای لەسەرکەوتن بەسەر ئۆکتاڤیانو بەدەست گرتنی دەسەڵات لە رۆما هیوادار کردبوو. لە ئاکامدا لەساڵی ٣١ی (پ.ز) شەڕی چارەنووس سازی ئۆکتاڤیان

لەگەڵ ئانتۆنی کە لە راستیدا شەڕی ئەو لەگەڵ کلیۆپاترا بوو، لە "ئاکتیۆم"[٢٣] کە دەکەوێتە کەناری رۆژهەڵاتی یۆنان روویدا. شەڕی ئاکتیۆم کە تێیدا بە سەدان پاپۆڕی هەر دوولا بەشدار بوون بە یەکێك لە گەورەترین شەڕە دەریاییەکانی مێژوو بە ئەژمار دێت. پلۆتارك مێژوو نووسو نووسەری بەناوبانگی یۆنانی کە پێشتر ئاماژەمان بە لێکۆڵینەکانی ئەو سەبارەت بە ئانتۆنیو کلیۆپاترا کرد، لە مەڕ ئەو شەڕە روونکردنەوەیەکی تێرو تەسەلی نووسیوەو لەو باوەڕە دایە کە ئەگەر کلیۆپاترا بە جێگای رووبەڕوو بوونەوەی پاپۆڕەکانی رۆما لە کەنارەکانی رۆژئاوای یۆنان، راستەوخۆ هێرشی کردبایە سەر رۆما، شانسی سەرکەوتنی پتر دەبوو. کلیۆپاترا وایدەزانی کە هێزە دەریاییەکەی رۆما توانای بەرەنگار بوونەوەی دووسەد کەشتییەکەی ئەوی نییە، لە کاتێکدا ئۆکتاڤیان بە درێژایی چەند ساڵێك تەواوی توانایی خۆی بۆ ئامادەکردنی هێزێکی دەریایی شەڕکەر بەکار هێنابووو گەورەترین هێزی دەریایی ئەوکاتی بۆ شەڕ ئامادە کردبوو. کلیۆپاترا کە هیوایەکی زۆری بەسەرکەوتنی خۆی لەو شەڕەدا هەبوو، لە پاپۆڕی سەرکردایەتیدا هێرشی پاپۆڕە جەنگییەکانی رێنمایی دەکرد. ئانتۆنیش لە پاپۆڕی سەرکردایەتی خۆیدا لە ریزی پێشەوەی شەڕەکەدا بووکە بە باوەڕی مێژوونووسان هەڵەیەکیتری کلیۆپاترا بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ئانتۆنی لەگەڵ کلیۆپاترا لە پاپۆڕێکدا بوونایە، دلێریو بوێرییەکی زیاتری لە خۆی پێشان دەداو بە یەکەمین هێرشی هێزی دەریایی رۆما هەڵنەدەهات. دژکردەوەی کلیۆپاترا بەرامبەر بە نیشانەکانی شکستو تێکشکانی کەشتییەکانی ژێر سەرکردایەتی ئانتۆنی لەسەرەتای قۆناغەکانی شەڕدا، پرسیارێکە کە مێژوونووسان هێشتاش ولامێکی ئەوتۆیان بۆ نەدۆزیوەتەوە. کلیۆپاترا بەجێگای ئەوەی یارمەتی ئانتۆنی بداتو هێرش بباتە سەر کەشتییەکانی رۆما، لەنەکاو فەرمانی پاشەکشەیدا بە کەشتییەکانی ژێر فەرمانی خۆیو ئانتۆنیو هاورێکانی لەبەرامبەر کەشتییەکانی رۆما بەتەنیا هێشتەوە.ئانتۆنیش کە دەیزانی ئەگەر بەدەستی ئۆکتاڤیا بە دیل بگیرێت چ چارەنووسێکی لە چاوەڕواندا دەبێت، بە خێراییەکی زۆرەوە لە گۆڕەپانی شەڕ هەڵاتو دوابەدوای کەشتییەکانی کلیۆپاترا وەرێکەوت. پاپۆڕەکەی ئانتۆنی لەنێوان رێگادا گەیشتە کلیۆپاتراو بە بەلەمێك خۆی گەیاندە نێو پاپۆڕەکە. کلیۆپاترا ناڕەزایەتی ئانتۆنیی بۆ هەڵاتنی لەشەڕ بیێ ولاّم هێشتەوەو تا رۆژێك کە پاپۆڕەکە گەیشتە کەناری ئەسکەندەریە، قسەیەکیتریان پێکەوە نەکرد.

23-Actium

کلیۆپاترا دوای گەڕانەوەی بۆ ئەسکەندەریە وای نیشاندا کە لەشەڕ لەگەڵ هێزەکانی رۆما سەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی هیچ کام لە پاپۆڕەکانی میسری گورزیان پێنەکەوتبوو باوەڕ پێهێنانی میسرییەکان کارێکی دژوار نەبوو. کلیۆپاترا دەیزانی کە ئۆکتاڤیان درەنگ یا زوو کەشتییەکانی خۆی بۆ داگیر کردنی میسر دەنێرێتە ئەسکەندەریە،هەر بەو هۆیەوە بە خێرایی خەریکی کۆکردنەوەی هێزی حەساوە بوو بۆ شەڕ لەگەڵ رۆمییەکانو وای نیشاندا کە دەیهەوێت لەشکر کێشی بکاتە سەر رۆما. ئەو لەم قۆناغەدا ئیتر بە هیچ شێوەیەك ئەو حیسابی بۆ ئانتۆنیی‌و پاشماوی هێزە تێکشکاوو ورە دابەزیوەکانی نەدەکرد. لەو کاتانەدا ئۆکتاڤیان نامەبەرێکی ناردە لای کلیۆپاتراو لە پەیامێکی شاراوەدا پێی راگەیاند کە ئامادەیە پۆستی شاژنی‌و دەسەڵاتدارێتی ئەو لە میسر قەبووڵ بکات بە مەرجێك کە ئانتۆنی بە مردوویی یان بە زیندوویی تەسلیمی ئەو بکات. کلیۆپاترا ئەو پێشنیارەی رەد کردەوە. رەد کردنەوەی ئەم پێشنیارەش نەك لەبەر خۆشەویستی ئانتۆنی، بەڵکوو بەهۆی بێ‌متمانەیی بە ئۆکتاڤیان بوو. دەتوانین بڵێین هەمووی مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پیاوێکی هەمیشە سەرخۆشی وەك ئانتۆنی کە هیچ دەسەڵاتو متمانەیەکی لەنێو هاووڵاتیانی خۆیدا نەماوە، ناتوانێ ئەشق‌و خۆشەویستی کلیۆپاترای هەبێت‌و ئەگەر کلیۆپاترا پێشنیاری ئۆکتاڤیانی قەبووڵ نەکرد پتر بەهۆی ئەوە بوو کە دەیزانی ئۆکتاڤیان مەبەستی فریودانی ئەوەو دەیەوێت لەو رێگایەوە بێ شەڕو خوێنرێژی ئەو بەدەست بێنێ. مێژوونووسان لەو بارەشەوە لەگەڵ کلیۆپاترا هاوڕان‌و دەڵێن کە ئۆکتاڤیان دەیەویست دوای داگیر کردنی ئەسکەندەریە، کلیۆپاتراو منداڵەکانی بە دیل بگرێت‌و وەك هێمای سەرکەوتن لەگەڵ خۆیدا بیانباتە رۆما. لە ئاکامدا لەساڵی ٣٠ی(پ.ز) ئۆکتاڤیان لە پێشەوەی پاپۆڕە جەنگییەکانی خۆیدا گەیشتە نێو ئاوەکانی کەناری ئەسکەندەریە. پاشماوەی هێزەکانی ئانتۆنی بەپەلە چوونە نێو هێزەکانی رۆماو میسرییەکانیش بێ بەرگرییەکی ئەوتۆ خۆیان بەدەستەوەدا. هێزەکانی ئۆکتاڤیان سەرکەوتووانە چوونە نێو ئەسکەندەریەو ئۆکتاڤیان بەر لە هەر شتێك خەریکی گەڕان بە دوای ئانتۆنیی‌و کلیۆپاترا بوو. ئانتۆنیش خۆی بەدوای کلیۆپاتراو ئامادە کردنی پلانێك بۆ دەرباز بوون لەم کارەساتەدا بوو کە هەواڵی خۆکوژی کلیۆپاترایان پێراگەیاند. ئانتۆنی بە بیستنی ئەو هەواڵە درۆیە بە شێوەی رۆمییەکان خۆی هاویشتە سەر خەنجەرێکی تیژ، بەڵام خەنجەرەکە نەچووە نێو دڵی‌یەوەو تەنیا بووە هۆی زامدار بوونی. دوای ئەنجامدانی خۆکوژیەکە، ئانتۆنی‌یان ئاگادار کردەوە کە

کلیۆپاترا زیندووەو هەواڵەکە راست نەبووە. ئانتۆنی داوای لە هاوڕێکانی کرد تا زیندووە بیبەنە لای کلیۆپاترا. کلیۆپاترا بەبینی جەستەی خوێناوی ئانتۆنی خۆی خستە سەر جەستەی نیوە گیانی ئەوو سەروچاوی بە فرمێسك تەڕ کرد. ئانتۆنی لە دوایین کاتەکانی ژیانی‌دا، داوای لە کلیۆپاترا کرد کە لەگەڵ ئۆکتاڤیان دانوساندن بکات‌و گیانی خۆی‌و منداڵەکان بپارێزێت. کلیۆپاترا بە جووڵاندنەوەی سەری وای پیشاندا کە داواکارییەکەی جێبەجێ‌دەکات‌و ئانتۆنیش بە دڵنیاییەوە لە باوەشی‌دا گیانی لە دەست دا. لەو کاتەدا کە هەست بزوێنترین دیمەنی دراماو فیلم گەلێکە کەسەبارەت بە ژیانی کلیۆپاترا نووسراوە، سەربازەکانی ئۆکتاڤیان گەیشتنە ئەو شوێنەو کلیۆپاتراو جەستەی خوێناوی ئانتۆنی‌یان خستە ژێر چاوەدێری. کلیۆپاترا داوای لە ئۆکتاڤیان کرد کە مۆڵەتی پێ‌بدات رێوەڕەسمی بەخاك سپاردنی مێردەکەی بەپێی داب‌و نەریتی میسرییەکان بەڕێوە بباتو ئۆکتاڤیانیش ئەو داواکارییەی قەبووڵ کرد. کلیۆپاترا دوای بەشداری لەو رێوەڕەسمەدا لەرزوتایەکی توندی گرت‌و ئۆکتاڤیانیش چەند جارێك سەردانی کرد، بەڵام کلیۆپاترا دەیزانی کە ئەم شەرم وحەیاو رێز گرتنە داوێك زیاتر نی‌یەو ئۆکتاڤیان دەیەوێت بەو ئامادەکارییانە، ئەو بە ساغ وسلامەتی بباتە رۆماو دوای سووکایەتی پێکردن‌و ئەشکەنجە بیداتە دەست جەللاد.



لە بەناوبانگترین فیلمیدا کە لە ژیانی کلیۆپاترا

دروست کراوە ئێلیزابێت تایلۆر رۆڵی ئەوی نواندوە

کلیۆپاترا لەو ڕۆژانەی کە لە جێدا کەوتبوو، بڕیاری خۆی دابووو لەیەکەم ڕۆژدا کە هەستی کرد تەندروستی باشتر بووەو دەتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ، داوای لە خزمەتکارو رازێنەرەکانی کرد کە هێشتاش لەژێر دەستێدا مابوون، کە باشترین جلوبەرگەکانی بۆ بهێنن‌و بە باشترین شێوە بیڕازێننەوە. کلیۆپاترا پێشتر کەرستەی خۆکوشتنی خۆی ئامادە کرد بوو کە ژەهری مارێکی بچووك بووو یەك جار پێوەدانی بۆ کوشتنی مرۆڤێك بەس بوو. کلیۆپاترا پێش ئەوەی کە سەری ئەو سەبەتە هەنجیرە بکاتەوە کە مارەکەی تێدا خەوتبوو، قاسدێکی ناردە لای ئۆکتاڤیان‌و داوای لێکرد کە تەرمەکەی لە تەنیشت ئانتۆنی بنێژن. ئۆکتاڤیان هەر بە بیستی ئەو پەیامە بە پەلە خۆی گەیاندە کۆشکی کلیۆپاترا، بەڵام ئیتر درەنگ ببووو کلیۆپاترا لە جلوبەرگێکی ئاوریشمی (حەریری)و لەحاڵێکدا کە تەواوی ئاڵتونە بەنرخەکانی بە گوێ‌و گەردن‌و دەستەکانی‌یەوە بوو، لەسەر تەختە بە شکۆکەی خۆی چوو بووە خەوی مەرگەوە. کلیۆپاترا لەکاتی مردنی‌دا ٣٨ساڵی تەمەن بووو نیزیك بە بیست ساڵ لەتەمەنی کورتی‌خۆی فەرمانڕەوایی میسری کرد. ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو بێلایەن کلیۆپاترا هەڵسەنگێنین، دەبێ بڵێین کە کلیۆپاترا ژنێکی زۆر دەسەڵات خوازو بەرزەفڕو بەهێزو سیایەتوان بوو. لە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی کە دوای ئەو گەیشتنە دەسەڵات ناتوانرێت بە ژنێکی هەوەسبازو شەهوەت پەرەست دابنرێت. لە تەواوی ژیانیدا دڵی تەنیا بە دوو پیاو داو تا کۆتایی ژیانیان پێیان وەفادار مایەوە. ئاشق بوونەکەی ئەویش زۆرتر لە ڕووی بەرنامەو بۆ دابینکردنی ئامانجە رامیارییەکان بووو ئەگەر باسەکە لەم بوارەدا لێك بدەینەوە، یەکەمین ژن بوو کە لە راکێشانی سێکس بۆ مەبەستە رامیارییەکانی کەڵکی وەرگرت. کلیۆپاترا بەو هەموو ژیرییەوە ژنێکی بە بەخت نەبووو یەکەم ئەشقی (ژۆ لیۆس سێزار)لەوپەڕی دەسەڵاتدا کوژراو ئاواتەکانی کلیۆپاترای بۆ سەرکردایەتی جیهان لە تەنیشت ئەو سەرکردە بەهێزە بە بادا. کلیۆپاترا لە هەڵبژاردنی دووهەم پیاویش لەسەر لایەنی دۆڕاو مەرج بەندی کرد. هەرچەند بە بڕوای هەندێك لە مێژوونووسان ئەوە کلیۆپاترا بوو کە لەپیاوێکی بەهێزی وەك ئانتۆنی بوونەوەرێکی لاوازو بەردەوام سەرخۆشی دروست کرد بوو. بە باوەڕی ئەم دەستە لەو مێژوونووسانە کە پلۆتارکی یۆنانی یەکێکە لەوان، ئەگەر ئانتۆنی دیلی ئەشقی کلیۆپاترا نەبوایەو لەکاتی خۆی‌داو پێش ماندوو کردنی هێزەکانی خۆی بچووبایە شەڕی ئەشکانی‌یەکان، بە ئەگەرێکی بەهێز لەو شەڕەدا سەردەکەوت‌و دوای گەڕانەوەی سەرکەوتووانە بۆ ڕۆما

دەیتوانی وەپێش ڕکەبەرەکەی خۆی کەوێ. ئۆکتاڤیان کە زڕ کوڕی ژۆلیۆس سێزار بووو خۆی بە جێنشینی بەحەقی ئەو دەزانی، دوای مردنی کلیۆپاترا کۆڕی ڕاستەقینەی سێزارو کلیۆپاترای (سێزاریۆن) لەگەڵ خۆی بردە ڕۆماو پێش ئەوەی کە بەناوی "ئاگۆستۆس"[24] پاڵ بە تەختی ئیمپراتۆریەتەوە بدات لەناوی برد. لە دوو کوڕو کچەکەی کلیۆپاترا لە ئانتۆنی، چارەنووسی کوڕە گەورەکەی کە ناوی "ئالێکسانێدر هێلیۆس" بوو، دیار نی‌یە بەڵام کوڕی دووهەمی لەساڵی ٤٠ی دوای زایین بە فەرمانی "کالیگۆلا"[25] ئیمپراتۆری خوێنمژی ڕۆما کوژرا. تەنیا کچەکەی کلیۆپاترا کە ناوی سێلێنێ یان مانگ بووو شووی بە "جۆبا"[26]ی پادشای مۆریتانیا[27] کردو بە شێوەیەکی سروشتی مرد.

24-Augustus
25-Caligula
26-Juba
27-Mauretania

فەسڵی دووهـــەم

دەسەڵات و گەنـــــدەڵی

ئیمپراتۆرەکانی رۆما لە سەدەی یەکەمی زایینو ئەو ژنانەی حووکمڕانیان بەسەردا دەکردن

ئیمپراتۆریەتی رۆما لە سەدەی یەکەمی دوای زاییندا بەرچاوترین وێنەی گەندەڵیو ئاڵۆزییە بە درێژایی مێژوو. رۆما لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆر "ئاوگۆستۆس" کە هەر ئەو ئۆکتاڤیانەیە پێشتر باسمان کرد، لەوپەڕی بەهێزیو دەوڵەمەندی خۆیدا بوو. بەڵام ئەو سامانو شکۆیە لە تەنیشت خۆیدا گەندەڵی رەوشتیو کۆمەڵایەتیی گەشەپێدا کە لە ئاکامدا بووە هۆی لەناوچوونی ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەو دابەش بوونی بەسەر چەند بەشێکی جیاواز. ئۆکتاڤیان سێ ساڵ دوای مردنی رکەبەرە سەرەکییەکەی، (ئانتۆنی) لەساڵی ١٧ی دوای زاییندا بنەماکانی هەڵبژاردنی لە حکوومەتی رۆما هەڵوەشاندەوەو بە نازناوی "ئاوگۆستۆس" وەك یەکەمین ئیمپراتۆری رۆما لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. ئاوگۆستۆس یان ئۆکتاڤیان کە لە چیرۆکی ئانتۆنیو کلیۆپاترادا ببوو بە مامۆستای رەوشتو رکەبەرەکەی بە هەوسبازیو خەیانەت بە هاوسەرە رۆمییەکەی (ئۆکتاڤیا) تۆمەتبار دەکرد، خۆی نموونەیەکی خراپتری پێشان داو هاوسەری دووهەمی خۆی لەبەر ئەشقی ژنێکی مێرددار کە منداڵێکی شەش مانگەشی لە سگدا بوو تەڵاق دا. "تاسیتۆس"[1] مێژوونووسی رۆمی لەوبارەیەوە دەنووسێ، کاتێك کە ئۆکتاڤیان بڕیایدا هاوسەری دووهەمی خۆی تەڵاق بدات، کچێکی یەك ساڵەی بەناوی "ژولیا"[2] هەبوو کە کاتێك گەیشتە تەمەنی پێگەیشتوویی (بلوغ) گۆنگەڵییەکی زۆری لێکەوتەوە. ئۆکتاڤیان ئاشقی هاوسەری یەکێك لە ئەفسەرەکانی خۆی بەناوی "لیڤیا"[3] بووو مێردەکەی ناچار کرد خێزانی کە منداڵێکی شەش مانگەی لە سگدا بوو تەڵاق بدات.ئۆکتاڤیان بۆ گەیشتن بە لیڤیا ئەوەندە بەپەلە بوو کە ئامادە نەبوو تا لەدایکبوونی منداڵەکە واتە تەنیا سێ مانگیتر راوەستێ. لیڤیا کە لە بارو دۆخێکی ئەوتۆ مێردی بە ئۆکتاڤیان کرد، هەر لەسەرەتادا بەسەر مێردەکەیدا زاڵ بوو. مێژوونووسی رۆمی لەو باوەڕە

1-Tacitus
2-Julia
3-Livias

دایە کە زۆربەی کردەوەو بڕیارەکانی پیاوێك کە وەك بەهێزترین ئیمپراتۆری رۆما ناسراوە، (بۆ نموونە لەناوبردنی بنەماکانی حکوومەتی هەڵبژێردراو بنیاتنانەوەی ئیمپراتۆری) لە بیرە پاوانخوازییانەکەی لیڤیا سەرچاوەی دەگرت. لیڤیا دوای ئەوە کە وەك ئیمپراتریسی رۆما تاجی لەسەرنا، پتر لە چل ساڵ دەسەڵاتداری راستەقینەی رۆما بووو ئیمپراتۆر هیچ کارێکی بێ راوێژ لەگەڵ ئەو نەدەکرد. لەسەرەتای سەدەی یەکەمی زایینەوە ئەو رۆڵە گۆڕاو تا ساڵی ١٤ی دوای زایین کە ئاوگۆستۆس لەتەمەنی ٧٧ساڵیدا مرد، ئەوە لیڤیا بوو کە لە بەڕێوەبردنیکاروباری دەوڵەتدا بڕیاری دەداو ئەگەریش پێویست بوایە ئاگاداری دەکردەوە. یەکێك لە دەرەنجامەکانی زاڵبوونی لیڤیا بەسەر یەکەم ئیمپراتۆری رۆما ئەوەیە کە لیڤیا چارەنووسی ژولیای کچی ئاوگۆستۆسی کە لە هاوسەری پێشووی بوو، بەدەستەوە گرتو لەتەمەنی ١٤ساڵیدا ئەوی بە زۆرە ملێ بە شوو دا. هاوسەری ژولیا دوو ساڵ دواتر مردو ئەم جارە ئەویان دا بە پیاوێك کە ٢٢ ساڵ لە خۆی گەورەتر بووو ژولیا لە هاوسەری دووهەمی پێنج منداڵی بوو، بەڵام دیسان لەتەمەنی گەنجێتیدا مێردەکەی مردو بۆ دووهەم جار بێوەژن کەوتەوەو ئەم جارەیان لیڤیا بڕیاریدا کە ژولیا بدا بە کوڕەکەی خۆی (تیبێریۆس)[4] کە لە مێردەکەی پێشووی بوو، هەر بەو مەبەستەش تیبێریۆسی ناچار کرد کە لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوەو لەگەڵ ژولیا زەماوەند بکات. ئامانجی لیڤیا لە ئەنجامدانی ئەم پلانە ئەوە بوو کە ئاوگۆستۆس، کوڕەکەی کە زاوای خۆشی بوو بکاتە جێنشینی خۆی. ئاوگۆستۆس زوو تەسلیمی هاوسەرەکەی بووو تیبێریۆسی بە جێنشینی خۆی هەڵبژارد. بەڵام ژولیا کە هیچکام لە مێردەکانی خۆش نەدەویستو لە مێردەکانیشی پتر رقی لە لیڤیا بوو و بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی کردبووە ئامێری دەستی خۆی، بڕیاریدا تەواوی کۆتە رەوشتییەکانی ئەو کاتی رۆما کە زۆریش پتەو نەبوو بپچڕێنێتو لەم رێگایەدا ئەوەندە رۆیشتە پێشێ کە جاری وا هەبوو بە ئاشکرایی لە گەڕەکەکە بەد ناوەکانی شار وەدەکەوتو وەکوو لەشفرۆشەکانیتر لەشفرۆشی دەکرد. تیبێریۆس کە توانای هەڵگرتنی ئەو سووکایەتییەی نەبوو، ئەوی تەڵاق داو ئیمپراتۆر ئاوگۆستۆسیش لەژێر داواکاری لیڤیا کچەکەی لەرۆما دوور خستەوە. ئاوگۆستۆس لەساڵی ١٧ی زایینیدا مردو تیبێریۆس وەك دووهەمین ئیمپراتۆری رۆما لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. تیبێریۆس تا کاتێك کە دایکی لەژیاندا مابوو، لەژێر کارتێکەریو

4-Tiberius

دەسەڵاتی ئەودا بووو لیڤیا دوای مردنی مێردەکەی بەناوی کوڕەکەی دەسەڵاتداریێتی رۆمای دەکرد. تیبێریۆس کە تووشی نەخۆشی لادانی سێکس بوو (هاوسەری پێشووی واتە ژولیاش بەو هۆیەوە رقی لێی بوو) دوای تەڵاقی ژولیا ئیتر ژنی نەهێنا. ئەو یەکێك لە گەندەڵترین ئیمپراتۆرەکانی رۆما بوو و زۆربەی کاتەکانیخۆی لە حەرەمسەراکەی لە دوورگەی کاپری رادەبوارد کە لەوێدا کوڕانی جوانی رۆمای کۆکردبۆوە. ئەو جێنشینەش کە تیبێریۆس بۆ پۆستی ئیمپراتۆری تەرخانی کردبوو، لەگەندەڵیدا لەو کەمتر نەبوو. جێگرو جێنشینی تیبێریۆس، "کالیگۆلا "[5] بوو کە بە یەکێك لە گەندەڵترینو خوێنمژترین ئیمپراتۆرەکانی رۆما دەژمێردرێت. کالیگۆلا کوڕی "ژێرمانیکۆس"[6]و خوشکەزای تیبێریۆس بوو کە بە نەوەی لیڤیاش دەژمێردرا. کالیگۆلا لاوێکی شەڕانیو نائاسایی بووو پێش گەیشتن بە تەمەنی بیستساڵی دەستدرێژی کردە سەر هەر سێ خوشکەکەی خۆی. دژکردەوەی تیبێریۆس لەبەرامبەر ئەوکارەی جێنشینەکەی تەنیا ئەوە بوو کە هەرچی زووتر مێرد بۆ سێ خوشکەکەی بدۆزێتەوە. یەکێك لەو سێ خوشکە ناوی "ئاگریپینا"[7] بوو کە بە یەکێك لە بەناوبانگترین ژنەکانی مێژووی رۆما دەژمێردرێت.

ئاگریپینا دوای ئەوە کە براکەی (کالیگۆلا) دەستدرێژیی کردە سەری، بە نابەدڵی مێردی بە پیاوێکی بەڕەڵاو بەدکار بەناوی "دۆمێتیوس"[8] کرد کە ۲۲ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. ئەو زەماوەندە کوڕێکی لێکەوتەوە کە دواتر بوو بە ئیمپراتۆری رۆماو لە خوێنمژیو هەڵسوکەوتی شێتانەو خراپدا لە هەمووی پێشینیانی خۆی خراپتر بوو. ئەو لە دایك بووە ناپیرۆزە هەمان "نیرۆن"[9] بوو کە بەپێی قسەی دایکی لەلای قاچەوە لە دایك بوو کە ئەوەش بە هێمایەکی ناپیرۆز دەژمێردرا. کالیگۆلا لەگەڵ ئەوەشدا کە خوشکەکانی مێردیان کردبوو، پێوەندییەکانی لەگەڵ هەر سێکیان پاراست بووو لەنێوانیاندا زیاتر ئۆگری خوشکە گەورەکەی (درۆسیلا)[10] بوو. کالیگۆلا لەهەمان کاتدا نێربازیش بووو لەهەمووان زیاتر بە پیاوێکی گەنج

5-Caligula
6-Germanicus
7-Agrippina
8-Domitius
9-Nero
10-Drusilla

بەناوی "لیپیدۆس"[11] فێر ببوو. گەندەڵی ئەو بنەماڵەیە بە زماوەندی "درۆسیلا"و لیپیدۆس گەیشتە ئەوپەڕی خۆیو کالیگۆلا دوای ئەو زەماوەندە لە تەختێکدا لەگەڵیان دەنووست! کالیگۆلا بەڵێنی بە لیپیدۆس دابوو کە دوای گەیشتن بە ئیمپراتۆری ئەو دەکاتە جێنشینی خۆیو خوشکەکەشی بە هیوای ئەوە کە رۆژێك دەبێتە شاژنی رۆما، ئەو ژیانە پڕ لە گەندەڵییەی قەبووڵ کرد. بەڵام درۆسیلا پێش ئەوەی بە ئاواتەکانی خۆی بگات لەتەمەنی گەنجیدا مردو ئاگریپینا جێگای ئەوی گرتەوە. کالیگۆلا لەساڵی ۳۷ی زایینی بوو بە ئیمپراتۆری رۆماو هەر وەك بەڵێنی بە لیپیدۆس دابوو ئەوی کردە جێنشینی خۆی. ئاگریپینا کە دەیەویست هەرچی زووتر تاجی شاژنی رۆما لەسەر بنێت، لەگەڵ لیپیدۆس دژی براکەی پیلانی گێڕا، بەڵام پێش ئەوەی پیلانەکەیان بۆ کوشتنی کالیگۆلا سەر بگرێت، کالیگۆلا لە مەبەستیان ئاگادار کرایەوەو فەرمانی گرتنو کوشتنی لیپیدۆسی دا. دوای لە سێدارە درانی لیپیدۆس هەموو کەس چاوەڕوانی لە سێدارە درانی شەریکی تاوانەکە بوون. بەڵام کالیگۆلا تەنیا فەرمانی دوور خستەوەی خوشکەکەی دەرکردو پێش جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە فەرمانیدا ئاگریپینا لە حاڵێکدا کە دەبوو خۆڵەمێشی تەرمی سووتاوی مێردەکەی بەشان بکێشێ لە شەقامەکانی رۆما بیگەڕێنن. حکوومەتی کالیگۆلا ماوەیەکی زۆری نەخایاندو ئیمپراتۆری خوێنمژی رۆما لەساڵی ٤١ی زایینیدا بەدەستی یەکێك لە پاسەوانەکانی ئیمپراتۆری کوژرا. کالیگۆلا دوای کوشتنی لیپیدۆس جێنشینێکی بۆ خۆی دانەنابووو ئەفرادی گاردی ئیمپراتۆری کە دوای کوشتنی کالیگۆلا بەکردەوە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، مامی کالیگۆلایان بەناوی "کلۆدیۆس"[12] کە بە فەرمانی کالیگۆلا بەند کرابوو وەك ئیمپراتۆر دیاری کرد. کلۆدیۆس کاتێك کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتە تەمەنی ۳۱ ساڵ پلەی ئیمپراتۆری بوو و ساڵێك پێش ئەو رووداوە لەگەڵ کچێکی پازدە ساڵی بەناوی "مێسالینا"[13] زەماوەندی کردبوو. مێسالینا چەند مانگ دوای ئەوە کە تاجی شاژنی رۆمانیای لەسەرنا کوڕێکی بۆ ئیمپراتۆری نوێ بە دونیا هێنا. بەڵام هەمووان دەیانزانی کە ئیمپراتۆر باوکی ئەو منداڵە نییە. کلۆدیۆس دوای گەیشتن بە ئیمپراتۆری فەرمانیدا هەمووی دوورخراوەو

11-Lepidus
12-Claudius
13-Messalina

بەندکراوەکان بۆ وێنە برازاکەشی (ئاگریپینای خوشکی کالیگۆلا) ئازاد بکەن. ئاگریپینا گەڕایەوە رۆماو وەدوای ئامانجی پێشووی خۆی بۆ گەیشتن بە پلەی ژنی ژمارە یەکی رۆما کەوتەوەو ویستی بەهەر شێوەیەك بێت رێگایەك بۆ چوونە ناو دڵی کلۆدیۆس بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو کارە ئەوەندە ئاسان نەبوو، لەبەرئەوەی کە مێسالینای گەنجو جوان بە تەواوی رووحو جەستەی ئێمپراتۆری داگیر کردبووو بەسەریدا زاڵ بوو. مێسالنیا بە خراپیو هەرزەیی ناوبانگی هەبوو بەڵام ئیمپراتۆر گرینگی بەو دەنگۆیانە نەدەدا کە لە بارەی ئەوەوە بڵاوبۆوەو تەنانەت ژمارەیەك لەو کەسانەی کە دەیانگوت مێسالینا پێوەندی لەگەڵیان هەیە، بە راسپێردراوی ئەو لەسەر هەندێك کاری گرینگی دانا بوون! ئاگریپینا کە بەهۆی کارتێکەریو زاڵ بوونی مێسالینا لەسەر کلۆدیۆس نەیدەتوانی راستەوخۆ رێگایەك بۆ دەرباری ئیمپراتۆر بدۆزێتەوە، لە رێگایترەوە دەست بە کار بووو لەگەڵ "پالاس"[14]، خەزێنەداری جێگای متمانەو نهێنی پارێزی کلۆدیۆس پێوەندی سازدا. ئاگریپینا لەو رێگایەوە لە تەواوی رووداوەکانی ناو کوشکی ئیمپراتۆری ئاگادار دەبۆوەو ئەو پرۆپاگەندانەی کە لەملاو ئەولای رۆما لەبارەی مێسالینا لەسەر زمانان بوو، بە گوێی پالاسو لە رێگای ئەوەوە بە گوێی کلۆدیۆسی دەگەیاند.



پەیکەری مێسالینا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیمپراتۆریەتی کلۆدیۆس

14-Pallas

ماوەی ئیمپراتۆری کلۆدیۆس لەسەر رۆما سێزدە ساڵی درێژەی کێشاو مێسالینا نزیك بە حەوت ساڵێ ئەو ماوەیە بڕیاردەری چارەنووسی خەڵکی رۆما بوو. مێسالینا تەنانەت لە چواردیواری کۆشکی ئیمپراتۆریشدا لە عەیشو نۆشو رابواردن ترسێکی نەبووو لە بەشێکی کۆشکی ئیمپراتۆری کە تایبەت بە خۆی کردبوو ،هەموو شەوێك کۆڕی عەیشو نۆشی دەگێڕاو میوانداری لە ئاشقانو ئەویندارانی خۆی دەکرد. کلۆدیۆسیش جارجارێك لەو کۆڕانەدا ئامادە دەبوو، بەڵام مێسالینا بە دەرمانی خەو کە لە شەرابەکەی دەکرد، دەی خستە خەوو چێژی لەوە وەردەگرت کە لە تەنیشت مێردە سەرخۆشو بێهۆشەکەی لەگەڵ پیاوێتردا دەخەوێت! مێسالینا لە تەنیشت گەندەڵیو عەیاشی لە ئەنجامدانی تاوانیش ترسی نەبووو هەندێك لە ئاشقەکانی خۆی کەلێیان بێزارو ماندوو دەبوو یان بە لەمپەری دەزانین، بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەینی دەبردن. تۆمەتی هەمیشەیی ئەوان کە پێویستی بە بەڵگەو سەلماندن نەبوو، پیلان دژی ئیمپراتۆر بوو کە راپۆرتو شایەتیدانی بە درۆی چەند راسپاردەیەك بۆ رازی کردنی ئیمپراتۆر لەو بارەیەوە بەس بووو کلۆدیۆس بێ لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە فەرمانی کوشتنی دەدان. لەشکرکێشی کلۆدیۆس بۆ دوورگەی بریتانیا دەرفەتێکی نوێی دا بە مێسالینا تا عەیاشیو خراپەکاری خۆی بە بەرزترین پلەی خۆی بگەیێنێتو وەکوو ژولیای کچی یەکەم ئیمپراتۆری رۆما لە شەقامەکانی رۆما رکەبەری لەشفرۆشەکانی شار بکات. مێسالینا کە بەهۆی زێدەڕۆیی لە عەیاشیو خراپەکاری وەك نەخۆشێکی جنسی لێهاتبوو، لە گەڕەکە بەدناوەکانی رۆما لەگەڵ لەشفرۆشەکانی شار پێشبڕکیی دەکرد. "ئاندریۆ-ئیۆارت"[15] لێکۆڵەری بریتانیایی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی "خرابکارترین ژنانی جیهان"[16] لەسەر زاری مێژوونووسانی رۆمی دەڵێت کە مێسالینا بڕیاریدا لە شەوێکدا توانایی خۆی لە رووبەرووبوونەوەی پیاوانی جۆراوجۆر بخاتە پێشبڕکێ، مێسالینا لەم پێشبڕکێیەدا توانی لەدوایین لەشفرۆشێك کە توانیبووی لەگەڵ ٢٥ پیاو جووت بێ بە جیاوازییەکی زۆر بیباتەوە!

کلۆدیۆس دوای گەڕانەوە بۆ رۆما داستان گەلێکی سەیری بیست کە لە بارەی هاوسەری لەسەر زمانان بوو، بەڵام دیسان نەیویست یان نەیتوانی باوەڕیان پێ بکاتو مێسالیناش خراپکاریو عەیاشییەکەی بۆ چوارچێوەی کۆشکی ئیمپراتۆری کورت کردەوە.تاسیتۆس مێژوونووسی رۆمی

15-Andrew Ewart


16-The world's wickedest women-Odham books London P.52

که پێشتر ئاماژەی پێکرا، پێی وایە هۆی گۆڕانی شێوازی مێسالینا، ئەشقی نۆی ئەو بە پیاوێك بەناوی "سیلیۆس"[17]ە که تا سیتۆس ئەو بە جوانترین‌و رێکوپێکترین پیاوی ئەوکاتی رۆما دەناسێنێت‌و دەنووسێ: "مێسالینا که دەیەویست ئەو پیاوە لەژێر دەست ولە پاوانی خۆیدا بێت، ناچاری کرد که لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە". مێسالینا که بۆیەکەم جار لە ژیانیدا ئاشق ببوو یان بە وتەی تاسیتۆس "دەیەویست تامی عەشقیش ئەزموون بکات"، ویستی بۆ هەمیشە لەگەڵ سیلیۆس دا بمێنێتەوە. بەلاّم لە هەمان کاتدا ئامادە نەبوو نازناوی هاوسەری ئیمپراتۆرو ژنی پلە یەکەمی رۆما لە دەست بدات. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە مێسالیناو سیلیۆس پێکەوە پیلانی کوشتنی کلۆدیۆسیان دارشت، بەلاّم بۆ ئەوەی که سیلیۆس بتوانێت دوای مردنی کلۆدیۆس بە پلەی ئیمپراتۆری بگات مشوورێکی‌تریش پێویست بوو. مێسالینا بێباکی‌و رووهەڵماڵراوی گەیاندبووە جێیەك که داوای لە کلۆدیۆس کرد که بە شێوەیەکی کاتی تەلاّقی بدات تا لەگەڵ سیلیۆس زەماوەند بکات. مێسالینا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە درۆیەکی گەورەی کردو گوتی که ئەستێرەناس‌و غەیب گۆیەکەی ناسراو بەختی ئەوی دیوەو وتوویەتی: "مێردەکەت تا مانگێکی‌تر دەمرێ!". کلۆدیۆسیش لە رووی نەفامی‌و سادەدڵییەوە یان بۆ ئەوەی که داواکارییەکانی هاسەری جێبەجێ بکات، باوەڕی بەو قسەیە کردو لە مێسالینا جیا بۆوە. کلۆدیۆس دوای راگەیاندنی تەلاّقی خێزانی، لە رۆما چووە دەرێ‌و مێسالینا جەژنێکی بوکێنی بەشکۆی بۆ خۆی‌و سیلیۆس بەرێوە برد که هاوشێوەی ئەو جێژنە لە رۆما نەبیندرابوو. لە رەوتی ئەو زەماوەندە که بە رێوەرەسمێکی وەکوو کەژاوەی شادی (کەرنەڤاڵ) کۆتایی پێهات، بووك‌و زاوا لەسەرتەختێکی رەوان (لەسەر شان) بە شەقامەکانی رۆمادا دەگەڕان‌و لەبەر چاوی واق ورماوی خەڵك خەریکی ئەشق بازی بوون. پیلانی مێسالینا دوای ئەنجامدانی ئەو رێورەسمە بریتی بوو لەکوشتنی کلۆدیۆس‌و دیاریکردنی سیلیۆس وەك ئیمپراتۆری رۆما. مێسالینا پێشتر چەند کەسێکی لە خەڵکانی گاردی ئیمپراتۆری بۆ ئەنجامدانی ئەم پیلانە لەگەڵ خۆی خستبوو. بەلاّم پالاّسی خەزێنەداری ئیمپراتۆری لە رێگای یەکێك لە ئەفسەرانی گاردەوە لەو پیلانە ئاگادار کرایەوەو ئەویش لەگەڵ ئاگریپینای باس کرد. ئاگریپینا بەپەلە رۆیشت بۆ شوێنی حەوانەوەی کلۆدیۆس لە دەوروبەری رۆماو مامی لە وردە کارییەکانی ئەو پیلانە ئاگادار کردەوە که لەلایەن مێسالیناو سیلیۆس دارێژرابوو. کلۆدیۆس بەپەلە گەڕایەوە رۆما. بەلاّم مێسالینا وێڕای ئەوەی که قسەکانی ئاگریپینای وەدرۆخستەوە، داوای گرتن‌و

17-Silius

دوور خستنەوەی ئەوی کرد. کلۆدیۆس که هێشتاش نەیدەتوانی دڵ لە مێسالینا بەربدات، دیسان خەریك بوو دیلی وەسوەسەکانی بێ که پالاّس یارمەتی ئاگریپینای داو چەند شایەت‌و بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری لەمەڕ ئەو پیلانەی که بۆ کوشتنی ئیمپراتۆر داندرا بوو ئاشکرا کرد. لەئاکامدا مەترسی گیان زاڵ بوو بەسەر ئەشق‌و دڵڕفێنی‌و کلۆدیۆس فەرمانی کوشتنی مێسالیناو سیلیۆسی واژۆ کرد. پالاّس که دەترسا وەدواخرانی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە دەرفەتێك بڕەخسێنی بۆ دیداری دووباری مێسالیناو ئیمپراتۆرو ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی لەداردانی ئەوان، بەپەلە فەرمانی گرتنی مێسالیناو سیلیۆسی دەرکردو پێش ئەوە که هەلێك بۆ دیداری دووبارەی ئیمپراتۆر لەگەڵ ئەوان بڕەخسێت، حوکمەکەی لەکاتی خۆیدا جێبەجێ‌کرد. ئەو رووداوە لەساڵی ٤٨ی زایینی‌و حەوتەمین ساڵی ئیمپراتۆری کلۆدیۆس روویدا.

ئاگریپینا لەو کاتەدا ژنێکی تەمەن ٣٢ساڵان بوو، بەلاّم هێشتاش هەر جوان مابووو دەیتوانی بچێتە دڵی پیاوێکی وەکوو کلۆدیۆس. کلۆدیۆسیش دوای لە سێدارەدانی مێسالینا هۆگری ئاگریپینا ببوو، بەلاّم یاساکانی رۆما رێیان بە زەماوەندی مام‌و براز نەدەدا، تا ئەوەی یاسایەکی نوێ لەلایەن سێنای رۆما دەرکراو ئەو لەمپەرەش لابردراو ئاگریپینا بوو بە هاوسەری مامی خۆی‌و شاژنی رۆما!. کلۆدیۆس که لە دەروونیدا پیاوێکی نەفس نزم بوو لەکاتی زەماوەند لەگەڵ ئاگریپینا چل ساڵی تەمەن بووو لە ڕادەبەدەر هێزی ئیرادەو بڕیاردانی لەدەست دابوو.



پەیکەری کلۆدیۆس که سێزدە ساڵ ئیمپراتۆری رۆما بوو. بەلاّم ژنەکانی بەناوی ئەو حکوومەتیان لەسەر رۆما دەکرد

کارەساتی مێسالیناش برینێکی قورسی لە رووحیەی ئەودا بەجێ هێشتبوو کە بەرەو بێدەنگیو سست بوون هانی دەداو ئەوەش دەرفەتێکی باشی بۆ ئاگریپینا رەخساند کە بە تەواوی بیخاتە ژێر دەسەڵاتو کارتێکەری خۆیو لە پاشماوەی زەمەنی ئیمپراتۆریەتی ئەودا بەسەر رۆما حکوومەت بکات. ئاگریپینا سەرەتا تەواوی دارودەستەکەی مێسالیناو کەسانی جێی باوەڕو وەفاداری ئەوەی لە دەرباری کلۆدیۆس دەرکردو کەسانی سەربەژێرو گوێڕایەڵی خۆی لەجێگای ئەوان داناو پاشانیش کاردرووستایی زەماوەندی کوڕەکەی، واتا نێرۆن و کچی کلۆدیۆسی (ئۆکتاڤیا) ئامادە کرد تا رێگا بۆ ئیمپراتۆریەتی کوڕەکەی لە داهاتوودا خۆش بکات. تەنیا گرفتێکی کە لەئارا دابوو ئەوە بوو کە ئۆکتاڤیا پێشتر دەزگیرانی هەبوو، بەڵام لابردنی ئەو گرفتە بۆ ژنێکی وەك ئاگریپینا کارێکی سادە بوو. دەزگیرانی ئۆکتاڤیا تاوانبار بە زینا لەگەڵ خوشکەکەی کراو کلۆدیۆس کە باوەڕی بەم داستانە هەڵبەستراوە کرد، لە دەربار دەری کرد. زەماوەندی نێرۆن لەگەڵ ئۆکتاڤیا کە لە راستیدا زڕبراو زڕخوشك بوون لە نێو رۆمییەکان نایاسایی بوو، بەڵام ئەو کارە بۆ ئاگریپینا کە داستانی پێوەندی ئەو لەگەڵ براکەی بە گوێی هەموو کەس گەیشتبووو بە شوو کردن بە مامی خۆی کارێکی حەرامتری ئەنجامدابوو، تاوان نەبوو. بەڵام لەمپەرێکی گرینگتر کە لەسەر رێگای بە ئیمپراتۆری گەیشتنی نێرۆن لەئارا دابوو، بوونی کوڕێك بەناوی "بریتانیکۆس"[18] لە هاوسەری پێشووی کلۆدیۆس بوو کە کلۆدیۆس زۆری خۆش دەویستو پێشتر بۆ جێنشینی خۆی لەبەرچاوی گرتبوو. ئاگریپینا بۆ لابردنی ئەو لەمپەرە بڕیاریدا کوڕەکەی وا پەروەردە بکات کە گومانێك لە باشی ئەو بە بەراورد لەگەڵ بریتانیکۆس نەمێنێتەوە. بۆ فێرکردنو پەروەردە کردنی نێرۆن چەند کەس لەباشترین زانایانی ئەوکات وەك فەیلەسۆفو کۆمەڵناسی بەناوبانگ "سێنێکا"[19] راسپێردران، بەڵام فێرکردنی ئەو بەزەحمەتو هێواشی دەڕۆیشتە پێشێ، لەبەر ئەوەی کە نێرۆن مێشکی زانستیو فەلسەفی نەبووو زۆرتر هۆگری کاری هونەریو بەتایبەتی مۆسیقا بوو. نێرۆن شێعریشی دەنووسیو ئەو گۆرانییانەی کە خۆی شێعرەکانی دەهۆنییەوە بە مۆسیقایەك کە خۆی دایدەناو سازێك کە خۆی دەیژەنی دەیگوتەوە. دایکی نێرۆن کە دەیەویست کوڕەکەی بۆ بەدەستهێنانی پلەی ئیمپراتۆریو دەسەڵاتدارێتی بەسەر رۆما پەروەردە بکات، دژایەتی ئەو

18-Britannicu
19-Seneca

کارانەی نێرۆنی دەکرد. نێرۆن لە ترسی دایکی هونەرەکانی دەشاردەوەو بۆ ژەنینی سازو گۆرانی وتن دەچووە دەرێ. نێرۆن دوای ئەوە کە بوو بە ئیمپراتۆر بە سێنێکای (کە ئیتر بۆتە هاورازی) گوت کە ئاواتی ئەو لە منداڵییەوە ئەوە بووە کە ببێتە باشترین گۆرانی بێژی رۆماو ئەگەر پاوانخوازییەکانو چاوەدێرییەکانی دایکی لە ژیانو چارەنووسی ئەودا کاریگەریی نەبوایە، لەوانە بوو لەو کارە زیاتر لە ئیمپراتۆریەت لەژیان کەڵکی وەربگرتبایە. ئاگریپینا لەساڵی ٥٣ی زایینیدا کە بریتانیکۆس بوو بە چواردە ساڵ، (تەمەنێك کە لە رۆما بە تەمەنی پێگەیشتوویی دادەنرێت) بۆ پێشگیری لە راگەیاندنی رەسمیی جێنشینی بریتانیکۆس لەلایەن ئێمپراتۆرەوە، پڕۆپاگەندەی ئەوەی کرد کە ئەو منداڵە ئەقڵی تەواو نییە. لە راستیدا ئاگریپینا بە پێدانی دەرمانە سڕکەرەکان ئەوی لەحاڵەتی سروشتی لابرد بووو بریتانیکۆس لەبارو دۆخێکدا نەبوو کە بتوانێ لە رێوڕەسمی جێنشینی خۆیدا بەشداری بکات. کلۆدیۆس کە سەبارەت بەو رووداوە بەشك کەوتبوو بریتانیکۆسی لە هاوسەری شاردەوەو بۆ حەسانەوەو چارەسەری ناردیە رۆما. پێداگرتنی ئاگریپینا بۆ دانانی کوڕەکەی بە پلەی جێنشینی بێ ئاکام مایەوەو ئاگریپینا کە هەستی دەکرد کارتێکەریو دەسەڵاتی لەسەر کلۆدیۆس نەماوەو لەوانەیە هەرگیز بە ئاواتی خۆی نەگات، بیری کوشتنی مێردەکەی کەوتە سەریو ژەهرخوراو کردنی ئیمپراتۆر بەهۆی ئەو کەسانی کە گوێ لەمستی بوون، کارێکی دژوار نەبوو. کلۆدیۆس لەساڵی ٥٤ی زایینیدا لەژێر کاریگەری ژەهرێکی کوشندە مرد کە ئاگریپینا رشتبوویە ئەو شیوەی کە زۆری پێخۆش بوو. بەڵام ئاگریپینا رێگەی لە بڵاو بوونەوەی هەواڵی مردنەکەی گرت تا ئەو کاتەی کە پێشەکییەکانی راگەیاندی ئیمپراتۆریەتی نێرۆنی ئامادە کرد. لەو ماوەیەدا بریتانیکۆسیان کە خوازەری سەرەکی ئیمپراتۆری بوو لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی بەند کردو سەرکردەکانی گاردی ئیمپراتۆری بەڵێنیان دا کە لایەنگری لە نێرۆن بکەن. ئەو کەسانەی کە ئامادە نەبوون بڕیاری ئاگریپینا جێبەجێبکەنو دان بە ئیمپراتۆریەتی نێرۆ دابنێن، گیرانو لە ئاکامدا نێرۆ لە هەلو مەرجێکدا وەك ئیمپراتۆری نوێ ناسێندرا کە هێزێکی ئەوتۆ بۆ بەرنگار بوونەوەی نەمابوو. نێرۆ کە لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا بوو بە ئیمپراتۆر، هێشتاش هەر لە دایکی دەترساو نەیدەوێرا لەبەرامبەر فەرمانەکانیدا قسە بکات. لە راستیدا ئەوە ئاگریپینا بوو کە لەسەر رۆما حکوومەتی دەکرد. یەکەم کاری ئەو لەو پلەیەدا دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو کەسانە بوو کە دوای مردنی کلۆدیۆس لەرەوتی گواستنەوەی

دەسەلاَت فەرمانەکانی ئەویان جێبەجێ‌نەکرد.هەموو بڕیارەکانی تایبەت بە کوشتن (ئیعدام)و ئەشکەنجەو هەروەها بڕیارەکانی تایبەت بە دانانی پلە نوێیەکان لەلایەن ئاگریپیناوە دەردەکراو نێرۆ لە یەکەمین ساڵەکانی حکوومەتیدا نەیدەوێرا دژایەتی هیچکام لەو بڕیارانە بکات کە لەلایەن دایکییەوە دەردەکران. سێنێکاو "بۆرۆس"[20] (مامۆستاکانی پێشووی نێرۆو راوێژکارانی ئێستای) لە زۆربەی کارەکان رازی نەبوونو نێرۆیان لە ملکەچی بێ ئەملاو ئەولای دایکی لۆمە دەکرد، بەلاَم نێرۆ هێشتاش نەیدەوێرا رووبەڕووی دایکی بێتەوە تا ئەوە کە لە ئاکامدا ئەوینی کچێکی جوان، بەجەرگیو توانای راوەستانی لەبەرامبەر داواکارییەکانی دایکی پێدا. ئەو کچەی کە نێرۆ ئاشقی ببوو ناوی "ئاکتێ"[21] بوو کە یەکێك لەخزمەتکارەکانی هاوسەری (ئۆکتاڤیا) بوو. ئاگریپینا کە دەترسا ئەشقی ئاکتێ لە کارتێکەریو دەسەلاَتەکەی لەسەر کوڕەکەی کەم کاتەوە،بیری لە دوورخستنەوەی ئاکتێ لەکۆشکی ئیمپراتۆری کردەوە، بەلاَم نێرۆ بۆ یەکەمین جار لەبەرامبەر دایکیدا راوەستاو وتی ئەگەر بڕیار بێت لەنێوان ئیمپراتۆریەتو ئەوینی ئاکتێ یەکیان هەلّبژێرێ، ئەشقەکەی هەلّدەبژێرێ. ئاگریپینا لە ئاکامدا رازی بوو کە پێوەندییە ئاشقانەکەی نێرۆو ئاکتێ بەردەوام بێتو تەنانەت "هێلانەیەکی خۆشەویستی"ی لە دەوری کۆشکی ئیمپراتۆری بۆ دروست کردن، ئەوەش بە مەرجێك کە ئۆکتاڤیا هەروەك شاژنی رۆماو هاوسەری رەسمی ئیمپراتۆر بمێنێتەوە. بەلاَم ئاکتێ کە لە تۆلّە سەندنەوەی ئاگریپینا دەترساو دەیزانی رۆژێك بەدەستی ئەو دەرمانداو دەکرێت، ئامادە نەبوو پێ بنێتە ئەو هێلانە ئەشقەی کە دایکی نێرۆ بۆی دروست کرد بوون. لەئەنجامدا نێرۆ بڕیاریدا هاوسەری، واتە ئۆکتاڤیا تەلاَق بداتو بە فەرمی لەگەلّ ئاکتێ زماوەند بکات. ئاکتێ کە تاجی شاژنی رۆمای لەسەرنا بڕیاریدا کۆشکی ئیمپراتۆری لەدەستو پێوەندییەکانی ئاگریپینا پاك بکاتەوەو مێردەکەی لەژێر دەسەلاَتی دایکی بهێنێتە دەرێ. ئاکتێ توانی نێرۆ رازی بکات کە دایکی ئەو بۆ پاراستنی دەسەلاَتی خۆی لە ئەنجامدانی هیچ تاوانێك ناپرینگێتەوەو هەر وەك بۆ گەیشتن بە دەسەلاَت مێردەکەی کوشت، لە کوشتنی ئەویش روو ناگێڕێتەوە. نێرۆ لەژێر کاریگەری لە گوێ خوێندنەکانی ئاکتێدا هەموو کەسانی دەستو پێوەنداری دایکی لە کۆشکی ئیمپراتۆریو پلە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتیدا لەسەرکار

20-Burrus
21-Acte

وەلانا. پالاَس، خەزێنەداری کۆشکی ئیمپراتۆریو شەریکی سەرەکی تاوانەکانی رابردووی ئاگریپینا کە هاندەری لادەریەکانی بوو لەسەرووی ئەو گروپەدا بوو. ئاگریپینا لەوکاتە بەملاوە بڕیاریدا بە هەموو تواناوە دژی کوڕە سپلّەو ژنەکەی، کە ئەوی لەبەرامبەر دایکی داناوە، بەرەوڕوو بێتەوەو باشترین ئامێری شەڕی ئەو لەو بەرنگارییەدا بریتانیکۆس بوو کە بەدەستی خۆیو بە ناحەق لە جێنشینی باوکی بێبەش کرابوو. بەلاَم نێرۆن دوایین کوڕی ئەم دایکە بووو پێش ئەوە کە پیلانەکەی ئاگریپیناو بریتانیکۆس بە ئەنجام بگات، بریتانیکۆسی دەرمانداو کردو دایکی لە دەربار دوور خستەوە. دوو سالّ درێژەی کێشا تا ئاگریپینا دووبارە توانی بچێتەوە ناو دلّی کوڕەکەیو ئەمجارەیان لە بێنرخ ترینو سوکترین رۆلّی ژیانی پڕ لەگەندەلّیدا خۆی دەرخست. مێژوونووسانی ناوداری رۆمی، تاسیتۆسو "سۆتۆنیۆس"[22] ئەم رووداوە شوورەییو سەرشۆڕانەیە بە تێرو تەسەلی روون دەکەنەوە ودەنووسن کە چۆنو بە چ شێوەیەك ئاگریپینا بە ئامادە کردنی کۆڕی عەیشو رابواردن، نێرۆن رادەکێشێتە نێو بازنەی کارتێکەری خۆیو لە ئەنجامدا دەبێتە ئەویندارى کوڕەکەی!! چەند سەدیەك دواتر دەروونناسان و"سایکۆلیستەکان" ئەو داستانە سەرسووڕهێنەرە ئاوا شی دەکەنەوە کە نێرۆن دوای سالاَنێك ملکەچیو ترس لە دایك، فشارەکانی سەردەمی مندالّیو مێرمندالّیی بە داگیرکردنی دایکی قەرەبوو دەکردەوەو لەو پێوەندیە سەرشۆڕانەیە (جووت بوون) چێژی وەردەگرت. کارەساتی پێوەندی ئیمپراتۆرو دایکی تەنانەت بۆ کۆمەلّگای پڕ لە گەندەلّی ئەو کاتی رۆماش هەرس نەدەکرا. سێنێکا کە هێشتا کارتێکەری لە نێرۆدا مابوو، وەبیری هێناوە کە درێژە پێدانی ئە پێوەندییە دەبێتە هۆی راپەڕینو ئەگەر راپەڕینەکەش گشتی بێت تەنانەت گاردی ئیمپراتۆریش پارێزگاری لێناکەن. نێرۆن بۆ دەرباز بوون لەو مۆتەکەیە بیری لە کوشتنی دایکی کردەوەو بەهۆی ئەوە کە دەیزانی دایکی لەوە ژیرترە کە بەدەستی دارودەستەی ئەو دەرمانداو بکرێت، بڕیاریدا هۆکارەکانی نوقم کرانی ئەو لە دەریادا لەکاتی سەفەرێکی پشوودان لەسەر دەریا ئامادە بکات، بەلاَم ئەم پیلانەش سەری نەگرت. لەبەر ئەوەی ئاگریپینا مەلەوانێکی لێهاتوو بووو توانی خۆی بگەیێنێتە بەلەمێکی گەشتوگوزاری و لەو رێیەوە بگاتە قەراغ دەریا. نێرۆن بۆ پێشگرتن لە بلاَو بوونەوەی ئەو بەسەرهاتەو رەنگە لە ترسی تۆلّە سەندنەوەی دایکی کە هێشتاش لە ناخیدا ریشەی داکوتا بوو، چەند کەسێکی لە ئەفرادی گاردی ئیمپراتۆری راسپارد

22-Suetonius

که به شەو دایکی لە نێو جێگاکەیدا بکوژنو بۆ نەهێشتنی شوێنەواری تاوانەکە تەرمەکەی بسووتێنن. ئەو کارەساتە کە لەساڵی ٥٩ی زایینیو پێنجەمین ساڵی حکوومەتی نێرۆندا روویدا، کاریگەری قووڵی لەسەر دەروونی داناو بووە هۆی ئەوە کە نێرۆن لە پاشماوەی دەورانی ئیمپراتۆری خۆیدا کردەوەی شێتانەو نامرۆڤانە ئەنجام بدات. ئاگردانی شاری رۆما لەساڵی ٦٤ی زایینی کە لەودا ١٠گەڕەك لە ١٤گەڕەکی رۆما تەخت بوو، خراپترین کارەساتی دەورانی ئیمپراتۆری ئەوە. میژوو نووسان سەبارەت بەمەبەستی نێرۆن لەو ئاگر تێبەردانە گێڕانەوەی جیاوازیان هەیە. بە بڕوای هەندێکیان نێرۆن دەیەویست دوای وێران کردنی شاری رۆما شارێکیتر بنیات بنێو شانازی دانانی ئەو شارە لە مێژوودا بەناوی خۆی تۆمار بکاتو بە بڕوای ژمارەیەکیتر ئامانجەکەی بریتی بوولە تاوانبار کردنی مەسیحییەکان بە ئاگردانی شارو کوشتنی بە کۆمەڵی ئەوانو لە کۆتاییدا ژمارەیەك لەو باوەڕە دان کە نێرۆن لە حاڵەتی شێتیو مەستی ئەو کارەی کردووەو دەیەویست هاوکات لەگەڵ سەیرکردنی ئاگرەکە شێعر بڵێت!

دوایین عەشقی نێرۆن ژنێك بوو بەناوی "سابینا"[٢٣] کە بە جێگای ئۆکتاڤیاو ئاکتێ بوو بە شاژنی رۆما. بەلاّم لەساڵی ٦٥ی زایینیدا بە تاوانی بەشداری لە پیلانێك بە دژی نێرۆن کوژرا. زۆربەی ناودارانی ئەو کاتی رۆما بە تاوانی بەشداری کردن لەو پیلانە بە کۆمەڵ کوژران. سێنێکا فەیلسۆفی ناودارو مامۆستاو راوێژکاری پێشووی نێرۆش لەو کەسانە بوو کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ پیلانگێرەکان تۆمەتبار کراو تەنیا بەزەییەکی کە نێرۆ لەحەقی ئەودا کردی ئەوە بوو کە فەرمانیدا خۆی بە بڕینی دەمارەکانی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ. نێرۆ لە سێ ساڵی پاشماوەی ئیمپراتۆریدا تووشی چەند شۆڕشێکی گەورە لەسەرتاسەری وڵاتەکەی بۆوەو لە ئاکامدا لەرۆژی نۆی ژوئینی ساڵی ٦٨ی زایینیو دوابەدوای هێرشی شۆڕشگێرەکان بۆ کۆشکی ئیمپراتۆری لە رۆما هەڵاتو پێش ئەوەی کە بەدەستی شۆڕشگێرەکان بە دیل بگیرێت خۆی کوشت.

23-Sabina

فەسڵی سێ یەم

تیۆدۆرا

ژنێکی سۆزانی کە بوو بە شاژنی گەورەترین ئیمپراتۆری سەردەمی خۆی و لەکاتی مردنیدا نازناوی پاکی "قەشە" وەرگرت!

بەسەرهاتی ژیانی تیۆدۆرا[1]، شاژنی بیزانس[2] یەکێك لە هەژێنەرترین و پڕڕووداوترین ژیاننامەکانە کە بە درێژایی مێژوو لە بەسەرهاتی کەمتر ژنێکدا دەبیندرێت. لەو ژیاننامە جۆراوجۆرانەی کە سەبارەت بە ژیانی ئەم ژنە نووسراوە، هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆرو دژ بەیەك کردراوە. ناوی هەندێك لەو ژیاننامانە "شاژنی سۆزانی"[3]ە کە نووسەرەکانی پتر لەشفرۆشیو بڕگە شەرمینەکانی ژیانی تیۆدۆرایان بەر لە تاج لەسەر نانی شاژنی بیزانسو خراپکارییەکانی لەکاتی دەسەڵات روون کردۆتەوە. بەڵام ژمارەیەکیتر لەنووسەرەکان پتر لە کارە خێرخوازییەکانو مەیلەو چوونی بەرەو ئایین لە کۆتاییەکانی ژیانیدا ورد بوونەتەوەو بە شایانی نازناوی "ساینت تیۆدۆرا"[4] یان تیۆدۆرای پاکی دەزانن کە کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس لەکاتی مردنی پێی بەخشیوە.

تەواوی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تیۆدۆرا لەساڵی ٥٤٨ی زایینیدا مردووە، بەڵام رێکەوتی لەدایکبوونی ئەویان لە هەندێك سەرچاوە ٥٠١ی زایینیو لە هەندێکیتر ٥٠٨ی زایینی نوویسوە کە ئەگەر رێکەوتی یەکەم راست بێت، تیۆدۆرا ٤٧ساڵ ژیاوەو بەڵام ئەگەر رێکەوتی دووهەمیان راست بێت لەتەمەنی چل ساڵیدا مردووە. تیۆدۆرا کچی کابرایەکی راهێنەری ورچ بوو کە لە سێرکی قۆستەنتەنییە لە پرۆگرامێکی نمایشیدا کەوتە بەر پەلاماری ورچێکی وەحشیو گیانی لە دەست دا. تیۆدۆرا لەکاتی مردنی باوکیدا ٧ساڵان بووەو دایکی کە توانای دابینکردنی بژێوی ئەوو خوشکە گەورەکەی نەبوو، هەردووکیانی بردە یەکێك لە سۆزانی خانەکانی قوستەنتەنییە. خاوەنی تیاترۆیەکی گەڕەکی بەدناوی شار کە ژنە شانۆکارەکانی لەنێو سۆزانییەکان هەڵدەبژارد، بە بینینی جوانی بێ وێنەی

1-Theodora

2-Byzance

3-HarlotQueen

4-SaintTheodora

ئەو دوو خوشکە، ئەوانی هێنایە سەر تەختەی شانۆو بەشداری ئەوان لەو شانۆیەدا سەرنجی هەموو کەسی بۆ لای خۆی راکێشا. ئیمپراتۆری بیزانس یان رۆمای رۆژهەڵات لەسەرەتای سەدەی شەشەمی زایینیدا بە یەکێك لە دوو هێزی گەورەی جیهان دەژمێردراو جگە لە ئیمپراتۆری ساسانی لە رۆژهەڵات هاوتایەکیتری نەبوو. ئیمپراتۆری بیزانس لەسەرەتای سەدەی چوارەمی زایینیدا بەدەستی کۆنستانتین[5]، ئیمپراتۆری رۆما کە دواتر نازناوی کۆنستانتینی یەکەم یان کۆنستانتینی گەورەی وەرگرت دامەزراو هەر ئەویش بوو کە پێتەختی ئیمپراتۆری رۆمای لە شاری رۆما گواستەوە شاری "بیزانتیۆم"[6] لە جێگای ئێستای شاری ئیستانبوڵو دوای بەرفراوان کردنو دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم شارە لەساڵی ٣٢٠ی زایینیدا ناوی نا "کۆنستانتینۆپۆل"[7] یان شاری کۆنستانتین کە بە عەرەبی قۆستەنتەنییەی پێدەوترێ.

رۆماو قۆستەنتەنییە لەکاتی ئیمپراتۆری کونستانتینی یەکەمدا لەژێر چەتری یەك دەسەڵاتدا بوونو رۆما رازی ببوو کە قۆستەنتەنییە وەك پێتەختی نوێی ئیمپراتۆری رۆم دیاری بکرێ. بەڵام دوای مردنی کۆنستانتین لەساڵی ٣٣٧ی زایینیدا لەنێوان کوڕەکانی کە هەرکامیان لەسەر بەشێکی ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە حکوومەتیان دەکرد، ناکۆکی ساز بوو تا وای لێهات لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی زایینیدا بە فەرمی ئیمپراتۆری رۆما دابەش بوو بە دوو بەشی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا. بەشی رۆژئاوا هەمان ئیمپراتۆریەتی پێشوو بوو. رۆما لە درێژایی سەدەی پێنجەمی زایینیدا چەند جارێك تووشی هێرشی خێڵە دڕندەکانی گاتو ڤاندال هاتەوەو لە کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان. بەڵام بیزانس لەبەرامبەر دەست درێژی ئەم خێڵانە خۆی بەدەستەوە نەداو چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری بیزانس لەسەرتاکانی سەدەی شەشەمی زایینیدا، تەواوی نیمچە دوڕگەی باڵکانو ئاسیای بچووك (توورکیەی ئەمڕۆ)و کەنارەکانی رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە (دەریای سپی ناوەڕاست) (سوریە، لوبنانو فەلەستین)و باکوری رۆژهەڵاتی ئەفریقیای (میسر، لیبی) دەگرتە خۆ. کاتێك کە تیۆدۆرا لە شانۆکانی گەڕەکی بەدناوی قۆستەنتەنییە سەمای دەکردو لە سۆزانی خانەکانی ئەو شارەدا میوانداریی لە سۆزانییەکانی دەکرد، قۆستەنتەنییە بە یەکێك لەجوانترینو پڕ

5-Constantine

6-Byzantiume

7-Constantinopole

حەشیمەتترین شارەکانی ئەوکاتی جیهان بە هەژمار دەهات. باوەڕ هێنان بە ئایینی مەسیح لەلایەن سەرکردەکانی بیزانسو مەیل و چوونی زۆربەی هاوولاتیان بۆ ئەو ئایینە، شاری قۆستەنتەنی‌یەی کردبووە گرینگترین ناوەندی ئایینی مەسیح لە جیهانداو بە کەنیسە گەورەکانی کە لە هەرلایەکی ئەو شارە دروست کرابوو، دیمەنێکی نوێو سەرنج راکێشی هەبوو. داگیرکرانی رۆما لەلایەن خێڵەکانی گاتو ڤاندالْ بووە هۆی ئەوە کە زۆربەی هونەرمەندانو تەلارسازانی هەرە باشی رۆماش بۆ بیزانسو پێتەختەکەی کۆچ بکەنو تەواوی توانایی‌و هونەری خۆیان لەو شارەدا بخەنە بەر چاوی خەڵك. ئیمپراتۆری بیزانس لەو بەرِوارەدا "ئاناستاسیۆس"[8]ی ناو بوو کە لەساڵی ٤٩١ی زایینی‌دا لەسەر تەخت دانیشتبووو حکوومەتێکی بەهێزی بنیات نابوو. بۆ بەرنگار بوونەوەی ئەو مەترسییەی کە لەلایەن ئیمپراتۆری ساسانی (لە دەورانی پادشایەتی قوباد کوڕی ئەنوشیروان)و خێڵە وەحشییەکان لە باکورو دەسەلاتی نوێی گاتەکان لە رۆماوە هەڕەشەی لێدەکرد، هێزێکی شەڕکەری ئامادەی رێك خستبوو. لەنێوان سەرکردەکانی ئەو هێزانە پیاوێکی نەخوێندەوار بەلاّم بەجەرگو بەخۆوە بەناوی "ژۆستین"[9] دەبینرا کە لە بۆلگارياوە هاتبووە قۆستەنتەنی‌یەو زیاتر لەهەموو سەرکردەکانی رۆمی‌و یۆنانی لەلایەن ئیمپراتۆرەوە گرینگی پێ‌دەدرا. ژۆستین دوای ئەوە کە بوو بە سەرکردەی گاردی ئیمپراتۆری، برازاکەی بەناوی "پیتێرساباتیۆس"[10] کە لەدەشتەکای بۆلگاریا شوانی دەکرد، هێنایە قۆستەنتەنی‌یەو چەند مامۆستایەکی بۆدانا تا فێری زانستو خوێندەواری بێتو وەك سکرتێرێك بۆ نووسینو خوێندنەوەی نامەکانی خزمەت بکات. ماوەیەکی دواتر ژۆستین برازاکەی وەك کوڕی خۆی قەبووڵ کردو ناوی نا "ژۆستینیان"[11]. لەو کاتەدا هیچ کەسێك چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە یاری چارەنووس سەربازێکی نەخوێندەواری بۆلگاری بکاتە ئیمپراتۆرو ناوی زڕِ کوڕەکەی وەك یەکێك لەگەورەترین ئیمپراتۆرەکانی مێژووی هەزارو دووسەد ساڵەی بیزانس بە زیندووی بهێڵێتەوە. وتنی ئەو چەند دێڕەی پێشوو بۆ روون کردنەوەی داستانی تیۆدۆرا لەم لایەنەوە پێویستە کە خوێنەر سەرەتا بارودۆخو ئاستی ئیمپراتۆری بیزانس لە کاتێکدا کە ژنێکی سۆزانی رێگای خۆی بۆ نێو کۆشکی ئیمپراتۆری دەکاتەوە، بزانێ‌و لە لایەکی‌ترەوە شارەزای پێشینەو رابردووی پیاوێك بێت کە دواتر لە پلەی ئیمپراتۆریەتدا ئەو ژنەی کردە شەریکی

8-Anastasius
9-Justin
10-Peter Sabbatius
11-Justinian

ژیانو حکوومەتی خۆی. ئێستاش دەگەڕێینەوە سەر ژیانی تیۆدۆرا لە سۆزانی خانەکانی قۆستەنتەنی‌یەو مێژووی بیزاسیش لە گێڕانەوەی ژیانی ئەودا درێژەی دەدەین. تیۆدۆرا بەو جوانی‌و عیشوەو توانایيە زۆرەی کە لە بەدستهێنانی خۆشەویستی‌و رازی کردنی پیاوان هەیبوو، زۆر زوو بوو بە ئافرەتی بە ناوبانگی شارو ئەویندارى زۆری پەیدا کرد. ناسیاوی ئەو لەگەڵ ژنێك بەناوی "ئانتۆنینا"[12] کە دەلاڵی خۆشەویستیی دەوڵەمەندانو گەورەپیاوانی شار بوو، کاردروستایی ناسیاوی‌و رێگای هاتو چۆی تیۆدۆرای لەگەڵ خاوەن سامان و پلەو پایەکانی ئەوکاتی بیزانس خۆش کرد. یەکێك لەو گەورە پیاوانە بەناوی "ئێکێبۆلۆس"[13] کە لەلایەن ئیمپراتۆرەوە بۆ فەرمانڕەوایی بەشی ئافریقاییی بیزانس دەست نیشان کرابوو، ئاشقی تیۆدۆرا بووو پێشنیاری زەماوەندی پێکرد. تیۆدۆرا کە تینووی پلەو پایە بووو پێیوابوو کە لە پلەی ژنی سەرکردەیەکدا ژیانێکی خۆشو رازاوەی دەبێت، ئەو پێشنیارەی قبووڵ کردو لەگەڵ ئێکێبۆلۆس چووە بەندەری "پێنتاپۆلیس"[14] کە بێنغازی ئێستایە. ژیان لەقەسری حاکم لە پێنتاپۆلیس بە پێچەوانەی خەیاڵی پێشووی تیۆدۆرا دڵگیرو خۆش نەبوو. تیۆدۆرا کە لە ژیانی شارێکی جوانو پڕ دەنگ هاتبووە ژیانێکی بێ‌دەنگو خامۆشی کۆشکێك کە پتر لە بەندیخانە دەچوو، زۆر زوو لەو پێگە نوێیەی خۆی وەڕەز بووو بۆ هەلاّتن لەو ناخۆشیە سکرتێری حاکمی فریودا کە پیاوێکی لاوو جوان بوو. بەلاّم ئەو پێوەندییە زۆری نەخایاند. ئێکێبۆلۆس لە رێگای یەکێك لە خزمەتکارەکانی قەسر لەو پێوەندییە ئاگادار بۆوەو ئەو پیاوە جوانەی لە بەر چاوی موڵەق وەستاوی تیۆدۆرا خستە ناو قەڵپەزی پڵینگەکان. تیۆدۆرا دوای ئەم رووداوە بڕیاری هەلاّتنی‌داو لە ئاکامدا لە دەرفەتێکی باش لە رێگای بەرتیل دان بە یەکێك لە پاسەوانەکان، بە جلوبەرگی خۆماڵی‌و رەسەنی ئەم شوێنە لە کۆشك هەلاّتو سواری پاپۆڕێك بوو کە دەیەویست بچێتە ئەسکەندەریە. کەشتیوانی ئەو پاپۆڕە هەم دەستڕێژی کردە سەری‌و هەم لەکاتی دابەزینیش لە بەندەری ئەسکەندەریە، ئەو ئاڵتوونو گەوهەرانەی لێدزی کە لە قەسری حاکم لەگەڵ خۆی هێنابووی. تیودۆرای غەریبو بێ‌پارە چووە ناو ئەسکەندەریەو لەو هەل ومەرجەدا جگە لەپەنا بردن بۆکاری پێشووی خۆی، رێگایەکی‌تری لەبەردەمدا نەبوو. بەلاّم هەر لە رۆژەکانی یەکەمدا بەهۆی شەڕێك کە لە گەڕەکی ناو زڕاوی شار

12-Antonina
13-Ekebolus
14-Pentapolis

روویدا دەستبەسەریان کردو داخێکیان بە پشتییەوە نا کەتا کۆتایی ژیانی شوێنەکەی هەر لەسەر پشتی مابوو. تیۆدۆرا دوای ئەو بەسەرهاتە پەنای بردە بەر کەنیسەو دوای دان پێدانانو تۆبەو خۆشوشتن، جلکی سپی راهیبەکانی لەبەر کرد. بەلاّم هێمنیو ژیانی یەك دەستی کەنیسەش بۆ تیۆدۆرا تاقەت پڕووکێن بووو لە یەکەمین دەرفەتدا کە بازرگانێکی دەوڵەمەندی "ئانتیۆك"[15] ئامادە بوو سەرپەرشتی بکات، کەنیسەو جلکی راهیبەیی وەلانا. بەلاّم ئەو بازرگانە دەوڵەمەندەش کە بۆ خۆشڕابواردنی خۆی لە ماوەی مانەوەی لە ئەسکەندەریە هەڵیبژارد بوو، دوای ئەوەی کە تیۆدۆرا لێی دووگیان بوو ئەوی بەجێهێشت. تیۆدۆرا بۆ بەدوادا گەڕانی ئەو پیاوە بەرەو ئانتیۆك وەڕێکەوت. بەلاّم کاتێك کە گەیشتە ئەو شارە، ئاگادار کراوە کە بازرگانەکە کەمێك دوای گەڕانەوەی بۆ شار مردووە. تیۆدۆرا تا کاتی دانانی منداڵەکە لە ئانتیۆك مایەوەو ناوی کوڕەکەی نا "جان"و دایە دەستی نەنکیو بەرەو قۆستەنتەنییە وەڕێکەوت. تیۆدۆرا لەساڵی ٥١٩ی زایینی گەڕایەوە قۆستەنتەنییەو ئەگەر رێکەوتی لەدایکبوونی ٥٠١ی زایینی بێ لەو کاتەدا ١٨ ساڵان بوو. یەك ساڵ پێش گەڕانەوەی تیۆدۆرا بۆ قۆستەنتەنییە ئاڵ وگۆڕێکی گرنگ لە پێتەختی ئیمپراتۆری بیزانس هاتبووە ئاراوە. ئیمپراتۆر ئاناستاسیۆس لەساڵی ٥١٨ی زایینیدا مردو لە ئەنجامی ئەو گێرەوکێشەیەی کە لەسەر جێنشینی ئەودا سەری هەڵدابوو، ژۆستین سەرکردەی گاردی ئیمپراتۆری کودتای کردو خۆی وەك ئیمپراتۆر ناساند. ژۆستین لە خەزێنەی ئیمپراتۆری کۆچکردوو پتر لە سەدوپەنجا کیلۆی زێڕ دۆزییەوەو دوای دەستبەسەر داگرتنی ئەو سامانە زۆرو زەوەندە هەروەك بەڵێنی دابوو بۆ ئاسایشو هێمنی خەڵکی خەرج کرد کە ئەمەش بووە هۆی جێگیربوونی حکوومەتەکەی. بەلاّم ژوستین کاتێك کە تاجی ئێمپراتۆری بیزانسی لەسەرنا پیر ببووو هەموان دەیانزانی کە درەنگ یان زوو زڕ کوورەکەی جێگای ئەو دەگرێتەوە. ئەو شوانەی پێشووی دەشتەکانی بۆلگاریا ئێستا پیاوێکی زاناو خوێندەوارەو بە شەریکی راستەقینەی دەسەلاّتی مامو زڕباوکی خۆی دەژمێردرا. ژوستینیان کاتێك کە بوو بە جێنشینی ئیمپراتوری بیزانس، ٣٢ ساڵی تەمەن بوو بەلاّم هێشتا ژنی نەهێنابوو. داستانی ناسیاری ئەو لەگەڵ تیۆدۆرا پرسیارێکی مێژووییە، لەبەر ئەوەی هیچکام لە مێژوونووسانی ئەوکات لەسەر ئەم بابەتە نەدواون کە ژۆستینیان لەکاتی جێنشینی خۆیدا هات وچۆی گەڕەکی بەدناوی شاری کردبێ یان تیۆدۆرا لەرێگای ئانتۆنینای دەلاّڵی عەشقی گەورە پیاوانی قۆستەنتەنییە پێی ناسێندرابی. تیۆدۆرا دوای گەڕانەوە

15 Antioch

بۆ قۆستەنتەنییە دووبارە دەستی بە کاری شانۆ کردەوەو هاوکات لەگەڵ ئەوەش درێژەی بە کاری پێشووی خۆی واتە لەشفرۆشی دەدا. گێڕانەوەیەك سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشنایی ژووستینیان لەگەڵ تیۆدۆرا ئەوەیە کە جینشین لەکاتی گەڕانێکی شەوانەدا ئەوی لەسەر تەختەی شانۆ بینیوەو دواییش بانگهێشتی کردووە بۆکۆشکی ئیمپراتۆری، بەلاّم داستانێك کە لەلایەن مێژوونووسی دەرباری بیزانس (پرۆکۆپیۆس)[16] گێردراوەتەوە ئەوەیە کە تیۆدۆرا بە راسپاردەی یەکێك لە ناسیاوانی ژووستینیان بۆ سکالاّ دەچێتە لای ئەوو ژۆستینیانیش هەرلە چاوپێکەوتنی یەکمدا ئاشقی دەبێت. تیۆدۆرا هەرچۆنێك بێت دەچێتە دەرباری ئیمپراتۆریو لە ماوەیەکی کورتدا وادەچێتە ناو دڵو رووحی ژۆستینیانەوە کە جێنشینی بیزانس هەست دەکات بە تەواوی هەستییەوە ئەڤیندارو هۆگری ئەو بووە. ژۆستینیان داوا لە تیۆدۆرا دەکات کە واز لەکاری شانۆ بێنێتو لەماڵێکدا کە لە نێزیکی کۆشکی ئیمپراتۆریو لە کەناری دەریای مەرمەرە درووستی دەکات، نیشتەجێ بێت. ئەو خانووە رێگایەکی ژێرزەویی بۆ جێگای نیشتەجێ بوونی ژۆستینیان لە کۆشکی ئیمپراتۆری هەبووەو تیۆدۆرا هەموو شەوێك لەو رێگایەوە دەچێتە سەر جێگاخەوی ژۆستینیان. پرۆکۆپیۆس، مێژوونووسی بەناوبانگی بیزانس کە پێشتر ئاماژەی پێکرا لە ژیاننامەی تیۆدۆرادا دەنووسێ کە ئەو ژنە نەتەنیا جوانیو سەرنج راکێشییەکی لەرادەبەدەری هەبوو، بەڵکوو لەئاکامی شانۆکاریو نواندنی رۆڵی جۆراوجۆر لەسەر تەختەی شانۆ دەربڕینی بەهێزو کارتێکەری قسەی زۆر بەهێز بووو ژۆستینیان کە هێشتاش هەستی شوانکارەیی مابوو، پتر فریوی دەربڕینو شێوەی قسەکردنی ئەوی خوارد بوو. تیۆدۆرا کەم کەم لە مێشکی رۆ کرد کە بۆ حکوومەت کردن بەسەر خەڵكو زاڵ بوون بەسەریاندا سەرەتا دەبێ کۆمەڵگاکەی بناسێتو خۆی باشترین کەسێك بوو کە دەیتوانی ژۆستینیان لەو شتەی کە لە ناخی کۆمەڵگادایە ئاگادار بکاتەوە. لەو کاتانەدا کاری تیۆدۆرا ئەوە بوو کە رۆژانە دەچووە شوێنە جیاجیاکانی شارو لەشوێنە گشتییەکان ئامادە دەبوو و شەوانە ئەو شتانەی کە دەیبینیو دەیبیست بۆ ژۆستینیانی دەگێڕاوە. بەواتایەکیتر تیۆدۆرا کاری ئەمرۆکەی هێزەکانی هەواڵگریی بۆ حکوومەتی ئەوکات دەکردو نووسەرێکی فەڕەنسی بە حەق بە یەکەمین یاساوڵی هەواڵگری داناوە. تیۆدۆرا دوای ئەوە کە بە تەواوی ژۆستینیانی داگیر کرد، داوای لێکرد کە بە فەرمی پێکەوە زەماوەند بکەن. لەم بارەیەوە ژوستینیان بە تەواوی رازی بوو بەلاّم چەند لەمپەرێکی گشتی لەسەر رێگای ژیانی هاوبەشی ئەو لەگەڵ تیۆدۆرا هەبوو. یەکەمینو گرنگترین

16-Procopius

لەمپەر، دژایەتی کردنی مەلیکە "ئۆفێمیا"[17] هاوسەری ژۆستین لەگەڵ ئەو زەماوەندە بوو. کەنێسەو سووپاش دژی ئەو زەماوەندە بوونو جگە لە مانەش، دابو نەریتو رەوشتی گشتیو ئەو یاسا نەنووسراوانەی کە بەسەر کۆمەڵگای ئەوکاتی بیزانسدا حکوومەتیان دەکرد، دژی زەماوەندی ئیمپراتۆری داهاتووی بیزانس بوون لەگەڵ ژنێکی شانۆکار کە ناوبانگی لەشفرۆشی هەبوو. بەڵام لەروانگەی تیۆدۆراوە لابردنی هەموو ئەو لەمپەرانە کارێکی سادەوساکار بوو. تیۆدۆرا بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا بە دیمەنێکی باشترەوە خۆی بنوێنێ، دوای دان پێدانان بە تاوانەکانی رابردووو تۆبە کردنو پاڕانەوە لەبەرامبەر ئەسقۆفی گەورەی قۆستەنتەنیيە، بەردەوام لە رێورەسمی نوێژو دووعا خوێنییەکانی کەنیسەی شار ئامادە دەبوو. یارمەتییەکی دارایی زۆری دەکرد بە کەنێسە تا وای لێهات کە ئەسقۆفی گەورەو قەشەکانی قۆستەنتەنییە لایەنگرییان لێدەکرد. هەڵبەت نووسەرانی وەك "ئاندۆرۆ-ئیوارت" لێکۆلەری ئینگلیزی کە لە روانگەیەکی نێگەتیڤەوە لە ژیانی تیۆدۆرایان کۆڵیوەتەوە، لەو بارەشەوە چەند بووختانێکی بە ناحەقیان لێداوەو نووسیویانە کە تیۆدۆرا بە کەڵك وەرگرتن لە راکێشانی سێکسی، ئەسقۆفی گەورەی قۆستەنتەنییەی بەرەو خۆی راکێشاوەو لەماڵەکەی خۆیدا لەتەنیشت کۆشکی ئیمپراتۆری پێشوازی لێ کردووە[18]. پشتیوانی کەنێسە لە تیۆدۆرا دژایەتیی سەرکردەکانی سوپای بۆ زەماوەندی ژۆستینیانو تیۆدۆرا پووچەڵ کردەوەو لەو کاتەشدا مەلیکە ئۆفێمیا بەهۆی نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە مرد. بەمردنی ئۆفێمیا، رازی کردنی ئیمپراتۆر ژۆستین بۆ زەماوەندی تیۆدۆراو ژۆستینیان کارێکی دژوار نەبوو. ئیمپراتۆر بۆ ئەوەی کە رێگە لەو دژایەتییە چاوەڕوانکراوانە بگرێت کە لەکاتی زەماوەندی جێنشینەکەی دەکرێتە سەریان، ئەمەش لەگەڵ ژنێك کە پێشینەو ناوبانگی لەشفرۆشی هەبوو، بە نووسراوە رەزامەندی خۆی لەسەر ئەو زەماوەندە راگەیاند، بەڵام بە جێنشینەکەی راسپارد کە جێژنی زەماوەندی ئەوان زۆر سادەو ساکار بەڕێوە بچێت. ئێمپراتۆری پیر کە نەخۆشو لەلێواری مردندا بوو، لەوە دەترسا کە بەڕێوەچوونی جێژنی بووکێنی ژوستینیانو تیۆدورا بەشێوەیەکی تێرو تەسەل کاردانەوەیەکی خراپی لە کۆمەڵگادا هەبێتو پێگەی جێنشینەکەی لەسەرەتاکانی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەرزۆك بکات. ریورەسمی زەماوەندەکە هەر بەو شێوەیەی کە ئێمپراتۆر ویستبووی لەوپەڕی سادەییدا بەڕێوە چووو دوای تەواو کردنی رێورەسمی ئایینی لە کەنێسە، بە جێژنێکی تایبەتیو کورت لە کۆشکی

17-Euphemia

18-A.Ewaar-The World's wiekednest women Odham Books.P.82

ئیمپراتۆری قەناعەت کرا. بەڵام پەیماننامەیەك کە لە رەوتی ئەو رێورەسمەدا لەنێوان ژۆستینیانو تیۆدۆرا واژۆ کرا، پتەوترینو بەنرخترین پێوەندی ژنو مێردایەتی بوو کە تا ئەو رێکەوتە لەنێوان ژنو مێردێکدا بەسترابوو. لەو پەیماننامە ژنو مێردایەتیو ژیانە هاوبەشییەدا، ژۆستینیان بەڵێنی دابوو کە هاوسەری لە هەموو شتێکداو تەنانەت لەدەسەڵاتیشدا هاوبەش بکات. رێورەسمی زەماوەندی ژۆستینیانو تیۆدۆرا لە بەهاری ساڵی ٥٢٧زایینیدا ئەنجام درا. لەو رێکەوتەدا ژۆستینیان ٤٠ساڵو تیۆدۆرا ٢٦ ساڵی تەمەن بوو. (ئەگەر رێکەوتی لەدایك بوونی ٥٠٨ی زایینی بێت)[19]. لە هاوینی ئەوساڵەدا ئێمپراتۆر ژۆستین مردو ئامادەبوونی تیۆدۆرا لە رێورەسمی بەخاك سپاردنی ئێمپراتۆر، رەسمیەتی دا بە پێگەی نوێی خۆی وەك هاوسەری جێنشینی ئیمپراتۆری کۆچکردوو.

بەڵام تیۆدۆرا بەو رادەیە رازی نەبووو دەیەویست هەمووان بزانن کە ئەو لەوە بەدواوە لەکاری حکوومەتو دەسەڵاتدا شەریکی ئێمپراتۆری نوێیە. جێژنی تاج لەسەر نانی ئێمپراتۆری نوێ کە دوای بەڕێوە چوونی رێورەسمی ماتەمینیی ئێمپراتۆری کۆچ کردوو بەڕێوە چوو، بە باشترین دەرفەت بۆ ئەم کارە دەژمێردرا. لەجێژنی تاج لەسەرنانی ئێمپراتۆر ژۆستینیان کە لەشوێنی سێرکی قۆستەنتەنییە بەڕێوە چوو، زیاترلە شەست هەزارکەس بەشدارییان کرد. ئەو جێژنە بەشکۆیە کە تا ئەورێکەوتە هاوشێوەی لە قۆستەنتەنییە نەبینرا بوو، لە راستیدا جێژنی تاج لەسەرنانی هاوبەشی ژۆشتینیانو تیۆدۆرا بوو. ژۆستینیان هەر وەك لەکاتی زەماوەندی لەگەڵ تیۆدۆرا بەڵێنی دابوو، تیۆدۆرای لە هەموو دەسەڵاتەکانی ئێمپراتۆری هاوبەش کردو نازناوێکی لەسەر دانا کە لەسەرچاوە ئینگلیزییەکاندا بە "ئێمپراتۆری هاوبەش"[20] یان شەریکی ئێمپراتۆری وەرگێڕدراوەتەوە. خەڵکی قۆستەنتەنییەو بیزانس لەسەرەتادا لەو گومانەدا بوون کە ژۆستینیان بۆ بەستنی دمی نەیارانو پتەوکردنی پێگەی تیۆدۆرا وەك شاژنی بیزانس، نازناوی شەریکی ئێمپراتۆری پێداوەو شاژن بەکردەوە رۆڵێکی ئەوتۆی لە بەڕێوەبردنیکاروباری دسەڵاتدا نابێت. بەڵام دوای تێپەڕ بوونی ساڵێك بۆ هەمووان روون بۆوە کە تیۆدۆرا نە تەنیا شەریکی ئێمپراتۆرە بەڵکوو بەکردەوەش زاڵە بەسەریداو هیچ کارێك لەناو دەسەڵاتی ئێمپراتۆریەتی بیزانسدا بیٚراوێژو بەباش زانینی ئەو ئەنجام نادرێ.

١٩- ئەگەر رێکەوتی لەدایکبوونی تیۆدۆرا ٥٠٨ی زایینی بێت، ئەو لەکاتی زەماوەندا تەمەنی ١٩ ساڵی بووە، بەڵام رێکەوتی٥٠١ لە راستی نێزیکترە.

20-Co-Emperor

هێدی هێدی لەجیاتی ئەوەکە تیۆدۆرا بە شاژنو هاوسەری ئێمپراتۆر ناو بەرن، بە ئێمپراتۆریان دەگووت "مێردی شاژن" کە نیشانەی سووکایەتی پێکردنو زاڵ بوونی شاژن بە سەرمێردەکەی بوو. ئەگەر تیۆدۆرا لە رازاوە پەرەستیدا زێدەڕۆیی نەکردبوایەو بەگێڕانی بۆنەو ئاهەنگی جۆراوجۆر لە بەرچاوی خەڵك خۆتوێنی نەکردبوایە، رەنگە کۆمەڵگاش کەم کەم دانی بە پێگەو پلەی نوێی ئەو دابنابوایەو رابردووی ناحەزو سەرشۆڕانەی ئەویان لە بیر بکردایە، بەلاّم تیۆدۆرا بۆ قەرەبوو کردنەوەی گرێیەکانی منداڵیو مێرمنداڵی، دەیەویست هەرچی زووتر دەسەلاّتو سامانو شکۆی ژیانی خۆی بە خەڵك بنوێنیو وانیشان بدا کە دەسەلاّتداری سەرەکی ئەوە. تیۆدۆرا لەو کارەدا تا ئەو جێگایە رۆیشتە پێشێ کە لە بۆنەو خوانە فەرمییەکاندا، دەسەلاّتدارانی حکوومەتو سەرکردەکانی سوپاو گەورە پیاوانی دەوڵەتی ناچار دەکرد کە لاقیماچ بکەنو لە سووکایەتی کردن بەگەورە پیاوانو کاربەدەستان زیاتر لە هەموو خۆشیو سەرگەرمییەك تامی وەردەگرت.



تەنیا وێنەیەک کە لە تیۆدۆرا ماوەتەوە، ئەم وێنەیە لەسەر دیواری یەکێك لە کەنیسەکانی دەورانی ئێمپراتۆریەتی بیزانس کێشراوەتەوە

یەکەم دژکردەوەی خەڵکی قۆستەنتەنیيە لەبەرامبەر زێدەڕۆییەکانی تیۆدۆرا، گێڕانەوەی داستانەکانی رابردووی ژیانی ئەوو پەرەپێدانی پڕوپاگەندە سەبارەت بە درێژە پێدانی ژیانی گەندەڵی شاژن لە چوارچێوەی کۆشکی ئێمپراتۆری بوو. کاتێك ئەو شتانە بە گوێی تیۆدۆرا گەیشت، لە نێو خەڵکدا چەند کەسێکی کردە سیخوڕو یاساوڵی هەواڵگریو کەم کەم رێکخراوێکی رێكو پێکی بۆ ئەو کارە دامەزراند کە رەنگە یەکەمین رێکخراوی هەواڵگری مێژوو بێت. تیۆدۆرا لەرێگای شۆفارەکانی، لەفاکتەرو هۆکارەکانی نارازی بوونی رۆژ لە دوا رۆژ زیاتری خەڵك ئاگادار بووو هانی مێردەکەی دا کە گرووپێك لە زانایانو شارەزایانی جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە گشتییانە بانگهێشت بکات. ئەو گرووپە هۆکاری سەرەکی نارازی بوونی خەڵکیان لە نەبوونی رێکوپێکی لە یاساو دەست درێژی پیاوانی حکوومەت بۆ سەر مافو ناموسی خەڵك دا دەبینیو ئەرکی کۆکردنەوەو نووسینەوەی یاسایەکیان گرتە ئەستۆ کە مافو ئەرکی خەڵکی بەرامبەر بە یەکتریو بەرامبەر بەدەوڵەت دیاری دەکرد. لەساڵی٥٢٩ی زایینیدا کە سەرەتای ساڵوەگەڕی سێهەمین ساڵی ئێمپراتۆریەتی ژۆستینیان بوو، یاسای مافە شارستانییەکان راگەیاندرا کە بە یەکەمین یاسا لە جۆری خۆی لەجیهان دەژمێردرێت،و بەناوی یاسای ژۆستینیان ناوبانگی دەرکرد. ئەو یاسایە کەبنەمای یاسا شارستانییەکانی ئەمڕۆی جیهانە، پتر لە هەموو داگیرکارییەکانی ژۆستینیان بە درێژایی ٣٧ ساڵ ئێمپراتۆریەت بووە هۆی ناوبانگو مانەوەی ناوی ئەو لەمێژوودا. ژمارەیەك لەسیخوڕانی تیۆدۆرا راپۆرتی باری خراپی سۆزانییەکانی قۆستەنتەنییەیان بەتیۆدۆرا راگەیاندو تیۆدۆراش بۆ رزگار کردنی هاوکارەکانی پێشووی خۆی لەو ژیانە مەرگەساتیە، بڕیاریدا ئەوان بخاتە ژێر سەرپەرشتی خۆی. بە فەرمانی مەلیکە تیۆدۆرا کەنێسەیەکیان بۆ نیشتەجێبوونی ٥٠٠ سۆزانی شار لە تەنیشت کەناری بۆسفۆڕ تەرخان کردو لەو کەنێسە گەورەیە کە نێویان نا "پەشیمانگە"، خواردنو جلوبەرگی باشیان بۆ سۆزانییەکانی دیاری کردو هەرکامیان کە بنەماڵەیان هەبوو لەگەڵ پێدانی چەند سکەیەك وەك یارمەتی، بەرێیان کردنەوە بۆ بنەماڵەکانیان. هەموو سۆزانییەکان لە رێورەسمێکی ئایینیدا تۆبەو داوای لێخۆشبوونیان لە تاوانەکانی رابردوویان کردو شاژن بۆ ئەو کەسانەی کە بنەماڵەیان نەبوو مێردی بۆ پەیدا کردنو لە جێژنی بووکێنییاندا بەشداری کرد. لەگەڵ ئەوەشدا تیۆدۆرا سەبارەت بەو دەنگۆو قسە خراپانەی کە لە دەوروبەری بڵاو دەبۆوە، هەستیاری لەخۆی دەردەخستو یاساوڵە

هەواڵگرەکانی تیۆدۆرا ئەو کەسانەی کە قسەی خراپیان سەبارەت بە ژیانی رابردووو ئێستای شاژن دەکرد، دەبینددەوەو دەستبەسەریان دەکردن. هەواڵی بەدوادا گەڕانو گرتنی ئەو کەسانەی کە قسەی خراپیان سەبارەت بە شاژنە دەکردو پرۆپاگەندەی لەناوچوونی ئەو کەسانە، زۆر زوو لەشاری قۆستەنتەنی‌یە بلاو بۆوەو کەم کەم دەمەکانی داخست. بەلام ئەو شێوازە ریشەکانی نارەزایەتیی کە چەند ساڵ دواتر بووە هۆی راپەڕینی گشتی ئاودێری کرد. تیۆدۆرا نەیدەتوانی دەست لە پاوانخوازیو رازاوە پەرەستییەکانی خۆی هەڵگرێ. دروست کردنی کۆشكو باڵاخانەی نوێو رازاندنەوەیانو راسپاردنی جلوبەرگو گەوهەری بەنرخ، خەرجی قوورسی هەڵدەگرت کە بەشێوەی باج لەخەڵك وەردەگیرا. مەیلی جیهانگیریی ژۆستینیانو ئامادە کردنی هێز بۆ لەشکر کێشی بۆ رۆژهەلاتو رۆژئاواش لەسەر رازاوەپەرەستیو کۆشکسازی تیۆدۆرا زیاد ببوو کە گووشاری لەسەر خەڵکی هەژار تاقەت پرووکێن دەکرد. یاساوڵە هەواڵ گرییەکانی شاژنیش کە پەشۆکاویو نارەزایەتی ئەویان لەو راپۆرتە دڵتەزێنانە بینیبوو، بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان کەمتر لەو جۆرە هەواڵانەیان پێرادەگەیاندو هەر بەم هۆیەشەوە ناوەرۆکی هەموو راپۆرتەکانیان کەمو زۆر رازی بوونو ئاسوودەیی خەڵکی تێدا رەنگی دابۆوەو ئەگەریش هەواڵی نارازی بوونی خەڵکی تێدابوایە دەیان خستە پاڵ چەند کەسێکی دیاریکراو. لەساڵی ٦٣١ی زایینی‌دا خراپی باری بەروبومو کەم بوونی خواردەنی کە بووە هۆی دابەش سازی هەندێك لە کەلو پەلی پێویست، نارەزایەتی خەڵکی پتر کردو باس نەکردنی ئەم بابەتە لەلایەن یاساوڵە هەواڵ گرییەکان، ئێمپراتۆرو شاژنی خستە خەوی بێ‌ئاگایی. خەڵك نارازی بوونی خۆیان لەو بارە خراپە بە هۆنینەوەی شێعرو هۆنراوە دژی شاژن دەربڕی کە بە فاکتەری لەدەستدانی ئەقڵی ئێمپراتۆرو هۆکاری هەموو گێرو گرفتەکانی خۆیانیان دەزانی. یەکێك لەم هۆنراوانەی کە دم بەدم دەگەڕا بەو دێڕە دەستی پێدەکرد کە "ئێستا ژۆستینیانی دلێر دیلی ژنێك بووە ..." رۆژی ١١ی ژانڤییەی ساڵی ٥٣٢ی زایینی بۆ یەکەمین جار لە شانۆیەکدا کە لەبەرامبەر ئێمپراتۆر و لە سێرکی گەورەی قۆستەنتەنی‌یە ئەنجام درابوو، چەند درووشمێك بە دژی ئێمپراتۆرو شاژن لەنێوان هەزاران کەس لە بینەران بەرز بۆوەو لە کۆتاییەکانی شانۆشدا هۆنراوەیەك کە هەزاران کەس دووپاتیان دەکردەوە، تەواوی پرۆگرامەکەی خستە ژێر پرسیار. ئەو هۆنراوەیە دژی شاژن بووو کەمو زۆر ئەم ناوەرۆکەی بووکە "تیۆدۆرا... تیۆدۆرا، ئەو رۆژانەت لەبیرە کە هەرکەسێك دەیتوانی بە سکەیەکی نیکل سوود لە جوانی وەربگرێ؟ و

ئێستاش ئەگەر ژۆستینیان بەرەڵات بکات نرخت لەوەش کەمتر دەبێت..." ژۆستینیان کە توانای بیستنی ئەو سووکایەتی پێکردنەی بە هاوسەری نەبوو، فەرمانی هێرش بردنە سەر بێژەرانی هۆنراوەکەو گرتنی هاندەرانی دەرکرد. ٧کەس لە بینەران کە بە هاندەری ئەوانی‌تر ناسران، دەست بە سەر کرانو ژۆستینیان فەرمانی‌دا کە بێ دادگایی کردنو لەبەر چاوی خەڵك لە سێدارە بدرێن. بەلام گوریسی ئەو دارەی کە بۆ بەرێوەبردنی‌فەرمانەکە ئامادە کرابوو، بەهەڵکەوتو یان بە ئەنقەست رزی بووو هەموو تاوانبارەکان لە سێدارە کەوتنە خوارێو هەلاتن. ئەو کەسانەی کە لەو رێورەسمەدا بەشدارییان کردبوو بەرەو کۆشکی ئێمپراتۆری وەرێکەوتنو لەنێوان رێگادا ئاگریان بەردایە زۆربەی ئەو بینا گەورانەی شار کە تایبەت بە دەوڵەمەندانو کاربەدەستانی دەوڵەتی. درووشمی ئەو جەماوەرەی کە خۆیان گەیاندبووە کۆشکی ئێمپراتۆری، ئەوە بوو کە "ئاگر لەو سۆزانی خانە زێڕینە بەردەن!". ژۆستینیان پەشۆکاوبوو نەیدەزانی لەبەرامبەر ئەو حەشیمەتە تووڕەو رق هەستاوە چ دژ کردەوەیەك ئەنجام بدات، بەلام تیۆدۆرا رێگای چارەسەری ئەو گرفتەی لە رووبەروو بوونەوەی خەڵكو قسە کردن لەگەڵ ئەوان دا دەبینیو لەسەر بەلەکۆنی قەسر بە خەڵکی گووت: ئەگەر دەست لە خۆپێشاندان هەڵگرن لەماوەی حەوتوویەکدا نانوخواردەمەنیی پێویستی ئەوان دابین دەکرێتو گوێ لە سکالاکانیان دەگیردرێت. تیۆدۆرا هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە ئەگەر خۆپێشاندانەکە درێژەی هەبێت ئەوە هێزە چەکدارەکان بلاوەیان پێدەکەن. هەڕەشەی تیۆدۆرا لەو کاتەدا درۆ بوو، لەبەر ئەوەی گاردی ئێمپراتۆری ئامادەییو توانایی ئەوەی نەبوو کە بۆ پاراستنی کۆشکی ئێمپراتۆری لەبەرامبەر چەند هەزار خۆپێشاندەر خۆ راگرێ، بەلام ئەو هەڕەشەیە کاریگەر بووو حەشیمەتەکە وردە وردە بلاوەیان کرد. بەڵێنی تیۆدۆراش سەبارەت بە دابینکردنی خواردەمەنی وچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵك لە ماوەی حەوتوویەکدا لەراستی بەدوور بوو. لە بەر ئەوی نەدەتوانرا ئەو هەموو گیروگرفتە لەو ماوە کەمەدا چارەسەر بکرێتو ئەمجارەیان شۆڕشەکە بە توندو تیژیو بەرفراوانی‌یەکی پترەوە لەسەرتاسەری قۆستەنتەنی‌یەوە دەستی پێکردەوە. شۆڕشگێڕان بە درێژایی مانگی ژانڤییەی ساڵی ٥٣٢ی زایینی‌دا نیوەی شاری قۆستەنتەنی‌یەیان ئاگر تێبەرداو ژۆستینیان کە بە تەواوی خۆی دۆڕاندبوو بڕیاری هەلاتنی دا. ژۆستینیان دەیەویست تەواوی زێڕو گەوهەرو شتە بەنرخەکانی کۆشکی ئێمپراتۆری لەگەڵ خۆی بیات. لەگەڵ ئەوەی کە شۆڕشەکە لەسەرتاسەری شار درێژەی هەبوو، بەلام ئەو پاپۆڕانەی کە

لە کەناری بسفۆڕ لەنگەریان گرتبوو لە سندوقی زێڕو گەوهەرو شتی بەنرخ کەڵەکە کران. لەو قۆناغە هەستیارەدا بوو کە تیۆدۆرا گەورەترین رۆڵی مێژوویی خۆی نواندو بە ئیرادەی خۆی رەوتی مێژووی جیهانی گۆڕی. لەکاتێکدا کە ژۆستینیان جگە لە هەڵاتن لەو ئاستەنگیەو رزگارکردنی گیانی خۆیو هاوسەری بیری لە هیچ شتێك نەدەکردەوە، تیۆدۆرا گەورە پیاوانی حکوومەتو سەرکردەکانی سوپای بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی راوێژکاری لە کۆشکی ئێمپراتۆری بانگهێشت کردو لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی بەرامبەر بە هاوسەرەکەی خوێندەوە کە لەریزی گرینگترین وتارەکانی مێژوودا تۆمار کراوە. لەو وتارەدا کە دەتوانین خاڵە بەر چاوەکانی لە ئینسکلۆپیدیا گەورەکانی جیهاندا لەژێرناوی مێژووی ئێمپراتۆریەتی بیزانس یان ژیانی ژۆستینیانوتیۆدۆرا بخوێنینەوە، تیۆدەرا بە ژۆستینیانی گووت: "ئەی ئێمپراتۆر...هەر پیاوێك تەنیا جارێك دەمریٌو بۆ پاشایەك مردن لەوە باشترە کە لەسەرکار لاچێ یان دوور بخرێتەوە. ئەگەر دەتەوێ تەنیا گیانی خۆت دەرباز بکەی ئەوە پاپۆڕەکانو دەریاش کراوەیە، بەڵام ئەگەر ویستی منت دەوێ من لەگەڵ ئەو قسەیەی پێشینیان هاوڕام کە دەڵێن: "عەبای پاشایەك باشترین کفنیەتی"[21].

ناچار کردنی ژۆستینیان بۆ مانەوەو خۆڕاگری لەبەرامبەر شۆڕشێك کە جار لەگەڵ جار بەرفراوانتر دەبوو کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام کاتێك تیۆدۆرا رایگەیاند کە لەو سەفەرەدا هاوڕێیەتی ئێمپراتۆر ناکات، ژۆستینیان لە بڕیارەکەی پێشووی پاشەگەز بۆوەو ئەرکی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانو دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی خستە ئەستۆی تیۆدۆرا. تیۆدۆرا بە یارمەتی سەرکردەکانی سوپا کە"بێلیساریۆس"[22]، سەرکردەی بەناوبانگی بیزانس لەشەڕەکانی دواتری ئێرانو رۆما لەسەرووی هەموویانەوە بوو، هێزە داڕماوو پەرتو بڵاوەکانی بیزانسی بۆ بەرەنگار بوونەوەی شۆڕشەکە رێك خستو لە رۆژێکدا سی هەزار کەسی لە یاخی بووان کوشت. شۆڕشەکە دوابەدوای ئەو کۆمەڵکوژییە کۆتایی پێهاتو ژۆستینیان ئەگەر لەو ئاستەنگییەدا هەڵاتبوایە، وەك لاوازترینو ترسنۆکترینو لەوانەیە وەك دوایین ئێمپراتۆری بیزانس ناوبانگی دەربکردایە. ژۆستینیان ۳۲ ساڵیتریش دەسەڵاتداری کردو بە داگیرکارییە گەورەکانی لە پاشماوەی ئێمپراتۆریەتی خۆیدا، وەك مەزنترین ئێمپراتۆری مێژووی

21-The Encyclopedia Americana.Vol.26.P510
22-Belisarius

بیزانس ناسرا. بەڵام بەڕێوەبردنیبیزانس دوای ئەو شۆڕشەی کە ببووە هۆی وێرانی نیوەی شاری قۆستەنتەنیی‌ەو لەناوچوونی سەرچاوە گرینگەکانی سامانی وڵات، تەنیا بە بەکارهێنانی زەبرو زەنگ نەدەکرا. ژۆستینیان کە لەمانەوە لەسەرتەختو تاجی پاشایەتی خۆی بە قەرزداری تیۆدۆرا دەزانی، داوای لێکرد کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات رۆڵێکی بەرچاوتر ببینیٌو لەم رێکەوتەوە بەملاوە زۆربەی ئەرکەکانی کاروباری وڵاتو نۆژەن کردنەوەی دەوڵەت خرایە ئەستۆی تیۆدۆرا. تیۆدۆرا ئەنجوومەنێکی راوێژکاریی بۆ بەڕێوەبردنیکارەکان پێك هێناو بەر لە هەمووشتێك لەبیری دابینکردنی خواردەمەنیو پێداویستییەکانی خەڵك دابوو. ئەو پارەو زێڕانەی کە لە خەزێنەکاندا کەڵەکە کرابوو بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییانە بەکار هێندرانو شاژن کە لە رووداوەکانی پێشوو ئەزموونی وەرگرتبوو، کەمتر بەدوای دابینکردنی ویستو ئاواتەکانی خۆی دەکەوت. بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی قۆستەنتەنیی‌ە، بەناوبانگترین تەلارسازی ئەو کات کە پیاوێکی یۆنانی بەناوی "ئانتێمیۆس"[23] بوو، بانگ کرا. ئانتێمیۆس کە جگەلە مێعمار، ئەندازیارو زانای بیرەکاریش بوو، سەرپەرشتی پرۆگرامی دووبارە بنیاتنانەوەی قۆستەنتەنییەی گرتە ئەستۆو خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی ئەرکی نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەی کەنێسەی گەورەی سێن سۆفیای بەدەستەوە گرت. ئەو کەنێسە گەورەیە کە تا چەند سەدەیەك گەورەترین شانازی جیهانی مەسیح بوو لە رۆژی کریسمەسی ساڵی۵۳۷ی زایینی بنیات نرا. بە درێژایی ئەو پێنج ساڵەی کە نۆژەن کردنەوەی بینای کەنێسەی سێن سۆفیا درێژەی کێشا، سەدان باڵەخانەی نوێو دەیان کەنێسەیتر لە قۆستەنتەنییە درووست کرا کە دیمەنی شاری بەگشتی گۆڕی. هاوکات لەگەڵ کاری نۆژن کردنەوەی قۆستەنتەنییە، هێزەکانی بیزانس بە سەرکردایەتی بێلیساریۆس لە پێشدا ئەفریقاو کارتاژو دواییش رۆمایان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیانو بۆیەکەمین جار لە دوای نێزیکەی ۱۵۰ساڵ، رۆماو قۆستەنتەنییە کەوتنە ژێرچەتری یەك دەسەڵات. بە داگیر کردنی رۆما لەلایەن هێزەکانی بیزانس، ناوەندی مەسیحیەتی جیهانیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئێمپراتۆریەتی بیزانس. لە ژیاننامەی رێبەرانی دونیای مەسیحەتدا هاتووە کە "ویژیلیۆس"[24] لەساڵی ۵۳۷ی زایینیدا بە پشتیوانی راستەوخۆی تیۆدۆرا بوو بە پاپو تا ساڵی ۵۵۵ی زایینیش لەسەر ئەو پلەیە مایەوەو فەرمانی لە شاژنو

23-Anthemius
24-Vigilius

ئێمپراتۆر وەردەگرت!. ویژیلیۆس تەنیا جارێك ویستی لە فەرمانەکانی تیۆدۆرا سەرپێچی بکات، بەڵام بەدەستووری ئەو گیراو بەند کراو بە دانی بەڵێن کە ئیتر ئەو هەڵەیە دووپات نەکاتەوە، پلەوپایەکەی وەرگرتەوە. تیۆدۆرا لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا لەوپەڕی هێزو لە خۆڕازی بوون دابووو جگە لە ژووستینیان کە بە تەواوی بە سەریدا زاڵ بوو، ئامادە نەبوو کەسێکی‌تر لەدەسەلاّت بەشدار بکات. بەڵام لەسەرەتاکانی دەیەی ٥٤٠ی زایینی‌دا، ناوبانگ‌و خۆشەویستیی سەرکردەی بەناوبانگی بیزانسیش (بێلیساریۆس) کە دوای داگیر کردنی باکووری ئافریقاو کارتاژو رۆماو چەند سەرکەوتنێك بەسەر هێزەکانی ساسانی وردە وردە زۆر دەبوو، تیۆدۆرا لەلایەن ئەویشەوە هەستی بە مەترسی دەکرد. لەو میانەدا ملکەچ نەبوونی "ئانتۆنینا"ی هاوسەری بێلیساریۆس‌و بەرپرسی پێشووی تیۆدۆرا لەکاتی لەشفرۆشیدا لەبەرامبەر فەرمانی تیۆدۆرا سەبارەت بە پێك هێنانی ژیانی هاوسەرێتی کچەکەی لەگەڵ خووشکەزاکەی تیۆدۆرا، ئاگری رق‌و کینەی ئەوی پتر هەڵگیرساند. تیۆدۆرا کە پێی وابوو غرووری ئانتۆنینا لە پێگەی مێردەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ، بڕیاریدا بە هەر نرخێك بێت بێلیساریۆس لە تەختی سەرکردایەتی بهێنێتە خوارێ‌و لە ئاکامدا بە شێواندن‌و پیس کردنی دەروونی ژۆستینیان حووکمی لەسەر کار لابردنی ئەوی لەسەرکردایەتی سووپا لەلایەن ئێمپراتۆروە واژۆ کرد. دوای لەسەرکار لابردرانی بێلیساریۆس کە بووە هۆی ئاڵۆز بوونی هێزەکانی بیزانس‌و شکست هێنانیان لە قۆناغەکانی دواتری بەرەی شەڕی ئێران، رووداوێکی گەورەی‌تر چاوەڕوانی تیۆدۆرای بوو: رۆژێك پیاوێکی بە ساڵاچووی خەڵکی ئانتیۆك (ئەنتاکیە) هاتە کۆشکی ئێمپراتۆری‌و گووتی بۆ ئاشکرا کردنی رازێك کە گرینگە بۆ شاژن دەبێ ببینم. تیۆدۆرا پیرە مێردەکەی بانگ کرد. ئەو پیاوە ئاشکرای کرد کە نزیکەی ١٧ساڵ سەرپەرشتیی لە تەنیا منداڵی تیۆدۆرا کردووەو ئێستاش ئەوی هێناوەتە قۆستەنتەنی‌یە. تیۆدۆرا لە پیرەمێردەکەی پرسی کە ئەو منداڵە دایکی راستەقینەی خۆی دەناسێتەوە؟

پیرەمێردەکە وڵامی "نا"ی پێداوەو داوای لێکرد بێ ئەوەی ئەو سڕە بۆ منداڵەکەی ئاشکرا بکات، بیهێنیتە لای ئەو. کوڕی تیۆدۆرا جوان‌و رازاوە بوو. دەنگی خۆش‌و فلووتی باش دەژەنی. تیۆدۆرا پیرە مێردەکەی بە خەلاّتێکی باش بەڕێ کردو لاوەکەی لای خۆی راگرت. پیاوە گەنجەکە کە ناوی "جان" بوو بەهۆی ئەو دڵسۆزییە زۆرەی کە لە شاژنی بینی، ئاشقی بووو ئەشقی ئاگرینی خۆی سەبارەت بە ژنێك کە نەیدەزانی دایکێتی بە چەند نامەیەکی پڕ لە

سۆزو خۆشەویستی دەربڕی. تیۆدۆرا هێشتاش نەیدەزانی ئەو سڕە چۆن بۆ کوڕەکەی بدرکێنێ، بەڵام یاری چارەنووس دەرفەتی بۆ ئەم کارە نەهێشتەوە. یەکێك لەو نامە ئاشقانە گەیشتە دەستی ژۆسینیان. ئێمپراتۆر تووڕە بووو بێ ئەوەی ئەو شتە لەگەڵ هاوسەری باس بکات، فەرمانی ئەشکەنجەوکووشتنی ئەو لاوەی دەرکرد. شۆفارەکانی تیۆدۆرا فەرمانی ئێمپراتۆریان بە گوێی شاژن گەیاند. تیۆدۆرا بە پەلە خۆی گەیاندە ژۆستینیان تا رازەکەی بۆ بدرکێنێ. ژۆسینیان لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان بۆوەو بە هەلاّتن بەرەو قەتڵگە وەڕێکەوت تا پێش بە بەڕێوە چوونی بڕیارەکە بگرێ‌و تیۆدۆراش بە گریانەوە بەدوای ئەودا ڕای دەکرد، بەڵام کاتێك گەیشتە قەتڵگەکە کە جەللاب شمشێرەکەی لە خوێنی ئەو لاوە بێ‌تاوانە دەشووشتەوە. تیۆدۆرا کە نەیتوانیبوو منداڵێك بۆ ژۆستینیان بە دونیا بهێنێت، ئاواتی ئەوە بوو کە ئێمپراتۆر کوڕەکەی وەك زڕ کوڕ قەبووڵ بکات‌و ئەگەر ئەو کارەساتە رووی نەدابوایە بێ‌شك لە رازی کردنی هاوسەری سەرکەوتوو دەبوو. بەڵام ئێستا سەری بڕاوی "جان" لە تەنیشت ئەوان بووو ئێمپراتۆرو شاژن هەردووکیان بۆ چارەنووسی کارەساتاوی لاوێك دەگریان کە رۆژێك دەیتوانی تاجی ئێمپراتۆری لەسەر بنێت. ئەو کارەساتە تیۆدۆرای بە تەواوی گۆڕی‌و ئەوی لەساڵەکانی کۆتایی تەمەنی‌دا کردە ژنێکی خێرخواز کە جگە لە کاروباری ئایینی‌و رازو نیاز لەگەڵ خووداو یارمەتی هەژاران‌و دەست کورتان، کارێکی‌تری نەدەکرد. تیۆدۆرا لە رۆژی ٢٩ی ژووەنی ساڵی ٥٤٨ی زایینی بە نەخۆشی شێرپەنجە مردو دوای مردنی بەهۆی کارە خێرخوازییەکانی‌و خزمەت بە کەنێسە نازناوی تیۆدۆرای پاکی (قدیس) پێ بەخشرا. بەفەرمانی ئێمپراتۆر ژۆستینیان کە حەوت ساڵ دوای تیۆدۆرا کۆچی دوایی کرد، کەنێسەیەکی بەشکۆ بەناوی تیۆدۆرای پاك لە قۆستەنتەنی‌یە درووست کرا کە دوای رووخانی ئێمپراتۆری بیزانس لەژێر دەستی عوسمانی‌یەکان کرا بە مزگەوت.

فەسڵی چوارەم

کاترین دۆمێدیسی

ژنێکی فێڵەزان و دڵرەق کە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ لە فەڕەنسە حوکمڕانی کرد و گەورەترین کوشتاری ئایینی لە مێژوودا وەڕێخست

بێ گومان لەنێوان ئەو ژنانەی کە بە درێژایی مێژوو بە دەسەڵات گەیشتوون، کاترین دۆمێدیسی[1] یەکێك لە دزێوترینیان. ئەو ژنە نێزیکەی ٤٠ ساڵو بە درێژایی پاشایەتیی مێردو ٣ کوورەکەی دیمەنی زاڵی سیاسەتی ئەورووپا بوو. کەمو زۆر لەلایەن هەموو ئەو نووسەرانەی کە سەبارەت بە ژیانو کارەکانی ئەو ژنە قەڵەمیان کول کردووە (نووسیویانە) بەو تایبەتمەندییانەی وەك "بێ بەزەیی"و "بێهستو سۆز"و"دڵرەق"و "خرابکار" ناسراوەو ژمارەیەك لەو نووسەرانەی کە وردەکارییەکانی ژیانی ئەویان روون کردووەتەوە، بە گەندەڵی رەوشتو هاوجنسبازی تاوانباریان کردووە. ژیانی کاترین لەنێوان هەموو نووسەرەکاندا، پتر جێگای سەرنجی نووسەرانی فەڕانسەوی بووەکە سەدان پەرتووكو داستانیان سەبارەت بەداستانە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پڕ لە رووداو و درێژخایەنی ئەو نووسیوە. هیچکام لە نووسەرانی فەڕانسەوی لەبارەی ئەو ژنە ئیتالیاییە کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ وەك شاژنو دایکی پاشاکانی فەڕانسە لەسەر ئەو ولاتە حوکمڕانی کردووە، بە باشی یادیان نەکردووەتەوە. ڤۆلتێر[2] کە لە هەموویان نەرمو نیانتر لە بارەی ئەو قسەی کردووە، دەنووسێ: "دروشمی ئەو ئەوە بوو کە دووبەرەکی بنێوەو دەسەلاتداریتی بکە، ئەو ئامۆژگارییە زانایانەیە لەوەوە بە یادگار ماوەتەوە". بالزاك[3] لەو بڕوایە دایە کە "ئەو ژنە بێ مەکرو فێڵ نەیدەتوانی بژیت حکوومەتی ئەو لەسەر نانەوەی دووبەرەکیو ناکۆکیو هاندانو فیتنە راوەستابوو". لە کۆتاییشدا میشێل زۆڤاکۆ[4]، رۆمان نوسی بەناوبانگی فەڕانسەوی کە یەکێك لە پڕفرۆشترین رۆمانە مێژووییەکانی خۆی لەسەر ژیانی کاترین نووسیوە، را دەردەبڕێ کە "ئەو هاوشارییەی ماکیاڤێلی باشترین شاگردو پێڕەوی بیرو بۆچوونەکانی ئەو بووەو بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی لە هیچ تاوانێك تەنانەت لە نزیکترین کەسانی خۆی رووی وەر نەدەگێڕا".

1-Catherine de Medciis

2-Voltaire

3-Balzac

4-Michel Zevaco

ئەو رقو نەفرەتەی کە لە نووسراوەکانی نووسەرانی فەڕانسەوی سەبارەت بە کاترین هەستی پێدەکرێ لە نووسینەکانی مێژوونووسانی غەیرە فەڕانسەویشدا رەنگی داوەتەوە. بەلام نووسەرانی ولاتانیتر لەو بارەیەوە کەمتر دمارگرژییان بەکار هێناوەو لایەنە باشەکانی ژیانی کاترینیشیان لەبەر چاو گر تووە. کاترین دۆمێدیسی لەهەموو پێشینیانی خۆی پتر هۆگری هونەرو ئەدەب بووەو لەبەرئەوەی کە ئاشقی زریقە وبریقەو بۆنەو ئاهەنگ گێڕان بوو، تەلارسازان و هونەرمەندانی هان دەداو پشتیوانی لێدەکردن. هەندێك لە بینایە مێژووییەکانی بەناوبانگی فڕانسە بۆ وێنە کۆشکی "تۆیلێری"[5]ش لەکاتی ئەوداو بەفەرمانی ئەو بنیات نراوە کە دوای تێپەڕبوونی چوار سەدە هێشتاش بە یەکێك لە جوانترین شوێنەوارەکانی مێعماری دەژمێردرێت.

***

بۆ لێکدانەویەکی درووستو بێلایەن لەسەر ئەو "دزێوترین ژنی" دەبێ ژیاننامەی ئەو لەسەرەتای لەدایك بوونییەوە بخوێنینەوەو بزانین کە چ هۆکارێك ئەو ژنەی کردۆتە بێبەزەییو تۆڕەترین ژنی مێژووو ئەو تاوانو گەندەڵییانەی کە دراونەتە پالی، چ پالنەرێکی سەرەکی هەبووە. کاترین دۆمێدیسی لە رۆژی ١٣ی ئاپریلی ساڵی ١٥١٩ی زایینی لەشاری فلۆرانس هاتۆتە سەر دونیاو لەدایکبوونی ئەو یەکەمین کارەساتی بۆ بنەماڵەکەی خولقاند، لەبەر ئەوەی دایکی کە بەگ زادەیەکی فەڕانسەوی بوو، بەو زایینە لەتەمەنی لاوێتیدا گیانی لەدەست داو باوکیشی، دووك دۆربینۆ[6] کەدوایین پاشماوەی پیاوی خانەدانی مێدیسی بوو دوای مردنی هاوسەری، مالاوایی لە ژیان کرد. کاترینیان کە هێشتا منداڵێکی شیرە خۆرە بوو لە فلۆرانس گواستەوە رۆماو پاپ کلێمێنتی[7] حەوتەم سەرپەرشتی ئەوی گرتە ئەستۆ. کاترین تا تەمەنی شەش ساڵی لە دەرباری پاپ مایەوەو لەئاکامدا پاپ کلێمێنتی حەوتەم لە ساڵی ١٥٢٥ بڕیاریدا کاترین بۆ فلۆرانس[8] بگەڕێنێتەوە تابەردەوام بوونی حکوومەتی خانەدانی مێدیسی مسۆگەر بکات. بەلام مشووری پاپ بۆ رێگرتن لەو راپەڕینەی کە گەرای لەفلۆرانس نرابۆوە،

5-Tuileries

6-Duc durbino


7-Clement

٨- لەسەدەی شازدەی زاییندا ئیتالیای ئەمڕۆ بە چەند حکوومەتێکی سەربەخۆ دابەش ببوو و فلۆرانس یەکێك لەو حکوومەتانە بوو.

بێ‌کەڵك مایەوەو کۆماریخوازەکانی فلۆرانس لەساڵی ١٥٢٧بە دژی لایەنگرانی حکوومەتی مێدیسی شۆڕشیان کرد. شەڕو کێشەی فلۆرانس پتر لە سێ ساڵی خایاندو کاترینی کەم تەمەن لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ماڵ بە ماڵ لەحاڵەتی هەڵاتن‌و خۆشاردنەوە دابوو تا لەئاکامدا کەوتە بەر دەستی خۆپیشاندەران‌و لەکڵێسایەکدا بەند کرا. پاپ کلیمێنتی حەوتەم کە لە ساڵی ١٥٣٠دا دەیەویست بە هەر نرخێك بێت شاری فلۆرانس بخاتە ژێر فەرمانی خۆی، سەرکردەکانی حکوومەتە هەرێمییەکانی لایەنگری خۆی ناچار بە کۆکردنەوەی هێزو گەمارۆدانی شاری فلۆرانس کرد. بەڵام گەمارۆ دراوەکانی شاری فلۆرانس دەستیان لە بەرگری‌و بەرەنگار بوونەوەی پەلاماردەران هەڵنەگرت. برێسێتی‌و نەخۆشی‌و شەڕو کێشە دەستیان بە یەکەوە دابووو تەپۆڵکێکیان لە کووژراوەکان درووست کردبوو. بەدبەختی‌و چەرمەسەری کاترین تەنیا نەخۆشی‌و برسێتی نەبوو، لەبەرئەوەی یاخی بووان کە ئەویان وەك بارمتە راگرتبوو، ئازارو ئەشکەنجەیان دەداو ژمارەیەك لەسەرکردەکانیان بۆ تۆڵە سەندنەوە لەپاپ، پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەو کچە ١١ساڵەیە ببەنە سۆزانی خانە بۆ ئەوەی پاپ دواتر نەتوانی لەو کچە وەك ئامێرێکی سیاسی بۆ ئەنجامدانی مەبەستەکانی کەڵك وەرگرێ. بەڵام پێش ئەوەی ئەو پێشنیارە بگاتە قۆناغی ئەنجامدان، بەرگرییەکەی یاخی بووانی شار تێك شکاو کاترین کە زیندوو مابوو گەڕایەوە شاری رۆما. کاترین هێشتا چاردە ساڵی پتر تەمەن نەبوو کە پاپ بڕیاریدا زەماوەندێکی سیاسیی بۆ پێك بهێنێ‌و بۆ پتەوتر کردنی دۆستایەتی‌و یەکێتی خۆی لەگەڵ فرانسوای یەکەم شای فەڕانسە، کاترینی لە هانڕی کوڕی دووهەمی پاشای فەڕانسە مارە کرد. هانڕیش پتر لە ١٤ساڵی تەمەن نەبووو هێشتا خۆی نەناسیبوو. بەڵام فرانسوای یەکەم پیشنیاری پاپی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەنێوان کوڕو کچە ١٤ساڵەکەی (کاترین) قەبوول کردو بووك‌و زاوا یەکەمین جار لە جێژنی بووکێنی‌دا یەکترییان بینی. پاپ خۆی خوتبەی مارە کردنی ئەوانی خوێندو رێوڕەسمێکی بە شکۆیان لە مارسەی بۆ پێك هێندرا کە تا ئەوکات هاوشێوەی نەبیندرا بوو. بەڵام ئەو بووکێنی‌یە بەشکۆیە بۆ کاترینی ١٤ساڵە سەرەتای چەرمەسەرییەکی١٠ساڵە بوو، لەبەر ئەوەی کە هاوسەری هەر لە رۆژی یەکەمەوە لەبەر ناشیرنی کاترین، هۆگری‌و خۆشەویستیی سەبارەت بەو نیشان نەدا. ئەو چەرمەسەرییە بە کارتێکەری ژنێکی جوان‌و دڵڕفێن بەناوی "دیان دۆ پۆیتێرس"[9] لە مێردی لاوی کاترین،

9-Dian de Poitiers

گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. دیان کە سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی رەسەنی فەڕانسە بوو، پێشتر ئاشقی فرانسوای یەکەم بوو بەڵام دوای ئەوە کە تەمەنی پاشا چووە سەرێ، لە نەبوونی هۆگری هانری بە کاترین کەڵکی وەرگرت‌و ئەوی خستە ژێر کارتێکەری خۆی. لەو کاتەدا دیان پتر لە ٣٠ ساڵی تەمەن بوو کە ١٥ ساڵ لە کاترین گەورەتر بوو. بەڵام جوانی‌و دڵڕفێنی ئەو بە جۆرێك هانری لاوی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە کە تەنانەت بۆ کاتێکی کورتیش لە خەیاڵی ئەو نەدەهاتە دەرێ‌و زۆربەی کاتەکانی لە تەنیشت ئەودا رادەبوارد



پەیکەرێك لە کاترین کە تایبەتە بە تەمەنی گەنجێتی ئەو

نەهامەتی گەورەی کاترین ئەوە بوو کە منداڵی نەدەبوو و مەودای نەزۆکی ئەو ١٠ ساڵ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا براگەورەکەی هانری کە جێنشینی پاشای فەڕانسە بوو، مردو هانری دووهەم بوو بە جێنشینی فەڕانسە. تا ئەوکاتە کاترین سەرنجی دەرباری فەڕانسەی بۆ لای خۆی رانەدەکێشاو هەر لەبەر ئەوەش کەس ئیرەیی پێ نەدەبرد، بەڵام کاتێك کوڕە گەورەکەی پاشا مردو مێردەکەی بوو بە جێنشین، ئەویش بوو بە شاژنی فەڕانسەو هەر بەو هۆیەشەوە کەوتە ژێر رق‌و ئیرەیی ئەوانی‌ترو بەتایبەت ژنانی دەرباری‌و لەسەرووی هەموویانەوە دیان دۆپۆیتێرس. یەکەم دەنگۆی کە لە دەرباری فەڕانسە بە دژی کاترین دۆمێدیسی بڵاو بۆوە ئەوە بووکە ئەو لەمردنی لەنەکاوی جینشینی فەڕانسە رۆڵی بووەو برای مێردەکەی بۆ گەیشتن بە پلەی شاژنی فەڕانسە دەرمانداو کردووە. لە زۆربەی ئەو ژیاننامانەی لەسەر کاترین نووسراوە، ئەویان بەوە تۆمەتبار کردووە کە بۆ یەکەمین جار ژەهری بردۆتە دەرباری پاشاو لەو چەکە بۆ لەناو بردنی رکەبەرو نەیارەکانی کەڵکی وەرگرتووە. رەنگە ئەم بابەتە راست بێت‌و چەند بەڵگەیەك لەبەردەست دایە ئەوە دەسەلمێنێت کە کاترین دواتر لەو چەکە کەڵکی وەرگرتووە بۆ لەناو بردنی ئەو کەسانەی تەگەرەیان دەخستە سەر رێگای کاترین بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکانی. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەهێزو سەلمێنەر سەبارەت بە دەرمانداو کرانی جێنشینی فەڕانسە بەدەستی کاترین لەبەردەست دا نی‌یە، لەبەر ئەوی کاترین لەو کاتەدا ١٨ ساڵی تەمەن بووەو لە ئاستێکدا نەبووە بتوانێ ژەهر لە چێشتی جێنشینی فەڕانسە بکات. بە جێنشینی هانری، نەزۆکی کاترینیش گرینگی زیاتری پەیدا کردو دوابەدوای ئەو دەنگۆیانەی سەبارەت بە ڕۆڵی ئەو لە کۆچی ناوەختی کوڕی گەورەی پاشا بلاّو ببۆوە، هەندێك جوولاّنەوە لەلایەن مێردەکەیەوە بۆ تەلاّقدانی دەستی پێکرد. کاترین کە لە هەموو لایەکەوە کەوتبووە ژێر هێرش‌و بووختان، پەنای بردە بەر پاشا، و فرانسوای یەکەم کە گرینگییەکی زۆری دەدا بە دۆستایەتی‌و یەکێتی خۆی‌و پاپ، پشتیوانیی لە کاترین کرد. پاشا بە سەردانی غەیب گۆیان‌و پێشگویانی لێهاتوو کە لەو کاتەدا بە چینێکی تایبەت‌و بەرزی فەڕانسە دەژمێردران، بە خۆی‌و دەوروبەری بەڵێنی دا کە دەورانی نەزۆکی کاترین بە زوویی تێپەڕ دەبێ‌و خاوەنی منداڵی زۆر دەبێت. "نۆسترادامۆس"[10] بەناوبانگترین پێشگۆی ئەوکاتەو هەموو دەورانەکانی‌تر بوو کە لە داهاتووی کاترین دا تەمەنێکی درێژو منداڵی زۆری دەبینی‌و گووتبووی هەموو منداڵەکانی کاترین دەبنە پاشاو شاژن. ئەو پێشگۆییانە بوونە ڕاستی‌و کاترین لەتەمەنی **٢٥** ساڵیدا یەکەمین منداڵی کوڕی هێنایە سەر دونیا کە ناویان نا فرانسوا (ناوی باپیری بوو)و دواتر بەناوی فرانسوای دووهەم بوو بە پاشای فەڕانسە. لەوە بەملاوە کاترین بەردەوام سکی پڕ دەبووو لە دەورانی ژیانی هاوسەری‌دا دە منداڵی بوو کە سێ‌یان بە مردوویی هاتنە سەر دونیا، بەڵام ٤ کوڕو **٣** کچی زیندوو مانەوە.



وینەی دیان دۆپۆیتێرس، ڕکەبەری سەرەکی کاترین

10-Nostradamus

لەساڵی **١٥٤٧**ی زایینی‌دا فرانسوای یەکەم مردو بەدەستپێکردنی پاشایەتی هانری دووهەم، کاترینیش لەتەمەنی **٢٨**ساڵیدا بوو بە شاژنی فەڕانسە. بەڵام هانری دووهەم هێشتاش لەژێر کارتێکەری دیان دۆپۆیتێرس دابووو کاترین تەنیا ڕۆڵی هاوسەری یاسایی‌و تەشریفاتی پاشای دەنواند. دیان لەو کاتەدا پتر لە ٤٠ ساڵی تەمەن بوو بەڵام هەر جوان‌و سەرنج ڕاکێش بووو ساڵانێکی زۆری خایاند تا کاترین بە مەکرو فێڵ‌و خۆڕاگری ئەوی لەبەرچاوی پاشا خست. دووژمنانی کاترین سەبارەت بە ژیانی ئەو لە دەرباری فەڕانسە لەساڵی **١٥٣٣**و تا ڕۆژێك بوو بە شاژنی فەڕانسەو بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە هاوسەرەکەی هاوڕێیەتی ژنێکی‌تری پێخۆش بوو، نووسراوەی زۆریان هەیەو ئەویان بەوە تۆمەتبار کردووە کە جگە لەناحەزی، لەبواری سێکسیشەوە ژنێکی ناسرووشتی‌و نەخۆش بووەو لەگەڵ ئەو ژنانەی کە لە ئیتالیاوە وەك خزمەتکار هێناویەتی هاوجنس بازی کردووە. پڕۆپاگەندەی ئەوەش کراوە کە کاترین ئەو ڕەوشتە ناحەزەی تا تەمەنی پیریش تەرك نەکردووەو بەردەوام ژنی جوان‌و ڕێکوپێکی بۆ ئەم کارە هەڵبژاردووە. بەڵام لە تەنیشت ئەو تۆمەتانەی کە دراوەتە پاڵ کاترین، نووسەرانی ئەو ژیاننامانە لە خاڵێکدا هاوڕان، ئەویش ئەوەیە کە کاترین ژنێکی لە ڕادەبەدەر ژیرو زانا لە بواری بابەتەکانی سەردەمی خۆی بووە و هەر بەو زانست‌و زانیارییانەشەوە هاوسەری خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. هانری سەرەڕای ئەو هەموو خۆشەویستی‌و هۆگرییەی کە بە دیانی هەبوو، وردە وردە بەو ئاکامە گەیشت کە لە کاروباری حکوومەت‌و پاشایەتی‌دا پێویستیی بە ڕاوێژو ڕێنوێنی هاوسەری هەیەو لەساڵی سێهەمی پاشایەتی خۆی‌دا ئەوی لەزۆربەی کارەکاندا بەشدار کرد. کاترینیش لە بەرانبەردا لەمەڕ پێوەندی هاوسەری لەگەڵ ژنێك کە وردەوردە پیر ببوو، هەستیاری زۆری دەر نەدەخست‌و دەیزانی تێپەڕ بوونی کات خۆی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات. خۆڕاگری‌و مشووری کاترین لە ئەنجامدا بە ئامانج گەیشت‌و لەساڵی ١٥٥٠ بەم لاوە بوو بە شەریکی دەسەڵاتی هاوسەری. لەساڵی **١٥٥٢**دا هانری دووهەم ئەوی کردە جێگری پاشاو خۆی چوو بۆ شەڕ. کاترین لە ساڵەکانی **١٥٥٣**و **١٥٥٤**و **١٥٥٧**یش ئەم پۆستەی گرتە ئەستۆو لەساڵی **١٥٥٩**دا بە مردنی هانری دووهەم لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا بێوەژن کەوتەوە. دەورانی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کاترین لەسەر فەڕانسە لەو ڕێکەوتەوە دەست پێدەکات. لەبەر ئەوەی کاترین منداڵەکانی بە شێوەیەك بارهێنابوو کە بەبێ ئیزنی ئەو ئاویان نەدەخواردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەورانی کورتی پاشایەتی منداڵی یەکەمی‌دا (فرانسوای دووهەم) کە

گەورەپیاوانی خانەدانی بۆربۆن سوور بوون لەسەر ئەوەی کە پلەی جێگری پاشا بدرێتە ئانتوان پاشای "ناڤار"[١٢] یان براکەی، "لوویی پرەنس دۆکۆندێ"[١٣]. کاترین بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دۆگیز ئەم پێشنیارەی لا پەسند بوو، بەڵام پێش ئەوەی پلانەکە سەر بگرێ دووك دۆگیز سەرسپاردەیی خۆی بە کاترین راگەیاندو بەجێگەی دانانی جێگرێکی پاشا لەخانەدانی بۆربۆن، ئەنجوومەنێکی جێگری پاشایەتی بە بەشداری کاترین بەڕێوەبردنی دەوڵەتی گرتە ئەستۆ. بۆربۆنەکان ئامادە نەبوون پێڕەوی لە ئەنجوومەنی جێگری پاشایەتی بکەنو لەو کاتەشدا لە سێدارەدرانی دادوەرێکی پرۆتستان لەپاریس ئاگری دووبەرەکیی لەنێوان کاتۆلیکەکانو پرۆتستانەکان خۆشتر کرد. بەدەستپێکردنی شەڕ لەنێوان کاتۆلیکەکانو پرۆتستانەکانو دەنگۆی رفاندنی پاشا لەلایەن بۆربۆنەکانەوە، دەرباری فەڕانسە لەپاریسەوە گوازرایەوە بۆ قەلای "ئامبۆیز"[١٤] لە کەناری رووباری "لوار"[١٥]. بەڵام داوێنی شەڕی ناوخۆیی گەیشتە ئامبۆیز. پرەنس دوکۆندێ لە جەنگەی ئەو شەڕو پێکدادانەدا بە دیل گیراو بە سەرکەوتنی کاتۆلیکەکان بە سەرکردایەتی دووك دۆگیز، فەڕانسە شایەتی یەکەمین دیمەنی کوشتاری پرۆتستانەکان بۆوە. ئەو کەسانەی لەو شۆڕشەدا دەستیان هەبوو بە شێوەیەکی ناجوامێرانەو ناحەز کوژران. ملی ژمارەیەکیان بڕیو کۆمەڵێکیان لە تاوەرو قەلای ئامبۆیز لە سێدارە داو گوریسیان لە ژمارەیەکیشیان هالاندو خستیاننە ناو رووبار. کاترین بە رواڵەت لەو کوشتارەدا نەخشی نەبوو، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە رێی لێنەگرتو زۆرتر لەبیری کەڵك وەرگرتن لەو شەڕو کێشەو دووبەرەکییەی نێوان پرۆتستانەکانو کاتۆلیکەکان بوو. فرانسوای دووهەم چەند مانگ دواتر تووشی نەخۆشی سیل هاتو لەدێسەمبەری ساڵی ١٥٦٠دا کۆچی دوایی کرد. بەفەرمانی فرانسوای دووهەم دەسەڵاتەکان بە کوڕی دووهەمی کاترین ئەسپێردرا کە لەو کاتەدا ١٥ساڵان بوو. کاترین ئەوی بەناوی چارلی نۆیەم خستە سەر تەختی دەسەڵاتو خۆشی وەك جێگری پاشا بوو بە دەسەڵاتداری راستەقینەی فەڕانسە. لەو کاتەدا بۆربۆنەکان دوابەدوای تێکشکانی ئەو شۆڕشەی کە بە پشتیوانی ئەوان سەری هەڵدا، لاواز ببوونو بنەماڵەی گیزیش کە بەهۆی مردنی فرانسوای دووهەم پێگەی پێشوویان لەدەست دابوو نەیاندەتوانی لەخزمایەتی خۆیان لەگەڵ شاژنی داهاتووی فەڕانسە کەڵك وەربگرن. لەو کاتەوە بەملاوە

١٢-(Navarre) بەشیباکووری ئیسپانیایە کە تا کۆتاییەکانیسەدەی شازدەیەم، پاشایەتییەکی سەربەخۆ بوو.

13-Louis Prince de Conde

14-Amboise

15-Loire

لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا بە دەسەڵات گەیشتو لەگەڵ ماری ئێستیۆرات شاژنی ئیسکاتلەندا زەماوەندی کرد، کارتێکەری بنەماڵەی "گیز"[١١] بەتایبەت دووك "دۆگیز"ی مامی ئێستیۆرات، کارتێکەری کاترینی لەسەر کوڕەکەی کەم کردەوە. بنەماڵەی گیز کە دەسەڵاتدارترین بنەماڵەی کاتۆلیکی فەڕانسە بوون، لەگەڵ بۆربۆنەکان کە پرۆتستان بوون رکەبەرییەکی توندو تیژیان هەبووو کاترین کە خۆی کاتۆلیكو برازای پاپ بوو بە نهێنی بۆدژایەتی کردنی بنەماڵەی گیز پشتیوانیی لە بۆربۆنەکان دەکرد. تا گەیشتنی فرانسوای دووهەم بە تەمەنی یاسایی دەبوایی جێگرێکی پاشا بۆ فەڕانسە دیاری بکرێت.



وێنەی کاترینو هانریی دووهەم. کوڕی گەورەی کاترین "فرانسوای دووهەم" یش لەو وێنەیەدا دەبینرێت

11-Guise

کاترین نەتەنیا سەرکردەی راستەقینەی فەرەنسە، بەڵکوو کارگێڕی سەرەکی سیاسەتی ئەورووپاشە. کاترین جگە لە لێهاتوویی، لە گرێبەندی زەماوەندو پێوەندی بنەماڵەیی لەگەڵ خانەدانی پاشاکانی بوو فەرەنسەش بۆ پتەو کردنی کارتێکەری دەسەلاتی خۆی کەڵك وەردەگرێت سەرەتا یەکێك لە کچەکانی بەناوی ئێلیزابێت دا بە فیلیپی دووهەم، پاشای ئیسپانیاو کچی دووهەمیشی(کلوود) دواتر کردە دەزگیرانی شارلی دووهەم (دووکی لۆرێن). شارلی نۆیەم دوای گەیشتن بە تەمەنی خۆناسین لەگەڵ پرانسێس ئێلیزابێتی نەمسا زەماوەند دەکاتو مارگارێت، کچی سێهەمی کاترین دوای ئەو زەماوەندە دەبێتە هاوسەری "هانری دۆناڤار"[16]، کوڕی ئانتوانی پاشای ناڤار. ئامانجی کاترین لەو زەماوەندە ئاشتی کردن لەگەڵ یەکێك لەکۆنترین‌و بەهێزترین بنەماڵەکانی فەرەنسەیە کە لەکاتی پاشایەتی فرانسوای دووهەم‌و شۆڕشی ئامبۆیز لەگەڵ دەرباری فەرەنسە ناکۆکییان کەوتبووە نێوان. رەوتی رووداوەکانی دواتر پاشەرۆژبینی کاترین دەسەلمێنێت. لەبەر ئەوەی‌کە دوای مردنی کوڕی سیهەمی کاترین، هانری دۆناڤارو مارگارێت دەبنە پاشاو شاژنی فەرەنسە.

***

لەدەورانی پاشایەتی شارلی نۆیەم کە ماوەی ١٤ ساڵی (١٥٦٠ تا ١٥٧٤) خایاند، لە فەرەنسەو ئەورووپا چەند رووداوێکی گرینگ سەری هەڵداو کاترین کە نازناوی "دایە گەورەی ئەورووپای" وەرگرتبوو، لە تەواوی ئەو رووداوانەدا رۆڵی سەرەکی هەبوو. لەئاستی سیاسەتی فەرەنسەدا سەرەتا هەوڵی‌دا لەنێوان کاتۆلیکەکان‌و پرۆتستانەکان یەکگرتوویی درووست بکاتو بە نواندنی رۆڵی نێوبژیوان لەنێوانیاندا توانی دەسەلاتی خۆی بەهێزتر بکات. لەهاوینی ساڵی ١٥٦١ بە بانگهێشتی کاترین کۆنفرانسێك بە بەشداری رێبەرانی هەردوو مەزهەب لە "پۆیسی"[17] بەسترا تا رێگا چارەیەك بۆ کۆتایی هێنانی ئەو ناکۆکییە مەزهەبییانەو دابەشکردنی پۆستە دەوڵەتییەکان لەنێوانیاندا بدۆزرێتەوە. بەلام بەهۆی لاساری‌و پاوانخوازی هەردوو لایەن ئەو کۆنفرانسە هیچ دەرئەنجامێکی لی‌نەکەوتەوەو کاترین لەساڵی ١٥٦٢ بڕیارێکی دەرکرد کە بە هۆیەوە ئازادی مەزهەبو بەرابەری مافەکانی پرۆتستان‌و کاتۆلیکەکان لە فەرەنسە مسۆگەر کرا. دووك دۆگیزو رێبەرەکانی‌تری کاتۆلیك دژ بەو فەرمانە هەڵوێستیان گرتو شەڕە مەزهەبییەکان لە فەرەنسە دەستی پێکردەوە. کاترین لەگەڵ ئەوە کە

16-Henry de Navarre
17-Poissy

خزمی پاپ بووو لەرێگای پاپ کلێمێنتی حەوتەمەوە چووبووە دەرباری فەرەنسە بەلام هیچ دەمارگرژییەکی مەزهەبی نەبووو کاتێك کاتۆلیکەکان بە دژی فەرمانەکەی ئەو راوەستان بەرەنگاریان بۆوە. بەلام هاوپەیمانەتی ئەو لەگەڵ پرۆتستانەکانیش زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی‌کە بەمردنی لەنەکاوی دووك دۆگیز رێبەری بەهێزی کاتۆلیکەکان (کە ژمارەیەك لە مێژوونووسان ئەم تاوانەش دەخەنە پاڵ کاترین‌و پیلان گێڕان‌و ژەهرسازانی دەوروبەری ئەو) هاوسەنگی هێز بە قازانجی خانەدانی بۆربۆن‌و پرۆتستانەکان گۆڕاو رێبەرانی ئەوان، پرەنس دوکۆندێ‌و دەریاسالار"کۆلینی"[18] کەم کەم ئەوەندە بەهێز بوون کە پێگەو پلەی پاشایەتی‌و هێزی شاژنیان دەخستە بەر مەترسی‌و هەڕەشەوە. کاترین بڕیاریدا دەست لە پشتیوانی پرۆتستانەکان‌و بنەماڵەی بۆربۆن هەڵگرێ‌و کاتۆلیکەکان بەهێزتر بکات. هاندانی چەندین ساڵەی کاترین دژی رێبەرانی پرۆتستان‌و پیلانی رفاندنی پرەنس دوکۆندێ‌و کۆلینی برگەی پڕجۆشی ئەو داستانانەیە کە سەبارەت بە ژیانی پڕکارەساتی کاترین نووسراوەو مردنی نادیاری دوکۆندێ کە لەکاتی ئەسب سواری لە پشتەوە هێرشی کرایە سەرو کوژرا، خراوەتە ئەستۆی کاترین. دەریا سالار کۆلینی تەنیا رێبەری بەهێزی پرۆتستانەکان دوای مردنی دوکۆندێ بوو کە بە کارتێکەریی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری لە شارلی نۆیەم، مەترسییەکی گەورەتری لە دووك دۆگیزو پرەنس دوکۆندێ بۆ کاترین دروست دەکرد. شارلی نۆیەم لەساڵی ١٥٧٠ بوو بە بیست ساڵ‌و دەورانی جێگری پاشایەتی کاترین‌و هێزی زاڵی ئەو تەواو بوو.



وێنەی کاترین‌و چەند دیمەنێك لەکارەساتی "ساینت بارتۆلۆمی" کە وێنەکێشێکی فەرەنسەوی کێشاویەتەوە

18-coliyny

کۆلینی کە لەو کاتەدا کارامەترین سەرکردەی سەربازی فەڕانسە بوو، بە پێچەوانەی سیاسەتی کاترین، شارڵی نۆیەمی ناچار بە دەرکردنی فەرمانی شەڕ دژی هۆڵندا کرد، بەڵام کاترین بە مەبەستی بە ئاگاهێنانەوەی کوڕەکەی‌و تۆڵەئەستاندنەوە لەکۆلینی، بەناردنی پەیامنێرێك بۆلای هۆڵندبیەکان‌و ئاشکرا کردنی پیلانەکانی کۆلینی بووە هۆی تێکشکانی هێزەکانی فەڕانسە لەو شەڕە دا. لەم قۆناغەدا بوو کاترین بۆ نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان پرۆتستانەکان، لەهانری دۆناڤار، کە دوای مردنی باوکی ببوو بە سەرکردەی خانەدانی بۆربۆن پاشای لاوی ناڤار نزیك بۆوە و پێشەکییەکانی زەماوەندی کچە بچووکەکەی لەگەڵ ئەو ئامادەکرد. تەنیا لەمپەری ئەو زەماوەندە دایکی هانری (ژان داڵبێرت)[19] بوو کە بەشێوەیەکی نائاسای‌و بەبێ نەخۆشی مرد. زۆربەی مێژوونووسان مردنی دایکی هانری دۆناڤاریش دەخەنە پاڵ کاترین. بەڕای مێژوونووسان ئامێری ئەم قەتڵەش دەسکێشێکی ژەهراوی بوو کە کاترین بۆ دایکی زاوای داهاتووی بە دیاری هێنابوو. ڕێوڕەسمی زەماوەندەکە بەهۆی مردنی دایکی زاوا دوومانگ دواخرا. ڕۆژی هەژدەی ئووتی ۱۵۷۲ لە کەنیسەی نۆتێردامی پاریس ڕێوڕەسمەکە بە شکۆیەکی زۆرەوە بەڕێوە چووو هەر بەم بۆنەشەوە لەسەرتاسەری پێتەخت چواردە ڕۆژ جێژن‌و خۆشی ڕاگەیاندرا. لەو کاتەدا دایکی بووك پیلانێکی‌تری بەدەستەوە بوو. لە ڕۆژی ۲ی ئووت و دوای تەواوبوونی جێژن‌وشادی، کۆلینی کە دوای بەشداری لە کۆبوونەوەیەك لە کۆشکی "لۆڤێر" دەگەڕایەوە ماڵێ، لە ڕۆژی ڕووندا لە نێزیکی کۆشك تەقەی لێکراوو گوولەکان کە لەدەربێجەیەك بەرەو کۆلینی هاوێژرا بوون بەسووکی برینداریان کرد. شارڵی نۆیەم لەم هەوڵە تێرۆرە زۆر تووڕە بووو هەر بۆ خۆشی چووە سەر جێ‌وبانی دەریاسالاری بریندار، بەڵام کاترین کە دەیزانی ئەو تۆمەتبار دەکرێت، دەستپێشخەری کردو لە دیمانەیەکی درێژدا لەگەڵ کوڕەکەی توانی ئەو ڕازی بکات کە کۆلینی پیلانی دژی حکوومەتی ئەو دارشتووەو دەیهەوێ جێگای ئەو بگرێتەوە. کاترین چەند شایەتێکی بۆ سەلماندنی قسەکانی ناساندو چەند بەڵگەو دیکۆمێنتێکی لەم بارەیەوە پیشان دا کە مێژوونووسان گومانیان لە ڕاست بوونی ئەم بەڵگانە هەیە.

تۆڵە سەندنەوەکانی لایەنگرانی کۆلینی دوای ڕووداوی هەوڵی تێرۆر، شارڵی نۆیەمی کە پیاوێکی نەفس نزم بوو زۆرتر پەشۆکاندو بە هاندانەکانی دایکی بڕیاری گرتن‌و لە سێدارەدانی

19-Jeanne dalbert

کۆلینی‌و لایەنگرە ناسراوەکانی دەرکرد. گرتنی کۆلینی‌و لایەنگرانی لە نیوە شەوی ۲۳ی ئووت دەستی پێکردو لە پارشێودا تەرمەکانیان بەو کاتۆلیکە دەمارگرژانە ئەسپارد کە ڕق‌و بێزارییەکی زۆریان سەبارەت بە پرۆتستانەکان لە دڵدا بوو. کۆمەڵەی ڕق هەستاوی کاتۆلیك سەری کۆلینی‌و هاورێکانی ئەویان لە لەش جیا کردەوەو سەرە بڕاوەکانیان بە نێزەوە کردو تەرمە رووت‌و بێ سەرەکانیان لە شەقامەکاندا ڕادەکێشا. پاریس بە درێژایی ڕۆژی ۲٤ی ئووت یان ڕۆژی "ساینت بارتۆلۆمی"[20] گۆڕەپانی کوشتاری بێ‌بەزەییانەی پرۆتستانەکان لەلایەن گرووپە دەمارگرژە کاتۆلیکەکان بوو کە هەتا چل ڕۆژ درێژەی کێشا. لەوماوەیەدا دەیان هەزار کەس لە پرۆتستانەکان لە ژن‌و پیاوو پیرو لاو کوژران‌و تەنیا ئەو کەسانەی کە توانیان هەڵبێن، زیندوو مانەوە و ژمارەی کوژراوانی ئەو ڕووداوە کە بە کوشتاری بارتۆلۆمی ناسراوە بە بیست تا پەنجاهەزار کەس مەزندە کراوەو زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووسانی جیهان کاترین بە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی ئەم کارەساتە دەزانن.

***

شارڵی دوو ساڵ دوای ڕووداوی ساینت بارتۆلۆمی نۆیەم لەتەمەنی بیست‌و چوار ساڵیدا مرد. زۆربەی مێژوونووسان مردنی شارڵی لەتەمەنی لاویەتیدا بە سرووشتی نازانن‌و دوژمنەکانی کاترین جارێکی‌تر ئەو بە تاوانبار دەزانن‌و ئەو "دایکە بێ‌سۆزە" بە بەرپرسیاری مردنی کوڕەکەی دەناسێنن. ئەوە گەورەترین تاوانێکە کە دەتوانرێت بخرێتە پاڵ دایکێك. بەڵام ئەو نووسەرانەی کە ئەژدیهایەکیان لە کاترین درووست کردووە دەڵێن: شارڵی نۆیەم دوای ڕووداوی ساینت بارتۆلۆمی گرفتاری خەیاڵات‌و گومان ببووو بە توندی شکی لەدایکی بوو و کاترین کە لە ئەنجامی کار دەترساو خۆی لە مەترسیدا دەبینی بە هەمان شێوازی خۆی ئەو مەترسییەی لەناو بردو درێژە پێدانی دەسەڵاتدارێتی خۆی هاوکات لەگەڵ پاشایەتی کوڕی سێهەمی مسۆگەر کرد. هانری سێهەم (سێهەمین کوڕی کاترین) لەساڵی ۱۵۷٤ لەتەمەنی شازدە ساڵیدا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت‌و بۆ ماوەی ۱۵ ساڵ و تا کۆتایی ژیانی کاترین حوکمڕانی کرد. چوارەمین کوڕی کاترین (دووك دانژووا)[21] لەساڵی ۱۵۸٤ لەتەمەنی

20-Saintbartolomey
21-Duc D'Angius

سیویەك ساڵیدا مردو لەبەرئەوەی كە هانری سێیەم نەزۆك بوو، كێشەی جێنشینی ئەو گرینگترین سەر قاڵی فكری كاترین لە كۆتاییەكانی تەمەنی دابوو. جێنشینی یاسایی هانری سێیەم، هانری دۆناڤار (زاوای كاترین) بوو كە زەماوەندی ئەو لەگەڵ كچی كاترین بە رووداویساینت بارتۆلۆمی خوێناوی ببوو. هەر بۆیەش لەنێوان زاواو خەسوو هیچ كات خۆشەویستیو هۆگری دروست نەبوو. كاترین لە كۆتاییەكانی ژیانیدا زۆری هەوڵدا لەگەڵ زاواكەی پێوەندی نزیكی هەبێت. بەڵام هانری دۆناڤار هیچكات متمانەی پێنەكردو مارگاریتیش لەو بێمتمانەییەو بەد گومانییە لەگەڵ مێردەكەیدا بەشدار بوو. زویریو رقی كاترین لە كچەكەی كە دواتر بوو بە شاژنی فەرەنسە، لە وەسیەتنامەكەی دەردەكەوێت كە لەودا مارگاریت لە میراتو هەر جۆرە سامانێكی بنەماڵەیی بێ بەش دەكرێت.



سێ كوری كاترین، فرانسوای دووهەم وشارلی نۆهەمو هانری سێهەم كە لە سەردەمی ژیانی ئەودا بە دەسەڵات گەیشتن

كاترین كە لە ماوەی تەمەنی ٧٠ ساڵی خۆیدا مردنی مێردو هەشت منداڵی خۆی بە چاو بینیبووو بەردەوام رەش پۆش بوو، لە رۆژی پێنجەمی ژانڤییەی ساڵی ١٥٨٩ بە نەخۆشی ئەنفلۆانزا (ژات الریە) مرد. هانری سێیەم، دووایین كوڕی كاترین كە لەكاتی مردنی دایكی

لەسەر ژیان مابوو، ماوەیەك دوای مردنی دایكی ماڵاوایی لە ژیان كرد. هانری دۆناڤاری زاوای كاترین كە دوای مردنی هانری سێیەم وەك هانری چوارەم لەسەر تەختی پاشایەتی فەرەنسە دانیشت، لەسەرەتادا رووبەرووی هەندێك بەرگریو دژایەتی توندی زۆربەی كاتۆلیكەكانی فەرەنسە بۆوە كە ئامادەی پێڕەوی لە یاساكانی پرۆتستان نەبوونو لەئاكامدا لەساڵی **١٥٩٣** مەزهەبی كاتۆلیكی قەبووڵ كرد. هانری چوارەم ئازادیو هێمنی پرۆتستانەكانیشی دابین كردو ناوی ئەو وەك یەكێك لە خۆشەویسترین پاشاكانی فەرەنسە لە مێژوودا تۆمار كراوە. هاوسەرەكەی (مەلیكەمارگاریت) كچی كاترینیش لە هەموو منداڵەكانی كاترین تەمەن درێژتر بووەو لەساڵی ١٦١٥ لەتەمەنی ٦٢ ساڵیدا مرد.

فەسڵی پێنجەم

ماریی خوێنمژ و ئێلیزابێتی یەکەم

دوو خوشك كه بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ له بەریتانیا حوکمڕانیان کرد

لەساڵی ١٥٥٣ تا ١٦٠٣ی زاینی دوو زڕ خوشك بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە بریتانیا حوکمیان گێڕا کە یەکەمیان بەناوی "ماری خوێنمژ"[1] وەك یەکێك لە بێبەزەیی‌و تووڕەترین پاشاکانی بریتانیا ناسراو و دووهەمینیشیان وەك یەکێك لە بەهێزترین‌و سیاسی‌ترین پاشاکانی بریتانیا ناوی دەرکردو سەردەمی پاشایەتی درێژخایەنی ئەو بە سەرەتای شکۆو گەورەیی ئیمپراتۆری بریتانیا دەژمێردرێ. "ماری تۆدۆر"[2] کە لەساڵی ١٥٥٣تا١٥٥٨ وەك مەلیکەماری لە ئینگلستان پاشایەتی کردو خوشکەکەی (ئیلیزابیتی یەکەم) کە لەساڵی ١٥٥٨تا ١٦٠٣ پاڵی بە تەختی دەسەلاتی ئینگلستانەوەدا، کچی هانری هەشتەم، شای خوێنمژو ژنبازی ئینگلیس بوون کە لە ژنی یەکەم‌و دووهەمی ئەو بوون.

پێش روون کردنەوەو گێڕانەوە سەردەمی پاشایەتی ئەو دوو خوشکە پێویستە ئاماژەیەك بە بەسەرهاتی باوکیان بکرێت، لەبەرئەوەی کە بەسەرهاتی ئەو پیاوە خۆی بە بەشێك لە ژیانی منداڵەکانی دەژمێردرێت‌و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ ژنەکان و منداڵەکانی گرینگترین فاکتەری گەشەسەندنی کەسایەتی ئەوان بووە.

هانری هەشتەم منداڵی هانری حەوتەم بوو کە پتر بە ناوەکانی هانری تۆدۆر یان سەر سیلسیلەی خانەدانی تۆدۆر ناوبانگی دەرکردووە. ئەو لەساڵی ١٤٩١ لەشاری گرینویچ لەدایك بووەو لەماوەی دەرس خوێندنی‌دا، پتر بەهۆی هۆگری بە ئەدەبیات‌و مۆسیقا لەدەرباری بریتانیا گرینگی پێدراوە. هانری هەشتەم لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا هۆنراوەی دەگوت‌و هەندێك لە ئاوازەکانی مۆسیقای بە باشی دەژەنی، بەڵام پێگەیشتنی خێراو پێوەندی ئاشقانەی هانری لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا لەگەڵ هاوسەری برا گەورەکەی (ئارتوور) کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئەودانا.

1-Bloody Mary
2-Mary Tudor



مەلیکەماری (لای چەپ)و ئێلیزابێتی یەکەم (لای راست)، دووخووشك کە٥٠ساڵ لە بریتانیا حوکمیان گێڕا

هاوسەری ئارتوور (کاترین ئاراگۆن)[3] کچی پاشای ئیسپانیا بوو کە لەساڵی ١٥٠١ بۆ زەماوەند لەگەڵ ئارتوور کە لەو کاتەدا جێنشینی بریتانیا بوو، رۆیشتە ئەو وڵاتە. بەڵام ئارتوور بەهۆی نەخۆشیەوە چەند مانگێك پاش زەماوەند مرد. کاترین لەکاتی مردنی ئارتوور ١٧ساڵان بووو لەبەرئەوەی کە زەماوەندی ئەو لەگەڵ جێنشینی بریتانیا لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی‌و بۆ یەکگرتوویی نێوان ئیسپانیاو بریتانیا پێکهێنرا بوو، هانری حەوتەم بڕیاریدا کە بووکەکەی (کاترین ئاراگۆن) لە خۆی مارە بکات و هەروەها بۆ ئەوەش کە زەماوەندەکەیان دژایەتی یاساکانی کەنێسە نەکات، رایگەیاند کە بەهۆی نەخۆشی ئارتوور، لەنێوان ئارتووورو کاترین پێوەندی ژنو مێردایەتی (جووت بوون) نەگیراوەو هەر بەم هۆیەشەوە زەماوەندەکەیان بەکردەوە هەڵوەشاوەتەوە. بەڵام لەبەر چەند هۆیەك‌و رەنگە لەبەر رازی نەبوونی کاترین یان دژایەتی باوکی، (پاشای ئیسپانیا) ئەم زەماوەندە سەری نەگرت‌و هانری حەوتەم کاترینی کردە دەزگیرانی کوڕەکەی کە شەش ساڵ لەو بچووکتر بوو. هانری هەشتەم لەساڵی ١٥٠٩ دوای

3-Catrherine of Aragon

باوکی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتو دەستبەجێ لەگەڵ کاترین زەماوەندی کرد. هانری لەکاتی زەماوەندی ئەوان ١٨ساڵو کاترین ٢٤ ساڵان بوو.

یەکەمین منداڵی هانری هەشتەمو کاترین لەساڵی ١٥١٠ چاوی بە دونیا هەڵێنا. منداڵەکە کچێك بوو کە بە مردوویی لە دایك بووو پاش ئەوە کاترین لە ماوەی شەش ساڵدا چوار کوڕی بوو کە هەر چواریان لە ماوەی چەند ڕۆژێ یان چەند حەوتوویەك مردن. لەئاکامدا لەساڵی ١٥١٦ کاترین کچێکی بوو کە زیندوو مایەوەو هەمان ئەو کچە بوو کە بەناوی مەلیکەماری ڕۆڵێکی گرینگی لە مێژووی بریتانیا نواند. ئەو کچە بەنازە لەتەمەنی دووساڵیدا وەك مۆرەیەکی سیاسی لەلایەن باوکییەوە کەڵکی لێ وەرگیراو لەو تەمەنەدا بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویەکی نوێ لەنێوان فەڕانسەو ئیسپانیا ئەویان کردە دەزگیرانی جێنشینی فەڕانسە.

بەلاّم دەزگیرانێتی ئەوان بەهۆی سەر هەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە شێواو ئەمجارەیان ماری بوو بە دەزگیرانی جێنشینی شای ئیسپانیا. جێنشینی شای ئیسپانیا کە لەساڵی ١٥٢٠ وەك شارڵی پێنجەم بوو بە سەرکردەی ئیسپانیا، لەساڵی ١٥٢٢ سەفەری کرد بۆ بریتانیاو بۆ یەکەمین جار دەزگیرانەکەی بینی کە لەو کاتەدا شەش ساڵا بوو. بەلاّم چارە نووسی ماری کە پێڕەوی باروودۆخی سیاسەتی ڕۆژ بووو هانری هەشتەمیش کەدیسان یەکگرتوویی لەگەڵ فەڕانسە بە بەرژەوەندی دەزانی، دەزگیرانی‌یەتی ماریو شارڵیی هەڵوەشاندەوەو بەهۆی ئەوەی کە جێنشینی شای فەڕانسە لەو کاتەدا زەماوەندی کردبوو، ماریی دەساڵەی کردە دەزگیرانی برا بچووکەکەی جێنشینی شای فەڕانسە بەناوی دووك دورلۆئان. هەڵبەت هیچکام لەم دەزگیرانەتیانە بە زەماوەند کۆتایی پێ‌نەهاتو ماری تۆدۆر لە ئاکامدا بوو بە پاشاو دوای ئەوە کە لەسەر تەخت دانیشت، لەتەمەنی ٣٨ ساڵیدا شوی کرد.
هانری هەشتەم کە پیاوێکی هەوەسبازو خۆشگوزەران بوو جگە لە هاوسەرە یاساییەکەی، لەگەڵ ژنانی تریشدا پێوەندی هەبوو. ئەم ژنانە هیچ ناونیشانێکیان لە مێژوودا نەماوە، بەلاّم پێوەندی یەکێك لەو ژنانە بەناوی "ئانی‌بۆلین"٤ لەگەڵ هانری هەشتەم گەیشتە جێگایەك کە هانری بڕیاری دا هاو سەرە یاساییەکەی تەلاّق بداو لەگەڵ ئانی‌بۆلین زەماوەند بکات. بەلاّم هەڵوەشاندنەوەی زەماوەندی پاشای بریتانیا لەگەڵ ژنێك کە زیاتر لە بیست ساڵ ژیانی لەگەڵ

4-Anne Boleyn

کردووە، پێویستیی بە هۆکاری بەهێزو ڕازی کردنی پاپ هەبوو کە لەو سەردەمەدا ڕێبەری مەزهەبی بریتانیا بوو. ئەو بەڵگەیەی کە هانری هەشتەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم زەماوەندە خستیە ڕوو ئەوە بوو کە کاترین بە پێچەوانەی قسەی پێشووی خۆی، لەکاتی زەماوەندی یەکەمیدا لەگەڵ هاوسەری پێشووی (ئارتوور برای گەورەی هانری) جووت بووەو کچ نەبووە. پاپ کلێمێنتی حەوتەم (مامی کاترین دۆمێدیسی) کە لە فەسڵی پێشوودا ئاماژەی پێکرا ئەم داواکارییەی قەبووڵ نەکرد. بەهۆی ئەوەکە ئەگەر قەبووڵی بکردایە جگە لەوەی پاشەگەز بوونەوە لە قسەی پێشووی خۆی بوو، دەبووایە ماری تۆدۆریشی وەك منداڵی زۆڵی هانریو کاترین بناساندبایە.

ئەو کێشەیە بۆ چەندین ساڵ درێژەی کێشا تا ئەوە کە هانری هەشتەم بڕیاریدا کە خۆی لە گرێی ملکەچی لە فەرمانەکانی پاپ ڕزگار بکاتو سەربەخۆیی مەزهەبی لە بریتانیا ڕابگەیێنێت. لەسەر بنەمای ئەو بڕیارە کە لەساڵی ١٥٣٣ ڕاگەیاندرا، پاشای بریتانیا بوو بە سەرۆكو ڕێبەری مەزهەبی بریتانیاو هەڵبژاردنی پلە مەزهەبییەکانیش بە خوودی پاشا ئەسپێردرا. هانری هەشتەم ڕۆژی ٢٣ی مەی ساڵی ١٥٣٣ خۆی بەتەنیا گرێبەندی زەماوەندەکەی لەگەڵ کاترین ئاراگۆن هەڵوەشاندەوەو چەند ڕۆژ دواتر بەشێوەیەکی یاسایی لەگەڵ ئانی بۆلین زماوەندی کرد. هەڵبەت هانریو ئانی بۆلین پێشتر بە شێوەیەکی شاراوە زەماوەندیان کردبووو ئانی سکی لە هانری پڕ ببوو. شاژنی نوێ ڕۆژی حەوتەمی سێپتەمبەری ساڵی ١٥٣٣ واتە سەد ڕۆژ پاش زەماوەند لەگەڵ پاشای بریتانیا کچێکی بوو کە ناویان نا ئێلیزابێت. پاشان پەرلمانی بریتانیا لەساڵی ١٥٣٤ ئەوی کردە میراتگری یاسایی تاجو تەختی بریتانیا. لە پەرلمانی بریتانیاو لەنێوان دەسەلاّتدارانی مەزهەبی دەوڵەت هەندێك دژایەتی لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی پاشا سەری هەڵدا. بەلاّم هانری هەشتەم بە زەبرو زەنگێکی زۆرەوە ئەو دژایەتیو بەرگرییانەی سەرکوت کردو سەری چەند کەسیشی بەتایبەت ئۆسقۆفی گەورە (جان فیشێر) ٥ بڕی. لەساڵی ١٥٣٦ هانری هەشتەم کە لە هاوسەرە نوێیەکەی تێرو وەڕەز ببوو، ئەوی بە تۆمەتی خەیانەتو زیناح گرتو دوای بەندکردنی لە تاوەری لەندەنو دادگاییەکی خێرا فەرمانی سەربڕینی ئەوی دەرکرد و لەگەڵ ژنێکی تر بەناوی "جاین سیمۆر"٦ زەماوەندی کرد.

5-John Fisher
6-Jane Seymour

جاین سیمۆر لەساڵی ١٥٣٧کوڕێکی بوو کە دواتر بەناوی ئێدواردی شەشەم بۆ ماوەی شەش ساڵ حکوومەتی کرد. بەڵام جاین دوابەدوای بەدنیا هێنانی کوڕەکەی مردو دەستی هانریی بۆ زەماوەندی دواتری ئاواڵا کرد. ناکۆکیی نێوان هانری هەشتەمو پاپ لە ماوەی ساڵەکانی ١٥٣٦تا ١٥٣٩ زیاتر پەرەی سەندو پەرلمانی بریتانیا بە فەرمانی هانری هەشتەم هەندێك یاسای پەسەند کرد کە بەپێی ئەو یاسایانە سۆمعەو کەنێسەکانی کاتۆلیك لەسەرانسەری بریتانیا داخرانو دەست بە سەر هەموو سەروەتو سامانیان داگیرا. ئۆسقۆفو قەشەکانی کاتۆلیکی بریتانیا کە تا ئەو کاتە نەچوو بوونە ژێرباری فەرمانی سەربەخویی مەزهەبی بریتانیاو ئامادە نەبوون پاشای بریتانیا وەك ڕێبەری مەزهەبی و یاسایی دەوڵەت بناسێنن، گیرانو ئەوانەی ڕۆڵی بەر چاویان هەبوو لە سێدارە دران.



هانری هەشتەمو ژنەکانی:١.کاترین ئاراگۆن، دایکی مەلیکە ماری٢.ئانی بۆلین، دایکی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم ٣.جاین سیمۆر ٤.ئانی دێکلێڤس ٥.کاترین هۆوارد

هانری هەشتەم لەساڵی ١٥٤٠دا ژنی چوارەمی بەناوی "ئانی دێکلێڤس"٧ هێنا، بەڵام زۆر زوو تەلاقی دا. شایانی باسە کە بەختی مەزنی ئەو ژنە ئەوە بووکە هانری هەشتەم لەو پەڕی دەسەلاتو ناکۆکی خۆی دابوو لەگەڵ پاپو پێویستی بە تاوانبار کردنو سەر بڕینی ئەو نەبوو. ئەگەرچی هانری لەجێگای ئەو، سەری یەکێك لە راوێژکارەکانی بڕی کە پێشەکییەکانی ئەو زەماوەندە ناپیرۆزەی پێك هێنا بوو. هانری دوای تەلاقدانی ئانی دێکلێڤس، لەتەمەنی ٥٠

7-Compiegne

ساڵیدا لەگەڵ کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ بەناوی "کاترین هۆوارد"٨ زەماوەندی کرد کە پێش ئەم زەماوەندە پێوەندییان پێکەوە هەبوو. بەڵام ئەم زەماوەندەش زیاتر لە دوو ساڵ درێژەی نەکێشاو هانری کە وردە وردە وەك شێتی لێهاتبوو، دڵپیسیی لەو ژنە جوانە دەکرد کە زیاتر لە سی ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەبوو و ئەویشی بە تۆمەتی خەیانەتو زینا لە دەربار وەدەرنا. کاترین گیراو دوای بەند کرانو ئازارو ئەشکەنجە لە تاوەری لەندەنو دان پێدانان بە خەیانەتەکەی، لەتەمەنی بیست ساڵیدا سەریان لە لەشی جیاکردەوە.

هانری هەشتەم ساڵێك پاش سەر بڕینی کاترین هۆوارد لەگەڵ ژنێکیتر بەناوی "کاترین پار"٩ زەماوەندی کرد. بەڵام ئەمجارەیان پیریو نەخۆشی دەرفەتی بیانوو هێنانەوەو تاوانبار کردنی ئەوی پێ نەدا. هانری لەساڵی ١٥٤٧ مردو شەشەمین ژنەکەشی دوای مردنی ئەو لەگەڵ یەکێك لە وەزیرەکانی بەناوی "سێرتۆماس سیمۆر"١٠ زەماوەندی کرد. لەو شەش ژنەی هانری هەشتەم تەنیا کوڕێكو دوو کچ زیندوو مانەوەو کوڕەکەی لەساڵی ١٥٤٧تا ١٥٣٣ پاشایەتی کردو بریتانیا لە ماوەی حکوومەتی شەش ساڵەی ئەودا زۆر لاواز بوو. ئێدواردی شەشەم لەکاتی پاڵدان بە تەختی دەسەلاتەوە منداڵێکی١٠ساڵەو نەخۆش بوو، هەربۆیەش لەژێر سەرپەرشتی دو خاڵەکانی بەناوی سێرتۆماس سیمۆرو ئێدواردسیمۆر دابووو لەراستیدا ئەو دوو کەسە بوون کە بەناوی ئێدواردی شەشەم جڵەوی دەسەلاتیان لە بریتانیا بەدەستەوە بوو. بەڵام لەساڵی ١٥٥١ لەسەر بەدەستهێنانی دەسەلاتی زیاتر ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو دوو برایەو دوای ئەوە کە سێر تۆماس سیمۆر بەدەستی براکەی کوژرا، ئێدواردسیمۆریش بەدەست بەر هەڵستکارەکانی لەسەر دەسەلات لابراو لە سێدرەدراو دەسەلاتەکانی حکوومەت بەدەستی یەکێك لە ڕێبەرانی دەمارگرژی پرۆتستان بەناوی "جان دادلی"١١، دووکی نۆرتۆمبێرلەند کەوت. ماریو خوشکە بچووکەکەی (ئێلیزابێت) تا ئەو کاتە ژیانێکی کەم تا کورت هێمنانەیان هەبووو لەبەرئەوەی کە لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە ببوون هۆگری یەکتر ببوونو زۆربەی کاتیش پێکەوە دەژیان. براکانی سیمۆر، بەراسپاردەیی شارلی شەشەم کە کوڕە خاڵو دەزگیرانی پێشوی ماری بوو مارییان، لەگەڵ ئەوەی کە پێڕەوی مەزهەبی کاتۆلیك بوو ئازار

8-Catherine Howard
9-Catherine parr
10-Sir Thomas Seymour
11-John Dudley, Duke of Northumberland

نەدەداو ئێلیزابێتیش لەژێر پشتیوانیو پشت ئەستووری زڕ خوشکەکەی لە جەزرەبەو ئازاردانی ئەوان لە ئەماندا بوو. بەڵام دوای ئەوە کە جان دادلی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، بەهۆی ئەم پێوەندییەو لەترسی ئەوەی کە دوای مردنی ئێدڤاردی شەشەم پێشەکییەکانی پاشایەتی ماری پێك بێت، تەنگەتاوی کرد تەنانەت خوشکەکەی لێجیا کردەوە.

لەو کاتەدا پاشای ئیسپانیا چەند پاپۆڕێکی نارده کەنارەکانی بریتانیا بۆئەوەی ماری لەو دەوڵەتە ببەنەدەرێو بیهێننە برۆکسل بۆ لای ئەو.١٢ بەڵام ڕێبەرانی کاتۆلیكو دەستەو پێوەندییەکانی ماری بە لەبەرچاو گرتنی نەخوشی بۆماوەییو ئەگەری مردنی نێزیکی ئێدڤاردی شەشەم کە شانسی جێنشینی ماری لە ئارادابوو، نەیان هێشت لە بریتانیا بچێتەدەرەوە. جان دادلی بۆ ئەوەی شانسی ماری بۆ جێنشینی لەناوببات مشۆرێکی نوێیخواردو خوشکەزاکەی هانری هەشتەمی بەناوی "جاین گری"١٣ کە کچێکی جوانیحەڤدە ساڵی بوو بۆ جێنشینی پاشای لەسەرە مەرگ هەڵبژارد. دادلی کاتێك کە جاین گریی لە کوڕەکەی مارە کرد، بیری لەوە نەکردبۆوە کە رازی کردنی شۆڕای پاشایەتی بۆ ئەوەی جاین گری ببێتە شاژنی داهاتووی بریتانیا هاوکات لەگەڵ هەبوونی خوشکە بچوکەکەی ماری واتە ئێلیزابێت کارێکی ئاسان نییە. جان دادلی بۆ ئەوەی کە ڕێگای جێنشینی بووکەکەی خۆش بکات، پاشای١٦ ساڵەی بریتانیای ناچار کرد کە بەر لە مردنی وەسیەتنامەیەك واژۆ بکاتو لەودا خوشکەکانی لەمافی دەسەڵات بێبەری بکاو جاین گری بۆ جێنشینی پێشنیار بکات.

ئێدڤاردی شەشەم مانگێك دوای واژۆی ئەو وەسیەتنامەیە لەرۆژی شەشەمی ژوئییەی ١٥٥٣دا مردوجان دادلی سێ رۆژ هەواڵی مردنی ئەوی شاردەوە تا ڕێگەی رازی کردنی ئەنجوومەنی پاشایەتی سەبارەت بە راگەیاندنی بڕیاری شاژنیی جاین گری خۆش بکات. جان دادلی هاوکات لەگەڵ ئەو کارە سەرقاڵی ئامادەکردنی هێزەکانو کۆکردنەوەیان لەخاڵە گرینگەکانی شاری لەندەن بوو کە هەر چەشنە بەرگرییەکی چاوەڕوانکراو لە بەرانبەر ئەو بڕیارە تێك بشکێنێ. زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پاشایەتی لەگەڵ پلانی جان دادلیو ناساندنی جاین گری وەك شاژنی بریتانیا ناکۆك بوون. بەڵام لەو هەلومەرجە پڕ مەترسیو خۆفەی کە لەلایەن ئەوەوە

١٢- ئەوکات بێلجیکاوشاری برۆکسێل بەشێك لەئێمپراتۆری ئیسپانیا بوو

13-Jane Gray

دروست کرابوو، بە ناچاری ناوەڕۆکی وەسیەتنامەکەی هانریان پەسەند کردو جاین گری لە رۆژی دەی ژوئییەی ساڵی ١٥٥٣ وەك شاژنی بریتانیا ناسرا.

هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجوومەنی پاشایەتی بریتانیاوە لە ڕێوڕەسمێکی مەزهەبی کە لە کەنێسەی ساینت پۆل بەڕێوە چوو، ئۆسقۆف"ریدلی"١٤ بە هاندانی جان دادلی هەردوو خوشکەکەی هانری هەشتەمی بە زۆڵ ناساندو ئاگری رقو تووڕەیی کاتۆلیکەکانی خۆش کرد. لەبەرئەوە کە لەروانگەی کاتۆلیکەکانەوە ماری نەتەنیا زۆڵ نەبوو بەڵکوو بە تەنیا منداڵی شەرعی هانری دەژمێردرا. ڕێبەرانی کاتۆلیکی بریتانیا هیچ کات لەو باوەڕەدا نەبون کە تەڵاقی دایکی ماریو زەماوەندەکانی دواتری هانری یاسایی بێت. بەیانیی ئەو رۆژەی کە بڕیاری هەڵبژاردنی جاین گری وەك شاژنی بریتانیا راگەیاندرا، ماری بەیارمەتی ژمارەیەك لەلایەنگرەکانی لە شاری لەندەن چووە دەرەوە. ڕێبەرانی کاتۆلیك داوایان لەلایەنگرەکانیان کرد لە بەرانبەر حکوومەتی شاژنی نایاسایی بەرگری بکەنو هەربۆیەش لە "ئێست ئانگلیا"١٥ ناوەندێکی بەرگرییان لە بەرانبەر ئەو حکوومەتە دامەزراند.

جان دادلی لە پێشەوەی هێزێکی سێ هەزارکەسی بەرەو ئەو بەشەی بریتانیا وەڕێکەوت تا هێزە لایەنگرەکانی ماری سەرکوتو خودی ماری دەستبەسەر بکاتو بیهێنێتەوە شاری لەندەن. هەروەها شەش پاپۆڕیشی بۆ پشتیوانی ئەو هێزانە نارده بەشی کەناراوی ناوچەی کۆبوونەوەکانی لایەنگرانی ماری. ئەو پاپۆڕانە هەروەها ئەرکی ئەوەیان لە ئەستۆ بوو کە نەهێڵن ماری لە ڕێگای دەریاوە هەڵبێت. بەڵام کارەساتەکان بە پێچەوانەی پلانەکانو تێبینییەکانی جان دادلی بوو. لەو پاپۆڕانەی کە بەرەو کەنارەکانی رۆژهەڵات بەڕێوە بوون راپەڕینێك بۆ لایەنگری لە ماری روویداو هەر شەش پاپۆڕەکە پێوەندییان بەهێزەکانی لایەنگری مارییەوە گرت. جان دادلی لە کۆمبریج لەم کارە ئاگادار کرایەوەو لەکاتی گەڕانەوە بۆ لەندەن بوو کە پێیان راگەیاند لە لەندەنیش خەڵك دژی حکوومەتی نوێ شۆڕشیان کردووە. لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی دانیشتووانی لەندەن پرۆتستان بوون، بەڵام لە بەرانبەرشۆڕشی لایەنگرانی ماری زۆریان بەر گری نە کرد،ئەمەش بەهۆی ئەوە بووکە شێوازی دادلی لە

14-Bishop Ridley

15-East Anglia

بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە قەبووڵ نەدەکراو تەنانەت پرۆتستانەکانیش شکیان لە یاسایی بوونی حکوومەتی جاین گری هەبوو. جگە لەمەش هەوادارانی ماری لە زمانی مارییەوە دەیانگوت: ماری ڕێز لە ئازادی بیرو باوەڕی مەزهەبی خەڵك دەگریٚو هیچ جیاوازییەك ناكات لەنێوان کاتۆلیكو پرۆتستانەکان. ماریو خوشکەکەی لە گەرماوگەرمی راپەڕینی دانیشتوانی لەندەن چوونە ناوشار. هاوڕێیەتی ئێلیزابێت لەگەڵ ماری متمانەی پرۆتستانەکانی زیاتر کرد، لەبەرئەوەی ئێلیزابێت پێڕەوی مەزهەبی پرۆتستان بووو ماری بە دەربڕینی خۆشەویستی بەو، وای دەنواند کە ڕێز لە بیرو باوەڕەکانی ئەو دەگریٚو هیچ دەمار گرژییەکی مەزهەبی نی‌یە. دانیشتوانی لەندەن بە بەرزکردنەوەی درووشمەکانی "هەربمێنیٚ مەلیکە ماری"و"خوا مەلیکە ماری بپارێزێت" پێشوازییان لێکردو زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی پاشایەتیش کە دوو حەوتوو پێشتر، جاین گرییان وەك شاژنی بریتانیا هەڵبژارد بوو، رایان گەیاند کە بە پێچەوانەی مەیل وخواستی خۆیان ملکەچی ئەو بڕیارە بوونو ئێستاش ماری، کچە گەورەکەی هانڕی هەشتەم وەك شاژنی یاسایی بریتانیا دەناسن. یەکەمین فەرمانی ماری دەرکردنی حوکمی دەستبە سەرکردنی جاین گریو مێردەکەی بوو. جان دادلیو هەوادارەکانی گیرانو گواسترانەوە بۆ شاری لەندەن. مەلیکە ماری هەوادارانی خۆی لەسەر پۆستەکانی مەزهەبیو دەوڵەتی دانا و"ئێستیێفێن گاردینێر"[16] (ئۆسقۆفی کاتۆلیك)یش کرا بە سەرۆکی وەزیران. لە دووهەمین حەوتووی پاشایەتی ماریدا ناوی ٢٧ کەس لەو کەسانەی کە دژی ئەو پیلانیان دارشتبووو دەیانەویست ریٚ لە دەسەڵاتی ئەو بگرن، پێشکەش بە ماری کرا. ئەو کەسانەی ئەو ناوانەیان دابوو بە ماری داوایان لێکرد لەکاتی دادگایی کردنیان تاوانی خەیانەتیان بخرێتە پاڵو سزای ئەم تاوانەش تەنیا ئێعدام بوو. مەلیکە ماری کە لەسەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات شێوازێکی هێمنی گرتبووە بەرو نەیدەویست حوکمڕانییەکەی بە خوێنڕیژی دەست پیٚبکات، ناوی بیست کەس لەو پیلانگێڕانەی سڕییەوە کە پێشنیاری دادگایی کردنیان درا بووو تەنیا فەرمانیدادگایی کردنی حەوت کەسیانی دەرکرد. هەر حەوتیان کە جان دادلی لەسەرەوەی هەموویانەوە بوو مەحکووم بە ئێعدام کران. مەلیکە ماری دەیهەویست لە هەموویان خۆش بێت، بەڵاٚم راوێژکارەکانی ئەویان لەم کارە پاشەگەز کردەوەو وتیان هێمنیی بەم رادەیە دەبێتە هۆی نەترسانی بەرهەڵستکارەکانی تریش نەترسن. لە ئەنجامدا بە پێداگرتنی مەلیکە ماری چوار کەسیان لە مردن رزگاریان بووو تەنیا سیٚکەس، جان دادلیو دوو هاوکارە سەرەکییەکەی لە سێدارە دران.

16-Phen Gardiner

دوو کەس لەو تاوانبارانەی کە بە پێداگری مەلیکە ماری لە مەرگ رزگاریان بوو، جاین گریو هاوسەرەکەی بوون کە لە تاوەری لەندەن زیندانی کرانو فەرمان درا لەدوو بەشی جیاو دووری تاوەرەکە بەند بکرێن. هۆکاری خۆپاراستنی مەلیکە لە قەبووڵ نەکردنی حوکمی کوشتنی جاین گری ومێردەکەی ئەوە بوو کە دەیزانی ئەو دووانە ئامێری دەستی جان دادلی بوون بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی و لەو باوەڕەدا بوو کە جاین لە رووی مەیلو ئیرادەوە خوازیاری پلەی پاشایەتی نەبووە. فەرمانی جیا لەیەك راگرتنی ئەم ژنو مێردە کردەوەیەکی خۆپاراستن بوو تا نەوەك جووت بوونی ئەو دوانە ببێتە هۆی درووست بوونی منداڵێك کە لە داهاتوودا داوای پلەی پاشایەتی بریتانیا بکات !مەلیکە ماری لە سێپتەمبەری ساڵی ١٥٥٣ لە کەنێسەی "وێست مینستێر"[17] تاجی لەسەرناو یەکەمین ژن بوو کە دوای چوارسەد ساڵ بوو بە پاشای بریتانیا.

لەو کاتەدا ئەو کچێکی سیوحەوت ساڵاٚن بوو کە ئاسەواری دەردو رەنجی درێژی ژیان لەژێر دەستی پێنج زڕ دایك، لە روخسارو سەرو چاوی لاوازو زەردی دەبینرا. هەوادارانی مەلیکەماری هەر لەسەرەتاوە لە بیری پەیداکردنی مێردێکی باشو گونجاو بوون بۆی. بەڵاٚم جیاوازی را لەسەر ئەم بابەتە بووە هۆی سەرهەڵدانی بۆشاییو ناکۆکی لەنێوان شاژنو لایەنگرانی.

شاژن خوازبێنیی کەسایەتییە بەرچاو ڕێزدارەکانی بریتانیای کە داواکاری زەماوەند لەگەڵ ئەو بوون، قەبووڵ نەکردو لە جیاتی ئەوان پێشنیاری کوڕە خاڵەکەی (پاشای ئیسپانیا) بۆ زەماوەند لەگەڵ کوڕە گەورەکەی (فلیپ) قەبووڵ کرد کە دوازدە ساڵ لەو بچووکتر بوو. یەکەمین کەس کە دژی ئەم زەماوەندە راوەستا، سەرۆك وەزیرانی شاژن بوو کە دەیزانی گەلی بریتانیا زەماوەندی شاژنو شازادەی ئیسپانیایان پێخۆش نی‌یەو بەتایبەت کە دایکی مەلیکەش ئیسپانیاییەو بەو زەماوەندە دەرباری بریتانیا دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرباری ئیسپانیا.

بەڵاٚم ئامۆژگاریو راسپاردەکانی گاردینێر(سەرۆکی وەزیران)و لایەنگرانی شاژن کاریگەر نەبووو مەلیکە ماری بە کەللەرەقییەکی زۆرەوە بۆ دابینکردنی ئاواتی دڵی هەڵویستی گرت. رۆژی دەی ژانڤییەی ساڵی ١٥٥٤نوێنەری دەرباری ئیسپانیا بە شێوەیەکی فەرمی بۆ بەستنی گرێبەندی زەماوەند هاتە لای مەلیکە ماری. شاژن بۆ بەدەست هێنانی رەزایەتی گەلی بریتانیا ئەو مەرجەی خستە نێو گرێبەندەکە کە مێردەکەی دەست لە کاروباری بریتانیا وەرنادات. بەڵاٚم هیچ گرێنتییەك

17-Westminster

لە ئارادا نەبوو کە ئەم مەرجە جێبەجێبکرێت، لە بەرئەوەی مێردی شاژن هەر دەیتوانی لە ڕێگای ئەوەوە ئامانجەکانی دابین بکات. پێش ئەوەی ڕێوڕەسمی ئەو زەماوەندە بەڕێوە بچێت، چەند جوولانەوەیەك لە دژی ئەو زەماوەندە لە لەندەن و بەشەکانی‌تری بریتانیا دەستی پێکرد. لەسەرووی ئەو جوولانەوە بەرهەڵستکارییانەدا چەند کەس لە کەسایەتییە ناسراوەکانی بریتانیا، وەك لۆرد "دیڤۆن"[18] و"سێر تۆماس ویات"[19] و "دووك سۆفولك"[20] ڕاوەستا بوون. لۆرد دیڤۆن یەکێك لە داواکارەکانی زەماوەند لەگەڵ شاژن بووو سێرتۆماس ویات بە یەکێك لە ئازاترین و بەجەرگترین سەرکردەکانی سەربازی دەژمێردراو دووك سۆفۆلك، باوکی جاین گری لەگەڵ ئەو بەڵایەی کە بە سەر کچەکەیدا هاتبوو هێشتاش متمانەو دەسەڵاتی زۆری هەبوو. هاوکات لەگەڵ شۆڕشێك کە لە لەندەن دەستی پێکردو لۆرد دێڤون و دووك سۆفۆلك ڕۆڵێکی گرینگیان تێیدا هەبوو، سێر تۆماس ویاتیش بەهێزێکی پازدە هەزارکەسی بەرەو لەندەن وەڕێکەوت. ئەنجوومەنی پاشایەتیش نەیتوانی بۆ بەرگری لە بەرانبەر ئەو مەترسییەدا هەڵوێست بگرێ و هێزکانی شاژنیش دیسان داوایان لێدەکرد کە پاشەگەز بێتەوە لە بڕیارەکەی سەبارەت بە زەماوەند لەگەڵ شازادەی ئیسپانیایی. بەڵام شاژن بە تەنیا بڕیاری بەرنگار بوونەوەی هێرش بەران و یاخی بوانی دەرکردو بۆ پێشگیری لە هاتنە ژوورەوەی هێزەکانی ویات بۆ لەندەن، فەرمانیدا پردەکانی سەر ڕووباری تیمس بڕوخێنن. لەگەڵ ئەوەش حەوت هەزارکەس لە هێرش بەران توانیان لە ڕووباری تیمس بپەڕنەوەو بچنە ناو شاری لەندەن. ئەنجوومەنی پاشایەتی کەوتە بیری ئاشتی و پێکهاتن، بەڵام تەنیا مەرجی ویات بۆ ئاشتی و پێکهاتن ئەوە بوو کە شاژن بەڵێن بدات لەگەڵ کەسێکی بریتانی زەماوەند بکات. مەلیکە ماری ئەندامانی ئەنجوومەنی پاشایەتیی بانگ کردو ووتی هیچکەسێك ناتوانێ مێردێکی‌تری بە سەر دابسەپێنێ و ئەگەر بڕیاربێت لە زەماوەند لەگەڵ ئەو پیاوە کە خۆی دەیهەوێ پاشەگەز بێتەوە هیچکات مێرد ناکات. لەو کاتەدا مەلیکە ماری بۆ بەرەنگاری هێرشبەرەکان هێزێکی دەهەزارکەسی و تۆپخانەیەك و ١٥ هەزار سواری ئامادە کردو لە هێرشێکی لەنەکاو خافڵگیرانەدا ئەوانی پەڕش و بڵاو کرد. سەدان کەس لەسەر کردە شۆڕشگێڕو هێرشبەرەکان دەستبەسەرو مەحکووم بە مەرگ کران و بە ماوەی ١٥ ڕۆژ دانیشتوانی شاری لەندەن شایەتی لە سێدارەدرانی ئەوان لەشەقامە

18-Earl of Devon
19-Sir Thomas Wyatt
20-Duke of suffok

سەرەکییەکانی شار بوون. دووك سۆفۆلك(باوکی جاین گری)و سێر تۆماس ویات لەو کەسانە بوون کە لە سێدارە دران. ماوەیەك دوای سەرکوتی شۆڕش، مەلیکە ماری کە بە پێچەوانەی سەرەتاکانی پاشایەتی، شێوازی زەبرو زەنگ و تووڕەیی گرتبووە پێش، فەرمانی کوشتنی جاین گری و مێردەکەی دەرکردو بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگای توندو نامرۆڤانەی سەربڕینی بەکار هێنا. ماری لەسەرەتای پاشایەتی بە پێشگیری لە جێبەجێکردنی حوکمی کوشتنی جاین گری و مێردە کەی، دانی بە بێ‌تاوانی ئەوان دانا بوو، بەڵام سەربڕینی ئەو ژنە جوانە هەژدەساڵەیە جگە لە هەستی تۆڵە سەندنەوەو قین لە دڵگرتن هۆیەکی‌تری نەبوو.

کارێکی‌تری مەلیکە ماری کە بووە هۆی تووڕەیی و نارەزایی بەتایبەت لەنێوان پرۆتستانەکان، بریتی بوو لە دوورخستنەوەی ئێلیزابێت و دوایش بەند کردنی لە تاوەری لەندەن. ئێلیزابێت هیچ تاوانێکی نەبووو هۆی تاوانبارکرانی ئەو لە مەڕ پێوەندی بە یاخی بووان و بەرهەڵستکارانی شاژن درۆ بوو. بەپێی هەندێك بەڵگە کە دواتر بەدەست کەوت، ڕوون بۆوە کە مەلیکە ماری لەژێر کاریگەری و بەگوێدا خوێندنی نێردراوی پاشای ئیسپانیا بۆی دەرکەوتووە کە بوون و مانەوەی خوشکەکەی لەدەربار دەبێتە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی ئەو. لە هەندێك لەسەرچاوەکاندا نووسراوە کە نێردراوی پاشای ئیسپانیا (ڕێنارد)[21] بە مەلیکە ماریی وتووە هەتا ئێلیزابێت زیندوە تەخت و تاجی ئەو لە مەترسیدا دەبێت، بەڵام ماری ئامادە نەبووە بڕیاری کوشتنی خوشکی بدات و تەنیا بە بەندکردنی ئەو لە تاوەری لەندەن ڕازی بوو.



وێنەی ئێلیزابێتی یەکەم لە سەرەتاکانی دەسەڵات

21-Renard

پرەنس فلیپی دەزگیرانی مەلیکە ماری رۆژی بیستەمی ژووئیەی ساڵی ١٥٥٤ رۆیشتە بریتانیاو لە رۆژی ٢٤ی ژووئیەدا رێورەسمی زەماوەندی ئەوان بە جێژنێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو. ماری کە لەتەمەنی ٣٨ ساڵیدا ببوو بە بووك، زۆر هۆگرو ئاشقی مێردە ٢٦ ساڵەکەی بووو هەر بەو شێوەیەی کە چاوەڕوان دەکرا لەژێرکاریگەری تەڵقینەکانی ئەودا هەندێك کاری کرد کە بووە هۆی لاواز بوونی حکوومەتو بەدناوی ئەو تائەبەد. مەلیکە ماری بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی کە لەسەرەتای دەسەڵاتدا سەبارەت بەئازادی مەزهەب لە بریتانیا دابووی، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٥٥٤ پەرلمانی بریتانیای ناچار کرد کە مەزهەبی کاتۆلیك بکاتە مەزهەبی رەسمی بریتانیا. دوابەدوای پەسەند کرانی ئەم یاسایە، ئازاری پرۆتستانەکانیش لەبریتانیا دەستی پێکردو قەشەکانو بانگەشەکەرانی پرۆتستان بە تاوانی کوفرو لادان لە دین راوەدوو نران. یەکەمین قەشە کە دەستبەسەر کراوو بە شێوەیێکی ناحەزو نامرۆڤانە بە زیندوویی ئاگری تێبەردرا "جان رۆجێرز"[22] بوو. دوای ئەو نۆبە گەیشتە چەند ئۆسقوفێکی بەرچاوو لێهاتووی وەك "هۆپێر"[23]و"لاتیمێر"[24]و ریدلی کە هەرسێکیان دوای سووکایەتی پێکردنو ئەشکەنجە ئاگریان تێبەردرا. شاژن خۆی فەرمانی گرتنو کوشتنی ریدلیی دەرکرد. ئەمەش لەبەر ئەوەکە ریدلی هەمان ئەو ئۆسقوفە بوو کە لە رێورەسمی راگەیاندنی جاین گری وەك شاژنی بریتانیا بەشداری کرد بووو ماریو ئێلیزابێتی بە زۆڵ ناساندبوو. لە سێ‌سەد ئۆسقوفو قەشەی پرۆتستان کە لە ماوەی دەسەڵاتی مەلیکە ماری لە ئاگردا سوتان، بەسەرهاتی "تۆماس کرانمێر"[25]، ئۆسقوفی گەورەی کاشێربووری لە هەمووان تراژێدیترو نامرۆڤانەتر بوو. ئۆسقوف کرانمێر کارامەترینو بەرچاوترین رێبەری پرۆتستانەکانی بریتانیا بوو کە مەلیکە ماری پێی وابوو ئەگەر ئەو ناچاربە تۆبەو داوای لێبووردن و پاشەگەزبوونەوە لەمەزهەبی پرۆتستان بکات، پرۆتستانەکانی تری بریتانیاش پێڕەوی لێ دەکەنو دەگەڕێنەوە سەرمەزهەبی کاتۆلیك. کرانمێریان لەژێر ئەشکەنجە ناچارکرد حەوت جار لێبووردننامەکەی واژۆ بکاتو دوایش ئەویان لەبەرامبەر ئاگرێك داناو ئیختیاری هەڵبژاردنی سووتاندن یان خوێندنەوەی لێبووردننامەکەو رەدکردنەوەی مەزهەبی پرۆتستانیان لە بەرچاوی خەڵك پێدا. کرانمێر لەبەر چاوی دانیشتوان

22-John Rogers
23-Hooper
24-Latimer
25-Thomas Cranmer

هاواری کرد لێبووردننامەکەی لەژێر ئەشکەنجەو بە پێچەوانەی بیرو باوەڕی واژۆ کردووە. دواییش دەستی راستی بەرەو گڕی ئاگرەکە درێژکردەوەو لە کاتێکدا هاواری دەکرد "بسوتێ ئەودەستەی بەڵگەیەکی وەها سەر شۆڕانەی واژۆ کردووە"، خۆی خستە نێو ئاگرەکە. ئەو مێژوونووسو سایکۆلیستانەی کەسەبارەت بە ژیانو کارەکانی ماری وەردبوونەتەوەو لێکۆڵینەوەیان کردووە، لە بەراورد کردنی رەوشتی هێمن ومرۆڤانەی ماری لەسەرەتاکانی پاشایەتیو زەبرو زەنگو تووڕەیی سێ ساڵی کۆتایی حکوومەتەکەی دەڵێن: تەواوی تاوانەکانی ئەو لە بەگوێدا خوێندنو لەمێشك رۆکردنەکانی مێردەکەی سەرچاوەی گرتووە. لەبەرئەوەی ماری لە رادەبەدەر ئەوی خۆش دەویستو پێی خۆش نەبوو یان نەیدەتوانی لە فەرمانەکانی ئەو لابدات. فیلیپ کە دواتر بوو بە پاشای ئیسپانیا، کردەوە ناحەزو چەپەڵەکانی دەورانی "ئەنکوێزیسیۆن"[26]ی لە ئیسپانیاو بەشە داگیرکراوەکانیتری دووپات کردەوەو سرووشتی خۆی وەدەرخست. زۆری تەمەنی خاڵی لاوازی مەلیکە ماری لەبەرامبەر مێردەکەی، بوو کە لەکاتی زەماوەند لەگەڵ فیلیپ گەیشتبووە ٤٠ ساڵو دەیهەویست بەهەر نرخێك بێت مێردە لاوەکەی رازی بکات. بەڵام فیلیپ کە بۆ دابینکردنی ئامانجە سیاسییەکانی باوکی ئەو زەماوەندەی کرد بووو کەمترین هۆگریو خۆشەویستیی سەبارەت بە ماری نەبوو، دوای ساڵێك ژیان لەگەڵ ماری لە هاونشینی ئەو وەڕەز بووو بە بیانووی بینینی باوکی گەڕایەوە ئیسپانیا. ئاواتی ماری سەبارەت بە دونیا هێنانی منداڵێك بۆ مێرد کەی نەهاتە دیو بەدڵتەنگی مالاوایی لە فیلیپ کرد. دوای گەڕانەوەی فیلیپ بۆ ئیسپانیا، پاشای ئیسپانیا بەقازانجی کوڕەکەی وازی لە تەختی دەسەڵات هێناو فیلیپ بەناوی فیلیپی دووهەم لە ژانڤییەی ساڵی ١٥٥٦ لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت.

فیلیپ بە بیانووی کێشەو گیروگرفتەکانی بەڕێوبەرایەتیی دەسەڵات، لە گەڕانەوە بۆ بریتانیا خۆی دەپاراستو تەنانەت لەو ماوەیەی کە لە برۆکسێل بوو زەحمەتی سەفەری بۆ بریتانیاو بینینی هاوسەری بە خۆی نەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بڕیارێکی گرینگ لە لەندەن بەبێ راوێژ

٢٦- Inquisition یانی لێپرسینەوەی بیروباوەڕو ناوی دادگایەکی مەزهەبییە کە لە سەدەی ١٢ی زایینی بۆ لێپرسینەوەی بیرو باوەڕی خەڵکو بەدواداگەڕانی ئەو کەسانەی بیرو باوەڕیان جیاواز بوو دامەزراو تا سەدەی حەڤدەیەم لە ئێمپراتۆریەتی ئیسپانیا دا مابوو.

لەگەڵ دەرباری ئیسپانیا نەدەدراو گەلی بریتانیاش لەوە کە بەکردەوە چووبونە ژێر فەرمانی ئیسپانیا زویر ببوون. لەو کاتانەدا پیلانێك بۆ کوشتنی شاژن ئاشکرا بوو. پیلانگێڕەکان کە ژمارەیەکیان لە لەئەندامانی دەربار بوون دەستبەسەرو دواتریش کوژران. مەلیکە ماری لەم ڕێکەوتەوە بەم لاوە لە ترسی گیانی لە کۆشکی تایبەتی خۆی کە بە توندی دەپارێزرا نەدەهاتە دەرەوەو جگە لە چەند کەسێکی‌دیاریکراو، کەس دەستی پێی ڕانەدەگەیشت. لەو کاتەدا مەلیکە ماری بە پاڕانەوە داوای لە مێردەکەی دەکرد کە بۆ بینینی ئەو بگەڕێتەوە لەندەن‌و لە ئاکامدا فیلیپ لەمانگی مارسی ١٥٥٧ جارێکی‌تریش هەنگاوی نایە سەر خاکی بریتانیا. ئامانجی فیلیپ لەو سەفەرە بینینی ژنێك نی‌یە کە کەمترین هۆگری پێ نەبوو، بەڵکوو دەیهەویست لە کارتێکەرییەکەی لە هاوسەری کەڵك وەرگرێ هەتا بریتانیا لەگەڵ ئیسپانیا بۆ شەڕ لەگەڵ فەڕانسە ڕێك بخات. بەلاّم گەلی بریتانیا بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون بەشداری لە شەڕێکدا بکەن کە هیچ قازانجێکی ئەوتۆی تێدا نییە بۆیان. بەلاّم لەم کاتەدا خودی فەڕانسییەکانیش هەڵەیەکیان کردو ئەم هەڵەیەش یارمەتی دەربوو بۆ ئەوەی پیلانەکانی فلیپ لەمەڕهێنانە ناوەوەی بریتانیا بۆ شەڕی فەڕانسە سەربگرێت. گرووپێك لە بەرهەڵستکارانی ماری کە دژی درێژە کێشانی دەسەلاّتی ئیسپانیا لەسەر دەرباری بریتانیا بوون‌و چەند کەسێك لە نەجیب زادەکانی کاتۆلیکیشیان لەگەڵ بوو، بە پاپۆڕێکی فەڕانسی هاتنە کەنارەکانی بریتانیا و دوای داگیر کردنی قەلاّو سەنگەرەکانی ئەم ناوچەیە، گەلی بریتانیایان بۆ ڕاپەڕین دژی حکوومەتی شاژن هاندا.

بەلاّم ژمارەی شۆڕشگێڕەکان‌و ئەو کەسانەی کە پێوەندییان پێوە گرتن کەم بوو. مەلیکە ماری دوای تێکشاندنی ئەو شۆڕشە فەرمانی‌دا سەری هەموو دیلکراوەکان بپەڕێنن. ماری لەسەرەتاکانی مانگی ژووەنی سالّی ١٥٥٧ شەڕی دژی فەڕانسە ڕاگەیاندو فیلیپ کە بە مەبەستی خۆی گەیشتبوو مانگێك دواتر بە بیانووی سەرپەرشتی چالاکییەکانی شەڕی دژی فەڕانسە، ماریی بەجێهێشت. ماری بۆ بەڕێکردنی فیلیپ چووە بەندەری "دۆڤێر"[27] و بە چاوی گریانەوە مالاّوایی لە فیلیپ کرد. ئەوە دواین دیمانەی ئەوان بوو، لەبەرئەوەی کە ماری ئیتر هەرگیز هاوسەرەکەی نەبینی‌یەوە. شەڕی بریتانیاو فەڕانسە لەسەرەتادا بە قازانجی بریتانیا

27-Dover

دەڕۆیشتە پێشێو فەڕانسییەکان کە خافڵگیر ببوون بەشێك لە زەوییەکانی کەنارەیان لە دەست دا، بەلاّم لە کۆتاییەکانی سالّی ١٥٥٧ بە هێرشە بەرپرچدەرەوەکانی هێزەکانی فەڕانسە، بریتانیاییەکان لە تەواوی بەرەکانی شەڕ ناچار بە پاشەکشە کران‌و ڕۆژی هەشتەمی ژانڤییەی سالّی ١٥٥٨ دواین پێگەی بریتانیا لە خاکی فەڕانسە (کالایس)[28] کە پێش دەستپێکردنی شەڕیش هەر لە دەست بریتانیادا بوو، گیراو بەوەش بریتانیا ئیتر لە بەشی ئەورووپادا جێگایەکی نەما. داواکارییە یەك لە دوای یەکەکانی ماری لە فیلیپ بۆ ئەوەی کە یارمەتی بدات کالایس وەر گرێتەوە، بێ‌ئاکام مایەوەو ماری لەسەرەتاکانی پاییزی سالّی ١٥٥٨ نەخۆش کەوت‌و لە ڕۆژی ١٧ ی نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا لە کاتێك کە ناوی فیلیپ‌و کالایسی لەسەر زار بوو مرد.

***


مەلیکە ماری لەکاتی مردنیدا یەکێك لە دزێوترین پاشاکانی بریتانیا بوو کە نازناوی ماری خوێنخۆر یان ماری خوێنمژی بۆ ماوەتەو ئەمڕۆکەش هەر لەسەر زمانە. بەو ڕقەی کە لە کارەکانی ماری لەنێوان خەڵك دروست ببوو، هەموو خەڵك چاویان بڕیبووە خوشکەکەی‌و ڕۆژی دوای مردنی ماری بۆ ئازاد کردنی ئێلیزابێت بەرەو تاوەری لەندەن وەرێکەوتن. پەرلمانی بریتانیاش کە لە کۆتاییەکانی دەسەلاّتی ماری بەکردەوە دەسەلاّتی نەمابوو، لەکۆبوونەوەیەکی نائاسایی‌دا ئێلیزابێتی وەك شاژنی بریتانیا هەڵبژاردو ئێلیزابێتیش دەستبەجێ لە کونجی بەندیخانەوە گوازرایەوە کۆشکی پاشایەتی. هەڵبژاردنی خێرای ئێلیزابێت وەك شاژنی بریتانیاو گواستنەوەی ئاسانی دەسەلاّت بۆ ئەو، بەرهەمی چەند فاکتەر بوو کە گرینگترینیان بریتی بوو لە ئالۆزی باروودۆخی بریتانیا لە کۆتاییەکانی دەسەلاّتی ماری‌و پێویستی‌و مەیلی خەڵك بۆ جێگیر بوونی بارودۆخی وەلاّت دوای مردنی ماری. جگەلەمەش لەکاتی مردنی مەلیکە ماری هیچ داواکارێکی‌تری تاج‌و تەخت لە بریتانیا نەمابوو. پەرلمانی بریتانیا لەو هەل ومەرجەدا وای دەبینی کە هەڵبژاردنی ئێلیزابێت وەك شاژنی بریتانیا باشترین ڕێگایە بۆ دابینکردنی یەکیەتی‌و یەك پارچەیی گەلی بریتانیا. تەنیا دڵە خوورپەی بەریتانیاییەکان لە هەلبژاردنی ئێلیزابێت وەك شاژنی ئەو ولاّتە ئەوە بوو کە ئەو ئازارو ئەشکەنجانەی کە لەکاتی حکوومەتی

28-Calais

مەلیکە ماری دەکرایە سەر پرۆتستانەکان ئەمجارەیان بکرێتە سەر کاتۆلیکەکان. ئێلیزابێت پێڕەوی مەزهەبی پرۆتستان بووو لەگەڵ پێداگری ماری بۆ ئەوەی کە ئێلیزابێت مەزهەبی کاتۆلیك قەبووڵ بکات، ئێلیزابێت قەت ئامادە نەبوو مەزهەبی کاتۆلیك قەبووڵ بکات. بەلاّم لایەنگرانی ئێلیزابێت لە پەرلمانی بریتانیا لە رێگای "ویلیام سیسیل"[29]، وەزیری ئێدواردی شەشەمو پیاوی رێزداری پرۆتستانەکانەوە توانیان پەرلمان رازی بکەن کە ئێلیزابێت ئازادی مەزهەب لە بریتانیا مسۆگەر دەکاتو هیچ بەر تەسکییەك بۆ پێڕەوانی مەزهەبی کاتۆلیك درووست نابێت. ویلیام سیسیلو گرووپێك لە پیاوانی پەرلمان بە سەرۆکایەتی ویلیام کە بۆ بینینی ئێلیزابێت رۆیشتنە تاوەری لەندەن، دوای ئەوەی پێیان راگەیاند بۆ پۆستی پاشایەتی هەڵبژێردراوە، لەگەڵ خۆیان هێنایانە کۆشکی پاشایەتی بریتانیا. ویلیام سیسیل ئەو پەیمانەی کە وەك پرۆتستانێك سەبارەت بەئازادی مەزهەب لە بریتانیا دابووی بۆ ئێلیزابێتی دووپات کردەوەو ئێلیزابێتیش دوای پاڵپشتی کردنی ئەو پەیمانە نازناوی "لۆردبۆرگلی"[30] پیّبەخشی. ئێلیزابێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیمانەی کە دابووی بە لۆردبۆرگلی، (راوێژکارە سەرەکیەکەی لە تەواوی دەورانی دەسەلاّت) لە یەکەمین وتاری خۆیدا وەك شاژنی بریتانیا، ئازادی بیروباوەڕی مەزهەبیی لەم ولاّتەدا راگەیاندو تەنانەت لەگەڵ نووسینی نامەیەکی پڕ لە رێز بۆ پاپ ئامادەیی خۆی بۆ دانانی پێوەندی نێزیكو دۆستانە لەگەڵ پاپ راگەیاند. ئێلیزابێت لەسەر ئەوە سووربوو کە یەکێك لە ئۆسقۆفەکانی کاتۆلیك لە رێوڕەسمی تاج لەسەرنان، تاجی لەسەر دابنێت.

بەلاّم تەنیا یەك ئۆسقۆفی کاتۆلیك ئامادە بوو لەو رێوڕەسمەدا بەشداری بکات. لەبەرئەوەی ئەو سوێندەی کە دەبوایە شاژن بیخواردبوایە نیشانەی دەسەلاّتی ئەو لەسەر کەنیسەی بریتانیا بووو هیچ مەرجێکی سەبارەت بە پێڕەوی شاژن لە پاپ نەدەگرتە خۆ. مەلیکە ئێلیزابێت کە لەمێژووی بریتانیا بەناوی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم ناوبانگی هەیە لەسەرەتای دەسەلاّتدا بەکردەوە رێگای لەهەر جۆرە دەست تێوەردانێکی پاپ لە کاروباری بریتانیا گرت، بەلاّم بەو رێزو رەوشتە هێمنەی کەسەبارەت بە پێڕەوانی مەزهەبی کاتۆلیك لە بریتانیا بەکاری هێنا، رێگای لەسەر هەڵدانی شەڕێکی نوێی مەزهەبی گرت.

29-William Cecil
30-Lord Burghley



ئێلیزابێتو دوو کەس لە وەزیرو راوێژکارە کارامەکانی، "بۆرگلی"و "واڵسینگهام".

بە کاربردنی ئەم سیاسەتە بە لەبەرچاو گرتنیئەو توورەییو دڕندەییانەی کە کاتۆلیکەکان لە دەورانی دەسەلاّتی مەلیکە ماری سەبارەت بە پرۆتستانەکان دەیان نواندو هەستی تۆڵە سەندنەوە لەنێوان زۆربەی پرۆتستانەکان کارێکی ئاسان نەبوو، بەلاّم ئێلیزابێت بە مشوورو سیاسەتو یارمەتی راوێژکارەکانی کە هەموویان لە کەسایەتییە رێزدارو دەسترۆیشتووەکانی پرۆتستان بوون، توانی ئەو هەستانە لەژێر چاوە دێری خۆی بگرێو لە بەرێوەچوونی هەر چەشنە توندو تیژییەك سەبارەت بە کاتۆلیکەکان پێشگیری بکات.

کاتێك ئێلیزابێتی یەکەم تاجی دەسەلاّتی لەسەر نا بیستو پێنج ساڵان بوو کە بۆ ئافرەتێکی گەنج لەو پایەو پۆستەدا زەماوەندو پەیداکردنی هاوسەری شیاو بە گرینگترین بابەت بۆ ئەو دەژمێردرا. ئەو بابەتە نەتەنیا لەروانگەی تاك بەڵکوو لە ئاست تێڕوانینی سیاسیشەوە گرینگ بوو بۆ گەلی بریتانیا. لەبەرئەوەی شاژن دەیتوانی بە زەماوەندێکی سیاسی پێوەندییەکانی

بریتانیا لەگەڵ وڵاتانی‌تری ئەورووپا پتەوتر بکاتو لەوەش گرینگتر، بەو زەماوەندە میراتگرێکی یاسایی بۆ تاجو تەختی بریتانیا بە دونیا بێنێتو ڕێگا لە خوازەرانی ئەم پۆستە لە داهاتوودا بگرێت. یەکێك لە یەکەم خوازبێنی کەرەکانی ئێلیزابێتی یەکەم دوای پاڵدانەوە بە تەختی دەسەڵات فیلیپی دووهەم، پاشای ئیسپانیاو هاوسەری پێشوی ماری بووکە لە پێشنیاری زەماوەند لەگەڵ ئێلیزابێتیش وەك زەماوەندەکەی پێشوی مەبەستی سیاسی بوو. بەڵام ئێلیزابێت کە ئاگاداری نەفرەتی گەلی بریتانیا لەو کەسە بوو، بە پەلە پێشنیارەکەی ڕەد کردەوە. دوایش نۆبە گەیشتە هانری سێهەم پاشای فەرانسە کە ١١ساڵ لەو بچووکتر بوو هەر بۆیەش ئێلیزابێت مەیلی نەبوو زەماوەندی لەگەڵ بکات. ئێلیزابێت پێشنیاری شازادەیەکی‌تری فەرانسەو نەجیب زادەیەکی بریتانیشی ڕەد کردەوەو کاتێك بە ساڵا چوو بە لایەنگرانی گوت ئیتر نایەهەوێ زەماوەند بکاتو ئامادە نی‌یە گوێ بگرێ لە هیچ پێشنیارێکی‌تری زەماوەند. لەو ڕێکەوتەوە بەملاوە مەلیکە ئێلیزابێت نازناوی مەلیکەی "باکرە"ی وەرگرتو"سێروالتێررالی"[31]، دۆزەری گەورەی بریتانیا لەسەردەمی ئەو کە یەکەم جار پێی خستە سەر ڕۆژی هەڵاتی ئەمریکا، وڵاتێکی نوێی دۆزییەوەو ناوی نا"ڤێرجینیا"[32] کە لە وشەی ویرجین بە واتای "باکرە" هاتووەو بەناوی شاژنی باکرە کراوە. مەلیکە ئێلیزابێت هەر وەك وتبووی تا کۆتایی ژیانی مێردی نەکردو نازناوی شاژنی باکیرەی پاراست، بەڵام ئەم بابەتەی کە لە ڕاستیدا لەگەڵ هیچ پیاوێك پێوەندی نەبووە جێگای گوومانە. لە هەندێك لەسەرچاوە مێژووییەکان بۆ وێنە "دایرەالمعارف"ی ئەمریکا هاتووە کە ئێلیزابێت بەر لە گەیشتن بە تەمەنی بیست ساڵی لەگەڵ سێر تۆماس سیمۆر، کەسایەتی دەسەڵاتداری دەورانی پاشایەتی براکەی (ئێدواردی شەشەم) پێوەندی ئاشقانەی بووەو بە توندی لە کوژرانی ئەو بەدەست براکەی زویر بووە.

لە ڕواڵەتدا هەر ئەو پێکانە رووحیەو مەینەتییەکانی ساڵانی بەندیخانە لە تاوەری لەندەن ئێلیزابێتی بۆ هەمیشە لە بیری زەماوەند لاداوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێلیزابێتی یەکەم لە ڕەگەزی نێر بێزار نەبووەو بەدرێژایی دەورانی پاشایەتی ئەو، پیاوانی زۆر وەك پەپوولە بە دەوری مۆمی جەستەی دەسووڕانەوەو لەخۆشەویستیو مێهرەبانی تایبەتی ئەو بەهەرەمەند بوون کە سێروالتێر ڕالی، دۆزەری ویرجینیا یەکێکە لەوان. لەگەڵ ئەوەشدا ئێلیزابێت بە پێچەوانەی

31-Sir Walter Raleigh
32-Virjinia


هاوتا رووسییەکەی، کاترینی گەورە "کە لە بەشەکانی داهاتوو داباسی دەکرێت" بە ڕادەیەك لە هەڵسوکەوت لەگەڵ پیاوان مەتینو خۆپارێز بووە کە هیچکام لە مێژوونووسان نەیان توانیوە بە مکوڕی سەبارەت بە پێوەندی ئیلیزابێت لەگەڵ یەکێك لە پیاوانی هاوچاخی را دەربڕن.

***

ئێلیزابێتی یەکەم نێزیك بە ٤٥ ساڵ، لە ساڵانی ١٥٥٨تا١٦٠٣ ی زاینی پاشایەتی کردو لەتەمەنی ٧٠ ساڵیدا مرد. ئەو کاتێك بە دەسەڵات گەیشت کە بریتانیا لەو پەڕی لاوازیو ئاڵۆزی دابوو، بەڵام کاتێك مرد بە بەهێزترین وڵاتی دەورانی خۆی دەژمێردرا. یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئێلیزابێت لەسەر دەسەڵات، هەڵبژاردنی پیاوانی لێهاتووو کارامە بۆ بەڕێوەبردنی‌کارەکانو نەرمو نیانیو باوەڕ بە وتوویژ بوو. هەرگیز رووی نەدا لە کارووباری گرینگی رامیاریو دەوڵەتیدا بەتەنیاو بێ لێکۆڵینەوەو ورد بوونەوەو راوێژ لەگەڵ خاوەن راکان بڕیارێك بدات. راوێژکارەکانی بەردەوام لە نێوان شارەزاترین پیاوەکان هەڵبژێردرا بوون کە لەنێوانیاندا جگە لە لۆرد بۆرگلی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەتوانین ناوی "سێرفرانیسس واڵسینگهام"[33] و "فرانسیس بیکێن"[34]، فەیلەسوفو نووسەری بەناوبانگی بریتانیا بهێنین. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئێلیزابێی یەکەم بریتانیا بوو بە گەورەترین هێزی دەریاییو دەریاوانانی بریتانیایی سەرانسەری جیهان گەڕان. یەکەمین دەریاوانی جیهان کە بە پاپۆڕکەی بە دەوری گۆی زەویدا سووڕایەوە، "فرانسیس درەیکی"[35] بریتانی بوو کە لە ڕەوتی ئەو سەفەرە دەریاییەو پێش گەڕانەوە بۆ بریتانیا هێرشی کردە سەر پاپۆڕێکی زێرهەڵگری ئیسپانیاییو زێرەکانی داگیر کرد. باڵوێزی ئیسپانیا لە بریتانیا نارەزایەتی لەو کارە دەربڕیو داوای دەستبەسەر کرانو سزادانی درەیکی کرد، بەڵام ئێلیزابێتی یەکەم وڵامی ئەو سکاڵایەی نەداوەو دوای گەڕانەوە نازناوی "سێر"ی پی‌بەخشی. دۆزەرانی بریتانیا لەکاتی پاشایەتی ئێلیزابێتی یەکەمدا سەفەریان دەکردە دوورترین جێگاکانی جیهان لە ئاسیاو ئەفریقاو جەمسەری باکوورو قارەی تازە دۆزراوەی ئەمریکاو ئەو وڵاتانەی کە دەیان دۆزییەوە داگیریان دەکرد. وڵاتە نوێیە دۆزراوەکان بە هەرێمی دەسەلاتی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەمەوە دەلکێنران

33-Sir Francis Walsingham
34-Francis Bacon
35-Francis Drake

و ئەو چەکدارانەی کە بۆ هەر ئەرکێکی دۆزینەوە سەفەریان دەکردە بەشە جیاوازەکانی جیهان، لەو وڵاتانەی کە دەدۆزرانەوە جێگیر دەبوونو لەماوەیەکی کورتدا بەهێزێکی یارمەتیدەرو نەفەراتی تازە بەهێز دەکران. ئێمپراتۆریەتی گەورەی بریتانیا کە خۆر لەو دا ئاوا نابێت لەکاتی ئێمپراتۆریەتی ئێلیزابێتی یەکەمدا بناغەی دانراو دواتر جێنشینەکانی لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا تەواویان کرد.



وێنەی کۆبوونەوەکانی پەرلمانی بریتانیا لە بەرانبەر مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم

گەورەترین رکەبەری هێزی دەریایی بریتانیا لەکاتی حوکمڕانی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەمدا، هێزی دەریایی ئیسپانیا بوو کە ئێلیزابێت شەڕی لەگەڵ کردنو هێزی گەورەی دەریایی ئیسپانیای لە گەڕان لە زەریاکان بێبەش کرد. شەڕە دەریاییەکانی بریتانیاو ئیسپانیا کەلەساڵی ١٥٨٨ دەستی پێکردو نێزیکی ١٥ساڵ و تا تەواو بوونی تەمەنی ئێلیزابێتی یەکەم درێژەی کێشا، بە سەرکەتنی هێزە دەریاییەکانی بریتانیا کۆتایی پێهات. [یەکێك لە گرینگترین رووداوەکانی سەردەمی پاشایەتی ئێلیزابێتی یەکەم گێرەو کێشەی درێژخایەنی ئەو لەگەڵ کچە مامەکەی (ماری ئێستوێراتی[36] شاژنی ئێسکاتلەندا) بوو] (***) کە دەستبەسەر

36-M ary Stuart

کراو دوایش کوژرا. ماری هاوسەری فەرانسوای دووهەمی پاشای فەڕانسە بوو کە لەتەمەنی هەژدە ساڵاندا هاوسەری لە دەست داو ساڵێك دوای مردنی هاوسەری لەساڵی ١٥٦١ گەڕایەوە ئیسکاتلەندا. ماری دوای ئێلیزابێت بەتەنیا میراتگری تاج وتەختی بریتانیا دەژمێردراو هەر بەو هۆیەشەوە ئێلیزابێتی یەکەم بە شكو نیگەرانی‌یەوە چاوەدێری کارەکانی دەکرد. تا ئەوە کە دوای زەماوەندی دووبارەی ماری لەگەڵ کوڕە مامەکەی (هانری ئیستۆرات) کە ئەویش لەریزی دەسەلاتخوازانی تاجو تەختی بریتانیا بووو بەتایبەتیش بە لەدایکبوونی کوڕێك لەو زەماوەندە کە بە میراتگری دواتری تاجو تەختی بریتانیا دەژمێردرا، دڵەخوورپەی ئێلیزابێتی یەکەم زیاتر بوو. پێوەندی شاراوەی ماری لەگەڵ مۆسیقازانێکی ئیتالیایی کە بووە هۆی کوژرانی ئەو لاوە بە دستی هانری ئێستۆراتو کوژرانی خودی هانریش دوای ئەو رووداوە کە دەوترا روون بۆوە خودی ماری لەم کوژرانەدا دەستی هەبووە، پێگەی ئەوی لەنێو خەڵکی ئیسکاتلەندا لەرزۆك کردو لە ئاکامدا زەماوەندی سێهەمی ماری لەگەڵ پیاوێکی پرۆتستانی بەناوی کۆنت "بوتۆل" لەساڵی ١٥٦٧ پتر لەجاران برواو پێگەی ئەوی لەنێوان گەلی ئیسکاتلەندا کەم کردەوەو ئەمەش بە جۆرێك بوو کە نەجیب زادەو گەورە پیاوانی ئیسکاتلەندا بە گژی داچوونو مارییان ناچار کرد کە بە قازانجی کوڕەکەی (جیمز) واز لە پۆستی شاژنی ئیسکاتلەندا بهێنێت. ماری ئێستۆارت دوای لەسەردەسەلات لاچوونیشی ماوەیەك لەبەندیخانەو لەژێر چاوەدێری دابوو و لەئاکامدا لەمانگی مەی ساڵی ١٥٦٨ هەلات بۆ بریتانیاو لەنامەیەکدا بۆ مەلیکە ئێلیزابێت، داوای پشتیوانیی لێکرد. ماری پێی وابوو کە دوای دوور کەوتنەوەی لە ئیسکاتلەندا ئێلیزابێت هەست بە هیچ مەترسییەکی ئەوتۆ لەلایەن ئەوەوە ناکات.


بەلاّم مەلیکە ئێلیزابیتی یەکەم بە رێنوێنی راوێژکارەکانی بەتایبەت لۆرد بۆرگلی، ئەوی خستە ژێر چاوەدێری. ماری ئێستوارت نێزیکەی دە ساڵ زیندانیو لەژێر چاوە دێریدا بوو، بەلاّم لە ساڵی ١٥٨٧ بە بەشداری کردن لە پیلانێك بۆ کوشتنی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەمو دەستبەسەر داگرتنی تاجو تەختی بریتانا تاوانبار کرا.

(***)گێرەو کێشەی درێژخایەنی ئێلیزابیتی یەکەم لەگەڵ کچە مامەکەی (ماری ئێستۆراتی شاژنی ئیسکاتلەندا) یەکێك لە گرینگترین رووداوەکانی سەردەمی پاشایەتی ئەوبوو.



ماری ئێستۆارت، شاژنی ئیسکاتلەندا کە بە فەرمانی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم سەریان لە جەستەی جیا کردەوە.

دادگایی کردنی ماری ئێستۆارتو ئەو بەرگرییە بوێرانەیەی ماری لەو دادگایی کردنەدا لەخۆی نیشاندا و لەکۆتاییشدا دیمەنی سەربڕینی ئەو لەکاتێکدا کە باشترینو جوانترین جلوبەرگەکانی لەبەر کردبووو بە رازاوییەکی زۆرەوە کە لەجاران جوانتر دەهاتە بەرچاو، بابەتی ئەو تراژێدیاو درامایانەیە کە دواتر بەقەڵەمی نووسەرانی بریتانیو فەرانسی نووسراوەو چەند جارێك هاتۆتە سەر پەردەی سینەماو تەختی شانۆ. لە زۆربەی ئەو داستانو نمایشانەدا مارییان بە بێ تاوان ناساندوەو واپێشان دەدرێ کە مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم بەهۆی لەمێشك ڕۆکردنی راوێژکارەکانی بەتایبەت لۆرد بۆرگلیو سێر فرانسیس والّسینگهام، فەرمانی کوشتنی ماری ئێستوارتی دەرکردووەو دواتر لەم کارە پەشیمان بۆتەوە.



تابلۆیکوشتنی ماری

لە سالاّنی کۆتایی دەسەلاّتی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەمیش چەند جار توندوتیژیو بێبەزەیی لێبیندراوە کە گرینگترینیان بەسەرهاتی سەرکردەیەکی لاوی بریتانی بەناوی "رۆبێرت دۆڤێرۆکس"[37]ە. مەلیکە ئێلیزابێت زۆر هۆگری رۆبێرت بوو بە جۆرێك لە هەندێك سەرچاوەکان ناوی ئەویان لە پێڕستی ناوی ئەو کەسانە تۆمار کردووە کە رەنگە مەلیکە ئێلیزابێت باسو خواستێکی لەگەڵ هەبووبێت. بەلاّم مەلیکە ئێلیزابێت لەساڵی ١٦٠١دوای شکستی رۆبیرت لە ئەرکێکی پێ ئەسپێردراوی شەڕدا فەرمانی کوشتنی ئەو لاوەی دەرکرد. رۆبێرت دۆڤێرۆکس بەوە تاوانبار کرا بوو کە دوای شکست لەو شەڕە ویستوویەتی بە پاشماوەی هێزەکانی شۆڕشێکی چەکداری لە دژی مەلیکە ساز بکات ...

❊❊❊

ئێلیزابێتی یەکەم لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی میراتگرو جێنشینی یاسایی ئەو (جیمز) کوڕی مارییە، دوای کوشتنی ماری ئێستۆارت لەدانانی جێنشین خۆی پاراستو دوای مردنی لەساڵی **١٦٠٣** جیمز بوو بە پاشای بریتانیاو **٢٢** ساڵ پاشایەتی کرد.

مێژوونووسان لەم بابەتە هاوبیرن کە ئێلیزابێتی یەکەم یەکێك لە بەهێزترینو سیاسەتمەدارترینو لەهەمان کاتیشدا ژیرترینو فێڵ بازترین ژنانی دەسەلاّتداری جیهان بووە. ئەو تێکەلاّوێکی سەیر لە وەردە کاریو توندوتیژیو نەرم ونیانیو کەللەرەقی بوو. وەك هەر ژنێك لەجوانکاریو تەرپۆشیو خۆرازاندنەوە چێژی وەردەگرت و دەگێڕنەوە کە زیاتر لە دووهەزار دەست جلوبەرگو هەزاران جووت پێلاّوو دەستکێشی بووە کە هەندێکیان وەك ئاسەواری هونەری کوون لە مووزەخانەکاندا پارێزراون. لەگەڵ ئەوەشدا رەوشتی ئەو زۆر جاران لە پیاو توندوتیژتر بووو لە هەندێك جاریشدا زۆر کەللە رەق بوو. شەڕی **١٥**ساڵەی لەگەڵ ئیسپانیا کە تا کۆتایی تەمەنی ئامادە نەبوو دەستی لێهەڵگرێو دەرکردنی فەرمانی کوشتنی ژمارەیەك لەنێزیکترین خزمو کەسەکانی، وێنەیەکە لەو توندوتیژیو کەللەرەقییانەیە. دەورانی دەسەلاّتی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم سەردەمی گەشەسەندنی فەلسەفەو هونەرو ئەدەبیاتی بریتانیایە .

هەر وەك پێشتر ئاماژەیپێکرا، فرانسیس بیکێن فەیلەسۆفی گەورەی بریتانیا یەکێك لە راوێژکارە نزیکەکانی مەلیکە ئێلیزابێتی یەکەم بوو. ویلیام شێکسپێەر گەورەترین شاعیرو درامانووسی بریتانیایی، بەناوبانگترین نووسراوەکانی خۆی لەم سەردەمەدا نووسیوە. شاعیرانو هونەرمەندان لە دەرباری ئێلیزابێتی یەکەم رێزو گرینگییەکی تایبەتیان هەبووو هونەرو ئەدەبیاتی بریتانیا دوای مردنی ئێلیزابێتیش درێژەی بە گەشەسندنی دا.

37-robert devereux

فەسڵی شەشەم

ژنانی دەرباری فەڕانسە

له ماری دۆمێدیسییەوە تا ماری ئانتوانت

له ماوەی دووسەد ساڵداو لەکاتی پاشایەتی هانری چوارەمەوە تا شۆڕشی گەورەی فەڕانسە لەساڵی ١٧٨٩ کە بووە هۆی رووخانی رژێمی پاشایەتی لەم ولاتە، پێنج پاشا لە فەڕانسە حوکمڕانیان کرد کە هەموویان زۆرو کەم لەژێرکارتێکەری دایكو هاوسەرو یان ئەڤیندارو خۆشەویستەکانیاندا بوون. هانری چوارەم یەکەم کەس لەو پاشایانە بوو کە لەگەڵ مارگارێت کچی بچووکی کاترین دۆمێدیسی زەماوەندی کردبوو. جێژنو زەماوەندی ئەو بەو جۆرەی کە لە بەسەرهاتی کاترین باسمان کرد بەرووداوی ناحەزی "ساینت بارتۆلۆمی" بە خوێن ئاوێتە بوو. هانری چەند ساڵ دوای دانیشتن لەسەر تەختی دەسەلآت مارگارێتی تەلآق داو لەتەمەنی ٤٧ ساڵیدا لەگەڵ کچێکیتر لە ماڵباتی دۆمێدیسی بەناوی ماری دۆمێدیسی زەماوەندی کرد.

ماری کاتی زەماوەند لەگەڵ هانری چوارەم ٢٧ ساڵی تەمەن بوو. "ماری دۆمێدیسی"١ کە کچێکی جوانو خاوەن کەسایەتی بوو هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ژینی هاوبەشی لەگەڵ هانری چوارەم، ئەوی خستە ژێر کارتێکەری خۆیو تا ساڵی ١٦١٠کە هانری چوارەم کوژرا، راوێژکاری سەرەکی ئەو بوو. ماری دۆمێدیسی لە هانری سێ کوڕو سێ کچی هەبووو کوڕی یەکەمی ئەو بەناوی لوویی سێزدەیەم بوو بە جێنشینی باوکیو کوڕی دووهەمی بەناوی نیکۆلای مردو سێهەمین کوریشی بەناوی "گاستۆن دوورلیانس"٢ رۆڵێکی گرینگی لە رووداوەکانی دواتری فەڕانسە نوواند کە لە جێگای خۆیدا ئاماژەی پێدەکرێ. لە کچەکانی ماری دۆمێدیسی : یەکەمیان بەناوی ئێلیزابێت بوو بە شاژنی ئیسپانیاو دووهەمیان بەناوی کریستین لەگەڵ دووك "ساڤیۆ پییێ مۆنت"٣ زەماوەندی کردو نازناوی "دووشیز"ی وەرگرتو کچی سێهەمیشی بەناوی هانریت لەگەڵ چارلزی یەکەم، پاشای بریتانیا زەماوەندی کردو بوو بە شاژنی بریتانیا.

1-Marie de medicis

2-Gaston D Oerleans

3-Savoie Piemont



وێنەی جێژنی زەماوەندی ماریو هانری چوارەم

دوای مردنی هانری چوارەم لەساڵی ١٦١٠ کوڕە گەورەکەی ماری دۆمێدیسی بەناوی لوویی سێزدەهەم کە ٩ ساڵی تەمەن بوو لەسەر تەختی پاشایەتی فەڕانسە دانیشتو دایکی لە پۆستی جێگری پاشادا هەوساری کارەکانی دەوڵەتی گرتە دەست. بەڕێوبردنی کاروباری فەڕانسە بۆ ماری دۆمێدیسی دژوار نەبوو، چوونکە ئەو بەکردەوە لە دە ساڵی کۆتایی پاشایەتی هانری چوارەمدا لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت بەشداریو چاودێری دەکردو لە ناسینی کەسانی لێهاتوو شارەزا بووو لەسەر کاری دادەنان. گرینگترین گۆڕانکارییەك کە

لەسەردەمی منداڵی لوویی سێزدەهەم لە دەرباری فەڕانسە هاتە ئاراوە بریتی بوو لە هاتنی قەشەیەکی لاو بۆ کۆڕی دەرباریانو سپاردنی کاروباری سەربازیو سیاسەتی دەرەوەی وڵات بەدەستی ئەو. ئەو قەشە گەنجە کەدواتر بوو بە ئۆسقۆفی گەورەی فەڕانسەو نازناوی "کاردیناڵ ریشیلیۆ"[٤]ی وەرگرت، پێش ئەوە کە ببێتە قەشە دەیهەویست بچێتە ئەرتەشی فەڕانسە، بەلاّم بە پێداگریو داواکاری دایکی کە دەیهەویست یەکێك لە منداڵەکانی جلوبەرگی ئایینی لە بەر بکات، چووە کەنێسە.

لەگەڵ ئەوەشدا ریشیلیۆ لە جلوبەرگی ئایینیدا هۆگری کاروباری دەوڵەتیو سەربازی بووو ناسیاری ئەو لەگەڵ ماری دۆمێدیسی ڕێگای بۆ سەرکەوتنی خێرای ئەو لە پۆستەکانی دەوڵەتیدا ئاواڵە کرد. هەڵبەت ئەوکەسانەی کە سەرکەوتنە خێراو لەنەکاوەکانی کەسایەتییەکان لە فاکتەرە نائاساییو نەناسراوەکاندا دەبینن، دانانی ئەم قەشە سی ساڵەیەش لە پۆستی گرینگی وەزیری شەڕو کاروباری سیاسەتی دەرەوەی فەڕانسە بە پێوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ شاژنو خۆشەویستی ماری دۆمێدیسی دەلکێنن. بەلاّم ریشیلیۆ هەروەك دواتر سەلماندی، شایستەی ئەو پۆستانە بووەو دوای ناکۆکیو جیا بوونەوە لە ماری دۆمێدیسیش ئەو پلەو پێگەیەی پاراستووە. کاتێك کە لوویی سێزدەهەم گەیشتە تەمەنی چواردە ساڵی، ماری دۆمێدیسی ڕێوڕەسمی زەماوەندی ئەوی لەگەڵ "ئانی دۆتریش"[٥]، کچی چواردە ساڵەی فیلیپی سێهەم (پاشای ئیسپانیا) سازدا و ئێلیزابێتی کچیشی لەجێنشینی پاشای ئیسپانیا مارە کرد. ئەو بووکە کەم تەمەنەش بەتەوای لەژێر کاریگەری خەسوەکەی دابوو. ماری دۆمێدیسی تا ساڵی ١٦١٧ کە بۆ یەکەم جار لەگەڵ کوڕەکەی ناکۆکی کەوتە نێوانیان، بە فەرمانڕەواو دەسەلاّتداری ڕەهای فەڕانسە دەژمێردرا. بە کەم بوونەوەی کارتێکەریو دەسەلاّتی ماری دۆمێدیسی، ریشیلیۆش پۆستی خۆی لە دەست دا. بەلاّم وردە وردە توانی متمانەی لوویی سێزدەهەم بەدەست بێنێو لەساڵی ١٦٢٠ توانی لووییو دایکی پێکەوە ئاشت بکاتەوە. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٦٣٠ ماریو ریشیلیۆ پێکەوەو بە هاوبەشی لەسەر فەڕانسە حوکمڕانیان کرد. بەلاّم ڕۆڵی ریشیلیۆ لە دەسەلاّتدا بەراورد لەگەڵ ماری بەرە بەرە بەرزتر دەبوو. ئانی دۆتریش شاژنی فەڕانسەو هاوسەری لوویی سێزدەهەم کە ئیتر

4-Richelieu
5-Anne d'Autriche

بووکێکی کەم تەمەن نەبوو، دەیهەویست ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کاروباری حکوومەتدا هەبێتو بەو هۆیەشەوە هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. ریشیلیۆ لەساڵی ١٦٢٢ لەلایەن پاپەوە بۆ پۆستی کاردیناڵی هەڵبژێردرا کە گرینگترین پلەی مەزهەبی لەنێوان کاتۆلیکەکان بووو هەروەها لە پۆستەکانی ڕێبەری سیاسیو مەزهەبیدا، هێزو دەسەلاّتی زیاتری بەدەست هێناو لە کاروباری حکوومەتیدا لێهاتووییو تواناییەکی لەرادە بەدەری لەخۆی نیشان دا. لە بواری سیاسەتی نێوخۆییدا، دەسەلاّتە هەرێمیو نیوە فیۆداڵییەکانی لەناو بردو دەسەلاّتی حکوومەتی ناوەندیی لە سەرانسەری خاکی فەڕانسە جێگیرکردو لە بواری سیاسەتی دەرەکیشدا، هەرێمی دەسەلاّتی فەڕانسەی لەباکوورو باشوورەوە بەرفراوان کردو چەند بەشێکیشی لەخاکی ئیمپراتۆری ئیسپانیای بە خاکی حکوومەتی فەڕانسەوە لکاند. گەورەترین سەرکەوتنی ئەو، سەرکوتی ئۆتۆنۆمی خوازەکانی پرۆتستانو ناچار کردنیان بەملکەچی لەبەرانبە یاساو ڕێساکانی دەسەلاّتی ناوەندی بوو.



وێنەی ماری دۆمێدیسی ، کێشانەوەی ڕۆبێنس

ریشیلیۆ لەسەرکوتی پرۆتستانەکان کە تا ئەو ڕێکەوتە نەچوو بوونە ژێرباری دەسەلاّتی پاشاکانی کاتۆلیكو خۆیان بەملکەچی یاساو ڕێساکانی دەوڵەت نەدەزانی، توندو تیژییەکی زۆری بە کار هێنا. بەلاّم دوای سەرکەوتنی لەو شەڕەدا، بەهۆی فەرمانێك کە لەمانگی ژووەنی ساڵی ١٦٢٩ بە لوویی سێزدەهەمی مۆر کرد، ئازادیو یەکسانی مافەکانی پرۆتستانەکانی بە

مەرجی پێڕەوی کردنی ئەوان لەیاساو ڕێساکانی دەوڵەت مسۆگەر کردو بۆ هەمیشە کۆتایی بەشەڕی کاتۆلیكو پرۆتستانەکان هێنا.

هەرچی هێزو دەسەلاّتی ریشیلیۆ پتر دەبوو، لە دەسەلاّتو هێزی ماری دۆمێدیسی کەم دەبۆوەو ریشیلیۆ وردەوردە راسپاردەو فەرمانەکانی ماری دۆمێدیسیی جێبەجێنەدەکرد. ماری لەو رووداوەدا بووکەکەی (ئانی دۆتریش) بە تاوانبار دەزانیو خۆی تەشەنەی بەو پرۆپاگەندە بێ بنەمایانە دەدا کە سەبارەت بە پێوەندی ریشیلیۆ لەگەڵ ئانی دۆتریش بلاّو ببۆوە. ریشیلیۆ بە پەرەسەندنی ئەو ناکۆکییانە وازی لەپۆستی خۆی وەك سەرۆك وەزیرانی فەڕانسە هێنا. بەلاّم ئەم کارە مانۆرێك بوو بۆ ناچارکردنی لوویی سێزدەهەم کە لەنێوان ئەو یان دایکی، یەکیان هەڵبژێری. لوویی سێزدەهەم لەنێوان دووڕێیانی هەڵبژاردنی دایکیو پیاوێك کە لە هەموو سەرکەوتنو شانازییەکانی قەرزداری ئەو بوو، دووهەمیانی هەڵبژاردو لە کۆبوونەوەیەکی درێژخایەن کە رۆژی دەی نۆڤەمبەری ساڵی١٦٣٠ بە ئامادە بوونی پاشاو مەلیکە ئانی دۆتریشو دایکی پاشاو ریشیلیۆ پێك هات، داوای لە دایکی کرد دەست لە کاروباری دەوڵەت وەرنەدات. لوویی بە پێدانەوەی دەسەلاّتی تەواو بە ریشیلیۆ ئەوی وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژاردو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ریشیلیۆ شکایەتی لە دارو دەستەو لایەنگرانی ماری دۆمێدیسی کرد کە کۆسپو تەگەرەیان دەخستە سەر کارەکانی حکوومەتەوەو لوویی فەرمانی لەسەرکار لابردنو دەستبەسەر کردنیانی دەرکرد. ئەو رۆژە کە بە سەرەتای گۆڕانکاری لەمێژووی فەڕانسە دەژمێردرێ، ناوی "رۆژی فریوو دراوەکان"[6]ی لێنراو بەرواڵەت هۆی ناودێرکرانی ئەو رۆژە ئەوەیەکە ماری دۆمێدیسی لەو رۆژەدا فریو درابووو هەروەها زەرەری پێکەوتبووو بە دەستی کەسێك کە خۆی ببوو بەهۆی سەرکەوتنو ناسراوی ئەو، لەسەر تەختی دەسەلاّت وەلانرابوو. ماری لەبەرامبەر بڕیاری لوویی سێزدەهەم دژکردەوەیەکی توندوتیژی لە خۆی پیشان داو لەجێگەی ئەوە کە ملکەچی بڕیاری ئەوبێتو لەدەست تێوەردان لە کاروباری دەوڵەت خۆبپارێزێ، درێژەی بە پیلانگێڕی دژی ریشیلیۆ داو لەو بەربەرەکانییەدا منداڵەکانیتری ماریش لایەنگرییان لە دایکیان دەکردو ژمارەیەکیش لە فەڕانسەوییەکان لەگەڵ ئەوەش کە ریشیلیۆ خزمەتی زۆری بە فەڕانسە کردبوو، لەسەرەڕۆییەکانی ئەو

6-La Journée des Dupes

لەحکوومەت نارازی بوونو لەو بەربەرەکانییەدا هەواداریيان لە ماری کرد. بەلاّم ماری کە بەکردەوە لە قەلاّی "کۆمپێینی"[7] بەند کرابوو دەستی نەدەگەیشتە لایەنگرەکانی، لەمانگی ژوئییەی ساڵی ١٦٣١ بە یارمەتی کوڕەکەی تری (گاستۆن دوورلێئان) لە فەڕانسەچووە دەرێو لە برۆکسێل نیشتەجێ بوو. ماری دۆمێدیسی لەو بەڕوارەوە بەڕاشکاوی دژی حکوومەتی پاریس بەربەرەکانی کرد. ئامانجی ئەو لەو شەڕەدا تەنیا لەسەرکار لابردنی ریشیلیۆ نەبوو، بەڵکوو لەناوبردنی دەسەلاّتی لوویی سێزدەهەمو راگەیاندنی پاشایەتی کوڕەکەیتری بەناوی گاستۆن دوورلێئان بوو کە پێڕەوی لەو دەکرد. [ماری لەو بەربەرەکانییەدا لە پاڵپشتی پاشاکانی بریتانیاو ئیسپانیا بەهرەمەند بوو کە هەردووکیان زاوای بوون][**]. هەر بەم هۆیەشەوە زۆربەی مێژوونووسانی فەڕانسەوی ئەویان بە خەیانەتو هاوپەیمان لەگەڵ دوژمنانی فەڕانسە تاوانبار کردووە. لەمانگی ژووەنی ١٦٣٢ گاستۆن دوورلێئان لەگەڵ ئەو هێزانەی کە بە یارمەتی پاشای ئیسپانیا کۆی کردبۆوە، هێرشی بردە سەر فەڕانسەو "دۆمونت مۆرێنسی"[8]ش کە یەکێك لە بەرهەڵستکارانی حکوومەتی ریشیلیۆ بوو پێوەندی پێوەگرتن. ریشیلیۆ خۆی سەرکردایەتی هێزەکانی پاشایەتیی گرتە ئەستۆو سەرەڕای زۆر بوونی ژمارەی هێزە هاوبەشەکانی گاستۆنو دووك دۆمۆنت مۆرێنسی، لە کۆتاییەکانی هاوینی ١٦٣٣دا ئەوانی شکست دا. گاستۆن لە گۆڕەپانی شەڕەکە هەلاّتو گەڕایەوە برۆکسێل. بەلاّم دووك دۆمۆنت مۆرێنسی بە برینداری بە دیل گیراو چەند مانگ دواتر پاش دادگایی کردنێکی رواڵەتی بەفەرمانی ریشیلیۆ سەریان لە جەستەی جیا کردەوە. ماری پاش چەندساڵ مانەوە لە برۆکسێل لەسەر بانگهێشتی کچەکەی، هانریت شاژنی بریتانیا رۆیشت بۆ لەندەنو چارلزی یەکەمی پاشای بریتانیا هەوڵیدا کە ئەو دایكو کوڕە پێکەوە ئاشت بکاتەوە. لوویی سێزدەهەم ئامادە بوو لەگەڵ دایکی ئاشتی بکات بە مەرجێك دایکی ئیتر نە گەڕێتەوە فەڕانسەو بە خەرجی ئەو لە زێدی خۆی لە ئیتالیا نیشتەجێ بێت! ئەو ڕێگا چارەسەرییەش ریشیلیۆ پێشنیاری کردبووو ئەوەش ئاسایی بوو ماری کە داخوازی بەدەست هێنانەوەی هێزو دەسەلاّتی لە فەڕانسە بوو، نەچێتە ژێر باری ئەم ڕێگا چارەسەرییە.

7-Compiegne

(**)پاشاکانی بریتانیا و ئیسپانیا کە زاوای کاترین بوون لەو بەربەرەکانیەدا پاڵپشتیان لێ دەکرد.

8-Duc de Montmorency

ماری لەساڵی ١٦٤١دا کە بارودخی بریتانیا ئاڵۆز ببووو زەمینەی شۆڕشێك کە بووە هۆی لەسەرکار لاچوونو سەربڕانی چارلزی یەکەم ئامادە دەبوو، لەندەنی بەجێ هێشتو ئەم جارەیان شاری کوڵنی ئەڵمانیای بۆ نیشتەجێ بوون هەڵبژارد. ماری لەو شارە لەپیلانێکدا کە لەلایەن "کۆنت دوسواسۆن"[٩]ەوە لە دژی ریشیلیۆ ئامادەکرا بوو بەشداری کرد.

بەلاّم شۆڕشی کۆنت دوسواسۆن بە مردنی ئەو تێك شکاو دوایین پیلانی ماری بۆ لەناو بردنی ریشیلیۆ، پیلانی کوشتنی ئەو بەدەستی یەکێك لە ئەندامانی دەرباری فەڕانسە بەناوی "مارکی دۆسینك مارس"[١٠] بوو کە دوورلێئانیش لەو پیلانەدا بەشدار بوو، بەلاّم ئەم پیلانەش سەری نەگرتو ماری لە کاتێکدا کە بە تەواوی نائۆمێد ببوو لە رۆژی سێهەمی ژوئییەی ساڵی ١٦٤٤لە کۆلن مرد. بە هەڵکەوتی رۆژگار دووژمنە بێئەمەگەکەشی (ریشیلیۆش) پێنج مانگ دوای مردنی ماری لە رۆژی چواری دێسەمبەری ساڵی ١٦٤٤ لە پاریس مرد.



کاردینال[٧]"ریشیلۆ" دەسەڵاتداری بەناوبانگی فەڕەنسی کە لە رێگای مارییەوە بە دەسەڵات گەیشت بەلاّم دواتر بوو بە رەکەبەرو دوژمنی کەللەرەقی ئەو.

***

ئانی دۆتریش کچی فیلیپی سێهەم پاشای ئیسپانیا کە لەتەمەنی چواردە ساڵیدا لەگەڵ لوویی سێزدەهەم پاشای فەڕانسە زەماوەندی کردبوو، لەسەرەتاکانی ژیانی هاوسەرێتیدا بەهۆی دەسترۆیشتوویی‌و دەسەڵاتی ماری‌و لە نیوەی دووهەمیشدا بەهۆی کارتێکەریی ریشیلیۆ لە

9-Conte de Soissons
10-Madquis de Cing_Mars

میردەکەی رۆڵی گرینگی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات نەگێڕا. ریشیلیۆ لە قۆناغەکانی سەرەتای ناکۆکی لەگەڵ ماری دۆمێدیسی هەوڵیدا ئانی دۆتریش بخاتە بەرامبەر خەسووەکەی. بەلاّم دوای سەرکەوتنی مسۆگەری ریشیلیۆ لەو بەربەرەکانی‌یەو رۆیشتنەدەرێی ماری دۆمێدیسی لە فەڕانسە ناکۆکیش لەنێوان ریشیلیۆو ئانی دۆتریش سەری هەڵداو ئەم ناکۆکییانەش زۆرتر لە دووژمنایەتی ریشیلۆ لەگەڵ ئیسپانیاو پێوەندیو هۆگری شاژن بە ئیسپانیاوە سەرچاوەی دەگرت. زەماوەندی ئانی دۆتریشو لوویی سێزدەهەم پوخت زەماوەندێکی سیاسی بوو. لەسەرەتای ژیانی هاوسەرێتی‌یەوە خۆشەویستییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەم دوو هاوسەرە دانەبوو. فاکتەرێکی‌تر کە ژینگەی ژیانی ئەوان ساردو سڕ کردبوو، نەزۆکی ئانی دۆتریش بوو کە تا بیستو دوو ساڵ پاش زەماوەند منداڵی نەبوو. ئەم بابەتە بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ماریو ریشیلیۆو رۆیشتنی مەلیکەی دایك لەفەڕانسە گرینگی زۆرتری پەیدا کرد، لەبەرئەوەی گاستۆن دوورلێئان کە برای بچوکی لوویی سێزدەهەم بوو لەو بەربەرەکانی‌یەدا پاڵپشتی دایکی دەکردو بەراشکاوی دژی براکەی خۆی راوەستا. ئەگەر لوویی سێزدەهەم پێش ئەوی منداڵی بێت بمردبایە، جێنشینی بێ ئەملاوئەولای ئەو گاستۆن دوورلێئان دەبوو، بەلاّم ریشیلیۆ دەیهەویست بەهەرجۆرێك بێت پێش بەم رووداوە بگرێت. لەم ماوەیەدا ئانی دۆتریش دوو هەڵەی گەورەی ئەنجامدا کە هەر کامێکیان دەیتوانی ببێتە هۆی جیا بوونەوەی لە هاوسەرەکەی. هەڵەی یەکەمی بریتی بوو لە خۆشەویستی ئەو بەرامبەر بە سەرکردەیەکی ئازاو جوانی بریتانیایی بەناوی "چارلز ڤیلیە"[١١] دووکی بووکینگهام. هەر چەند ئەم خۆشەویستییە لەقۆناغەکانی سەرەتاییەوە پێشی پێگیرا، بەلاّم ئاژاوەیەکی گەورەی ناوە. دووکی بووکینگهام کە لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی نائۆمێد ببوو، لەکاتی گەڕانەوە بۆ بریتانیا چارلزی یەکەمی هاندا تا یارمەتی پرۆتستانەکانی فەڕانسە بدات لە بەربەرەکانی دژی لوویی سێزدەهەمو حکوومەتی ریشیلیۆ و خۆشی لەپێشەوەی هێزێکی یارمەتی دەری بریتانیا لەبەرگریی پرۆتستانەکانی سەربازگەکانی فەڕانسە لە "لاروشێل"[١٢] بەشداری کرد.

11-charles Villiers Duke of Buckingham
12-La Rochelle

بەلاّم هەروەك پێشتر باسمان کرد ریشیلیۆ لەو شەڕەدا سەرکەوتو دووکی بووکینگهامیش لەساڵی ١٦٢٨ بەدەستی یەکێك لە ئەفسەرە لەسەرکار لاچووەکانی هێزەکەی کووژرا. دووهەمین هەڵەی ئانی دۆتریش کە لە روانگەی فەڕانسەوییەکانەوە لە هەڵەی یەکەمی گرینگتر بوو، ئەوە بوو کە ئانی لەکاتی شەڕی فەڕانسەو ئیسپانیا بە نهێنی پێوەندیی بە نێردراوەکانی دەرباری ئیسپانیاوە گرتبوو. ئانی دۆتریش بەهۆی ئەو پێوەندییە بە سیخووری کردن بۆ دووژمن تاوانبار کرا، بەلاّم لەو کاتەدا هەواڵی سکپڕی شاژن دوای ٢٢ ساڵ نەزۆکی رووداوی پێوەندی ئەوی لەگەڵ نێردراوەکانی ئیسپانیا خستە ژێر پرسیارەوە (کەم رەنگ کردەوە)و ریشیلیۆ کە لەخوودی لوویی سێزدەهەم پتر تامەزرۆو چاوەڕێی میراتگرێك بوو بۆ تاجو تەختی فەڕانسە، تووڕەیی پاشای لەو بابەتە خاو کردەوە. منداڵێك کە هەموو کەس چاوەڕییان دەکرد لە ئاکامدا لە رۆژی سێهەمی سێپتەمبەری ساڵی ١٦٣٨ لە دایك بوو. منداڵەکە کوڕ بوو کە ناویان نا لوویی‌و دوای ئەوەش شاژن کوڕێکی‌تری بوو کە ناوی فیلیپپیان لەسەر دانا.

ئانی دۆتریش دوای ئەوە کە توانی میراتگرێك بۆ تاجو تەختی فەڕانسە بەدونیا بێنێت پێگەیەکی پتەوتری لەدەرباری فەڕانسە بەدەست هێناو هەر لەو سالاّنەدا، سەرهەڵدانی کەسایەتییەکی نوێ لە فەڕانسە کە سەرەتا سەبارەت بە شاژن پێوەندی‌و رێزێکی زۆری پیشان دەدا، یارمەتی شاژنی دا تا دەسەلاّتی زیاترو پێگەی پتەوتر بکات. ئەو کەسایەتییە نوێیە کە ریشیلیۆ ئەوی بۆ جێنشنی خۆی لە بەرچاو گرتبوو، کاردینالّ "مازارین"[13] بوو کە لەسەرەتا وەك نوێنەری پاپ چوو بۆ پاریس‌و لەسەر داواکاری‌و پێداگری ریشیلیۆ لە فەڕانسە مایەوە.



مەلیکە ئانی "دۆتریش"و منداڵەکانی، لوویی‌و فیلیپ.لوویی کە لە لای چەپی وێنکە دەبینرێ دواتر بەناوی لوویی چواردەهەم بوو بە بەناوبانگترین پاشای فەڕانسە، ئەم تابڵۆیە لە مۆزەخانەی ڤێرسای راگیراوە.

13-Cardinal Mazarin

مازارین کە ئیتالیایی‌و ناوی راستەقینەی "جۆلیۆ مازارینی"[14] بوو، دوای ئەوەی بوو بە هاووڵاّتی فەڕانسە لەسەر پۆستە گرینگەکانی دەوڵەتی دانراو لەهەمان کاتیشدا پایەو پۆستەکانی مەزهەبی خۆشی پاراستو لەساڵی ١٦٤١ پلەی کاردینالّی وەرگرت. مازارین یەکەم جار لەرێگای ریشیلیۆەوە بە شاژن ناسێندراو ریشیلیۆ لە رێوڕەسمی ناساندنی بە شاژن بە تەشەرەوە وتی: "وابزانم مازارین پەسەندی سرووشتی خاوەن شکۆ بێت، چوونکە لە بووکینگهام دەچێ!". ریشیلیۆ ئاماژەی بە بەسەرهاتی ئەشقی ئانی دۆتریش لەگەڵ بووکینگهام کرد کە سالاّنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕی بوو بەلاّم هێشتاش لەبیر نەچوو بۆوە. ژمارەیەك لە مێژوونووسان ئەم شێوە ناساندنەی مازارین بە شاژنی فەڕانسە وا لێك دەدەنەوە کە ریشیلیۆ بە لەبەر چاوگرتنی ئەگەری مردنی لوویی سێزدەهەم پێش گەیشتنی کوڕەکەی بەتەمەنی خۆناسین (بلوغ)، ئانی دۆتریش وەك جێگری پاشا دەسەلاّت دەگرێتە دەستو بەو کارەش بەکردەوە دەیهەویست پێوەندییەکی نزیکتر لەنێوان شاژن‌و مازارین دروست بکاتو پێگەی ئەو وەك جێنشینی داهاتووی خۆی مسۆگەر بکات. بەهەڵکەوت پێشبینی‌یەکە هاتەدی و لوویی سێزدەهەم کەمتر لە شەش مانگی‌تر دوای مردنی ریشیلیۆ لەمانگی مەی ساڵی ١٦٤٣ دا مردو ئانی دۆتریش وەك جێگری پاشایەتی منداڵە پێنج ساڵەکەی دەسەلاّتەکانی حکوومەتی بەدەستەوە گرت. کاردینالّ مازارینی کە دوای مردنی ریشیلیۆ گرفتاری دژایەتی‌و رکەبەری لەلایەن دەست و پێوەندییەکانی لوویی سێزدەهەم ببۆوە ویستی بگەڕێتەوە ئیتالیا. بەلاّم بەهۆی نەخۆشی ومردنی لوویی سێزدەهەم گەڕانەوەکەی وەدوا داخست. بە بەرەوپێش چوونی نەخۆشییەکەی لوویی سێزدەهەم بە گوێهەڵکوتانی توond بۆ پێشگرتن لە پێ‌ئەسپاردنی پۆستی جێگری پاشایەتی بە شاژن دەستی پێکردو پاشای لەسەرە مەرگیان رازی کرد: بەهۆی ئەوە کە شاژن لە نەتەوەی ئیسپانیاییەو لەرابردوودا پێوەندی پێوە گرتوون لەم پۆستە بێ‌بەشی بکات. بەلاّم مازارینی لەو بەربەرەکانی‌یەدا بە توندی پشتیوانی لە شاژن کردو لەئاکامدا ئەنجوومەنی پاشایەتیی ناچار کرد کە وەسیەتنامەکە پووچەڵ بکاتو پۆستی جێگری پاشایەتی بە دایکی پاشای داهاتووی فەڕانسە (لوویی چواردەهەم) بسپێرن. ئانی دۆتریش، مەلیکەی دایكو جێگری پاشای نوێی فەڕانسە هەر لەو رۆژەدا واتە ١٨ی مەی ساڵی ١٦٤٣ ولاّمی هەوڵو خزمەتی مازارینیی داوەو ئەوی کردە سەرۆك وەزیرانی فەڕانسە. مازارینی لەو رێکەوتەوە تا

14-Giuliu Mazarini

کاتی مردنی لەساڵی ١٦٦١دا نزیك بە هەژدەساڵ لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیرانی فەڕانسە مایەوەو بەراورد لەگەڵ ریشیلیۆ دەتوانین بڵێین خزمەتی زیاتری پێشکەش بە فەرانسە کرد.



وێنەی کاردینالْ مازارینی

ئانی دۆتریش کاتێك کە لە پۆستی جێگری پاشایەتی فەڕانسەدا دەسەڵاتی گرتەدەست، ٤٢ ساڵی تەمەن بوو بەڵام ناسکیو جوانی ژنانەی خۆی تاڕادەیەکی زۆر پاراستبوو و مازارنیش کاتێك لەلایەن ئانی دۆتریشەوە کرا بە سەرۆك وەزیرانی فەڕانسە، ٤١ ساڵی تەمەن بووو سرنج راکێشیو جوانی پێویستی بۆ بەدەستهێنانی سەرنجی ژنێکی ٤٢ ساڵە هەبوو. مێژوونووسانی فەڕانسەوی وغەیرە فەڕانسەیی لەم بابەتەدا هاوبیرن کە لەنێوان ئانی دۆتریشو مازارینی پێوەندییەکی بەرزتر لە پێوەندی رەسمی نێوان جێگری پاشاو سەرۆك وەزیرانی هەبووەو لەهەندێك لەسەرچاوەکاندا تەنانەت ئاماژەبە زەماوەندی نهێنی ئەوان کراوە. ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیەکە مازارینی لەگەڵ هەبوونی پێوەندی ئاشقانە لەگەڵ ئانی دۆتریش، بەردەوام رێزی لەو وەك جێگری پاشا گرتووەو تاکۆتایی تەمەنی و تەنانەت دوای گەیشتنی کوڕەکەشی بە تەمەنی یاسایی پێی وەفادار ماوەتەوە. لوویی چواردەهەم دوای گەیشتن بەتەمەنی یاساییو تاکاتێك مازارینی لەژیاندا مابوو رۆڵێکی بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت نەبوو. مازارینی بەردەوام لە بەڕێوەبردنی کارەکانی راوێژی لەگەڵ ئانیدۆتریش دەکرد کە ئیتر تەنیا پۆستی

شاژنی دایکی هەبوو. بەڵام دوای مردنی مازارینی لەساڵی ١٦٦١ لوویی چواردەهەم بەکردەوە دەسەڵاتی گرتە دەستو دوای مازارینی لە دیاریکردنی سەرۆك وەزیران خۆی پاراست. ئانی دۆتریش پێنج ساڵ دوای مردنی مازارینی ژیاو کوڕەکەی لە زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەتدا راوێژی لەگەڵ دەکرد. لوویی چواردەهەم لەکاتی مردنی دایکیدا ووتی: " جێگای خۆیەتی مێژوو ناوی ئەو لەریزی یەکێك لە گەورەترین پاشاکانی فەڕانسە بنووسێ". لە بیرەوەرییەکانی کاردینالْ مازارینش کە دوای مردنی چاپ کرا، سەرۆك وەزیرانی بەناوبانگی فەڕانسە نووسیویەتی کە لە زۆربەی سەرکەوتنەکانی خۆی لەحکوومەتدا قەرزداری پشتیوانی دۆستانەی مەلیکە ئانیدۆتریش بووەو تەنانەت لەچەند بوارێکدا وەك شەڕ لەگەڵ ئیسپانیا کە دارایەتیی هەبوو لەگەڵ پێوەندییە خزمایەتییەکانی ئانی دۆتریش و دەرباری ئیسپانیا، ئانی بەرژەوەندییەکانی فەڕانسەی لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی ئیسپانیا داناوەو پشتیوانیی لەپێوەلکانی بەشێك لەخاکی ئیسپانیا بە خاکی فەڕانسەوە کردووە. لەگەڵ ئەوەش ئانی دۆتریش بە پێکهێنانی زەماوەندی کوڕەکەی لەگەڵ ماریا ترێزا، کچی فیلیپی چوارەمی پاشای ئیسپانیا، پێوەندییەکانی دەرباری فەڕانسەو دەرباری ئیسپانیای پاراست، هەرچەند ئەو زەماوەند بووە هۆی ئەوە کە لوویی چواردەهەم داوای تاجو تەختی ئیسپانیا بکاتو نەوەکەی وەك فیلیپی پێنجەم بخاتە سەر تەختی دەسەڵات.

***

لوویی چواردەهەم کە نازناوی پاشای گەورە یان "پاشای هەتاو"[15]ی پێدراوە، درێژترین دەورانی پاشایەتیی لە فرانسە کردو ماوەی ٧٢ ساڵ فەڕانسە حوکمڕانی کرد. هەروەك ئاماژەی پێکرا، لوویی چواردەهەم لەتەمەنی پێنج ساڵیدا جێگای باوکی گرتەوەو تا ساڵی ١٦٦١ کە دایکیو سەرۆك وەزیرە بەهێزەکەی (کاردینالْ مازارینی) لە فەڕانسە فەرمانڕەواییان دەکرد، رۆڵی گرینگی لە کاروباری دەوڵەتدا نەبوو، بەڵام لەساڵی ١٦٦١ تا ساڵ ١٧١٧ کە لەتەمەنی ٧٧ ساڵیدا مرد، بە ماوەی ٥٤ ساڵ بەو پەڕی هێزوو دەسەڵاتەوە لە فەڕانسە حوکمڕانی کردو نەتەنیا مۆڵەتی دەربڕینی بیرو خۆدەرخستنی نەدەدایە خەڵك، بە ڵکو ئەو وەزیرانەی کە دەیان وێرا لەبەرامبەر بڕیارو فەرمانەکانی ئەودا را دەربڕن وەلادەناو سزای دەدانو ئەو رستە

15-Le Roi Soleil

بەناوبانگەشی دەگوت کە "دەوڵەت یانی من "[16]. لەگەڵ ئەمەشدا لوویی چواردەهەم پیاوێکی زۆر عەیاشو خۆشگوزەران بووو بە درێژایی دەسەڵاتی خۆی دڵدارو خۆشەویستی زۆری بووە کە ژمارەیەك لە دڵدارەکانی ئەویان لەدانانی پۆستەکانی دەوڵەتیو بڕیارە رامیارییەکان دەخستە ژێر کاریگەریەوە. بە ناوبانگترین دڵدارەکانی کە ئەیان خستۆتە ژێرکاریگەری خۆیان بریتین لە



وێنەیەك لە لوویی چواردەهەم کە وێنەکێشێکی هاوچەرخی کێشاویەتەوە

"دۆلاڤالێر"[17]و مادام "دۆمۆنتێسپان"[18] ومادام "دۆماینتۆنۆن"[19] کە لەنێوانیاندا، مادام دۆماینتۆنۆن زیاتر لە هەموویان کارتێکەری لەسەر لوویی بووەو لەساڵی ١٦٨٤دا و لە دوای مردنی مەلیکە ترێزا زەماوەندی لەگەڵ کرد. مادام دۆماینتۆنۆن کە پێش زەماوەند لەگەڵ لوویی چواردەهەم هاوسەری شاعیرو هونەرمەندێکی کۆمێدی بەناوی "ئێسکاروون"[20] بوو، دوای مردنی هاوسەری لەساڵی ١٦٦٠دا کۆڕێکی ئەدەبیو هونەری دامەزراندو کەوتە بەر

16-L Etat C est M oi
17-L de La V alliere
18-M adam de M ontespan
19-M adam e de M aintenon
20-Scarron

سەرنجو پشتیوانی ئانی دۆتریشو لەرێگای ئەوەوە بە لوویی چواردەهەم ناسێندرا. مادام دۆماینتۆنۆن جگە لە جوانی، ژنێکی ئەدیبو خاوەن کەسایەتیو خۆش قسە بووو کەسایەتیو یاراوی قسەی ئەو ژنە پاشای فەڕانسەی کە ئیتر گوڕو تینی گەنجی نەمابوو زیاتر لەجوانییەکەی خستە ژێر کاریگەرییەوە. لوویی چواردەهەم بەتەواو مانا ئاشقی ئەم ژنە بووو دوای زەماوەندی لەگەڵ ئەو ژنە ئیتر بە دەوروبەری ژنیتردا نەگەڕا. مادام دۆماینتۆنۆن کە نەیدەویست وەك شاژنی فەڕانسە بناسرێتو تامەزرۆی بەشداری لەرێوڕەسمەکانی دەرباری نەبوو، بەنازناوی "مارکیز"[21] رازی بووو بە هێمنیو سادەییەکی زۆرەوە لە ماوەی سیٚ ساڵدا، گیانێکی نوێی بەدەرباری فەڕانسە بەخشی. مادام دۆماینتۆنۆن لەساڵی ١٦٨٠وە تا مردنی لوویی چواردەهەم لەساڵی ١٧١٥، واتە سیو پێنج ساڵ پترلە هەموو کەسێك دوای پاشا لە سیاسەتی فەڕانسەدا کاریگەر بوو، بەلاٚم بەپێچەوانەی پێشینیانو کەسانی پاش خۆی هیچ کات ئەم دەسەلاٚتەی لە رێگای نادروست بە کار نەهێنا. ئەو لەتەمەنی لاویو پێش ئەوەی لەگەڵ لوویی چواردەهەم زەماوەند بکات، ژنێکی سەربەستو هەوەسباز بووو لەماوەی مردنی هاوسەری یەکەمی تا ناسیاریو زەماوەند لەگەڵ لوویی چواردەهەم، دۆستانی جۆراوجۆری بوو بەلاٚم لەو رۆژەی کە لەگەڵ لوویی چواردەهەم ناسیاری پەیداکردو خۆشەویستیو هۆگری ئەوی سەبارەت بە خۆی هەست پێکرد، ئیتر هەواو هەوەسی وەلاناو نێزیك بە چل ساڵی تەمەنی خۆی بۆ کاری خێروخوازی یارمەتی دەست کورتانو هەژاران دانا. دامەزراندنی دەزگایەکی خێرخۆازی گەورە لە "ساینت سیر"[22] کە کچانی هەژاری بیٚ سەرپەرشتی تێدا چاوەدێری دەکرا، وێنەیەك لەکارە مەزنەکانێتیو هەر ئەو دامەزراوانە بوو کە لەکاتی ناپلیۆن کرا بە قوتابخانەی سەربازی. کارتێکەری مادام دۆماینتۆنۆن لە پازدە ساڵی کۆتایی تەمەنی لوویی چواردەهەم گەیشتە ئەو پەڕی خۆیو لوویی چواردەهەم هیچ کارێکی گرینگی بیٚراوێژو بەباش زانینی ئەو نەدەکرد.

21-M arquise
22.Saint-Cyr



مادام دۆماینتۆنۆن هاوسەری لوویی چواردەهەم کە لە هەموو کەسێك زیاتر بە سەر لووییدا زاڵ بوو، بەڵام لە نازناوی شاژنو بۆنەکانی دەربار بێزار بوو. اوێنە لە ئینسایکلۆپیدیای لارۆس

ئەمەش بوو کە مادام دۆماینتۆنۆن لە تەواوی کۆبوونەوە راوێژکارییەکانی پاشا لەگەڵ وەزیرانو کاربەدەستانی حکوومەت بەشداری دەکردو لوویی چواردەیەم پێش دەرکردنی بریاری کۆتایی لەسەر هەر بابەتێك رووی دەکردە هاوسەرەکەیو دەیگووت: "بۆچوونی ئەو خانمە گەورەیە چیە؟"[٢٣]. هەڵبەت مادام دۆماینتۆنۆن لەهەندێك کاروباری وەك کاروباری سەربازیدا رای دەرنەدەبریو سەبارەت بەم بابەتانە پتر جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە کە تا دەکرێت خۆ لە شەڕو خوێنرێژی رابگرن. مادام دۆماینتۆنۆن دوای مردنی لوویی چواردەیەم لەساڵی ١٧١٥، چوار ساڵ ژیاو لەو ماوەیەدا بە جێگای کۆشکی پاشایەتی، هەر لەو دەزگا خێرخوازییەی کە خۆی بنیادی نابوو ژیانی کردو لەساڵی ١٧١٩ هەر لەو جێگایە لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا مردو بەپێی وەسیەتەکەی هەر لەوێ بە خاك سپێردرا.

***

٢٣- لوویی چواردیەم بە جێگەی Votre Majestee یان خاوەن شکۆ "علیا **حضرت**" کە بۆ بانگ کردنی شاژن بە کار دەهات زاراوەیVotre Solidit ی بۆ بانگ کردنی هاوسەری بە کار دەهێنا کە واتاکەی بریتی‌یە لە خاتوونی بەرێز یان خاتوونی گەورە.

دوای مردنی لوویی چواردەیەم، جێنشینی یاسایی ئەو کە وەك لوویی پازدەهەم لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت شەش ساڵان بوو و"دووك دوورلێئان"[٢٤] تا ساڵی ١٧٢٣ لە پۆستی جێگیری پاشایەتیدا هەوساری کاروباری حکوومەتی گرتە دەست. دوای دووك دوورلێئان ماوەیەکیش "دووك دوبۆربۆن"[٢٥] لە فەڕانسە حوکمی گێڕا. بەڵام لەساڵی ١٧٢٦ لوویی پازدەهەم مامۆستاو سەرپەرشتەکەی بەناوی کاردینال فلۆری کردە سەرۆکی وەزیرانو خۆشی تاکاتی مردنی لەساڵی ١٧٤٣ حوکمڕانی کرد. لوویی پازدەهەم دوای مردنی "کاردینال فلۆری"[٢٦] جێنشینی بۆ هەڵنەبژاردو دەیهەویست وەك لوویی چواردەیەم بە تەنیاو بەهێزەوە لەسەر فەڕانسە حکوومەت بکات، بەڵام لەو زیاتر ژنبازو خۆشگوزەرانتر بووو زۆربەی کاتەکانی لە کۆڕی بەزمو رەزمو راو یان لە تەنیشت دڵدارەکانی تێپەر دەکرد. دەگێڕنەوە کە لە وەڵامی ژمارەیەك لە ئەندامانی دەرباو راوێژکارەکانی کە لەمەڕ مەترسییەکانی داهاتوو وەخەبەریان دەهێناوە، ئەم رستە بەناوبانگەی دەگوت کە"دوای من با سێلاو بێت"[٢٧]. دەقی ئەم رستەیە لە فارسیدا کەم تا کورت ئەم پەندەیە کە "دوای مردنی من دنیا چ ئاو بێتو چ تراویلکە گرینگ نی‌یە". لوویی پازدەهەم لە بەرانبەر ژندا زۆر بێ ئیرادە بووو بە دڵدارەکانی کە بە راشکاوی وەك خۆشەویستو هۆگری پاشا هاتوو چووی دەربارییان دەکرد، ئیزنی دەست تێوەردان لە کاروباری دەوڵەتو سیاسەتی پێدەدان. بە ناوبانگترینی ئەو ژنانە بریتی بوون لە مادام "پۆمپادۆر"[٢٨]و مادام "دووباری"[٢٩] کە لە دانانو لابردنی زۆربەی پۆستەکانی دەوڵەتیو سەبازی بەشداربوونو تەنانەت هەندێك لە دڵدارەکانی خۆشیان کە لەراستیدا رکەبەری خوودی پاشابوون، بەسەر ئەویان دادەسەپاند. مادام پۆمپادۆر کە پتر بەناوی مارکیز دوپۆمپادۆر ناسراوە لەساڵی ١٧٢١ لە ڤێرسای لە دایك بووو لەساڵی ١٧٧٤ لەتەمەنی چل وسێ ساڵیدا مرد.

24-Duc d'Orleans

25-Due de bourBon

26-Fluery

27-Apr'es moi le deluge

28.Pompadour

29-Madame du Barry



لوویی پازدەهەم، وێنە کە لە ئینسکلۆپیدیای لارووس وەرگیراوە

ئەو یەکێك لە جوانترین ژنەکانی سەردەمی خۆی بووو لەتەمەنی بیستو سێ ساڵیدا رۆیشتە دەرباری لوویی پازدەهەمو تا کاتی مردنی، واتە نزیك بە بیست ساڵ لە هەموو کەسێك زیاتر کارتێکەری لە پاشای فەڕانسە بووە. مادام پۆمپادۆر دەستبەجێ دوای مردنی کاردینالْ فلۆرێ (سەرۆك وەزیرانو راوێژکاری نێزیکی لوویی پازدەهەم) چووە دەرباری فەڕانسەو لەسەرەتاکانی دۆستایەتیو هاودەمی لەگەڵ پاشای فەڕانسە دەستی لە کاروباری سیاسی وەرنەدەدا، بەلاّم دارودەستەی لوویی پازدەهەم کە کارتێکەری ئەویان لەسەر پاشا بۆ وەدەر کەوتبوو، وردە وەردە ئەویان تێکەلاّوی کاروباری سیاسیو دارایی کرد.



وێنەی مادام پۆمپادۆر

مادام پۆمپادۆر کە ژنێکی هەوەسباز بوو، لەگەڵ ئەفسەرانی لاوی فەڕانسەوی کە بەهۆی جوانیو کارتێکەری ئەو لە پاشا لێی نێزیك دەبوونەوە، پلانی دۆستایەتی دادەڕشتو ئەوانی بۆ بەرز کردنەوەی پلەو وەرگرتنی پۆستە گرینگەکانی سەربازی بە لوویی پازدەهەم رادەسپارد. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانو ئەفسەرانی کارامەو شیاوی فەڕانسەوی کە لە مادام پۆمپادۆر نێزیك نەبوون، وردە وردە دەوروبەری پاشایان چۆڵ کردو دەست و پێوەندییەکانی مادام پۆمپادۆر جێگای ئەوانیان گرتەوە. لەئاکامی ئەو کارەدا ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی گەندەڵو ریاکارو ناشیاو لەسەرووی کارەکانی حکوومەتەوە دانیشتو هۆکارەکانی ناڕازی بوونی گشتیی خەڵکیان ئامادە کرد. ئەو ژێنراڵە لاوانەش کە جێگەی خۆشەویستیو هۆگری شاژن بوون، جێگای سەرکردە کۆنو بەئەزموونەکانی هێزی فەڕانسەیان گرتبۆوەو لەئاکامدا لەو شەڕانەی کە لەدەورانی پاشایەتی لوویی پازدەهەم لەنێوان فەڕانسەو دراوسێکانی روویدا، رووڕەشییەکی گەورەیان خولْقاند. مردنی ناوەختی خاتوو پۆمپادۆر لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا نەبووە هۆی داخو پەژارەی کەس جگە لە داروو دەستەکەیو تەنانەت لوویی پازدەهەمیش

لەگەڵ ئەو هۆگرییەی کە بەو ژنەی هەبوو، لە دەستێوەردانو داواکارییەکانی ئەو وەزاڵە هاتبوو و بەدوای ڕێگای چارە دەگەڕا کە مردنی لەنەکاوی مادام پۆمپادۆر ئەم بابەتەی بەشێوەیەکی سرووشتی چارەسەر کرد. بەڵام ماوەیەکی زۆر لە مردنی مادام پۆمپادۆر تێنەپەڕی بوو کە ژنێکی‌تری گەنجو جوان جێگای ئەوی لەدڵی لوویی‌دا گرتەوە. ئەویش کۆنتێس دووباری بووو کاتێك ڕۆیشتە دەرباری لوویی پازدەهەم لە گەرماو گەرمی لاویەتی‌و تەمەنی بیستساڵیدا بوو. ئەم ژنە جوانو بە عیشوەیە پاشای ٥٥ ساڵەی کە دوای مردنی مادام پۆمپادۆر دڵدارێکی‌تری نەدیبوو، وەها خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە کە پاشا ئیتر جگە لە هاودەمی لەگەڵ ئەو بیری لە هیچ شتێکی‌تر نەدەکردەوە.



وێنەی مادام دووباری

ئەو ئەشقو ئەڤینە نێزیك بە دەساڵو تا مردنی لوویی پازدەهەم لەتەمەنی ٦٥ساڵیدا درێژەی کێشاو مادام دووباری لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، چاوەدێری‌و بەشداری لە کاروباری گرینگی دەوڵەتیدا کرد. دەستێوەردانە بەردەوامەکانی مادام دووباری لە کاروباری سیاسیدا کە گەورەترین زیانی لەفەرانسەدا، بریتی بوو لە ناکۆکی‌و نافەرمانی ئەو لەگەڵ "دووك دوشواسۆڵ"[30]، وەزیری شیاوو ئاشتی خوازی لوویی پازدەهەم. دووك دوشواسۆڵ کە توانیبووی

30-Due de choiseul

بەشێك لە گەندەڵییەکانی مادام پۆمپادۆر قەرەبوو بکاتەوەو بە دووبارە بنیاتنانەوەی سوپای فەرانسە پێگەی ئەم وەڵاتە لەنێوان دراوسێکانی پتەوتر بکات، لەساڵی ١٧٧٠ بەهۆی سیخوڕی‌و دووزمانیی مادام دووباری لەسەرکار لابردراو هەر بەم هۆیەشەوە شەپۆلی ناڕەزایی لەدوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی لوویی پازدەهەمدا پەرەی سەند. لوویی پازدەهەم لەساڵی ١٧٧٤ مردو فەرانسەی لە بارودۆخێکدا سپاردە نەوەکەی (لوویی شازدەهەم) کە هەل ومەرجی ناڕەزایەتی لە چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا ئامادە ببووو چینێکی مام ناوەندی نوێ درووست ببوو کە لە دابەشکردنی چینایەتی وەك "بوورژوا" نێویان دەهێنان. بوورژواکان لەڕاستیدا دەوڵەمەندانو کاسبکارانو خاوەن پیشەکانی شاری بوون و هەر چەند کەمو زۆر لە ئاسوودەیی‌و هێمنیدا دەژیان، بەڵام ئیمتیازە تایبەتییەکانی دەوڵەمەندان و خاوەن زەویە گەورەکانیان نەبووو خوازیاری سەربەستی‌و ئیمکاناتی زۆرتر بوون بۆ بەرەو پێش بردنو بەرفراوان کردنی کارەکانیان. لە لایەکی ترەوە بە سەر هەڵدانی نووسەرانی گەورەی وەك "ڤۆڵتێر"[31]، "ژان ژاك ڕۆسۆ"[32] و "مۆنتسکیۆ"[33] و تەشەنەو بڵاو بوو نەوەی نووسراوەو بیروباوەڕە ئازادیخوازانە کەیان، خەڵكو بەتایبەت چینی ڕووناکبیرو خوێندەواری کۆمەڵگا کە هەر لەناو چینی بوورژوا یان پیشەسازو کاسبکارو دەوڵەمەندانی شاری سەریان هەڵدابوو، دەستیان بە ڕەخنەو ناڕەزایەتی دەربڕین کردو ڕێگای دەستپێکردنی چەند بزاڤێکی نوێیان سەرەتا لە کۆمەڵگای شاری‌و دواتریش لەکۆمەڵگای لادێیی خۆش کرد. لوویی شازدەهەم کە لەم هەل ومەرجەو لەتەمەنی بیست ساڵیدا بوو بە پاشای فەرانسە، بە باوەڕی زۆربەی مێژوونووسان پیاوێکی دەروون پاکو دڵساف بوو. ئەو نە دەیویست وەك لوویی چواردەهەم دیکتاتۆر بێتو نەوەك پێشینیانی خۆی پیاوێکی ژنبازو خۆشگوزەران بێ. بەڵام عەیبی گەورەی ئەو، بێ‌ئیرادەیی‌و لاوازی لەبەرامبەر کەسانی دەربارو دەستو پێوەندییەکانی هاوسەری (ماری ئانتوانت) و دوودڵی‌و بێ بڕیاری لەبەرامبەر گرفتەکان بوو. لوویی شازدەهەم کاتێك بوو بە جێنشینی لوویی پازدەهەم، لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا لەگەڵ ماری ئانتوانت کچی ئیمپراتۆری ئۆتریش (نەمسا) زەماوەندی کرد. ماری ئانتوانت کە لەو کاتەدا کچێکی پازدە ساڵەو ناز پەروەردە بوو، بەهۆی ئەو ناسکی‌و جوانی‌یە تایبەتییەی کە هەی بوو لەلایەن فەرانسەوییەکان گرینگی‌و

31-Voltaire

32-J.J.Rousseau

33-Montesquieu

خۆشەویستییەکی زۆری هەبووو تا کاتێکیش کە هاوسەری جێنشینی فەڕانسە بوو، لای خەڵك خۆشەویست بوو و فەڕانسەوییەکان ئەویان بەبەراورد لەگەڵ دڵدارەکانی لوویی پازدەهەم بە ژنێکی بێتاوانو بێ زیان دەزانی. ماری ئانتوانت لەتەمەنی نۆزدە ساڵاندا بوو بە شاژنی فەڕانسە و چەند ساڵێکی دواتریش هەر لای خەڵك خۆشەویست بوو، بەلاّم ژینگەی گەندەڵی دەرباری فەڕانسە ئەویشی گەندەڵ کرد. لەخۆڕازی بوونو رازاوە پەرەستیی لەرادەبەدەری ئەو بووە هۆی ئەوە کە فەڕانسەوییەکانیش رووی لێوەرگێڕن. ئەفرادی دەرباری فەڕانسە کە کارتێکەرییەکانی شاژنیان لەسەر لوویی شازدەهەم بینی، هەمان ئەو کارانەی کە لەدەورانی دەسەلاّتی لوویی شازدەهەم بەدەستی مادام پۆمپادۆرو کۆنتیس دووباری ئەنجامیان دەدا بەدەستی ئەویش کردیانو شاژنی ساویلکە، بەلاّم پاوانخوازو رازاوە پەرەستیان بە گەندڵی کێشا. لوویی شازدەهەم لە یەکەمین ساڵەکانی پاشایەتی خۆیدا بۆ چاك سازی ئەو تەنگەژە ئابوورییەی کە لە ساڵەکانی کۆتایی حکوومەتی لوویی پازدەهەم بەرۆکی فەڕانسەی گرتبوو، پیاوێکی سەختگیرو ئەمینداری بەناوی "تۆرگۆ"[34] کردە وەزیری دارایی حکوومەت. تۆرگۆ چەند پرۆگرامێکی بۆ کەم کردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەتیو دووبارە پێدا چوونەوەی یاساو رێساکانی دارایی خستەگەر. بەلاّم پرۆگرامەکانی لەگەڵ بەرگری دەوڵەمەندانو چینی تێرو حەساوەی کۆمەڵگا کە ئامادە نەبوون خراجی زیاتر بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی دەوڵەت بدەن بەرەوروو بۆوەو تەنانەت چینی مام ناوەندی نوییێ کۆمەڵگاش (بوورژواکان) لەبەر ئەوەی کە یاسا نوێیەکان لەمپەر بوون لەبەرامبەر پێشکەوتنی کارەکانیان، دژی ئەو پرۆگرامانە هەڵوێستیان گرت. ئەگەر تۆرگۆ پشتیوانیوپاڵپشتی پاشای هەبوایە دەیتوانی لەبەرامبەر دەوڵەمەندانو چینی حەساوەی کۆمەڵگا راوەستێو بەرنامە چاکسازییەکانی جێبەجێبکات. بەلاّم گرفتی سەرەکی تۆرگۆ ئەوە بوو کە ئەفرادی دەربارو لەسەرووی هەموویانەوە مەلیکەماری ئانتوانت لەگەڵ ئەو بەرنامانە کە هەندێك تەسك کردنەوەی سەبارەت بەوان تێدا بوو دژایەتیان دەکرد. تۆرگۆ لەساڵی ١٧٧٦ لە پۆستی خۆی دەستی کێشایەوەو کاتی دەست کێشانەوە بە لوویی شازدەهەمی گوت: چارلزی یەکەم پاشای بریتانیاش بەهۆی بێ ئیرادەییو بێبڕیاری خۆی لەناو برد.

34-Turgot

لوویی شازدەهەم دوای لەسەر کار لاچوونی"تۆرگۆ"، بانکدارێکی سویسریی بەناوی "ژاك نێکێر"[35] لەسەر جێگای ئەو دانا، بەلاّم مشوورە پارێزگارانەکەی ئەویش بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانی فەڕانسە دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوەو چوونە ناوەوەی فەڕانسە لە شەڕی سەربەخۆیی خوازەکانی ئەمریکا دژی بریتانیا کە لەساڵی ١٧٧٨ دەستی پێکرد، هەرچەند بە سەرکەوتنی فەڕانسەو سەربەخۆیی خوازانی ئەمریکاو شکستی بریتانیا کۆتایی پێهات، گێرو گرفتەکانی لوویی شازدەهەمی لە دەسەلاّتو حکوومەتدا زیاتر کرد.



وێنەی لوویی شازدەهەم

لەبەرئەوەی لە لایەکەوە بیری ئازادیخوازانەی سەربەخۆیخوازەکانی ئەمریکا لەنێو سەربازو ئەفسەرەکانی هێزی فەڕانسە تەشەنەی کردو بەگەڕانەوەیان بۆ فەڕانسە لەئاستێکی بەربلاّودا لەنێو سەربازانو ئەفسەرەکانیتری فەڕانسە بلاّو بۆوەو لەلایەکیترەوە خەرجییەکانی ئەو شەڕەکە بە سەر گەلی فەڕانسە داسەپێندرا بوو، نارەزایەتی گشتیی دوو بەرامبەر کرد. هەستی تۆڵە سەندنەوەو رقو کینەی بریتانیاییەکان دژی دەرباری فەڕانسەش هۆکارێکیتر بوو کە نابێت لە درووست بوونی شۆڕشی فەڕانسەو هاندانە پشتی پەردەو شاراوەکانی دژی دەرباری لوویی شازدەهەم لە بیربکرێت. "نێکێر"یش وەك تۆرگۆ رێگای چارەسەری گرفتە ئابوورییەکانی لە دەست پێوە گرتنو چاکسازی داراییو وەرگرتنی باجی زیاتر لە دەولەمەندانو چینی حەساوەو تێری کۆمەڵگادا دەبینی. بەلاّم وەك تۆرگۆ بەهۆی دژایەتیو بەرگری

35-Jacques Necker

روون کردنەوەی رووداوەکانی سالآنی کۆتایی دەسەلآتی لوویی شازدەهەمو ئەو رۆڵەی کە ماری ئانتوانت لەودا نواندی پەرتووکێکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی کە دەبێ لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە کارتێکەری ماری ئانتوانت لەلوویی شازدەهەم کاریگەرترین فاکتەری دەرکردنی بڕیارە نادرووستو دژکردەوە نەگونجاوەکانی لوویی لەبەرامبەر رووداوەکان بوو کە پێشەکییەکانی شۆڕشی گەورەی فەڕانسەو ژێراو ژوور بوونی رێژیمی پاشایەتیی لەو ولآتە ئامادە کرد. لەساڵی ۱۷۸۸ لوویی شازدەهەم کە هەستی بە ناڕەزایەتی زۆر و جۆشو خرۆشی هەستی گشتی خەڵك دەکرد، بڕیاریدا هەندێك چاکسازی ئەنجام بداتو بۆ ئەم چاکسازییانەش سەرلەنوێ داوای لە نێکێری وەزیری لەسەرکارلابراوی دارایی ساڵی ۱۷۸۸ کرد کە ئەو چاکسازییانەی بۆ ئەنجام بدات. نێکێر دەیزانی لەو چاکسازییانەی ئەو دیهەوێت ئەنجامی بدات توشی داژیەتی دەوڵەمەندانو پیاوانی ئایینی دەبێتەوە، بۆیەش پێشنیاری کرد ئەنجومەنێکی سێقۆڵی لە چینەکانی دەوڵەمەندانو پیاوانی ئایینیو خەڵکی ئاسایی یان چینی سێهەم پێك بهێندرێتو پرۆگرامە چاکسازییەکانی بەتایبەت لەبواری باجو دابینکردنی خەرجییەکانی دەوڵەت بە راوێژی ئەو ئەنجوومەنە جێبەجێبکرێت. لوویی شازدەهەم ئەو پێشنیارەی قەبوڵ کردو نێکێریش بۆ ئەوەیکە هاوسەنگی لەنێوان نوێنەرانی چینەکان درووست بێتودوو چینی دەوڵەمەندانو ئایینییەکان زۆربەی کوورسییەکانی ئەنجوومەنەکە نەگرنە دەست، بڕیاریدا ژمارەی نوێنەرانی چینی سێهەم کە زۆربەی هەرەزۆری ولآت پێك دەهێنن بەرابەر بیت لەگەڵ نوێنەرانی دوو چینەکەیتر. ئەو ئەنجومەنەی مانگی مەی ساڵی ۱۷۸۹ لە پاریس دامەزرێندراو ئەگەر روانگەی نێکێر سەبارەت بە چۆنیەتی باسو راوێژو بڕیاڕدانی ئەو ئەنجوومەنەو چوار چێوەو دەسەلآتەکانی جێبەجێ بکرابایە، رەنگە لە فەڕانسە شۆڕشێك رووی نەدابووایە، بەڵام لوویی شازدەهەم هەر لەسەرەتاوە لەژێر کارتێکەری شاژنو ئەفرادی دەستوپێوەندیداری ئەو لەبیری کەمکردنەوەی دەسەلآتەکانی ئەنجوومەنەکە کەوتو نوێنەرانی دەوڵەمەندانو ئایینییەکانیش ئامادە نەبوون بنەمای یەکسانی دەنگەکانی نوینەرانی چینی سێهەم قەبوڵ بکەن. ئەم بێسیاسەتییە بووە هۆی ئەوە کە نوێنەرانی چینی سێهەم لەگەڵ کار بەدەستانی حکوومەتو نوێنەرانی دەوڵەمەندانو ئایینییەکان روو بە روو ببنەوە. دووهەمین هەڵەی گەورەی لوویی شازدەهەم کە ئەویش لە تەڵقینەکانی ماری ئانتوانتو ئەفرادی دەستو پێوەندییەکانی ئەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەسەرکار لابردنی

دارودەستەی لوویی‌و مەلیکە ماری ئانتوانت نەیتوانی چارەسەری بکاتو لەساڵی ۱۷۸۱ ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە. ماری ئانتوانت کە لەم بەڕوارەوە لە بەر چاوی گەلی فەڕانسە کەوتبووو بە جێگای ناوی شاژن پتر بە نازناوی "ژنی ئۆتریشی"[۳٦] سووکایەتی پێدەکرا، زیاتر لەجاران لای فەڕانسەوییەکان دزێوتر بووو رووداوی"ملوانکە" کە بەریتانییەکان ئاشکرایان کرد، رۆڵێکی کاریگەری لە زیاتر کردنی رقو دژایەتی گشتی سەبارەت بە شاژنو دەرباری لوویی نواند... رووداوی ملوانکە بەشێوەیەکی کورت بەم جۆرەیە کە لوویی شازدەهەم لە کۆتاییەکانی دەسەلآتیدا فەرمانی دروستکردنی ملوانکەیەك بە پێنج سەد پارچە ئەڵماس بۆ دڵدارەکەی، مادام دووباری دەداو ئامادەکردنی لەتە ئەڵماسەکانی پێویستی ئەو ملوانکەیە ماوەیەك دەخایێنێ. بەجۆرێك کە لەکاتی مردنی لوویی شازدەهەم لەتەمەنی ٦٤ ساڵیدا ئەو ملوانکەیە بەدرووست نەکراوی دەمێنێتەوەو بە چوونە دەرێی مادام دووباری لەکۆی ژنەکانی دەربار، ملوانکەکە لەسەردەستی دروستکەرانی ئەو ملوانکەیە دەمێنێتەوە.

ماری ئانتوانت دوای ئاگادار بوون لەو ملوانکەیە وەبیری داگیرکردنی دەکەوێتو یەکێك لەژنانی دەربار بەناوی "ژان دیلامۆت"[۳۷] دەبێتە دەلآلی ئەو مامەڵەیەو یەکێك لە کار بەدەستانی ئایینی فەڕانسەش (کاردینال دێرۆهام)[۳۸] لەلایەن ماری ئانتوانتەوە بەڵێنیی پێدانی نرخی ئەو ملوانکەیە دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام ژان دیلامۆتو مێردەکەی دوای بەدەستهێنانی ملوانکەکە خۆ دەشارنەوەو ماوەیەك دواتر هەواڵی فرۆشتنی ئەو ملوانکە بەنرخە لە لەندەن ئاشکرا دەبێت .

گەوهەر فرۆشەکان کە بەهۆی متمانە بە کاردینال دێرۆهام ئەو ملوانەکەیە دەدەن بە دیلامۆت، لە دادگا شکایەتی لێدەکەن. کاردینال دێرۆهام دەستبەسەر دەکرێو بەئاشکرا بوونی رووداوی دادگا، رقو بێزراوی گشتی سەبارەت بە ماری ئانتوانت زیاتر دەبێت.

***

36-L'Autrichienne
37-Jeanne de Lamotte
38-Cardinal de Roham

دووباره‌ی نێکێرو دژایه‌تی کردنی له‌گه‌ڵ گۆڕینی ناوی ئه‌نجوومه‌نی چینه سێ قۆڵییه‌کان بۆ ئه‌نجوومه‌نی کاتی دامه‌زرێنه‌ران بوو. نێکێر ڕۆژی یازده‌ی ژووئییه‌ی ساڵی١٧٨٩ له‌سه‌ر کار لابردراو ڕۆژی دواتر خۆپیشاندانێك دژی ده‌رباری لوویی شازده‌هه‌م ده‌ستی پێکرد. ئه‌و خۆپیشاندانه له‌ڕۆژه‌کانی دواتر به‌رفراوانتر بووو له‌ڕۆژی سێزده‌ی ژووئیه‌ی هه‌مان ساڵ، خۆپیشانده‌ران که سه‌ره‌تا چه‌کی ساردی وه‌ك نێزه‌و ته‌وریان پێ‌بوو به هێرش کردنه سه‌ر جبه‌خانه‌یه‌کی چه‌ك‌و چۆڵ، چه‌کی گه‌رمیشیان به‌ده‌ست هێنا. ڕۆژی چوارده‌هه‌می ژووئیه که خاڵێکی وه‌رچه‌رخان بوو له مێژووی شۆڕشه‌کانی فه‌ڕانسه‌و وه‌ك ڕۆژی نه‌ته‌وه‌یی فه‌ڕانسه جێژن ده‌گیرێ، گه‌لی تووڕه‌و ڕق هه‌ستاوی فه‌ڕانسه سه‌ره‌تا به هێرش بردنه سه‌ر ناوه‌ندێکی سه‌ربازی چه‌کی زۆرترو ژماره‌یه‌کیشیان تۆپ به‌ده‌ست هێناو له‌و ڕۆژه‌دا ژماره‌یه‌کیش سه‌رباز پێوه‌ندییان به خه‌ڵکه‌وه گرت‌و قه‌ڵای به ناوبانگی "باستیل"[39]یش بۆ وه‌ده‌ست هێنانی چه‌ك‌و ئازادکردنی چه‌ند زیندانی‌یه‌کی سیاسی که‌وته به‌ر په‌لامار. گیرانی باستیل‌و کوژرانی به‌رپرسه‌که‌ی که خه‌ڵك سه‌ریان به نێزه‌وه کردبووو له پێش خۆیان برد، نه‌ته‌نیا یه‌که‌مین توندو تیژی‌و خوێنرێژی له شۆڕشی فه‌ڕانسه به‌ڵکو یه‌که‌مین بۆشایش له‌ریزی سه‌ربازه‌کانی فه‌ڕانسه بوو که لوویی شازده‌هه‌می زیاتر له‌جاران ترساندو ناچاره کرد له‌به‌رامبه‌ر شۆڕشگێڕانی فه‌ڕانسه پاشه‌کشه بکات. نێکێر که له‌لای خه‌ڵك‌و نوێنه‌ران خۆشه‌ویست بوو، له‌ڕۆژی شازده‌هه‌می ژووئییه‌دا سه‌رله‌نوێ هاته‌وه سه‌ر کارو له ڕۆژی حه‌ڤدیه‌م بڕیاری گۆڕینی ناوی ئه‌نجوومه‌نی چینه سێ قۆڵییه‌کان یان ئه‌نجوومه‌نی نه‌ته‌وه‌یی بۆ ئه‌نجوومه‌نی کاتی دامه‌زرێنه‌ران په‌سند کرا که به‌مانای قه‌بووڵکردنی ده‌سه‌ڵاته‌کانی یاسا دانان له لای ئه‌و ئه‌نجوومه‌نه‌وه بوو. ئه‌نجوومه‌نی کاتی دامه‌زرێنه‌ران بیست ڕۆژ دوای ڕاپه‌ڕینی ١٤ی ژووئییه به په‌سندکردنی یاسایه‌ك، سیسته‌می فیۆداڵی‌و ڕێژیمی ده‌ره‌به‌گایه‌تیی له‌فه‌ڕانسه هه‌ڵوه‌شانده‌وه‌و زۆربه‌ی ماف‌و ده‌سه‌ڵاته‌کانی ده‌وڵه‌مه‌ندان‌و خاوه‌ن زه‌ویه گه‌وره‌کانی له‌نێو برد. لایه‌نگرانی لوویی شازده‌هه‌م‌و له‌سه‌روی هه‌موویانه‌وه ماری ئانتوانت، له گوێی لوییان خوێند که ئه‌گه‌ر ملکه‌چی ئه‌و بڕیاره بێت هه‌موو لایه‌نگرانی له‌ده‌ست ده‌دات. لوویی شازده‌هه‌م هاوکات له‌گه‌ڵ ڕاگه‌یاندنی پووچه‌ڵبوونی بڕیاره‌کانی ئه‌نجوومه‌نی کاتی دامه‌زرێنه‌ران، جه‌ختی له‌سه‌ر ئه‌وه کرده‌وه‌که هیچ یاسایه‌ك بێ‌دان پێدانان‌و په‌سندکردنی ئه‌و توانای جێبه‌جێکردنی نی‌یه. له ڕۆژی پێنجه‌می

39-Bastille

ئووتی ١٧٨٩ دا، واته ڕۆژی دوای ڕه‌د کردنه‌وه‌ی یاسای په‌سندکراوی ئه‌نجوومه‌ن له‌لایه‌ن پاشاوه، هه‌زاران ژن‌و پیاوی چه‌کدار به‌ره‌و کۆشکی ڤێرسای (شوێنی نیشته‌جێ بوونی ماڵباتی پاشا) وه‌ڕێکه‌وتن.

بۆ وه‌ڕێخستنی ئه‌و خۆپیشاندانه جگه‌له بابه‌تی ڕه‌دکردنه‌وه‌ی یاساکانی په‌سندکراوی ئه‌نجوومه‌ن به فه‌رمانی پاشاو هه‌ژاری‌و قات‌و قڕی‌و که‌م بوونی نان‌و خوارده‌مه‌نی که له ئاژاوه‌و بێ سه‌روبه‌ری له گونده‌کان‌و خراپی باری به‌ربۆم سه‌رچاوه‌ی گرتبوو، ده‌نگۆی له‌ژێر پێ شێلان‌و خستنی ئالای سێ‌ره‌نگی فه‌ڕانسه له‌لایه‌ن ماری ئانتوانت (ژنی ئۆتریشی)و سووکایه‌تی کردن به نه‌ته‌وه‌ی فه‌ڕانسه له کۆڕی جێژنێك که له‌کۆشکی ڤێرسای گیرا بوو، ڕۆڵی کاریگه‌ری هه‌بوو. خۆپیشانده‌ران که زۆربه‌یان ژن بوون، دوای گه‌یشتن به کۆشکی ڤێرسای له ده‌وروبه‌ری ئه‌و کۆشکه ده‌ستیان به درووشمدان کردو له‌نێوان ئه‌و درووشمه جۆراوجۆرانه‌ی که به‌لایه‌نگری له‌سه‌ربه‌ستیی حکوومه‌تی نه‌ته‌وه‌یی به‌رزیان ده‌کرده‌وه، زیاتر له هه‌موویان درووشمی "ئێمه نانمان ده‌وێ" به گوێ ده‌گه‌یشت. ده‌ڵێن کاتێك مه‌لیکه ماری ئانتوانت هۆی ئه‌م خۆپیشاندان‌و قاوو قیژه‌یه‌ی له‌ئه‌فرادی ده‌رباری پرسی، وتیان له‌پاریس نان که‌مه‌و ئه‌مانه نانیان ده‌وێت. ماری ئانتوانت وڵامی داوه که "ئه‌گه‌ر نانیان نی‌یه کێك بخۆن!" ڕه‌نگه ئه‌م داستانه بۆ ماری ئانتوانت هه‌ڵبه‌سترابێ، به‌ڵام ئه‌م داستانه‌ش وه‌ك زۆربه‌ی پڕۆپاگه‌نده‌کانی‌تر له یادی خه‌ڵك ماوه‌و که‌وته نێو کۆڕ و سه‌ر زمانان‌و بووه هۆی سووکایه‌تی پێکردن به ماری ئانتوانت‌و ده‌رباری فه‌ڕانسه. خۆپیشاندانه‌که‌ی پێش کۆشکی ڤێرسای له ڕۆژی شه‌شه‌می ئووت بوو به شۆڕشی چه‌کدارانه‌و خه‌ڵك به‌شکاندنی دیواری حه‌وشه‌ی کۆشکی ڤێرسای‌و کوشتنی ژماره‌یه‌ك له‌سه‌ربازه‌کانی پارێزه‌ری کۆشك، هێرشیان برده‌سه‌ر ئه‌و باڵه‌خانه‌یه‌ی که ماری ئانتوانتی تێدا نیشته‌جێ بوو. به‌ڵام ماری هه‌ڵاته به‌شه‌که‌ی‌تری کۆشك که تایبه‌ت به پاشا بوو. خۆپیشانده‌ران داوایان له بنه‌ماڵه‌ی پاشا کرد که ڤێرسای به جێ بهێڵن‌و بێنه پاریس. لوویی شازده‌هه‌م که له درێژه‌کێشانی شۆڕشه‌که ده‌ترسا ئه‌و داواکارییه‌ی قه‌بووڵ کرد. بنه‌ماڵه‌ی پاشایه‌تی فه‌ڕانسه دوای گوازرانه‌وه بۆ پاریس زیاتر له جاران که‌وتنه ژێر گووشارو لوویی شازده‌هه‌م که به‌کرده‌وه ده‌سه‌ڵاتی لێ‌ئه‌ستێندرا بۆوه، له ئه‌نجامدا بڕیاریدا به نهێنی له پاریس بچێته ده‌ره‌وه‌و له به‌شێکی‌تری خاکی فرانسه بۆ وه‌ده‌ست هێنانه‌وه‌ی هێزو ده‌سه‌ڵاته‌کانی هه‌وڵ بدات. زۆربه‌ی مێژوونووسان ئه‌م بڕیاره ناشیانه‌ش که دوایین تیری له بنه‌ماکانی ڕێژیمی پاشایه‌تیی فه‌ڕانسه

دا، دەخەنە پاڵ ماری ئانتوانتەوەو دەنووسن: ماری مێردەکەی رازی کرد بچێتە "مێتز"[40] و لەوێ پێوەندی لەگەڵ بەهێزەکانی یەکێك لە ئەفسەرانی پاشایەتی خواز بەناوی "مارکوس دووبلی"[41] بگرێ. لە هەندێك لەسەرچاوەکاندا هاتووە کە ماری ئانتوانت لە رێگای ئەو ئەفسەرە پاشایەتی خوازەوە کە سەرکردایەتی هێزەکانی فەڕانسەی لە سنوورەکانی ئۆتریش لە ئەستۆدا بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەی پێوەندی گرتووەو ویستوویەتی دوای رۆیشتنە دەرێ لەپاریس بەیارمەتی هێزەکانی ئۆتریش لەگەڵ حکوومەتی شۆڕشی پاریس شەڕ بکات.

لوویی شازدەهەمو ماری ئانتونتەو ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی لە شەوی بیستەمی ژووەنی ساڵی ١٧٩١ بە کالیسکەیەکی گەورەوە لە پاریس چوونە دەرێ. بەڵام لە نزیکی پاریس هێزە شۆڕشگێرەکان ئەوانیان ناسیو لەژێرچاوەدێری گەڕاندیاننەوە بۆ پاریس. گەڕانەوەی پاشاو خێزانی بۆ پاریس بە بێڕێزیو سووکایەتییەوە ئەنجام دراو ئاژاوەیەکی لێکەوتەوە کە بووە هۆی ئەوە کە لەوە بەملاوە بکەونە ژێر چاوەدێری زیاترو بەکردەوە لە کۆشکی "تۆیلێری" بەندکران. هەوڵ بۆ لابردنی لوویی شازدەهەمو هەڵوەشاندنەوەی رێژیمی پاشایەتی لەرۆژی دواتری رووداوەکە لە پاریس دەستی پێکردو ئەمجارەیان جگە لە تۆمەتەکانی پێشوو، تۆمەتی خەیانەتو پیلانگێڕان لەگەڵ بێگانەکان بە دژی فەڕانسەش لە بنەماڵەی پاشایەتی بەتایبەت ماری ئانتوانت درا. لە رۆژی بیستەمی ئاڤریلی ساڵی ١٧٩٢ ئەنجوومەنی کاتی فەڕانسە بڕیاری شەڕی لەگەڵ ئۆتریش دەرکرد. تێکشکانە سەرەتاییەکانی فەڕانسە لەو شەڕەداو ئەو پڕۆپاگەندانەی کە لەمەڕ پێدانی پلانەکانی شەڕ لەلایەن ماری ئانتوانتەوە بە دووژمن بڵاو ببۆوە، پەرێشانیو دژایەتی گشتی خەڵکی لەگەڵ رێژیمی پاشایەتی پتر کردو لەرۆژی بیستەمی ژووەن لە پاریس هەندێك خۆپیشاندان دژی رێژیم دەستی پێکرد کە وردەوردە بەرفراوانتر بوو. کۆشکی تۆیلێری لە رۆژی دەی ئووت لەلایەن شۆڕشگێڕە چەکدارەکانەوە کەوتە بەر هێرش. پارێزەرانی کۆشك کە هەموویان لەسەربازانی بە ئەمەگی پاشابوون لەبەرامبەر هێرش بەران بەرگرییان کرد، بەڵام پاش چەند کاتژمێرێك شەڕ، تێکشکانو کۆشکەکە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە داگیر کرا. بەڵام لوویی شازدەهەمو بنەماڵەکەی لە رەوتی شەڕو پێکدادانەکە

40-Metz

41-Marquis de Bouille

لە کۆشك هەڵاتنو پەنایان بۆ باڵەخانەکەی ئەنجوومەن برد. دوای ئەم رووداوە ئەنجوومەن لەدەی ئووت حوکمی هەڵپەساردنی لوویی شازدەهەمی پەسند کرد. بەڵام پەسندکردنی بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە چارەنووسی رێژیمی داهاتووی وڵاتی سپارد بە ئەنجوومەنێکی‌تر کە"کۆنڤانسیۆنی"[42] پێدەوترا. لوویی شازدەهەم و بنەماڵەکەی لەسەرەتادا لە لۆکزامبۆرگو دوایش لەقەڵای "تێمپڵ"[43] بەند کرانو بەرپرسایەتی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە شۆڕایەکی کاتی پێدراو لەژێر سەرپەرشتی "دانتۆن"[44]. لەنیوەی سێپتەمبەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێی فەڕانسە کە ناوی کۆنڤانسیۆن بوو کۆتایی پێهاتو کۆنڤانسیۆن لە رۆژی ٢١ ی سێپتەمبەری ساڵی ١٧٩٢ دا کۆبوونەوەیەکی پێك هێنا.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆنڤانسیۆن بابەتی رێژیمی داهاتووی وڵات کەوتە بەر باسو نوێنەرانی ئامادەبوو لە کۆبوونەوەکە بە تێکڕای دەنگ هەڵوەشاندنەوەی رێژیمی پاشایەتیو دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمارییان پەسندکرد.

لەنێو ئەندامانی کۆنڤانسیۆن سەبارەت بە چۆنیەتی دیاریکردنی چارەنووسی بنەماڵەی پاشایەتی جیاوازی را هەبوو، بەڵام باڵی توندڕەوی کۆنڤانسیۆن کە "رۆبێسپییەر"[45] لەسەروویانەوە بوو، لەو بڕوایەدا بوو مانەوەی لوویی شازدەهەم لە داهاتوودا مەترسیی بۆسەر حکوومەتی کۆماری دەبێت. رۆبێسپییەر لە شازدەی ژانڤییەی ساڵی ١٧٩٣ بە ئامادە کردنی زەمینەی پێشوو، پێشنیاری لە سێدارەدرانی لوویی شازدەهەمی پێشکەش بە کۆنڤانسیۆن کردو لە وەتارێکدا گووتی: مانەوەی لوویی تەنانەت لە بەندیخانەو دوورخستنەوەشی مەترسی هەیە بۆ دەوڵەت. زۆربەی ئەندامانی کۆنڤانسیۆن لە بڕیاری لە سێدارەدرانی لوویی شازدەهەم رازی نەبوونو ئەگەر دەنگەکان بە نهێنی وەربگیرابوایە، دژی بڕیاری لەسێدارەدانی لوویی دەنگیان دەدا، بەڵام رۆبێسپێەر پێشنیاری کرد کە نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن یەکە یەکە بچنە پشت تریبوونو دەنگی خۆیان رابگەیێننو خۆی پێش هەموو نوێنەرەکانو وەك نوێنەری یەکەمی پاریس بۆ کوشتنی لوویی شازدەهەم دەنگیدا. کۆبوونەوەو باسی کۆنڤانسیۆن

42-Convention

43-Temple

44-Danton

45-Robespierre

سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی لوویی شازدەهەم بیستو چوار کاتژمێری خایاندو زۆرینەی ئەندامانی کۆنڤانسیۆن لەژێر گوشاری ترسو دڵەراوکەی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەتەواوی ماوەی کۆبوونەوەکەدا لە دەوروبەری بینایەی کۆنڤانسیۆن درێژەی هەبوو، بڕیاری کوشتنی لوویی شازدەهەمیان پەسندکردو ئەو نوێنەرانەی کە وێرابوویان دژی ئەو پێشنیارە دەنگ بدەن وێرای تاوانبارکردنی لوویی شازدەهەم، تەنیا خوازیاری دادگایی کردنی ئەو لە دادگایەکی دەسەڵاتدار بوون. لە ئاکامدا سەری لوویی شازدەهەمیان لە ڕۆژی ٢١ی ژانڤیەی ساڵی ١٧٩٣لەتەمەنی ٣٩ ساڵیو لە گۆرەپانێکدا کە ئەمڕۆ گۆرەپانی "کۆنکۆرد"[46]ی پێدەوەترێ بە گیوتین (مقصلە) لە جەستە جیا کردەوە. خاڵی سەر سووڕهێنەر ئەوەیە کە لوویی سەرەڕای ئەو هەموو بێ ئیرادەییو لاوازییەی کە لە چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی ژیانیدا هەی بوو، بە بوێریو هێمنییەکی کەم وێنەوە بەرەو پێشوازی مردن چوو.

***

ماری ئانتوانتو کوڕە هەشت ساڵانەکەی (لوویی شارڵ) دوای کوژرانی لوویی شازدەهەم لە قەڵای تێمپڵ بەند کران، بەڵام دواتر ئەوانیان لێك جیا کردەوەو ماری ئانتوانت تا ڕۆژی دادگاییی کردنەکەی لە ڕۆژی چوارەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٩٣ لە بەندیخانەی "کۆنسیێرژری"[47] بەند بوو. ماری ئانتوانت بە کراسێکی ڕەشی کۆنەوە کە لە ڕۆژی کوژرانی هاوسەری لە بەریدا بوو، لە کۆبوونەوەی دادگا ئامادە بووو دیمەنی تێکچرژاوو خەمۆکی، ئامادەبووانی دادگای ماتو بێدەنگ کرد. ڕۆژێك کە ئانتوانت لە بەردەم "دادگای شۆڕشی تاوان" ئامادەبوو ٣٧ساڵی تەمەن بوو، بەڵام ساڵانی ترسناکی ١٧٩٠ تا ١٧٩٢و چوار مانگ بەندیخانەو پێکانی رووحیو کوژرانی مێردەکەی بەڕادەیەك ئەوی تێك شکاندبوو کە وەك ژنێکی شەست ساڵە یان زیاتر دەهاتە بەرچاو. زولفەکانی کەمو زۆر سپی ببوونو بەهۆی کزیو لاوازی زۆر، ئێسقانەکانی سەرو چاوی دەبیندران.

46-Concord
47-Conciergerie



ماری ئانتوانت لە دەورانی دەسەڵاتدا

داواکاری گشتی ئەم دادگایە،"فووکیە تینڤیل"[48]ی شۆڕشگێڕ بوو کە داواکاری گشتی بەناوبانگی پاریس بووو هەزاران کەسی پێش ماری ئانتوانت بە تیخی گیوتین ئەسپارد بوو. تۆمەتەکانی ماری ئانتوانت کە لە داواکاری نامەکەی تینڤیل دا نووسرا بووو لەسەر بنەمای ئەو تۆمەتانە داوای توندترین سزا بۆ تاوانبار کرابوو بریتی بوون لە "بەشداری لەتاوانەکانی لوویی شازدەهەمو مەیلەو چوونی ئەو بۆ کوشتنی خەڵكو توندوتیژی لەگەڵ شۆڕشگێڕانو بە فیڕۆدانی سامانی نەتەوەییو چەوت کەڵك وەرگرتن لە پێگەو هەروەها نامە گۆڕینەوە لەگەڵ دووژمنانی دەرەکی شۆڕشگێڕانو پیلانگێران دژی دەوڵەت بوو". ڕۆژی یەکەمی دادگا بە گوێ گرتن لە شایەتیو سوێند خواردنی گەواهیدەران تێپەڕیو ماری ئانتوانت زۆربەی ئەو شایەتانەی وەدرۆ خستەوە. ماری ئانتوانت لەو کۆبوونەوەیەی دادگادا بە هێمنیو لەسەرەخۆییەوە وەڵامی پرسیارەکانی سەرۆکی دادگاو قسەی شایەتەکانی دەداوەو تەنیا جارێك تووڕە بوو ئەوەش کاتێك بوو کە یەکێك لە شایەتەکان ئەوی بە ئەشقبازی لەگەڵ کوڕەکەی لە بەندیخانەی تێمپڵ تۆمەتبار کرد ماریش لە وەڵامدا گوتی ئەم تۆمەتە بەرادەیەك ناحەزە کە ئامادەنییە وەڵام بداتەوە.

48-Fouquier-Tinville



ماری ئانتوانت لە ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنیدا

سێشەممە ١٥ی ئۆکتۆبەر کە ڕۆژی دووهەمی دادگایی کردنی ماری بوو، کاتێك کە ماری ئانتوانتیان لە بەندیخانەوە دەهێنا بۆ دادگا بارانێکی بە خوڕ دەباریو زولفو جلوبەرگەکەی خووسابوو. پارمەتیدەری داواکاری گشتی لەسەرەتای کۆبوونەوەی دووهەمی دادگادا، دووپاکەتی داخراوی کردەوە کە لەکاتی گواستنەوەی ماری لە قەلای تێمپڵ لەنێوان کەلو پەلەکەی زەوت کرابوو. لە نێو ئەو پاکەتانەدا بڕێك قژو خشتەیەكو قووماشێکی بچووکی تێدا دەبیندرا کە دڵێکی تیر لێدراوی لێکێشرابوو. سەرۆکی دادگا داوای ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی نێو پاکەتەکانی کرد. ماریگوتی: " قژەکان هی مێردو منداڵە مردووەکەمە کە وەك یادگاری هەڵم گرتووە، خشتەکەشم بۆ فێرکردنی ژماردن بۆ کوڕەکەم ڕاگرتبوو ودڵەکەش بیرەوەری ڕابردوویە". فووکیە ووتی تاوانبار درۆ دەکات. ئەم دڵە تیر لێدراوە هێمایەکی دژی شۆڕشگێڕییە کە من لای زۆربەی نەیارانی شۆڕش دیومە.

دوایی (هێرمان)[٤٩] سەرۆکی دادگا دەستی بە قسە کردو چەند پرسیارێکی جیاجیای لە ماری ئانتوانت پرسی کە لە ڕواڵەتدا پێوەندییان بەیەکەوە نەبوو، بەڵام مەبەست لەو پرسیارانە

49-Herman

بەدەست هێنانی بەڵگە بوو بۆ سەلماندنی ئەو تۆمەتانەی کە لە داواکاری نامەکەی فووکیەدا نووسرا بوو. هەندێك لەو پرسیارو وەڵامانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

-ئەم پارەو پوولانەی کە لە خۆشڕابواردنو میوانییەکانی خۆتان خەرجتان دەکرد لە کوێوە بە دستان دەهێنا ؟

- خەرجی میوانییەکانی دەربار لە شوێنی یاساییدابین دەکراو هیچ شتێك لە دەوڵەت شاراوە نەبوو.

- ئایا تۆ لە دانانی وەزیرو پۆستە گرینگەکانی دەوڵەتی بەشداریت دەکرد؟

-نەخێر.

-ئایا تۆ کەسانی جێ‌متمانەی خۆت بۆ پێ ئەسپاردنی پۆستە گرینگەکان بە سەر وەزیرەکان دادەسەپاند؟

-نە خێر.

-ئایا تۆ وەزیرەکانی داراییت ناچار نەدەکرد کە بۆ دابینکردنی خەرجییە تایبەتەکانی خۆت، هەندێك پارەت بۆ تەرخان بکەن ؟

-هیچ کات .

ماری ئانتوانت وەڵامی ڕەدی بە تەواوی پرسیارەکانی تایبەت بە پێوەندی لەگەڵ بێگانەکانو شۆفاری بۆ دوژمنانی فەرانسە داوەو لە ئەنجامدا فووکیە کە لەو پرسیارو وەڵامانە جاڕز ببوو، خۆی درێژەی قسەی گرتە دەستو دوای ئەوە کە دووبارە ماری ئانتوانتی بە پێوەندی گرتن بە بێگانەکانو سیخوڕی بۆ دوژمنانی فەرانسە تۆمەتبار کرد، ووتی:

- نکۆڵی کردنی تۆ سەبارەت بە چەوت کەڵك وەرگرتن لە داراییو داسەپاندنی دەسەلاَت بەسەر کار بەدەستانی دەوڵەت ناتوانێ ڕاستییەکان بشارێتەوە. ئایا دەتوانی حاشا لەوەش بکەی کە لەکاروباری سیاسیدا ڕاوێژت لەگەڵ هاوسەرت کردووەو لە دانانو لەسەرکار لابردنی وەزیرانو پۆستە گرینگەکانی دەوڵەت بەشداریت کردووە؟


ماری ئانتوانت لە وەڵامدا وتی: "ڕاوێژکردن لەگەڵ داسەپاندنی دەسەلاَتو دەست تێوەردان جیاوازی هەیەو من لە هەندێك بواردا تەنیا ڕوانگەی خۆم وەتووەو لە جێبەجێکردنیدا ڕۆڵێکم نەبووە".

فووکیە درێژەی بە بابەتەکەداو گووتی: "ئەوبەڵگانەی کە لەبەردست دایەو ئەو قسانەی شایەتەکان هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە تۆ دەستت لە کاروباری دانانو لەسەر کارلابردنی وەزیران و بڕیارە گرینگەکانی حکوومەت وەرداوەو لە بەرپرسیارێتی زۆربەی کارە ناحەزو خراپەکان هاوبەشی. هەندێك بەڵگە لەبەردەست دایە کە کاتێك "لوویی کاپێت"[٥٠] سەبارەت بە کارەکان دوودڵ دەبوو، وەزیرەکان بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانە پەنایان دەبردە بەر تۆو ئێوەش بە کەڵك وەرگرتن لە بێئیرادەییو بێدەسەڵاتی هاوسەرت ئەوتان ناچار دەکرد کە خواستو ئامانجەکانت جێبەجێ بکات". ماری ئانتوانت وەڵامی بنەڕەتی تۆمەتەکەی فووکیەی نەداوەو تەنیا ووتی: "هاوسەرم هیچکات بێئیرادەو نەفس نزم نەبووەو هەمووکات ئەوشتانەی کە من وەتوومە جێبەجێی نەکردووە". سەرۆکی دادگا بۆ چەند خولکێك پشوودان دادگاییەکەی راگرتو ماری ئانتوانت کاتێك کە لەنێوان هاتو هاوارو سوکایەتی پێکردنی بینەران لە هۆڵەکە دەچووە دەرێ ورەی لە دست دابوو. داوین کۆبوونەوەی دادگا شەو دەستی پێکرد. لە سووچو قوژبنی هۆڵی دادگا چەند مۆمێکیان داگیرساندبووو دوو چراش لە پشتی دەستەی سوێند خۆران داندرابوو کە پێش دادگاو جێگای دانیشتنی تاوانباری رووناك دەکرد. بەڵام هۆڵی دادگا تاڕادەیەکی زۆر تاریكو ترسناك بوو. سەرۆکی دادگا کۆبوونەوەکەی دەست پێکردو بە ماری ئانتوانتی گووت کە تۆ داواکاری نامەکەی داواکاری گشتی و سوێندی شایەتەکانت بیستو لەبابەتی تۆمەتەکانت ئاگادارکرای. ئایا قسەیترت هەیە بۆ بەرگری کردن لە خۆت؟ ماری ئانتوانت لەسەر جێگای خۆی هەستاو گوتی: "من تا دوێنێ نە بابەتی تۆمەتەکانی خۆم دەزانیو نە شایەتەکانم دەناسی. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە نە ئەو تۆمەتانەی لەمن دراوە بنەمایەکی راستو پتەوی هەیەو نە سوێند خواردنی شایەتەکان بەڵگەی بەهێزو سەلمێنەرن. من هیچ تاوانێکم نییە مەگەر ئەوەی کە ژنی لوویی شازدەهەم بوونم بۆ بکەن بە تاوانێکی نەبەخشراوە، ئەگەر ئەوەش تەنیا تاوانی من بێت وەك ژنو بەپێی یاساو دابو نەریتە هیچ رێگایەکم جگە لە ملکەچیو هاوەدەردی لەگەڵ هاوسەرم نەبووە". فووکیە دوای وتە کورتەکەی ماری ئانتوانت درێژەی قسەی گرتە دەستو لە وتارێکی چڕو پڕدا تەواوی تۆمەتەکانی "بێوەژنی لوویی کاپێتی" خوێندەوەو هەوڵیدا تەواوی ئەو تۆمەتانە بە پاڵپشتی قسەی شایەتەکانو ئەو بەڵگانەی کە لە بەر دەستدا هەبوو بسەلمێنێ. فووکیە

٥٠- Capet ناوی بنەماڵەیی ئاباو ئەژدادی ماڵباتی پاشایەتی فەڕانسە بوو کە شۆڕشگێڕانی فەڕانسە بۆ سووکایەتی پێکردنی لوویی شازدەهەم، ئەو نێوەیان بەکار دەهێنا .

وتە تێرو تەسەلەکانی خۆی بەم رستانە تەواو کرد کە "تاوانبار یەکێك لە دووژمنە ناسراوەکانی نەتەوەی فەڕانسەو یەکێك لە هاندەرە سەرەکییەکانی ئەو تاوانانەیە کە گەلی فەڕانسە بە درێژایی چواردە ساڵی رابردوو دیویانە. ئانتوانت لەو کارەساتانەی کە مردنی هەزارن کەس لێکەوتۆتەوە دەستی هەبووەو دەبێ بە سزای تاوانەکانی خۆی بگات".

کاتێك نۆبەی دواین بەرگریی یاسایی لە ماری ئانتوانت گەیشتە پارێزەرەکانی، کاتژمێر لە نیوە شەو تێپەڕی بوو. ئەوانیش بۆ رەدکردنەوەی داواکاری نامەکەی فووکیەو وەدرۆخستنەوەی سوێندی شایەتەکان لە دەوروبەری ٢ کاتژمێر قسەیان کرد. لەتەواوی ئەو ماوەیەدا فووکیە بەرقو تووڕەییەوە چاوی لە پارێزەرەکان دەکردو کاتێك کە قسەکانیان تەواو بوو، فەرمانی دەستبەسەر کردنیانی دەرکرد. لەو کاتەدا کە جەندرمەکانی دادگا پارێزەرەکانیان لە هۆڵی دادگا دەبردە دەرێ، هێرمان (سەرۆکی دادگا) بە ئەندامانی دەستەی سوێند خۆرانی گووت: "ئەم دادگایە وێنەیەکی بەرچاوی لەسەربەستیو دادپەروەری بۆ خەڵکی جیهان خستۆتە روو. ئەو ژنەی کە ماوەیەك بەر لە ئێستا شانازی بە دونیا دەفرۆشتو شکۆو زۆرداری ئەو چاوەکانی دەحەپەساند، ئێستا لەسەر کورسی تاوانو لەبەرامبەر گەل دانیشتووەو بەزوویی بە سزای کارەکانی خۆی دەگات. ئێوە ئەندامانی دەستەی سوێند خۆران دەبێ لەکاتی راوێژ، نەتەنیا دەقی داواکاری نامەو رەوتی دادگایی کردنەکە، بەڵکوو تەواوی ژیانی سیاسیو رۆڵێکی کە ئەو ژنە لەتەنیشت هاوسەری وەك دواین شاژنی فەڕانسە نواندوویەتی لەبەرچاوبگرن. هەروەها پێویستە لەکاتی پەسندکردنی بریارەکەتان، پێوەندی تۆمەتبار لەگەڵ وەزیرو ژێنراڵە خایینەکانو رۆڵی ئەو لەمەڕ پێوەندی لەگەڵ پاشا زۆردارەکانی بێگانە کە ئەمرۆ دژی ئازادی ئێمە پیلان دەگێرن لە بەرچاوتان بێت. دەستەی سوێند خۆران کاتژمێر سێی نیوە شەو دەستی بە راوێژ کرد، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی وتەکانی سەرۆکی دادگاو چارەنووسی پارێزەرانی ماری ئانتوانت لەسەرەتاوە ئەنجامی راوێژەکەیان دیار بوو. ئەندامانی دەستەی سوێند خۆران لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێك بڕیاری خۆیان پەسندکردو رۆژی ١٦ ی ئۆکتۆبەرو کاتژمێر چواری بەیانی کۆبوونەوەی دادگا بۆ راگەیاندنی بڕیاری دەستەی سوێند خۆران پێك هات. هێرمان سەرۆکی دادگا بەم شێوەیە بڕیارە پەسندکراوەکەی خوێندەوە:



AU NOM DE LA REPUBLIQUE

REQUISITION au Commandant-général de la force armée

L'ACCUSATEUR PUBLIC, près le Tribunal criminel-révolutionnaire, établi à Paris par la loi du 10 mars 1793, en exécution du jugement du Tribunal de ce jourd'huy requiert le citoyen commandant-général de la force armée parisienne, de prêter main-forte et mettre sur pied la force publique, nécessaire à l'exécution dudit jugement rendu contre Marie Antoinette ... et qui la condamne à la peine de mort laquelle exécution aura lieu aujourd'huy à Dix heures du matin sur la place publique de la Revolution de cette ville. Le citoyen commandant-général est requis d'envoyer ladite force publique, cour du Palais, ledit jour, à huit heures précises du matin

FAIT à Paris, le 25 ... l'an second de la République française, une et indivisible


ACCUSATEUR PUBLIC

بڕیاری کوشتنی ماری ئانتوانت کە داواکاری گشتیی بەناوبانگی فەڕانسە، "فووکیە تینڤیل"ی شۆڕشگێر واژۆی کرد

"دادگای شۆڕشی تاوان بە لە بەر چاوگرتنی بڕیاری دەرکراوی دەستەی سوێند خۆران کە بە تێکڕای دەنگ پەسند کراوە، تاوانبار ماری ئانتوانت لۆرین دۆتریش بێوەژنی لوویی کاپێت بە مەرگ مەحکووم دەکات. لەسەر بنەمای یاسای پەسندکراوی دەیەمی مارسی پێشوو دەستبەسەر ماڵو ملکو داراییەکانی بە قازانجی دەوڵەت دادەگیرێ. دادگا داوا لە داواکاری گشتی دەکات کە ئەم بڕیارە لە گۆرەپانی کۆماری جێبەجێ بکات".

ماری ئانتوانت چاوەکانی لەسەریەك داناو چیتر قسەی نەکرد. ئەو دیهەویست لەبەرامبەر بڕیارێك کە ڕەنگە خۆشی چاوەڕوانی دەکرد، هێمنیو لەسەرەخۆیی خۆی بپارێزێو بە غرورو ورەوە بچێتە پێشوازی مەرگ، بەلاّم کاتێك ئەویان لە هۆڵی دادگا دەبردە دەرێ ئیتر توانای ڕێگا ڕۆیشتنی نەمابوو. ئەو ئەفسەرە گەنجەی کە بەرپرسی پارێزگاری لەو بوو باسکی گرتو ئەوی لە هەوای ساردی پاییزیدا تا هۆدەکەی ڕێنوێنی کرد. فووکیە کاتژمێر دەی بەیانی ئەو ڕۆژەی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دیاری کردو شاژنی بەخت وەرگەڕاوەی فەڕانسە تەنیا چەند کاتژمێرێکی دەرفەت بوو کە وەسیەتنامەکەی بنووسێ. بەلاّم جگە لەم چەند دێڕە چیتری بۆ نەنووسرا.

خوای من بەزەییت پێم بێ: منداڵە بەستەزمانەکانی من... چاوەکانم ئیتر ئەسرینێکی نییە بۆتان ببارێنێت. خواتان لەگەڵ. خواتان لەگەڵ.



دیمەنی کوشتنی ماری ئانتوانت کە کاری یەکێك لە وێنە کێشەکانی ئەو کاتەیە

***

ڕۆژی شازدەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٩٣ کاتژمێر ١٠ی بەیانی سەری ماری ئانتوانتیان بە تیخی گیوتین لە جەستەی جیاکردەوە. ئەویش وەك مێردەکەی بە لەسەرەخویی‌و بوێری بە پێشوازی مەرگەوە چوو. ماری ئانتوانت دووکوڕی بوو کە یەکەمیان لەساڵی ١٧٨٩دا مردو کوڕی دووهەمیشی کە جێنشینی فەڕانسە بوو، تەنیا دووساڵ دوای مردنی دایکی ژیا. لوویی شارڵ کە لە مێژووی فەڕانسە بە لوویی حەڤدەهەم ناسراوە، کاتێك کە لەگەڵ دایكو باوکی لە قەلاّی تێمپڵ بەند کرا تەنیا حەوت ساڵی بووو هەر لەم بەندیخانەیەش لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا مرد. هەڵبەت دواتر چەند دەنگۆیەك سەبارەت بە درۆ بوونی هەواڵی مردنی لوویی حەڤدەهەمو هەلاّتنی لە زیندان بە یارمەتی پاشایەتی خوازەکان بلاّو بۆوەو چەند کەسێکیش بەناوی لوویی حەڤدەهەم داوای تاجو تەختی فەڕانسەیان کرد، بەلاّم داواکارییەکانی هیچکامێکیان نەسەلمێندرا.

فەسڵی حەوتەم

ئەو ژنانەی کە لە رووسیا حوکمڕانیان کرد

لە کاترینی یەکەمەوە تا کاترینی گەورە

پێنج ژن لە مێژووی پڕکارەساتی رووسیا بۆماوەی نێزیك حەفتا ساڵ لەم وڵاتە پانو بەرینە حوکمڕانیان کردووە کە لەنێوانیاندا کاترینی دووهەم یان کاترینی گەورە لە هەموویان ناوبانگی پتر رۆیشتووە. کاترینی گەورە بە تەواوی هێزو دەسەڵاتەوە بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ لە رووسیا حوکمی گێڕا. پێش ئەویش چوار ژن بۆ ماوەی ٣٥ساڵ دەسەڵاتداری رووسیا بوون کە هەرکامیان چارەنووسێکی سەرنج راکێشیان هەیە. کاترینی یەکەم، هاوسەری پیتەری گەورە (ئیمپراتۆری بەناوبانگی رووسیا) یەکەم ژن بوو کە لە رووسیا حوکمڕانی کرد. ناوی ئەسڵی ئەو "مارتا ئێسکاڤرۆنسکی"[1] بوو کە لەبنەماڵەیەکی هەژاری لیتوانی هاتە سەر دونیاو لەسەردەمی داگیرکرانی لیتوانی لەلایەن سویدییەکانەوە لەگەڵ ئەفسەرێکی سویدی زەماوەندی کرد بوو. کاتێك رووسەکان لەساڵی ١٧٠٢ دەستیان بەسەر لیتوانی داگرت، مێردی مارتاو سەربازەکانیتری سویدی هەڵاتنو مارتاش کە بەدیل گیرابوو لە ماڵی پرەنس ئالێکساندێر مێنشیکۆڤدا خەریکی کلفەتی بوو. ئەو شەوێك چووە ماڵی پرەنس "مێنشیکۆڤ"[2] و چاوی بە مارتا کەوت. پیتەری گەورە کە خۆشی لەم خزمەتکارە جوانو لاوە هاتبوو ئەو شەوە لەگەڵی خەوتو ئەوی خاوەن ئەو تایبەتمەندییانە بینی کە لای پەسندبوو و لەگەڵ ئەوەش کە ژنی هەبوو ئەوی بردە کۆشکەکەی. مارتا لە پیتەری گەورە خاوەنی شەش منداڵ بوو کە تەنیا دوانیان بەناوەکانی ئاننا و ئێلیزابێت پێگەیشتن. مارتا بە فریودانی سەرۆك وەزیرانی عوسمانی پیتەری گەورەی کە لە ساڵی ١٧١١ کە لە شەڕلەگەڵ هێزەکانی عوسمانی لە کەناری رووباری "پرۆت"[3] کەوتبووە ژێر گەمارۆو رێگای دەرباز بوونی نەمابوو رزگار کردو پیتەریش کە پێشتر هاوسەرەکەی تەلاق دابوو لەساڵی ١٧١٢ بە پاداشتی ئەو خزمەتە بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ مارتا زەماوەندی کردو دوای زەماوەندەکە ناوی گۆڕدرا بۆ کاترین.

1-Martha Skavronsky

2-Alexander Menshikov

3-Prut



وێنەی پیتەری گەورە و کاترین کە بەناوی کاترینی یەکەم بوو بەشاژنی رووسیا لەگەڵ کچەکانی، ئاننا و ئێلیزابێت

پیتەری گەورە دەساڵ دواتر واتە لەساڵی ١٧٢٢دا نەریتی کۆنی هەڵبژاردنی کوڕی گەورە بۆ جێنشینی باوکی تێك داو رایگەیاند لەمە بەدواوە خوودی تێزار جێنشینی خۆی دیاری دەکات. پیتەری گەورە کەئەم بڕیارەی لەژێر کاریگەری دەمێشك رۆکردنی هاوسەری پەسندکرد بوو دوای راگەیاندنی ئەو بڕیارە ئەوی بە جێنشینی خۆی هەڵبژارد. لەرۆژی حەوتەمی مانگی مەیی ساڵی١٧٣٤دا رێورەسمی تاج لەسەرنانی کاترینی یەکەم وەك شاژنی رووسیا بەشکۆو گەورەییەکی زۆرەوە لە مۆسکۆ بەڕێوە چووو ئەو تاجەی کە لەسەر ئەو کچە جووتیارو خزمەتکارەی پێشوویان دانا لە ٢٥٠٠ پارچە گەوهەر پێك هاتبوو و کە لەناوەندی ئەو تاجەدا یاقووتێك بەدرشتی هێلکەیەکی مریشك دەدرەوشایەوە. کاترین لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنو شنازییانەی کە لەژێر سێبەری پیتەری گەورە وەدەستی کەوتبوو، نەیتوانی بەسەر هەواو هەوەسیدا زاڵ بێتو لەهەمان ساڵی تاج لەسەرنان لەگەڵ خزمەتکارێکی تایبەتی دەرباری پیتەر بەناوی "ویلیام مۆنس"[4] کە

4-William Mons

لاوێکی جوانو به جەرگ بوو پێوەندی گرت. پیتەری گەورە کە لەم ڕووداوە ئاگادار کرایەوە فەرمانیدا سەری خزمەتکارەکەی ببڕنو سەرە بڕاوەکەی بخەنە نێو شووشەی ئەلکۆڵو لە شوێنێکی بەر چاوی کۆشکی ئیمپراتۆری هەڵیواسن تا هەموان لەچارەنووسی ئەو خزمەتکارە خائینە بەئاگا بێنەوەو ئەزموون وەرگرن. بەڵام خاڵی سەر سووڕهێنەری ئەم ڕووداوە ئەوە بوو کە هاوسەرە خەیانەتکارو سپڵەکەی پیتەری گەورە سزا نەدراو کاترین بە مەکرو عیشوە هەروەك جاران ئەشقو خۆشەویستی پیتەری سەبارەت بە خۆی پاراست. پیتەری گەورە دوای ئەو ڕووداوە زیاتر لە ساڵێك نەژیاو لەساڵی ١٧٢٥دا کاترین بە بێ شەڕو کێشە بوو بە سەرۆکی ڕووسیا. کاترینی یەکەم لە تەمەنی چل ساڵی بوو بە دەسەڵاتداری ڕووسیا و حوکمڕانی ئەو لە ڕووسیا زیاتر لەدوو ساڵی نەخایاند، بەڵام لەوماوە کورتەدا کاری بەرچاوی ئەنجامدا. ڕاوێژکاری کاترین لە کاروباری حکوومەتدا خاوەنکارەکەی پێشووی (پرەنس مێنشیکۆڤ) بوو کە تا ڕادەیەك هۆگری بوو. چەند وێنەیەك لە گرینگترین کارەکانی کاترینی یەکەم لەوماوە کەمەی دەسەڵاتیدا بریتی بوولە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی شەش کەسی لەنەجیب زادەو شازادەکانی ڕووسیا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕووسیاو هەروەها دامەزراندنی فەرهەنگستانێکی زانست بۆ هاندانی پسپۆڕانو داهێنەران بوو. ئەنجومەنی پاشایەتی کە داهێنەری سەرەکی ئەو پرەنس مێنشیکۆڤ بوو لەڕاستیدا ئەرکەکانی دەوڵەتی لەئەستۆ بووو بۆ یەکەمین جار لەمێژووی ڕووسیادا یاساو ڕێسایەکی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی دەوڵەت دانا. کاترینی یەکەم هەڵبژاردنی جێنشینی خۆشی بەو ئەنجومەنە ئەسپاردو ئەنجومەنی پاشایەتی دوای مردنی لەنەکاوی کاترین لەساڵی ١٧٢٧، کوڕی دووهەمی پیتەری گەورەی کە لە ژنی یەکەمی بوو بە جێنشینی ئەو هەڵبژارد. ئەنجومەنی پاشایەتی لەڕاستیدا بە هەڵبژاردنی پیتەری دووهەم کە هێشتا خۆی نەناسی بوو درێژەی سەرکردایەتی خۆی لەسەر ڕووسیا مسۆگەر کرد، بەڵام پیتەری دووهەم سیٚساڵ دواتر بە نەخۆشی ئاوڵە (خروێکە) مردو دیسان لەسەرجێنشینی ناکۆکی درووست بۆوە. دوای مردنی پیتەر دووکەس بۆ جێنشینی ئەو پاڵێوراوبوون. نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پاشایەتی لایەنگری "ئێلیزابێت پێترۆڤنا"[5]ی کچی کاترینو پیتەریگەورە بۆ پۆستی دەسەڵات بوونو نیوەکەی تریش لایەنگرییان لە "ئاننا ایڤانۆڤا "[6] دەکرد.

5-Elizabeth Petrovna

6-Anna Ivanova

لە ئەنجامدا لەسەر هەڵبژاردنی ئاننا ڕێك کەوتن، ئەمەش بە مەرجێك بوو کە ئاننا بە نووسراوە بەڵێن بدات کە دان بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن دادەنێت. ئاننا ئەو مەرجەی قەبووڵ کرد، بەڵام هەر کە جێگەپێی پتەو کردو لەپاڵپشتی گاردی پاشایەتیو هێزە چەکدارەکان دڵنیا بوو ئەنجومەنەکەی هەڵوەشاندەوەو دەسەڵاتی بێسنووری لەپاوانی خۆی گرت. ئاننا لەکاتی بەدەست هێنانی پۆستی پاشایەتی سیوحەوت ساڵی تەمەنی بووو نزیك بە یازدە ساڵ لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتو لەساڵی ١٧٤٠ لەتەمەنی ٤٧ ساڵیدا مرد. سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئاننا ئیڤانۆڤ یەکێك لە تاریکترین دەورانەکانی مێژووی ڕووسیا بوو، بەهۆی ئەوە کە ئەو ژنێکی نەزانو هەوەسبازو لە هەمان کاتیشدا تووڕەو دڵ ڕەق بوو. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەو نەتەنیا ڕووسیا هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵکوو چەند ساڵێکیش گەڕایەوە دواوە. هەژاریو نەهامەتیو کەمو کوڕی سەرانسەری ڕووسیای گرتبۆوەو ئانناش بۆ پێش گرتن لە ڕاپەرینی جەماوەری، بە تووڕەییو بێبەزەییەکی زۆرەوە هەر بانگەوازێکی نارەزایەتی دەکوژانەوە. ئاننا لە هەوەسبازیو تێرکردنی هەوەسەکانیدا زۆر ڕیسواو زێدەڕۆ بووو لە ئەنجامیشدا ڕاشکاوانە بە هەڵبژاردنی دڵدارێکی ئەڵمانی بەناوی "یووهان بیٚرن"[7] سووکایەتیی بە گەلی ڕووسیا کرد. بەهۆی ئەم پێوەندییە نا یاساییەو ئەو کارتێکەریەی کە بیٚرن لەسەر ئەو شاژنە گەندەڵەی هەبوو، وردە وردە پۆستەگرینگەکانی دەوڵەتی وسەربازی بە ئەڵمانییەکان سپێردراو لەئەنجامدا ڕقو تووڕەیی دژی ئانناو بیٚرن توندوتیژی بە خۆوەگرت. ئاننا بەر لە مردن، نەوەی خوشکەکەی کە مەلۆتکەیەك بوو، کرد بە میراتگری تاجو تەختی ڕووسیاو ئەم پیاوە سووکە ئەڵمانییەشی(بیٚرن) بە جێگری پاشایەتی ڕووسیا هەڵبژارد. لەساڵی ١٧٤٠ دوای مردنی ئاننا ئەو منداڵە دوومانگە بەناوی ئیڤانی شەشەم بوو بە تیٚزاری ڕووسیاو بیٚرنیش وەك جێگری پاشا دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت. بەڵام دایکی ئیڤان کە ئەویش ناوی ئاننا بوو بە یارمەتی ژمارەیەك لەسەربازو سەرکردەکانی سوپاو بە کەڵك وەرگرتن لە ڕقو کینەی گشتی خەڵك لە بیٚرن، ئەوی لەسەر تەختی دەسەڵات هێنایە خواریو خۆی وەك جێگری پاشا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

7-Ernest Johann Biren

بەڵام حکوومەتی "ئاننا لیو پۆڵدڤان"[٨]یش زیاتر لەساڵێکی درێژە نەکێشاو ئەفرادی گاردی پاشایەتی کە ئەویان بە دەسەڵات گەیاندبوو، دژی ڕاپەڕینو ئێلیزابێتی کچی پیتەری گەورەو کاترینی یەکەمیان کە لەدەورانی حوکمڕانی مەلیکە ئانناو خووشکەزاکەی لە ترسی تۆڵە ئەستاندنەوەی ئەوان دوور کەوتبۆوە بە پاشا هەڵبژارد.



ئێلیزابێت کچی پیتەری گەورەو کاترینی یەکەم کەدوای دایكو باوكی لەسەر رووسیا فەرمانڕەوایی کرد

ئێلیزابێت پێترۆنا لەساڵی ١٧٤٢ لەتەمەنی ٣٢ ساڵیدا لەسەر تەختی دەسەڵاتی رووسیا دانیشتو تا ساڵی ١٧٦٢ زیاتر لە بیست ساڵ حوکمڕانی کرد.

یەکەمین کاری ئەو لە پۆستی شاژنی رووسیادا بریتی بوو لە دوور خستنەوەی پاشای لەسەر کار لابراوی یەك ساڵەو دایکی بۆ سیبری. ئاننا لیۆپۆلدۆڤنا ساڵی دواتر مردو کوڕەکەشی، ئیڤانی شەشەم بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی ئێلیزابێت لە بەندیخانەدا مایەوەو لەتەمەنی ٢٢

8-Anna Leopoldovna

ساڵیدا مرد. ئیڤانی شەشەم لە مێژوودا وەك چارەرەشترین پاشا ناسێندراوە. بەهۆی ئەوە کە تەواوی تەمەنی لە گرتووخانەدا تێپەڕ کردو لەو ماوەیەشدا کە تێزاری (قەیسەر) رووسیا بوو منداڵێکی شیرەخۆرە بوو. ئێلیزابێت کەسایەتییەکی دوولایەنی هەبوو. ئەو لەلایەکەوە مرۆڤێکی خوێندەوارو هاندەری زانستو هونەر بووو لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدرێکی زاڵمو زۆردارو دڵڕەق بە هەژمار دەهات. زانکۆی مۆسکۆو پەیمانگای هونەرەجوانەکانی "ساینت پیتەرزبۆرگ" لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەو دامەزرا. ئێلیزابێت پێترۆنا لەگەڵ نووسەرانی هاوکاتی خۆیدا بۆ وێنە ڤۆلتێر، نووسەری بەناوبانگی فەرەنسە نامە گۆڕینەوەی هەبووو سەرچاوە سەرەکییەکانی پەرتووکی "ژیانی پیتەری گەورە"ی دابەدەستی ڤۆلتێر. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتێکی دیکتاتۆری بەسام وترسناك لە ماوەی بیست ساڵ دەسەڵاتداری ئێلیزابێت لەسەر رووسیا حاکم بوو. لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دژی زوڵمو زۆردارییەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەو رادەوەستان بەو پەڕی دڵڕەقیو بێ بەزەییەوە مامەڵەی دەکرد. ئەو وەك پێشینیانی خۆی ژنێکی هەوەسباز بوو، بەڵام وەك کاترینی گەورە کە دوای ئەو هاتە سەر دەسەڵات لەهەڵبژاردنی ئەو پیاوانەی کە ئیزنی هاودەمیو قسەکردنی پێدەدان، وەردبینیو وردەکارییەکی زۆری بەکاردەهێنا. لە بواری جوانیشەوە، جوانترین ژنی سەردەمی خۆی بووو ئەو جوانییەشی لەدایکییەوە (کاترینییەکەم) بۆ مابۆوە کە پیاوێکی وەك پیتەری گەورەی یەخسیری خۆی کردبوو. بارودۆخی رووسیا لەماوەی دەسەڵاتدارێتی ئێلیزابێت بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دوای مردنی پیتەری گەورە باشتر بۆوەو بە بەهێز کردنی سوپا، رووسیا لە شەڕە دەرەکییەکاندا چەند سەرکەوتنێکی نوێی بەدەست هێناو پێوەندییەکانی رووسیاش بەرفراوانتر بوو. نهێنی سەرکەوتوویی ئێلیزابێت لە کاروباری حکوومەتدا جگە لە ژیری، هەڵبژاردنی کەسانی کارامەو شارەزا بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت کە لەسەرووی هەموویانەوە دەبێت ناوی بەناوبانگترین کاربەدەستی سەردەمی ئەو، "ریۆمین"[٩] بهێندرێت. ئێلیزابێت لەیەکەمین ساڵی حوکمڕانی خۆیدا پیتەری کە کوڕی خوشکەکەی (ئاننا) بوو بە جێنشینی رووسیا هەڵبژاردو ساڵی دواتر پرەنسیس "یوهاننا"[١٠]ی کە یەکێك لەخزمەکانی زاواکەی بوو

9-Ryumin

10-Johanna

لەگەڵ کچەکەی (سۆفیا) بۆ رووسیا بانگهێشتن کرد تا پێشەکییەکانی ناسیاوی‌و دوایش زەماوەندی سۆفیاو پیتەر ئامادە بکات.

پرەنسیس سۆفیا کە لەمێژووی جیهاندا بەناوی کاترینی گەورە ناسراوە لەساڵی ١٧٢٩ لە بەندەری "ئەشتین"[11]ی ئەڵمانیا لە دایك بوو. باوکی ئەفسەری سوپای پێروس بووو دایکیشی کە کچی یەکێك لە شازادەکانی ئەڵمانیا بوو لەگەڵ مێردی پرەنسیس "ئاننا"ی کچی کاترین‌و پیتەری گەورە خزمایەتییەکی نزیکی هەبوو. سۆفیا لە تەمەنی پازدە ساڵیدا لەگەڵ دایکی چوو بۆ رووسیا و کچێکی زۆر بە دەماخ‌و جوان بوو. ئێلیزابێت شاژنی رووسیا ئەوی پەسندکردو لەساڵی ١٧٤٥ رێورەسمی زەماوەندی پیتەری سێیەم، جێنشینی رووسیاو پرەنسیس سۆفیا کە بەپێی ویست‌و داخوازی مەلیکە ئێلیزابێت نازناوی کاترینی پێدرا بەرێوە چوو. لەسەرەتادا پێوەندییەکانی سۆفیا (کاترین)و مێردەکەی بەپێی ئەو شتانەی کە خۆی نووسیویەتی، ئەڤیندارانەو تێگەیشتوانە نەبووە. بیرەوەرییەکانی کاترینی گەورە کە تەواوی رووداوە گرینگەکانی ژیانی ئەوی تیدایە یەکێك لەگرینگترین بەڵگەکانی پەیوەست بە مێژووی رووسیایە. کاترین ئەم بیرەوەرییانەی لە پاکەتێکی لاك‌و مۆرکراو بە ناونیشانی کوڕەکەی لەناو سندوقێکی دانا بوو کە لەساڵی ١٧٩٦ و دوای مردنی کەوتە بەردەستی کوڕەکەی واتە جێنشینی رووسیا. پۆل دوای خوێندنەوەی ئەو بیرەوەرییانە ئەوانی بە ئەمانەت لە لای برادەرێکی دانا. بەڵام برادەرەکەی کە زیاتر بەهای ئەو نووسراوانەی دەزانی پێش ئەوەی دووبارە لاك‌و مۆریان بکاتەوە کۆپیەکی لێهەڵگرتنەوە. دوای مردنی پۆل لەساڵی ١٨٢٥ بیرەوەرییەکانی کاترین کەوتە بەردەستی کوڕەکەی‌تری بەناوی تێزار نیکۆلای یەکەم. بەڵام تا ئەو کاتە لەو بیرەوەرییانەی کاترین کە دەست بەدەست گەرابوو چەند کۆپییەکیان هەڵگرتبۆوە. بە جۆرێك کە "ئەلکساندێر هەرزێن"[12] نووسەری بەناوبانگی رووسیا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە رووسیا دوور خسترایەوە، توانی ئەو بیرەوەرییانە کۆبکاتەوەو لە ساڵی ١٨٥٩ لە لەندەن بلاّوی بکاتەوە. کاترین بیرەوەرییەکانی خۆی بە زمانی فەرانسەوی نووسیبۆوە کە هەرزین دەقە ئەسڵی‌یەکەی بەهەمان ناوە فەرانسەییەکەی[13] و وەرگێڕانی رووسی بلاّوکردەوە. وەرگێڕانە ئینگیزییەکەی ئەم بیرەوەرییانە چەند ساڵ دواتر لە ٣٩٠ لاپەرە لە لەندەن بلاّو بۆوە. بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی

11-Stettin

12-Alexsander Harzen

13-Memoires de L'Imperatrice Catherine II

کاترین تایبەتە بە ژیانی تاکەکەسی خۆی، بۆ وێنە سەبارەت بە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ هاوسەری داهاتووی (پیتەر) دەنووسێ: "کاتێك بۆ یەکەمجار پیتەرم بینی ئەوم وەك لاوێکی نەفام‌و منداڵ هاتە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەکە متمانەم پێ‌بکات بە وردبینی‌و بێدەنگی گوێم لە قسەکانی رادەگرت و ئەویش هەر لەچاوپێکەوتنی یەکەمدا رازی دڵی بۆ درکاندم. پیتەر ووتی کە من پێشتر ئاشقی یەکێك لە ژنەکانی دەربار بوومەو لەگەڵ ئەوەش کە تۆ زۆر لەو گەنج‌و جوانتری بەلاّم ناتوانم لەو ئەشقە دەست هەڵگرم. لەگەڵ ئەوەش درێژەی پێدا کە ناتوانێ لە بەرانبەر ئیرادەو بڕیاری پووریدا راوەستێ‌و بۆیە زەماوەندم لەگەڵ دەکات. هەروەك پیتەر گوتبووی بە پێچەوانەی ویستی دەروونی خۆی لەگەڵ پرەنسیس سۆفیا شاژنی داهاتووی رووسیا زەماوەندی کرد. کاترین سەبارەت بەو زەماوەندە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: "دڵی من خەبەری دەدا کە لە ژیان لەگەڵ پیتەر بەختەوەر نابم، بەلاّم دەسەلاّتخوازی‌و زریقەو بریقەی دەرباری رووسیا بەری چاوی گرتبووم‌و دڵنیاش بووم رۆژێك دەبمە سەرکردەو دەسەلاّتداری رووسیا". کاترین بە هیوای ئەوە رۆژێك دەرفەتی جێبەجێکردنی ئاواتەکانی بۆ بڕەخسێ، خۆی لەبەرامبەر چەرمەسەری‌و ناکۆکییەکانی سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیدا راگرت. هاوسەری کە خووو رەوشتی منداڵانەو بیرێکی دواکەوتووی بوو، بەردەوام یاری منداڵانەی لەگەڵ هاواڵان‌و تەنانەت خزمەتکارەکانیشی دەکردو جاری واش هەبوو ئەوانی ناچاردەکرد بە روپۆش‌و جل وبەرگی سەیرو سەمەرەوە لەدیوی خەوتنیان سەماو هەڵپەڕکێ بکەن. یەکێك لە رەوشتە ناحەزەکانی پیتەر ئەوە بوو کە هۆگرییەکی زۆری بە سەگ هەبووو بەجۆرێك کە کاترین لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: پیتەر سەگەکانی لەژووری تەنیشت ژووری خەوتنیان رادەگرت‌و کاترین لە وەڕینی سەگەکان‌و بۆنی ناخۆشی ئەوان تەواو جاڕز ببوو.



پیتەری سێهەم تەنیا هاوسەری یاسایی کاترینی گەورە بوو کە باوکی هیچ کام لەمنداڵەکانی ئەو نەبوو.

پیتەرو کاترین تا چەند ساڵ دوای زەماوەند منداڵیان نەبوو. ئێلیزابێت کە لەم بابەتە بە پەرۆش بوو فەرمانیدا کاترین‌و پیتەر بخەنە ژێر چاوەدێری پزیشکی. بە رووالەت هیچیان کەم‌و کوورتیان نەبووو هەر بۆیەش مەلیکە یەکێك لە خزمەتکارەکانی بەناوی "ماریا چۆگلۆکۆڤا"[١٤] راسپارد کە چاوەدێری پێوەندییە ژن‌و مێردایەتییەکانی(سێکسی) کاترین‌و پیتەر بکات. ماریا پاش ئەوە کە هەندێك کاترینی رێنوێنی کرد لە کونێکەوە چاوەدێری چونی‌یەتی بەرێوە چوونی رێنماییەکانی دەکردو کاترینیش دەیزانی کە کردەوەکانی لەسەر پێخەفیش کۆنترۆڵ دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاترین تا ٩ساڵ دوای زەماوەند منداڵی نەبووو لەو ساڵەشدا کاتێك کە کوڕی (پۆل) بوو، شك‌و گومانێکی زۆر هاتە ئاراوە سەبارەت بەوە کە باوکی ئەسڵی ئەو منداڵە کێیە. بە رواڵەت خوودی پیتەر دەیزانی کەباوکی ئەسڵی پۆل نی‌یە بەلاّم نەیدەتوانی ئەم رووڕەشیە ئاشکرا بکات. یاداشتەکانی کاترین کە بەراشکاوی ئاماژە بە پێوەندی ئاشقانەی کاترین لەگەڵ نەجیب زادەیەکی رووسی بەناوی "سێرجی-سۆلیتکۆڤ"[١٥] لە دەوروبەری ساڵێك پێش لەدایکبوونی پۆل دەکات، کەم تا کورت هیچ گوومانێك ناهێڵێتەوە کە باوکی راستەقینەی پۆل کێیەو کاترینیش ئەو بابەتەی بۆ ئەوە نووسیوە کە کووڕەکەی لەئەسڵ‌و رەسەنی خۆی ئاگاداربێت. تەنیا خاڵی نادیاری ئەم بابەتە ئەوەیە کە بەچ شێوەیەك کاترین توانیویەتی لەگەڵ ئەو هەموو چاوەدێرییەی ماریا کە رۆڵی زیندانوانی ئەوی دەگێرا پێوەندی بە سۆلیتکۆڤەوە بگرێ؟ ولاّمی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کاترین بە ئەگەرێکی بەهێز لە رێگەی رازی کردن‌و رێککەوتن لەگەڵ ماریا توانیویەتی پێوەندی بە سۆلیتکۆڤەوە بگرێ‌و هۆی ئەمەش جگە لە بە تەماح خستنی ماری، لە وانەیە ئەم خاڵەش بێت کە ماریا بۆ خۆشی لە تووڕە بوونی کاترین سەبارەت بە نەزۆکی پیتەر رەنجی کێشاوەو ویستوویەتی بە دووگیان بوونی کاترین کۆتایی بەم زویرو تووڕەییە بهێنێ! باوکی راستەقینەی پۆل ساڵێك دوای لەدایکبوونی پۆل وەك وەزیری دەرەوەی رووسیا لە هامبۆرگ بۆ دەرەوەی رووسیا بەرێ کرا. بەلاّم کاترین کە بوێرییەکی پتری بەدەست هێنا بوو پیاوێکی‌تری بۆ خۆی دۆزییەوە. ناوی ئەو پیاوە "سێرچارلز ویلیامز"[١٦]، باڵوێزی لاوی بریتانیا لە رووسیا بوو کە لە نامەکانیاندا ئەشق‌و هۆگری ئەو

14-Maria choglokova
15-Serge Soltikov
16-Sircharles Hanbury Williams

دووانە بۆ یەکتر دەر دەکەوێ. کۆکراوەی ئەو نامانەلەساڵی **١٩٢٨** لە لەندەن بلاّو بۆوە. سێرچارلز لەیەکێك لەنامەکانیدا بۆ کاترین دەنووسێ: "من جوانی‌و هەست‌و خۆڕاگری ئێوە ستایش دەکەم. رۆژ لە رۆژ زیاتر ئەوینداری ئێوە دەبم‌و جگە لە تۆ یاوەرو رێنمایەکەم نی‌یە. ئێوە بۆ حوکمڕانی کردن‌و فەرمان دەرکردن دروست کراون‌و من بە تەواوی بوونمەوە لەژێردەستی ئێوەدام. فەرمانەکانی ئێوە بۆ من وەك یاسا وایەو پشتیوانی‌و متمانەی ئێوە بە من گەورەترین خەلاّتە بۆ من... پێت ماچ دەکەم". نامەیەکی‌تری کاترین بۆ سێرچارلز کە لەم کۆکراوەیەدا چاپ کراوە ئەوە دەردەخات کە باڵوێزی بریتانیا نهێنی پارێزی سڕەکانی کاترین بووەو لە پلانەکانی ئەو بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاّت ئاگادار بووە. سێرچارلز لەم نامەیەدا دەنووسێ: "لە من دڵنیابە، من هەرگیز رازەکانی ئێوە بۆ کەس ئاشکرا ناکەم‌و جگە لە راستی هیچی‌تر بە ئێوە ناڵێم. دڵ‌و رەوان‌و ژیانی من بۆ ئێوەیە، لە هەموو شتێکدا ئێوە لە خۆم بە باشتر دەزانم‌و لە شایستە بوونی خۆم بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی‌و ئەوینداری ئێوە گومانم هەیە، هیوادرم ئەو رۆژەی کە لەسەر تەختی دەسەلاّت دادەنیشی لێرەبم‌و ئەگەریش لێرە نەبووم تەنانەت جارێکیش بێت ئەو شانازییەم پێبدەی کە بێم بۆ بینینی ئێوە. من ئێوەم تاڕادەی پەرست خۆش دەوێ‌و لەو باوەڕەدا نیم لە تەواوی جیهاندا ژنێکی بەرادەی ئێوە جوان‌و خوێن شیرین‌و بەهەست‌و سۆز هەبێت". کەم تا کورت لە تەواوی نامەکانی بالوێزی بریتانیا لە رووسیا کە لە کۆکراوەی نامەکانی ئەو لەگەڵ کاترین چاپ کراوە ئەم شێوە پێدا هەڵگوتنە دەبیندرێ‌و چارلز بەردەوام ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە لەبەرامبەر زانست‌و ئاست بەرزی‌و ژیری کاترین خۆی بە بچوکترو سووکتر دادەنێت. رەنگە خوێنەر ئەم پرسیارە لەخۆی بکات کە ئایا ئەو هەموو تاریف‌و پێدا هەڵگوتنە جۆرێك لە ریاو بانگەشە نی‌یە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی‌و بەردەوام بوونی ئەم پێوەندییە ئاشقانەیە یان راستییەکیشی تێدا شاراوەیە؟ ئەو مێژوونووسانەی کە لە ژیان‌و بەسەرهاتی کاترینی گەورە کۆڵینەتەوە، لەم خاڵەدا هاوبیرن کە کاترینی گەورە یەکێك لە باشترینە پسپۆرەکانی چاخی خۆی بووە.

نووسەرو مێژوونووسی بەناوبانگی رووس (ئۆڵدێنبۆرگ)[١٧] لە وەش زیاتر پێدادەگرێ‌و دەنووسێ کە لە نێو ئەو ژنانەی بەدرێژایی مێژوو بەدەسەلاّت گەیشتوون هیچیان بەرادەی کاترینی گەورە

17-Z.Oldenbourg

پەرتووکیان نەخوێندۆتەوەو زانستو تێگەیشتوویی ئەویان نەبووە. کاترین پێش سی ساڵیو کەم تا کورت لەو ساڵانەی کە باڵوێزی بریتانیا لەروسیە بوو پەرتووکەکانی وەك رووحی یاساکانی "مۆنتێسکیۆ"و بەرهەمی نووسەرانی بەرچاوی فەڕانسەویی وەك ڤۆلتێرو رۆسۆ و"دیدرۆت"[18]ی خوێندۆتەوەو کاتێك بە دەسەڵات گەیشت، لەگەڵ ژمارەیەك لە نووسەرانو بیرمەندانی بەرچاوی سەردەمی خۆی وەکوو ڤۆلتێرو دیدرۆت و"گریم"[19] نامە گۆڕینەوەی هەبوو. کاترینی گەورە جگە لە زمانی دایکی کە ئەڵمانی بوو بە تەواوی بەسەر زمانی فەڕانسەییدا زاڵ بووو بە زمانی رووسیو ئینگلیزیش بە سانایی قسەی دەکرد. بەڵام وای پێ باش بوو کە بە زمانی فەڕانسەیی بنووسێو یاداشتەکانی رۆژانەو زۆربەی هەرە زۆری نامەکانی بەم زمانە دەنووسی. هەندێك لە دیرۆك نوسان لەو باوەڕەدان کە تەنانەت خاڵە لاوازە سەرەکییەکەی کاترینی گەورە، واتە مەیلەو چوونو گوڕو تینی ئەو بۆ هاودەمیو هاونشینی لەگەڵ پیاوانیش هەر لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەو پێی وابوو ژنانی دەوروبەری بیرتەسکنو ناتوانێ هاودەمێك بۆ خۆی ببینێتەوە.

مێردەکەشی هەروەك ئاماژەی پێکرا پیاوێکی بیر تەسك بووو کاترین لەهاودەمی ئەو وەزاڵە هاتبوو. هەڵبەت ئەو بەڵگانە ناتوانێ پاساو بهێنێتەوە بۆ هاودەمیو هاونشینی کاترین لەگەڵ پیاوانی جۆراوجۆر بەتایبەت لە ساڵانی پیریو بە هەرحاڵ دەبێ ئەو راستییە قەبووڵ بکەین کە ئەگەر کاترین هەر وەك لە روانگەی ئەقڵەوە ژنێکی نموونە بووە لەروانگەی جەستەو مەیلەو چوونی سێکسیش ژنێکی ئاسایی نەبووە.

***

کاترین دوای ئەوەی کە سێرچارلز ویلیام گەڕایەوە بۆ بریتانیا، کۆنتێکی گەنجو جوانی پۆڵۆنیا بەناوی"ئێستانیلاس پۆنیاتۆوسکی"[20] بۆ هاودەمیو ئەڤین هەڵبژارد.

کاترین لەساڵی ١٧٥٨داو ساڵێك دوای ئەم پێوەندییە کچێکی بوو. پیتەریش لەم بارەیەوە بە یەکێك لە دۆستەکانی ووت: "خوا دەزانێ باوکی ئەو منداڵە کێیە بەڵام ناچارم باوکایەتی ئەو

18-Diderot
19-Baron von Grimm
20-Stanislas Poniatowsky

منداڵەش قەبووڵ بکەم!" پیتەر دوایی زانی کە باوکی دووهەمی منداڵی کاترین کێیە بەڵام وای بە باش زانی کە دەنگو پەنگی ئەو بابەتە دەرنەهێنێو تەنانەت لەگەڵ پۆنیاتۆوسکی بوو بە هاواڵ. هەڵبەت کاترینیش کاری بەم پێوەندییە نەبووو جۆرێ "لەیەك گەیشتنی دوولایەنە!" لەنێوانیاندا دروست ببوو. پۆنیا تۆوسکیش هەر وەك سێرچارلز ویلیامز بوو بە ئاشقی کاترین و ئەو نامانەی کە بۆ کاترینی ناردبووو ئێستاش لەبەردەست دایە گوڕو تینی ئەو ئەشقو خۆشەویستیە وەدەر دەخات. لەگەڵ ئەوەشدا دەورانی ئەشقو دڵداری کاترینو پۆنیا تۆوسکی زۆری نەخایاند.



ئێستانیلاس پۆنیاتۆوسکی یەکەمین

دڵداری کاترین کە لەلایەن

ئەوەوە بوو بە پاشای پۆڵۆنیا

بەڵام پۆنیا تۆوسکی تەنانەت دوای ئەوەش کە جێگای خۆی دا بە پیاوێکیتر هەر جێگای سەرنجی کاترین بوو، تا ئەو جێگایە کە دوای داگیر کرانی پۆڵانیا بەدەستی رووسیاو لە دەورانی دەسەڵاتدارێتی کاترینی گەورە بوو بە پاشای پۆڵانیا. کاترین دڵدارەکەی دواتری بەمەبەستی سیاسیو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەڵبژارد. ئەو دڵدارە ناوی "فلۆی گریگۆری ئۆرلۆف"[21] بوو. ئەو ئەفسەرێکی ئازاو چوارشانە بوو کە لەگاردی پاشایەتی رووسیا خزمەتی دەکردو هەر چوار براکەشی ئەفسەر بوون. کاترین بە هەڵبژاردنی ئەو ئەفسەرە لاوە نەتەنیا پیاوی دڵخوازی خۆی بەدەست هێنا بوو بەڵکوو دەیتوانی لەکاتی پێویست لەیارمەتی ئەوو براکانی کەڵك وەرگرێ. کاترین لەساڵی ١٧٦١ منداڵی سێهەمیشی بەدونیا هێناو ئەم جارەیان

21-Gregory Orlov

کەمتر کەسێك گوومانی لە کەسایەتی باوکی ئەو منداڵە هەبوو. هەموو کەس دەیزانی ئەو منداڵە کوڕی ئۆرلۆفەو تەنانەت کاترینیش هیچکات پێداگری ئەوە نەبوو کە پیتەر باوکی ئەو منداڵەیە. ئەگەرچی پیتەر هەر وەك دوومنداڵەکەیتری کاترین بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی لێ بکەوێتەوە منداڵی سێهەمیشی کردە کوڕی خۆی!

***

لەرۆژی پێنجەمی ساڵی ١٧٦٢مەلیکە ئێلیزابێت مردو پیتەر بەناوی پیتەری سێهەم لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. دڵدارەکەی پیتەر کە خۆی لەبەرامبەر تەواوی ئەو ناخۆشیو چەرمەسەرییانەی لەگەڵ ئەو پیاوە کەم ئەقڵە بۆ رۆژێکی ئاوا راگرتبوو، پیتەری هاندا کە لە کاترین جیابێتەوەو لەگەڵ ئەو زەماوەند بکات. بەڵام شكو دوودڵی پیتەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە (جیابوونەوە) هەلی بۆ کاترین رەخساند کە بەیارمەتی ئۆرلۆفو براکانی دژی پیتەر کودتا بکات. لەسەرەتا هێزە چەکدارەکان لەمۆسکۆو دواتریش لەساینت پیتەرزبوورگ بە دژی پیتەری سێهەم راپەڕینو وەفادارییان بە کاترین راگەیاند.

لەکاتێکدا کەهێشتا شەش مانگ لە پاشایەتی پیتەر تێنەپەڕیبوو، لەژێر فشاری هێزە چەکدارەکانی رووسیا پیتەر ناچار کرا واز لەدەسەڵات بهێنێو بەفەرمانی کاترین لە رۆژی نۆیەمی ژووئییەی ساڵی١٧٦٢ دا دەستبەسەر کراو لە قەڵایەکی دەوروبەری شاری ساینت پیتەرزبۆرگ بەند کرا. هەڵبەت مردنی ئەو سروشتی نەبووو زۆربەی دیرۆك نووسان دەڵێن کە پیتەری سێهەم لە بەندیخانەدا بەدەستی یەکێك لە براکانی دڵداری کاترین بەناوی ئالێکسی ئۆرلۆف خنکاوە. کاترین ماوەیەکی کورت دوای مردنی هاوسەری کە هەوڵیدا ئەو مردنە سرووشتی بێتە بەرچاو، لە رێورەسمێکی پڕ شکۆدا کە تا ئەو کاتە هاوشێوەی لەرووسیا نەبیندرابوو، تاجی لەسەرناو ئۆرلۆفو براکانی بە پاداشی ئەو خزمەتانەی کە بە کاترینیان کردبوو پۆستی بەرزیان وەرگرت. گریگۆری چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە شاژن بەفەرمی زەماوەندی لەگەڵ بکاتو هەوساری کاروباری دەوڵەت بداتە دەستی، بەڵام کاترین نەیدەویست دەسەڵاتی خۆی دابەش بکات. کاترین کە لەمە بەملاوە بەناوی کاترینی دووهەم یان کاترینی گەورە باسی دەکەین بۆ پتەوتر کردنی دەسەڵات، پێش هەموو کارێك مافو ئیمتیازەکانی ئەندامانی سوپای رووسیاو ئەفسەرەکانی پتر کردو لە قۆناغی دواتر بڕیاریدا شەڕە

دەرەکییەکانی رووسیا زیاتر بکاتو لە دەرەوەی هەرێمی حکوومەتی پێشینیانی خۆی حوکمڕانی بکات. کاترینی دووهەم کە بەهۆی داگیرکارییەکانی سوپای رووسیاو بەرفراوان بوونی هەرێمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رووسیا دواتر بە کاترینی گەورە ناوبانگی دەرکرد لەساڵی شەشەمی پاشایەتی خۆیدا ئەنجوومەنێکی راوێژکاریی لەسەر شێوەی پەرلەمانی بریتانیا دامەزراند، بەڵام ٥٦٥ نوێنەرەکەی ئەو ئەنجوومەنە پێشتر دیاری کرا بوون. کاترین ئەو ئەنجوومەنە راوێژکارییەی راسپارد کە هەندێك یاسا بۆ رووسیا پەسند بکەن. بەڵام هەژدەمانگ دواتر ئەنجوومەنەکەی هەڵوەشاندەوەو ژمارەی راوێژکارەکانی بۆ دانانی یاساو رێسا زۆر کەم کردەوە بە جۆرێك کە لەژمارەی پەنجەکانی مرۆڤ کەمتر بوو. لەساڵی ١٧٧٥ گۆڕانکارییەکی زۆرو بەرچاو لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی حکوومەت ئەنجامدراو وڵات بە ٥١ ئەیالەت دابەش کراو لەلایەن کاترینی گەورەوە بۆ هەر ئەیالەتێك حاکمێك دیاری کرا. لەساڵی ١٧٦٨دا داگیرکارییەکانی رووسیا لەسەردەمی کاترینەوە بە شەڕ لەگەڵ تورکەکان کە چوار ساڵ درێژەی کێشا، دەستی پێکردو لەئەنجامدا رووسەکان لەساڵی ١٧٧٢دا لەگەڵ ئەوەیکە بەشێك لەخاکی عوسمانییەکانیان داگیر کرد، مافی هات وچوی پاپۆڕەکانیشیان لە دەریای رەش بەدەست هێنا. رووسەکان دواتر نیمچە دوورگەی کەریمەشیان کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو بەخاکی خۆیانەوە لکاندو لەساڵەکانی ١٧٨٧ تا ١٧٩١دا بە بەهێزترکردنی هێزی دەریایی رووسیا بە سەرکردایەتی "گریگۆری پۆتێمکین"[22] سەرکردەی بەناوبانگی رووسیا، چەند بەشێکیتری خاکی ئیمپراتۆری عوسمانییان داگیر کرد. لەلایەکیترەوە کاترینی گەورە ئێستانیلاس پۆنیا تۆوسکی، دڵدارە پۆڵانییەکەی کرد بەپاشای پۆڵانیا لە ساڵەکانی١٧٧٢،١٧٩٣و ١٧٩٥دا بەپێی چەند پەیماننامەیەك کە لەگەڵ ئۆتریش (نەمسا)و پێروسی (ئەڵمانیای ئەمڕۆ) واژۆکرد، چەند بەشێکیتری خاکی لەهێستانی بە ئیمپراتۆریەتی رووسییەوە لکاند.

***

کاترین لەتەمەنی ٣٣ ساڵیدا لەسەر تەختی دەسەڵاتی رووسیا دانیشتو بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ لە رووسیا حوکمی گێڕا و لەتەواوی ئەو ماوەیەدا چاوەدێری وردو بەردەوامی لەسەر کاروباری سیاسیو ئیداریو سەربازی کرد. کاترین رۆژانە ١٢تا١٣ کاتژمێر کاری دەکردو لەگەڵ ئەوەش

22-Grogory Potemkin

که له کاروباری حکوومەتدا باوەڕی بە راوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزا هەبوو، بەلاّم خۆی بڕیاری کۆتایی پەسند دەکرد. یەکێك لەکارەکانی رۆژانەی کاترین ئاڵو گۆڕکردنی نامە بوو لەگەڵ پاشاو دەسەلاّتدارانو نووسەرانی بەناوبانگی هاوچاخی خۆیو لە هەندێك لە نامەکانی خۆیدا بۆ نووسەرانی بەناوبانگی ئەوکات سەبارەت بە دوایین بەرهەمی ئەوان کە بەوردی دەیخوێندەوە رای دەردەبڕی. کاترین هەندێك لەو نامانەی لە ١٠تا٢٠ پەڕی گەورەدا دەنووسیو بە بەراوردی یەکێك لە نووسەران، ئەگەر نامەو یاداشتەکانی ئەو کۆبکرێتەوە، قەبارەی ئەو نووسینانە لە کۆی نووسینەکانی پڕکارترین نووسەرانی جیهان وەك ئەلکساندێر دووماش گەورەتر دەبێت. کاترینی گەورە لەگەڵ ئەوەی کە کارو سەرقالی زۆر بووەو رۆژانە کاتی زۆری بۆخوێندنەوەو نووسین داناوە، لە رابواردنی شەوانەش دەستی هەڵنەدەگرتو تەنانەت لەتەمەنی پیریشدا لە عەیاشیو هەوەسبازی دەستی هەڵنەگرت. لە ساڵەکانی یەکەمی دەسەلاّتیدا تەنیا ئۆرلۆف دڵداری بوو بەلاّم دواتر ئەفسەرێکی بەناوبانگ و کارامەی رووسی بەناوی



وینەی لە کاترین کە تایبەتە بە ساڵەکانی نێوەڕاستی دەسەلاّتی

"پوتێمکین"کە پێشتر ئاماژەی پێکرا سەرنجی کاترینی بۆلای خۆی راکێشاو ئۆرلۆف کە پیاوێکی عەیاشو خۆشگوزەران بوو هاوکات لەگەڵ وەفاداری بە شاژن لە خزمەتی تایبەتی ئەو هاتەدەرێ. پێوەندییەکانی کاترینو پوتێمکین دووساڵی خایاندو لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەوەش کە هەموو رۆژێك ئەو دوانە یەکتریان دەبینی، بەلاّم بۆ کاترین نامە نووسین بۆ پوتێمکین وەك سەرقاڵییەکی خۆشی لێهاتبوو. ٣٥٧ نامەی ئاشقانەی کاترین بۆ پوتێمکین بەزمانی رووسیو فەڕانسەوی لە بەر دەست دایە کە لە بواری ئەدەبیاتیش بەنرخن. ژمارەی ئەو نامانەی کە لەو دوو ساڵەدا نووسراوە، نیشان دەدات کە کاترین نێزیکەی دوو رۆژ جارێك نامەی بۆ دڵدارەکەی نووسیوە. پوتێمکین یەکێك لە ئەویندارە تایبەتییەکانی کاترینە. لە بەرئەوەی کە پوتێمکین خۆی دوای پچڕانی پێوەندییە ئاشقانەکەی لەگەڵ کاترین، چەند "دلدارێکی شایانی"! بە کاترین ناساند کە یەك لەدوای یەك لەخزمەتی شاژندا بوون. پوتێمکین دوای چەند سەرکەوتنێکی بەرچاوو پڕشەنگدار لە شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان، لەتەمەنی ٥٥ساڵیدا مردو کاترین لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ کە رۆژی مردنی پوتێمکین یەکێك لە تاڵترین رۆژەکانی ژیانێتی. دوای مردنی پوتێمکین زۆربەی ئەو پیاوانەی کە کاترین بۆ هاودەمیو هاونشینی هەڵیبژاردن زیاتر لە چەند مانگ یا ساڵێك بەردەوام نەدەبوونو هەرچی تەمەنی کاترین زیاتر بەرەو سەرێ دەڕۆیشت، مەیلی بۆ گۆڕانو نوێ کردنەوەی پیاوان زۆرتر دەبوو. خاڵێکی سەرسووڕ هێنەرو بێزارکەری ژیانی کاترین لەدەورانی دەسەلاّتی لەسەر رووسیا کە "ئاندرۆ ئیوارت"ی لێکۆلەری بریتانی بە پاڵپشتی نووسراو باوەڕە پێکراوەکانی مێژوویی ئاماژەی پێدەکات، ئەوەیە کە کاترین یەکێك لە ژنەکانی دەرباریی بەناوی "کۆنتیس برۆس"[٢٣] وەك راوێژکاری سێکسی خۆی بۆ تاقی کردنەوەی ئەو پیاوانەی کە خوازیاری هاودەمیو جووت بوون لەگەڵ ئەون هەڵبژارد بوو. کۆنتێس برۆس ئەو پیاوانەی کە بۆ هاودەمیو هاونشینی شاژن دەناسێندران لەبورای ساغیو توانایی جنسی "سێکس"و رەوشتو هەڵسوکەوتیان لەژووری خەو تاقی دەکردەوەو دوای ئەوە کە پەسەندی دەکردن بە شاژنی ئاشنا دەکردن. کۆنتێس برۆس

23-Countess Bruce

سالانێکی زۆر ئەم ئەرکەی بەو پەڕی راستگۆیی ئەنجامدا تا ئەوە کە رۆژێك خۆی ئاشقی یەکێك لە خوازیارەکانی شاژن بەناوی "کۆرساکۆڤ "[24]بووو بە شێوەیەکی نهێنی پێوەندی لەگەڵ سازکرد. کاترین کاتێك لەم پێوەندییە ئاگادار بۆوە کۆنتێسی لەسەرکار لابرد بەلاّم دوای کۆتایی پێهاتنی هاودەمیی‌و هاونشینی کۆرساکۆڤ دووبارە ئەوی خستەوە سەر کار، لەبەرئەوەی کە هیچکەسێك شارەزایی‌و لێهاتوویی‌و ئەزموونی ئەوی لەم کارە جوانە!! نەبوو.[25] کاترین هەرچی پیرتر دەبوو، مەیلەو چوونی بۆ هاودەمیی‌و هاونشینی پیاوانی گەنج زیاتر دەبوو بە جۆرێك کە دوایین دلّداری کاترین لەتەمەنی سەروی شەست سالّیدا لاوێکی جوان بەناوی "زۆبۆڤ "[26] بوو کە بەکەلّك وەرگرتن لەخۆشەویستیی‌و سەرنجی کاترین رۆلّێکی گرینگی لە شێواندن‌و ئالۆز کردنی کاروباری رووسیا نواند. کاترینی گەورە رۆژی حەڤدەی نۆڤەمبەری سالّی ١٧٩٦ لەتەمەنی ٦٧ سالّیدا مردو کوڕەکەی، "پۆل" کە لە تەواوی دەورانی دەسەلاّتی کاترین تەنیاو بێدەنگ بوو لەتەمەنی ٤٢ سالّیدا لەسەر تەختی دەسەلاّت دانیشت.



کاترینی گەورە لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا

24-Korsakow
25-Andrew Ewart-the Wolds Wickedest Women.pp 200-201
26-Zudov

پۆل لەماوەی دەسەلاّتی دایکی نەتەنیا هیچ خۆشەویستی‌و دلّسۆزییەکی لە دایکی نەدیبوو بەلّکوو بە پێچەوانەشەوە زۆر سووکایەتی پێکرابوو، هەر بۆیەش دوای مردنی دایکی گرینگییەکی ئەوتۆی بە پاراستن‌و شاردنەوەی سڕەکانی ژیانی تایبەتی دایکی نەدا. بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا روونووسی یاداشت‌و نامە تایبەتییەکانی دایکی دەست بەدەست گەڕاو رازگەلێکی شاراوەی زۆر لە زمانی کەسانی دەربارو دارو دەستەکەی ئاشکرا کراو بلاّو بۆوە. هەلّبەت ئاشکرا بوونی ئەم نهێنیانە بە زیانی پۆلیش بوو، لەبەرئەوەی هیچ گوومانێك نەما کە پۆل یەکێك لە کوڕە زۆڵە کانی کاترینە. بە پالّپشتی ئەو بەلّگانەی کە لە بەر دەست دایە، بەتایبەت بیرەوەری‌و یاداشتەکانی کاترین‌و ئەو بابەتانەی کە لە زمانی ئەندامانی دەربارو کەسانی دەست‌و پێوەنداری کاترین گێڕدراوەتەوە، ژمارەی ئەو پیاوانەی کە کاترین بە درێژایی تەمەنی پێوەندی ئاشقانەی لەگەلّیان هەبووە سەر لەهەشتا کەس دەدات کە ناوی ٢١ کەسیان روون‌و ئاشکرایە. زۆربەی دلّدارەکانی کاترین لەکاتی مەرگی ئەو لەژیاندا مابوون‌و لەژێر سێبەری خۆشەویستی‌و بەخششی کاترین چ کاتی هاودەمی‌و هاونشینی‌و چ دوای مردنی، پلەو پێگەی بەرزو سامانی زۆریان هەبوو. کاترینی گەورە لە یاداشتەکانی خویدا ئاماژە بە خالّێکی سەرنج راکێش سەبارەت بە هاودەمی‌و هاونشینی لەگەلّ پیاوانی جۆراوجۆر دەکات‌و دەلّێت کە ئەگەر مێردە یاساییەکەی پیاوێکی شایستە بوایە پێی وەفادار دەماو هەرگیز دوای هەوەس‌و ئەشقبازی نەدەکەوت. ئەو هەروەها دان بەوە دادەنێ کە هیچکام لەو پیاوانەی هاودەم‌و خۆشەویستی ئەو بوونە بەتەواوی لە بەر دلّی نەبوون، لەبەرئەوەی کە ئەگەر کەسێکی لە ئاست ویست‌و داخوازی خۆی بدۆزیبوایەتەوە زەماوەندی لەگەلّ دەکرد. کاترین لەم بارەیەوە پتر ئاماژەی بە زانست‌و زانیارییەکانی ئەو پیاوانە کردووە کە رووبەرووی بوونەتەوەو دەیهەوێ بلّێت کە هیچ یەك لەوانە لەو ئاستەدا نەبوون کە شتێکی فێربکەن‌و بە واتایەکی‌تر هیچ پیاوێکی باشترو بەرزتر لە خۆی نەدیوەتەوە کە شایستەی هاوسەری ئەوبێت. لە مێژووی جیهان‌و رووسیادا لە کاترین وەك یەکێك لە بەهێزترین‌و شایستەترین ژنی دەسەلاّتداری جیهان نێودەبەن. تەنانەت مێژوونووسانی کۆمۆنیستی رووسیاش بە گەورەیی‌و شکۆو شانازییەوە یادی دەکەنەوە. ئاسەواری ئەو شتانەی کە لە پاشی بەجێ ماوەتەوەو تەنانەت جلك‌و پێلاوەکانیشی لە مۆزەخانە مێژووییەکانی مۆسکۆو لێنینگراد خراونەتە بەرچاو. ئەو ژنە زۆردارو هەوەسبازە هەرچەند توانی بە پشتیوانی سوپاو دەسەلاّتخوازەییەکانی خۆی هەرێمی

ئێمپراتۆریەتی رووسیا بەرفراوانتر بکات، بەڵام جیاوازی چینایەتیو هەژاریو چەرمەسەری زۆربەی گەلی نەداری رووسیای زۆرتر کردو بواری بۆ یەکەمین بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلی رووسیا لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم رەخساند. مەگەر ئەو خزمەتەی کاترین کە رێخۆشکەر بوو بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی رووسیا بکەین بە پاساو بۆ ئەوەی لەلایەن مێژوو نووسە کۆمۆنیستییەکانی رووسیا رێزی لێ بگیردرێت دانی پێدابنێین! شۆڕشی گەورەی فەڕانسە لە دوایین ساڵەکانی دەسەلاتداریێتی کاترینی گەورە روویداو لە بەشەکانی کۆتایی یاداشتەکانی کاترین سەر سووڕمانو ترسی ئەومان لە روودانی ئەو شۆڕشە بۆ دەردەکەوی. رەنگە ئەگەر کاترین ماوەیەکی زیاتر ژیانی بکردایە لەو شۆڕشە مەزنە ئەزموونی وەردەگرتو کۆمەڵێك چاکسازی بنەڕەتیی ئەنجام دەدا، بەڵام مردن رێگەی پێ نەداو کاردانەوەکانی شۆڕشی مەزنی فەڕانسەو سەر هەڵدانی ناپلیۆن داوێنگیری جێنشینەکانی بۆوە.

فەسڵی هەشتەم

لە سووچی بەندیخانەوە
بۆ
کۆشکی ئیمپراتۆری

ژۆزێفین، ئەو ژنەی کە یەکێك لە بەهێزترین پیاوەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەسیری ئەشقی خۆی کرد

یەکەمین شاژن یان "ئیمپراتۆریس"ی فەرەنسەی دوای شۆڕش ژۆزێفین بوو کە لەدەیەی یەکەمەمی سەدەی نۆزدەهەم بە بەهێزترینو دەسەڵاتدارترین ژنی جیهان بە ئەژمار دەهات. ئەو ژنە هاوسەری ناپلیۆن بۆناپارت، بەهێزترین پیاوی ئەورووپاو جیهان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو دایکی سەرۆکی ئیتالیاو شاژنی هۆڵەندای ئەو سەردەمە بوو. کچە زاکەشی لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بەناوی ناپلیۆنی سێهەم بە دەسەڵات گەیشتو زیاتر لە بیستساڵ سەرۆکی ڕەهای فەرەنسە بوو. ناوی ئەسڵی ژۆزێفین "ماری ژۆزێف رۆز تاچێر دێلا پاژێری"[1]بوو. ژۆزێفین کچە گەورەی جوتیارێکی قامیشی شەکر بووکە لە دوورگەی"مارتێنیك"[2]، یەکێك لە مووستەعمەرەکانی فەرەنسە لە رۆژئاوای هێند دەژیا. ژۆزێفین ناوێکە کە ناپلیۆن لەسەری داناوەو لەبەرئەوەی کە لە مێژووی فەرەنسە بەو ناوە ناوبانگی هەیە ئێمەش هەر لەسەرەتای منداڵییەوەو پێش ئەوەکە بە مەلیکە ژۆزێفین ناوبانگ دەرکات، هەر بەم ناوە باسی دەکەین. ژۆزێفین لە رۆژی بیستو سێهەمی ژووەنی ساڵی ١٧٦٢ لە مارتێنیك هاتە سەر دونیاو دوای نزیکەی چوار ساڵ ژیان لەو دوورگەیە رۆیشتە پاریس. ژۆزێفین لەساڵی ١٧٧٩دا کاتێك کچێکی شازدە ساڵان بوو لەگەڵ نەجیب زادەیەکی فەرەنسەوی بەناوی "ئەلکساندێر دوبۆهارنێ"[3] کە کوڕی مارکی دوبۆهارنێی فەرماندەری پێشووی مارتێنیك بوو زەماوەندی کرد. ئەلکساندێر دوبۆهارنێ یەکەم جار ژۆزێفینی لە مارتێنیك بینی بووو کاتێك بۆ جاری دووهەم ئەوی لە پاریس بینی دڵی بەو کچە جوانە دۆڕاند کە سەرنج ڕاکێشییەکی تایبەتیو بێوێنەی هەبوو. منداڵی یەکەمیان کە کوڕ بوو دوو ساڵ دوای زەماوەند لە دایك بوو و ناوی "ئۆژێن"[4]یان لەسەر داناو ئەو منداڵە دواتر بەرزترین پۆستەکانی سەربازیی بەدەست هێنا. لەساڵی ١٧٨٣ منداڵی دووهەمیشیان کە کچ بوو هاتە سەر دونیاو

1-Marie joseph Rose Tascher de LA PAGERIE
2-Martinique
3-Alexander de Beauharnais
4-Eugene

ژۆزێفین ناوێکی ناباوی (هۆرتێنس)[5] لەسەر دانا. ئەلکساندێر ساڵێك پێش لەدایکبوونی ئەو کچە دڵپیسی لەهاوسەری دەکردو کاتێك هۆرتێنس لە دایك بوو هاوسەری بەوە تۆمەتبار کرد کە ئەو منداڵە زۆڵەو لە پێوەندییەکانی ژۆزێفین لەگەڵ پیاوانیتر کەوتۆتەوە. کێشەی ئەوان چووە پەرلمانو لە ئەنجامدا پەرلمان بڕیاری جیابوونەوەیانی دەرکرد. ئۆژێن بەپێی بڕیاری پەرلمانی پاریس[6] لای باوکی مایەوەو سەرپەرشتی هۆرتێنسیش بە ژۆزێفین ئەسپێردرا. ژۆزێفین دوای ئەم رووداوە پەنای بردە بەر کەنیسەی "پانتێمۆنت"[7] لە پاریسو ١٥ مانگ لەوێ مایەوە. ١٥مانگ ژیان لە کەنیسەی پانتێمۆنت وانەی نوێی لەژیان فێری ژۆزێفین کرد. ژۆزێفین لەو کەنیسەیە لەگەڵ ئەو ژنانەی کە بەهۆی خەیانەت بە مێردەکانیان جیاو بێ سەر پەرشت مابوونەوە یان دایکانێك کە پێش زەماوەند دووگیان ببونو لە ماڵ دەرکرابوونو ژمارەیەك لە ژنانی خراپکار کە پەنایان بۆ کەنیسە هێنا بوو ئاشنابوو. تەوەری قسەکانیان پتر پەیوەست بەداستانەکانی تایبەت بە پێوەندی هەرکامێکیان لەگەڵ پیاوانی جۆراوجۆر بوو. بەم شێوەیە ژیان لە کەنیسە ژۆزێفینی بەرێگای ڕاست ڕێنوێنی نەکردو پتر وانەی عیشوە گەریو شێوازکانی فریودانو لەداو نانی پیاوان فێربوو. دوای ئەوە کە ژۆزێفین لە کەنیسە رۆیشتە دەرێ باوکی لەگەڵ خۆی بردییەوە بۆ مارتێنیك، بەڵام زیاتر لەدووساڵ لەو دوورگە گەرمو شێدارە لای دایكو باوکی نەماو لەسەرەتاکانی شۆڕشی فەرەنسە گەڕایەوە بۆ پاریس. ژۆزێفین لەو بەروارەدا ژنێکی ٢٥ساڵان بوو کە بە پێستێکی سەوزەو سەرنج ڕاکێشییەکی تایبەت بە ژنانی ناوچەکانی گەرمێنو چاوانێکی جادوویی هەر پیاوێکی بە نیگای یەکەم بۆلای خۆی ڕادەکێشا. ژۆزێفین ئیتر لە پێوەندی لەگەڵ پیاوانی جۆراوجۆر هیچ ترسێکی نەبوو بەڵام دیسان چاوی لە ئەلکساندێری مێردی یەکەمی بوو کە ئاشقانەو لە قووڵایی دڵەوە خۆشی دەویست.

ئەلکساندێر کە بە نوێنەری ئەنجوومەنی نەتەوەیی فەرەنسە هەڵبژێردرا بووو لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی شۆڕش بە ئەژماردەهات، جارێکیتر پێوەندی بە ژۆزێفینەوە گرت بەڵام ئامادە نەبوو جارێکیتر لەگەڵ ژۆزێفین زەماوەند بکات. ژۆزێفینو ئەلکساندێر لە ساڵە تۆفانییەکانی

5-Hortense

٦- لەم رێکەوتەدا ئەرکی پێڕاگەیشتن بە ناکۆکیو کێشەکانیمافو دادپەروەری خەڵکی فەرەنسە بە پەرلمانە هەرێمییەکان ئەسپێردرا بوو.

7-Panthemont

شۆڕشی فەڕانسە جارجارێك یەكتریان دەبینی تا ئەوەكە ئەلكساندێر بوو بەسەرۆكی ئەنجوومەنی نەتەوەیی فەڕانسەو لەساڵی١٧٩٢ بە پلەی ژێنڕاڵییەوە بۆ شەڕ لەگەڵ بەرهەڵستكارانی ڕژێمی شۆڕشی فەڕانسە بەرەو ناوچەی ڕاین وەڕێكەوت. لەساڵی١٧٩٣ دا هێزەكانی ژێر فەرمانی ئەلكساندێر بە پەسندكرانی یاسایەك دژبە نەجیب زادەكان لە ئەنجوومەنی فەڕانسە دەستیان بەپاشەكشە كردو شاری "ماینز"[٨] یان تەسلیم بە دوژمن كرد.



وێنەی ژۆزێفین كە تایبەتە بە سەردەمی لاوێتی

ئەم هەرەسهێنانو پاشەكشەیە دەرەنجامی سەركەوتنو ئاستی بەرزی هێزە هاوپەیمانەكانی ئۆتریش(نەمسا)و پیرۆس بوو، بەلاّم ڕۆبێسپیەر كە لەو كاتەدا سەرۆكی ڕەهای فەڕانسەبوو ئەلكساندێری بە خەیانەت تۆمەتبار كردو دادگای شۆڕشی پاریس بڕیاری كوشتنی ئەوی دەركرد. ڕۆژی بیستوسێهەمی ژووئیەی ساڵی ١٧٩٤ سەری ئەلكساندێر دوبۆهارنێ لەتەمەنی

8-Mainz

٣٤ ساڵیدا بە تیخی گیوتین لە جەستەی جیاكراوەو ژۆزێفینیش كە بە هاوكاریو پێوەندی لەگەڵ هاوسەری پێشووی تۆمەتبار كرابوو، دەستبەسەر كراو خرایە بەندیخانە.



ئەلكساندێر دوبۆهارنێ، هاوسەری یەكەمی ژۆزێفین

ڕەنگە بەندكرانی ژۆزێفین لەو بارودۆخەدا گەورەترین بەختی ژیانی ئەو بێت. لەبەرئەوەی كە تەواوی ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی كە ڕەوتی ژیانی ژۆزێفینی گۆڕیو هەروەها ناسیاریو دواییش زەماوەندی ئەو لەگەڵ ناپلیۆن بناپارتی ئیمپراتۆری داهاتووی فەڕانسە لەم بەندكرانەوە دەستی پێكرد. هەڵبەت ئەم شانسە (بەندكران) لەوانە بوو ببێتە خراپترین چارەنووسی ژیانی ژۆزێفین، بەهۆی ئەوە كە ئەگەر بەخت یاوەری نەبوایەو هۆكارەكانی لەناوچوونی دەسەلاّتی ڕۆبێسپیەر ئامادە نەبوایە سەری ژۆزێفینیش وەكوو سەری ئەلكساندێر بە تیخی گیوتین لەجەستەی جیا دەكرایەوە. گەورەترین بەخت ژیانی ژۆزێفین ئەوە بوو كە كاتێك لەسووچی بەندیخانەی "كارمێز"[٩]دا چاوەڕووانی ڕۆژی دادگاییو كوژرانی بوو، دەرگای ژوورەكەیان كردەوەو ژنێكی گەنجو جوانیان خستە ناو ژوورەكەی. ئەو ژنە "ترێزا كاباڕۆس"[١٠] بووكە

9-Carmes
10-Theresia Cabarrus

لەسەرەتادا بۆ پێزانین‌و تێگەیشتنی رۆڵی ئەو ژنە لە رزگاری‌و گۆڕینی رەوتی چارەنووسی ژۆزێفین، پێویستە باسی ژیان‌و بەسەرهاتی ئەو بکەین. ترێزا لە دایك‌و باوکێکی ئیسپانیۆلی بوو کە لەسەرەتای شۆڕش لەگەڵ "مارکی دوفۆنتنای"[11] لەپاریس زەماوەندی کرد. ژیانی هاوسەرێتی ئەوان زیاتر لە چوار ساڵی نەخایاندو لەساڵی١٧٩٣ لێك جیابوونەوەو لەرێگای گەڕانەوە بۆ ئیسپانیا، لە "بۆردۆ" لەلایەن هێزە شۆڕشگێرەکان دەستبەسەرکراو خستیانە بەندیخانە. فەرماندەری هێزە شۆڕشگێڕەکانی بۆردۆ کە بۆ سەرکوتی بەرهەڵستکارانی رێژیمی نوێی فەڕانسە نێردرابووە ئەو شارە، ناوی "ژان لامبێرت تالین"[12] بوو کە کاتی بەسەرکردنەوەی بەندیخانەی بۆردۆ ترێزای بینی. ترێزا کە لەو کاتەدا ژنێکی گەنجی ٢٠ساڵان بوو بڕیاریدا بە نازو دلڕفێنی خۆی رزگار بکات‌و تالینیش کە لاوێکی بیست وشەش ساڵەبوو، نەیتوانی لەبەرامبەر ئەو ژنەدا "پاکی شۆڕشگێڕی" خۆی بپارێزێ. ترێزا لەبەندیخانەوە رۆیشتە ماڵی تالین‌و لە داری ژیانی هاوبەشی ئەوان بەرهەمی ئەشق‌و زەماوەندی لێکەوتەوە. تالین شۆڕشگێڕێکی توندڕەو بوو کە پێش ئاشنایی لەگەڵ ترێزا سەری هەزاران کەسی بڕیبوو، بەڵام ئەشق‌و خۆشەویستی ترێزا ئەوی بە تەواوی گۆڕی‌و ترێزا بە کەڵك وەرگرتن لە کارتێکەری خۆی لەسەر تالین توانی پێش بە کوشتن‌و خوێنرێژی ئەو بگرێ‌و تەنانەت ئەو پڕوپاگەندیە بلاّو بۆوە کە بەیارمەتی ئەو سەدان بەندی گرتووخانەکانی شۆڕش کە چاوەڕووانی گیوتینیان دەکرد ئازاد کراون یان لە بەندیخانە هەڵاتوون. ترێزا نازناوی فریشتەی رزگاری وەرگرت‌و یاساوڵەکانی رۆبێسپیەر ئەورووداوەو هۆی بەر کار نەهێنانی گیوتینیان بە گوێ ئەو گەیاند. تالین بۆ پاریس بانگهێشتن کراو لەگەڵ ترێزا کە ئیتر خانمی تالینیان (مادام تاڵین) پێدەگووت رۆیشتن بۆ پاریس. کاتێك کە تالین بۆ بینینی رۆبێسپیەرو بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆنڤانسیۆن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی رۆیشتە دەرێ، هاوسەرەکەی لەلایەن هێزەکانی شۆڕشگێر دەستبەسەرو بەندکرا.

لە بەندیخانەی کارمێز ژوری چۆڵی تێدا نەمابوو هەربۆیەش ترێزایان لە ژۆری ژۆزێفین تاچێر بەندکرد. تالین دوای گیرانی ترێزا دەیتوانی ئەو چارەنووسە ناحەزو شوومە پێشبینی بکات کە چاوەڕوانی بوو. دووکەسی‌تر لە یاساوڵەکانی سەرکوتکەری ویلایەتەکان بەناوی "باڕاس"[13]،

11-Marquis de Fontenay

12-Jean Lambert tallien

13-Barras

جەلادی مارسەی‌و "فۆشێت"[14] جەلادی لیۆن بۆ پاریس بانگهێشت کران. ئەوانیش وەك تالین لە کوشت‌و کوشتاری خەڵك کۆتاییان نەکردبوو بەلاّم ئەوان پێشینەیەکیان لەگەڵ رۆبێسپیەر هەبووو لەهەستی تۆڵە سەندنەوەی ئەو دەترسان. ژۆزێف فۆشێت کە پێشتر قەشە بوو، ماوەیەك دلّداری شارلۆتی خۆشکی رۆبێسپیەر بوو و بەرواڵەت بەهۆی دژایەتی رۆبێسپیەر زەماوەندیان نکرد. پۆل بارۆسیش بەهۆی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ دانتۆن‌و لایەنگرەکانی‌و چەند کێشەو گرفتێك کە لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی‌و کۆنڤانسیۆن لەگەڵ رۆبێسپیەری هەبوو، لە رق‌و کینەی ئەو دەترسا. لە ئێوارەی رۆژی بیست‌و پێنجەمی ژووئییەی ساڵی١٧٩٤ دا کاتێك کە تالین‌و فۆشێت لە باخچەی تۆیلێری پیاسەیان دەکردو بیریان لە رێگا چارەیەك دەکردەوە کە گرفتەکەیان چارەسەر بکات، لەنەکاو پیاوێك لێیان نێزیك دەبێتەوەو نامەیەك دەدا بەدەستی تالین. تالین نامەکە دەکاتەوەو دەستنووسی ترێزا دەناسێتەوە. ترێزا لەو بەندیخانەیەشدا توانی بەچەکی جوانی پاسەوانێکی بەندیخانە فریو بداو رازی بکات ئەو نامەیەی بۆ بداتە تالین. ترێزا لە نامەکەدا نووسیبووی کە سبەینێ دادگایی دەکەرێ‌و لە سێدارە دەدرێ‌و دوایش نۆبە دەگاتە ئەو. هەروەها ترێزا دەنووسێ: "ئەگەر ورە بدەیتە بەرخۆت‌و لەبەرامبەر ئەو جەلادە راوەستی، رەنگە هەردووکمان لە مردن رزگارمان بێت‌و ئەگەریش سەر نەکەوی مردنی سەربەرزانە باشترە لە مردنی سەرشۆڕانە". تالین لەو کاتەدا خوێنی هەڵدەچێت‌و ئامادەیی خۆی بۆ بەرنگار بوونەوە لەگەڵ رۆبێسپیەر رادەگەیێنێ، فۆشێتیش هەر بەم جۆرەو پێکەوە دەچنە لای بارۆس‌و ئەویش ئامادەیی خۆی رادەگەیێنێ. فۆشێت بەڵێن دەدا بەتالین کە لە رێگای ئەو لایەنگرانەی کە لە دادگاکانی شۆڕشدا هەیەتی رێکەوتی دادگایی کردنی ترێزا دوو رۆژ وەدوا بخات، بەلاّم کات کەمەو پێویستە بەهەر نرخێك بێت ئەم کارە روون بکرێتەوە. تالین‌و باڕاس‌و فۆشێت لەگەڵ چەند کەسی‌تر لە نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن کە روانگەیەکی باشیان سەبارەت بە رۆبێسپیەر نەبوو، دانووساندن دەکەن‌و لەئێوارەی رۆژی بیست‌و شەشەمی ژۆئییەدا بۆ یەکەمین جار لەدەورانی تێرۆرو لەکاتێکدا کە رۆبێسپیەر لە پشت تریبوونی کۆنڤانسیۆن وتاری دەخوێندەوە، بانگەوازگەلێکی دژایەتی‌و ناڕەزایەتی بەرز دەبێتەوە. چەندکەس لەلایەنگرەکانی رۆبێسپیەر دژیان رادەوەستن بەلاّم زۆرینەی ئەندامان‌و نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن بێدەنگ دەبن‌و رۆبێسپیەر کە غافلگیر ببوو لەکۆبوونەوەکە دەچێتەدەرێ‌و بڕیار دەدا بۆ رۆژی دواتر وتارێکی توندوتیژتر دژی

14-Fuchet

خەیانەتکارەکان بداو داوا لە کۆنڤانسیۆن بکات سزایان بدات. بەڵام تالیەنو باڕاسو نوێنەرەکانیتر کە وێرابوویان لە کۆبوونەوەکەی کۆنڤانسیۆندا ڕەخنە لە ڕۆبێسپییەر بگرن، دەیانزانی ئەگەر درەنگ بجوولێنەوە چ چارەنووسێك چاوەڕێیان دەکات. بەدرێژای شەو هەولی ئامادەکردنی هێز بۆ بەرنگار بوونەوە لە کۆبوونەوەی سبەینێی کۆنڤانسیۆن دەدرێت، بەڵام بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی نوێنەران لەو بەگژدا چوونەوەیەدا پێویستی بە دلێریو لەخۆبردوویی بەرهەڵستکاران هەیە. ڕۆژی مێژوویی ٢٧ی ژووئییە (یان نۆیەمی تێرمیدۆر بەپێی ڕۆژ ژمێری نوێی شۆڕش) دەگاتێو ڕۆبێسپییەر لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵەی ڕزگاری نەتەوەیی ئامادە دەبێت کە لایەنگری دەمارگرژی ئەو بوون. کاتێك کە ڕۆبێسپییەر بەرەو تریبوون وەڕێ دەکەوێت، تالیەنو باڕاسو ژمارەیەك لە نوێنەران بەهاودەنگی هێرشیان بردەسەریو تالین لەنێوان سەرسووڕمانی نوێنەرەکانیتری کۆنڤانسیۆن خەنجێرێکی لەژێرجلوبەرگەکەی دەرهێناو هاواری کرد "ئەم جەللادە نیشتیمانی لە خاكو خوێن هەڵکێشاوەو دەبێ دادگایی بکرێ. ئەگەر کۆنڤانسیۆن ناوێرێ سزای بدات من بەم خەنجێرە سینگی دەدرم!". لەو کاتەدا ئەندامانی کۆنڤانسیۆن کە تا ئەو ڕۆژە نەیان وێرابوو لە ئاست ڕۆبێسپییەر هەناسە هەڵکێشن، وەجۆشو خرۆش دێنو لە هەرلایەکەوە هاوارەکانی "ستەمکار... مرۆڤکوژ... دادگایی... سزا" بەرز دەبێتەوە. ڕۆبێسپییەر بەزمانی شەڕو جنێوەوە داوای وتووێژی کرد لەسەرۆکی کۆنڤانسیۆن کە ناتوانێ یان نایهەوێ ڕێکوپێکیو دیسیپلینی کۆبوونەوەکە ڕاگرێ. بەڵام سەرۆکی کۆنڤانسیۆن بۆ دژکردەوە لە ئاست ئەو جنێوو سووکایەتییە پێشنیاری دەستبەسەرو دادگایی کردنی ڕۆبێسپییەرو لایەنگرانی خستە بەر دەنگدان. زۆرینەی نوێنەرانی کۆنڤانسیۆن ئەو پێشنیارە پەسند دەکەنو هەر ئەوشەوە ڕۆبێسپییەرو لایەنگرانو هاوڕێیانی نزیکی لەلایەن سەربازەکانی جێگیر لە کۆنڤانسیۆن دەگیرێنو دەگواسترێنەوە بۆ بەندیخانە. دوای دادگاییەکی خێرا سەری ڕۆبێسپییەرو هاوڕێیانی بەو گیوتنەی کە سەری لوویی شازدەهەمو ماریئانتوانتەو دانتۆنیان پێبڕی لەجەستە جیا دەکەنەوەو لەشەوی بیستو حەفتەمی ژووئییەی ساڵی ١٧٩٤ بەهۆی تەواو بوونی حکوومەتی تیرۆر لە پاریس جێژن دەگیرێ. تالینو باڕاس لەو شەوەی کە سەری ڕۆبێسپییەرو هاوڕێیانی لە جەستە جیادەکرێتەوە بۆ ئازاد کردنی ترێزا دەڕۆنە بەندیخانەی کارمێزو ژۆزێفینیش لەگەڵ ترێزا ئازاد دەکرێت.



ئەم تابلۆیە دیمەنی مێژوویی کۆبوونەوەی کۆنڤانسیۆن لەکاتی هێرشی تالین بۆ سەر ڕۆبێسپییەر پیشان دەدات

باڕاس هەر لە نیگای یەکەمدا ئاشقی ژۆزێفین دەبێتو بانگهێشتی دەکات بۆ ماڵی خۆیو ژۆزێفینیش کە ئاگاداری پێگەو پۆستی باڕاسە بەخێراییو بێ دوودڵی ئەم بانگهێشتە قەبووڵ دەکات.

***

ئاشنایی ژۆزێفینو باڕاسو پێوەندی ئاشقانەی ئەوان کە زیاتر لە ساڵێك درێژەی کێشا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەژیانی ژۆزێفینو سەرکەوتنی ئەوی تا پۆستی یەکەمینی فەڕانسە (ئیمپراتۆریس) مسۆگەر کرد. باڕاس لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٧٩٤دا دەبێتە سەرۆکی کۆنڤانسیۆنو لەسەرەتاکانی ساڵی ١٧٩٥ یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ کە تێکەلاوێك لە یاسای بنەڕەتی ساڵی١٧١٩ی فەڕانسەو یاسای بنەڕەتی ئەمریکا بوو لەلایەن کۆنڤانسیۆنەوە پەسند دەکرێ. کۆنڤانسیۆن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، شاندێکی بەڕێوەبەرایەتی پێنج کەسی هەڵدەبژێرێ کە تا ساڵی ١٧٩٩ لە فەڕانسە حوکمڕانی کرد.

ئەو سەردەمە بە دەورانی حکوومەتی شاندی بەڕێوەبەرایەتی یان "دایرێکتوار"[15] بەناوبانگە. پۆل باڕاس بەسەرۆکی شاندی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژێردراو بەهۆی ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەی کە لەکاتی حکوومەت لەسەر فەڕانسە هەی بوو بە "پاشای کۆماری" ناوبانگی دەرکرد. دۆستایەتی نێوان ژۆزێفینو ترێزا کەئیتر بەناوی مادام تالین ناوبانگی دەرکردبوو لە دەورانیحکوومەتی شاندی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕابوو بۆ جۆرێك ڕکابەرایەتی ژنانە. لەبەرئەوەی کە هەرچەند نازناوی "پاشای کۆماری" بە پۆل باڕاسی دڵداری ژۆزێفین درا بوو، بەڵام مادام تالین نازناوی "شاژنی کۆماری"ی وەرگرتبوو. مادام تالین کە پێش شۆڕشی گەورەی فەڕانسە بەناوی مارکیز دوفۆنتنای لە نێو کۆڕە

15-Directoire

كۆمەڵایەتییەكانی پاریس ناوبانگی هەبوو، ئێستا بەناوی هاوسەری یەكێك لە ئەندامانی دەسەڵاتداری حكوومەتی شاندی بەڕێوەبەرایەتی سەرنجی خەڵكی بۆ لای خۆی ڕاكێشا بوو، لەكاتێكدا ژۆزێفین هاوسەری یاسایی "پاشای كۆماری" نەبووو باڕاس هەوڵیدەدا پێوەندییەكانی ئەو بە نهێنی بپارێزێت. لە ئۆكتۆبەری ساڵی ١٧٩٥دا ڕاپەڕینێك لە پاریس ڕوویدا كە دەگوترا لەلایەن پاشایەتی خوازەكانەوە ڕێكخراوەو پاڵپشتی دووژمنانی دەرەكی حكوومەتی شۆڕشیی فەڕانسەشی لەگەڵ بووە. باڕاس بۆ سەركوتی ئەو ڕاپەڕینە یارمەتیی لە ئەفسەرێك بەناوی ناپلیۆن بۆناپارت وەرگرت كە بە تۆمەتی لایەنگری لە ڕۆبێسپییەر كەوتبووە بەررق وبێزاری. ناپلیۆن بە سەركوتی ئەو ڕاپەڕینە خزمەتێكی زۆری بە باڕاس كردو لەتەمەنی ٢٦ ساڵیدا بە پلەی ژێنراڵی گەیشت. ناپلیۆن لە ڕەوتی هات وچوو بۆ ماڵی باڕاس ئاشقی دڵدارەكەی باڕاس بووو ژۆزێفینیش لەبەرانبەردا هۆگری ئەو ئەفسەرە لاوو بەجموجۆڵە بوو. باڕاس كە پیاوێكی ژنباز بووو دەیهەویست دڵدارێكیتر بەجێگەی ژۆزێفین بدۆزێتەوە، خۆی گەشەی بەو پێوەندییە داو پێشوازی لە زەماوەندی ناپلیۆنو ژۆزێفین كرد. لە ڕۆژی نۆیەمی مارسی ساڵی١٧٩٦دا ڕێوڕەسمی زەماوەندی ناپلیۆنو ژۆزێفین لە هۆڵی شارەوانی پاریس بەڕێوە چووو باڕاس خۆی یەكێك لە شایەتەكانی گرێبەستی زەماوەندی ئەوان بوو. زاوا ٢٧ ساڵانو بووكیش شەش ساڵ لەو بەتەمەنترو دایكی دوو منداڵی مێردی پێشووی بوو. بەڵام لە بەڵگەكانی تایبەت بە زەماوەندەكەدا تەمەنی هەردووكیان ٢٨ ساڵ نووسی!". مانگی هەنگوینی ناپلیۆنو ژۆزێفین بەهۆی ڕەوانەكرانی ناپلیۆن لە لایەن باڕاسەوە بۆ شەڕێكی دەرەكی لەگەڵ ئیتالیا تەنیا ٣٦ كاتژمێری خایاند.



وێنەیەك لە ناپلیۆن كە تایبەتە بە سەرەتاكانی دەسەڵاتی ئەو لەسەر فەڕانسەو پێش گەیشتن بە پلەی ئێمپراتۆری

ناپلیۆن لە یەكەم شەوی زەماوەندیدا ناچار بوو یەكەمین داواكاری نابەجێی ژۆزێفین قەبووڵ بكاتو ئەویش ئەوە بوو كە سەگە خۆشەویستەكەی ژۆزێفین (فۆرتۆنێ)[16] لە ژووری خەوی ئەوان بمێنێتەوە. ناپلیۆن لەسەرەتادا نەدەچووە ژێرباری ئەو داواكارییە، بەڵام ژۆزێفین پێی گوت كە ئەگەر ناتوانێ لەبەرامبەر مانەوەی فۆرتۆنی خۆڕابگری دەتوانی لەژوورێكیتردا بخەویت! ناپلیۆن بە ناچاری قەبووڵی كردو فۆرتۆنێ تا بەیانی سێجار ناپلیۆنی لەسەر جێخەو گەست. لەگەڵ ئەوەشدا ژۆزێفین لە هونەری ئەشقبازی ئەوەندە شارەزاو لێهاتوو بوو كە توانی لەو ماوە كەمەدا ناپلیۆن شەیداو هۆگری خۆی بكات. ناپلیۆن دواتر لە تاراوگەی خۆی لە ساینت هێلێن گووتبووی لە تەواوی ژیانیدا ژنێكی نەبینیوە وەكوو ژۆزێفین بەلارو لەنجەو جوان و لەش نلسك و ڕێك و پێك بێت. هیچ یەك لەو ژنە جۆراوجۆرانەی كە بە درێژایی تەمەنی پێوەندی لەگەڵ گرتوون وەك ژۆزێفین شارەزای نهێنییەكانی ئەشق نەبوون. ناپلیۆن لە ماوەی نزیك بە ٢٠ ساڵ كە بەردەوام لە بەرەی شەڕلە دژی ئیتالیا بوو، جگە لە ماوەیەكی كورت كە ژۆزێفین بە پێداگری ناپلیۆن لە بنكەی سەربازی ئەو لە نزێك بەرەی شەڕ مایەوە، بەلانی كەمەوە ڕۆژێ نامەیەك "وجاری وایە دوونامە"ی بۆ هاوسەری دەنووسیو ئەو نامانەی لەگەڵ نامەبەر سەربازی دەنارده پاریس. چلو دوونامە لە كۆی ئەو نامانە لە بەر دەست دایە، جگە لەمە كە گەرمو گوڕی ئەشقو خۆشەویستی ناپلیۆن سەبارەت بە ژۆزێفین دەردەخات، ناسێنەری كەسایەتیو هزرەكانی ئەو پیاوەیە كەڕەوتی مێژووی ئەورووپاو جیهانی گۆڕی. هەروەها ئەو نامانە نیشان دەدەن كە تامەزرۆیی ناپلیۆن لە گەڕانەوە بۆ پاریسو هاودەمی ژۆزێفین (وەرنگە ئیرەییو دڵەخوورپەی ئەو لەبێوەفاییو خەیانەتی ژۆزێفین) تا چ ڕادەیەك لە وەدەر خستنی بوێری لە ڕادە بەدەرو بەپەلەییو خێرایی ناپلیۆن لە بەدەستهێنانی سەركەوتنو داگیركردن كاریگەر بووە.


ناپلیۆن لە یەكێك لە نامە سەرەتاییەكانی خۆی بۆ ژۆزێفین كە لەرێگای چوونە شەڕ لەگەڵ ئیتالیا نووسیبووی ، ژۆزێفین بە "ئەشقی مەزنیو شایەنی پەرەستین" ناو دەباو دەنووسێ: "هەردەم كە لە تۆ دوور دەكەومەوە، هەست دەكەم توانایيم بۆ خۆڕاگری لە ئاست دووری تۆ كەمتر دەبێتەوە. بە تەواوی بوونمەوە بیر لە تۆ دەكەمەوەو جگە لە دیمەنی جوانی تۆ هیچ شتێكیتر لە بەر چاو نابینم... هەردەم لەوە بیردەكەمەوە كە تۆ لەچ دۆخێك دای... لە خەیاڵی

16-Fortune

ئەوەکە تۆ خەمۆکو لە دڵەراوکێ دای دڵم توند دەبێتو بەو خەیاڵە کە تۆ بە دەماخو بەبزەی، دیسان دڵم دەگیرێ کە بۆچی منت لە بیر چووەو دووری من هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر تۆ..."

ناپلیۆن لە رۆژی سێهەمی مارس ١٧٩٦دا، واتە سێ حەوتوو دوای زەماوەند نامەیەکی تر بۆ ژۆزێفین دەنێرێو لەو نامەیە دا دەنووسێ: "رۆژ نی‌یە بە یادی ئەشقی تۆوە شەو نەکەمەوەو شەو نی‌یە بە خەیاڵی تۆوە نەخەوم. تەنانەت لە دونیای خەویشدا لەگەڵ تۆ دامو هەرکات لە خەو هەڵدەستم دیمەنی تۆ دەخەمە بەرچاوم. تۆ ژیانو گیانو هەمووشتێکی منی. تەنانەت لە نێو گۆرەپانی شەڕو لەگەرماو گەرمی شەڕدا لە بەر چاوەکانم دوورناکەویتەوە. دڵی من بۆ تۆو بەیادی تۆ لێدەدات.

زۆربەی شەوەکان لەکاتێکدا کە تەنیا پاسەوانەکان بەخەبەرن، لەسەر جێ هەڵدەستمو خەریکی کێشانەوەو دانانی پلانی نوێ دەبم تا بە سەرکەتنی هەرچی‌خێراتر زووتر تۆ لە باوەش بگرم... ئەی ئەشقی مەزنی من... زۆربەی سەر کەوتنەکانم لە بەرەی شەڕدا بەهۆی ئەشقی تۆوە بووە...". لە نامەیەکی‌تری ناپلیۆن بۆ ژۆزێفین دەخوێنینەوە "ژۆزێفینی بێهاوتای من، بەهۆی دووری تۆ ئۆقرەیی‌و بەختەوەریم نەماوە. بە دووری تۆ دنیا بۆ من وەك بیابان قاقرو بێ بەروبۆمە... من بۆ تۆ دەژیم بۆ تۆش شەڕ دەکەم... ئەی رووحو ژیانی من هەرکات پەیکێك (نامەبەر) هات بۆ لات نامەیەکم بۆ بنووسە. نامەکانی تۆ گیانێکی تازەم پێ دەبەخشێ... ژیان بۆ من بەبێ ئەڤینو خۆشەویستی تۆو دڵنیا بوون لەوەکە تۆ منت خۆش دەوی، هیچ واتایەکی نی‌یە..."



وێنەیەك لە دەستنووس و نامەکانی ناپلیۆن بۆ ژۆزێفین

ناپلیۆن لەنامەیەکی‌تر بۆ ژۆزێفین دەنووسێ، ئەو نامەبەرەی کە ئەو نامەیەت بۆ دەهێنێت چاوەڕوان دەمێنێتەوە تا وەڵامی نامەکەم بدەیەوەو دوایش درێژەی پێدەداو دەڵێت: "ئەی ئازیزترین کەسی من ئەگەر زۆربڵێیی دەکەم ببوورە. ئەشقی تۆ ئەقڵو هۆشی لێبڕیوم... من لە مۆتەکەی هەمیشەیی خۆمدا دەژیم و بە نەبوونی تۆ زیاتر لە ژیانو زیاتر لە حەسانەوەو زیاتر لە هێمنی‌و بەختەوەریم لە دەست داوەو ئەگەر نەیەی بۆ لام هیچ کارێکم پێ ناکرێ... بۆم بنووسە کە دێی بۆ لام. بنووسە کە هەست بە قووڵایی ئەشقی من سەبارەت بە خۆت دەکەی. بنووسە کە باوەڕ دەکەم کە دەمێك لە بیرو خەیاڵی تۆ دەر ناچمو بێ تۆ ژیان بەهای بەردەوام بوونی نی‌یە... هەموو شتێکی من بۆ تۆیە. من بەشێك لە هەستی تۆمو ئەو رۆژەی هەست بکەم کە جێگەیەکم لە دڵی تۆدا نەماوە زیاتر لە مردوویەك نیم..." بەلاّم هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو هەستە بە تینەی ناپلیۆنو ئەو سەرنج راکێشیە زۆرەی ژۆزێفین، دوو هێزی لێك جیاکەرەوە ئەوان لە یەك دوور دەخاتەوە: یەکەمیان دژایەتی ماڵباتی ناپلیۆن لەگەڵ ژۆزێفینو دووهەمیشیان بریتیە لەرەوشتی هەوسبازانەی ژۆزێفینو ئەو دەنگۆیانەی کە سەبارەت بە چیرۆکەکانی ئەشقی ئەو لەنەبوونی ناپلیۆن لە پاریس دا بلاّو بۆتەوە. دایكو برا گەورەکەی ناپلیۆن لەوەکە ناپلیۆن بەپێچەوانەی دابو نەریتی بنەماڵەیی‌و بێ ئاگاداری‌و بەدەستهێنانی رەزایەتی پێشووی ئەوان زەماوەندی کردووە نارازی بوون و ژۆزێفینییان بەهۆی ئەو پێشینەیەی کە هەی بووو هەمووکەس کەمو زۆر لێی ئاگادارن بە بووکێکی شایەنی بنەماڵەکەیان نەدەزانی. خووشکەکانی ناپلیۆنیش لەوەکە ئەم ژنە رووحو دڵی براکەیانی داگیرکردووە ئیرەییان پێ دەبرد و پەرەیان بەو دەنگۆ ناحەزانە دەدا کە لەبارەی ژۆزێفینەوە بلاّو ببۆوە. ژۆزێفین بۆ پووچەڵ کردنی ئەو دەنگۆو پیلانانەی کە لەلایەن بنەماڵەی ناپلیۆنەوە دژی ئەنجام دەدرا، رەنجو دەردی سەفەری ژووانی هاوسەری لەناوچەکانی شەڕ قەبووڵ کردو لە شەوێکدا هەرچی بنەماڵەی ناپلیۆن رەستبوویان کردیەوە بە خوری. ناپلیۆن تەنانەت لەو ماوە کورتانەی کە بۆ بەشداری لەشەڕ، لە ژۆزێفین دوور دەکەوتەوە، نامەی ئاشقانەی بۆ دەنووسێ. ناپلیۆن لە یەکێك لە نامەکانیدا دوای پێدا هەڵگوتنی جوانی‌و خۆشەویستی‌و هونەری ئەشق بازی ژۆزێفین دەنووسێ: "ئەشقی من، داوات لێدەکەم ئەوەندە جوانو باشو دڵڕفێنو بە بەزەیی مەبە، بهێڵە نەختێك کەمو کوورتی لە تۆدا ببینم تا بتوانم بۆ ساتێکیش بێت لە بیری خۆمت بەرمەوە". ناپلیۆن دوای سەرکەوتنێکی مەزن لەشەڕەکانی بەرەی ئیتالیا گەڕایەوە پاریسو وەك

قارەمانێك پێشوازی لێكرا.. ئەم جارەیان حكوومەتی شاندی بەڕێوەبەرایەتی ئەركی داگیركردنی بریتانیای پێ ئەسپاردو بۆ ئەو مەبەستەش پلانگەلێكیان بۆ پەڕینەوە لە دەریای مانش‌و دابەزاندنی هێز لە دوورگەی بریتانیا ئامادە كرد. بەڵام ناپلیۆن ئەو پلانەی بە لەبەرچاو گرتنی هێزی دەریایی بریتانیا بەباش‌و كاریگەر نەزانی‌و پێشنیاری پلانی عەمەلیاتی میسری بۆ بڕینی پێوەندی بریتانیا بە موستەعمەراتەكەی لەهیندوستان كرد. ناپلیۆن لەمانگی مەی ساڵی١٧٩٨دا بەهێزێكی دەریایی مەزن كە لە ٥٥ پاپۆڕی شەڕكەرو ٢٨٠ پاپۆری هێزبەر كە ٣٨٠٠٠ سەربازو ١٢٠٠ ئەسب‌و چەك‌و تەقەمەنیی لێ بار كردبوو بەرەو میسر وەرێكەوت‌و قۆناغە سەرەتاییەكانی ئەم عەمەلیاتەی بە سەركەوتن بڕی.

بەڵام هێزی دەریایی بریتانیا بە سەركردایەتی دەریا سالار "نیلسۆن"[17] لە شەڕێكی دەریاییدا لەگەڵ فەڕانسەو لەكەنارەكانی میسر، هێزە دەریاییەكانی فەڕانسەی تێك شكاندو هێزی پیادەی فەڕانسەشی لەمیسردا گەمارۆ دا. ناپلیۆن كەئیتر هیچ شانسێكی سەركەوتنی لەشەڕەدا نەدەبینی، لەرۆژی بیست‌و چوارەمی ئووتی ساڵی ١٧٩٩ هێڵی گەمارۆی پاپۆڕەكانی بریتانیای شكاندو رۆژی نۆهەمی ئۆكتۆبەری هەمان ساڵ گەڕایەوە فەڕانسە. شەڕو پێكدادانە بێ ئاكامەكانی میسر نێزیك بەساڵ‌و نیوێك درێژەی كێشاو لەو ماوەیەدا پێوەندی ناپلیۆن‌و ژۆزێفین وەك رابردوو گەرم‌و گوڕ نەبوو. ژۆزێفین دەیهەویست لەگەڵ ناپلیۆن بڕوا بۆمیسر بەڵام ناپلیۆن كە ئاشقی هاوسەری یەكێك لە ئەفسەرەكانی ببوو سەفەری هاوسەرەكەی بۆ داهاتوو وەدوا داو دواتریش هیچ مەیلەو چوونێكی بۆ ئەو سەفەرە (سەفەری ژۆزێفین لەگەڵ ناپلیۆن بۆ میسر) لەخۆی پیشان نەدا. ژۆزێفینیش كە ئاگاداری رووداوەكە بۆوە دەستی بە هەوەسبازییەكانی رابردووی كردەوەو تەنانەت دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە كە سەرلەنوێ پێوەندیی بە كوڕی دڵدارەكانی پێشووی باڕاس (سەرۆكی حكوومەتی شاندی بەڕپێوەبەرایەتی) گرتۆتەوە. ئەو پڕۆپاگەندانە لەمیسر بە گوێی ناپلیۆنیش گەیشت‌و لە گەڕانەوەی بۆ پاریس هەڵسوكەوتێكی توندو تیژ لەنێوانیاندا روویداو ئەمەش بە شێوەیەك بوو كە دایك‌و خۆشكەكانی ناپلیۆن كە پێشەكییەكانی ئەم شەڕو ئاژاوەیان ئامادە كردبوو وایان دەزانی جیابوونەوەیان مسۆگەرە. بەڵام ژۆزێفین تەنیا لە یەك شەودا توانی تەواوی ئەو شتانەی كە

17-Nelson

بنەماڵەی ناپلیۆن بۆیان ساز كرد بوو پووچەڵ بكاتەوەو دڵی ناپلیۆن بەدەست بهێنێتەوە. ئاڵۆزی بارودۆخی فەڕانسە لەماوەی نەبوونی ناپلیۆن لەپاریس دەرفەتی بۆهەندێك ئاڵ وگۆڕی لە فەڕانسە رەخساندبوو. باو بوونی گەندەڵی لە كۆتاییەكانی حوكمڕانی شاندی بەڕێوەبەرایەتی‌و قەیرانی دارایی كە بەهۆی بێ سەرەو بەریی ناوخۆیی‌و شەڕە دەرەكییەكانی فەڕانسەوە سەری هەڵدابوو، هەلومەرجی بۆ روودانی شۆڕشێكی نوێ ئامادە دەكرد. ئەنجوومەنی یاسادانان كە بە ئەنجوومەنی پێنسەد كەسی ناوبانگی‌هەبوو، چەند ئاڵ وگۆڕییەكی لەپێكهاتەی شاندی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجامدا. بەڵام قەیرانەكە هەردرێژەی هەبووو ناپلیۆنیش لەو هەل ومەرجە دا بوو كە بیری لە ئەنجامدانی كودتایەكی سەربازی كردەوە. ئەمجارەیان قەشە "سی یێس"[18]، ئەندامی دەسەڵاتداری حكوومەتی شاندی بەڕێوەبەرایەتی بە هیوای ئەوە كە دوای كودتا دەسەڵاتەكانی حكوومەت بگرێتە دەست، دەستی یەكگرتوویی بۆ ناپلیۆن درێژكردەوەو حكوومەتی شاندی بەڕێوەبەرایەتی لە رۆژی نۆهەمی نۆڤەمبەری ساڵی ١٧٩٩ دا تێك رما. ئەنجوومەنی پێنسەد كەسی لەسەرەتادا لە ئاست ناپلیۆن بەرگری كرد بەڵام سەربازەكانی ناپلیۆن نوێنەرە بەرهەڵستكارەكانی ئەویان لەهۆڵی كۆبوونەوەكە دەركردو پاشماوەی نوێنەرەكانی‌تر كە زندەقیان چوو بوو، گەلاڵەی (تەرح) پێشنیاری ناپلیۆنیان سەبارەت بەدامەزراندنی حكوومەتێكی كۆنسوولی (شابەندەری) پەسند كرد. بەپێی ئەو پرۆگرامە شاندی بەڕێوەبەرایەتیی پێنج كەسی گۆڕا بۆ شاندی سێ‌كەسی‌و ناپلیۆن لەپۆستی شابەندەری یەكەمدا هەوساری كاروباری دەوڵەتی بەدەستەوە گرت. قەشە سی یێس كە پێی وابوو دەبێتە سەرۆكی حكوومەتی نوێ وەك شابەندەری دووهەم لە پۆستی دووهەمی حكوومەتدا جێی گرت. بەڵام ناپلیۆن وەردە وەردە دەسەڵاتەكانی دەوڵەتی گرتە دەست خۆی‌و قەشە سی‌یێس‌و ئەندامەكانی‌تری لە گۆڕەپانی دەسەڵات دەر كرد.

***

ناپلیۆن لە ساڵەكانی ١٧٩٩تا١٨٠٤و بەدرێژایی ئەو پێنج ساڵەی حكوومەتی شابەندەری، (حكوومەتی‌كۆنسوولی) كاردرووستایی دامەزراندنی حكوومەتی رەهای دیكتاتۆری خۆی ئامادە كردو ئەنجوومەنی فەڕانسە كە بەكردەوە هیچ دەسەڵاتێكی نەمابوو لەمانگی مەی

18-Sieyes

ساڵی ١٨٠٤ دا بە پەسندکردنی گەلاڵەیەك، پێشنیاری گۆڕانی ڕێژیمی کۆماریی بۆ ئێمپراتۆری خستە بەردەنگدانی گشتی. لەو ڕاپرسییەدا ٣,٥٧٢,٣٢٩کەس دەنگیان بەدامەزراندنی ڕێژیمی ئێمپراتۆری واتە گەڕانەوە بۆ ڕێژیمی پاشایەتی میراتگری داو تەنیا ٢٥٧٩ دەنگ بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری خسترایە ناو سندووقەکانی دەنگدان.

ناپلیۆن بۆناپارت لە ڕۆژی دووهەمی دێسەمبەری ساڵی١٨٠٤ بەناوی ئێمپراتۆری فەڕانسە تاجی لەسەرناو بەدەستی خۆشی تاجی "ئێمپراتۆریس" یان هاوسەری ئێمپراتۆری فەڕانسەی لەسەر ژۆزێفین دانا. ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنان لە کەنیسەی "نۆتێردایم"[١٩]ی پاریس بەڕێوە چووو ناپلیۆن پاپیشی ناچار کرد کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداری بکاتو پاپ خۆی تاجی ئێمپراتۆری فەڕانسەی لەسەرناپلیۆن داناو ڕێوڕەسمی زەماوەندی ناپلیۆنو ژۆزێفینیش کە بەپێی یاساکانی شۆڕشو بەبێ بۆنەکانی مەزهەبی ئەنجام درابوو، بە دابو ڕەسمێکی پوخت مەزهەبی دووپات بۆوە. ئەم ڕێوڕەسمە کە بە پێداگرتنی پاپ ئەنجام درابوو، پێگەو هەلکەوتی ژۆزێفینی لە پۆستی ئێمپراتۆریسی فەڕانسە جێگیرو پتەوتر کرد. ژۆزێفین لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا تاجی هاوسەری ئێمپراتۆری یان شاژنی فەڕانسەی لەسەرنا، بەلاّم جوانیو سەرنج ڕاکێشی خۆی هەر پارستبوو. کارتێکەری ئەو لەسەر هاوسەری چ لەدەورانی شابەندەری ناپلیۆنو چ لەو ماوە پێنج ساڵەی کە شاژن بووو تەنانەت دوای ئەوەش کە بە ڕێککەوتن جیابوونەوە، کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی ناپلیۆن لە سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکی فەڕانسە دادەنا. ژۆزێفین لەگەڵ ئەوەش کە خوشکەکانی ناپلیۆن ڕازی نەبوون، ئەوی ناچار کرد کە کچەکەی، هۆرتێنس لە براچوکەکەی خۆی (لوویی ناپلیۆن) مارە بکات. لوویی ناپلیۆن دوای داگیرکردنی هۆڵندا لەژێر دەستی سەربازەکانی ناپلیۆن بوو بەپاشای هۆڵنداو هۆرتێنسیش پۆستی شاژنی هۆڵندای وەرگرت. پاشان یەکێك لە سێ کوڕەکەی لوویی ناپلیۆنو هۆرتێنس دواتر بەناوی ناپلیۆنی سێهەم بیست ساڵ لە فەڕانسە حوکمڕانی کرد.

19-NoterDame



ژۆزێفین دوای ئەوەی کە تاجی ئێمپراتۆریسی فەڕانسەی لەسەرنا

کوڕی دووهەمی ژۆزێفین کە لەساڵی ١٧٩٦دا لەگەڵ ناپلیۆن لەشەڕەکانی بەرەی ئیتالیاو میسر بەشداری کرد بوو، دوای زەماوەندی ناپلیۆنو ژۆزێفین لەساڵی ١٨٠٥ لەلایەن ناپلیۆنەوە نازناوی "پرێنس"ی وەرگرتو بوو بەفەرماندەری ئیتالیا. ئۆژێن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی وەك جێگری پاشاو فەرمانڕەوایی لە ئیتالیا، لێهاتوویی‌و کارامەییەکی زۆری لەخۆی نیشان دا. ئۆژێن دوای تەواوبوونی ئەرکە پێ سپێردراوەکانی لە ئیتالیا، لەپلەی ژێنراڵیدا لەپەنا ناپلیۆن لە شەڕگەلێکی جۆراوجۆر بەشداری کردو یەکێ لەو کەسانەبوو کە لەگەڵ ناپلیۆن تا مۆسکۆ ڕۆیشتە پێشێ. گەورەترین خاڵی لاوازی ژۆزێفین لە ئاست بنەماڵەی ناپلیۆنو ئەو کەسانەی کە ئیرەییان پێدەبرد ئەوە بوو کە نەیدەتوانی منداڵێکی لە ناپلیۆن هەبێ. ئەو نەزۆکییە بەتایبەت دوای ئەوە کە ناپلیۆن بە پۆستی ئێمپراتۆری گەیشتو بابەتی جێنشینی ئەو زەق بۆوە گرینگییەکی پتری پەیدا کرد. ژۆزێفین لەبەرئەوەی کە دوومنداڵی لەهاوسەری پێشوی هەبوو خۆی بە نەزۆك نەدەزانیو تۆمەتی نەزۆکیی دەخستە پاڵ ناپلیۆنو زانستی پزیشکیش لەو کاتەدا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو ئەو بابەتە بسەلمێنێ. ژۆزێفین تەنانەت بیرەی ئەوەی لە مێشکی ناپلیۆن ڕۆکرد بوو کە ئۆژێن وەك جێنشینی خۆی هەلبژێرێ. بەلاّم ناپلیۆن وێرای دان پێدانان بە تواناییو لێهاتوویی ئۆژێن، لەبەر هەبوونی چەند براو برازا ئەو داواکارییەی ژۆزێفینی ڕەد کردەوە. دووکەس لە دڵدارەکانی ناپلیۆن وتیان کە منداڵێکیان لە

ناپلیۆن بووە بەڵام ناپلیۆن کە لە پێوەندی ئەوان لەگەڵ پیاوانیتر دڵگرمیێ بوو، ئەو داواکارییەی ئەوانی بە دەسەڵاتخوازیو ئامانجی داگیرکردنی تاجو تەختی فەڕانسە لێك داوەو لەرەوتی شەڕی داگیرکردنی لەهێستان (پۆڵندا) ئاشقی کۆنتێکی لەهێستانی بەناوی "ماری والۆسکا"[20] بوو. ماری والۆسکا بە سانایی ملکەچی ئەشقی ناپلیۆن نەبوو بەڵام ئەم بەرگریو زوو خۆبەدەستەوە نەدانەی ماری والۆسکا کە راکێشانێکی بەهێزی لەگەڵ بوو، ناپلیۆنی زۆر بە توندی هۆگری ئەو کرد. بە جۆرێك کە ناپلیۆن دیسان دەستی بە نووسینی نامەی ئاشقانەو پرسۆز کردەوە. ناوەڕۆکی ئەو نامانەی بۆ ماری والۆسکای نووسیبووو ئێستا لەبەردەستدایە کەمو زۆر هەمان ناوەڕۆکی ئەو نامەگەلەی هەیە کە لەسەرەتای ئاشنایی‌و زەماوەندی لەگەڵ ژۆزێفین نووسیبووی. ئەو نامە پرسۆزانەو پێداگرتنو سووربوونی ناپلیۆن لەم ئەشقە لەئاکامدا کاریگەری دەبێتو لەنێوانیاندا پێوەندی ئاشقانە دروست دەبێت. ناپلیۆن دوای گەڕانەوە لە "ڤۆرشۆ"ش ئەڤیندارەکەی لە بیر نەکردو دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی لە شەڕی "واگرام"[21] لە ساڵی ١٨٠٩ و لەکاتی وتوویژ لەگەڵ ئۆتریشییەکان لەڤیەن، نامەیەکی بۆ ماری والۆسکا نووسیو ئەوی بانگهێشت کرد. ماری ئەو بانگهێشتەی قەبووڵ کردو لە ڤیەن بە ناپلیۆنی گوت کە دووگیانەو منداڵەکەیان لەسەرەتاکانی مانگی مەی ساڵی ١٨١٠ لە دایك دەبێ.

شادیو کەیفخۆشی ناپلیۆن لە بیستنی ئەو هەواڵە کەمتر لە دەماخی شادی دوای سەرکەوتنی لە شەڕەکانی "ئۆستێرلیتز"[22] و "واگرام" نەبوو. ناپلیۆن ئیتر گومانی نەبوو کە ئەو منداڵە هی خۆیەتیو لەوە کە دەیتوانی ببێتە باوك زۆر خۆشحاڵ بوو بە شێوەیەك کە شایی لە دڵدا دەگەڕا. بە فەرمانی ناپلیۆن ماری والۆسکایان خستە ژێر چاوەدێری تایبەت بۆ ئەوەی نەوەك ئەو منداڵە تووشی مەترسی بێت. هەر لەو رۆژانەدا بوو کە ناپلیۆن بڕیاریدا ژۆزێفین تەڵاق بداو لەگەڵ ماری زەماوەند بکات. ناپلیۆن لە رۆژی سێهەمی نۆڤەمبەرداو دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس ئەو بڕیارەی لەگەڵ ژۆزێفین باس کرد.

20-Marie Walewska
21-Wagram
22-Austerlitz



ماری والۆسکای ئەڤینداری لەهێستانیی ناپلیۆن کەمنداڵێکی لە ناپلیۆن بوو. ئەم تابلۆیە بەرهەمی شێوەکاری بەناوبانگی (ژرار- ژۆسی) ئەو کاتەیە

بەسەرهاتێك لە ژیاننامەی ناپلیۆن کە لە زمانی خۆی گێڕدراوەتەوە ئەوەیە کە ناپلیۆن لە شەوی سێهەمی نۆڤەمبەرداو دوای خواردنی نانی شەو لە کۆشکی تویلێری کە ژمارەیەك لەلایەنگرانی ئێمپراتۆریشی لیێ بوو، لە جێگەیەکی چۆڵ لەگەڵ ژۆزێفین دانیشتبووو دەستەکانی ئەوی بە دڵسۆزیو خۆشەویستییەوە لەناو دەستی گرتبووو پێی‌دەڵێت: "ئازیزم تۆ باش دەزانی کە چەندەم خۆش دەوێیی.. باشترین خۆشییەکانو شیرینترین کاتەکانی ژیانم بەهۆی تۆوە بووە، بەڵام هەمووکات ئەو شتەی کە چارەنووس بۆی دیاری کردووم لەگەڵ ویستو ئاواتە دەروونی‌یەکانم یەك ناگرێتەوە. من ناچارم ئەشقو سۆزی خۆم لە پێناو بەرژەوەندییەکانی فەڕانسەو بەردەوام بوونی ئێمپراتۆریەتی مەزنی فەڕانسە دابنێم.." پێش ئەوەی ناپلیۆن کۆتایی بە قسەکانی بێنێت، ئەسرین لە چاوەکانی ژۆزێفین دێتە خواریو کەمێك دواتر دەکەوێتە سەر زەوی.. ناپلیۆن کە حەپەسا بوو داوای یارمەتی لە هاورێکانی دەکاتو دەڵێت خێرا هۆرتێنس (کچی ژۆزێفین) کە لەو کاتەدا لە پاریس بوو، ئاگاداربکەنەوە. کاتێك کە هۆرتێنس دەگاتە لای دایکی، ژۆزێفین هاتبۆوە هۆش بەڵام زۆر بە توندی دەگریا. ناپلیۆن بە هۆرتێنسی گوت: "بە دایکت بڵێ من بڕیاری خۆم داوە. ئەو بڕیارەم لەبەر بەرژەوەندییەکانی فەڕانسە داوەو فرمێسکەکانی ئەو بڕیاری من ناگۆڕێت". هۆرتنێس بە ئاوازێکی ساردو وەشك

ولامی داوە: "من لەو قسانەی تۆ سەرم سووڕدەمێنێ... بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بی دایکم دوای ١٥ ساڵ ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ تۆ لە بەر ئەم بڕیارە لەنەکاوەی تۆ نەگری... بەڵام دڵنیابە گریانی ئەو هێمای ملکەچ بوونی لەبەرامبەر تۆ نییە. ئێمە لێرە دەڕۆین و هەرگیز خۆشەویستی و دڵسۆزییەکانت سەبارەت بە خۆمان لە بیرناکەین ..."

ناپلیۆن لە قسەکانی هۆرتێنس شەرمەزار بۆوەو لە کاتێکدا کە دەیهەویست ژۆزێفین هێمن کاتەوە گوتی کە تەواوی کەرستەو پێداویستییەکانی ژیانێکی تێرو حەساوەی بۆ دابین دەکەم و بەردەوام سەردانی دەکەم. ناپلیۆن بۆ نیشتەجێ بوون و مانەوەی ژۆزێفین، شاری ڕۆمای دیاری کرد بوو، بەڵام ژۆزێفین بە گریانەوە گوتی:"نا"من ئامادە نیم لە فەڕانسە بچمە دەرێ و تەنانەت لە پاریسیش دوور ناکەومەوە... من ناتوانم لە تۆ دوور کەومەوە..."

لە ئاکامدا ڕۆژی یازدەهەمی دێسەمبەری ساڵی ١٨٠٩دا بڕیاری جیابوونەوەی ناپلیۆن و ژۆزێفین لە دوو ڕاگەیاندراوی جیا دا بەئامادەبوونی ئەندامانی پایە بەرزی ئێمپراتۆری و بنەماڵەکەیان خوێندرایەوە. ناپلیۆن لە ڕاگەیاندراوێکدا کە خۆی خوێندییەوە وتی: "خوادەزانێ ڕاگەیاندنی بڕیارێکی ئاوا بەژان تاج ڕادەیەك لەسەر دڵم گرانە... من بەرزترین و بەرێزترین ئەشق و ئازیزترین هەست و سۆزی خۆم فیدای بەرژەوەندییەکانی فەڕانسە دەکەم، بەڵام هۆگری و خۆشەویستی من سەبارەت بە هاوسەری خۆشەویستم کە پازدە ساڵ ژیانی منی بە دڵسۆزییەکانی خۆی شیرین و ڕازاوە کرد، هەمیشەیی و ئەبەدیە. یادو ئەشقی ئەو هەمیشە لەدڵمدا زیندووە... ئەگەر چی لەمەوبەدوا هاوسەری من نییە بەڵام بۆ هەمیشە باشترین و ئازیزترین ڕفیق و هاواڵی من دەبێت." دوای ناپلیۆن نۆبەی ژۆزێفین بوو کە ڕاگەیاندراوەکەی بخوێنێتەوە، بەڵام بەهۆی کینەو بووغزەوە ڕاگەیاندراوەکەی خۆی دا بە سەرۆکی ئاهەنگ و بۆنەگێڕی ئێمپراتۆری کە لە تەنیشتی ڕاوەستا بوو تا بیخوێنێتەوە. لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتبوو: "لەسەر مۆڵەتی هاوسەری ئازیزو بەرێزم ڕادەگەیێنم کە ئیتر هیوام نەماوە منداڵێك بۆ هاوسەرم بە دنیا بێنم و مانەوەو بەردەوام بوونی ئەم ئێمپراتۆریەتەش لە بەرژەوەندی فەڕانسە دایە و هەر بۆیەش بۆ دەربڕینی ئەوپەڕی خۆشەویستی و هۆگریم بۆ هاوسەرم و پیشاندانی ئەمەگناسیم بۆ گەلی فەڕانسە ئەو لەمپەرەی کە لەسەر ڕێگای بەردەوام بوونی ئێمپراتۆری لە بنەماڵەی ئەم پیاوە مەزنەدا هەیە، بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم زەماوەندە لەسەر ڕێگا لادەبەم...

من ئەوپەڕی سپاس و ئەمەگناسی خۆم سەبارەت بە هاوسەرم کە بەدەستی خۆی تاجی لەسەرنام و منی لەسەر تەختی دەسەڵات داناو سەبارەت بە گەلی فەڕانسەش کە سەبارەت بە من خۆشەویستی و دڵسۆزییان هەبووە دەردەبڕم و جەختی لەسەر دەکەمەوە کە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرێتی ئێمە بە هیچ جۆرێك لە خۆشەویستی و هەستی قووڵی من سەبارەت بە ئێمپراتۆر کەم ناکاتەوەو هەروەها ئەو یەکێك لە خۆشەویسترین کەسانی من دەبێت...



پۆستکارتێکی ناوداری ناپلیۆن کە لە نێو برازاو خوشکەزاکانی دانیشتووە. ئەو منداڵەی کە لەسەر ئەژنۆی ناپلیۆن دانیشتووە نەوەی ژۆزێفین و ناپلیۆنی سێهەمی داهاتووە

... من نازانم ئەم بڕیارە کە بە تێبینی سیاسی پەسندکراوە تاج ڕادەیەك دڵی ناپلیۆن وەژان دەهێنێ، بەڵام ئێمە شانازی دەکەین کە ئەشق وخۆشەویستی خۆمان لە پێناو بەرژەوەندی و قازانجەکانی گەلی فەڕانسەو نیشتمانەکەمان دادەنێین". ناپلیۆن هەروەك بەڵێنی دابوو خانوویەکی بە شکۆی لە "مالمایسۆن"[٢٣] لە دەوروبەری پاریس بۆ ژۆزێفین تەرخان کردو پارەیەکی بەرچاوی بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی ژیانی ئەو دیاری کرد. ژۆزێفین دوای جیا بوونەوە لە ناپلیۆن خۆشەویستی زیاتری بەراورد لەگەڵ سەردەمی شاژنی خۆی، لەنێوان فەڕانسەوییەکان بەدەست هێنا. ماڵی ئەو جێگەی هات وچۆی گەورە پیاوان و نووسەران و هونەرمەندانی فەڕانسە بوو. ناپلیۆنیش بەردەوام سەردانی دەکردو سەبارەت بە منداڵەکانی وەکوو ڕابردوو دڵسۆز بوو. بەڵام ناپلیۆن دوای تەلاقدانی ژۆزێفین سەبارەت بە ئەشقی ماری والۆسکاش وەفادار نەما و لەژێرکاریگەری دۆستان و لایەنگرەکانی زەماوەندێکی سیاسیی کرد.

23-Malmaison

ناپلیۆن دوای ژۆزێفین زەماوەندی لەگەڵ كچی پاشای ئۆتریش بەناوی پرەنسێس "ماری لۆئیز"[٢٤] كرد. ماری لۆئیز دواتر كوڕێكی لە ناپلیۆن بوو، بەڵام تەمەنی ئیمپراتۆریەتی ئەویش (ناپلیۆن) بەهۆی تێكشكانی هێزەكانی فەڕانسە لە شەڕی بێ ئاكام و چارەنووس سازی رووسیاو شكستە یەك لەدوای یەكەكانی فەڕانسە لە ساڵەكانی ١٨١٣و ١٨١٤ تەواو بووو ئەو كوڕەی كە لەمێژوودا بەناوی ناپلیۆنی دووهەم ناوبانگی هەیە هەرگیز بە دەسەڵات نەگەیشت[٢٥].


ماری لۆئیز پاش گەڕانەوە بۆ ڤیەن لە ئاپریلی ساڵی ١٨١٤داو دوای لەسەركار لاچوونی ناپلیۆن لە پۆستی ئێمپراتۆری و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی "ئێلێب" ئامادە نەبوو سەردانی هاوسەرەكەی لەو دوورگەیە بكات، بەڵام ماری والۆسكا لەگەڵ كوڕەكەی كەمنداڵی ناپلیۆن بوو سەردانی ناپلیۆنی لەو دوورگەیە كرد. كوڕەكەی ماری والۆسكا كە ناوبانگی بنەماڵەیی دایكی (والۆسكی) هەبوو، دواتر بوو بە دانیشتووی فەڕانسەو لەكاتی حكوومەتی ناپلیۆنی سێهەم بە پۆستی وەزیری كاروباری دەرەوەو سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی فەڕانسە گەیشت.

ژۆزێفین دوای ئەوە كە ناپلیۆن دەسەڵاتی لەدەست دا، هەر رێزو خۆشەویستییەكی زۆری هەبووو دەسەڵاتدارانی وڵاتە سەركەوتووەكان و رێژیمی پاشایەتی نوێی فەڕانسەش هەر سەردانیان دەكرد. لەگەڵ ئەوەشدا داواكاری ژۆزێفین سەبارەت بەسەفەر بۆ دوورگەی ئێلێب و ژوانی هاوسەری پێشووی قەبووڵ نەكراو ژۆزێفین لە رۆژی ٢٩ی مەی ساڵی ١٨١٤ لەتەمەنی پەنجاویەك ساڵیدا مردو دەسەڵاتدارانی رێژیمی نوێ و وڵاتە سەركەوتووەكان لە رێورەسمی بە خاك سپاردنی ئەودا بەشدارییان كرد. ئامادەبوونی دەیان هەزاركەس لەخەڵكی پاریس لەو رێورەسمەدا نیشانەی رێزێكی زۆر بوو كە گەلی پاریس بۆ ژۆزێفینیان دادەنا. ناپلیۆن دوومانگ دوای مردنی ژۆزێفین لە تاراوگەكەی خۆی لەدوورگەی ئێلێب هەڵات و دووبارە حكوومەتی گرتەوە دەست و دواتر، رۆیشتە سەر گۆڕی ژۆزێفین و بە قسەگەلێك كە لەقووڵایی هەست و

24-Marie-Louise

٢٥- كوڕی ناپلیۆن و ماری لۆئیز كە لەساڵی ١٨١١ لەكاتی لەدایكبوونیدا وەك پاشای رۆما ناسێندراو دوای شكست و دوورخرانەوەی ناپلیۆن لەساڵی ١٨١٤ لەگەڵ دایكی رۆیشت بۆ ڤیەن و هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ فەڕانسەو لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا بە نەخۆشی سیل مرد.

سۆزییەوە سەبارەت بە ژنێك كە وەك تەنیا ئەشقی مەزنی ژیانی ناوی دەبرد سەرچاوەی گرتبوو، یادو بیرەوەری ژۆزێفینی بەرز نرخاند.



مەلیكە ماری لوئیزو تابلۆیەكی بەناوبانگ كە ناپلیۆن و منداڵەكانی نیشاندەدات

بەڵام حكوومەتی نوێی ناپلیۆن كە بە"حكوومەتی سەد رۆژە" بەناوبانگە، بە تێكشكانی هێزەكانی ناپلیۆن لە شەڕ لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەكانی بریتانیاو پێروس لە "واتێرلۆ"[٢٦] رووخا. ناپلیۆن ئەم جارەیان خۆی تەسلیمی دڵڕەقترین دووژمنی خۆی واتە بریتانیا كرد. بریتانییەكانیش ئەویان بۆ دوورگەی دوورە دەستی "ساینت هێلێن"[٢٧] لەباشووری زەریای ئەتڵەس دوورخستەوە. ناپلیۆن شەش ساڵ لەو دوورگەیە مایەوەو دوای نەخۆشییەكی درێژخایەن لە رۆژی پێنجەمی مەی ساڵی ١٨٢١ لەتەمەنی ٥٢ ساڵیدا مرد.

26-Waterloo
27-Sanit- Helena

فەسڵی نۆیەم

مەلیکە ڤیکتۆریا

ژنێك كه نزیكەی شەست و چوار ساڵ له بریتانیا حوكمڕانی كرد و ئیمپراتۆریەتی بریتانیای گەیاندە ئەو پەڕی هێزو گەورەیی خۆی

مەلیكه ڤیكتۆریا بەناوبانگترین ژنه كه له مێژووی بریتانیا به دەسەلاّت گەیشتووەو بەراورد لەگەڵ تەواوی پاشاكانی بریتانیا چ ژنو چ پیاو له هەموویان پتر لەسەر رەوتی مێژووی بریتانیا شوێنپەنجەی داناوه. هەروەها ئەو درێژترین دەورانی پاشایەتی یان شاژنیی بریتانیای له دەستدا بووەو سەردەمی ٦٤ساڵەی دەسەلاّتی ئەو كه بەسەردەمی ڤیكتۆریا ناوبانگی هەیه به درەوشاوەترین دەورەی مێژووی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا دەژمێردێت. مەلیكه ڤیكتۆریا كه ناوی تەواوی ئەو "ئەلێكساندرینا ڤیكتۆریا"[1]یه لەساڵی ١٨١٩ له لەندەن لەدایك بوو. ناوی باوكی "ئێدوارد دووك ئاف كێنت"[2]ه كه كوڕی چوارەمی جۆرجی سێهەمی پاشای بریتانیا بوو. ماڵباتی ڤیكتۆریا بەهۆی هەڵەخەرجیو گیرو گرفتی دارایيی دووكی كێنت، لەدۆخێكی باشدا نەبوونو باوكی ڤیكتۆریا لەساڵی١٨٢٠ قەرزێكی زۆری بۆ بنەماڵەكەی به جێهێشت. ڤیكتۆریا لەكاتی مردنی بابی منداڵێكی یەك ساڵه بوو و كەوته ژێر چاوەدێریو سەرپەرشتی مامی (جۆرجی چوارەم) كه دوای جۆرجی سێهەم لەسەر تەختی ئیمپراتۆری بریتانیا دانیشتبوو. ڤیكتۆریا لەسەرەتای لەدایكبوونیدا به میراتگری تاجو تەختی بریتانیا دەژمێردرا، لەبەرئەوەی جۆرجی چوارەم دوای مردنی كچەكەی (شارلۆت) ئیتر میراتگرێكی نەبووو كوڕی دووهەمی جۆرجی سێهەم بەناوی فریدریك لەساڵی ١٨٠٢ مرد بووو كوڕی سێهەمیشی بەناوی ویلیام كه جێنشینی جۆرجی چوارەم بەئەژمار دەهات نەزۆك بوو. باوكی ڤیكتۆریا له دڵداره فەڕانسەییەكەی بەناوی مادام دێسایینت لۆرێن[3] چەند منداڵی هەبوو كه نەیاندەتوانی داوای تاجو تەختی بریتانیا بكەن. دووكی كێنت لەساڵی ١٨١٨و لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا لەگەڵ پرەنسیسێكی ئەڵمانی بەناوی ڤیكتۆریا ماریا لوییز[4] كه بێوەژنێكی سیدوو

1-Alexandrina victoria
2-Edward Duke of Kent
3-Madame de saint-Laurent
4-Victoria Maria Louisa


ساڵان بوو، زەماوەندی كردو ڤیكتۆریاش لەو دایكه ئەڵمانیيه بوو كه لەساڵی ١٨١٩ دا، واته ساڵێك بەر له مردنی باوكی هاته سەر دونیا. ڤیكتۆریاو دایكی كه به نازناوی"دووشیزی كێنت"[5] ناوبانگی هەبوو، دوای مردنی دووكی كێنت بۆ كۆشكی "كێنزینگتۆن"[6] گوازرانەوەو بەشێك له كۆشكەكه بۆ نیشتەجێ بوونی ئەوانو هاورێكانی تەرخان كرا. مەلیكه ڤیكتۆریا كه لەتەمەنی سێزده ساڵیدا دەستی به نووسینی بیرەوەرییەكانی ژیانی رۆژانەی كرد، لەپێشەكی ئەم بیرەوەرییانەدا به ناخۆشیو تاڵی باس لەسەردەمی منداڵی خۆی دەكاتو دەنووسێ: له كۆشكی پاشایەتی له هەموو يارییەكانی مندالان بێ بەش بووم و به بێ ئیزن نەمدەتوانی له ژوورەكەم بچمه دەرێ. مەلیكه ڤیكتۆریا بەتايبەت به خراپه باسی "سێرجان كۆنرۆی"[7] دەكات كه يەكێك لەدۆسته نێزیكەكانی باوكی بووەو دووكی كێنت پێش مرن ئەوی وەك چاوەدێرو سەرپەرشتی بنەماڵەكەی هەڵبژارد بوو. مەلیكه ڤیكتۆریا له ياداشتەكانی خۆیدا ئاماژە به پێوەندییه نهێنییەكانی دایكیو سێرجان كۆنرۆی ناكات، بەلاّم سەرچاوه باوەڕ پێكراوه مێژووییەكان بۆ وێنه ژياننامەی تەواوی مەلیكه ڤیكتۆریا كه به كەڵك وەرگرتن لەهەموو بەڵگه مێژووییەكانی ژيانی ئەو نوسراوەتەوەو لەساڵی ١٩٢٤ له لەندەن چاپ كراوه، بەراشكاوی ئاماژە بەوه كراوه كه سێرجان كۆنرۆی لەگەڵ دووشیزی كێنت پێوەندی ئاشقانەی هەبووەو رقو كینەی مەلیكه ڤیكتۆریاش سەبارەت بەو پتر بەهۆی ئەم بابەته بووە[8]. هەڵسوكەوتی سێرجان كۆنرۆی بەدڵی جۆرجی چوارەمو لايەنگرانی ئەو نەبووو هەربەم هۆیەشەوه هەندێك شەڕو ناكۆكی لەنێوان دایكیو مامی رووی داوه كه مەلیكه ڤیكتۆریا له بیرەوەرییەكانیدا ئاماژەی پێكردووه. ئەو ناكۆكییانه دوای مردنی جۆرجی چوارەم لەساڵی١٨٣٠و دوای هاتنه سەركاری مامێكیتری ڤیكتۆریا بەناوی ویلیامی چوارەم تووندو تیژتر بوو. مەلیكه ڤیكتۆریا خۆی شايەتی هەندێك جنێوو دەمەتەقێی دایكیو مامی بووه كه به تاڵی له ياداشتەكانیدا باسی دەكات. دەنگۆی پیلانی دزین یان دەرمانداو كردنی ڤیكتۆریا كه له دەورانی دەسەلاّتی كورتی ویلیامی چوارەم لەلایەن سێرجان كۆنرۆیەوه بلاّو بووەو ناخۆشییەكی زۆر خسته نێوان دایكو مامی، يەكێك له ناخۆشترینو تاڵترین بیرەوەرییەكانی

5-Duchess of kent
6-Kensington
7-Sir john Conrroy
8-Victoria R .I. Elizabeth Longford Pan Books.

سەردەمی منداڵی ئەوە. هەروەها کۆنرۆی مامێکیتری ڤیکتۆریای بەناوی "ئارنێست، دووکی کۆمبێرلەند"[9] کە کوڕی پێنجەمی جۆرجی سێهەمو برابچووکی باوکی ڤیکتۆریا بوو، بەوە تۆمەتبار کردبوو کە ئەم پیلانە ئەو دای ڕشتووە تا بە لابردنی ڤیکتۆریا خۆی بە دەسەڵات بگات. بە گشتی ئەو دەنگۆیە هەر لە بنەڕەتدا درۆ بووو ئامانجی سێرجان کۆنرۆی لە بلاوە پێکردنی ئەو دەنگۆیە جگە لە شەڕو ناکۆکی لەگەڵ دووکی کۆمبێرلەند، ئەوە بوو کە بە بیانووی پارێزگاری لە ڤیکتۆریا پتر ئەو بخاتە ژێر چاوەدێریو کۆنترۆڵی خۆی. ڤیکتۆریا بەو ڕادەیەی کە رقی لە سێرجان کۆنرۆی بوو، بە هەمان ڕادەش خزمەتکارە ئەڵمانییەکەی خۆی بەناوی "بارۆنز لێزێن"[10] خۆش دەویست. لێزێن زمانەکانی ئەڵمانیو فەڕانسەویو مووسیقاو سەمای فێری ڤیکتۆریا کردو سەمای جوانی "بالێتی" ئەو لەکۆڕی جێژنێك کە بە بۆنەی یازدەهەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی پێکهێندرا بوو، سەر سووڕمانو سەرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ڤیکتۆریا دوای تەمەنی یازدە ساڵی دەستی بە هەندێك سەفەرو گەڕان بۆ بەشە جیاجیاکانی بریتانیا کردو پێش ئەوەی ببێتە پاشا، زۆربەی بەشە جۆراوجۆرەکانی بریتانیای بەسەر کردبۆوەو شارەزا ببوو. ویلیامی چوارەم لە ڕۆژی بیستەمی ژووەنی ساڵی ١٨٣٧ مردو پرنسێس ڤیکتۆریا لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا بوو بە شاژنی بریتانیا. لەسەرەتای دەسەڵاتی مەلیکە ڤیکتۆریا دوو حیزبی سیاسیی سەرەکی لە بریتانیادا هەبوو کە ناوی یەکەمیان حیزبی "ویگ"[11] و دووهەمیشیان حیزبی "تۆری"[12] بوو و دواتر یەکەمیان بەناوی حیزبی لیبراڵو دووهەمیشیان بەناوی حیزبی پارێزگاران (محافزەکاران) ناوبانگیان دەرکرد. لەسەرەتای دەسەڵاتی مەلیکە ڤیکتۆریا، "لۆرد مێلبۆرن"[13] ئەندامی حیزبی ویگو سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بوو کە سێ ساڵ دوای دانیشتنی مەلیکە ڤیکتۆریا لەسەرکار مایەوەو هاریکاری شاژنی گەنجی کرد لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە هێشتا لێی شارەزا نەبوو. شاژنی گەنج متمانەیەکی زۆری بە لۆرد مێلبۆرن دەکردو پێوەندییەکانی ئەوان ئەوەندە دۆستانە بوو کە ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزبی تۆری شاژنیان بە شکاندنی یاسای بێلایەنی

9-Ernest Duke of Cumberland
10-Baroness Lehzen
11-Whig
12-Tory
13-Lord Melbourne

لەپۆستی دەسەڵاتو لایەنگری لە حیزبی ویگ تۆمەتبار کرد. مەلیکە ڤیکتۆریا لە کاتێکدا کە تەنیا بیست ساڵی تەمەن بوو لەگەڵ یەکەمین قەیرانی سەردەمی دەسەڵاتی خۆی ڕووبەڕوو بۆوەو بە متمانەو ورەیەکی کەم وێنەوە کە هیچکەس لە کچێکیبیست ساڵەی ڕانەدەدی، بەرنگاری ئەو قەیرانە بۆوەو زاڵ بوو بەسەری دا.



تابلۆیەکی بەناوبانگی مەلیکە ڤیکتۆریا لەو کاتەی کە لەسەر تەختی دەسەڵات دادەنیشێ

قەیرانەکە لە نێوکۆشکی مەلیکەوە دەستی پێکرد، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە دەنگۆی سك پڕی "لیدیفلۆرا هاستینگز"[14]ی خزمەتکاری دایکی ڤیکتۆریا لە سێرجان کۆنرۆی بلاو بۆوە. ئەم دەنگۆیە کە دواتر وەدەرکەوت درۆ بوو، هاتو هاوارێکی زۆری لە بریتانیا وەرێخست، لەبەرئەوەی کە پێشتریش دەنگۆگەلێگ سەبارەت بە پێوەندی سێرجان کۆنرۆیو دووشیزی کێنت (دایکیشاژن)و پرەنسێس سۆفیا (ئاخرین کچی جۆرجی سێهەمو مامی شاژن) بلاو ببۆوە.



سێرجان کۆنرۆیو لیدی فلۆرا کە ڕووداوی ئەوان ئاژاوەو هاتو هاوارێکی زۆری لەسەرەتای پاشایەتی ڤیکتۆریا وەرێخست

14-Flora Hastings

لۆرد مێلبۆرن کە لە دوای ئەو رووداوە لەگەڵ رەخنەی توندو تیژی پەرلمان رووبەروو بۆوە، وازی لەپۆستی سەرۆك وەزیرانی هینا. مەلیکە ڤیکتۆریا کە لۆرد مێلبۆرنی بە دۆستو یاوەری سەرەکی خۆی دەزانی، بە داخو کەسەرێکی زۆرەوەو لە کاتێدا کە فرمێسك بە سەر گۆناکانی‌یەوە دەهاتە خوارێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامداو بە رێنوێنیو راسپاردەیی خودی مێلبۆرن، رکەبەری ئەوی بەناوی "سێر رۆبێرت پیل"[15] کە رێبەری حیزبی پارێزگاران بوو راسپارد تا کابینەی حکوومەت (ئەنجوومەنی وەزیران) پێك بهێنێت. سێر رۆبێرت بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران مەرج گەلێکی خستەروو و ڤیکتۆریا هەموویانی پەسند کرد. بەلاّم کاتێك کە پیل دوایین مەرجی خۆی سەبارەت بە تەرخان کردنی خزمەتکاری نوێ بۆ مەلیکەو دایکی راگەیاند، شاژن لە ئاست ئەو مەرجە خۆڕاگری کردو ولاّمی کۆتایی ئەو مەرجەی خستە رۆژی دواتر. مەلیکە ڤیکتۆریا دوای کۆتایی هاتنی یەکەمین دیمانەکەی لەگەڵ پیل، رەوتی دانووساندنەکەی بۆ لۆرد مێلبۆرن گێڕاوەو سەبارەت بە ولاّمی کۆتایی پێشنیارەکەی پیل راوێژی لەگەڵ کرد. لۆرد مێلبۆرن هانی ڤیکتۆریای دا کە ئەو پێشنیارە قەبوولّ نەکاتو گوتی نابێت ئیزن بە سەرۆك وەزیران بدات دەست لە کاروباری ناوخۆی کۆشك وەردات. مەلیکە ڤیکتۆریاش ئەو راسپاردەیەی سەرۆك وەزیرانی پێشوی جێبەجێ کردو پیلیش لە پێکهێنای ئەنجوومەنی وەزێران خۆی پاراست. مەلیکە ڤیکتۆریا دیسان ئەرکی پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی بە مێلبۆرن ئەسپاردو ئەویش بە پالّپشتی مەلیکە درێژەی بە دەسەلاّتی خۆی دا. بوێری شاژنی گەنج لە رووبەروو بوونەوەی سیاسەتوانی کۆنەکاری وەك سێر رۆبێرت پیل پێگەو متمانەیەکی نوێی پێبەخشی، بەلاّم پێداگری ڤیکتۆریا لەپشتیوانی کردنی لایەنگرانو دارو دەستەکەی خۆی کە لەناو خەلّکدا ناوبانگی باشیان نەبوو، پێگەو متمانەی ئەوی بەرتەسك کردەوەو بزاڤی "چارتیسم"[16] هەر لەو کاتەوە سەری هەلّدا کە ئامانجەکانی بریتی بوون لە تەسك کردنەوەی دەسەلاّتەکانی پاشا یان شاژن لە هەلّبژاردنی سەرۆکی حکوومەتو ئەسپاردنی ئەو دەسەلاّتە بە پەرلمانو زۆر کردنی رۆلّی پەرلمان لە بەڕێوبردنی کاروباری حکوومەتو دووبارە پێدا چوونەوە لەچۆنیەتی هەلّبژاردنی نوێنەرانی پەرلمان. لۆرد مێلبۆرن بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە کە داوێنگیری شاژن ببۆوە، سەرەتا هۆکارەکانی لەسەرکار لابردنی سێرجان کۆنرۆی لەدەربار ئامادە کردو دواییش بیری لە پەیداکردنی هاوسەرێکی گونجاو بۆ مەلیکە ڤیکتۆریا کردەوە، لەبەرئەوەی کە

15-Sir Robert peel
16-Chartism

زەماوەندی شاژن لەگەڵ پیاوێکی شایان دەیتوانی زۆربەی ئەو گیرو گرفتانە چارەسەر بکات. مێلبۆرن بە بەلّێنیی پێدانی پلەی لۆردی بە سێرجان کۆنرۆی ئەوی رازی کرد واز لە دەربار بهێنێت، بەلاّم ئەو بەلّێنە بەهۆی گەندەلّکاریو چەوت کەلّك وەرگرتنو دزییەکانی ئەو لەماوەی خزمەتی وەك چاوەدێری کاروباری دارایی دایکی مەلیکە جێبەجێ نەکرا. لۆرد مێلبۆرن سەبارەت بە زەماوەندی مەلیکە ڤیکتۆریا یارمەتیی لەخالّی ئەو بەناوی لیۆپۆلّدا، پاشای بەلجیکا وەرگرت کە کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر شاژنی لاو هەبوو. پرەنس ئالّبێرتی برازای دووشیزی کێنتو لیۆپۆلّد یەکێك لە داواکارانی زەماوەند لەگەڵ مەلیکە ڤیکتۆریا بوو کەشاژن ئەوی لەتەمەنی حەڤدەسالّیدا بینی بووو لەنامەیەکدا بۆ خالّی زۆری تاریف کردبوو. بەلاّم زەماوەندی ئەوان پێویستی بە دیمانەیەکی‌تر لەنێوانیاندا هەبوو، لەبەرئەوەی دەبوایە شاژن لە پێگەی نوێو لەتەمەنی ٢٠ سالّیدا شارەزای تایبەتمەندییە رەوشتیەکانی ئەو پیاوە بێت کە دەیهەوێت زەماوەندی لەگەڵ بکاتو جگە لەوە لۆرد مێلبۆرنیش خۆی دەیهەویست لە نزیکەوە پرەنس ئالّبێرت هەلّسەنگێنێ. پێشەکییەکانی ئەم کارە لەلایەن لیۆپۆلّدای پاشای بەلجیکاوە ئامادەکراو پرەنس ئالّبێرت کە تەقریبەن هاوتەمەنی مەلیکە ڤیکتۆریا بوو بەرووالّەت بۆ بینینی پووری (دووشیزیکێنت)و لەراستیدا بۆ بینینی دووبارەی ڤیکتۆریا رۆیشتە لەندەن. پرەنس ئالّبێرت لاوێکی جوانو رێکوپێك بوو و کەسایەتیو رەوشتی ئەو لۆرد مێلبۆرنی خستە ژێرکاریگەری خۆی. ئالبێرت جارێك لەکۆڕێكو جارێکی‌تریش بەتەنیایی ژوانی لەگەڵ شاژنی گەنج کرد. مەلیکە ڤیکتۆریا هەروەك لە یاداشتەکانی رۆژانەی خۆیدا نووسیویەتی، هەر لەو چاوپێکەوتنەدا ئاشقی ئەو دەبێت. لۆرد مێلبۆرن لەرۆژی پازدەی ئۆکتۆبەری سالّی ١٨٣٩ روانگەی شاژنی لە بارەی ئالّبێرت پرسیو مەلیکەش پێش ئەوەی ولاّمی ئەو پرسیارە بداتەوە روانگەی سەرۆك وەزیرانی سەبارەت بەو پرسی.

لۆرد مێلبۆرن گوتی کە ئالّبێرت تەواو شایانی هاوسەرێتی شاژنەو مەلیکە ڤیکتۆریاش کە هێشتا کچێکی شەرمن بوو لە کاتێکدا کە لە شەرمان سوور هەلّگەرابوو وتی ئەویش پرنس ئالّبێرتی پەسند کردووە. بەپێی دابو نەریتی دەرباری بریتانیا هیچکەس نەیدەتوانی خوازبێنی لە شاژنی بریتانیا بکات، بۆیەش پێویست بوو مەلیکە ڤیکتۆریا پێشنیاری زەماوەند بە ئالّبێرت بدات.



مەلیکە ڤیکتۆریا لەسەرەتاکانی پاشایەتیو پێش زەماوەند لەگەڵ ئاڵبێرت

مەلیکە ڤیکتۆریا رۆژی پازدەیەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٣٩ پێشنیاری زەماوەندی بە ئاڵبێرت کردو پرنس لە کاتێکدا کە دەیگووت: "لەوە کە مەلیکە ڤیکتۆریا ئەو بە شایستەی هاوسەرێتی خۆی دەزانی، پەشۆکاوە"، پێشنیاری شاژنی قەبووڵ کرد. مەلیکە ڤیکتۆریا داوای لەهاوسەری داهاتووی کرد ئەو بابەتە ئاشکرا نەکات تا ئەو رۆژەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەرەسمی رادەگەیێندرێتو بەتایبەتیش داوای لێکرد ئەو رووداوە لەگەڵ دایکی (واتە دووشیزی کێنت) باس نەکات. مەلیکە ڤیکتۆریا وتی کە دایکی ناتوانێ هیچ سرێك لەدڵیدا راگرێتو کاتێك ئەم بابەتە ببیستێتەوە لای کەسانیتر باسی دەکات. پرەنس ئاڵبێرت گەڕایەوە بۆ ئەڵمانو لە یەکەمین نامەیدا بۆ مەلیکە ڤیکتۆریا دەنووسێت: "یادی تۆ بۆ ساتێك لە دەروونم دوور ناکەوێتەوە.. ئەشقی تۆ تەواوی دەروونمی پڕ کردووە ". پرەنس ئاڵبێرت ناوی خۆی بەم رستانە واژۆ کردبوو: "کەسێك کە لەشو گیانی لە دەست تۆ دایە.. خزمەتکاری وەفاداری تۆ ئاڵبێرت". مەلیکە ڤیکتۆریا لە رۆژی بیستو سێهەمی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٣٩و لە

حاڵێکدا کە لە شەرمان سوور هەڵگەڕابووو دەستەکانی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو راگەیاندراوەی کە لەدەستی دابوو دەلەرزی، روو بەرووی ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتیو شاندی دەوڵەتی بریتانیا رایگەیاند کە دەیهەوێت لەگەڵ ئاڵبێرت زەماوەند بکات. پەرلمانی بریتانیا شایستەیی پرەنس ئاڵبێرتی بۆ زەماوەند لەگەڵ مەلیکە ڤیکتۆریا قەبووڵ کرد، بەڵام پێشنیاری دەوڵەتی بۆ تەرخان کردنی ساڵانە ٥٠٠٠٠ لیرە بۆ هاوسەری شاژنی پەسند نەکردو پەرلمان ئەو بڕەی بۆ ٣٠٠٠٠ لیرە کەم کردەوە. ئەو بڕیارەی پەرلمان پتر دەرئەنجامی هەوڵەکانی نوێنەرانی حیزبی پارێزگارو دژکردەوەیەك لە ئاست ئەو مەیلە وچوونە ئاشکرایەی شاژن بۆ لای حیزبی ویگو پشتیوانیی نائاسایی ئەو لە لۆرد مێلبۆرن بوو. رێورەسمی زەماوەندی شاژنو پرەنس ئاڵبێرت رۆژی دەی فێبریەی ساڵی ١٨٤٠ لە لەندەن بەڕێوە چوو. شاژن وڵامی"بەڵێ"ی داوە بەو پرسیارەی ئۆسقۆف کانتێربۆری کە ئایا ئامادەی لە ماوەی ژیانی هاوسەرێتیدا پێڕەوی لە هاوسەرت بکەی؟ هەڵبەت ئەو پرسیارە لە رێورەسمی زەماوەندا باو بووو پێویست بوو وڵامی "بەڵێ" بداتەوە، بەڵام بەپێی یاساکانی بریتانیا ئەوە ئاڵبێرت بوو کە دەبوایە ببێتە هاووڵاتی بریتانیاو پێڕەویی لەشاژن بکردایە!



پرەنس ئاڵبێرت، هاوسەری مەلیکە ڤیکتۆریا لە یەکەمین ساڵی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ شاژنی بریتانیا

مەلیکە ڤیکتۆریا ئاشقانە مێردەکەی خۆش دەویستو ئەو خۆشەویستییە بە تێپەر بوونی کات قۆڵتر دەبوو، بەلاّم پرەنس ئالّبێرت لەوە بێزار دەبوو کە هاوسەری رێگای پیٚنەدەدا لە کاروباری حکوومەتو سیاسەتدا راوێژی لەگەڵ بکاتو جارێکیان بە راشکاوی بە شاژنی گوت"واهەست دەکەم کە نەتەنیا لەسەرۆك وەزیرەکەت بەڵکوو لەخانمی لێزێنیش (خزمەتکاری مەلیکە) لە کاروباری سیاسەتدا کەمتر متمانەم پێدەکەی". مەلیکە ڤیکتۆریا بەو وتە سیاسییە ولاّمی هاوسەری داوە کە "من بە درێژایی رۆژو بە رادەیەکی زۆر باس لەسیاسەت دەکەمو پێم خۆشە لە کاتێکدا لەگەڵ تۆم باس لە شت گەلێکیترو بەتایبەت باس لە خۆمان بکەم". لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٤٠دا یەکەمین منداڵی مەلیکە ڤیکتۆریا کە کچ بوو، لە دایك بووو ناوی دایکی ڤیکتۆریایان لەسەر دانا.

ساڵی دواتر دووهەمین منداڵی ئەوان کە کوڕ بوو چاوی بەدونیا هەڵێناو ناویان نا "ئالّبێرت ئێدوارد"کە لەتەمەنی شەست ساڵیدا بەناوی ئێدواردی حەوتەم لەسەر تەختی پاشایەتی بریتانیا دانیشت. مەلیکە ڤیکتۆریاو هاوسەری دوای ئەم دوو منداڵە خاوەنی چوار کچو سێ کوڕیتر بوون کە هەموویان لەگەڵ بنەماڵە پاشایەتییەکانی ئەورووپا زەماوەندیان کردو پێوەندییەکانی بریتانیایان لەگەڵ ولاّتانی ئەورووپی سەقامگیرترو پتەوتر کرد. گرینگترین ئاڵ وگۆڕی سیاسی کە دوای زەماوەندی مەلیکە ڤیکتۆریا لە بریتانیادا هاتە ئاراوە، سەرنەکەوتنی حیزبی ویگ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵ ١٨٤١و لەسەرکار لاچوونی لۆرد مێلبۆرن لەپۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بوو. مەلیکە ڤیکتۆریا لە دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنە رازی نەبوو بەلاّم چارەیەکیتری جگە لە ملکەچی لە ئاست دەنگەکانی گشتی خەڵكو دانانی سێر رۆبێرت پیل بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی نەبوو. مەلیکە ڤیکتۆریا بە لەسەرکار لاچوونی لۆرد مێلبۆرن لەپۆستی سەرۆکایەتی وەزیران نزکترین رفیقو راوێژکاری سیاسی خۆی لە دەست داو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئەم رووداوە بەیەکێك لە تاڵترین رووداوەکانی ژیانی خۆی ناو دەبا. بەلاّم ئەو رووداوە تاڵە دەرفەتێکی لە باری بۆ ئالّبێرت رەخساند بۆئەوەی جێگەی چۆڵی مێلبۆرن لای هاوسەری پڕکاتەوەو وەردە وەردە وەك راوێژکاری نزێكو باوەڕپێکراوی ئەوی لە کاروباری سیاسیدا لێبێت. سەرۆك وەزیرانیی رۆبێرت پیل سەرەتایەکی خۆشی نەبوو، لەبەرئەوەی کە مەلیکە ڤیکتۆریا بە بیٚ هیچ هۆیەکی تایبەتو رەنگە تەنیا بەهۆی هۆگری و خۆشەویستی بۆ مێلبۆرن متمانەی بە پیل نەدەکرد. پیل جارێکیتر دوای بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك

وەزیرانی لە شاژنی دووپات کردەوە کە باشتر وایە ئاڵو گۆڕێك لە تێکەلاّوی خزمەتکارەکانی کۆشكو خزمەتکارەکانی خۆی بدات، بەلاّم بە لە بەرچاو گرتنی هەستیاری شاژن بەو بابەتە زۆری پێدانەگرتو بڕیاری کۆتایی دا بە شاژن.

بەهەڵکەوت پرەنس ئالّبێرتیش لەو بابەتەدا لەگەڵ پیل هاوبیر بوو و شاژنی بۆ ڕەچاوکردنی ئەو راسپاردانەی سەرۆك وەزیرانی نویٚ هان دەدا. بارۆنس لێزێنی خزمەتکاری تایبەتی شاژن کە ئاگاداری ئەو بابەتە بوو، بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە پێشدەستی کردو بە بیانووی شەکەت بوونو نەخۆشی دەستی لەکار کێشاوەو لەساڵی ١٨٤٢ بریتانیای بەجێهێشت. بە رۆیشتنی لێزێن پێگەی ئالّبێرت پتەوتر بوو، لەبەرئەوەی ڤیکتۆریا راوێژکارو هاودەمی جێگای متمانەی جگە لە هاوسەری نەمابوو. پرەنس ئالّبێرت رۆڵێکی گرینگی لە پێکهێنانو تێگەیشتنو متمانەی دوولایەن لەنێوان شاژنو سێر رۆبێرت پیل نواند. پیل کە یەکێك لە بەرچاوترینو کارامەترین کاربەدەستانی بریتانیا بوو، بەهۆی ئەنجامدانی هەندێك چاکسازی گرینگ لەسیستەمی بەڕێوبەرایەتیو ئابووری بریتانیا، متمانەو پشتیوانی شاژنی بەدەست هێنا. بەو چاکسازییانەی کە پیل لە سیستەمی حکوومەتدا ئەنجامی داو هێشتاش هەر لەبریتانیا کاری پێدەکرێت، رێگەی لە هەموو ناکۆکییەکی نێوان پاشا یان شاژنو پەرلمانی بریتانیا سەبارەت بەهەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانو دیاریکردنی وەزیرانی کابینەی دەوڵەت گرت. لەسەر ئەو بنەمایە، رێبەری هەرحیزبێك کە لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا زۆرینەی کورسییەکان بەدەست بهێنیٚ لەلایەن پۆستی دەسەلاّتەوە (پاشا یان شاژن) وەك سەرۆك وەزیران دەست نیشان دەکرێتو وەزیرانی خۆشی لەنێوان ئەندامانی حیزب کە وەك نوێنەرانی پەرلمان هەڵبژێردراون دەستنیشان دەکات. گۆڕینی سەرۆك وەزیرانیش کاتێك دەبێت کە پەرلمان دەنگی متمانەی پیٚنەدات یان خۆی دەست لە کار بکێشێتەوەو شاژن یان پاشا ناتوانن بە ئیرادەی خۆیان بڕیاری گۆڕینی دەوڵەتو دانانی سەرۆك وەزیرانێکیتر دەرکەن. بە سەرنەکەوتنی حیزبی پارێزگارانی بریتانیا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٤٦دا رێبەری لیبڕاڵەکان بەناوی "جان رۆسێل"[17] بوو بە سەرۆك وەزیرانو تا ساڵی ١٨٥٢ لەسەر کار مایەوە. گرینگترین رووداوەکانی سەردەمی ئەو بریتی بوون لە شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ی بەشە جیاجیاکانی ئەورووپا کە داوێنگیری

17-John Russel

بریتانیاش بۆوە. چارتیستەکان یان لایەنگرانی ئاڵۆ گۆڕی بنەرەتی لە سیستەمی دەسەڵاتو هەڵبژاردنەکانی پەرلمان کە پێشتر ئاماژەی پێکرا هەندێك خۆپیشاندانیان لە بەشە جیاجیاکانی بریتانیا وەرێخست. خۆپیشاندانی رۆژی دەی ئاپریلی ساڵی ١٨٤٨ ی لەندەن خاڵی بەرزی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە مەلیکە ڤیکتۆریا پێشتر دەوڵەتی سەبارەت بە ئەگەری سەرهەڵدانی هەندێك ئاژاوەو بشێوی لە دوای ئەو خۆپیشاندانانە ئاگادار کردبۆوەو جان رۆسێلیش بە رێنمایی مەلیکە ڤیکتۆریا "وێلینگتۆن"[18]ی کە سەرکردەی سەرکەوتووی شەڕەکانی واتێرلۆ بوو کردە سەرکردەی هێزە چەکدارەکان. وێلینگتۆن کە بەدووکی ئاسنین ناوبانگی دەر کردبوو، هێزە چەکدارەکانی لە دەوروبەری لەندەن بلاو کردەوەو فەرمانی ئامادەباشی پێدانو هەر ئەو کارەش بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی خۆپیشاندەرانو پێشگیری لەهەرجۆرە ئاژاوە گێرییەك لە لەندەن. یەکێك لەرووداوە گرینگەکانی سەردەمی حکوومەتی جان رۆسێل لەپێوەندی لەگەڵ مەلیکە



یەکێك لە تابلۆ بەناوبانگەکانی مەلیکە

ڤیکتۆریا لەتەمەنی گەنجیدا

18-Duke of Wellington

ڤیکتۆریا ئەوەیە کە شاژن دژی شێوازی وەزیری دەرەوەی حکوومەتەکەی جان رۆسیلی بەناوی "لۆرد پاڵمێرستۆن"[19] کردبوو و لەئاکامدا ئەم دژایەتی کردنە بووە هۆی لەسەر کار لابردنی ئەو لە پۆستی وەزیری دەرەوە. پاڵمێرستۆن پشتیوانیی لە ئامانجی شۆڕشەکانی ساڵی١٨٤٨ی ئەورووپاو سەقامگیر بوونی دێمۆکراسی دەکرد لەو وڵاتانەی کە پێشتر بە شێوازی زۆرداریو دیکتاتۆری بەڕێوە دەچوون، ئەویش لەباروودۆخێکدا کە مەلیکە ڤیکتۆریا لەگەڵ بنەماڵە پاشایەتییەکانی ئەورووپا کە دوای شۆڕشەکانی ١٨٤٨ لەناو چوون یان لاواز ببوون پێوەندییەکی نزیکی هەبوو.

شاژن لە کاروباری پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی بریتانیا هەندێك روانگەی ژیرانەی هەبوو کە زۆربەیان درووستو لە بەرژەوەندی بریتانیادا بوون، بەڵام پاڵمێرستۆن ئەو بۆچوونانەی شاژنی لە بەرچاو نەدەگرت و درێژە پێدانی ئەو شێوازە بووە هۆی ئەوە کە شاژن لێبڕاوانە داوا لەسەرۆك وەزیران بکات پاڵمێرستۆن لەسەر پۆستی وەزیری دەرەوە لابەرێت. بەڵام لۆرد رۆسێل کە هیچ هۆیەکی بۆ لەسەر کار لابردنی پاڵمێرستۆن بەدەستەوە نەبوو، لەبەرامبەر ئەو داواکارییەی شاژن راوەستا، تا ئەوە کە پاڵمێرستۆن بە لایەنگری کردن لە حکوومەتی ناپلیۆنی سێهەم لە فەڕانسە کە بێ راوێژ لەگەڵ سەرۆك وەزیرانو بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی پەرلمان ئەو کارەی ئەنجام دابوو، بۆخۆی بیانوویەکی لە باری بۆ لەسەر کار لابردنی دا بەدەست لۆرد رۆسێلەوە. لۆرد رۆسێل دواتر دانی بەوە دانا بوو کە پاڵمێرستۆن بە پێچەوانەی سیاسەتی گشتی دەوڵەت کاری نەکردبووو ئەوی بۆ دابین کردنو بەجێ گەیاندنی بۆچوونی ڤیکتۆریا لەسەرکار لابردووە. لەساڵی ١٨٥٢ لۆرد رۆسێل جێگەی خۆی بە "لۆرد دێربی"[20]، ریبەری حیزبی پارێزگارانی بریتانیادا بەڵام حکوومەتی ئەو زۆری خۆڕانەگرتو پێش تەواوبوونی ساڵی ١٨٥٢حکوومەتێکی هاوبەند بەسەرۆکایەتی "ئابێردین"[21] هەوساری کاروباری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. شەڕی کەریمە کە یەکەمین شەڕی دەرەکی بریتانیا لەسەردەمی ئێمپراتۆریەتی مەلیکە ڤیکتۆریا بوو لەکاتی حکوومەتی ئابێردین دەستی پێکرد. ئەو شەڕە کە لەساڵی ١٨٥٣ تا ١٨٥٦ درێژەی کێشا، لەنێوان رووسیاو ئێمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی پێکرد. بەڵام فەڕانسەو بریتانیا کە بەهۆی سەرکەوتنی رووسەکانو تێکشکانی هێزە دەریاییەکانی عوسمانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شەڕ، لە بەرفراوان بوونی هەرێمی دەسەڵاتی

19-Palmerston
20-Derby
21-Aberdeen

رووسیا له ئەورووپادا دەترسان، هاریكاری هێزەكانی عوسمانییان كردو دوای چەند شەڕو پێكدادانێكی دەریایی بەشێك له كەنارەكانی باكووری دەریای رەشیان داگیر كرد. رووسیا دوای تێكشكان لەو شەڕەدا دەستی لەداواكارییەكانی سەبارەت بە ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵگرتو دەسەڵاتە كۆنەكەی لەسەر ئەورووپای رۆژهەڵاتو بەشی باكووری ناوچەی بەلكان لە دەست دا.

ناپلیۆنی سێهەم لەم شەڕەدا لە هەمووانی زیاتر دەسكەوت بەدەست هێناو بریتانیاش بە دانی زۆرترین كوژراو لەو شەڕەدا، (نێزیكەی ٢٤٠٠٠ كەس) دەسكەوتو ئیمتیازێكی ئەوتۆی وەدەست نەكەوت.

رازی نەبوونی گەلی بریتانیا لەدەرەنجامەكانی شەڕی كەریمە بووە هۆی لەسەركار لابردنی ئابێردینو هاتنە سەركاری پاڵمێرستۆن، رێبەری لیبراڵەكانو وەزیری پێشوویی دەرەوەی بریتانیا. مەلیكە ڤیكتۆریا بەهۆی ئەوەكە پاڵمێرستۆن پێشینەیەكی باشی لە پۆستی سەرۆكایەتی وەزارەتی دەرەوە نەبوو، پێشوازیی لەپۆستی نوێی ئەو وەك سەرۆك وەزیران نەكرد. بەڵام پاڵمێرستۆن توانی بە لەپێشگرتنی نەرمو نیانییەكی تایبەت لەئاست مەلیكە ڤیكتۆریا، ناكۆكییەكانی رابردوو لە زەینی شاژن بسڕێتەوەو وردە وردە لەگەڵ هەبوونی هەندێك جیاوازی كە جاروبار لە روانگەكانیاندا سەری هەڵدەدا متمانەی شاژن بەدەست هێنا.



مەلیكە ڤیكتۆریا لەگەڵ هاوسەریو كورەگەورەكەی (ئێدوارد) كە لەتەمەنی شەست ساڵیدا بەپاشایەتی گەیشت.

پاڵمێرستۆن تا ساڵی ١٨٦٥ واتە نزیك بە دە ساڵ (تا كاتی مردنی) پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانیای پاراست. یەكێك لە گرینگترین رووداوەكانی سەردەمی حكوومەتی پاڵمێرستۆن بریتی بوو لەشۆڕشی گەورەی هێندییەكان لەدژی دەسەڵاتی داگیركەری بریتانیاو شەڕی ئێرانو بریتانیا كە روونكردنەوەیەكی كورت سەبارەت بە هەر دوو رووداوەكە پێویستە. شەڕی ئێرانو بریتانیا لەسەر داگیر كردنی هەرات لەساڵی ١٨٥٦ لەلایەن هێزەكانی ئێرانەوە روویدا. ناسرەدین شا بە هاندانو لەگوێدا خوێندنی رووسەكان كە لەشەڕی كەریمە لەگەڵ بەریتانی‌یەكان شكستیان خواردبوو، هێرشی كردە سەر هەراتو ئەو شارەی بە كەڵك وەرگرتن لە گرفتارییەكانی بریتانیا لەشەڕی كەریمە داگیر كرد. هەڵبەت پێوەندییەكانی ئێرانو بریتانیا پێش ئەو شەڕە بەهۆی چەوت كەڵك وەرگرتن لە سیاسەتو كردەوە گەلێكی ناحەزی رەوشتی لەلایەن باڵوێزی ئەوكاتەی بریتانیا (سێرچارلزمۆرای)[22] زۆر بەتووندی رەش ببووو مۆرای بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، باڵوێزخانەی بریتانیای لەتاران داخستو خۆی رۆیشتە بەغدا. مۆرای دوای بە جێهێشتنی تاران لە نامەگەلێكدا كە بۆ پاڵمێرستۆنو "كلارێندۆن"[23]ی وەزیری ئەو كاتەی دەرەوەی بریتانیای نووسیبوو، داوای لە بریتانیا كردبوو هێرش بكاتە سەر ئێران. ئەو بەڵگانەی كە لە ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بەدەست كەوتو دواتر بڵاوكرایەوە دەری دەخات كە دەوڵەتی بریتانیا تەنانەت پێش داگیركردنی هەراتیش پلانی هێرش بردنە سەر ئێرانی دارشتووەو پێشەكییەكانی هێرش بردن بۆ سەر بەندەرەكانو دوورگەكانی ئێرانی ئامادە كردووە. دەوڵەتی بریتانیا هەر لەو رۆژەی كە هەرات داگیرا كرا، (یەكەمی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥٦) شەڕی لە دژ ئێران راگەیاندو دەستبەجێ ٨پاپۆڕی شەڕكەری بریتانیا لەگەڵ ژمارەیەك پاپۆڕی هەڵمیو چارۆكەدار بەرەو ئێران وەرێكەوتنو هێرشیان كردە سەر بەندەرو دوورگەكانی ئێران لە كەنداوی فارسو تاكۆتایی ساڵی ١٨٥٦ دوورگەی خاركو بەندەری بووشەهریان داگیر كرد. لەساڵی ١٨٥٧ سەربازەكانی بریتانیاو هێندی لەناو خاكی ئێران دەستیان كرد بە پێشرەویو تا بەرازجانیان داگیر كرد.

هێزەكانی بریتانیا هەر لەو كاتەدا لە نزیكی خۆڕەم شار دابەزینو پاپۆرە شەڕكەرەكانی بریتانیا چوونە ناو "شط العرب"و توانیان شاری ئەهواز داگیر بكەن. ناسرەدین شا كە لە

22-Sir Charles Murray
23-clarendun

دەرەنجامەکانی ئەو شەڕە دەترسا، فەرۆخ خانی "امين المماك"ی کە راسپێردراوی وتووێژ لەگەڵ باڵوێزی بریتانیا لە دەرباری عوسمانی بوو، نارده پاریسو داوای لە ناپلیۆنی سێهەم کرد کە رۆڵی نێوبژیوانی بگێڕی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ئێرانو بریتانیا. ناپلیۆن ئەو داواکارییەی قەبووڵ کردو دوای کۆتایی هاتنی ئەو وتووێژانەی کە بە نێوبژیوانی ناپلیۆنی سێهەم لەنێوان ئێرانو بریتانیا ئەنجام درا، لە رۆژی چواردەهەمی مارسی ساڵی ١٨٥٧ پەیماننامەیەك لەنێوان ئەم دوو حکوومەتە واژۆ کرا. بەپێی ئەو پەیماننامەیە ئێران بەڵێنی دابوو کە لەبەرامبەر رۆیشتنە دەرێی هێزەکانی بریتانیا، یەکەمجار دەستبەجێ هێزەکانی خۆی لەهەرات بکێشێتەوەو دەست لە هەرجۆرە داواکارییەکی دەسەڵاتداری لەسەر ئەفغانستان هەڵگرێتو دووهەمیش ساڵانە بەندەر عەباسو چابەهار لەبەرامبەر شازدە هەزار تمەن بە کرێ بدا بە پێشەوای مەسقەت (بابەتێك کە هیچ پێوەندییەکی بە ناکۆکییەکانی ئێرانو بریتانیاوە نەبوو). هەروەها دەوڵەتی ئێران ئەو مەرجە شەرشۆڕانەیەشی قەبووڵ کرد کە بۆ گەڕانەوەی بە رێزانەی مۆرایو داوای لێبووردنی لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران دیاری کرابوو. ئەو مەرجانە لە پرۆتۆکۆلێکدا خرایە نێو دەقی پەیماننامەکە.

بریتانیا دوومانگ دوای داسەپاندنی ئەو پەیماننامەیە بە سەر دەوڵەتی ئێران، لەگەڵ شۆڕشێکی گەورەی هێندییەکان رووبەروو بۆوە. ئەو شۆڕشە لەنێو سەربازە هێندییەکانی سوپای داگیرکەری بریتانیا دەستی پێکردو شۆڕشگێڕەکان لەمانگی مەی ساڵی١٨٥٧ شاری دێهلبان داگیر کردەوەو بەهادۆر پاشای دووهەمیان کە پاشماوەی پاشاکانی مەغۆلی هێندووستان بوو بە رێبەری خۆیان هەڵبژارد. شۆڕشگێڕەکان بەدرێژایی هاوینی ساڵی١٨٥٧لە دۆڵی گۆنگو ناوچە ناوەندییەکانی هێندووستان پێشڕەوییان کرد. بەڵام بریتانیا بە ناردنی هێزی یارمەتیدەر پاشەکشەی پێکردنو شۆڕشگێڕەکان لە بەهاری ساڵی ١٨٥٨ دوای لێکەوتنی زەرەدو زیانێکی زۆری مرۆڤی کۆتاییان بە شۆڕشەکەیان هێنا. ئەو شەڕانە کوشتارێکی زۆرو بێ بەزەییانەی هێندییەکانی لێکەوتەوەو بریتانیاییەکان دوای کۆتایی پێهێنانی ئەو شەڕانە، بە جێگەی کۆمپانیای هێندی رۆژهەڵات کە تا ئەو رێکەوتە سیاسەتەکانی ئیستعماری بریتانیای بەڕێوە دەبرد، راستەوخۆ بەڕێوەبەرایەتی هێندووستانیان بەدەستەوە گرت.

***

لەساڵی ١٨٥٧ مەلیکە ڤیکتۆریا نۆهەمینو دواین منداڵی کە کچ بوو بە دنیا هێناو لە ژانویە ساڵی ١٨٥٨ یەکەم کچی خۆی (ڤیکتۆریای) بە شوو دا. بووك ١٨ ساڵانو زاواش کە جێنشینی پاشای ئەڵمان بوو٢٠ ساڵی تەمەن بوو.

لەساڵی ١٨٥٩ یەکەم نەوەی مەلیکە ڤیکتۆریا کە ناوی ویلهۆڵم بوو هاوکات لەگەڵ چلەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی مەلیکە ڤیکتۆریا لە دایك بوو. ئەو نەوەیە کە لای مەلیکە ڤیکتۆریا زۆر خۆشەویست بوو، دوای ئەوە کە بەناوی ویلهۆڵمی دووهەم لەسەر تەختی ئێمپراتۆریەتی ئەڵمان دانیشت، شەڕی جیهانی یەکەمی دژی بریتانیا وەرێخست. مردنی پرەنس ئالبێرت لە دیسەمبەری ساڵی ١٨٦١ گەورەترین کارەساتی ناخۆشی ژیانی مەلیکە ڤیکتۆریا بوو. مردنی پرەنس ئالبێرت لەتەمەنی ٤٢ساڵیدا جگە لەوەی کارەساتێکی دڵتەزێن بوو بۆ مەلیکە ڤیکتۆریا، بەڵکوو کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر شێوەی دەسەڵاتدارێتیو رەوشتی ئەو بەدرێژایی چل ساڵی پاشماوی ژیانی دانا. خەمی مردنی ئالبێرت کە مەلیکە ڤیکتۆریا ئەشقو خۆشەویستییەکی زۆری پێی هەبوو شاژنی تا کۆتایی ژیانی بەر نەدا. ئەو تا دە ساڵ دوای مردنی هاوسەری جگە لەهەندێك رێوڕەسمو بۆنە کە ناچار بوو ئامادە بێت، بەشداریی لە هیچ رێورەسمێك نەکردو کەمتر بزەی دەهاتە سەر لێوی. یەکێك لە ئاواتەکانی پرەنس ئالبێرت پێش مردنی ئەوە بوو کە کوڕە گەورەکەیان (ئالبێرت ئێدوارد) هەرچی زووتر زەماوەند بکات، لەبەرئەوەی ئالبێرت ئێدوارد کە دوای مردنی مەلیکە ڤیکتۆریا بەناوی ئێدواردی حەوتەم لەسەر تەختی پاشایەتی بریتانیا دانیشت، لەتەمەنی گەنجێتیدا لە رادەبەدەر عەیاشو خۆشگوزرەانو بزێو بوو. هەڵاتنی ئەو لەگەڵ کچێکی فەڕانسەوی کە لەکاتی سەفەر بۆ باشووری فەڕانسەو کەمێك دوای مردنی باوکی روویدا ئابڕوو چوونێکی گەورەی لێکەوتەوە. مەلیکە ڤیکتۆریا لەگەڵ ئەوەش کە هێشتا هەر تاسەباری هاوسەری بوو، بڕیاریدا هەرچی زووتر ئەو ئاواتەی هاوسەری جێبەجێ بکات، بەڵام دۆزینەوەی کچێکی شیاوو لەبار بۆ هاوسەرێتی ئێدوارد ماوەیەکی خایاند. لە ئاکامدا پرەنسێس ئەلێکساندێری کچی نۆزدەساڵەی پاشای دانیمارکی بۆ هاوسەری کوڕەکەی هەڵبژاردو لەساڵی ١٨٦٣دا رێوڕەسمی زەماوەندی ئەوان لە لەندەن بەڕێوە چوو. جێنشینی ئێمپراتۆری بریتانیا لەو کاتەدا ٢٢ ساڵ تەمەنی بوو.



مەلیکە ڤیکتۆریا لەگەڵ نەوەکەی ویلهۆڵم کە دواتر بەناوی ویلهۆڵمی دووهەم لەسەر تەختی دەسەلاّتی ئەڵمان دانیشت و لە شەڕی یەکەمی جیهانی دژ بە بریتانیا راوەستا.

دوای مردنی لۆرد پاڵمێرستۆن لەساڵی ١٨٦٥، پۆستی سەرۆك وەزیری بە نۆبە بە لۆرد رۆسێلو دێربیو دیزرائیلی[٢٤] گەیشت و لە ئاکامدا "ویلیام گلادستۆن"[٢٥]، رێبەری پڕ جموجۆڵی لیبراڵەکان دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٦٧ پۆستی سەرۆك وەزیرانیی بەدەست هێناو خولی یەکەمی حکوومەتەکەی شەش ساڵ درێژەی کێشا. لەنێوان ئەوو مەلیکە ڤیکتۆریا هەندێك جیاوازی بۆچوون لەکاروباری تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەو شێوازی گلادستۆن لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتدا هەبوو، بەلاّم مەلیکە ڤیکتۆریا کە پێبەندی بنەماکانی دێمۆکراسی بوو هیچ کات بۆچوونی خۆی بە سەر دەوڵەتدا دانەدەسەپاندو تەنیا بەراسپاردنو دەربڕینی روانگەی خۆی لەکاروباری دەرەوەو ناوخۆ رازی دەبوو. بەرهەڵستکاری

24-Disraeli
25-William Egladstone

توندو تیژی گلادستۆن لەپەرلمان، بێنجامین دیزرائیلی (رێبەری حیزبی پارێزگاران) بوو کە پێش گلادستۆن ماوەی دەمانگ پۆستی سەرۆك وەزیرانی لە ئەستۆ بوو. روانگەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا لە کاروباری سیاسەتی ناوخۆدا لە بیرو بۆچوونەکانی دیزرائیلی نێزکتر بووو هەر بەو هۆیەشەوە دوای سەرکەوتنی دیزرائیلی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٧٤ی بریتانیاو بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی، لەنێوان مەلیکە ڤیکتۆریاو حکوومەت (پەرلمان) لەیەك گەیشتنێکی پوخت درووست بوو. بریتانیا لە دووهەمین خولی حکوومەتی دیزرائیلیدا کەماوەی شەش ساڵی خایاند، هێزە ئیستعمارییەکانی (داگیرکاری) خۆی بەرفراوانتر کردو هەرێمی ئێمپراتۆریەتی بریتانیا لە ئاسیاو ئەفریقیا بەرینتر بوو. دیزرائیلی لەسیاسەتی ئەورووپاشدا رۆڵێکی گرینگی گێڕاو یەکێك لەئەکتەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەی بەرلین لەساڵی ١٨٧٨ بوو کە دەسەلاّتی رووسەکانو توورکەکانی لە بەڵکان بەرتەسك کردەوەو سەربەخۆیی رۆمانیاو بۆلگاریاو سێربستانی مسۆگەر کرد. دووڕگەی قێبرێس دەسکەوتی بریتانیا لەو کۆنگرەیە بوو کە زیاتر لە حەفتا ساڵ وەك مووستەعمەرەو پێگەی سەرەکی بریتانیا لە رۆژهەلاّتی مەدیتەرانە مایەوەو دوای سەربەخۆیش کەموزۆر بەبریتانیا بەستراوە. مەلیکە ڤیکتۆریا بە پێشنیاری دیزرائیلی لەساڵی١٨٧٧ کە هاوکات بوو لەگەڵ چلەمین ساڵڤەگەڕی ئێمپراتۆریەتی ئەو نازناوی ئێمپراتۆریسی هێندی وەرگرت. لەو رێکەوتەدا هەموو منداڵەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا لەگەڵ بنەماڵە پاشایەتییەکانی ئەورووپا خزمایەتییان پێکهێنابوو و بریتانیاش لەو رێگایەوە دەسەلاّتی سیاسی خۆی لەئەورووپا بەرفراوانتر کردبوو. سەرەڕای سەرکەوتنەکانی دیزرائیلی لەسیاسەتی دەرەوە، رەکەبەری سەرەکی ئەو کە بەردەوام لە ئەنجوومەنی عەوام (پەرلمان) رەخنەی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت دەگرت، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٨٠ سەرکەوتو بۆ جاری دووهەم پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانیای بەدەست هێنا. پێوەندییەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا لەگەڵ گلادستۆن وەك خولی یەکەمی سەرۆکایەتی وەزیرانی خۆش نەبووو بەتایبەت ئەو ناکۆکییانە لەرووداوی راپەڕینی مەهدی لە سوودان گەیشتە ئەو پەڕی خۆی. رێبەری مەزهەبی سوودان (محەمەد ئەحمەد) کە لەساڵی ١٨٨٣بەناوی مەهدی شۆڕشی کردو دەیهەویست سوودان لەژێر دەسەلاّتی بریتانیاو میسر ئازاد بکات، لە شەڕو پێکدادانێك لەگەڵ هێزەکانی میسر کە بەسەرکردایەتی ئەفسەرە بەریتانیاییەکان رێك دەخرا، توانی دەهەزارکەسیان لێبکووژێ. مەلیکە ڤیکتۆریا خوازیاری بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژو

داواكاری خوێنی ئەفسەرە كوژراوەكانی بریتانیا بوو، بەلاّم گلادستۆن دەیهەویست ئەو گرفتە لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە چارەسەر بكات. لە ئاكامدا بۆ سەركوتی ئەو ڕاپەڕینەو لەژێر گوشاری مەلیكە ڤیكتۆریا كە لەم بابەتەدا رای گشتی خەڵكیشی لەگەڵ بوو، یەكێك لە تووڕەترین‌و بەسامترین ئەفسەرەكانی بریتانیا بەناوی "چارلز گۆردۆن"[26] ڕەوانەی سوودان كرا. گۆردۆن لەسەرەتای ئەركەكەیدا هەندێك سەركەوتنی بەدەست هێنا، بەلاّم لە ئەنجامدا هێزەكانی مەهدی شاری خارتوومیان گەمارۆدا. پەلە نەكردنی گلادستۆن لە ناردنی هێزی یارمەتیدەر بۆ سوودان كە تا ڕادەیەك لە بێ فەرمانی گۆردۆن لە دەوڵەت‌و نارازی بوونی گلادستۆن لە شێوازی ئەو سەرچاوەی دەگرت، بووە هۆی ئەوەكە لە كۆتاییەكانی ساڵ ١٨٨٥ واتە پێش گەیشتنی هێزە یارمەتیدەرەكانی بریتانیا، شاری خارتووم لەلایەن هێزەكانی مەهدی داگیر بكرێت‌و هەموو سەربازان‌و ئەفسەرانی بریتانیا بۆ وێنە خودی گۆردۆنیش بكوژرێن. مەلیكە ڤیكتۆریا كە لەو ڕووداوە بە توندی توڕەببوو لە پەیامێكی توندوتیژدا گلادستۆنی بە بەرپرسیاری ئەو كارەساتە دانا. گلادستۆن لەساڵی ١٨٨٥ لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیران لاچوو، بەلاّم شەش مانگ دواتر بەهۆی سەركەوتنی دووبارەی لیبراڵەكان بۆ جاری سێهەم پۆستی سەرۆك وەزیرانیی بەدەست هێنا. بەلاّم ئەمجارەیان گلادستۆن لەسەر گرفت‌و بابەتی ئیرلەندا لەگەڵ پەرلمان وەكێشە هات‌و لەسەر گەلاّڵەی پێشنیاری ئەو سەبارەت بە پێدانی سەربەخۆیی نێوخۆیی بە ئیرلەندا ناكۆكی كەوتە نێو ئەندامانی حیزبەكەی. سەدكەس لە نوێنەرانی لیبراڵی پەرلمان لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی پارێزگار هاودەنگ بوون‌و دژی ئەو گەلاّڵەیە دەنگیان دا. گلادستۆن بە جیابوونەوەی ئەو ژمارە لە ئەندامانی حیزبی لیبرال زۆرینەی دەنگەكانی پەرلمانی لەدەست داو ناچار بوو دەست لەكار بكێشێتەوە. مەلیكە ڤیكتۆریاش بەخۆشحالییەوە داواكارییەكەی ئەوی سەبارەت بە لەسەر كار لاچوونی پەسند كرد. مەلیكە ڤیكتۆریا هیچ كێشەیەكی لەسەردەمی حكوومەتی شەش ساڵەی "لۆرد سالیسبۆری"[27] لەگەڵ حكوومەت نەبوو. ڕێوڕەسمە بەشكۆیەكانی پەنجایەمین ساڵی ئێمپراتۆریەتی مەلیكە ڤیكتۆریاش لەساڵی ١٨٨٧ هەر لەسەردەمی حكوومەتی سالیسبۆری بەڕێوە چوو كە پاشاو زۆربەی شازادەكانی ولاّتانی جیهان بەشدارییان تێدا كرد. كارتێكەری دەسەلاّتی ئیستعماری بەریتاینا لەسەر ئێرانیش هەر لەو سەردەمەدا گەیشتە بەرزترین ئاستی

26-Charles Gordon
27-Lord salisbury

خۆی. ناسرەدین شا لەساڵی١٨٨٩و لەدووهەمین سەفەری خۆیدا بۆ بریتانیا، ئیمتیازگەلێكی بانكی‌و كانزایی گرینگی دا بە "بارۆن جۆلیۆس ڕۆیتێر"[28] كە دامەزراندنی بانكی شایی لەئێران گرینگترین دەرەنجامی ئەو ئیمتیازانە بووو ساڵێك دواتر ئیمتیازی سەرپەرشتی تووتن‌و تەنباكۆی ئێرانی دا بە بریتانابییەكان كە بەهۆی ڕاپەڕینی زانایانی ئایینی‌و نارەزایەتی گشتیی گەلی ئێران هەڵوەشاوە. بەریتانابییەكان لەبەرامبەر هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمتیازە ٥٠٠٠٠٠ لیرەیان وەك سزای جەنگی لە ئێران وەرگرت كە بە شێوەی قەرز لەلایەن بانكی شاییەوە دابین كراو دراوە. ئەوە یەكەمین قەرزی دەرەكی ئێران بوو كە دەوڵەت ناچار بوو بۆ دانەوەی ئەو قەرزە ئیمتیاز گەلێكی‌تر بە بەریتانابییەكان بدات. گلادستۆن لەساڵی ١٨٩٢ و دوای سەركەتنی حیزبی لیبراڵ لە هەڵبژاردنەكاندا بۆ جاری چوارەم وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێردراو ئەمجارەشیان بەلاساری گەلاّڵەكەی لەمەڕ پێدانی سەربەخۆیی ناوخۆیی بە ئیرلەندا وەپێش گرتەوەو بەهۆی ئەوە كە لیبراڵەكان زۆرینەی كورسییەكانی پەرلمانیان گرتبۆوە، ئەو گەلاّڵەیە بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن ئەنجوومەنی عەوام (نوێنەران) پەسند كرا. بەلاّم ئەنجوومەنی ئەعیان یان لۆردەكان ئەو گەلاّڵەیەیان ڕەد كردەوە.

لەو ڕێكەوتەدا دەبوایە هەموو یاساكان لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران‌و ئەنجوومەنی لۆردەكان پەسند بكرایەو هەوڵی گلادستۆن بۆ گۆڕینی دەنگی ئەنجوومەنی لۆردەكان لەپاشماوەی دەسەلاّتیدا بێ‌ئاكام مایەوە. گلادستۆن ڕۆژی یەكەمی مارسی ساڵی ١٨٩٤ لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیرانی لاچوو. ئەو ئیتر پیرە پیاوێكی ٨٥ ساڵە بوو و مەلیكە ڤیكتۆریاش كە لەهەر چوار خولی سەرۆكایەتی وەزیرانی ئەودا جیاوازی بۆچوونی لەگەڵیدا هەبوو، داواكارییەكەی ئەوی بۆ دەست لەكاركێشانەوە بەرێزێكی تایبەتەوە قەبوڵ كردو شاژن "لۆرد ڕۆزبێری"[29]ی كردە جێنشینی ئەو. بەلاّم حكوومەتی ڕۆزبێری زۆری نەخایاند بە سەركەتنی حیزبی پارێزگاران لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی١٨٩٥دا دووبارە سالیسبۆری وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێردراو تا تەواو بوونی تەمەنی مەلیكە ڤیكتۆریا درێژەی بە حكوومەت دا. لەساڵی ١٨٩٧ كە ڕێوڕەسمی شەستەمین ساڵوەگەڕی ئێمپراتۆریەتی مەلیكە ڤیكتۆریا بەڕێوە چوو نازناوی "دایكی گەورەی ئەورووپا"یان بە شاژنی ٧٨ساڵەی بریتانیا دا. لەبەرئەوەی زۆربەی پاشاو شاژنەكانی دواتری ئەورووپا نەوەی مەلیكە

28-Baron julius Reuter
29-Rosebery

ڤیکتۆریا بوون: ویلهۆڵم، یەکەمین نەوەی ئەو لەو سەردەمەدا ئێمپراتۆری ئەڵمانیا بووو ئەلێکساندرا شاژنی رووسیاو ڤیکتۆریا، شاژنی ئیسپانیاو سۆفیا، شاژنی یۆنان هەموویان نەوەی مەلیکە ڤیکتۆریا لە کچەکانی بوونو مارگارێت، شاژنی سویدیش نەوەی ڤیکتۆریا لە کورێکی بوو. مەلیکە ڤیکتۆریا لە رۆژی ٢٢ی ژانڤیەی ساڵی ١٩٠١ لەتەمەنی ٨٢ ساڵیدا مردو کورەکەی (ئێدوارد) لەتەمەنی شەست ساڵیدا بەناوی ئێدواردی حەوتەم لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت. بریتانیا لەدەورانی دەسەڵاتی درێژخایەنی مەلیکە ڤیکتۆریا بە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی خۆی گەیشتو نازناوی "ئیمپراتۆریەك کە هیچ کات لەودا خۆر ئاوا نابێت " هەر لەسەردەمە بە بریتانیا درا.

هەروەها ئەو دوایین پاشا یان شاژنی بریتانیا بوو کە راستەوخۆ دەستی لە کاروباری حکوومەتو بەتایبەت دیاریکردنی رێبازی گشتی دەوڵەت لە سیاسەتی دەرەوە وەردەدا. بەلاّم جێنشینەکانی ئەو بە نۆبە، ئێدواردی حەوتەم، جۆرجی پێنجەم، ئێدواردی هەشتەم، جۆرجی شەشەمو ئێلیزابێتی دووهەم هەرگیز ئیزنیان بە خۆیان نەدا کە دەست لەکاروباری حکوومەت وەردەنو رۆڵی پاشا لە بریتانیا بەتایبەت لەسەردەمی مەلیکەی ئێستای بریتانیا(ئێلیزابێتی دووهەم) لە هەمووکات کەم رەنگتر بۆتەوە. مەلیکە ڤیکتۆریا رێی بە سەرۆك وەزیرەکانی نەدەدا دەست لە کاروباری دەرباری بریتانیا وەردەنو نەریتی باوو کۆنی لابردنی کاربەدەستانو خزمەتکارانی کۆشك هاوکات لە گۆڕانی حکوومەت یان لەسەر کارمانەوەیان بەرازی بوونی سەرۆك وەزیرانی نوێی تێك دا. یەکێك لە کارە هەرە سەیرو سەمەرەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا لە کۆتایی ژیانیدا بریتی بوو لە سووربوونی ئەو سەبارەت بەراگرتنی سکرتێرێکی (مونشی) هێندی لەکۆشکی دەسەڵاتی بریتانیا.

ئەو کەسە کە هەر بەناوی "مۆنشی"[٣٠] ناو بانگی دەر کردووە، موسوڵمانێکی بە رەچەڵك هێندیی خەڵکی "ئاگرا"[٣١]یە کە ناوی عەبدلکەریم بووو لەتەمەنی ٢٤ساڵیدا وەك خزمەتکاری تایبەتی مەلیکە هەڵبژێردرا بووو پێشخزمەتکاریی ئەو زیاتر لە ساڵێکی نەخایاندو مەلیکە ئەوی کردە سکرتێری تایبەتی خۆی. شاژن وەردە وەردە لەگەڵ ئەو سکرتێرە بەرادەیەکی زۆر تێکەلاّو بوو و ژمارەیەکی زۆر لە وشەو زاراوە هێندیەکان لەو فێر بووو زۆربەی کات بە هێندی قسەی لەگەڵ دەکرد.

30-The Munshi
31-Agra



چوار نەوە(جیل) لە تەنیشت یەکتر-مەلیکە ڤیکتۆریا لەگەڵ یەکێك لە کچانی بەناوی پرەنسێسی وێڵزو نەوەکەی بەناوی دووشیزی بۆرکو نەتیجەکەی بەناوی پرەنس ئێدواردی بۆرك.

ئەو سکرتێرە بەرە بەرە بوو بە نهێنی پارێزی رازەکانی شاژنو دەست پێراگەیشتنی ئەو بە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بریتانیا بووە هۆی زویریو بێزاری کاربەدەستانی دەوڵەتی بریتانیا بە جۆرێك کە لۆرد سالیسبۆری، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا چەند جارێك ئەو بابەتەی لە شاژن دووپات کردەوە بەلاّم مەلیکە ڤیکتۆریا گوێی بە هیچ کام لەو راسپاردانە نەداو جارێکیشیان کاتێك کە ناوی ئەو سکرتێرەیان لەناوی هاورێکانی ڤیکتۆریا بۆ سەفەری فەرانسە سڕیبۆوە، زۆر تووڕە بووو

بەهۆی ئەو تووڕەییەوە هەموو ئەو نامەو بەڵگانەی فرێدا کە لەسەر مێزەکەی بوو. دوای مردنی مەلیکە ڤیکتۆریا لەساڵی ١٩٠١ روون بۆوە کە سکرتێرە هێندییەکە تەواوی ئەو نامەو یاداشتانەی کە شاژن بۆ ئەوی نووسیبوو وەك بیرەوەری لای خۆی راگرتووە کە هەموویان بە فەرمانی ئێدواردی حەوتەم، پاشای بریتانیا سووتێندران. مەلیکە ڤیکتۆریا ژنێکی هونەرمەندو هونەر دۆست بوو. ئەو بەباشی پیانۆی دەژەنی‌و گۆرانی دەوەت‌و سەمای دەکرد. هەڵبەت دوای مردنی هاوسەرەکەی، گۆرانی‌و سەمای وەلانا بەلاّم تا تەمەنی حەفتا ساڵی پیانۆی دەژەنی‌و لەوەی کە کچەکان‌و بووکەکان‌و نەوەکانی بە مۆسیقای ئەو گۆرانیان دەگوت چێژی وەردەگرت. ئەو هۆگری هونەری شانۆش بووو هەتا هاوسەری زیندوو بوو پێکەوە سەردانی هۆڵەکانی شانۆی لەندەنیان دەکرد. بەلاّم دوای مردنی هاوسەری ئیتر سەردانی هیچ شانۆیەکی نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە دراما بە ناوبانگەکانیان بە شێوەیەکی تایبەت بۆ شاژن‌و ئەندامانی بنەماڵەکەی‌و میوانە رەسمییەکانی دەرباری بریتانیا لە یەکێك لە کۆشکەکانی پاشایەتی نەمایش دەدا.

مەلیکە ڤیکتۆریا لە یاداشتەکانی رۆژانەیدا کە چەند بەشێکی لە چاپ دراوە دەڵێت کە بەشداری لە میوانی‌وبۆنە رەسمییەکان‌و رێوڕەسمی پێشوازی‌و میوانداریەتی لە میوانانی بیانی، ناخۆشترین‌و سەخترین کاری ئەو لەسەر دەمی ئێمپراتۆریەت بووە. ئەو سەبارەت بە هەریەك لەو رێوڕەسم‌و میوانیانەش یاداشتی نووسیوەو لێرەدا باس لە چەند بەشێك لەسەفەری ناسرەدین شا بۆ بریتانیا دەکەین کە لە یاداشتەکانی مەلیکە ڤیکتۆریادا نووسراوە. لەپێشدا دەبێ وەبیرتان بێنمەوە کە بەر لە یەکەمین سەفەری ناسرەدین شا بۆ بریتانیا لەساڵی ١٨٧٣ کە یەکەمین سەفەری فەرمی پاشای ئێران بۆ بریتانیا بوو، دەنگۆگەلێکی زۆر سەبارەت بە رەوشت‌و عادەتی ئەوو هەروەها ئەوەی کە ژمارەیەك لەژنانی حەرەمسەراو قەرەواشەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنێ بۆ لەندەن بلاّو ببۆوە. ئەو دەنگۆیانە هات‌وهاوارێکی زۆری لە کۆڕە سیاسی‌و کۆمەلاّیەتییەکاندا دروست کردبووو هەر بۆیەش گلادستۆن، سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی بریتانیا بە مەلیکە ڤیکتۆریای گوت ئەگەر ئەو پڕۆپاگەندانە راست بێت‌و ناسرەدین شا لەگەڵ ژنان‌و قەرەواشەکانی بێتە لەندەن، دەوڵەت لەرێوڕەسمی پێشوازی‌و میوانداریەتی ئەودا بەشداری ناکات. یاداشتەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا لە رێکەوتی٢٠ی ژووەنی ساڵی ١٨٧٣ باسی دیمانەی ئەو لەگەڵ ناسرەدین شا دەکات. لەو سەفەرەدا بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیانەی کە بلاّو ببۆوە هیچ ژنێك لەگەڵ ناسرەدین شا نەبوو. شاژن دیمانەکەی لەگەڵ پاشای ئێرانی بەرووداوێکی سەرنج راکێش‌و لە بیر نەچوو نرخاندوە. شاژنی پەنجاو چوارساڵەی بریتانیا

سەرەڕای ساڵانێك پاشایەتی‌و ئەو ئەزموونە زۆرەی کە لەو جۆرە میوانیانەدا هەی بوو، لە ئاست ئەو" رووداوە مەزنەی رۆژ" واتە چاوپێکەوتنی ناسرەدین شا هەستی بە ئاڵۆزی‌و پەرێشانحاڵی دەکرد. شاژن دەنووسی: "بەم بۆنەیەوە جلێکی جوان‌و رێکوپێکم کە تایبەت بە بەیانیان بوو، لەبەر کردو مرواریيە درشتەکانم لەمل کرد. ئەستێرەو سەرشانەکانی نیشانەی بەندی گۆرەوی‌و ڤیکتۆریاو ئاڵبێرت و... م لەسەرشانم دانا". دەنگی زەنگی کەنێسە بەبۆنەی ساڵرۆژی لەسەر تەخت دانیشتنی ئەوو هەروەها سەفەری رەسمی شای ئێران بۆ بریتانیا دەهات. کاتێك گاردی پاشایەتی‌و هەروەها پاسەوانانی تاوەری لەندەن بە ئۆنیفۆرمە (جل‌وبەرگی تایبەتی سەربازی) سوورەکانیان راوەستان، "هەمووشتێك لە جموجۆڵ‌و خرۆشانێکی مەزن دابوو". کاتێك کە کالیسکەکەی شا لەگەڵ یازدە کالیسکەی‌تر لە دوورەوە بەدەر کەوتن، شاژن بۆ پێشوازی لە میوانەکانی لە پلیکانەکانی (قاڵدرمە) کۆشکی پاشایەتی رۆیشتە خواری‌و پێوەندیی بە وەزیری دەرەوەو کاربەدەستانی‌تری حکوومەتەوە گرت کە چاوەڕێی ئەو بوون. مەلیکە دەستی بۆلای ناسرەدین شاوە درێژ کردو بن قۆڵی ئەوی گرت‌و بەئەسپایی لەپلیکانەکانەوە سەرکەوتن. "سێردێنیز رایت"[32]ی باڵوێزی پێشوی بریتانیا لە ئێران کە دەستی بە بیرەوەرییەکانی مەلیکە ڤیکتۆریا لە مۆزەخانەی کۆشکی ئێمپراتۆری راگەیشتبوو، لە پەرتووکەکەی خۆیدا لەژێرناوی " ئێرانییەکان لەنێوان بەریتانییەکان"[33] روونکردنەوەیەکی سەرنج راکێشی سەبارەت بە چۆنیەتی میوانداری لە ناسرەدین شاو پێدانی "بەندی گۆرەوی"[34] نووسیوەو بۆ وێنە دەڵێت: "رێوڕەسمی پێدانی بەندی گۆرەوی پێش

32-Denis Wright

33-The persians Amongst The English

٣٤- هێمای بەندی گۆرەوی order of the Garter کۆنترین‌و بەرزترین هێمای پاشایەتی بریتانیایە کە لەساڵی ١٣٤٩ لەسەردەمی ئێدواردی سێهەم داندرا. ناودێرکردنی ئەم هێمایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئێدواردی سێهەم لەگەڵ خۆشەویستەکەی (کۆنتیس سالیسبۆری) سەمایان دەکرد بەندە گۆرەوییەکەی سالیسبۆری دێتە دەریّو دەکەوێتە سەر زەوی. ئامادەبوانی کۆڕەکە پێدەکەنن، بەلاّم ئێدواردی سێهەم بۆ سەرکۆنەی ئەوان دەچەمێتەوەو بەدەستی خۆی بەندی گۆرەوییەکە لە لاقی کۆنتیس سالیسبۆری دەکاتەوە و ئەو رستەیە دەڵێت honi soit qui mal y pense کە واتاکەی ئەوەیە: سەری شۆڕبێت ئەو کەسەی خەیاڵی خراپ دەکات. ئێدواردی سێهەم دوای وتنی ئەو رستەیە دەڵێت: "ئەو بەندە گۆرەوییە ئەوەندە پیرۆز دەکەم کە هەمووکەس بۆ بەدەستهێنانی منەت بکێشێ". بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، هێمای بەندنی گۆرەوی دەکاتە بەرزترین هێمای فەرمی لە بریتانیا. هێمای بەندی گۆرەوی بە ژمارەیەکی کەم دەدرێت‌و ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئەو هێمایەیان بەدەست هێناوە نابێت

شێوی نیوەڕۆ لە ژووری سپی ئەنجامدرا. مەلیکە ڤیکتۆریا لە نێوەراستی ژوورێکی گەورە کە هاورێکانی خۆیو ناسرەدین شا دەوروبەریان پڕ کردبوو، زۆر بەژیری هەڵسوکەوتی دەکرد. هەر چەند خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "رەنگە پێکەنینی بێت بەلاّم من زۆر هەستم بە شەرم دەکرد". دوو کچی مەلیکە لەگەڵ براکانیان، ئارتوورو لیۆپۆڵدا کە پێشتر ناسرەدین شایان لە وێژگەی شەمەندەفەر بینی بوو لەوێ ئامادە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەم پرەنس وێلز (جێنشین)و هەم دووکی ئێدینبۆرۆو کوڕەکەی‌تری شاژن ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەو رێورەسمەو هەروەها ئەو میوانی‌یەی کە دواتر دەدرا نیشان دابوو، بەلاّم شاژن کە بنەماڵەی پاشایەتیی بە رێکوپێکییەکی زۆر قوورسەوە بەڕێوە دەبرد، بڕیاریدا ئاڵ وگۆر لە بەرنامەکانی پێشتر نەدرێت... "لۆرد گرانڤێڵ"[35] هێمای بەندی گۆرەویی بەدەستی شاژن دا بۆ ئەوەی بیدات بە شای ئێران. دووشازادەی گەنج مەلیکە ڤیکتۆریایان لە دانانی شانەبەندی شین لەسەر شانی چەپی ناسرەدین شا یارمەتی داو سەرۆک وەزیرانی ئێرانیش ئەستێرەی گەوهەر نیشانی رازاوە بە ئەڵماسی ئەوی بە سینگی ناسرەدین شاوە بەست. ناسرەدین شا دوایی دەستی شاژنی گرتو لە لێوەکانی خۆی نێزیك کردەوەو مەلیکەش رێزی پێویستی لێگرت. هەمووی ئەو رێورەسمانە لەچەند خولەکێك ئەنجام دراو دوایش پاشای ئێران هێمای تایبەتی پاشایەتی ئێرانی کە تا ئەوکاتە بە هیچ ژنێك نەدرا بوو پێشکەش بە مەلیکە ڤیکتۆریا کردو جگە لەمەش هێمای نوێی هەتاوی کە تازە لە ئێران درووست کرابوو، پێشکەش بە شاژن کرد. هێمای هەتاو زۆر کەم بە ژنان دەدراو تا ئەو رێکەوتە تەنیا دایکی ناسرەدین شاو ئێمپراتۆریسی رووسیاو پرەنسێس ڤیکتۆریای هاوسەری جێنشینی ئەڵمانیاو شاژنی بێلجیکا ئەو هێمایەیان وەرگرتبوو. ناسرەدین شا کاتێك کە ویستی شانەبەندی ئەو نیشانەیە بخاتە سەر شانی مەلیکە ڤیکتۆریا زۆر ناشیانە جووڵاوە، بەجۆرێك کە مەلیکە ڤیکتۆریا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: "کلاّوەکەم لەمەترسی کەوتندا بوو، بەلاّم سەرۆك وەزیرانو هەروەها پرەنسێس هێلیناو لوییز بە هانامەوە هاتن..."مەلیکە ڤیکتۆریا لە رێورەسمی بەڕێکردنی شای ئێران بۆ وڵاتەکەی کە لە رۆژی دووهەمی ژووئییە ئەنجام درا، هەردوو نیشانەکانی بەستبوو. مەلیکە ڤیکتۆریا ئەمجارەیان خۆی چاوەدێری ئەوکارەی کردبوو کە ئەفرادی گاردی پاشایەتی لە

لە ژمارەیەکی دیاری کراو تێپەرێت. هەر بەو هۆیەوە بە مردنی ئەو کەسانەی کە ئەو هێمایەی وەرگرتووە هێمایەکی نوییێ دەدرێت بەکەسێکی‌تر.

35-Lord Granville

وێژگەی شەمەندەفەروە تا دەروازەی کۆشکی وێندستۆر بۆ رێز لێنان لە پاشای ئێران بەریز راوەستن. جارێکی تریش شاژن بۆ پێشوازی لە میوانەکانی لە پلیکانەکان هاتە خوارێو قۆڵی ئەوی گرت. دواییش مەلیکە میوانەکانی بۆ ژوورە جیاجیاکانی کۆشك رێنوێنی کردو خەزێنە بەنرخەکانی کۆشکی بۆ وێنە کۆمەڵێك پەرتووکی دەستنووسی فارسیی پیشانی ئەو دا. شاژن هەروەها سەرنجی ناسرەدین شای بۆلای ئەڵماسی درشتی چیای تیشك راکێشا کە بە بەرۆکییەوە هەڵیواسیبوو. (ئەم بابەتە دیار نی‌یە ئایا شاژن دەیزانی کە هاوتا ئەو ئەڵماسە بەناوی دەریا تیشك تایبەتە بە شای ئێران یان نا؟) کاتێك کە شای شاکان رۆیشتە ناو ژووری نان خواردنی کۆشك بە زمانی فەڕانسەیی گوتی: "ژوور رازاوەیەو دیمەنێکی جوانی هەیە." مەلیکە پێش ئەوەی شای ئێران کۆشکەکە بە جێ بهێڵێ وێنەیەکی واژۆکراوی خۆی پێشکەش بە ناسرەدین شا کرد. شاژن لە یاداشتەکانی رۆژانەی خۆیدا سەبارەت بە چۆنیەتی ماڵاّوایی شای ئێران دەنووسێ: "ئەو لەکاتی ماڵئاواییدا خەمبار بووو دەستی منی ماچ کرد". ناسرەدین شا لە سەفەری دووهەمی خۆی بۆ بریتانیا کە لە هاوینی ساڵی ١٨٨٩ ئەنجام درا، تەنیا دووجار توانی مەلیکە ڤیکتۆریا ببینێ. مەلیکە ڤیکتۆریا کە لەو کاتەدا ٧٠ساڵی تەمەن بوو، ئەرکی میوانداری لە شای ئێرانی بە کوورەکەی بەناوی ئێدوارد ئەسپارد کە بە نازناوی "پرەنس وێلز" ناوبانگی هەبوو. دێنیس رایت بە پاڵپشتی ئەو بەڵگانەی کە لە ئارشیڤە رەسمییەکانی بریتانیادا هەیە، دەنووسێ کە مەلیکە ڤیکتۆریا لە بنەڕەتدا بە بانگهێشتی ناسرەدین شا بۆ بریتانیا لەو رێکەوتەدا رازی نەبووو لە یاداشتێکی خۆیدا بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەو کات کە بەدەستنووسی خۆی نووسیبووی، دەنووسێ: "رازی نیم کە شای ئێران بێتە ئێرە". بەلاّم لۆرد سالیسبۆری کە لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی بریتانیا بوو، بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی پێی لەسەر ئەم بابەتە داگرتو لە ئەنجامدا شاژن رازی بوو وەك میوانی ئەو پێشوازی لە شا بکرێت، بەلاّم لەو بارەیەوە سوور بوو کە "ئەگەر ئەو سەردانە لە بواری سیاسیدا پیویستە، نابێت خەرجییەکەی لە ئەستۆی من بێت". دێنیس رایت هەروەها درێژەی پێدەدات کە خەزێنەداری بریتانیا سەرەڕای ئەوە کە شاژنو سالیسبۆری زویر ببوون، ئامادە نەبوو لە خەزێنەی دەوڵەت خەرجییەکانی سەفەری ناسرەدین شا بداتو تەواوی خەرجییەکانی ئەو سەفەرە پڕمەسرەفەی ناسرەدین شا بۆ بریتانیا بە سەر مەلیکە ڤیکتۆریا داسەپێندرا.

فەسڵی دەیەم

تزۆهسی

ژنێك كە پەنجا ساڵ لە وڵاتی چین حوكمڕانی كرد

لە ژیاننامەو بە سەرهاتی ئەو ژنانەی كە بە درێژایی مێژوو بە دەسەڵات گەیشتوون نابێت ناوی ژنێكی چینی لە بیر بكرێت. ئەو ژنە (تزۆهسی)[1] شاژنو سەركردەی چین لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتاكانی سەدەی بیستەمە كە نێزێك بە ٥٠ساڵ لە چین حوكمڕانی كرد. ئەو یەكێك لە تووڕەترینو بێبەزەییترین ژنانی جیهانە كە بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو بۆ پاراستی دەسەڵاتو بەردەوام بوونی حوكمڕانیەكەی، خۆی لەكوشتنی نزیكترین كەسانی نەپاراستووە. تزۆهسی لە چاو ئەو ژنانەی كە حوكمڕانیان كردووە، كەمو زۆر هاوشێوەی كاترین دۆمێدیسییە بەڵام قەبارەی ئەو تاوانو دڕندەییانە كە دەیخەنە ئەستۆی تزۆهسی زۆر بەربلاوتر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا تزۆهسی لە سالانی كۆتایی تەمەنیدا لای گەلی چین پیرۆز بووە ونازناوەكانی وەك "دایكی پیرۆز" و " بودای پیر"ی وەرگرتووە. تزۆهسی كە ناوی ئەسڵی ئەو "یێهۆنۆلا"[2]یە لەساڵی ١٨٣٥ لە پەكین لە دایك بوو. ئەو یەكێك لە خزمەكانی بنەماڵەی كۆنی "مانچۆ"[3] بوو كە لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەناوچەكانی باكووری رۆژهەلاتی چین (كۆریاو مەنجووری ئێستا) بەرەو باشوور هاتنە خوارێو بەشێكی هەرە زۆری ئەو ناوچەیەیان داگیر كرد. باوكی تزۆهسی ئەفسەری گاردی ئێمپراتۆری بوو كە ساڵێك دوای لەدایكبوونی ئەو مردو یێهۆنۆلا لەگەڵ دایكو براو خوشكەكانی جێگەیان بۆ ماڵی یەكێك لەخزمەكانی خۆی گواستەوە كە ئەندامی گاردی پاراستنی ئێمپراتۆری بوو. كچە گەورەی ئەو بنەماڵەیە لە حەرەمسەرای ئێمپراتۆر بووو كچە بچووكەكەی ئەو بنەماڵەیەش كە ناوی ساكۆتا[4] بوو، رفیقو هاوالی یێهۆنۆلا بوو كە رۆلێكی بەر چاوی لە رەوتی ژیانی ئەودا نواند. یێهۆنۆلا لەكاتی گەنجێتیدا بەهۆی جوانییەوە سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راكێشا. ئەو

1-Tzu His

2-Yehonola

3-Manchu

4-sakota

لەتەمەنی پازدە ساڵیدا بە پێچەوانەی كچانی هاوتەمەنی، بالابەرزو لەش ناسك بوو. چاوە قەوییەكانی لەنێوان كچەكانیتری چینیو بنەماڵەی مانچۆ كە چاویان ورد بوو، زیاتر لە هەموو تایبەتمەندییەكانیتری خۆی دەنواند. كچانی مانچۆ بە پێچەوانەی كچەكانی تری چینی لە هەڵسوكەوتو تێكەلاوییان لەگەڵ كوڕانی هاوتەمەنیان ئازاد بوونو یێهۆنۆلاش كە لە ژینگەیەكی ئازاد هاتووچۆی دەكرد لەتەمەنی شازدە ساڵیدا ئاشقی كوڕە خاڵەكەی بەناوی "یۆنگ لۆ"[5] بوو. یۆنگ لۆ ئەندامی گاردی پاراستنی ئێمپراتۆر بووو جارجارە یێهۆنۆلای لەگەڵ خۆی بۆ نێو شاری قۆرخكراو دەبرد. كاتێك كە یۆنگ لۆ بینی یێهۆنۆلا بە تەمەنی حەڤدەساڵی گەیشتووە بەفەرمی خوازبێنی لێكرد، بەلام هەر لەوكاتەو لەكۆتاییەكانی بەهاری ساڵی ١٨٥٢دا ئێمپراتۆری چین (سێن فێنگ)[6] كە تازە رێوڕەسمی ماتەمینی باوكی تەواو ببوو بڕیاریدا حەرەمسەراكەی گەورەتر بكاتو شاژنێكی نوێ بۆ خۆی هەڵبژێرێ. شەست كەس لە جوانترین كچانی مانچۆ بۆ بینینی ئێمپراتۆرو دایكی هەڵبژێردران بۆ ئەوەی لەنێوانیاندا ژمارەیەك بۆ حەرەمسەرا هەڵبژێردرێن كە یێهۆنۆلاو ساكۆتاشیان لەگەڵ بوو. رۆژی چواردەهەمی ژووەنی ساڵی ١٨٥٢ شەست كچی جوانی مانچۆ لەبەر چاوی حیزو چنۆكی ئێمپراتۆر بە ریز دەرۆیشتنو ئێمپراتۆریش بە راوێژی دایكی، كچەكانی هەڵ دەبژارد. ٢٨ كچ لەو شەست كچەی لە پێشبڕكێیەكەدا بەشدارییان كردبوو هەڵبژێردران كە یێهۆنۆلاو ساكۆتاشیان لەگەڵ بوو. ژنانی حەرەمسەرا بە چوار گرووپ یان دەستە دابەش دەكران و لەو بارەیەوە پتر پێگەی بنەماڵەیی كچەكان لەبەرچاو دەگیرا. ساكۆتا كە بەراوەرد لەگەڵ كچەكانیتر پێگەیەكی بەرزتری بوو لە گرووپی یەكەم داندراو یێهۆنۆلاش كە لە هەموویان جوانتر بوو لە گرووپی سێهەم جێی گرت. ساكۆتا لەنێوان كچەكانی گرووپی یەكەمیشدا پلەی یەكەمی بەدەست هێناو هەر بەم هۆیەشەوە پێش هەموویان شانازی خەوتن لەگەڵ ئێمپراتۆری بەدەست هێنا. ئەگەر ساكۆتا كوڕێكی لە ئێمپراتۆر بوایە دەیتوانی پۆستی شاژنی چینیش بەدەست بێنێو كچەكانیتریش جارجارەیەك بۆ تێر كردنی هەوەسی ئێمپراتۆر بانگهێشت دەكران. یێهۆنۆلا كە خۆی بۆ هاوسەری ئێمپراتۆر لەساكۆتا بە شایانتر دەزانیو

5-Jung Lu

6-Hsien Feng

خۆشەویستییەکەشی بە هیوای ئەو رۆژە کە ببێتە شاژنی چین فیدا کردبوو، نەیدەتوانی ئەو سووکایەتییە قەبووڵ بکاتو بۆیەش پێویست بوو رێگایەك بۆ نووستن لەگەڵ ئیمپراتۆر پەیدا بکاتو پێش ساکۆتا کورێك بۆ ئیمپراتۆر بەدونیا بێنێ. کلیلی ئەو رێگایە لە دەست دووکەسدا بوو کە دەبوایە هەردووکیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی رازی بکات. بەر لە هەمووشتێك رازی کردنی دایکی ئیمپراتۆر پێویست بوو، لەبەرئەوەی لەراستیدا کچانی حەرەمسەرا پێش ئەوە کە بچنە سەر جێگەو بانی ئیمپراتۆر، بە خزمەتکاری دایکی ئیمپراتۆر دەژمێردرانو ئەو بوو کە دەیتوانی سەرنجی ئیمپراتۆر بۆ لای ئەو کچانەی کە پێی جوانو هۆگریان بوو رابکێشێ. دوای دایکی ئیمپراتۆر پیاوێك بەناوی "ئان تێهای"[7] کە نێرەمووکی حەرەمسەرا بووو ئیمپراتۆر متمانەی تەواوی پێی هەبوو دەیتوانی هاریکاری یێهۆنۆلا بکات بۆ گەیشتن بە ئیمپراتۆر. ئان تێهای پێشتر هونەرمەندی شانۆ بوو کە لە هەوەسبازییەکانی سەرەتای گەنجێتی ئیمپراتۆر رێنماو هاوبەشی بوو. ئان تێهای بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە دەینواند نێرەمووك نەبووو دەگوترا ئیمپراتۆر ئەوی بۆ تێر کردنی هەوەسەکانی بەو ناوە لای خۆی راگرتووە. لەدەرباری چین باو بوو کە ئیمپراتۆر تا ماوەیەك تەنیا لەگەڵ ژنی ژمارە یەکی حەرەمسەرا هاوسەرین بێت تا شانازی یەکەمین منداڵی ئیمپراتۆر وەبەر ئەو بکەوێت. دووگیانی ساکۆتا ماوەیەکی خایاندو یێهۆنۆلا دەرفەتی لە باری بۆ بەدەستهێنانی سەرنجی دایکی ئیمپراتۆرو نزیکی لەگەڵ ئان تێهای بەدەست هێنا. بەدەستهێنانی سەرنجو هۆگری دایکی ئیمپراتۆر لەرێگای خۆشخزمەتی بەو ئاسان بوو، بەلاّم چۆنیەتی نزیکایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ ئان تێهای دیارنییە. لەسەر بنەمای دەنگۆگەلێك کە راستو درۆبوونی روون نییە، ماوەیەك یێهۆنۆلا لەشی تەسلیمی ئان تێهای کرد بووو پێوەندییەکەیان سالاّنێك درێژەی کێشا. راست بوونی ئەو دەنگۆیە لەم روانگەوە جێگەی گومانە کە ئان تێهای نەیدەتوانی بەر لە ئیمپراتۆر پێوەندی سێکسیی لەگەڵ بگرێت. کاتێك کە ساکۆتا دووگیان بوو بەر تەسکییەکانی ئیمپراتۆریش سەبارەت بە جووت بوون لەگەڵ کچەکانیتری حەرەمسەرا کۆتایی پێهات. دایکی ئیمپراتۆر میوانییەکی بۆ کورەکەی ئامادە کرد بۆ ئەوەی دووبارە کچەکانی حەرەمسەرا لە نزیکەوە ببینێتو بەو گرینگییەی کە بە یێهۆنۆلای دەدا سەرنجی ئەوی بۆ لای ئەو کچە جوانە راکێشا.

7-An Te-Hai

بەلاّم دیاریکردنی نۆبەی ئەو کچانەی کە دەبوایە لەگەڵ ئیمپراتۆر هاوسەرین بن لەئەستۆی ئان تێهای بووو هەڵبژاردنی یێهۆنۆلا بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندییەکانی رابردووی ئەو دووانە سرووشتی بوو. ئان تێهای کە بە تەواوەتی شارەزای هەڵسوکەوتو خاڵە لاوازەکانی ئیمپراتۆر بوو، پێش ئەوەی یێهۆنۆلا بنێرێتە پاڵ ئیمپراتۆر هەندێك شتی فێر کرد. یێهۆنۆلاش توانایی تەواوی بۆ وەرگرتنو بە کارهێنانی ئەو ئەزموونانە هەبووو هەر بەو هۆیەشەوە کاتێك چووە ژووری خەوی ئیمپراتۆر، سێ شەوو رۆژ لەوێ مایەوەو ئیمپراتۆری هۆگرو سەوداسەری خۆی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا یێهۆنۆلا بە لەبەرچاوگرتنی نوقسانیو لاوازی ئیمپراتۆر دڵنیا نەبوو بتوانێ لێی دووگیان بێتو بە ئامانجی خۆی بگات. بۆیەش یێهۆنۆلا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بڕیاریدا کە دڵدارەکەی پێشووی (یۆنگ لۆ) ببینێتەوەو پێوەندی پێوە بگرێت. یۆنگ لۆ یەکێك لە ئەفسەرەکانی گاردی پاراستنی ئیمپراتۆ بووو دۆزینەوەی بۆ یێهۆنۆلا ئاسان بوو. ئان تێهای بۆ گەیشتن بەو ئامانجە یارمەتی ئەوی داو یێهۆنۆلاش چەند مانگ دواتر بە خۆشحاڵییەوە بە ئیمپراتۆری گوت کە منداڵێکی ئەوی لە سك دایە.

یەکەمین منداڵی ئیمپراتۆر کچ بوو (لە ساکۆتا بوو) و ماوەیەکی کورت دوای لەدایکبوون مرد. بەخت یاوەری یێهۆنۆلا بوو کە لەساڵی ١٨٥٦ یەکەمین منداڵی کە کوڕ بوو چاوی بە دونیا پشکووت. ئیمپراتۆر بەهۆی خۆشحاڵیی لەدایکبوونی ئەو کوڕە شایی لە دڵدا دەگەڕاو پێی وەزەوی نەدەکەوتو بە لەدایکبوونی ئەو منداڵە پێگەی یێهۆنۆلاش لە دەربار پتەوتر بووو بەناوی دایکی جێنشینی ئیمپراتۆر بوو بە سەرتۆپی حەرەمسەرای ئیمپراتۆر. هەڵبەت تا ئەو رێکەوتە هیچکەس جگە لەخودی یێهۆنۆلاو ئان تێهایو باوکی راستەقینەی منداڵەکە، واتە یۆنگ لۆ نەیدەزانی ئەو منداڵە کوڕی ئیمپراتۆر نییە. لەو بەڕوارەوە بەملاوە دەسەلاّتی یێهۆنۆلا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبووو بە لە بەرچاو گرتنی خۆشەویستیو هۆگری ئیمپراتۆر سەبارەت بە ئەو، دەنگی یێهۆنۆلا لە دانانو لابردنی کاربەدەستانو پەسند کردنی بڕیارەکان کاریگەر بوو. یێهۆنۆلا بەر لە هەموو شتێك توانی سەرنجی ئیمپراتۆر بۆ لێهاتووییو شایستەیی کوڕە پوورەکەی کە هەمان دڵدارەکەی خۆی بوو، راکێشێو ئەو بۆ پۆستی گرینگی سەرکردایەتی گاردی ئیمپراتۆری هەڵبژێرێت. یۆنگ لۆ لەو پۆستەدا زیاترو ئاسانتر دەستی بە

پێهۆنۆلا رادەگەیشت. پێهۆنۆلا لەسەر کوتی ئەو شۆڕشانەی کە لە ئەیالەتەکانی "هۆنان"[8] و "کیانگ سۆ"[9] دەستی پێکردبوو، لێهاتوویی‌و توانایی خۆی دەرخست. ئێمپراتۆر لە پەسندکردنی بڕیار بۆ سەرکوتی ئەو شۆڕشانە سەری لێ‌شێوا بوو، بەلاّم پێهۆنۆلا داوای لێکرد کە بەرپرسایەتی ئەو کارە بخاتە ئەستۆی ئەو. پێهۆنۆلا بە یارمەتی یۆنگ لۆ توانی هێزێك بۆ سەرکوتی ئەو شۆڕشانە کۆبکاتەوەو پێش ئەوەی کە ئەو دوو شۆڕشە بچێتە نێو ئەیالەتەکانی‌تری چین سەرکووت کرا. لەو سەرکوتەدا کە بە توندوتیژییەکی زۆرەوە ئەنجام درا دەیان هەزار کەس لە یاخی‌بووانی تێدا کوژرا. ئێمپراتۆر لەو ڕێکەوتەوە لە هەموو کاروباری پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکی‌و ناوخۆیی چین راوێژی بە پێهۆنۆلا دەکردو پێهۆنۆلا لەرێوڕەسمی میوانداری‌و وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ولاّتانی‌تر لە تەنیشت ئێمپراتۆر دادەنیشت. دەسەلاّتی بێگانەکان بەتایبەت بریتانیا دوابەدوای "شەڕی تریاك "[10] لەچین زۆر ببوو. نوێنەری سیاسی بریتانیا لە چین، "لۆردئیلگین"[11] کە سەرکردایەتی هێزەکانی بریتانیای لەم ولاّتەدا لەئەستۆ بوو بە دەسکەوتەکانی بەدەستهاتوو لەشەڕی تریاك رازی نەبووو هەربەم هۆیەشەوە سەربازگەکانی بەندەری "تێنتسێن"[12]ی لە نێزیکی پێتەخت داگیر کرد. ئێمپراتۆر کە پیاوێکی نەفس نزم‌و بێ‌ئیرادە بوو، لەبەرامبەر گوشاری بەریتانیاییەکان ناچاربوو چەند پەیماننامەیەکی نوێیان لەگەڵ واژۆ بکات‌و ئیمتیازگەلێکی نوێیان پێی بداو هاتووچۆی پاپۆڕە بیانی‌یەکان لە یازدە بەندەری ئەو ولاّتە ئازاد بکات. بەپێی ئەو پەیماننامانە کە بە پەیماننامەی تێنتسین بە ناوبانگن، ئیمتازگەلێکی نوێی بازرگانی بە بێگانەکان دراو ئێمپراتۆر لەگەڵ دامەزراندنی

8-Hunan

9-kiangsu

١٠- .شەڕی تریاك (opium war) لەساڵی ١٨٣٩دا و دوابەدوای دەستبەسەرداگیرانی تریاکی بازرگانە بریتانیاییەکان لە بەندەری کانتۆن هەڵگیرسا. پاپۆڕە سەربازییەکانی بریتانیا بەندەری کانتۆنیان بۆردوومان کردو هۆنگ کۆنگیان داگیر کرد. شەڕی تریاك لەساڵی ١٨٤٢ دوای واژۆ کردنی پەیماننامەیەك لەنێوان چین‌و بریتانیا کۆتایی پێهات‌و چینی‌یەکان ناچار بوون جگە لە غەرامەی دەستبەسەر داگیرانی تریاکەکان، مافی "کاپیتۆلاسیۆن"ی بریتانیاییەکانیش قەبووڵ بکەن‌و بەندەری هۆنگ کۆنگیش بە بریتانیاییەکان بدەن.

11-Lord Elgin

12-Tientsin

باڵوێزخانەکانی ولاّتانی بێگانە لەشاری پەکین رەزامەندی دەربڕی. بەلاّم بەهاتنە ژوورێی پێهۆنۆلا بۆ گۆڕەپانی ئەو بارودۆخە جێبەجێکرانی ئەو پەیماننامانە راگیران. لەساڵی ١٨٥٩ پێش بە هاتنی یەکەمین وەفدەکانی نوێنەرانی ولاّتانی بیانی بۆ پەکین گیرا. لەبەرئەوەی پێهۆنۆلا لە مێشکی ئێمپراتۆری رۆکردبوو کە باڵوێزخانە بیانی‌یەکان لە پەکین دەبنە سەکۆی پیلانگێڕی دژی ئێمپراتۆرو هەر بەم هۆیەشەوە دەست تێوەردانی بێگانەکان لە کاروباری ناخۆیی چین پتر دەبێت. پێهۆنۆلا لەو کاتەدا ژنێکی لاوی ٢٤ ساڵان بوو کە بەرادەی پێویست شارەزای بێگانەکان لە بەڕێوبردنی سیاسەتەکانیان نەبوو. و هەروەها برای بچووکی ئێمپراتۆر (گۆنگ)[13] و سەرکردەی گاردی ئێمپراتۆری (یۆنگ لۆ) ئەویان رازی کردبوو کە چین دەتوانێت لەبەرامبەر گوشاری بێگانەکان خۆڕاگری‌و نەهێڵێت بێگانەکان دەست لە کاروباری ناوخۆیی چین وەردەن. بەلاّم بریتانیاییەکان بە پێچەوانەی پێشبینی پێهۆنۆلاو راوێژکارەکانی، لەسیاسەتی هەڕەشەو گوشار دەستیان هەڵنەگرت‌و بەهۆی ئەوەکە ئەو هەڕەشانە هیچ دەرەنجامێکی نەبوو، لە هاوینی ساڵی ١٨٦٠ دووبارە هێرشیان کردە سەر بەندەری تێنتسین. ئەمجارەیان جگە لە بریتانیاییەکان، فەڕانسەییەکانیش لەو هێرەشانەدا بەشدارییان کردو هێزەکانی هاوبەشی فەڕانسەو بریتانیا تەنیا بە داگیرکردنی تێنتسین رازی نەبوون‌و هێرشیان کردە سەر پێتەخت. ئێمپراتۆر کە زراوی چوو بوو داوای دەکرد شاندێك بۆ وتووێژ لەگەڵ ئیلگین بۆ بەندەری تێنتسین رەوانە بکەن. بەلاّم پێهۆنۆلا کە خوازیاری بەرەنگار بوونەوەی ئەو هێرشانە بوو، پێش ئەوەی ئێمپراتۆر بتوانێ بڕیارێك پەسند بکات، یەکەیەکی لەسەربازانی مەغۆلی بۆ شەڕ لەگەڵ هێرشبەرانی بریتانی‌و فەڕانسەیی رەوانە کرد. سەربازانی مەغۆلی پێش قەراوڵەکانی دوژمنیان خستە داوەوەو هەموویان کوشتن‌و بەو هۆیەشەوە پێشڕەوی هێزە هێرشبەرەکان راگیرا، بەلاّم ئەو راوەستانە کاتی بووو لۆرد ئێلگین بە گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر هێرشی نوێی دەست پێکردەوە. سەربازەکانی مەغۆلی ئەمجارە نەیانتوانی لەبەرامبەر تۆپخانەی قوورسی بریتانیا خۆڕاگرن‌و پەرش‌و بلاّو بوونەوەو یەکەکانی سەربازی چینیش کە بۆ بەرنگاری ئەو هێزانە نێردرا بوون پاش لێکەتنی زەرەدێکی گیانی زۆر پاشەکشەیان کرد.

13-Kung

ئێمپراتۆر بڕیاریدا لەپێتەخت بچێتەدەرێ‌و یێهۆنۆلاش کە دەیزانی ئەمجارەیان ناتوانن بەرگری بکەن لەگەڵ ئێمپراتۆر پەکینی بەجێهێشت. سەربازە ئەورووپییەکان دوو رۆژ دواتر چوونە ناو پەکین‌و دوای تالاَنی کۆشکەکانی ئێمپراتۆری، ئەو بینا مەزنە مێژووییانەیان سووتاند. ئێمپراتۆرو هاورێکانی لەشاری "جی‌هۆل"[١٤] کە دەکەوێتە ئەیالەتی مەنچووری گیرسانەوە. ئیمپراتۆر نەخۆش‌و لەجێدا کەوت‌و یێهۆنۆلاش کە بە بەرپرسیاری ئەو چەرمەسەریە دادەندرا کەوتە بەر رق‌و کینە. ساکۆتا جارێکی‌تر بوو بە سەرتۆپی ژنانی حەرەمسەرای ئێمپراتۆر، بەلاَم لە بەشداری لە پیلانێك خۆی پاراست کە دووشازادە بەناوی "یی"[١٥]و "چێنگ"[١٦] بۆ دەرکردنی یێهۆنۆلا لەدەرباری چین دایان رشتبوو. یێهۆنۆلا جارێکی‌تر بە هاریکاری ساکۆتا توانی بچێتە سەر جێگەوبانی ئێمپراتۆر (کە لەوکاتەدا بێهۆش بوو)و مۆرە تایبەتەکەی لیَ بدزیَ. ئێمپراتۆر هێسن فێنگ لەسەرەتای ساڵی ١٨٦١ مردو یێهۆنۆلا دەستبەجیَ رایگەیاند کە وەسیتنامەکەی ئێمپراتۆر لە دەستی ئەو دایە. بەپێی ئەو وەسیەتنامەیەی کە یێهۆنۆلا بە کەلَك وەرگرتن لە مۆری تایبەتی ئێمپراتۆر دروستی کردبوو، ئێمپراتۆر کوڕە پێنج ساڵەکەی (تۆنگ چی)[١٧] کە لە راستیدا کوڕی ئەو نەبوو بۆ جێنشینی خۆی دیاری کردبووو بڕیاری دابوو کە یێهۆنۆلا بە نازناوی "تزۆهسی" یان شاژنی قەسری رۆژئاوایی پۆستی جێگری پاشایەتی بە ئەستۆوە بگرێت تا ئەوکاتەی تۆنگ چی بە تەمەنی یاسایی دەگات. ساکۆتاش بە پاداشی ئەو خزمەتانەی کە بە یێهۆنۆلای کردبوو، بە نازناوی "تزۆ-ئان"[١٨] یان شاژنی قەسری رۆژهەلاَت ناودێر کراو پلەی سێهەمی دەرباری چینی بەدەست هێنا. یێهۆنۆلا کە ئیتر بە نازناوی تزۆهسی باسی دەکەین، دەستبەجیَ دوای مردنی ئێمپراتۆر ئەرکی وتوویێژ لەگەڵ بێگانەکانی بە برای بچووکی ئێمپراتۆر (کۆنگ) کە پیاوێکی کارامەبوو ئەسپارد. بێگانەکان کە خۆشیان لەدرێژە پێدانی ئەو داگیرکارییەی پەکین‌و خەرجییەکانی راگرتن‌ودابینکردنی ئەو هێزانە نارازی ببوون،

14-Jehol

15-yi

16-cheng

17-Tung chih

18-Tzu An

بە وەرگرتنی بەڵێنیی جێبەجێکرانی بەڵێنەکانی دەوڵەتی پێشوو لەلایەن حکوومەتی نوێی چینەوە پەکینیان چۆڵ کردو تزۆهسی بە رێورەسمێکی بە شکۆوە هاتەوە نێو پێتەخت.



تزۆهسی لەسەرەتاکانی سەرۆکایەتی چین لەنێوان خزمەتکارەکانیدا

پیلانێك بۆ کوشتنی تزۆهسی لە یەکەمین رۆژەکانی دەسەلاَتی ئەو ئەنجام درا. لەو پیلانە جگە لە "یی"و "چێنگ" کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، پیاوێکی دەوڵەمەندی چینیش بەناوی "سۆشۆن"[١٩] بەشدار بوو. پیلانگێڕەکان پێش ئەوەی بە ئامانجەکەیان بگەن، لەلایەن هێزەکانی ئێمپراتۆری دەستبەسەر کران. تزۆهسی فەرمانی بە دووشازادەکە دا کە بە گۆریسێکی ئاورێشمی خۆیان لە سێدارە بدەن، بەلاَم سەبارەت بە سۆشۆن ئەوپەڕی بیَ رەحمی‌و دلّرەقی بەکار هێنا: تزۆهسی فەرمانی‌دا کە "سۆشۆن بەزیندوویی پارچەپارچە بکەن‌و دەبیَ گۆشتی لەشی بە هەزار لەت دابەش بکرێت !". هەروەها داراییەکەشی بە قازانجی ئێمپراتۆری دەستی بەسەردا گیرا و لە راستیدا ئەوە تزۆهسی بوو کە تەواوی سەرمایەو گەوهەرو زەوییەکانی ئەوی داگیر کرد. چوار ساڵی سەرەتای حکوومەتی تزۆهسی کەم‌و زۆر بیَ رووداوێکی گرێنگ تێپەڕی. پرەنس کۆنگ، برای ئیمپراتۆری پێشوو بەکردەوە رۆڵی وەزیری دەرەوەی دەگێڕاو بەو شارەزایی‌و لێهاتووییەی کە لە وتوویێژو مامەڵە لەگەڵ بێگانەکان بەدەستی هێنابوو ئەوانی بۆ هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی نویَ هان داو لەبەرامبەریشدا ئیمتیازگەلێکی پێدان کە بووە هۆی

19-Su Shun

زیاتربوونی دەسەلاّتی بێگانەکان. ئەرکی ڕێکخستنی سوپای چین درا بە یۆنگ لۆ کە هەر وەك جاران لەلایەن تزۆهسییەوە خۆشەویست بووو گرینگی تایبەتی پێدەدرا. تزۆهسی جگەلە پرەنس کۆنگو یۆنگ لۆ، گرینگییەکی تایبەتیشی دەدا بە ئان تێهای کە ڕۆڵێکی گرینگی لەسەر کەوتنەکانی ئەودا گێڕا بوو. ئان تێهای ئەو ڕۆڵەی کە بۆ ئیمپراتۆری پێشووی دەگێرا، بۆ تزۆهسی‌یشی لەئەستۆ گرتبوو. لەو کۆڕە بەزمو خواردنەوانەی کە ئان تێهای بۆ شاژنی دەرزاندەوە، جوانترین پیاوەکانی چینیی کە بەزۆرینە شانۆکارو مۆسیقاژەنو گۆرانی‌بێژ بوون، بەشدارییان دەکردو تزۆهسی کە لەتەمەنی سی ساڵی بۆ سەرەوە بەراورد لەگەڵ تەمەنی لاوێتی سەبارەت بە بابەتی سێکس چاو برسیتر بوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەندەڵیدا نوقمتر دەبوو. لەئاکامدا، زێدەڕۆییەکانی ئان تێهایو دەستێوەردانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاترەکانی ئەو لە کاروباری دەوڵەتدا پرەنس کۆنگی تووڕە کردو لە دەرەئەنجامی پیلانێك کە لەلایەن ئەوو بە بەشداریو هاوکاری تزۆئان (مەلیکە ژمارە٢) ئەنجام درا، ئان تێهای کوژرا. تزۆهسی زۆر بە توندی لەم ڕووداوە تووڕە بووو هەر بەم هۆیەشەوە پرەنس کۆنگی لەسەر کار لابردو ڕقی لە تزۆئان هەڵگرت. تزۆهسی دوای ئەو ڕووداوە زۆرتر بە یۆنگ لۆ پشت ئەستور بووو لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی هاوسەری تەنیا پشتیوانیی لە برای بچووکی هاوسەری بەناوی "چۆن"[20] کردو خوشکەکەشی کردە هاوسەری. لەساڵی ١٨٧٢ تەمەنی کوڕەکەی تزۆهسی (تۆنگ چی) گەیشتە شازدە ساڵ کە لەچین بە تەمەنی یاسایی دەژمێردرا. تزۆهسی بە ڕواڵەت دەسەلاّتەکانی حکوومەتو ئیمپراتۆریەتی بە کوڕەکەی ئەسپارد بوو، بەلاّم بەکردەوە لە پشتی پەردەدا سەرکردەو دەسەلاّتداری ڕاستەقینەی چین بوو. ئیمپراتۆری گەنج بە بێ ئیزنو ڕازی بوونی دایکی هیچ کارێکی نەدەکرد. یۆنگ لۆش کە باوکی ڕاستەقینەی ئیمپراتۆری نوێ بوو دەسەلاّتێکی بەرفراوانی لە ئیمپراتۆریەتی تۆنگ چی‌دا بەدەست هێنا. بەلاّم ئەویش ناچار بە ملکەچی لە ئاست دایکی ئیمپراتۆرو دابینکردنی ئامانجەکانی ئەو بوو. هەڵەی تزۆهسی لێرەدا ئەوەبوو کە کچێکی جوانو ژیری بەناوی "ئالۆتێ"[21] بۆ هاوسەری کوڕەکەی هەڵبژارد. ئالۆتێ لەساڵی یەکەمی زەماوەندی لەگەڵ ئیمپراتۆردا مەلکەچی فەرمانەکانی دایکی ئیمپراتۆر بوو، بەلاّم دوای ئەوە کە جێگە پێی خۆی پتەو کردو ئیمپراتۆری لاوی خستە ژێر کارتێکەری

20-Chun
21-Alute

خۆیەوە، ئیتردەستی بە ململانی لەگەڵ تزۆهسی کرد. ئیمپراتۆری لاویش لەژێر کاریگەری هاوسەریدا بەرەبەرە دەستی بە خۆڕاگری لەبەرامبەر فەرمانەکانی دایکی کردو لە زۆربەی کارەکانیدا بەجێگەی دایکی لەگەڵ هاوسەری ڕاوێژی دەکرد. تزۆهسی کە هەستی دەکرد بە زوویی تەواوی هێزو دەسەلاّتەکەی لە دەست دەدا، بۆ لابردنی کوڕەکەیو بووکەکەی دەستبەکار بوو. تزۆهسی لەوە دەترسا کە ئەگەر ئالۆتێ کوڕی بێ دەتوانێ بەناوی دایکی جێنشینی ئیمپراتۆری پێگەی خۆی پتەوتر بکاتو ئەگەریش ئیمپراتۆر مرد (کە بەهۆی لاوازیو نەخۆشی ئەگەری مردنی نێزیك بوو) دەتوانێ وەك جێگری ئیمپراتۆرو دایکی ئیمپراتۆری داهاتوو دەسەلاّت بگرێتە دەستی خۆی. ئیمپراتۆر تونگ چی لەساڵی ١٨٧٥ لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا مرد. تۆنگ چی بەر لە مردن ماوەیەك نەخۆشو لە جێدا کەوتبووو هەر لەبەرئەوەش مردنی ئەو سرووشتی دەهاتە بەرچاو. بەلاّم زۆربەی مێژوونووسان هۆی سەرەکی مردنی لەنەکاوو پێشوەختی ئیمپراتۆری لاو دەخەنە ئەستۆی دایکیو لەو باوەڕە دان کە نەخۆشی درێژخایەنی ئەو بەهۆی ژەهرێکەوە بووە کە وردە وردە چۆتە ناو لەشی ئیمپراتۆرەوە. بەلاّم ئالۆتێ، هاوسەری ئیمپراتۆری گەنجیش دوو گیان بووو لەناوبردنی ئەو بۆ تزۆهسی ئاسان نەبوو. شێوەی ئاسایی کار ئەوە بوو کە دەبوایە بۆ هەڵبژاردنی ئیمپراتۆری داهاتوو تا کاتی زایینی ئالۆتێ چاوەڕوانی بکرێ، بەلاّم تزۆهسی پێشتر جێنشینی ئیمپراتۆری کۆچکردووی دیاری کرد بوو: ئەو جێنشینەی کە تزۆهسی لەبەرچاوی گرتبوو، کوڕی کەم تەمەنی پرەنس چۆن واتە برابچووکی ئیمپراتۆری پێشوو بوو کە بە خۆشکەزای خۆشی دەژمێردرا. تزۆهسی بەرلە وەی کە ئالۆتێ بتوانێ دژکردەوەیەك لە خۆی پیشان بدات، ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی ئیمپراتۆری نوێی بەناوی "کوانگ سۆ"[22] ئەنجامداو لەگەڵ ئەوەش کە دەبوایە جێگری ئیمپراتۆری بەدایك یان باوکی ئیمپراتۆری نوێ ئەسپێردرابوایە، بەرواڵەتو لەسەر داواکاری ئەوان جارێکی‌تر پۆستی جێگری ئیمپراتۆری پاشای چین بە تزۆهسی ئەسپێردرا. لەوکاتەدا ئالۆتێ چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەی دەکرد. بەلاّم تزۆهسی دەرفەتی پێ نەدا بۆ ئەوەی دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی کە ئەگەر کوڕ بوایە، داوای تاجو تەختی چین بکات. کەمترلە مانگێك دوای دیاری کردنی ئیمپراتۆری نوێ هەواڵی خۆکوشتنی ئالۆتێ هەموو کەسی وەسەرسووڕمان خست. بەلاّم هیچ هۆکارێك پێشکەش نەکرا بۆ خۆکوشتنی ئەو ژنە گەنجو جوانە بەو منداڵەی کە لە زگی دابووو

22-Kuang Hsu

کەمتر کەسێك لەو خاڵەدا گومانی هەبوو کە تزۆهسی بۆ پتەوتر کردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی ئەوی کوشتوە. تزۆهسی لەم رێکەوتەوە تا ساڵی ١٨٨٧ کە ئیمپراتۆری نوێ بە تەمەنی یاسایی ئیمپراتۆریەت گەیشت بە تەواوی هێزو دەسەڵاتەوە لە چین حوکمڕانی کرد. لەو ماوەیەدا تزۆئان شاژنی ژمارە دووش بە مەرگی نادیار مرد. مێژوونووسان ئەو رووداوەش دەخەنە ئەستۆی تزۆهسی، لەبەرئەوەی ئیمپراتۆری نوێ لە رەوشتی دەسەڵاتخوازانەی تزۆهسی زویر ببووو بەردەوام هات وچۆی قەسری ئەوی دەکردو تزۆهسیش لەوە دەترسا کە کۆانگ سۆ دوای گەیشتن بەدەسەڵات، ئەو لەسەر دەسەڵات لابەرێتو هێزو دەسەڵاتەکانی بە تزۆئان بسپێرێت.



تزۆهسی لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی

تزۆهسی تەنانەت دوای گەیشتنی کوانگ سۆ بەتەمەنی یاسایش لە پێ ئەسپاردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەت بە خوشکەزاکەی خۆی دەپاراست. تا ئەوەکە لەئاکامدا لەساڵی ١٨٨٩ ناچار بوو دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆریەت بەو بسپێرێت. تزۆهسی کە لەو کاتەدا ژنێکی ٥٥ ساڵە بوو بە رواڵەت دەستی لە کاری حکوومەت هەڵگرتبوو، بەڵام بەکردەوە دەستی لە تەواوی کارەکانی حکوومەت وەردەداو هیچ بڕیارێکی گرینگ بەتایبەت سەبارەت بە هەڵبژاردنی پۆستە گرینگەکانی دەسەڵات بەبێ راوێژو رازی بوونی ئەو ئەنجام نەدەدرا. لەدواین دەیەی سەدەی نۆزدەیەمدا دەسەڵاتی بێگانەکان لە چین گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆیو جگە لە بازرگانەکانو شاندەکانی نوێنەرایەتی سیاسی بێگانە، میسیۆنێرەامیشی مەزهەبیە جۆراوجۆرەکانی ولاتانی جیهان لەسەرانسەری چیندا هات وچۆیان دەکردو پاپۆڕە بازرگانییەکان ئازادانەو بێ هیچ سنورێك لەبەندەرەکانی چین رادەوەستان. هاتنە ژوورەوەی شتو مەك بۆ چینو رۆیشتنەدەرێی کەرستەی خاوو بەرهەمەکانی چینی بۆ دەرەوە بەپێی هیچ یاساو رێسایێك نەبوو. دەوڵەمەندانو بازگانە بیانییەکان بە دامەزراندنی رێگەی شەمەندەفەر لەنێوان بەندەرە گرینگەکانی چینو ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆییو دامەزراندنی بەندەرگەو هەندێك ناوەندی بەرهەمهێنان کە هەموویان راستەوخۆ لەژێر چاوەدێری ئەواندا بەڕێوە دەچوون، کرێکارانی چینییان دەچەوساندەوەو بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی کاری زۆرو هەرزانی چینییەکان، بەربۆمی جووتیاریو بەرهەمە دەستکردە ناوخۆییەکانی چینییەکانیان بە نرخێکی کەم لێدەکڕین. دەوڵەتە بیانییەکانو بەتایبەت بریتانیاو رووسیاو ئەڵمانیاو فەڕانسەو ژاپۆن بەکردەوە چینیان بە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دابەش کردبووو هەرکامێکیان لە بەشێك لەو ولاتە بەرینە سیاسەتی خۆیان بەڕێوە دەبرد.

بریتانیاییەکان هەرێمی دەسەڵاتی خۆیان لە باشووری چین بەرفراوان کردبووو رووسەکانیش بە درێژایی رێگە ئاسنی سەرانسەری سیبیری بۆ مەنچووریو داگیر کردنی بەندەری "پێرت ئارتوور" بەشێکی گرینگی باکووری چینیان داگیر کردبوو. لەساڵی ١٨٩٧ ئەڵمانییەکان ناوچەی "کیائۆچۆ"[23]یان داگیر کردو هاوکات لەگەڵ ئەوان، ژاپۆنییەکانیش دەستدرێژییان کردە سەر کۆریاو فەڕانسەوییەکانیش لە باشووری رۆژئاوای چینو لەسەر هەرێمێك کە دواتر

23-kiaochow

ناوی "هێندوچینی" لەسەر داندرا سەقامگیر بوون. ئەمریکاییەکانو ولاّتانیتری ئەورووپاش هەرچەند دەستدرێژییان نەکردە سەر خاکی چین بەلاّم ئیمتازگەلێکی بازرگانی هاوشێوەی ولاّتانیتری داگیرکەریان بەدەست هێنا.

لەساڵی ١٩٩٨دا ئێمپراتۆر کوانگ سۆ کە هێدی هێدی دەسەلاّتەکانی حکوومەتی بەدەستەوە گرتو دەیهەویست خۆی لەژێر فەرمانی پووری (تزۆهسی) رزگار بکات، بەبێ راوێژو رازی بوونی ئەو فەرمانێکی دەرکرد کە بەهۆی ئەو فەرمانەوە هەندێك چاکسازی بۆ مۆدێرنیزەکردنی چین ئەنجام درا. ئەم چاکسازییانە بریتی بوون لە نوێ کردنەوەی رێکخراوی سوپای چین بە شێوەی ولاّتانی ئەورووپیوچاوپێداخشاندنەوەی بنەماکانی بەڕێوبەرایەتی ولاّتوگۆڕینی سیستەمی دادپەروەری بە شێوەی ولاّتانی رۆژئاواییو بەرفراوان کردنی دامەزراوەکانی پەروەردەو فێر کردنو وەرگێرانو بلاّو کردنەوەی پەرتووکە بیانییەکان لەچین. کوانگ سۆ پێشتر لەپەکین ئەم پرۆگرامەی لەگەڵ باڵوێزخانەکانی ولاّتانی ئەورووپی باس کردبووو هاودەنگی ئەوانی بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانە وەرگرتبوو. ولاّتانی ئەورووپی لەم لایەنەوە رازی بوون کە بە ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوان ناکەوێتە ژێر مەترسییەوەو بە بەشداری ئەوان لەو چاکسازییانە بەر ژەوەندییەکانیان سەقامگیرتر دەبوو. باڵوێزەکانی ولاّتانی دەرەوە لە پەکین کە سەبارەت بەو چاکسازییانە پشتیوانیان لە ئێمپراتۆر دەکرد، لەو باوەڕە دابوون کە تزۆهسیی ٦٣ساڵە ئیتر ئەو دەسەلاّتو هێزەی پێشوی نەماوەو ئیمپراتۆر دەتوانێ بە سەربەخۆیی پرۆگرامەکانی جێبەجێبکات. بەلاّم تزۆهسی بە پێچەوانەی رای ئەوان هێشتاش دەستی لە دەسەلاّت بەرنەدابووو نەیدەتوانی ئەو سەرەڕۆییانەی ئێمپراتۆر قەبووڵ بکات. تزۆهسی کە دژی ئاڵو گۆڕیو چاکسازییەکانی ئێمپراتۆر بوو، سەرەتا داوای لێکرد جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بە بیانووی ئامادە نەبوونی پێشەکییەکانی ئەو کارە تا دواین ئاگاداری وەدوابخاتو بەواتایەکیتر لەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دابوو پاشەگەز بێتەوە. بەلاّم ئێمپراتۆر نەچووە ژێرباری ئەو داواکارییەی تزۆهسیو تەنانەت بۆ رێگرتن لەو کردەوانەی کە لەوانە بوو یۆنگ لۆی ئەڤیندارو راوێژکاری باوەڕ پێکراوی تزۆهسیو سەرکردەی گاردی ئێمپراتۆری ئەنجامی بدات، فەرمانی دەستبەسەر کردنی ئەوی دەر کرد. بەلاّم سیخوڕەکانی تزۆهسی پێش جێبەجێ بوونی ئەو فەرمانە شاژنیان ئاگادار کردەوە ووتیان ئێمپراتۆر دەیهەوێت یۆنگ لۆ دەستبەسەرو رەنگە فەرمانی کوشتنی پەسند بکات. تزۆهسی داوای لە یۆنگ لۆ کرد دەستبەجێ هەڵوێست بگرێو بەهێزە دەهەزار کەسییەکەی شاری قەتەغە کراو (ناوچەی

کۆشکەکانی پاشایەتیو جێگەی نیشتەجێ بوونی ئێمپراتۆر) گەمارۆ بدات. ئێمپراتۆری سەرەڕۆیان لە دوورگەیەکی نێو گۆلّی (دەریاچە) ناوەندی شاری قەدەغەکراو بەند کردو سەری چەند کەس لە راوێژکارانو هەوا دارەکانیان کە هاندەری بوون لە جەستە جیا کردەوە. باڵوێزە بیانییەکانی نیشتەجێ لە پەکین لەو بارودۆخەی کە هاتبووە ئاراوە ناڕازی بوونو نەیاندەتوانی حکوومەتی تزۆهسی کە بە جۆرێك کودتای سەربازیو بەپێچەوانەی دابو نەریتی کۆنی چین بە دەسەلاّت گەیشتبوو، بەرەسمیەت بناسن. تزۆهسی بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئێمپراتۆر کوانگ سۆ هەر لەسەر دەسەلاّتەو تەنیا هەندێك لەکەسانو لایەنگرەکانی لەسەرکار لابراون. تزۆهسی بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی ژنە دیپلۆماتکارە بیانییەکانی نیشتەجێ لەپەکینی بۆ شاری قەتەغەکراو بانگهێشتن کردو فەرمانیدا کە هاوکات لەگەڵ میوانداری لەو خانمە دیپلۆماتکارە بیانییانە، ئێمپراتۆر بە سەرو وەزعێکی رێکوپێکەوە بۆلای ئەو بهێنن. تزۆهسی لەو ماوە کورتەی کە ئێمپراتۆر لەو کۆڕەدا ئامادە بوو، زۆر بە دڵسۆزیو هێمنی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردو بە خانمە دیپلۆماتکارەکانی وا پیشاندا کە پێوەندی ئەو لەگەڵ ئێمپراتۆر زۆر باشو ئاساییە. هەڵبەت ئێمپراتۆریان دوای ئامادە بوون لەو کۆڕە بردەوە بەندیخانەو کوانگ سۆش هیچکات لەهۆکاری ئەو دڵسۆزییە کورتەی پووری تێنەگەیشت. لەساڵی ١٨٩٨داو دوابەدوا کودتای تزۆهسی بزاڤێك بەدژی ئەو دەست تێوەردانە رۆژ لە دوای رۆژ زیاترەی بیانییەکان سەری هەڵدا. کۆمەڵە کەسانێك سەرۆکایەتی ئەو بزاڤەیان دەکرد کە وەرگێڕانی وشەبەوشەی دەقە چینییەکەی دەبێتە "ئەنجوومەنی مستە هەماهەنگەکان"[24] کە واتای یەکگرتوویيو یەکپارچەیی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەگەێنێ. بەلاّم بیانییەکان ناوی "کۆمەڵەی مست لێدەران" یان لەسەرداناو ناوی کۆمەڵەکە دوای راپەڕینی ئەوان کە هێدی هێدی بەربلاّوتر دەبوو، بە "راپەڕینی بۆکسۆرەکان"[25] ناوبانگی دەرکرد کە بە پێچەوانەی نازناوەکەی هیچ پێوەندییەکی بە مستو مستەکۆڵەوە نەبوو. راپەڕینی دژی دەسەلاّتو دەست تێوەردانی بیانییەکان بە هێرشی پەڕشو بلاّو بۆ سەر نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی بازرگانیو ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی بیانییەکانو میسیۆنە مەزهەبییەکان دەستی پێکردو هێدی هێدی بەرفراوانتر بوو، بە جۆرێك کە بەهۆی تێکدانی هێڵەکانی شەمەندەفەر کە لەلایەن بیانییەکانەوە بەڕێوە دەچوو، بەشی هەرە

24- The society of Harmonious Fists

25- Boxer Rising

گەورەی گواستنەوە لەرێگای شەمەندەفەرەوە لە کار کەوت‌و زەرەدو زیانێکی زۆر لە بازرگانە بیانی‌یەکان کەوت. باڵوێزە بیانی‌یەکانی نیشتەجێ لە پەکین بۆ پاراستنی هێمنی‌و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان چوونە لای تزۆهسی، بەڵام تزۆهسی هیچ کارێکی بۆ رێگرتن لە درێژەکێشانی ئەو توندوتیژییانە ئەنجام نەدا. تزۆهسی کە هیچ هێزێکی رێکوپێکی جگە لە هێزێکی دە هەزرا کەسیی گاردی ئێمپراتۆری‌و چەند یەکەیەکی بچووکی سەربازی لە ئەیالەتەکان لە دەستدا نەبوو، بەرواڵەت نەیدەتوانی بۆ سەرکوتی ئەو شۆڕشەی کە سەرانسەری چینی گرتبۆوە هیچ هەڵوێستێکی کاریگەر بگرێت، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی‌و ئەنسکلۆپیدیا بەناوبانگەکانی ئەمریکاو بریتانیادا وا باس کراوە کە تزۆهسی بە شێوەیەکی شاراوە بزاڤی بۆکسۆرەکانی بەهێزتر دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتی بیانی‌یەکان لە چین بهێنێ.

بزووتنەوەکانی دژی بێگانە لە چین لەساڵی ١٩٠٠ گەیشتە بەرزترین رادەی خۆی‌و زیاتر لە ١٠٠ میسیۆنێری مەزهەبی لەچوار مانگی یەکەمی هەمان ساڵدا کوژران. هێرش بۆ سەر هێڵەکانی شەمەندەفەرو هێڵەکانی پێوەندی تێلگراف بەرفراوان بووو لە ئاکامدا بریتانیاییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، لە چین هێزیان دابەزاند. ئەم کارەی بریتانیاییەکان بووە هۆی بەربلاوتر بوونی بزاڤی دژی بێگانەو لەمانگی ژووەنی ساڵی ١٩٠٠ بۆ یەکەمین جار ناوەندەکانی شاندی نوێنەرایەتیی بیانی لە پەکین کەوتە بەر پەلاماری جەماوەری‌و لە رۆژی ١٩ ژووەن باڵوێزی یەکەمی ئەڵمانیا لە پەکین کوژراو دوابەدوای ئەم رووداوە، ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی بیانی‌یەکان کە باڵوێزخانە بیانی‌یەکانیشی تێدا بوو لە لایەن هێرشبەرانەوە گەمارۆدران. بیانی‌یەکان، تزۆهسیان بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستی لەو راپەڕینەدا هەبووەو هێزکانی گاردی ئێمپراتۆریش لە گەمارۆدانی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی بیانی‌یەکان بەشدارییان کردووە. لەسەرەتاکانی ساڵی١٩٠٠دا هێزێکی تێکەڵاوی نێونەتەوەیی کە پێکهاتبوو لەسەربازانی ئەڵمانیا، بریتانیا، ژاپۆن، رووسیا ، نەمسا ، فەرانسە، ئیتالیاو ئەمریکاو سەربازانی هێندی کە لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرانی بریتانیادا بوون، بۆ پاراستنی گیان‌و بەرژەوەندییەکانیان لەچین دامەزرا. ئەو هێزە کەبە یەکەمین هێزی نێونەتەوەیی لە جۆری خۆی دەژمێردرا، لە چواردەیەمی ئووتی ساڵی ١٩٠٠ گەیشتە پەکین. دیسان بەپێی سەرچاوە رۆژئاواییەکان، تزۆهسی بەر لە گەیشتنی ئەو هێزە بۆ پەکین فەرمانی بە یۆنگ لۆ دا کە ناوچەی نیشتەجێ بوونی بیانی‌یەکان تۆپباران بکاو بەرلە چۆڵکردنی پەکین هەموویان پەرش‌و بلاو بکات، بەڵام یۆنگ لۆ کە پتر بە سەر ئەقڵیدا زاڵ بوو نە چووە ژێر باری ئەو فەرمانەو جێبەجێی

نەکرد. تزۆهسی‌و کەسانی دەوروبەری بەر لە گەیشتنی ئەو هێزانە شاری پەکینیان چۆڵ کرد. تزۆهسی بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا جل‌وبەرگی ژنانی دێهاتیی چینی لە بەر کردو نینۆکە درێژەکانی قوڵەکردەوە بۆ ئەوەی لەکاتی ئەگەری تووشبوونی هێزە هاوپەیمانەکان نەناسرێتەوە. تزۆهسی لەو سەفەرە دوورو درێژەدا کوانگ سۆشی کە لەجێدا کەوتبوو بەو وەزعە ناخۆشەوە لەگەڵ خۆی برد تا بیانی‌یەکان نەتوانن لەکاتی نەبوونی ئەو کوانگ سۆ لەسەر تەختی دەسەڵات دابنێن‌و بۆ هەمیشە رێگە لە گەڕانەوەی تزۆهسی بۆ سەر تەختی دەسەڵات بگرن.

تزۆهسی‌و هاورێیانی بۆ گەیشتن بە شاری "سیان"[26]ی پێتەختی ئەیالەتی "شێن سی"[27] کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای چین زیاتر لە هەزار کیلۆمەتریان بڕی. تزۆهسی لەو سەفەرەدا کە دوومانگی خایاند، سەرەڕای ئەوە کە ٦٥ ساڵی تەمەن بوو، خۆڕاگری‌و گورج‌و گۆڵییەکی زۆری لە خۆی پیشان دا. ئەو بە درێژایی ئەو دوو مانگە سەفەرە هەر بەو جلکە دێهاتییانە دەخەوت‌و تەنیا جارجارەیەك کە لە بەر باران تەڕ دەبوو، دایدەکەندو لەسەر ئاگر وشکی دەکردەوە. خواردنی ئەوان لەو ماوەیەدا تەنیا نان‌و هێلکە بوو، بەڵام رەنج‌و ناخۆشی‌و برسێتی کاریگەری خۆی داناو تزۆهسی تا کۆتایی ژیانی ئیتر ساغ نەبۆوە. سەربازانی هێزی نێونەتەوەیی دوای چوونە ژوورەوە بۆ شاری پەکین تەنیا بە ئازاد کردنی بیانی‌یەکانی ئەو شارە قایل نەبوون. ئەو پێشمارانەی (مدعی) شارستانی‌یەت، کوشت‌و کوشتارو تاوان‌و تالانێکی ئەوەندە ناحەزو نامرۆڤانەیان ئەنجامدا کە بە باس کردنیان مووی لەشی هەربیسەرێك راست دەبێتەوە. زۆرترین تاوانەکان بەدەستی سەربازانی ژێر فەرمانی ژێنراڵ "ڤۆن والدێر سی"[28]ی ئەڵمانیایی ئەنجام دراو ئەفرادی ژێر دەسەڵاتی ئەو بۆ قەرەبوو کردنەوەی خوێنی باڵوێزی یەکەمی ئەڵمانیا لە پەکین سەری سەدان لاوی چینیان لە جەستە جیا کردەوە. لەنەبوونی تزۆهسی‌و ئێمپراتۆر، تەنیا کاربەدەستێکی چینی کە بیانی‌یەکان دەیانتوانی وتووێژی لەگەڵ بکەن یۆنگ لۆی سەرکردەی سوپا بوو. یۆنگ لۆ لەسەرەتای پاشایەتیی تزۆهسی‌دا سەرکردەی گاردی ئێمپراتۆری بوو کە بە وەرگرتنی ئامێرە نوێیەکانی شەڕ بۆ وێنە تۆپی کرۆپ ئەو هێزەی وەك سوپایەکی رێکوپێك‌و مۆدێرنیزە لێکردبوو. بەرگریی یۆنگ لۆ لەئاست دواپین

26-Sian

27-Shensi

28-Von Waldersee

فەرمانەکانی تزۆهسیو خۆپاراستنی ئەو لە چۆڵ کردنی پەکین بووە هۆی درووست بوونی تێگەیشتنی دوو لایەنە لەنێوان یۆنگ لۆو بیانییەکان، بەلاّم یۆنگ لۆ کە هێشتاش هەر بە تزۆهسی وەفادار مابوو هەرگیز ئامادە نەبوو لەو هەلّکەوتە بە قازانجی خۆی کەلّك وەرگرێ. یۆنگ لۆ وەردە وەردە دەرفەتی بۆ گەڕانەوەی تزۆهسی بۆ پەکین رخساندو بیانییەکانیش بەمەرجی وەرگرتنی غەرامەو سزادانی تاوانبارانی شەڕو بەدەستهێنانی ئیمتیازگەلێکی سیاسیو ئابووری نوێ لە چین رازی بوون کە تزۆهسی بۆ پەکین بگەڕێتەوە. لە رۆژی حەوتەمی سێپتەمبەری ساڵی ۱۹۰۱ پەیماننامەیەك لەنێوان چینو ولاّتانی داگیرکەری بیانی واژۆ کرا کە بە هۆیەوە چین سێسەدو سی میلیۆن دۆلاری وەك قەرەبوو کردنەوەی زەرەدەکان تەرخان کرد بۆ دەوڵەتانی داگیرکەرو بیانییەکانی نیشتەجێ لە چینو هەروەها بەڵێنی نوێی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان گرتە ئەستۆ. هەروەها دەوڵەتانی داگیرکەر ناوی سەد کەس لە کاربەدەستانی چینییان کە بە بڕوای ئەوان دەستیان لە کوشتاری بیانییەکانو میسیۆنێرە مەزهەبییەکان هەبوو، پێشکەش بە نوێنەرانی حکوومەتی چین کردو داوای کوشتنی ئەوانیان کرد. تزۆهسی بۆ درێژەپێدانی دەسەلاّتی ناچار بوو ئەو مەرجە قەبووڵ بکاتو بەر لە گەڕانەوە بۆ پەکین فەرمانی کوشتنی هەموویانی دەرکرد. تزۆهسی لەسەرەتاکانی ساڵی ۱۹۰۲داو دوای هەژدەمانگ دووری لە پەکین گەڕایەوە ئەو شارەو ئێمپراتۆری نەخۆشو بێدەسەلاّتی لەگەڵ خۆی گەڕاندەوە. تزۆهسی ئەمجارەیان بەشی هەرە زۆری دەسەلاّتەکانی خۆی بە یۆنگ لۆ ئەسپاردو خۆشی تەنیا چاوەدێری بەرزی لەسەر کاروباری حکوومەت دەکرد. لەسەرەتاکانی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۰۷ ئێمپراتۆر کوانگ سۆ کە بەکردەوە هیچ رۆڵێکی لە بەڕێوەبردنیکاروباری حکوومەت لە دەستدا نەمابوو، مردو تزۆهسی کە خۆشی نەخۆشو لە جێدا کەوتبوو، کوڕی یەك ساڵەی پرەنس "چۆن"ی (برا بچووکی کوانگ سۆی کە لە کچی یۆنگ لۆ بوو) بە جێنشینی ئێمپراتۆر هەڵبژارد. تزۆهسی رۆژی چواردەی نۆڤەمبەری ساڵی ۱۹۰۷ لەتەمەنی ۷۳ساڵیدا مردو ئێمپراتۆری کەم تەمەنیش (پۆ-یی)[29] پێنج ساڵ دواتر بەهۆی شۆڕشی کۆماریخوازان لە چین لەسەر تەختی دەسەلات لابردرا.

29- Pu yi.

فەسڵی یازدەهەم

عەلیکە ئەلێکساندرا

ژنێك كە ئیمپراتۆریەتی تێزارەكانی بەبا دا

ئەلێكساندرا یەكێك لە ژنە دەسەڵاتدارەكانی مێژووی جیهان لەسەدەی بیستەمە كە لەساڵی ١٨٩٤ لەتەمەنی بیستودوو ساڵێدا تاجی شاژنی رووسیای لەسەرناو ٢٤ساڵ دواتریش لەگەڵ هاوسەرو منداڵەكانی لەشارێكی دوور كەوتووی نێزیك سیبیری گوللە باران كران. ئەو بەو كارتێكەرییە لە رادەبەدەرەی كە لەسەر هاوسەری، نێكۆلای دووهەم دوایین تێزاری (قەیسەر) رووسیا هەی بوو بەكردەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی بیستو سێ ساڵەی ئەو لە رووسیا حوكمی گێڕا. بە باوەڕی ژمارەیەك لە مێژوونووسان ئەگەر لە جێی ئەو ژنێكیتر هاوسەری نیكۆلای دووهەم بوایە، رەنگە رووسیا هیچكات تووشی شۆڕش نەبوایەو پاشماوەی تێزارەكان هێشتاش هەر لە رووسیا حوكمڕانیان دەكرد. مەلیكە ئەلێكساندرا كە ناوی ئەسڵی ئەو "ئالێكس ڤیكتۆریا هێلێنا لوییز بیاتریس"[1] بوو لە رۆژی شەشەمی ژووەنی ساڵی ١٨٧٢ لە "دارمشتات"[2]ی ئەڵمانیا لە دایك بوو. ئەو كچی یەكیك لەكچەكانی مەلیكە ڤیكتۆریا بەناوی گراندوشێس "ئالیس"و گراندووك لوئی چوارەم، یەكێك لە شازادەكانی ئەڵمانیاو فەرماندەری "هێس-دارمشتات"[3] بوو. ئالێكس لەتەمەنی شەش ساڵێدا دایكی لەدەست داو مەلیكە ڤیكتۆریا ئەركی پەروەردە كردنی ئەوی گرتە ئەستۆ. مەلیكە ڤیكتۆریا سەبارەت بە ئالێكس كە دایكی لەمنداڵییەوە لەدەست دابوو، لەهەموو نەوەكانیتری خۆشتر دەویستو خۆی پەروەردەو فێركردنی ئەوی لەژێر چاوەدێری خستبوو. هەر بەو هۆیەشەوە ئالێكس وەك نەوەو كچەكانیتری ڤیكتۆریا بە شێوەی بریتانیاییەك پەروەردە كرابووو كاتێك خۆی ناسی، زمانو ئەدەبیاتی ئینگلیزیی باشتر لە زمانو ئەدەبیاتی ئەڵمانی دەزانیو پتر وەك شازادە خانمێكی بریتانی بە ئەژمار دەهات. مەلیكە ڤیكتۆریا هەروەك منداڵو نەوەكانیتری، بەدوای مێردێكی ناسراوو شیاو بۆ ئالیكس دەگەڕاو لەو گەڕانەشدا جێنشینی رووسیای (نیكۆلا) بۆ بینییەوە. كاتێك كە ئالیكس بە تەمەنی ٢١ ساڵی گەیشت، مەلیكە ڤیكتۆریا جێنشینی

1-Alix Victoria Helena Louise Beatrice

2-Darmstadt

3-Hesse-Darmstadt

رووسیای كە لەو رێكەوتەدا ٢٥ساڵان بوو بانگهێشتن كردو پێشەكییەكانی ئاشنایی ئەوی لەگەڵ ئالێكس ئامادە كرد. مەلیكە ڤیكتۆریاو ئەلێكساندێری سێهەم (تێزاری رووسیا) لەو زەماوەندە ئامانجی سیاسیان هەبوو، بەڵام نیكۆلاو ئالێكس كە بە نازناوی ئەلێكساندرا ناودێركرا لە رۆژانی یەكەمی چاوپێكەوتنیاندا ئاشقی یەكتر بوونو زەماوەندە سیاسییەكەیان گۆڕا بۆ زەماوەندێكی ئاشقانە. نیكۆلاو ئالێكس لە بەهاری ساڵی ١٨٩٤ لە رێورەسمێكدا كە بە ئامادە بوونی مەلیكە ڤیكتۆریا لە لەندەن ئەنجامدرا، بوونە دەزگیرانو نیكۆلا دوای ئەو رێورەسمە بۆ ماوەی مانگێك لە لەندەن مایەوەو لەو ماوەیەدا زۆر بە گەرمو گوڕی هۆگری هاوسەری داهاتووی بوو. بەڵام لەو كاتانەدا باوكی نیكۆلای بە سەختی نەخۆش كەوتو لەسەر راسپاردەی پزیشكەكان بۆ كۆشكی هاوینی "لیڤادیا"[4] لەسەر كەناری نیمچە دوورگەی كەریمە گواسترایەوە كە بەڵكوو هەوای گەرمو شێدارو خۆری كەناری دەریا نەخۆشییەكەی چارەسەر بكات. بەڵام كاتێك نیكۆلا لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٨٩٤ گەڕایەوە لای باوكی، پزیشكەكان لەچاك بوونەوەی تێزار هیوا بڕاو ببوون. تێزار ئەلێكساندێری سیهەم كە دەیزانی بەو زووانە دەمرێ، داوای لە نیكۆلا كرد كە دەزگیرانو شاژنی داهاتووی رووسیا بۆلای ئەو بانگهێشتن بكات. پرەنسێس ئالێكس رۆژی بیستەمی ئۆكتۆبەری ساڵی١٨٩٤لە رێگای "سێمفرۆپۆل"[5]ەوە چووە ناو لیڤادیاو لە دە رۆژی كۆتایی تەمەنی ئەلێكساندێری سێهەم لەگەڵ دەزگیرانی چەند جار سەردانی باوكی لەسەرەمەرگی هاوسەری داهاتووی كرد. تێزار ئەلێكساندێری سێهەم لە رۆژی یەكەمی نۆڤەمبەری ساڵی١٨٩٤دا ماڵاوایی كردو مردنی ئەو بۆ كوڕەكەی كارەساتێكی دڵتەزێنو جەرگبڕ بوو. سەرەڕای ئەو هەوڵانەی كە تێزار بۆ پەروەردە كردنی كوڕەكەی لە بواری سەربازیو چاوەدێری بەردەوامی ئەو لە بواری پەروەردەو فێركردن ئەنجامی دابوو، نیكۆلا هیچ شتێكی لە هێزو شكۆی باوكی بە میرات وەرنەگرتبووو جلوبەرگی سەربازی بەتەنیا قەرەبووی ناشارەزاییو ناشیاوییەكانی ئەوی نەدەكردەوە. گراندووك ئەلێكساندێری زاوای نیكۆلا كە زۆر جێگەی متمانەی ئەو بوو، لە بیرەوەرییەكانیدا سەبارەت بە مردنی تێزارو كارێگەری ئەو مردنە لەسەر تێزاری داهاتوو دەنووسێ: "كاتێك كە تێزار مرد، نیكۆلا وەكوو منداڵ دەگریاو دڵۆپە فرمێسكەكانی بێ بڕانەوە لەچاوە شینەكانی دەهاتە خوارێ... ئەو بە گریانەوە قۆڵی

4-Livadia

5-Simferopol

منی گرتو منی بردە ژوورکەی خۆیو لەوێشدا ماوەیەك یەکترمان لە باوەش گرتبووو ئەسرینمان دەباراند. ئەو نەیدەتوانی بیری کۆبکاتەوەو لە ترسی ئەو بەرپرسایەتییە گەورەی کە وەك ئێمپراتۆری داهاتووی رووسیا کەوتبووە سەر شانی دەلەرزی... دوای ئەوە کە کەمێك هێدیتر بۆوە بە حاڵەتی پاڕانەوەو لالآنەوە گوتی ساندرۆ (بەو نێوە بانگی دەکردم) چی بکەم! چی بەسەر منو تۆو ئالێکسو دایکمو رووسیا دادێت؟ من بۆ پۆستی تێزاری ئامادە نیم. من هەرگیز نەمدەویست ببم بە تێزار. من هیچ شتێك لە کاروباری حکوومەت نازانم، چۆن لەگەڵ وەزیرەکانم قسە بکەم"[6]. یەکەمین بڕیاری گرینگی نیکۆلای دووهەم لە پۆستی تێزاریدا ئەوە بوو کە رێکەوتی زەماوەندەکەی بهێنێتە پێشێ، لەبەرئەوەی وای بیر دەکردەوە کە ناتوانێ باری قورسی ئەو ئەرکە نوێیە بە بێ دەزگیرانی کە زۆر بە توندی گیرۆدەی ببوو بە شان بکێشێ. تەنانەت نیکۆلا پێی داگرتبوو کە رێورەسمی زەماوەندەکەی دەبێ هەر لە هەمان حەوتووی دوای مردنی باوکیو تا "کاتێك کە باوکی لەژێر ئەو میچە دایە" بەشێوەیەکی تایبەت لە لیڤادیا بەڕێوە بچێت. بەلآم براکانی تێزاری کۆچکردوو واتە مامەکانی نیکۆلا بەتوندی دژی ئەو بڕیارەو ئەنجامدانی رێورەسمی زەماوەندەکە بەرلە بەخاك سپاردنی تەرمی براکەیان راوەستانو لەئاکامدا بڕیار درا کە زەماوەندەکە دوای بە خاك سپاردنی تێزار لە رۆژی بیستو شەشەمی نۆڤەمبەر لە ساینت پیتەرزبۆرگ بەڕێوە بچێت. ئەو پاشاو شازادەو کاربەدەستە بیانییانەی کە بۆ رێورەسمی بەخاك سپاردنی تێزار چوو بوونە روسیە لەرێورەسمی زەماوەندیشدا بەشدارییان کردو ئەو نزیکی کاتە بۆ گەلی رووسیا ناپیرۆز بوو. بە جۆرێك کە زۆر کەس لەو رۆژانەدا دەیانگوت "ئەم بووکە لەپشت سەری تابووتێك هاتۆتە رووسیا". نیکۆلای دووهەم لەتەنیشت هاوسەری کە ئاشقانە خۆشی دەویست هەستی بە هێمنیو بەختەوەری دەکرد. بەلآم ئەو زەماوەندە دەرەنجامێکی خۆشی بۆ ئەوو گەلی رووسیا لیٚنەکەوتەوەو فاکتەری جۆراوجۆر لە کارتێکەری زۆری شاژنەوە بگرە تا هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ ئەفرادی دەربارو نزیکانی هاوسەریو لە کۆتاییشدا گوازرانەوەی نەخۆشی نەمەینی خوێن (هیمۆفیلیا)[7] لەوەوە بۆ تەنیا کوڕەکەی کە بووە هۆی رووکردن سێحرو جادووو تێخزینی کەسێکی نەناسراو بەناوی

6-Robert Massi-Nicholas and Alexandra.p.57.
7-Hemophilia

"راسپوتین"[8] بۆ دەرباری رووسیا، یارمەتیدەری سست بوونی پێگەی نیکۆلای دووهەمو بەهێزبوونی ورەی شۆڕشگێڕانو داڕمانی ئێمپراتۆریەتی تێزاری لە رووسیا بوو. شاژنی نوێی رووسیا کە دوای زەماوەند ناوی "ئەلێکساندرا فیۆ دۆرۆڤنا"[9]یان لەسەر داناو تا کۆتایی تەمەنیشی بەتەواوی فێری زمانی رووسی نەبوو، زۆرتر لەگەڵ هاوسەریو کەسانی دەوروبەری بە زمانی ئەڵمانیو ئینگلیزیو فەڕانسەیی قسەی دەکرد. پێوەندی ئەو لەسەرەتادا لەگەڵ مەلیکە ماری، دایکی نیکۆلای دووهەم سارد بووو هەڵسوکەوتی ساردی ئەو لەگەڵ ژنانی دەرباری بەتایبەت هاوسەرانی چوار مامەکەی تێزار کە کارتێکەرییەکی زۆریان لەسەری هەبوو، نیکۆلای تووشی گیرو گرفت دەکرد. گەورەترین گرفتی مەلیکە ئەلێکساندرا ئەوە بوو کە نەیدەتوانی کوڕی بێتو لەحەوت ساڵی یەکەمی زەماوەندیدا چوار جار دووگیان بوو، بەلآم هەر چوارجار کچی بەدونیا هێنا. دوای ئەوە شاژن بۆ زایینی کوڕ رووی کردە سێحرو جادووو پاڕانەوەو بە لەدایکبوونی کوڕێك کە ناویان نا "ئالێکسیس"[10] بیرو باوەڕە پڕپووچەکانی بەهێزتر بوو. بەلآم جێژنەکانی لەدایکبوونی ئەو کوڕە لەمانگی ئوتی ساڵی ١٩٠٤ بەهۆی تێکشکانی هێزەکانی رووسیا لە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن شێواوو گیرۆدە بوونی ئالێکسیس بە نەخۆشی هیمۆفیلیا کە رێگەی بۆ تێخزانی راسپوتین بۆدەرباری رووسیا ئاواڵە کرد، سەرەتای دسپێکی بەلاگەلێکیتر بوو.

***

ساڵی ١٩٠٥ خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ لە مێژووی رووسیا بوو. لەمانگی ژانڤیەی هەمان ساڵدا هەواڵی تێکشکانی سەرشۆڕانەی هێزەکانی تێزار لە شەڕی ژاپۆنو گیرانی بەندەری "پێرت ئارتوور" ئاگری نارەزایەتیی لەناو خۆی رووسیا خۆشتر کردو یەکەمین شەپۆلی مانگرتنی کرێکاران لە پێتەخت دەستی پێکرد. رێبەری مانەکە قەشەیەکی لاو بەناوی "گاپۆن"[11] بوو کە رێکخراوێکی کرێکاریی بەناوی "کۆمەڵەی کرێکارانی رووس" پێکهێنا بووو هەوڵی دەدا رێگە لە زۆر بوونی دەسەلآتی کەسانی چەپو رێکخراوە لادەرەکانی

8-Gregory Rasputin
9-Alexandra Feodorovna
10-Alexis.
11-Gapon.

بزووتنەوەی كرێكاری رووسیا بگرێ. لە رۆژی یەك شەممە ٢٢ی ژانڤیەی هەمان ساڵدا سەد هەزار كرێكاری مانگرتوو لەحاڵێكدا كە گاپۆن لە پێشیانەوە بوو، بەرەو كۆشكی زستانی تێزار رێپێوانیان كردو خوازیاری ئەوە بوون كە تێزار نوێنەرەكانیان بۆ وتووێژ وەر بگرێت. بەدرێژایی رێگەی خۆپیشاندانەكە هیچ شەڕو پێكدادانێك لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزەكانی ئاسایش رووی نەدا، بەلاّم قەزاقەكانو هێزەكانی سوارەی گاردی كۆماری لە نزیكی كۆشكی زستانی رێگەیان پێگرتن. جەماوەر بێ‌گوێدان بە بوونی ئەو هێزانە درێژەیان بە رێپێوانەكەیان داو لەم كاتەدا بووكە سەربازەكان تەقەیان لێكردن. لەو كارەساتە كە بە یەك شەممەی خوێناوی بەناوبانگە، بەپێی سەرژمێریی رەسمی ٩٢ كەس لە خۆپیشاندەران كوژرانو سەدان كەسیشیان لێ بریندار بوو، بەلاّم بەپێی ئەو سەرژمێرییەی كە لەلایەن رێكخراوە كرێكارییەكانو گرووپە بەرهەڵستكارەكانی رێژیم بلاّو بۆوە، ژمارەی كوژراوەكان بە چەندین هەزار كەس مەزندە كرا. كارەساتەكانی یەك شەممەی خوێناوی لە كاتێكدا روویدا كە رووسیا بە پێشكەوتنە خێراییەكانی بۆ گەشەسەندنی پیشەیی لەماوەی یازدە ساڵ دەسەلاّتداریێتی نیكۆلای دووهەم وەك یەكێك لە ولاّتە پێشكەوتووە پیشەییەكانی جیهانی لێهاتبوو و بەرهەمە پیشەییەكانی لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵە دوو بەرامبەر ببوو. رووسیا كە تاكۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم بە ولاّتێكی جووتیاری دەژمێردراو بەشی هەرە زۆری پێداویستییەكانی لە بواری شتومەكی پیشەیی لە دەرەوە دەكڕی، ئێستا بە قۆناغی خۆبژێوی گەیشتووەو تەنانەت هەندێك لە كەل و پەلە پیشەییەكانیشی بۆ دەرەوە دەنێری. ژمارەی كرێكارانی یەكە پیشەییەكان لە چوار ملیۆن كەس تێدەپەڕیو گەشەسەندنی هێڵەكانی شەمەندەفەر كە لەساڵی ١٩٠٥ دەگەیشتە ٧٠هەزار كیلۆمەتر، بەشە دوور كەوتووەكانی ئەو دەوڵەتە بەرینەی پێكەوە دەلكاند. هەر بەو هۆیەشەوە بوو كە بەخێرایی هەواڵەكانی تایبەت بە كارەساتی یەك شەممەی خوێناویو دەنگۆی كوژرانی هەزاران كرێكاری مانگرتوو بەدەست سەربازەكانی تێزار لەسەرانسەری رووسیا بلاّو بۆوەو حیزبو گرووپە چەپو شۆڕشگێڕەكان كە بەهۆی گەشەسەندنی دەوڵەت لە بواری پیشەیی، داوێنی تێكۆشانیان بەرفراوانتر ببوو، توانیان شەپۆلەكانی نارەزایەتی لەسەرانسەری رووسیا بەربلاّوتر بكەن. بە جۆرێك كە لەفێوریەی ساڵی ١٩٠٥تا نۆڤەمبەری هەمان ساڵ نێزیكەی ٣ملیۆن كرێكار لە پێتەختو شارە گەورەكانیتر مانیان گرتو پیشە تازە بنیاتنراوەكانیان بە تەواوی نقوستان كرد. لەمانگی فێوریە یەكێك لە مامەكانی تێزار بەناوی گراندۆك سێرگەی

بەدەستی یەكێك لە تێرۆریستەكانی حیزبی سۆسیالیست تێرۆركراو سێ‌مانگ دواتر بەهۆی تێكۆشانی گرووپە شۆڕشگێڕەكان لەناو سوپا، هەندێك بزوتنەوە لەناو هێزە چەكدارەكان دەستی پێكرد كە گرینگترینیان بریتی بوو لەراپەڕینی مەلەوانەكانی پاپۆری شەڕ كەری "پوتێمكین" لە دەریای رەش. لە ئەنجامدا تێزار نیكۆلای دووهەم كە لە ئاست ئەو رووداوانە گێژو داماو ببوو، بە پێشنیاری ژمارەیەك لە راوێژكارەكانی لەرۆژی نۆزدەهەمی ئووتی ساڵی ١٩٠٥ لە فەرمانێكدا دامەزراندنی ئەنجوومەنێكی راوێژكاریی بەناوی "دووما"[12] راگەیاند. ئەو ئەنجوومەنە كە دەسەلاّتی یاسادانانی نەبووو لە هەمان كاتدا بە پاشەكشەیەكی ئاشكرای تێزار لەبەرامبەر تەوەژمی رای گشتی دەژمێردرا، توانای دابینكردنی ویستو داخوازییەكانی جەماوەرو گرووپە سیاسییەكانی نەبوو. هەر بەو هۆیەشەوە نەتەنیا گرفتێكی چارەسەر نەكرد بەڵكوو بوێریو گوڕوتینێكی دیكەی بە خەڵك بەخشی كە بۆ دابینكردنی داخوازییەكانیان شۆڕشێكی نوێتر وەڕێ بخەن. لەنێوان لایەنگرانی تێزار، ژمارەیەكیان لایەنگری زەبرو زەنگو سەركووتی بەرهەڵستكاران و گرووپێكیشیان لایەنگری هێمنیو پێدانی ئازادی زۆرتر بە خەڵك بوون. نیكۆلای دووهەم خۆی لایەنگری هێمنی بووو هەربەم هۆیەشەوە لە رۆژی سیهەمی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٠٥ بە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانێكی لیبراڵ بەناوی "كۆنت ویتێ"[13] هەنگاوێكی بەرزتری بۆ دابینكردنی داخوازییەكانی خەڵك هەڵێنا. تێزار لە راگەیاندراوێكدا كە بەبۆنەی هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانی نوێ بلاّو بۆوە، بەڵێنی بە خەڵكدا كە ئەنجوومەنێكی نوێ بە دەنگی گشتی خەڵك هەڵدەبژێردرێت، ئازادی قەڵەمو رادەربڕین دابین دەكرێت، بارودۆخی كار چاك دەكرێتو مافی كرێكارەكان بۆ دامەزراندنی سەندیكا جۆراوجۆرەكان بەرەسمیەت دەناسرێت. بەلاّم ئەو ئیمتیازە بەرفراوانانەش شۆڕشگێڕەكانی رازی نەكردو بە گەڕانەوەی چەند كەس لە شۆڕشگێڕانی دوورە ولاّتی وەك ترۆتسكیو لێنین بۆ گۆڕەپانی شۆڕش، شەپۆلی مانگرتنو ئالۆزی تەواوی ولاّتی گرتەوە. لەم قۆناغەدا بوو كە نیكۆلای دووهەم بڕیاریدا دەست لە سیاسەتی هێمنیو سازش هەڵگرێو لەبەرامبەر مانگرتوان توندوتیژی بەكار بهێنێ. لە رۆژی شازدەهەمی دێسەمبەری ساڵی ١٩٠٥، هەموو ئەندامانی كۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەنجوومەنی كرێكاران لەشاری ساینت پیتەرزبۆرگ دەستبەسەر كرانو فەرمانی مانگرتنو

---

12 Douma

13-Sergius Witte

راپەڕینە گشتیەكانیش كە لەلایەن ئەوانەوە دەركرا بوو جێبەجێ نەكرا. مانگرتنەكە لە مۆسكۆ كە لەژێر دەسەلاتی لینینو بێلشویكەكاندا بوو گۆڕا بۆ شۆڕشو ئاژاوەیەكی گەورە، بەلام بەناردنی هێزێكی یارمەتیدەرو یەكەیەكی تۆپخانە لە پێتەختەوە بلاوە بە بێلشویكەكان كرا و لینینیش هەلات بۆ فینلەندا. نیكۆلای دووهەم لە ساڵی ١٩٠٦ بە متمانە بەخۆو پێگەیەكی پتەوترەوە دەستی بەكار كردەوەو بە دانانی سەرۆك وەزیرانێكی شایستەو كارامە، هەڵەكانی رابردووی قەرەبوو كردەوە. سەرۆك وەزیرانی نوێ (پیتەر ئیستۆلیپین)[14]، دوومای دووهەومی كە ژمارەیەك لەنوێنەرانی چەپو شۆڕشگێڕی تێدا بوو، هەڵوەشاندەوەو بە سەركوتی هێزە بەرهەڵستكارەكان هەڵبژاردنەكانی خولی سێهەمی دوومای لە بارودۆخێكدا ئەنجام دا كە هیچكام لە بەرهەڵستكارانی دەوڵەت نەیانتوانی بچنە ناو دووما. دەورانی سەرۆك وەزیرانی ئیستۆلیپین كە لەساڵی ١٩٠٦ تا ساڵی ١٩١١ درێژەی كێشا بە باشترین سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ٢٣ ساڵەی تێزار نیكۆلای دووهەم دەژمێردرا، لەبەرئەوەی كە لەو سەردەمەدا رووسیا هێمنی خۆی بەدەست هێناوەو هاوكات لەگەڵ سەركوتی بەرهەڵستكاران، هەندێك چاكسازی بۆ رازی كردنی خەڵك ئەنجام درا. گرینگترین كاری ئیستۆلیپین بریتی بوو لە چاكسازی زەویو دابەشكردنی زەویە كشتوكاڵییەكان لەنێوان جووتیارەكانی رووسیا، بە جۆرێك كە لە كۆتایی حكوومەتی پێنج ساڵەی ئەودا ٩ملیۆن بنەماڵەی جووتیاری رووس زەوی كشتوكاڵییان بەدەستهێنا بوو. لەو ماوەیەشدا سرووشت یارمەتی دەری بوو، لەبەرئەوەی كە ئاوو هەوای لەبارو بارانی زۆروبەجێ ئاستی بەربۆمی جووتیاریی گەیاندبووە رادەیەك كە رووسیا بۆ یەكەمین جار توانی بەربۆمی جووتیاری بنێرێتە دەرێو بواری گەشەپێدانی پیشەییش بە كەڵك وەرگرتن لەداهاتەكەی بەرەو پێش بەرێت. رێگای شەمەندەفەری سەرانسەری رووسیا تا رۆژهەڵاتی سیبری تەواو كراو هەزاران كیلۆمەتر هێڵی نوێی ئاسن دامەزرا. بە بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی دەوڵەت، حەقدەستی فەرمانبەرانو كادیرەكانی هێزە چەكدارەكان پتر كراو كرێكارەكانیش كەبەشی هەرە زۆری هێزە بەرهەڵستكارەكانیان پێك دەهێنا، بواری ژیانیان باشتر بوو. بەمجۆرە بوو كە هێزو ژمارەی بەرهەڵستكاران كەمتر بۆوەو بەدرێژایی دەسەلاتی ئیستۆلیپین مان یان ئاڵۆزییەكی گەورەو ئەوتۆ رووی نەدا. ئیستۆلیپین لەبەرامبەر

14-P.Stolypin

كۆنەپەرستانی دەربارو بەرهەڵستكارانی چاكسازی پتر پشت بە دووما ئەستوور بووو هەر بەم هۆیەشەوە ئەو كەسانە هەندێك پیلانو چالاكییان بە دژی دووما ئەنجامدا. بەلام ئیستۆلیپین بە پشتیوانیو متمانەی تێزار توانی لەبەرامبەر ئەو چالاكیو پیلانانە خۆڕابگرێت تا ئەوەكە رووداوی راسپوتین ناكۆكی خستە بەینی ئەو ومەلیكە ئێلكساندراو هەر بەم هۆیەشەوە مەلیكە ئەلێكساندرا پێوەندی بە بەرهەڵستكارەكانی ئەوەوە گرت.



مەلیكە ئەلێكساندرا دوای لەدایكبوونی یەكەم منداڵی لەگەڵ مەلیكە ڤیكتۆریا –تێزار نیكۆلای دووهەمو پرەنس ئێدڤارد، جێنشینی بریتانیاش لە وێنەكەدا دەبیندرێن

***

ئێستا كەمێك بۆ دواوە دەگەڕێینەوەو رۆڵی راسپوتین لە ژیانی مەلیكە ئەلێكساندرا لە ساڵەكانی ١٩٠٥ تا١٩١١ روون دەكەینەوە. بەلام دەبێ لە پێشدا ئەو قەشە نەناسراوە كە دوای نیكۆلای دووهەم گرینگترین رۆڵی لە ژیانی مەلیكە ئەلێكساندرا نواند، باشتربناسین راسپوتین نازناوێكە كە گەلی رووسیا لەسەر قەشەیەكی گۆندی بەناوی "گریگۆری ئێفیمۆڤیچ نۆڤیخ"[15]یان دانابووو ئەو نازناوە كە لەهەموو جێگەیەك لەجیاتی ناوە ئەسڵییەكەی بەكار

15-Grigori Efimovich novikh

هاتووە، ناسێنەری ئەو بە ڕواڵەت پیاوە ئایینی‌یە خراپکاریە: ڕاسپوتین لە وشەی ڕووسی "ڕاسپوتنی"[16] گیراوە کە واتای پیاوێکی چەپەڵو هەوەسبازو بەد ڕەوشت دەگەیێنێ. گریگۆری نۆڤیخ کە ئێمەش بەناوی ڕاسپوتین باسی دەکەین لەساڵی ١٨٧١ لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری "تۆبۆلسك"[17] کە دەکەوێتە ناوچەی سیبری لە دایك بووو لەتەمەنی لاویدا پێوەندیی بەیەکێك لە گرووپە مەزهەبییەکان بەناوی "خلیستی"[18] گرت. پێڕەوانی ئەو ڕێبازە مەزهەبییە ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکانیان بە گۆرانیو سەماو خۆبادانی توند بەڕێوە دەبرد و بەکردەوە ئەو ڕێورەسمانەیان بۆ کۆڕی عەیشو خواردنەوەو هەوەسبازی گۆڕی بوو. پیاوو ژن لە ڕێوڕەسمی مەزهەبی ئەو ڕێبازە بەشدارییان دەکردو دوای ماوەیەك سەماو خۆبادانی توند، ئاگایان لەخۆیان نەدەماو لەحاڵەتی مەستیو بێهۆشی یان نواندنی ئەم حاڵەتانە جووت دەبوونو ئاگری هەوەسیان دادەمرکاند. ڕاسپوتین لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە زێدی خۆیو لە نێزیکی ١٠٠ گوندی دەوروبەری پیاوێکی ناسراو بوو. ناوبانگی ئەو قەشە گەنجە جگە لەچاوە تیژو کارتێکەرەکانی، پتر بەهۆی هەندێك دەسەوەسان "مۆعجزە"و کەرامەت بوو کە بۆیان هەڵبەستبوو. لە تەواوی گووندەکانی دەوروبەری تۆبۆلسك دەنگۆی ئەوە لە ئارادابوو کە ڕاسپوتین نەخۆشە چارەسەر نەکراوەکان دەرمان دەکاتو داهاتووی هەرکەسێك بەجارێك چاولێکردن لەروخساری پێشبینی دەکات. خەڵکی تۆبۆلسكو دەوروبەری لەو بڕوایە دابوون کە قەشە ڕاسپوتین ئاگاداری سڕەکانی گەردوونەو لەگەڵ زاتی خودا پێوەندی هەیەو هەربەو هۆیەشەوە پێش ئەوەی نازناوی ڕاسپوتین وەربگرێت، ئەویان بەناوی "بووژی چێلۆڤێك"[19] دەناسی کە واتاکەی لەزمانی ڕووسی پیاوی خودایە! لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ناوبانگی ڕاسپوتین گەیشتبووە شارە گەورەکانی وەکوو مۆسکۆو کییەفو کازان. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە کەنیسەکانو کۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ساینت پیتەرز بۆرگیش ناوی ئەم قەشە مۆعجزەگەرەیان بیستبوو، بەلاّم لەو ساڵانەدا لە تەنیشت مۆعجزەو کەرامەتەکانی قەشە ڕاسپوتین داستانگەلێك سەبارەت بەد ڕەوشتی هەوەسبازییەکانی ئەو لەسەر زمانان بوو. دەگوترا قەشە ڕاسپوتین زۆربەی ئەو ژنو کچە گەنجانەی کە بۆ دان پێدانان یان ئاگادار

16-Rasputny

17-Tobolsk

18-Khlisty

19-Bojy Tchellovick

بوون لەداهاتوویان دەچوونەلای، فریودەداودەستدرێژی پێدەکردن. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە هیچکەس نەیدەتوانی لەبەرامبەر چاوەکانی خۆڕاگریو قەشە گریگوری تەنانەت بەهێزی هیپنۆتیزم زۆر ژنی نەجیب زادەو ناسراوی ناچار بە ملکەچی لە ئاست مەیلو هەوەسبازییەکانی دەکرد. ڕاسپوتین نەخۆشی "سادیسم"یشی هەبووو بۆ وێنە یەکێك لەو داستانانەی کە لەبارەی ئەوی دەگێڕنەوە ئەوەیە کە جارێکیان کچێکی گەنج لە شاری کازان بە ڕووتو قووتی لەدەست ئازارو ئەشکەنجەکانی ئەو هەڵدێتو ڕاسپوتینیش قامچی بەدەست لە شەقامەکانی کازان بەدوای دەکەوێ. ڕاسپوتین دوای ئەو ڕووداوە ناچار دەبێت شاری کازان بەجێ بهێڵێ، بەلاّم لە ژمارەی تامەزرۆو هۆگرانی لە شارەکانی‌تری ڕووسیا کەم نەبۆوە. یەکەم جار ڕاسپوتین لەساڵی ١٩٠٤دا ڕۆیشتە ناو شاری ساینت پیتەرز بۆرگو بەهۆی ئەو ناوبانگەی کە لەو ڕێکەوتەدا بەدەستی هێنا بوو، توانی ڕێگەیەك بۆ ڕۆیشتنە ناو کۆڕی دەوڵەمەندانی پێتەختی ڕووسیا بدۆزێتەوە. ڕاسپوتین لە یەکەمین ساڵەکانی نیشتەجێ بوونی لە ساینت پیتەرز بۆرگ لەگەڵ ژمارەیەك لە ژنانی دەرباری ڕووسیاش پێوەندی گرتو ئەوانی خستە ژێرکاریگەری خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسپوتین تا ساڵی ١٩٠٦ کە لە ڕێگای یەکێك لە ژنەکانی دەرباری بە تێزار نیکۆلای دووهەمو مەلیکە ئەلێکساندرا ناسێندرا، نەیتوانی بوو ڕێگایەك بۆ چوونە ناو کۆشکی ئێمپراتۆریەت بدۆزێتەوە. تێزار بەر لە وەرگرتنی ڕاسپوتین لەگەڵ ئۆسقۆفی گەورەی کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسیا (تیئۆفان)[20] ڕاوێژی کردو خراپی ناوبانگی ئەوەی سەبارەت بە بەدرەوشتی وەبیر تیئۆفان هێناوە، بەلاّم تیئۆفان کە پێشتر چەند جارێك لەگەڵ ڕاسپوتین چاوپێکەوتنی ئەنجام دابووو کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو، ڕوون کردنەوەیەکی سادەی بۆ دان پێدانانی کەسایەتی ڕاسپوتین خستە ڕوو. تیئۆفان هاوکات لەگەڵ ئاماژە بە خراپی ناوبانگی ئەو گوتی: (من لە تاوانەکانی ئەو ئاگادارم... ئەو زۆر تاوانی کردووە کە هەندێکیان زۆر گەورەن. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەنجامدانی هەر تاوانێك لە دەرگای خوای مەزن تۆبەو داوای لێبۆردن دەکاتو بە پشتگەرمی بە بەخششی خودا وەك منداڵێك کە تازە لە دایك دەبێت پاكو بێگەرد دەبێتەوە!)[21]


20-Theophane

٢١- وتنی ئەو وتانە لە زمانی پیاوێکی ئایینی، ئەویش لە پۆستی ئۆسقۆفی کەنیسەی گەورەی ئۆرتۆدۆکسەوە سەیرو سەمەرە دەهاتە بەرچاو. بەلاّم ئەو کەسەی کە ئەو قسانە لە زمانی ئۆسقۆفی گەورەی کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس دەگێڕێتەوە مووریس پالێۆلۆگی Maurice paleologue نووسەرو مێژوونووسی بەناوبانگی فەڕانسەیە کە لە لە ساڵەکانی کۆتایی حکوومەتی تێزار باڵوێزی فەڕانسە بووە.

راسپوتین له یه‌که‌مین چاوپێکه‌وتنی له‌گه‌ڵ تیزارو ئه‌لێکساندرا، ئه‌وان ده‌خاته ژێرکاریگه‌ری خۆی‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌گه‌ر بابه‌تی نه‌خۆشی جێنشینی که‌م ته‌مه‌نی تیزارو رۆڵی راسپوتین له چاره‌سه‌ر کردن‌و کۆنترۆڵی ئه‌و نه‌خۆشییه له ئارادا نه‌بوایه، نه‌یده‌توانی له ده‌رباری رووسیا ئه‌وه‌نده گرینگی‌و ده‌سه‌ڵات به‌ده‌ست بهێنێ و به‌کرده‌وه تیزارو شاژن بخاته ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆی. نیشانه‌کانی نه‌خۆشی هیمۆفیلیا هه‌ر له‌سه‌ره‌تاکانی منداڵی ئالێکسیسه‌وه خۆی وه‌ده‌رخست‌و به‌هۆی ئه‌وه که پزیشکه‌کان نه‌یانتوانی چاره‌سه‌ری بکه‌ن، به پێداگری شاژن داوایان له راسپوتین کرد که سه‌ردانی ئه‌و منداڵه بکات. راسپوتین یه‌که‌م جار له بارودۆخێکی قه‌یرانی که‌هه‌وڵی پزیشکه‌کان بۆ به‌رزکردنی خوێبه‌ربوونی ئالێکسیس هیچ ده‌ره‌نجامێکی لێ نه‌که‌وتبوه، له‌سه‌ر جێگه‌ی ئه‌و ئاماده ببوو له حاڵه‌تێکدا که داوای له شاژن کرد چاو له چاوی برێت، ده‌ستی به‌خوێندنی هه‌ندێك دووعا کرد که که‌س ماناکه‌ی نه‌ده‌زانی. به‌ڵام تیزارنیکۆلای دووه‌م‌و شاژن که له‌سه‌ر جێگه‌ی منداڵه‌که‌یان ئاماده بوون، به سه‌رسوورمانه‌وه بینیان خوێنڕێژی کوره‌که‌یان هاوکات له‌گه‌ڵ خوێندنی ئه‌و پاڕانه‌وانه هێدی هێدی راوه‌ستاو ئالێکسیس له مردن رزگاری بوو. هاتوو چۆی راسپوتین دوای ئه‌م رووداوه زیاتر بووو مه‌لیکه ئالێکساندرا که باوه‌ڕی به‌هێزی له راده‌به‌ده‌رو بان مرۆڤیی (مافوق بشری) راسپوتین هێنا بوو، داوای لێکرد به‌رده‌وام له ده‌وروبه‌ری کۆشك‌و له به‌رده‌ستیدا بێت بۆ ئه‌وه‌ی له‌کاتی سه‌رهه‌ڵدانی هه‌ر جۆره مه‌ترسییه‌ك بۆ جێنشینی رووسیا به‌بێ فیرۆدانی کات بگاته سه‌ری. به‌ڵام ئیتر که‌ڵك وه‌رگرتن له موعجزه‌و که‌رامه‌تی راسپوتین تایبه‌ت به ئالێکسیس نه‌بووو ژنانی ده‌رباری‌و ده‌وڵه‌مه‌ندانی رووسیاش بۆ که‌ڵك وه‌رگرتن له راسپوتین‌و گوێگرتن له پێشگۆییه‌کانی ئه‌و نۆبه‌یان ده‌گرت. راسپوتین هه‌موو شه‌وێك له‌و کۆڕه به‌زمانه‌ی که به خاتری ئه‌و ئاماده ده‌کرا، به‌شداری ده‌کردو ده‌نگۆی ئه‌وه له ئارادا بوو که شه‌وانه دوای خواردنه‌وه‌و خۆشڕابواردن، له‌گه‌ڵ ژنێکی ده‌رباری یان ده‌وله‌مه‌ند ده‌خه‌وێ. راسپوتین له‌ساڵی ١٩١٠دا به که‌ڵك وه‌رگرتن له کارتێکه‌ری‌و ده‌سه‌ڵاتی خۆی له‌سه‌ر شاژن‌و که‌سانی ده‌ربار ده‌ستی به‌ده‌ست تێوه‌ردان له کاروباری ده‌وڵه‌تی کردو ئێستۆلیپین، سه‌رۆك وه‌زیرانی ئه‌و کاتی رووسیا که له‌و ده‌ست تێوه‌ردانانه‌ی ئه‌و تووڕه ببوو، له‌سه‌ره‌تاکانی ساڵی ١٩١١ فه‌رمانی‌دا تا هه‌ندێك لێکۆلینه‌وه سه‌باره‌ت به کاره‌کانی ئه‌و ئه‌نجام بدرێت.

راپۆرتی پۆلیس که پێشینه‌ی تاریك‌و کرده‌وه خراپ‌و ناحه‌زه‌کانی راسپوتین تێدابوو به تیزار ئه‌سپێردرا. به‌ڵام تیزار که ئاگاداری هۆگری‌و پشت ئه‌ستووری مه‌لیکه ئالێکساندرا به‌و قه‌شه

نه‌ناسراوه بوو هیچ هه‌ڵویستێکی بۆ سنووردار کردنی کاره‌کانی ئه‌و نه‌گرت. ئێستۆلیپین خۆی ده‌ستبه‌کار بووو به‌بێ ئیزنی پێشوو له تیزار، فه‌رمانی دوورخستنه‌وه‌ی ئه‌وی له پێته‌خت ده‌رکرد. شاژن زۆر به‌توندی دژی ئه‌و بریاره‌ی سه‌رۆك وه‌زیران راوه‌ستا، به‌ڵام تیزار که له راپۆرتی پۆلیس سه‌باره‌ت به رابردووی راسپوتین‌و کرده‌وه‌کانی له ده‌ربار به‌په‌رۆش هاتبوو هیچ هه‌ڵویستێکی ئه‌وتۆی بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی فه‌رمانی سه‌رۆك وه‌زیران ئه‌نجام نه‌داو راسپوتینیش بۆ نارەزایه‌تی ده‌ربڕین له‌به‌رامبه‌ر فه‌رمانی ئێستۆلیپین، له‌سانیت پیته‌رز بۆرگه‌وه یه‌کسه‌ره به‌ره‌و "بیت المقدس" وه‌ڕێکه‌وت.




راسپوتین له‌سه‌ره‌تای تێخزان بۆ ده‌رباری رووسیا

راسپوتین لە "بيت المقدس"یشەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ مەلیکە ئالێکساندرا نەپچڕاندو لە نامەکانیدا بۆ شاژن، بەردەوام ئێستۆلیپینی بە پیلانگێڕی دژی بنەماڵەی پاشایەتی تۆمەتبار دەکرد. شاژن رق‌و کینەو شکی خۆی بۆ تێزارنیکۆلای دووهەم گواستەوەو هەر بەو هۆیەشەوە هێدی هێدی پێوەندییەکانی تێزارو سەرۆك وەزیرانە کارامەکەی بەرەو سارد بوونەوە دەرۆیشت. تا ئەوەکە لەسێپتەمبەری ساڵی١٩١١و لە کاتێکدا کە تێزار لەگەڵ سەرۆك وەزیرانەکەی بۆ پەردە لەسەرلابردنی پەیکەری ئالێکساندێری سێهەم رۆیشتبوونە کییەف، ئێستۆلیپین بەدەستی پیاوێك کوژرا کە دواتر زانرا یەکێك لە ئەندامانی پۆلیسی نهێنی رووسیا بووە. خاڵی سەیروسەمەرە ئەوە بووکە لەکاتی روودانی تیرۆرەکە راسپوتینیش کە تازە لە بيت المقدس گەڕابوّوە لە کییەف ئامادە بوو. راسپوتین دوای کوژرانی ئێستۆلیپین لەسەر داواکاری مەلیکە ئالێکساندرا گەڕایەوە پێتەخت‌و دووبارە سەردانی جێنشینی ٧ساڵەی رووسیا کردەوە کە دووچاری نەخۆشییەکە هاتبوّوەو لەمەترسی مردن دابوو. جارێکی‌تر هەڵکەوتی رۆژگار یان موعجزە کاری خۆی کردو جێنشینی رووسیا لە مەترسی مردن رزگاری بوو. پزیشکان‌و پسپۆڕانی ناسراوی رووسیا کە توانای چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی جێنشینی رووسیایان نەبوو، ناتواننن پاساوێکی گونجاو سەبارەت بە رۆڵی راسپوتین لە چارەسەر کردنی ئەو نەخۆشیە بهێننەوە. تەنیا روونکردنەوەیەکی کە لەم بابەتە داروە ئەوەیە کە راسپوتین بەهێزی هیپنۆتیزم ئەو نەخۆشییەی کۆنترۆڵ دەکرد. لە پەرتۆکی " نیکۆلاو ئالێکساندرا"دا کە بەرهەمی "رۆبێرت ماسی"ەو خۆشی بە نەخۆشی هیمۆفیلی دەیناڵاند، ئاماژە بە هەندێك بابەتی جۆراوجۆر لە کۆنترۆڵی ئەو نەخۆشییە بە هیپنۆتیزم کراوە. رۆبێرت ماسی لە زمانی ژمارەیەك لە ئەندامانی دەربارو پیاوانی رووسیا لەسەردەمی دەسەلاتی تێزار نیکۆلای دووهەم‌و تەنانەت نەیارانی راسپوتینیش ئاماژە بە کاریگەری نائاسایی‌و لە رادەبەدەری چاوە کارتێکەرەکانی لە بینەران دەکات. بەم چەشنە پێگەی راسپوتین دوای کوژرانی ئێستۆلیپین لە جاران پتەوتر بووو هەوڵەکانی جێنشینی ئێستۆلیپینیش (ڤیلادێمیر کۆکۆڤسیتسۆڤ)[22] بۆ پچڕاندنی دەسەلاتی راسپوتین لەدەرباری رووسیا بێ ئاکام مایەوە. لەو کاتەدا رۆژنامەو چاپەمەنی‌یەکانی رووسیاش کە تا رادەیەك ئازادییان بەدەست هێنا بوو، هەندێك هەواڵ‌و دەنگۆگەلیان سەبارەت بە

22-Vladimir Kokovtsitsov.

راسپوتین‌و دەسەلاتی ئەو لە دەرباری رووسیا بلاو دەکردەوەو بە راشکاوی یان لە پەردەدا (شاراوە) باسی گەندەڵی‌و پێوەندییە سێکسییەکانی ئەویان لەگەڵ ژنانی دەربار دەکرد. لەنێو خەڵکدا دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە راسپوتین تەنانەت لەگەڵ خودی شاژنیش پێوەندی هەیەو ئەم چیرۆکە دم بە دم دەگەڕا کە راسپوتین بەهێزی هیپنۆتیزم تێزار ناچار دەکات پێلاوەکانی بۆ داکەنێت‌و لاقەکانی بۆ بشوات‌و دواییش لەبەر چاوی ئەو لەگەڵ شاژن جووت دەبێت!.



ئێستۆلیپین سەرۆك وەزیرانی لێهاتووو بەهێزی رووسیا

کە بەدەست ئەفرادی راسپوتین کوژرا

وردە وردە قسەو باسی راسپوتین بوو بە گرینگترین بابەتی رۆژی رووسیاو قسەو باسی ئەو رووداوە بۆ ئەنجوومەنی دووماش کێشرا. "میخائیل روودزیانکۆ"[23]ی سەرۆکی دووما کە یەکێك لە ئەفسەرانی سوارەی تێزار بوو، داوای لە نوێنەرانی دووما کرد کە لە قسەو باس سەبارەت بەو بابەتەو دووپات کردنەوەی ئەو داستانە زیندووانەی کە لەناو خەڵکدا بلاو بۆتەوە خۆیان بپارێزن تا خۆی ئەم بابەتە لەگەڵ تێزار باس دەکات. تێزار لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دووما گووتی کە خۆشی لەو بابەتەو ئەو دەنگۆیانەی کە لەبارەی ژیانی شاژن دەبیبیستێ بە پەرۆشەو داوای لە روودزیانکۆ کرد کە هەندێك لێکۆڵینەوەی نهێنی سەبارەت بە کارەکانی راسپوتین ئەنجام بداو دواییش دەرەنجامەکەی پێڕابگەیێنێت. راپۆرتی روودزیانکۆ

23-Michael Rodezianko

زۆربەی ئەو دەنگۆیانەی سەلماند کە پەیوەست بوو بە گەندەڵیو دەستێوەردانە نابەجێیەکانی راسپوتین لە کاروباری دەوڵەت. بەڵام ئەم راپۆرتەش هەروەك راپۆرتەکەی ئیستۆلیپین دەرەنجامێکی لیٚنەکەوتەوەو تەنانەت تێزار بەهۆی پشتیوانی توندو بەردەوامی شاژن لە راسپوتین، داواکارییەکەی روودزیانکۆی سەبارەت بە ئامادەبوونی لە روونکردنەوەیەکی بەرەوروو قەبووڵ نەکرد. تێزار نیکۆلای دووهەم بڕیاریدا لەفێوریەی ساڵی ١٩١٣جێژنی سێسەدەمین ساڵی پاشایەتی رۆمانۆفەکان لەسەر رووسیا بەڕێوە بەرێت، بەڵام رێورەسمی ئەو جێژنە کە لە کەنێسەی گەورەی ساینت پیتەرز بۆرگ بەڕێوەچوو، بەهۆی بەگژداچوونی توندو ناحەزی راسپوتینو روودزیانکۆ (سەرۆکی دووما) بەریسوایی کێشرا. راسپوتین لەو جێگەیە دانیشتبوو کە بۆ روودزیانکۆ تەرخان کرابوو و گوێی لە ئاگادار کردنەوەی یاساوڵەکان بۆ هەستان لەسەر کورسی روودزیانکۆ رانەدەگرت. روودزیانکۆ کە خۆی پیاوێکی بە خۆوەو چوار شانە بوو خۆی ئەو کارەی گرتە ئەستۆو راسپوتینی لەسەر جێگاکەی بەزر کردەوەو بەزەوی دادا. ئەو رووداوە سەرۆکی دوومای لە بەر چاوی تێزار خستو ئەوی بۆ رێورەسمەکانی دواتری مۆسکۆو پێتەخت بانگهێشتن نەکرد. شکۆی جێژنەکانی سێسەدەمین ساڵی پاشایەتی بنەماڵەی رۆمانۆفو ئەو حەشیمەتەی کە لە مۆسکۆ بۆ پێشوازی تێزار کۆبببوونەوە ئەو باوەڕە هەڵەیەی لە دەروونی تێزارو شاژندا بەهێزکرد کە گەلی رووسیا بەراستیو لەقوڵایی دڵو گیانەوە لایەنگری ئەوانن. راسپوتین کە لەدژایەتی سەرۆك وەزیرانو سەرۆکی دووما سەبارەت بە خۆی تێگەیشتبووو بەتایبەت دوای ئەکێشەیەی کە لە رێورەسمی دەسپێکردنی جێژنەکان لەگەڵ سەرۆکی دووما تووشی ببوو، رێژەی هەوڵەکانی بە دژی ئەوان چڕتر کردو شاژنیش کە لەژێر کارتێکەریو لەمێشکرۆکردنی ئەودا بوو، بەراشکاوی سەرۆك وەزیرانو سەرۆکی دووماو وەزیرەکانو نوێنەرانی دوومای بە مرۆڤ گەلێکی ترسەنۆكو نەفام کە "تێزاری خۆشەویست" لەخەڵك جیا دەکەنەوە ناودێر دەکردو ئەو لەمەترسی شۆڕش دەترسێنن. مەلیکە ئالێکساندرا لەو رۆژانەدا لەگەڵ لایەنگرانی خۆی باسی حکوومەتی تێزاری لە نێو دڵی خەڵکی دەکردو دەوڵەتو دوومای وەك لەمپەرو جیاکەرەوەی سەرەکی پتەو کردنی ئەو پێوەندییە دەزانی!. بەڵام رێك لەو رۆژانەدا کەمەلیکە ئالێکساندرا باسی لە حکوومەتی تێزار لە نێو دڵی خەڵكو ئەو "پێوەندییە لێکدانەبڕاوە"ی ئەوی دەکرد، شەپۆلی نارەزایەتی لەسەرانسەری رووسیا بەرزتر دەبۆوەو ٧٠٠ هەزارکەس لە کرێکارانی رووسیا خەریکی مانگرتن بوون. ژمارەی مانگرتوان لە

ژانڤیەی ساڵی ١٩١٤دا گەیشتە یەك میلیۆن کەسو لەناوچەی باکۆ بەهۆی تەقەی سەربازانی قەزاق لەکرێکارانی مانگرتووی نەوت، سەدان کەس کوژرانو بریندار بوون. لەژووئیەی ساڵی ١٩١٤دا ژمارەی کرێکارانی مانگرتوو بۆ یەك میلیۆنو پێنسەد هەزار کەس پەرەی سەندو کرێکاران لە شەقامەکانی پێتەخت خەریکی دامەزراندنی سەنگەرو شەڕو پێکدادان لەگەڵ هێزە چەکدارەکان بوون. لەو کاتەدا تێزار لەژێر کاریگەری لەمێشك رۆکردنەکانی شاژنو راسپوتین، سەرۆك وەزیرانی لەسەرکار لابردو دیسان بە پێشنیاری ئەوان پیرە مێردێکی ٧٦ ساڵەی بەناوی "ئیڤان گۆرمیکین"[٢٤] بەجێنشینی ئەو هەڵبژارد. گۆرمیکین لەساڵی ١٩٠٦یش هەر پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی لەئەستۆ بوو، بەڵام بەهۆی ناشیاوی لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی رووسیا دوای رووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥ لەسەرکار لابردرا بوو. بە دانانی گۆرمیکین بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەکردەوە هەوساری کاروباری وڵات کەوتە دەستی راسپوتین. لەبەرئەوەی کە راسپوتین لەو رێکەوتەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆو بە راشکاوی بەشداری لە دانانو لەسەرکار لابردنی وەزیرانو پۆستەگرینگەکانی دەوڵەتیو سەربازی دەکردو مەلیکە ئالێکساندراش کە لە بارەی هەر کام لە کاربەدەستانی حکوومەت رای دەردەبڕی، بەراشکاویدەیگوت: " بەهۆی ئەوە کە دۆستی ئێمە (راسپوتین) سەبارەت بە فلاٚن کەس خۆشبینە، پێشنیاری هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەم پۆستە دەکەم" یان لەبەر ئەوەی کە فلاٚن کەس دوژمنی دۆستی ئێمەیە، هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەم پۆستە لە بەرژەوەندیدا نییە! لە ئەنجامی ئەو دەستێوەردانانە، کەسانی شیاوو خاوەن کەسایەتی کە ئامادە نەبوون سووکایەتی دەستماچکردنی راسپوتین قەبووڵ بکەن، دەستیان لەکار کێشاوەو ژمارەیەك ئەفرادی ناشارەزاو نەفامو ناکەس جێگەی ئەوانیان گرتەوە. مۆریس پالئۆلۆگی باڵوێزی ئەوکاتەی فەرانسە لە دەرباری تێزار کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەبارەی چەپەڵیو سووکیو گەندەڵکاری ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمە هەستیارەی مێژووی رووسیادا لەسەر پۆستە گرینگەکان دادەمەزران دەنووسیٚ: "ژمارەیەك لەو ئەفرادە هاوسەریان دەخستە باوەشو پاڵ راسپوتین بۆ ئەوەی بە کەڵك وەر گرتن لە دەسەلاٚتی ئەو، پایەو پلەیەك بەدەست بێنن". شەڕی یەکەمی جیهانی پێنج مانگ دوای لەسەرکار دانانی گۆرمیکین بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی رووسیا دەستی پێکرد.

24- Ivan Goremykim .

رووسیا لەسەرەتای ئەو شەڕە بۆ پشتیوانی لە سێربستان بە دژی نەمسا راوەستاو ئەڵمانیاش بۆ پاڵپشتی کردنی نەمسا بەدژی رووسیا شەڕی راگەیاند. هێزەکانی رووسیا لەقۆناغە سەرەتاییەکانی شەڕدا هەندێك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بەڵام بە هاتنە ژوورەوەی ئەڵمانیا بۆ شەڕ، هێزەکانی رووسیا بە لێکەوتنی زەرەدو زیانێکی زۆر قورس ناچار بە پاشەکشە بوون. ئەو تێکشکانە هەستی دژایەتی کردنی ئەڵمانیای لە رووسیادا هارووژاندو تێزاریش بۆ دژەکردەوە لەبەرامبەر ئەڵمانی‌یەکان، ناوی ئەڵمانیی پێتەختی لە ساینت پیتەرز بۆرگەوە بۆ ناوی رووسیی پێترۆگراد گۆڕی. بەڵام هەستی دژە ئەڵمانیایی خەڵك پتر رووبەرووی شاژنی بە رەچەڵەك ئەڵمانیایی دەبۆوە کە پێشتر بەهۆی پشتیوانی لە راسپوتین پێگەو متمانەی خۆی لە دەستدا بوو.

***

شەڕی یەکەمی جیهانی‌خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی رووسیاو جیهان دا. دەوڵەتی تێزاری رووسیا کە ئامادەیی تەواوی بۆ بەشداری لەم شەڕەدا نەبوو، بە ماوەی سێ ساڵ ١٥ ملیۆن سەربازی بۆ بەرەکانی شەڕ نارد کە زیاتر لە ٩ ملیۆن کەسیان کوژران‌و بریندار یان بە دیل گیران. ژمارەی سەربازانی رووس کە لەو شەڕەدا کوژران زیاتر لە ملیۆنێك‌و ٧٠٠ هەزار کەس بووو ژمارەی برینداربوان لە ٤ ملیۆن ونۆسەد هەزار کەس تێدەپەڕی. گەورەترین گرفتی رووسیا لەو شەڕەدا دوای ناشیاوی سەرکردەکان‌و دەستێوەردانی ئەفرادی ناشارەزا لە هونەری سەربازی لە شەڕەکاندا بریتی بوو لە ئامادە کردنی کەل‌و پەل‌و خواردەمەنی یان بە واتا سەربازییەکەی گرفتی لۆژێستیکی بوو، لەبەرئەوەی‌کە بەرەکانی شەڕ هەزاران کیلۆمەتر لەسەرچاوەکانی دابینکردنی هێزەکانی رووسیا دوور بووو رێگەی ئاسنی رووسیاش توانایی‌و کێشی تەواوی بۆ گەیاندنی پێداویستییەکانی شەڕو خواردەمەنیی ملیۆنەها سەربازی رووسیا لە بەرەکانی شەڕدا نەبوو. لەو بارودۆخە هەستیارەدا دەسەڵات‌و کارتێکەری راسپوتین لەدەرباری رووسیا گەیشتبووە بەرزترین رادەی خۆی. بە جۆرێك کە موریس پاڵئۆلۆگی باڵوێزی ئەوکاتەی فەڕانسە لە رووسیا بەم شێوەیە لەسەر تێزار دەنووسێ کە تێزار نیکۆلای دووهەم لەژێر کاریگەری لەمێشك رۆکردنەکانی ئەو بڕیاریدا خۆی سەرکردایەتیی چالاکییەکانی بەرەکانی شەڕ لە ئەستۆ بگرێت. تێزار رۆژی پێنجەمی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٥ بەرەو ناوەندی گشتیی سەرکردایەتی هێزەکانی رووسیا لە هەشت سەد کیلۆمەتری باشووری پێترۆگراد وەڕێکەوت‌و بە رۆیشتنی ئەو لە پێتەخت بەکردەوە

هەوساری کاروباری رووسیا کەوتە دەست مەلیکە ئالێکساندرا کە ئەویش بە نۆبەی خۆی بەڕێوەبەری فەرمانەکانی راسپوتین بوو. لەسەرەتادا ئامادە بوونی تێزار لە بەرەکانی شەڕ کەمێك بووە هۆی بەرز بوونەوەی ورەی ئەفسەران‌و سەربازانی رووسی‌و هەر بەم هۆیەشەوە هێزەکانی رووسیا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٥و سەرەتاکانی ١٩١٦ هەندێك سەرکەوتنیان لە بەرەکانی شەڕی ئەڵمانیا بەدەست هێنا، بەڵام تەمەنی ئەو سەرکەوتنانە کە زەرەدو زیانێکی زۆری لێکەوتەوە لەناوەراستەکانی ساڵی ١٩١٦ کۆتایی پێهات‌و هێرشە بەرپرچدەرەوەکانی ئەڵمانیاو پاشەکشەی هێزەکانی رووسیا دەستی پێکرد. بە نەبوونی تێزار لە پێتەخت شیرازەی کاروباری حکوومەت لێك هەڵوەشاوەو تێزار لەسەرەتاکانی فیوریەی ساڵی ١٩١٦ کە بە تەواوی کۆنترۆڵی کارەکان لەدەستی گۆرمیکینی پیر دەرچوو بوو، بەپەلە گەڕایەوە بۆ پێتەخت تا سەرۆك وەزیرانێکی نوێ بۆ رووسیا هەڵبژێرێت. راسپوتین ئەمجارەشیان ئەو کەسەی کە مەبەستی بوو لەسەر دەستی شاژن بە سەر تێزاری داسەپاند. سەرۆك وەزیرانی نوێ پیاوێك بوو بەناوی "بوریس ئیستۆرمێر"[25] کە پێشتر بەرپرسی بۆنەگێڕانی دەربار بووو تەنیا هونەری ئەو بریتی‌بوو لە دووروویی‌و زمان چەوری. هەڵبژرادنی پیاوێکی بەدناوو سووکی وەك ئێستۆرمێر بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی رووسیا لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی دووما تۆفانێکی لەرق‌و بێزاری سازکرد، بەڵام تێزار لە رۆژی ٢٢ی فیۆریەی‌ساڵی ١٩١٦ بە پێشنیاری شاژن بۆ جێگیرکردنی پێگەی سەرۆك وەزیرانەکەی، لە کۆبوونەوەی دووما بەشداری کردو دوای وتارێك سەبارەت بە شەڕ، ئێستۆرمێری وەك سەرۆك وەزیرانی نوێ بە دووما ناساند. نوێنەرانی دووما لەو کۆبوونەوەیەداو لە رووی تێزار نەیانتوانی هیچ دژە کردەوەیەك لە خۆیان وەدەرخەن، بەڵام رق‌و کینەی ئێستۆرمێریان هەر لە دڵدا مایەوە. لە لایەکی‌ترەوە دوابەدوای هەڵبژاردنی ئێستۆرمێر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، شیاوترین وەزیرەکانی حکوومەتەکانی پێشوو وەکوو "سازۆنۆف"[26] وەزیری دەرەوە کە لەساڵی ١٩١٠ بەرپرسایەتی ئەو پۆستەی لە ئەستۆ بووو "پۆلیڤانۆف"[27] وەزیری شەڕ کە بەڕای چاوەدێرە بیانی‌یەکان لێهاتووترین کەسایەتی سەربازی رووسیا بوو، دەستیان لە کار

25-Boris Sturmer

26-Sazonov

27-Polivanov

کێشاوە. تێزار دوای ئەم گۆڕانکارییانە گەڕایەوە بۆ بنکەی سەرکردایەتی لەبەرەی شەڕ و جارێکیتر بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دەوڵەت کەوتەوە دەستی مەلیکە ئالێکساندراو راسپوتین. بەلاّم شاژنو راسپوتین نەتەنیا لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە پشت بەرەی شەڕ، بەڵکو دەستیان لە دیاریکردنی رێبازی سەربازیو سیاسەتی شەڕیش وەردەداو نامە گۆڕینەوەکانی مەلیکە ئالێکساندرا لەگەڵ تێزار لەو کاتەی کە سەرۆکی گشتیی هێزەکانی رووسیا بوو، نیشان دەدات کە شاژن لەتەواوی ئەو ماوەیەدا ئاگادارو بەشداری وردەکارییەکانی پلانەکانی شەڕ بووەو لەهەرکام لەو نامەو تێلگرافانەدا بۆچوونەکانی راسپوتینی سەبارەت بەکاروباری سەربازی بەو چەمکانە کە "دۆستی ئێمە پێشنیار دەکات "یان "برادەری ئێمە دوێنێ شەو بینیویەتی" واتە "لە خەودا بینیویەتی"و "دۆستی ئێمە داوات لێدەکات" لە مێشکی تێزاری رۆدەکرد.

بەپێی ئەو نامانەی کە لەبەردەست دایە، راسپوتین لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٥و سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٦ پتر پێشنیاری هێرش بردن لەبەرە جۆراوجۆرەکانی شەڕ دەکات، بەلاّم لەناوەراست مانگەکانی ساڵی ١٩١٦و دوابەدوای سەرکەوتنی هێزەکانی ژنێراڵ "برۆسیلۆف"[28] لە بەرەی "گالیسیا"[29] کە زەرەدو زیانێکی قورسی لێکەوتەوە، پێشنیاری راگرتنی شەڕی ئەو بەرەیە دەکات. ژنێراڵ "ئالێکسیڤ"[30]ی سەرۆکی ناوەندی سووپای رووسیا تێزار رازی دەکات کە هێرشەکان درێژەی هەبێت، بەلاّم شاژن جارێکیتر تێلگرافێك دەنێرێتو داوا دەکات کە "دۆستی ئێمە لەوە کە برۆسیلۆڤ پێشنیاری ئەوی جێبەجێنەکردووە زویر بووەو جەختی لەسەر دەکاتەوە کە ئەو بڕیارە لەسەرەوە واتە لای خوداوە هاتووە! لە رۆژی ٢٥ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٦ تێلێگرافێکیتر بەم واتایە لەلایەن شاژنەوە بەدەستی تێزار دەگات: "ئاه ئازیزم. دووبارە فەرمان بە برۆسیلۆڤ بدە کە ئەم کوشتو کوشتارە رابگرێت... ئێوە دەبێ زۆرتر گرینگی بە پێشنیارەکانی برادەرەکەمان بدەن. ژێنراڵەکانی ئێمە گرینگی بە ژیانی مرۆڤەکان نادەن. ئەمەش تاوانێکی مەزنە". لەئەنجامدا تێزار لە رۆژی ٢٥ی سێپتەمبەردا ملکەچی روانگەکانی راسپوتین بووو لە ولاّمی تێلێگرافەکەی شاژن دا دەنووسێ: "ئازیزم فەرمانم بە برۆسیلۆڤ دا کە هێرشەکان

28-Brusilov

29-Galicia

30-Alexiev

رابگرێت". برۆسیلۆف کە لەو فەرمانە لەنەکاوەی تێزار سەری سووڕدەمێنی، بەناچاری هێرشەکان رادەگرێتو ئەمەش دەبێتە هۆی دەستپێکردنی پاشەکشەو تێکشکانە گەورەکانی رووسیا لە کۆتاییەکانیساڵی ١٩١٦و سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٧. ژێنراڵ ئالێکسیڤ دواتر گوتی کە دەستێوەردانەکانی شاژن لە کاروباری نیزامیو لەمێشك رۆکردنەکانی راسپوتین کە نەتەنیا لەسەر شاژن بەڵکوو لەسەر تێزاریش کاریگەر بوو، فاکتەری هەرە گرینگی شکستەکانی رووسیا لەشەڕی یەکەمی جیهانی بووە. لەزمانی ئالێکسیڤەوە دەگێڕنەوە کە "دوای لەسەرکار لاچوونی تێزار، لەنێوان بەڵگەنامەکانی شاژندا نەخشەیەکی تەواوی بەرەکانی شەڕ بیندرایەوە، لە کاتێکدا لەو نەخشەیە تەنیا دوو نووسخە لەبەردەست دابوو کە یەکیان لە ژووری کاری منو ئەوەی تریان لە ژووری کاری تێزار دابووو خوا دەزانی بە چ مەبەستێك ئەو نەخشەیەیان لەبەردەستی شاژنو لە راستیدا لەبەردەستی راسپوتین داناوە". لە پاییزی ساڵی ١٩١٦دا ئالۆزیو نارەزایەتی لە رووسیا گەیشتە بەرزترین رادەی خۆی. دەوڵەتی لاوازو بێدەسەلاّتی ئێستۆرمێر بە هیچ جۆرێك توانایی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی رۆژانەی خەڵکی بەتایبەت لەبواری کەمی خواردەمەنی نەبوو. هەواڵەکانی شکستو پاشەکشەو زەرەدو زیانی قورسی نوێ لە بەرەکانی شەڕ، هەموو خەڵکی تووڕە کردبووو مانگرتنو کەمکاری لە کارگەو دامو دەزگا دەوڵەتییەکان رووسیای بەرەو مەرگەجارێکی تەواو کێشا بوو. لەم میانەدا دەنگۆی تایبەت بە دزێوی دەربارو گەندەڵکارییەکانی راسپوتینو پێوەندی ئەو لەگەڵ شاژن لە پێتەختو شارە گەورەکانی رووسیا رۆیشتبووە دەرێو خزیبووە ناو ریزەکانی سوپاو لەوێشەوە لە رێگای سەربازە بریندارەکان کە دەگەڕانەوە زێدی خۆیان، بە گوندەکانیش گەیشتبوو. جگە لەوەو هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی پاشەکشەی هێزەکانی رووسیا لەبەرەکانی شەڕ، بە بەربلاّوی دەنگۆی ئەوە بلاّو ببۆوە کەراسپوتین شۆفاری ئەڵمانییەکانەو بە هاریکاری شاژنو ئێستۆرمێر کە هەردووکیان بە رەچەڵەك ئەڵمانی بوون، زانیارییە نهێنییەکانی تایبەت بە گواستنەوەی هێزەکانی رووسیاو پلانە جەنگیەکانی تێزاریان بە ئەڵمانییەکان راگەیاندووە. نوێنەرانی دووماش بە توندی لە دەستێوەردانەکانی راسپوتین لە کاروباری سەربازیو دەوڵەتی نارازی ببوونو لە کۆبوونەوەی مانگەکانی سێپتەمبەرو ئۆکتۆبەری دووما، نوێنەرانی دووما لەچەپو راستو لیبێراڵو تەنانەت ژمارەیك لە نوێنەرە دەمارگرژەکانی لایەنگری تێزاریش لەپشتی تریبوونەوە ئێستۆرمێرو راسپوتینیان خستە بەر پەلاماری رخنەو بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش رەخنەیان لە شاژن دەگرت. تێزار لە ئاکامدا لە

کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٦ بڕیاریدا، ئێستۆرمێر کە لەماوەی هەشت مانگ حکوومەتدا ناشارەزایی‌و لاوازی‌و ناشیاوی خۆی سەلماندبوو لەسەرکار لابەرێت. شاژن هەوڵیدا بە ناردنی نامەگەلێك بۆ تێزار کە لەواندا جەخت لەسەر باوەڕو متمانەی راسپوتین بەئێستۆرمێر کرابوو، هاوسەری لەم بڕیارە پەشیمان کاتەوە بەلاّم تێزار ئەمجارەیان راسپاردەکانی راسپوتین‌و شاژنی قەبووڵ نەکردو لە رۆژی نۆیەمی نۆڤەمبەر لە نامەیەکدا بۆ شاژنی نووسی کە "بە داخم ئەمجارەیان نەمتوانی پێشنیارەکانی دۆستەکەمان (راسپوتین) جێبەجێ‌بکەم. من کاتژمێرێکی‌تر ئێستۆرمێر ئاگادار دەکەمەوە کە دەست لە کار بکێشێتەوە. هیچکەس باوەڕی پێی نی‌یەو باڵوێزی بریتانیا پێی گوتم کە ئەگەر ئەم دەوڵەتە ماوەیەکی زیاتر لەسەرکار بمێنێتەوە تووشی شڵەژاوییەکی گشتی دەبینەوە". بەلاّم جێنشینی ئێستۆرمێر (ئالێکساندێر ترێپۆڤ)[31] یش نەیتوانی خۆی لەشەڕی راسپوتین دوورخاتەوەو هەر بەو هۆیەشەوە بە پێداگری شاژن، چەند کەس لە وەزیرانی لەسەرکار لابردراوەی حکوومەتی پێشووی کە راسپوتین پشتیوانی لێدەکردن وەك ئەندامی حکوومەتی نوێ هەڵبژارد. ترێپۆڤ هەوڵیدا بە پێدانی ٩٥٠٠٠ دۆلار بەرتیل‌و پێدانی ئیمتیاز گەلێکی وەك خانوویەکی بەشکۆ لە پێترۆگرادو خزمەتکارو پاسەوان، راسپوتین رازی بکات واز لە دەست تێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی بهێنێت، بەلاّم راسپوتین ئەو پێشنیارەی قەبووڵ نەکرد.



تێزار نیکۆلای دووهەم‌و مەلیکەئالێکساندرا لە جل‌وبەرگی رەسەنی خانەدانی پاشایەتی رووسیا

31-Alexander Trepov

ترێپۆڤ دواتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پەنای بۆ "گراندووك پاوڵ"[32] دوایین مامی زیندووی تێزار برد. پاوڵ لە دیمانەیەکدا کە رۆژی شازدەیەمی دێسەمبەری ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ تێزارو شاژن ئەنجامی دا، بەرەورووی مەلیکە ئالێکساندرا ئاماژەی بەو زیان‌و زەرەرانە کرد کە دەسەلاّت و بوونی راسپوتین لە دەرباری رووسیا لە شەرەف‌و کەسایەتی شاژن‌و تێزاری داوەو گوتی لە بەرژەوەندی تێزارو رووسیا دایە کۆتایی بەم بارودۆخە بهێندرێت. تێزار بە هێمنی گوێی لە قسەکانی مامی گرت‌و داوای لەهاوسەری کرد کە رای خۆی لەو بابەتەدا دەربڕێ. مەلیکە ئالێکساندرا بە توندی قسەکانی مامی تێزاری رەد کردەوەو هاوکات لەگەڵ پشتگیری لە راسپوتین، گوتی: "هەموو پێغەمبەران لەسەردەمی خۆیان نەفرەت‌و سووکایەتیان پێکراوەو هەموویان لە دەورانی ژیانیاندا بووختانی ناحەزیان خراوەتە پاڵ!". هەر لەو رۆژانەدا بووکە لە کۆبوونەوەیەکی دووما دا یەکێك لە بەناوبانگترین نوێنەرەکانی لایەنگری تێزار بەناوی "پۆریشکۆڤیچ"[33] کە نووسەرو شاعیری بەناوبانگی سەردەمی خۆی بوو، لە وتارێکی توندوتیژ کە نێزیك بە دوو کاتژمێری خایاندو بە چەپڵەرێزانی نوێنەرەکانی‌تر پێشوازی لێکرا، هێرشی کردە سەر راسپوتین‌و بە ترێپۆڤ‌و وەزیرەکانی گوت: "بەرێزان ئەگەر کەمترین هەستی نیشتمان پەرەستی لە دەروونتان دایە. ئەگەر ناوو شانازییەکانی رووسیاو کەرامەت‌و کەسایەتی تێزارتان خۆش دەوێت، بچنەلای تێزار. بکەونە ژێر پێی‌و پێی بلێن رووسیا لەمەترسی دایە. ئێمە لەسەرەتای شۆڕش داین‌و نابێت "موژیك"[34] یکی نەناسراو خراپی‌تر لەسەر وڵاتی ئێمە حکوومەت بکات". لەو کۆبوونەوە پڕجۆش‌و خرۆشەی دووما کە ئەو قسانە بە راسپوتین دەگوترا، کەسایەتییەکی بەناو بانگ لەنێوان بینەران ئامادە بوو. ئەو کەسایەتییە ناودارە شازادە "فلێکس یۆسوپۆڤ "[35] بووکە تەمەنی بیست‌و نۆساڵ‌و لەو کاتەدا دەوڵەمەندترین پیاوی رووسیا بوو. ئەو زەوییانەی کە لە باوکی بە میرات بۆی مابۆوە بریتی بوون لە ٣٧پارچە زەوی گەورەو حەوت کۆشکی بە شکۆ لە مۆسکۆو پێترۆگرادو قەسرگەلێکی جۆراوجۆر لە نیمچە دوورگەی کەریمە. یۆسوپۆڤ لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ تەنیا یەکێك لە زەوییەکانی ئەو نزیکەی دووسەد کیلۆمەتر بە درێژایی کەناری رۆژئاوای دەریای خەزەر درێژەی هەبوو کە سەرچاوەکانی نەوت‌و گازو کانزای ئاسنی تێدا بوو. نرخی زەوی‌و زارو سەرمایەو کارگەکانی بە ٣٥٠ تا ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەو کات مەزندە کراوە

32-Grand Dake paul


33.Purishkevich

٣٤. Moujik دەستەواژەیەکی رووسی‌یە کە بە گوندییەکی نەخوێندەوار یان مرۆڤێکی نەزان دەوترێ

35-Felix Yousoupov

لەو نامەیەدا کە دوای مردنی راسپوتین بەدەست کەوتووەو نامەکەی بەناوی بچووکی خۆی (گریگۆری) واژۆ کردووە، هاتووە کە ئەگەر بەدەستی کەسێکی ئاسایی بکوژرێت، رووسیا تووشی هیچ مەترسییەك نابێتەوە بەلاّم ئەگەر دەستی شازادەیەك یان کەسێکی نەجیب زادەی دەربار بە خوێنی ئەو سووربێت ئەوە رووسیا بۆماوەی ٢٥ ساڵ هێمنی بەخۆیەوە نابینێ‌و هیچ شازادەو نەجیب زادەیەك لەو ولاّتەدا نامێنێتەوە. راسپووتین لە کۆتایی ئەو نامەیەدا بۆ تێزاری نووسیوە: "تێزاری ولاّتی رووسیا، ئەگەر رۆژێك زەنگوڵەکانی کەنێسە هەواڵی مردنی گریگۆری بە تۆ رابگەیێنن، ئەوە بزانە ئەگەر دەستی شازادە یان خزمێکی تۆ بەخوێنی من سووربێت، هیچکەس لە ئەندامانی بنەماڵەی تۆ تەنانەت منداڵەکانیشت زیاتر لە دووساڵ دوای مردنی من زیندوو نامێننەوەو هەموویان بەدەستی گەلی رووسیا دەکوژرێن. "یۆسۆپۆڤ بۆ جێبەجێکردنی پیلانی کوشتنی راسپوتین لە خا لەسەرەکییە لاوازەکەی ئەو، واتە هۆگری بە ژنانی ناسراو جوانی دەربار کەڵکی وەرگرت‌و بەبیانووی ئەوەی کە هاوسەرەکەی، پرەنسێس "ئیرینا" دەیهەوێت بە شێوەیەکی تایبەت‌و نهێنی چاوی بەراسپوتین بکەوێت، ئەوی بۆ کۆشکی خۆی لەشاری پێترۆگراد بانگهێشتن کرد. راسپوتین کە پرەنسێس ئیرینای لەهەندێك لەمیوانی‌یەکانی دەرباربینی بووو هەڵخەڵەتاوی جوانی ئەو ببوو، بە بێ بیرکردنەوە ئەو بانگهێشتنەی قەبووڵ کردو بەڵێنی دا ئەو میوانی‌یە بە نهێنی بپارێزێت. بەلاّم پرەنسێس ئیرینا لەو کاتەدا لە یەکێك لە کۆشکەکانی هاوسەری لە نیمچە دوورگەی کەریمە (کە دواتر کۆنفرانسی یالّتا لەوێ بەسترا) دەژیاو لە کۆشکی نیشتەجێ بوونی یۆسۆپۆڤ لە پێترۆگراد تەنیا ئەو پێنج کەسەی کە پلانی کوشتنی راسپوتینیان دارشتبوو، چاوەڕێی ئەویان دەکرد. بکوژەکانی راسپوتین دوای کوشتنی ئەو بۆ شاردنەوەی تەرمەکەی، رووباری بەستەلەکی"نوا"یان کە لە تەنیشت کۆشکەکەی یوسۆپۆڤەوە تێدەپەڕی، کون کردو لاشەکەیان خستە ناوی. بەلاّم راسپوتین لەدوایین هەوڵەکانیدا بۆ دەرباز کردنی گیانی، دەستی بە کونەکەوە گرتبوو هەر لەوێشدا لەسەرما رەق هەلاّتبوو. ئەندامانی پۆلیسی نهێنیی تێزار دوای دوو رۆژ گەڕان بە دوای راسپوتین تەرمەکەیان دۆزییەوەو لەرەوتی ئەم گەڕانەو هاوکات لەگەڵ گەڕانی ماڵی راسپوتین نامەکەی ئەویان دۆزیەوە کە چەند رۆژ بەر لەکوژرانی نووسیبووی‌و لەسەر

کە تەنانەت لەسەرمایەی تێزارەکانیش زۆرتر بوو. یۆسۆپۆڤ رۆژی دواتری کۆبوونەوەکەی دووما کە قسەکانی پۆریشکۆڤیچی بیستبوو، سەردانی کردو گوتی بۆ رزگاری رووسیا هیچ رێگەیەك جگە لە کوشتنی راسپوتین لە بەر دەستدا نی‌یەو ئەو ئامادەیە ئەم کارە بکات، بەلاّم بەتەنیایی ناتوانێ سەرکەوێت. پۆریشکۆڤیچ بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەو دەربڕی‌و ئەو دووانە بۆ ئەنجامدانی پلانەکەیان چەند کەسێکی‌تریشیان بۆ هاوکاری کردنی خۆیان دیاری کرد کە بریتی بوون لە "گراندوك دیمیتری پاولۆڤیچ"[٣٦]، کوڕی ٢٦ساڵەی مامی تێزارو پزیشکێك‌و ئەفسەرێکی سوپا کە هەر دووکیان برادەری پۆریشکۆڤیچ بوون. یۆسۆپۆڤ و هاودەستانی دوایین رۆژەکانی مانگی دێسەمبەریان بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان تەرخان کرد. یەکێك لە رووداوە سەیرو سەمەرەکانی ژیانی راسپوتین کە ئەفسانەگەلێکی سەبارەت بە ژیانی ئەو دروست کردووە، نامەیەکە کە لەدوایین حەوتووی مانگی دێسەمبەری ساڵی ١٩١٧دا نووسیویەتی‌و لەو نامەیەدا مردنی خۆی لەسەرەتای مانگی ژانڤیەی ساڵی ١٩١٧ پێشبینی دەکات.



راسپوتین لە رۆژەکانی کۆتایی تەمەنی

36-Dimitry Pavlovich

مێزی کارەکەی دانا بوو. هەواڵی کوژرانی راسپوتین مەلیکە ئالێکساندراو تێزاری بە توندی هەژاندو لە ئاکامدا تەرمەکەیان لە باخچەی پاشایەتیی "تسارکۆییێ- سێلۆ"[37] بە خاك ئەسپاردو تێزارو شاژنو چەند کەس لە ئەندامانی خانەدانی رووسیا لەرێورەسمی بە خاك ئەسپاردنی ئەو ئامادە بوون. تێزار کە پیاوێکی خۆرافی بووو بێ ئەوەی ئاگادار بوایە دەکەوتە ژێر کاریگەری راسپوتین، دوای ئاگادار بوونەوە لەناوەرۆکی دوایین نامەکەی ئەو بەتوندی ترساو خۆی دۆڕاند. موریس پاڵئۆلۆگی باڵوێزی فەڕانسە لەدەرباری رووسیا کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، رۆژی حەوتەمی ژانڤیە، واتە هەشت رۆژ دوای کوژرانی راسپوتین سەردانی تێزاری کردو ئاسەواری ترسو سەر لێشیواوی ئەوی بەروونی بینی. ئەو لەبارەی ئەو دیمانەیە دەنووسێ: "تێزار نزیەکەی دووکاتژمێر منی لای خۆی راگرتو لەو ماوەیەدا ئاسەواری پەرێشانیو خەمێکی قووڵم لەروخساریدا بینی. قسە پەرتوبڵاوەکانیو بێدەنگی درێژ خایەنو روخساری شێواوو چاوتێبڕینە بێمەبەستەکانیو درێژەکێشانی قسەو بڕینە لەنەکاوەکانی، بەروونی نیشانی دەدا کە خۆی دۆڕاندووەو وای هەست دەکرد کە کارەساتەکان وەپێشی کەوتوون. لە کۆی قسەکانی تێزار واتێگەیشتم کە تێزار خۆی بەچارەنووس ئەسپاردووەو پێش ئەوەی کە ناچاربێت دەست لەپۆستی پاشایەتی هەڵگرێ، پێیوابوو کۆتایی بەئەرکەکانی هێناوە"[38]. باڵوێزی فەڕانسە لەم چاوپێکەوتنەدا هەوڵیدا تێزار رازی بکات تا بە هاوکاری دووما دوەڵەتێکی بەهێز پێك بهێنێ کە لەبەرامبەر دوومادا هەست بە بەرپرسایەتی بکات. بەڵام تێزار لە وەڵامی پێشنیارەکانی ئەو پتر بێدەنگ دەبووو یان وەڵام گەلێکی پەرتو بڵاوی دەداوە کە بۆ باڵوێزی فەڕانسە بێماناو لێڵ بوو. پاڵئۆلۆگ دوای ئەو چاوپێکەوتنە چووە لای هاوکارە بەریتانیاییەکەی بەناوی سێرجۆرج بوکانان[39] و هاوکات لەگەڵ دەربڕینی پەرۆشی خۆی سەبارەت بە باری دەروونی تێزار داوای لە باڵوێزی بریتانیا کرد کە بەبێ فیرۆدانی کات سەردانی تێزار بکاتو بارودۆخی شڵەژاوو مەترسییەکانی داهاتووی بەگوێدا بخوێنێ. بەڵام سەردانی باڵوێزی بەریتانیاش هیچ دەرەنجامێکی لێنەکەوتەوەو تێزار وەڵام گەلێکی سەبارەت بە بۆچوونەکانی

37-Tsarkoi-selo

38-M. Paleologue-La Tsarine mysterieuse p.139.

29-Sir George Buchanan

ئەو داوەکە لەلاوازی ئەو لە بڕیاردان سەرچاوەی گرتبوو. دوای باڵوێزەکانی فەڕانسەو بریتانیا، روودزیانکۆی سەرۆکی دووماش لە رۆژی بیستەمی ژانڤیەی ساڵی ١٩١٧ چووە لای تێزارو لەچەند قسەیەکی رووتو بێپەردەدا وتی: "خاوەن شکۆ، بارودوخی وڵات لەهەمووکات مەترسیدارترە... تووڕەییو نارەزایەتیخەڵك گەیشتۆتە رادەیەك کە بەروونی رووداني هەرجۆرە ئاژاوەو شۆڕشێك چاوەڕوان دەکرێ...هەموو گەلی رووسیا خوازیاری گۆڕانی دەوڵەتو دانانی سەرۆك وەزیرانێکن کەدەنگ ومتمانەی گشتیی هەبێتو سەبارەت بەگێرو گرفتەکانی خەڵك هەست بە بەرپرسیارێتی بکات... خاوەن شکۆ بێشەرمانە دەبێ بڵێم، هیچکەسێکی داوێن پاك لەدەوروبەرت نەماوە کە بتوانی پشتی پێببەستیو کەسانی شیاوو داوێن پاك دەوروبەریان چۆڵ کردووی... ئیتر ئەمە نهێنییەك نییە کە خاوەن شکۆ شاژن دەست لەهەموو کاروباری وڵات وەردەداتو وەزیرانی حکوومەت راپۆرتەکانیان بەشاژن دەدەنو فەرمان لەو وەردەگرن... بێپەردە بڵێم کە کردەوەکانی ئەو بۆتە هۆی رقو بێزاری گشتیو گەلی رووسیا شاژن بەسیخوری ئەڵمانیا دەزانن..." تێزار بە تووڕەییەوە وتی: "چ بەڵگەیەکتان بۆسەلماندنی قسەکانتان هەیە؟"روودزیانکۆ لە وەڵامدا وتی: "خاوەن شکۆ ئەمانە بەڵگەیان ناوێت... ئەو شێوازەی کە شاژن گرتوویەتە بەرو دەرەنجامی دەستێوەردانەکانی لە کاروباری حکوومەتدا ئەم گومانەی درووست کردووە... خاوەن شکۆ لە بەر رووسیاو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆتان



تێزار نیکۆلای دووهەم و کوڕەکەی

مەهێڵە شاژن درێژە بەو دەستێوەردانانە بدات... کارێك مەکە خەڵك ناچار بن لەنێوان تۆو بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت یەکیان هەڵبژێرن". ژینراڵ ئالێکسیڤی سەرۆکی ناوەندی سوپای رووسیا هاوشێوەی ئەو قسەیەی گوتبوو کە ئەگەر بڕیار بێت لەنێوان رووسیاو تێزار یەکیان هەڵبژێرم، بەدڵنیاییەوە رووسیا هەڵدەبژێرم. لە ئەنجامدا تێزار لە کۆتاییەکانی ژانڤییە سەرۆك وەزیرانێکی نوێی هەڵبژاردو ئەویش خراپترین هەڵبژاردن بوو بۆ چارەسەری گرفتە گەورەکانی دەوڵەت لە یەکێك لەسەردەمە پڕ لە قەیرانەکانی رووسیا. سەرۆك وەزیرانی نوێ، پرەنس "نیکۆلای گۆلیستین"[٤٠]ی پیرەمێرد بوو کە هیچ ئەزموونێکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت نەبووو پێش وەئەستۆ گرتنی ئەوپۆستە، جێگری سەرۆکی یەکێك لەدامەزراوە خێرخوازییەکانی رووسیا بوو. گۆڕینی سەرۆك وەزیران بارودۆخی خراپتر کرد. لەبەرئەوەی کە گۆلیستین لە پێشینیانی خۆی ناشیاوتر بووو دەسەڵاتی مەلیکە ئالێکساندراش بە مانەوەو جێگیر بوونی چەند کەس لە وەزیرانی حکوومەتی پێشوو لە دەوڵەتدا بەردەوام مایەوە.

***

بەدرێژای مانگی فیۆریەی ساڵی ١٩١٧ زیاتر لە پێشوو بارودۆخی رووسیا شڵەژا. ژمارەیەکی زۆر لەکارخانەکانی رووسیا بەهۆی نەگەیشتنی سووتەمەنیو کەرستەی خاو لە کار وەستان. سەرمای زۆری ٣٠ تا ٣٥ پلەی ژێر سفرو بارینی بەفری قورس لە رووسیا بووە هۆی بەسترانی رێگاکانو سەرهەڵدانی قاتو قڕیو کەم بوونی خواردەمەنی لە شارەکان. حیزبو گرووپە چەپەکانی وەکوو بێلشویکەکانو مێنشویکەکانو سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان تێکۆشانی خۆیان لەنێوان کرێکارانو لاوانو تەنانەت هێزە چەکدارەکانیش چڕتر کرد. لەسەر داواکاری وەزیری دەوڵەت کە هەستی بە خراپیو شڵەژاوی بارودۆخی وڵات دەکرد، یەکەکانی سوپا لە شەقامو ناوەندە گرینگەکان جێگیر بوون تا لەبەرامبەر بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان رابوەستن، بەڵام ئەو کارە بووە هۆی لاوازتر بوونی سوپا و تەشەنەکردنی بیری شۆڕشگێڕی لەنێوان ئەفرادادی سوپا. لە رۆژی بیستو حەوتەمی فیۆریەدا بۆ یەکەمین جار لەپشت تریبوونی دووما وتارێکی توندوتیژ بە دژی تێزارو بنەماڵەی پاشایەتی خوێندرایەوە. وتاربێژەکە (ئالێساندێر

40-Nicholas Golistyn

کرێنسکی)[٤١] یەکێك لە رێبەرانی لیبراڵو میانەرەوی دووما بووو وتنی ئەو وتانە لەلایەن ئەوەوە نیشانەی ئەوە بوو کە ئیتر کەس سەبرو تاقەتی نەماوە.

کاتێك شاژن لەو وتارە کە بۆ یەکەمین جار داوای لەسەرکار لابرانی تێزار نیکۆلای دووهەمی تێدا بەیان کرابوو ئاگاداربۆوە، بە رقەوە هاواری کرد کە دەبێ ئەو پیاوە بە تاوانی خەیانەت لەدار بدرێ. تەنانەت شاژن بەبێ ئاگادار کردنەوەی تێزار فەرمانی بە سەرۆك وەزیران دا کە پێشەکییەکانی تۆمەتبارکردنو دواییش دەستبەسەر کردنی کرێنسکی ئامادە بکات. بەڵام رۆودزیانکۆی سەرۆکی دووما بەلایەنگری لەو گوتی کە هەرگیز ئیزنی دەستبەسەر کردنی کرێنسکی نادات. لەحەوتەی یەکەمی مانگی مارسی ساڵی ١٩١٧دا خۆپێشاندانو شەڕو پێکدادان لە شەقامەکانی پێترۆگراد دەستی پێکرد، بەڵام تێزار لەو کاتە پڕ قەیرانەدا، واتە رۆژی حەوتەمی مارس بڕیاریدا کە دووبارە پێتەخت چۆڵ بکاتو بگەڕێتەوە بنکەی سەرکردایەتی هێزەکانی رووسیا. تێزار پێی وابوو بە گەیشتنی چەکی نوێ لە بریتانیاو فەڕانسەوە دەتوانێ خۆی بۆ هێرشی گەورەی بەهار ئامادەبکاتو بە سەرکەوتن لەو شەڕەدا هەموو گرفتە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات. ئەمەش لە حالێکدا کە ئاگری شۆڕش لە پێتەخت زۆر بەتین بووو هیچ دەرفەتێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیلانە دوورو درێژانە نەدەهێشتەوە. لەرۆژی هەشتەمی مارس واتە رۆژێك دوای بە جێهێشتنی پێتەخت لەلایەن تێزارەوە، کرێکارانی پێترۆگراد مانیان گرت. کرێکارە مانگرتووەکان بە شەقامەکانی شاردا دەرۆیشتنو لەچەند جێگەیەکی شار تووشی شەڕو پێکدادان لەگەڵ هێزە چەکدارەکان بوون. لەرۆژی نۆهەمی مارس شێواوی شار بەرفراوانتر بووو ژێنراڵ "خابالۆڤ"[٤٢]، سەرکردەی بنکەی سەربازی پێترۆگراد لە رۆژی دەیەمی مارس دوای رازی کردنی شاژنو ئیزن وەرگرتن لە تێزار لە رێگای تێلێگرافەوە، تەقەی لە کرێکارانی مانگرتوو کردو بەو کارە ئاگری شۆڕشی خۆشتر کرد. شاژن کە لەو رۆژە ئاڵۆزانەدا لە تسارکۆیێ سلۆ لە نێزیکی پێتەخت بوو، هەموو رۆژێك بارودۆخەکەی بە تێزار رادەگەیاندو بەهۆی ئەو ئاگادارییە نادرووستو درۆیانەی کە لایەنگرانو ئەفرادی ریاکاری دەربار بە شاژنیان رادەگەیاند، شڵەژاویو ئاڵۆزی باروودۆخی لەوەی کە هەبوو

41-Alexander Kerensky

42-Khabalov

کەمتر دەنواند. لە پەیامی ڕۆژی نۆیەمی دێسەمبەری شاژن بۆ تێزار هاتووە: "سەرەڕای هەندێك شێواوی‌و ئاڵۆزی کە لەچەند بەشێکی شار ڕووی داوە، خابالۆڤ توانیویەتی بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات" لە پەیامی ڕۆژی دەیەمی مارسی ئەو هاتووە کە "مانگرتوانو ئاژاوەگێران ئەمڕۆ ڕوودارترو نەترستر لە دوێنێ بوون. شڵەژاوییەکە زۆرتر لەلایەن کەسانی بێکارو گێرەشێوێنو ئاژاوەگێر دروست بووە. لاوانو خوێندکارانێك کە تا ئەمڕۆ تەنانەت ڕۆژێك برسێتیان نەچێژاوە بەردەوام هانی هەژارانو کرێکاران دەدەن کە هاواری برسێتی بەرزکەنەوەو شۆڕش بکەن. من دڵنیام ئەگەر هەوا ساردتر بوایە ئەوانە لەماڵێ وەدەر نەدەکەوتنو ئاوری ئاژاوەیان خۆش نەدەکرد !".



مەلیکە ئالێکساندرا و چوار کچەکەی، ئۆڵگا، تاتیانا، ماریا و ئاناستازیا

مەلیکە ئالێکساندرا هەر لەو پەیامەدا هاوسەری دڵنیا دەکاتەوە کە ئەگەر دەسەڵاتی پێویست بە خابالۆڤ بدرێت، ئەوە ئاژاوەکە بە تەواوی سەرکوت دەکرێ. تێزار بە ڕواڵەت لەژێر کاریگەری هاوسەری، بۆ سەرکوتی ئاژاوەکە دەسەڵاتی تەواو بە خابالۆڤ دەدات. خاڵێکی گرینگتری دیکە کە لە پەیامی ڕۆژی دەی مارسی شاژن بۆ تێزار دەبیندرێت، ئەوەیە کە شاژن لەو پەیامەدا بە توندی هێرش دەکاتە سەر دووماو دەنووسێ: " لە دووما هێرشی توندو بوێرانە لەسەر

حکوومەتو دەسەلات دەکرێت. هەڵبەت ئەم وتارانە لە ڕۆژنامەکاندا بلاو ناکەنەوە. بەلام بۆ پێش گرتن لە درێژە کێشانی ئەو بارودۆخە پێویستە سزای نوێو قورس بۆ ئەو کەسانەی کە بە دژی ڕێژیمو بنەماڵەی پاشایەتی قسەدەکەن پەسند بکرێت". لە پەیامی ڕۆژی یازدەهەمی مارسی مەلیکە ئالێکساندرا هاتووە "زۆربەی ئاژاوەکان لەلایەن کەسانی بێکارەو کچانو کورانی خوێندکارو ژمارەیەك تەرپۆشو تێرو حەساوە کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ کرێکارانی مانگرتوودا نی‌یە پەرەی پێدەدرێت. لەو ڕۆژانە ژمارەیەك سەربازی برینداریش لەنێوان خۆپیشاندەران دەبیندرێن کە ئەوانیان بۆ هاندانی کەسانی‌تر بەتایبەت ئەفسەرانو سەربازانی سوپا هێناوەتە نێو گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکە..." مەلیکە ئالێکساندرا لەسەرەتای چوونە ناو شۆڕشدا پەیامێك بۆ تێزار دەنووسێ کە شیاوی خوێندنەوەیەو لەم پەیامەدا دەنووسێ: "وابزانم بە زوویی هەموو شتێك چاك دەبێتەوەو جێگەی پەشۆکاوی نی‌یە. ئەمڕۆ خۆر دەدرەوشێتەوەو من هەست دەکەم کە خۆشەویستە کۆچکردووەکەمان لە گۆڕدا هێدی نووستووە. ئەو بەخاتری ئێمە گیانی بەخت کرد!". مەبەستی شاژن لە "خۆشەویستە کۆچکردووەکەی" راسپوتینە کە رووحە شەیتانی‌یەکەی چەند مانگ دوای مردنیش هەر رووحو دڵی شاژنی داگیر کرد بوو. بەلام دروست لەو ڕۆژانەدا کە شاژن ئەو پەیامە هیواو سوکنا بەخشەی بۆ هاوسەری نارد، روودزیانکۆی سەرۆکی دووماش تێلێگرافێکی ئاگادارکەرەوەی بۆ تێزار ڕەوانە کرد. لە تێلێگرافی ڕۆژی یازدەیەمی مارسی ئەو بۆ تێزار دەخوێنینەوە کە "بارودۆخ زۆر ناسكو مەترسیدارە. بێ سەرەو بەرەبییەکی تەواو پێتەختی گرتۆتەوە. دەوڵەت فەلەج بووەو سووتەمەنی‌و خۆراك زۆر کەمو دەگمەن بووە. ئامرازی گواستنەوەی گشتی لە کار کەوتووە... نارەزایەتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. هێزەکانی ئاسایش لەبەرامبەر مانگرتوانو خۆپیشاندەران سەریان لێ شێواوەو هەندێکیان تەقە لە هاوڕێیانی خۆیان دەکەن.. ئەگەر تێزار بەخێرایی بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەرپرسیارو بەهێزو شیاو نەدات کارەساتو نەهامەتی دێتە ئاراوە..." روودزیانکۆ ڕۆژی دواتر (دوازدەیەمی مارس) پەیامێکی تاڵتری بۆ تێزار ناردو تێزاری لە ڕقو نارەزایەتی توندی نوێنەرانی دووما ئاگادار کردەوە. تێزار کە پێشتر پەیامەکەی شاژنی سەبارەت بە هەندێك جووڵانەوەی دووما دژی دەربارو پۆستی پاشایەتی پێگەیشتبوو، هەر ئەو ڕۆژە لە وڵامێکی کورتدا بۆ روودزیانکۆ فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دوومای دەرکرد. روودزیانکۆ لە وڵامی تێزار تێلێگرافێکی خێرای

بەم نێوەرۆکە نارد کە "بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خاوەن شکۆ کۆبوونەوەکانی دووما بە شێوەیەکی کاتی رادەگرین تا رەنگە ئێوە لە بڕیاری خۆتان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی دووما پاشگەز بنەوە.. بە داخرانی دووما دوایین سەنگەری پاراستنی رێکوپێکی‌و یاسای وڵات دادەڕمێ‌و دەوڵەتیش توانای سەقامگیر کردنی رێکوپێکی‌و ئاسایشی نامێنێتەوە... من داواتان لێدەکەم هاوکات لەگەڵ فەرمانی سەر لەنوێ دەستپێکردنەوەی کارەکانی دووما، بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی بەرپرسیار دەر بکەن ئەگەر لەم کارە پەلە نەکەن سوپاش لێك بلاو دەبێتەوەو بە پێشڕەوی‌و سەرکەوتنی سوپای ئەڵمانیاش، لەناو چوونی دەوڵەتی رووسیاو حکوومەتی بنەماڵەی ئێوە مسۆگەر دەبێت... کاتی پەسند کردنی بڕیاری دیاریکردنی چارەنوسی خۆتان‌و رووسیا گەیشتوە... سبەینێ زۆر درەنگ دەبێت..." سەرەڕای فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دووما لەلایەن تێزارو داخستنی کاتی دووما لەلایەن رووذزیانکۆوە، نوێنەرانی دووما بڕیاریان دا لە باڵەخانەی دووما نەچنە دەرێ‌و کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پێك بهێنن. لەرۆژی چارەنووس سازی دوازدەیەمی مارس رووداو گەلێکی‌تریش رووی دا: ئەندامانی کەتیبەیەکی هێزی ئاسایش راپەڕین‌و سەرکردەکەی خۆیان کوشت‌و گرووپێك لە قەزاقەکان پێوەندییان بە خەڵکەوە گرت‌و حەشیمەتێکی زیاتر لە سی هەزارکەسی لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وەکوو کرێکاران‌و خوێندکاران‌و سەربازان‌و ژنان بەرەو دووما وەڕێکەوتن. لەکاتێکدا کە حەشیمەتەکە بەرەو دووما لە رۆیشتن دابوون، نوێنەرانی دووماش لە تەلاری کۆبوونەوەکاندا لەدەوری یەك کۆ ببونەوە. پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووما دوای دەرچوونی فەرمانی هەڵوەشانەوەی دووما لەلایەن تێزارەوە مانای شۆڕش‌و بەرنگار بوونەوەی بە دژی تێزار دەدا. لەو کۆبوونەوەیەدا وتاری توندوتیژ بە دژی شاژن‌و تێزار خوێندرایەوەو ژمارەیەك لە نوێنەرانی دووما پێشنیاریان کرد کە دووما گوێ نەدا بە فەرمانی تێزارو خۆی وەك جێنشینی دەوڵەت یان ئەنجوومەنی دامەزرێنەران بناسێنێت. رۆژی سێزدەهەم گراندووك میخائیلی برای تێزار جارێکی‌تر بۆ رزگاری رێژیم دەستبەکار بووو داوای لەسەرۆکی ناوەندی سوپای رووسیا (ژێنراڵ ئالێکسیڤ) کرد بڕواتە لای تێزارو داوای لێ بکات کە بە دانانی سەرۆك وەزیرانێکی هەڵبژێردراوی خەڵك‌و هەروەها بە پاشگەز بوونەوە لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دووما، لە رێگایەکی شیاوەوە بەرنگاری ئەو قەیرانە بێتەوە. بەلاّم تێزار کە لەناوەندی سەرکردایەتی هێزەکان‌و لە شەمەندەفەرە تایبەتییەکەی خۆی دانیشتبوو، بە تەواوی ئاگاداری بارودۆخەکە

نەبووو هەر بۆیەش گرینگی بە پەیامی براکەی نەدا. ئەو هێشتاش لەژێرکاریگەریی لەمێشك رۆکردنەکانی شاژندا پێی وابوو کە دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات‌و هەر بۆیەش بێ ئەوەی بیر لە رێگا چارەیەکی‌تر بکاتەوە ئەرکی سەرکوتی شۆڕشی پێترۆگرادی بە ژێنراڵ "ئیڤانۆڤ "[٤٣] ئەسپارد. ئیڤانۆڤ و سەربازەکانی بەرەو شاری پێترۆگراد وەرێکەوتن‌و تێزاریش بۆ ئەوەی کە دوای سەرکوتی شۆڕشەکە سەرکەوتوانە بچێتەوە نێو شاری پێترۆگراد، فەرمانی‌دا کە شەمەندەفەری پاشایەتی بەرەو "تسارکۆیێ-سلۆ" لە نێزیکی پێتەخت وەڕێکەوێت. لە یەکێك لە ئێزگاکانی نێوان رێگادا هەواڵی شێواوی‌و نالەباری بارودۆخی شارو زاڵ بوونی شۆڕشگێڕان بە سەر شاری پێترۆگرادو دەوروبەریان بە تێزار راگەیاند. شەمەندەفەری پاشایەتی بۆ "پێسکۆڤ "[٤٤] کە یەکێك لە بنکە سەربازییەکان بوو، گەڕایەوە تا دوای رۆیشتنە ژوورەوەی هێزەکانی ئیڤانۆڤ دووبارە بەرەو پێتەخت وەڕێکەوێت. تێزار هێشتاش هیوادار بوو کە ئیڤانۆڤ بتوانێ بەبێ بەرەوڕوو بوونەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ شۆڕشەکە تێك بشکێنێ. مەلیکە ئالێکساندرا کە هێشتاش لە "تسارکۆیێ- سلۆ" (لە نزیکی پێتەخت) مابۆوە، ئەو بیرەی لەمێشکی تێزار رۆ دەکرد کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لەسەربازەکان پشتیان لێکردووەو زۆربەی هێزەکانی ئاسایشیش پێی وەفادار ماون. شاژن لە رێکەوتی سێزدەیەمی مارس لە پەیامێکدا بۆ تێزار دەنووسێ: "ئەمڕۆ نەمتوانی پێوەندیتان پێوە بگرم... وادیارە کەسانێك هەوڵ دەدن پێوەندی ئێمە بپچڕێنن‌و ئێوە ناچار بکەن کە یاسایەکی بنەڕەتی یان شتێکی مەترسیدارتری لەو بابەتە واژۆ بکەن. من لێتان دووپات دەکەمەوە کە نەچنە ژێر باری واژۆی ئەو جۆرە لاپەڕانە. بەو جۆرەی کە دەڵێن بارو دۆخەکە ئەوەندە ئاڵۆزو مەترسیدار نی‌یە. ئەفسەران‌و سەربازانی سوپا جگە لە ژمارەیەك خۆفرۆش هێشتاش پێتان وەفادار ماون. تەنیا ئەوەندە بەسە کە لە پێسکۆڤ‌و ناوەندەکانی‌تری جێگیربوونی هێزەکانی ئاسایش خۆت وەدەرخەی، دەبینی کە چۆن لە تەنیشتت رادەوەستن‌و بۆ هەر گیانبەخت کردنێك ئامادە دەبن". بەلاّم شاژن بەتەواوی لە هەڵە دابوو. رێکخراوی سوپا پەڕش‌و بلاو ببووو بەشێکی گەورە لە هێزەکانی ئاسایشی پێتەخت بەجێگەی تێزارو

43- Ivanov

44- Peskov

سەرکردەکانی خۆیان، پێڕەوییان لە فەرمانی ئەنجوومەنە شۆڕشگێڕییەکانی سەربازانو کرێکاران دەکرد کە بەکردەوە ببوونە جێنشینی دەوڵەت. لەنێوان سەرکردە پایە بەرزەکانی سوپاشدا ناڕەزایەتییەکی توند دەبیندرا، بە شێوەیەك کە ژێنراڵ "رۆزسکی"[45]، سەرکردەی ناوەندی هێزەکانی ئاسایشی پێسکۆڤیش دوای چوونە ژووریی تێزار بۆ ئەو بنکەیە، خراپیو شڵەژاوی بارودۆخی بە گوێدا هەڵکوتاندو گوتی کە سوپا ناتوانێ لە هەر دوو بەرەی ناوخۆییو دەرەکی شەڕ بکات. ژێنراڵ رۆزسکی کە یەکێك لە ئەفسەرە شایانو باوەڕپێکراوەکانی تێزار بوو، دوای وتوویژێکی زۆر توانی تێزار رازی بکات کە رێگا چارە پێشنیارییەکەی گراندۆك میخائیل قەبوولْ بکاتو هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی سەرۆك وەزیرانێکی کارامەو جێگەی متمانەی خەڵك، هێزی دووما بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەربازانو کرێکاران، نوێیو زیندوو کاتەوە. تێزار بڕیاریدا کە روودزیانکۆی سەرۆکی دووما بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێرێو ئەرکی ئاگادار کردنەوەی روودزیانکۆی لەئەستۆی ژێنراڵ رۆزسکی خست. رۆزسکی هەروەها داوای لە تێزار کرد کە فەرمانی ئیڤانۆڤیش سەبارەت بە هێرش بردنە سەر پێتەخت هەڵوەشێنێتەوە. تێزار ئەو داواکارییەشی قەبوولْ کرد. تێزار ئەو بڕیارانەی لە کاتژمێر سێو نیوی نیوە شەوی چواردەی مارس پەسندکرد. ژێنراڵ رۆزسکی دەستبەجێ ئەو بڕیارانەی بە روودزیانکۆ راگەیاند. روودزیانکۆ لە وڵامدا گوتی ئەگەر تێزار ئەو بڕیارانەی چەند حەوتوویەك لەمەوبەر دەربکردایە رێگایەکی رزگاری دەماوە بەڵام ئێستا ئیتر خەڵك داوای دەست لەکارکێشانەوەی تێزار دەکەن. کاتێك کە ژێنراڵ رۆزسکی ئاکامی وتوویژەکانی لەگەڵ روودزیانکۆ بۆ تێزار باس دەکرد، تێلێگرافێکی ژێنراڵ ئالێکسیڤ (سەرۆکی ناوەندی هێزەکانی رووسیا) بەدەستی تێزار گەیشت. ئالێکسیڤ لەو تێلێگرافەدا نووسیبووی کە ورەی سوپا زۆر لاواز بووەو تەنیا دەست لەکار کێشانەوەی تێزار بە قازانجی کوڕەکەی (جێنشین) و جێگری گراندووك میخائیل دەتوانێت ورەی سەربازەکان بۆ درێژە پێدانی شەڕ بەرز کاتەوە. ژێنراڵ جەختی لەسەر ئەوەش کردبۆوە کە تێزار هەرچی درەنگتر بڕیار بدات ئەوە مەترسیش زیاتر دەبێتو رەنگە ئیتر شۆڕشگێڕان بە مانەوەو بەردەوام بوونی سیستەمی پاشایەتیش رازی نەبن. تێزار کە لەقەبوولْ نەکردنی پێشنیاری سەرۆك وەزیران لەلایەن روودزیانکۆو تێلێگرافی

45-Ruzsky

سەرۆکی ناوەندی هێزەکان بەتەواوی غافڵگیرو حەپەسا بوو، تێلێگرافی ژێنراڵ ئالێکسیڤی دا بەدەست رۆزسکیو گوتی ژێنراڵ روانگەی ئێوە چیە؟ رۆزسکی وڵامی داوەو گوتی: "ئەو بابەتە ئەوەندە گرینگە کە ناتوانم بە خێرایی وڵامی خاوەن شکۆ بدەمەوە. کەمێکم دەرفەت بدەیە تا بۆچوونی سەرکردەکانیتریش بپرسم". رۆزسکی لە دوانیوەڕۆی چواردەیەمی مارسدا دیسان رۆیشتەوە بۆ لای تێزارو ئەمجارەیان دوو ژێنراڵیتری لەگەڵ خۆی برد. رۆزسکی دوایین هەواڵەکانی بە تێزار راگەیاندو گوتی: ئەندامانی گاردی ئیمپراتۆری کۆشکەکانیان بەجێ هێشتووەو لە دەرەوەی دووما کۆبوونەتەوەو ئامادەیی خۆیان بۆ خزمەت بە دەوڵەتێکی نوێی هەڵبژێردراوی دووما راگەیاندوە. دووماو ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکارانو سەربازانیش کومیتەیەکی هابەشی دەوڵەتییان دامەزراندووەو فەرماندەری سەربازی مۆسکۆش وەفاداری خۆی بۆئەو کومیتەیە دەربڕیوە. ژمارەیەك لەوەزیرەکانی تێزار دەستبەسەر کراونو لە کۆتاییشدا شاژن ئامادەیی خۆی بۆ وتوویژ لەگەڵ روودزیانکۆ راگەیاندوە. دوابەدوای ئەوهەواڵە راچڵەکێنەرانەش تێلێگرافێکی نوێ لەلایەن ژێنراڵ ئالێکسیڤەوە رەوانەکرا. ژێنراڵ ئالێکسیڤ لەوڵامی داواکارییەکەی رۆزسکی، روانگەی سەرکردەکانی سوپای رووسیای سەبارەت بەدەست لەکار کێشانەوەی تێزار پرسیبووو هەموو ژێنراڵەکان بە یەکدەنگی پێشوازییان لەو داواکارییە کرد بوو. کاتژمێر دووو نیوی دوانیوەڕۆ ئەو تێلێگرافە بەدەستی تێزار گەیشتو تێزار دوای چەند چرکەیەك بێدەنگی رایگەیاند: "من بڕیاری خۆم داو دەست لەدەسەڵات دەکێشمەوە!" کاتژمێرێك دواتر دوو تێلێگراف ئامادە کرا کە یەکیان بۆ روودزیانکۆی سەرۆکی دووماو ئەوەی تریشیان بۆ ژێنراڵ ئالێکسیڤی سەرۆکی ناوەندی هێزەکانی رووسیا بوو. دەقی ئەو تێلێگرافەی کە بۆ روودزیانکۆ نێردرا بریتی بوو لە "بۆ رزگاریو بەرژەوەندی رووسیا من لە هیچ جۆرە خۆبەخت کردنێك قسووری ناکەم. هەر بەم هۆیەشەوە ئامادەم بە قازانجی کوڕەکەمو دانانی براکەم، میخائیل ئالێکساندرۆڤیچ وەك جێگری پاشا واز لە دەسەڵات بهێنم، بە مەرجێك کە کوڕەکەم تا گەیشتن بە تەمەنی یاسایی لەگەڵ خۆم دا بمێنێتەوە". لە تێلێگرافی تێزار نیکۆلای دووهەم بۆ ژێنراڵ ئالێکسیڤی سەرۆکی ناوەندی سوپای رووسیاش هاتووکە "لەبەر بەختەوەریو رزگاری رووسیای ئازیزم بڕیارم داوە دەست لە پۆستی پاشایەتی بکێشمەوە. کوڕەکەم دەبێتە جێنشینی منو داوا لە هەموو ئەفسەرانو ئەندامانی سوپا دەکەم کە پێی وەفاداربن". بەیانیی رۆژی پازدەیەمی مارس شاندێکی نوێنەرانی دووما

بەلەدەستدابوونی دەقی ئامادەکراوی داواکارییەکەی تێزار سەبارەت بەدەست لەدەسەڵات کێشانەوەی تێزار بەقازانجی کوڕەکەی بەرەو پێسکۆڤ وەرێکەوتن بۆ ئەوەی تێزار ئەو بەڵگەیە واژۆ بکات. تێزار کاتژمێر نۆی شەو نوێنەرانی دوومای وەرگرتو پێی راگەیاندن کە دوای ناردنی تێلێگرافەکە بڕیاری خۆی گۆڕیوەو لە ئەسپاردنی دەسەڵات بە کوڕەکەی پاشەگەز بۆتەوە... تێزار درێژەی بە وتەکانی خۆی داو گوتی بڕیاری داوە دەسەڵات بە براکەی (میخائیل) بسپێرێتو داواکاری نامەکەی سەبارەت بەدەست کێشانەوە لە دەسەڵات بەو دەقە ئامادەو بە نوێنەرانی ئەسپارد. کاتێك کە نوێنەرانی دووما بەیانیی رۆژی ١٥ی مارس بەلەدەستدابوونی داواکاری نامە نوێیەکەی تێزارسەبارەت بەدەست لەدەسەڵات کێشانەوە رۆیشتنە ناو شاری پێترۆگراد، کومیتەی دووماو کومیتەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجوومەنی سەربازانو کرێکاران ئەندامانی دەوڵەتی کاتییان هەڵبژارد بوو. ئیتر دەست لەدەسەڵات کێشانەوەکەی تێزار درەنگ ببووو ئەنجوومەنی سەربازانو کرێکاران ئامادە نەبوون ئەو داواکارییە قەبووڵ بکەنو دەسەڵاتی بنەماڵەی رۆمانۆف درێژە بکێشێ. بەیانیی رۆژی شازدەیەمی مارس شاندێکی نوێنەرانی دووماو ئەندامانی حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی رۆودزیانکۆ چاوپێکەتنێکیان لەگەڵ گراندووك میخائیلیبراو جێنشینی تێزار ئەنجامداو داوایان لێکرد واز لەدەسەڵات بهێنێت. بەڵام مەلیکە ئالێکساندرا هێشتناش هەر هیوادار بوو کە رووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥ دووپات بێتەوەو هاوسەرەکەی بە دەسەڵات بگاتەوە. ئەو لە نامەیکدا کە لە بەرواری شازدەهەمی مارس بۆ هاوسەرەی دەنێرێت، دەنووسێ :" هاوسەری ئازیزو قارەمانی من... من بە تەواوی لە هۆکاری بڕیاری ئێوە لەم بارودۆخەدا تێدەگەم.. ئێوە بەو لەخۆبردووییەتان ئێمپراتۆریەتی رووسیاو تاجو تەختی خۆتان پاراست. من سوێنتان بۆ دەخۆم کە جارێکیتر ئێوە بە شانازییەکی بەرزتر لەسەر تاجو تەختی رووسیا دەبینم. ئەمجارەیان نەتەنیا سوپاو گەل بەڵکو هێزو بەخششی خوداش تاجی دەسەڵاتی ئەو نیشتیمانە لەسەر ئێوە دەکات".

***

بەڵام پاشەرۆژبینیی مەلیکە ئالێکساندرا وەڕاست نەگەڕا وئەندامانی ماڵباتی پاشایەتی ١٥مانگ دوای دەست کێشانەوەی تێزار تووشی چارەنووسێکی نەگبەت بوون. تێزار نیکۆلای

دووهەمو ئەندامانی بنەماڵەکەی دوای شۆڕشی یەکەمی رووسیا لەمانگی مارسی ١٩١٧دا لە کۆشکی ئێمپراتۆریی "تسارکۆیێ- سلۆ" لە نزیکی شاری پێترۆ گراد لەژێر چاوەدێری دابوون.

لە ژوئییەی هەمان ساڵدا دەوڵەتی کاتی بڕیاریدا کە بنەماڵەی پاشایەتی بۆ "تۆبۆلسك" لە سیبری بگوازێتەوە. لەبەرئەوەی کە بە لە بەر چاوگرتنی لاوازی حکوومەتی کاتی سەبارەت بە چارەسەر کردنی گرفتەکانی رووسیاو زۆربوونی دەسەڵاتی بێلشویکەکان، مەترسی ئەوە لەئارادا بوو کە ئەفسەرە نارازییەکان شۆڕش بکەنو تێزار بگەڕێننەوە سەر دەسەڵات. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بێلشویکیی رووسیا لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٧ (شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧)و هاتنە سەرکاری "لێنین" یش بنەماڵەی پاشایەتی ماوەیەك لە تۆبۆلسك لە بەندیخانەدا بوون، تا ئەوەکە لەمانگی مارسی ١٩١٨ دەسەڵاتدارانی بێلشویکیی ناوچەی ئۆراڵ پێشنیاریان کرد کە بنەماڵەی پاشایەتی بۆ "ئێکاترینبۆرگ"[٤٦] لە رۆژهەڵاتی کێوەکانی ئۆراڵ بگوازرێنەوە بۆ ئەوەی لە مەترسی دەرباز کردنی ئەوان لەلایەن یاخی بوانو هێزە نەیارەکانی شۆڕش پێشگیری بکردرێت. دوای گواستنەوەی بنەماڵەی پاشایەتی بۆ ئێکاترینبۆرگ، ئەنجوومەنی ئەو ناوچەیەی کە لەوێدا بێلشویکەکان زۆرینەی خەڵکیان پێك دەهێنا، پێشنیاری کوشتنی تێزاریان کە لەلایەن چەند کەس لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە گەلاڵە کرابوو، خستە بەرباسو لێکۆڵینەوە، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن دژی پێشنیاری کوشتنیتێزار بەر لە وەرگرتنی رەزامەندی مۆسکۆ بوون. لەئاکامدا ئەنجوومەنی ئێکاترینبۆرگ بڕیاریدا کە رێبەری بێلشویکی ئەو ناوچەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی تێزارو بنەماڵەکەی بۆ مۆسکۆ بنێرێت. کومیتەی ناوەندی حیزبی بێلشویك لەسەرەتادا دادگایی کردنی ئاشکرای تێزارو بنەماڵەکەیان خستە بەر باسو لێکۆڵینەوەو زۆرینەی ئەندامانی کومیتە لەگەڵ ئەو بۆچوونەش کۆك بوون، بەڵام لێنین پێیوا بوو پێکهێنانی کۆبوونەوەی دادگاییی کردنی تێزار کارێکی زیادیو تەنانەت مەترسیداریشە. لێنین دەیگوت کە بە پێکهێنانی ئەو دادگایە جارێکیتر سەرنجی خەڵك بۆلای تێزار رادەکێشینو گرفتێکی نوێ بۆ خۆمان دروست دەکەین. پەرەسەندنی چالاکییەکانی نەیارانی حکوومەتی بێلشویکیو نزیك بوونەوەیان لە ئێکاترێنبۆرگ هیچ گومانێکی سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی تێزارو بنەماڵەکە نەهێشتەوەو لێنین هاوکات لەگەڵ دەرکردنی

46-Ekaterinburg

فەرمانی کوشتنی تێزارو بنەماڵەکەی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تێزارو بنەماڵەکەی بە شێوەیەك لەناوبەرن کە "بەرهەڵستکارانی شۆڕش تەنانەت ئێسقانەکانی ئەوانیان دەست نەکەوێت بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەڵخەڵەتانی ئەو نەفامانەی کە خەونی گەڕانەوەی ئێمپراتۆریەت دەبینن !".



تێزار نیکۆلای دووهەم کەمێك دوایدەست لە دەسەلاَت کێشانەوەی کە لە "تسارکۆیێ-سلۆ" لەژێرچاوەدێری دابوو


ئەو وەفدەی کە ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەیان پێ ئەسپێردرا بوو لە شەوی ١٦ ژووئییەی ساڵی ١٩١٨ ڕۆیشتنە ئێکاترینبۆرگو بەبێ فێڕۆدانی کات لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو ناوچەیە چوونە جێگەی نیشتەجێی بوونی تێزارو هاوڕێکانی. بە جۆرێك کە "بایکۆڤ "[47]، کە یەکێك لە نوێنەرە پایەبەرزەکانی ناوچەی ئۆراڵ بوو دەگێڕێتەوە "ئەو کەسانەی کە یاساولی جێبەجێکردنی بڕیاری کوشتنی بنەماڵەی پاشایەتی بوون، نیوە شەو چوونە نێو جێگەی نیشتەجێ بوونی ئەوانو فەرمانیان دا کە ئەندامانی بنەماڵەی تێزارو هاورێکانی کە لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوە نووستبوون، ببەنە ژێرخانی ماڵێ. پێش هەموویان تێزارو مەلیکە ئالێکساندرایان کە نەخۆش بوو لە خەو هەستاندو دواییش نۆبەی ئالێکسیسو چوار کچەکەی

47-Bykov

گەیشت. جگە لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی، دوکتور بوتکین (پزیشکی بنەماڵە)و سێ خزمەتکارەکەشیان کە لەگەڵیان بوون لە خەو هەستاندو بۆ ژێرخانی ماڵەکەیان بردن. "تێزارو ئەندامانی بنەماڵەکەیو هاورێیانی تا ئەوکاتەی کە چوونە ژێرخانی ماڵەکە ئاگاداری چارەنووسی خۆیان نەبوون. لەبەر ئەوەی پێیان گوترا بوو کە هێزە نەیارەکانی شۆڕش دەیانهەوێ هێرش بکەنە سەر ئێکاترینبۆرگو بۆیەش پێویستە بە شەو ئەوان لەو جێگایە بگوازنەوە، بەلاَم هێشتا چەند خولەکێك لە کۆبوونەوەکەی ئەوان لەژێرخان تێنەپەڕی بوو کە لە پلیکانەکانەوە دەنگی رمبەی پێ بیستراو ماوەیەك دواتر چەند کەس لەگەڵ ژمارەیەك چەکدار چوونە نێو ژێرخانەکە. بڕیاری کوشتنی ئەوان کە چەند رستەیەك بوو خوێندرایەوەو دەستبەجێ دوای ئاماژەی نوێنەری بەرێوەبردنی بڕیارەکە ریزنەیەك لە فیشەك بەسەری تێزارو بنەماڵەکەیو هاورێیانی باری. تەواوی ئەم رێورەسمە زیاتر لە دووخولەکی نەخایاندو هەر یازدە کەسیان دەستبەجێ کوژران".

بە فەرمانی یۆرۆسکی[48](نوێنەری تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار) تەرمی کوژراوەکانیان کە هێشتاش خوێنی لێدەتکا، لە چەند پەتویەك پێچاندو لە ترۆمبیلێکی بارکێشیان خست. تەرمەکان لە شەودا بۆ کانزایەکی چۆڵو هۆڵ لە چەند کیلۆمەتری شار گوازرانەوەو کارەکانیتر بۆ سبەینێی رۆژی دواتر راگیرا. یۆرۆسکی دەیهەویست کە فەرمانەکەی لێنین بەبێ کەم و کورتی جێبەجێ بکات و پاشماوەی بنەماڵەی پاشایەتی وا لەناو بەرێت کە "تەنانەت ئێسقانێك لەوان بۆ کەڵك وەرگرتن بە دژی شۆڕش نەمێنێتەوە!".

48-Yurousky



دواپین وێنەی بنەماڵەی تێزار نیکۆلای دووهەم کە لەسەربانی جێگەی دەستبەسەرکرانی ئەوان گیراوە

بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە تەرمەکانیان پارچە پارچە کردو لە تێزاوی سۆلفۆریکیان رشتەو دوای دڵنیا بوون لە تێکەڵاو بوونی ئێسقانەکان لەگەڵ تێزاوەکە، تێکەڵاوەکەیان رشتە ناو چاڵێك کە پێشتر بۆ ئەم کارە ئامادەکرابووو چاڵەکەیان پڕکردەوە. فەرمانی لێنین سەبارەت بە کوشتنو لەناوبردنی ئاسەواری تەرمەکانی رۆمانۆفەکان تەنیا تایبەت بە بنەماڵەی تێزار بوو بەلاّم یاساوڵەکانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە پزیشكو خزمەتکارەکانی ئەو بنەماڵەیەشیان خستە ناو ئەم بڕیارەوەو تەرمەکانی ئەوانیش تووشی چارەنووسی تەرمەکانی بنەماڵەی پاشایەتی بۆوە. هەواڵی کوژرانی دواپین تێزاری رووسیا لە چاپەمەنیو بلاّوکراوەکانی رووسیا بەم چەشنە راگەیاندرا: "بەهۆی ئەوەکە تێزار ویستوویەتی رابکاتو پێوەندی بەهێزەکانی دژ بە شۆڕشەوە بگرێت، فیشەك باران کراوە". هەواڵی کوژرانی مەلیکە ئالێکساندراو منداڵەکانی هەرگیز بە شێوەیەکی فەرمی بلاّو نەکراوە، تا ئەوەکە سالاّنی دواتر وەردەکارییەکانی ئەو رووداوە لە رۆژنامەکانی رۆژئاوادا بلاّو بۆوەو کاربەدەستانی یەکیەتی سۆڤیەتیش بەبێدەنگی خۆیان دانیان بەو کارە دانا.

فەسڵی دوانزەهەم

ئێڤیتا پێرۆن

کچێکی هەژار و بیژوو کە فریشتەی رزگاری هەژاران و بێ بەشان بوو

ئێڤیتا پێرۆن[١] یەکێك لەناودارترین ژنەکانی سەدەی بیستەمو یەکەم ژنە کە لە نیوگۆی رۆژئاوای زەوی بە دەسەلآت گەیشتووەو هێشتاش دوای تێپەڕ بوونی نێزیکەی چل ساڵ لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەو لەسەر ئەرژەنتین، ناوی لەسەر زمانی گەلی ئەرژەنتین ماوە. ئەوو هاوسەری (خوان پێرۆن)[٢] هەردووکیان بیژوو بوون کە لە چاوەدێری باوك بێبەش بوون، بەلآم چارەنووس ئەوانی لەسەر رێگەی یەك داناو رەوتی ژیانی هەردووکیان دوای ئەو ئاشنا بوونە گۆڕا. ئێڤیتا پێرۆن کە ناوی راستەقینەی ئەو "ماریا-ئیڤا-دۆراتێ"[٣]یە، لەرۆژی ٢٦ ئاپریلی ساڵی ١٩١٩ لە شارۆچکەی "لۆس تۆڵدۆس"[٤] لە نێزیکی شاری "بۆینێس ئایرێس"[٥]ی پێتەختی ئەرژەنتین لە دایك بوو. ئەو مندالّی بیژووی پیاوێکی دەوڵەمەند بە نای خوان دۆراتێ[٦] بوو کە لەدایکی ماریا (خوانا-ئیبارگۆرن)[٧] چەند مندالّێکی بیژووی تریشی هەبوو. باوکی ماریا ئیڤا کە لە مالّێ بەناوی ئێڤیتا بانگیان دەکردو دواتریش بەم ناوە ناوبانگی دەرکرد، لە بۆینێس ئایرێس دەژیاو هاوسەری یاسایی‌و مندالّی‌تریشی هەبووو جارجارەیەك سەردانی دلّداری پێشووو مندالّە بیژووەکانی لە شاری لۆس تۆڵدۆس دەکردو یارمەتی بژێوی دەدان. ئێڤیتا کە بچووکترین مندالّی بنەمالّەکەی بوو، هەمیشە لەوەکە بابی وەك بابی مندالّەکانی‌تر لەگەڵیان نەدەژیان، مەینەتی دەچێشتو دایکشی تا سەردەمی مردنی باوکی لەساڵی ١٩٢٦ ئەو رازەی کە کچەکەی مندالّی بیژووی ئەو باوکەیە ئاشکرا نەکرد. ئێڤیتا لەکاتی مردنی باوکی ٧ ساڵی تەمەن بووو یەکەمین ئەزموونی تاڵی ژیانی کە لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانیدا یادی دەکاتەوە، هەڵسوکەوتی توندو ناحەزی ژنو مندالّە شەرعیەکانی باوکی بوو کە لەگەڵ ئەوو دایکی لە رێوڕەسمی بەخاك سپاردنی باوکی ئەنجامیاندا. ئێڤیتا لەسەرەتادا لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانی کە دوای بلآو بوونەوە لەساڵی ١٩٥١ پتر لە سەد جاری‌تر چاپ کرایەوە، باسی مەینەتی‌و نەهامەتییەکانی کاتی مندالّی‌و ئەو سووکایەتییە دەکات کە لە لایەکەوە بەهۆی هەژاری‌و نەداری‌و لە لایەکی‌ترەوە بەهۆی نەبوونی باوك‌و سەرپەرشتی بنەمالّە پێی‌کراوەو ئەو شەوەی کە دایکی هەوالّی مردنی باوکی‌و سڕی بیژوو بوونی ئەوی بۆ ئاشکرا دەکات بە تالّترین شەوی ژیانی نێو دەبات. ئێڤیتا دەنووسێ: ئەو شەوە تا بەیانی گریامو بەیانیی رۆژی دواتر کە بۆ بەشداری لەرێوڕەسمی بەخاك ئەسپاردنی بابم دەرۆیشتین بۆ بۆینێس ئایرێس، لە پاسەکەداخەوتم. ئێڤیتا تا تەمەنی ٧ ساڵی لە شارۆچکەکەیان نەچوو بووە دەرێ‌و چاو لێکردنی شەقامە گەورەکان‌و بینایە چەند نهۆمییەکانی پێتەخت بەرادەیەك وەجۆش وخرۆشی خستبوو کە بۆ ماوەیەکی کورت خەمی بێ باوکی لەبیر چۆوە. مالّە بەشکۆکەی بابی لەگەڵ مالّە بچووکەکەی خۆیان بەراورد نەدەکراو هەر لەو مالّە بوو کە ئێڤیتای بچووك دووهەمین پێکانی دەرروونی پێکەوت: هاوسەرو مندالّە شەرعیەکانی باوکی، ئێڤیتاو دایکیان بە جنێوو دمشڕی وەدەرناو مۆڵەتی ئەویان پێ‌نەدان کە لەرێوڕەسمی بە خاکسپاردنی باوکی بەشداری بکەن. ئێڤیتا لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانیدا ئەم رووداوە بە خالّێکی وەرچەرخانی ژیانی نێو دەباو دەنووسێ کە من دوای ئەو رووداوە بڕیارم دا تۆڵە لە دەوڵەمەندان بستێنمەوەو دوای گەڕانەوە بۆ مالّە کۆن‌و ناخۆشەکەمان هیچ ئاواتێکم جگە لە گەڕانەوە بۆ بۆینێس ئایرێس‌و هەوڵ‌و تێکۆشانی کۆمەلآیەتی نەبوو. ئێڤیتا دواتر درێژە بە قسەکانی دەداو دەلّێت: "دوای مردنی باوکم کە ئیتر هەستم بە خۆشەویستی‌و هۆگری ئەو نەدەکرد باری ژیانمان خراپتر بوو، لەبەرئەوەی باپیرم (باوکی دایکم) کە شۆفیری پاس بووو یارمەتی بژێوی ئێمەی‌دەدا، دوای ماوەیەکی کورت مردو دایکم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانمان ناچار بوو لەمالآن خەریکی خزمەتکاری‌و جلك شوشتن (قەراوەشی) بێت". ئێڤیتا لەو بارودۆخەدا بەناچاری قۆناغی ناوەندیی بەنیوچلّی بەجێهێشتو لەتەمەنی شازدە سالّیدا بۆ پەیداکردنی کار بەرەو بۆینس ئایرێس وەڕێکەوت. ئەو کچێکی جوان‌و سەرنج راکێش‌و دەنگێکی خۆشی هەبووو پێی وابوو کاری شانۆ یەکەمین کارێکە کە تێدا سەرکەوتوو دەبێت. ئێڤیتا توانایی هونەریی بۆ نواندنی رۆڵ لەسەر تەختەی شانۆ هەبوو، بەلآم جوانی لە رادەبەدەری ئەو فاکتەری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە شانۆیەکی پلە دوو کار ببینێتەوەو بەڕێوەبەری ئەو شانۆیەی کە ئێڤیتای لەسەر کار دامەزراند بوو چاوی تێ‌بڕیبوو. لە هەندێك لەو بلآوکراوانەی کە ژیاننامەی ئێڤیتا پێرۆنی تێدا بلآو کراوەتەوە، نووسراوە کە ئێڤیتا لەکاتی

1-Evita peron

3- Maria Eva durate

2-Juan peron

4-Los Toldos

5-Buenos Aires

6- juan Duarte

7-juana Ibarguren

نەدیبوو، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ نیگایەکی مێهرەبانو پاك رووبەروو بۆوە کە بەدرێژایی تەمەنی لێی دەگەڕا. ئێستا پێویستە پێش روونکردنەوەی دەرەنجامەکانی ئەو ناسیاوییە کە رەوتی ژیانی ئێڤیتاو خوان پێرۆنو هەروەها رەوتی مێژووی ئەرژەنتینی گۆڕی، خوان پێرۆنی هاوسەری داهاتووی ئێڤیتاو رێبەری ناوداری ئەرژەنتین باشتر بناسین. خوان پێرۆن کە لەکاتی ئاشنابوون لەگەڵ ئێڤیتا ٤٩ساڵی تەمەن بووو نێزیەکەی ٢٥ ساڵ لە ئێڤیتا بەتەمەن تر بوو، لە رۆژی هەشتەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٩٥ لە شارۆچکەی "لۆبۆس" لەدایك بوو. ئەویش وەکوو ئێڤیتا منداڵی بیژووی پیاوێکی دەوڵەمەند بەناوی "ماریۆ توماس پێرۆن" بوو کە تا کاتی گەورەبوونی کوڕەکەی، خەرجی خوێندنی ئەوی دابین کردو ئەوی بۆ خوێندنگایەکی سەربازی نارد. خوان پێرۆن دوای گەیشتن بە پلەی ئەفسەری، توانی بەخێرایی پلەکانیتری سەربازیش ببڕێتو لەساڵی ١٩٣٠ لە کودتایەکی سەربازیدا بەشداری کرد کە بووە هۆی رووخانی رێژیمی یاسایی لە ئەرژەنتین. خوان پێرۆن دوای کودتای ساڵی ١٩٣٠ وەك پاشکۆیەکی سەربازی ئەرژەنتین رەوانەی باڵوێزخانەی شیلی کراو دوو ساڵ دواتر بەهۆی ژنبازیو رووداوێکی جاسوسی کە دەستی یەکێك لە دڵدارەکانی ئەوی تێدا بوو بۆ ئەرژەنتین بانگهێشتن کرا، بەلاّم زۆر زوو پێگەی خۆی بەدەست هێناوەو ئەمجارەیان وەك پاشکۆیەکی سەربازیی باڵوێزخانە بۆ رۆمو بێرلین نێردراو لەم دوو دەوڵەتەدا سەرهەڵدانو پێگەیشتنی فاشیسمی بەچاوی خۆی بینیو خۆشی یەکێك لەو کەسانەبوو کە هیتلێرو موسولینیی ستایش دەکرد. پێرۆن لەساڵی ١٩٣٩و پێش دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی گەڕایەوە ئەرژەنتینو لەگەڵ گروپێك لە ئەفسەرە گەنجەکانی ئەرژەنتین حیزبێکیان پێك هێنا کە تا رادەیەك لەرێکخراوی نازی دەچوو. پێرۆن بەکردەوە لە وەتارەکانیدا لایەنگری لە هیتلێر دەکردو دەیگوت کە بیرۆکەی هیتلێر لە شەڕو ئاشتیدا باشترین رێنمای خەباتی ئێمەیە. ئامانجو دروشمەکانی حیزبی پێرۆن تارادەیەك هاوشێوەی دروشمەکانی حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا بووو هاوکات لەگەڵ جۆلاّندنی هەستی نەتەوایەتی، زۆرتر گرینگیی بە چینی کرێکار دەدا. پێرۆن لەساڵی ١٩٤٣ لەکودتایەکی دژی حکوومەتی مەدەنی ئەرژەنتین بەشداری کرد کە تازە جێنشینی حکوومەتی سەربازی ئەو ولاّتە ببووو لە حکوومەتی کودتادا، سەرەتا پۆستی جێگری وەزارەتی بەرگری پێدراو دوایش بوو بە وەزیری کارو لەو پۆستەدا بوو کە لەساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ ئێڤیتای دڵداری هاورێکەی (ئیمبێرت)و بیژەری بەناوبانگی رادیۆ ئاشنا بوو. پێرۆن لەسەرەتای چوونە ناو تەمەنی ٥٠ساڵیدا پیاوێکی تەنیاو سەڵت بوو. دوای سی ساڵ ژنبازی ئیتر بە دوای ئەشقێکی راستەقینەو خاوێنو بەردەوامدا

ڕۆیشتن بۆ بۆینێس ئایرێس تا تەمەنی بیست ساڵی لەشفرۆشی کردووەو هونەرمەندی شانۆش کاری دووهەمی بووە. ئەو بابەتانە پتر لەلایەن رۆژنامەڤانانی نەیاری ئێڤیتا پێرۆنەوە بلاّو کراوەتەوەو لەراستی بە دوورە. هەڵبەت گومانێك لەوەدا نیيە کە ئێڤیتا دوای چوونە نێو جیهانی شانۆ، پێوەندیی لەگەڵ پیاوی جۆراوجۆر هەبووە بەلاّم وەك خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە، بەردەوام لەگەڕان بەدوای سۆزو خۆشەویستییەك بووە کە لەتەمەنی منداڵیدا لێی بێبەش بووەو هەرگیز بۆ پارەو پووڵ چاوی لە پیاوان نەبڕیوە. یەکێك لەدۆستەکانی ئێڤیتا لەسەردەمی شانۆ کاریدا ئەفسەرێکی لاو بەناوی "ئانیبال فرانسیسکۆ ئیمبێرت"[8] بوو کە لەساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ گرووپێك لەو ئەفسەرانەی کە کودتایان کرد بوو، هاوکاری کردو لەحکوومەتی کودتادا بۆ پۆستی وەزیری پۆستەو تێلێگراف هەڵبژێردرا. ئیمبێرت لەو پۆستەدا سەرپەرشتی بەشی رادیۆشی لە ئەستۆبوو. ئێڤیتا کە لە کارەکەی ماندوو ببووو سەرکەوتنێکی ئەوتۆشی بەدەست نەهێنا بوو، داوای لە ئیمبێرت کرد کە لەسەر کاری بێژەری رادیۆ دای بمەزرێنێ. ئێڤیتا لەسەر رادیۆ دامەزراو بەهۆی دەنگە خۆشو زولاڵەکەی توانی لەماوەیەکی کەمدا نێو بانگ دەرکات. یەکێك لەسەرنج راکێشترین پرۆگرامە رادیۆییەکانی ئەو کە لایەنگری زۆری هەبوو، خوێندنەوەی ژیاننامەی ژنە ناودارەکانی جیهان بوو. ئێڤیتا لەو پرۆگرامە رادیۆییەدا زۆرتر گرینگی بەو ژنانەدەدا کە بەهۆی هەوڵو تێکۆشانی خۆیان ئەو نێوبانگو سەرکەوتنانەیان بەدەست هێناوەو وەکوو خۆی لەسەردەمی منداڵیو مێرمنداڵی تامی هەژاریو پەرێشانیو دەستکورتیان چێشتووە. لەراستیدا مەبەستی ئێڤیتا لە خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەو ژنانەی کە خۆیان پێگەیاندووە، ئەوە بوو کە ئاواتەکانی خۆی بۆ گەیشتن بە ناوبانگ وەدەرخست. لە ژانڤییەی ساڵی ١٩٤٤ دا بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە "سان خوان"[9] روویدا کە زەرەدو زیانێکی زۆری لێکەوتەوە. ئێڤیتا ئەرکی سەرپەرشتی بەرنامە پرۆپاگەندەییەکانی بە مەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی بە بوومەلەرزە لێدراوەکان وەئەستۆ گرتو لە رەوتی ئەو پرۆگرامانەدا لەگەڵ سەرکردەی کەتیبەیەکی سەربازی بەناوی خوان پێرۆن ئاشنا بوو. خوان پێرۆن کە یەکێك لە ئەفسەرە کودتاچیەکان بووو لەگەڵ ئیمبێرتیش دۆستایەتی هەبوو، هەر بە نێگای یەکەم ئاشقی ئەو ژنە جوانو لاوە بووو ئێڤیتاش کە تا ئەوکاتە جگە لە هەوەس هیچیتری لەچاوی پیاوان

8-Anibal Francisco Imbert

9-San Juan

دەگەڕاو ئەو خاڵانەی کە ئەو خوازیاری بوو لە ئێڤێتا بەدیدەکرا. ئێڤیتا لەسەرەتادا وەك باوکێك چاوی لەو پیاوە هێدیو ساکارە دەکرد، بەڵام وردە وردە پێوەندییەکانیان وەك ئەڤینداریيەکی راستەقینەی لێهاتو ئێڤیتا لە قووڵایی دڵەوە ئاشقی ئەو "باوکە ئەڤیندار"ە بوو. ئێڤیتا بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانی پێرۆن، هەموو کاتو توانایی خۆی بۆ هەوڵو تێکۆشان لە رێکخراوە کرێکارییەکانی ئەرژەنتین تەرخان کردو لەنێو کرێکارانی ئەرژەنتین متمانەو خۆشەویستییەکی زۆری بۆ پێرۆن بەدەست هێنا. پێرۆن لەساڵی ١٩٤٥ بوو بە جێگری سەرۆك کۆماری ئەرژەنتین، بەڵام لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بە فەرمانی سەرۆك کۆماری ئەرژەنتین (فارێل)[10] دەستبەسەرو بەند کرا. تۆمەتی پێرۆن کارشکێنیو پیلانگێڕی بوو بۆ لەسەرکار لابردنی سەرۆك کۆمار کە ئەگەر بسەلمێندرابوایە لە مەترسی کوژران دادەبوو. لەم کاتەدا بوو کە ئێڤیتا دەستبەکار بووو رەوتی مێژووی ئەرژەنتینی گۆڕی. ئەو بە کەڵك وەرگرتن لەخۆشەویستی وکارتێکەری خۆی لە نێو کرێکارانی ئەرژەنتین، توانی رازییان بکات کە لە پێتەخت خۆپیشاندانێك بە دژی گیرانی پێرۆن وەرێ بخەن. لەرۆژی ١٧ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٤٥و دوابەدوای مانگرتنی گشتیو خۆپیشاندانی کرێکاران لە شەقامەکانی بۆینێس ئایرێس، سەرۆك کۆمار ناچار بوو کە لە فەرمانەکەی پێشووی پاشەگەز بێتەوەو پێرۆن لە بەندیخانە بێنێتە دەرێ. خۆپیشاندانی کرێکاران تا رزگاری پێرۆن لە بەندیخانەو ئامادەبوونی لەکۆشکی سەرۆك کۆماری بەردەوام بووو کرێکارانی ئەرژەنتینی دوای ئەوە کە سەرۆك کۆماریان لەگەڵ پێرۆن لەسەر باڵکۆنی کۆشکی سەرۆك کۆماری بینی گەڕانەوە سەر کارەکانیانو کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکە هێنا. پێرۆن بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو ماوە کورتەی کە لەبەندیخانەدا بوو پلەی ژنێراڵی وەرگرتو دوای ئەم رووداوە بوو کە بەفەرمی پێشنیاری زەماوەندی بە ئێڤیتا کرد. رێوڕەسمی زەماوەندی ئەوان لەمانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٥ لە بۆینێس ئایرێس بەڕێوە چوو. ژێنراڵ خوان پێرۆن لە ژانڤییەی ساڵی ١٩٤٦دا خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری پاڵاوت. خوان پێرۆن بۆ دەستەبەر کردنی ئەو پۆستە لە کاتی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن، لە هەموو شتێك زیاتر پشتی بە توانایی ئێڤیتا لە هونەری پڕۆپاگەندەو وتاربێژیو خۆشەویستی ئەو لەنێوان گەلی ئەرژەنتین بەستبوو. ئێڤیتا لەماوەی چوارمانگ پێشبڕکێی هەڵبژارنو بۆ پاڵپشتی هاوسەری سەردانی هەموو شارە گەورەکانو ناوەندە پڕحەشیمەتەکانی ئەرژەنتینی کردو دەرەنجامی ئەو هەولانە بریتیبوولە سەرکەوتنی بەرچاوی

10-Farrel

پێرۆن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٤٦. پێرۆن بۆ ماوەی ٥ساڵ بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو ئێڤیتاش هاوکات لەگەڵ هاوسەری سەرقاڵی رێکخستنی حیزبێك بەناوی "حیزبی پێرۆنیست" بوو. ئێڤیتا ناوی حیزبەکەی نا حیزبی بێ جل وبەرگەکان کە کەم تا کورت هاومانای زاراوەی فارسیی "پێخواسەکانە". ئامانجو پرۆگرامی ئەم حیزبە هەر لەناوەکەیەوە دەردەکەوێ. ئێڤیتا بە لەبیر هێنانەوەی رۆژگاری تاڵی منداڵیو مێرمنداڵی دەیهەویست لەدەوڵەمەندان تۆڵە بستێنێتەوەو تا دەتوانێ یارمەتی چینی هەژارو زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بدات.



خۆپیشاندانی کرێکارانی ئەرژەنتین بە لایەنگری لە ئێڤیتا پێرۆن

لەراستیدا حیزبەکەی ئێڤیتا بیروباوەڕی سۆسیالیستی هەبوو و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی چینی هەژارو سەقامگیرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەوڵی دەدا. ئێڤیتا پێرۆن لە تەنیشت ئەنجامدانی کاروباری سیاسی، رێکخراوێکی مەزنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیی دامەزراندو تەواوی هەوڵو تێکۆشانی خۆی بۆ کاروباری خێرخوازی لەو رێکخراوەدا وەگەڕ خستو هەروەها چەند پرۆگرامێکی سەفەری بۆ ناوچە کاولو هەژارنشینەکانی سەرانسەری وڵات داناو هەر بەو هۆیانەشەوە نازناوی "فریشتەی رزگاری هەژارانو داماوان"ی وەرگرت.



ئێڤیتا پێرۆن لە یارییەکی تۆپانەدا شەقی یەکەمی لە تۆپ هەڵدا

ئێڤیتا پێرۆن لەساڵی ١٩٤٧دا بەشێوەی فەرمی وەك هاوسەری سەرۆك کۆماری ئەرژەنتین، سەردانی چەند وڵاتێکی ئەورووپای رۆژئاوای کرد. مەبەستیئێڤیتا لەو سەفەرانە بریتی بوو لە دامرکاندنی کاریگەریی خراپی مەیلەوچوونە فاشیستییەکانی هاوسەری لەنێوان وڵاتانی ئەورووپی کە بریندارى بیری فاشیستی بوون. ئێڤیتا لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام چاپەمەنیو رۆژنامەکانی ئەورووپاو بەتایبەت ئەو رۆژنامانەی کە بیری چەپییان هەبوو، ئەویان

بەوە تۆمەتبار کرد کە بە پێچەوانەی درووشمەکانی سەبارەت بە لایەنگری لە کرێکارانو داماوان، زۆربەی کاتەکانی لەسەفەری فەرانسەدا بە کڕینی جلوبەرگو گەوهەرو ئاڵتونی بەنرخ لە بوتیك فرۆشانو زێڕینگەرانی پاریس تەرخان کردووە. کارتێکەری ئێڤیتا پێرۆن لەسیاسەتی ئەرژەنتینو رۆڵی ئەو لە دەسەڵاتدا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو، ئەمەش بە شێوەیەك بوو کە لەساڵی١٩٥٠و ١٩٥١ هەموو کەس ئەویان بە سەرۆكو دەسەڵاتداری راستەقینەی ئەرژەنتین دەزانی. ژێنراڵ پێرۆن کە هاوسەرەکەی لەقووڵایی دڵو ئاشقانە خۆشی دەویست لەساڵی١٩٥١ بڕیاریدا کە هاوسەری بکاتە پاڵێوراوی پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری ئەرژەنتین. بەڵام ژێنراڵەکانی ئەرژەنتین کە لە دەست تێوەردانە رۆژ لە دوای رۆژ زیاترەکانی ئێڤیتا لە کاروباری حکوومەت نارازی ببوون، بە دژی پاڵێوراوی ئەو بۆ پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری هەڵوێستیان گرت. ئێڤیتا کە هەستی بە روودانی کودتایەك لە پشت ئەو دژایەتی کردنانە دەکرد، خۆی پاشەکشەی کردو هەر وەك ساڵی ١٩٤٦ سەرپەرشتی پرۆگرامەکانی هەڵبژاردنی هاوسەری گرتە ئەستۆ.



ئێڤیتا پێرۆن لەکاتی خوێندنەوەی وتارێك لەسەر رادیۆ

ژێنراڵ پیرۆن لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ساڵ ١٩٥١ بە زۆرینەی دەنگ بۆ دووهەمین جار بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئەرژەنتین هەڵبژێردراو دوای سەرکەوتن لەو هەڵبژاردنانەدا رایگەیاند کە ئەمجارەش وەك ساڵی ١٩٤٦بەهۆی هەوڵەکانی هاوسەری توانیویەنی سەرکەوێ. ئێڤیتا پیرۆن دوای دووپات بوونەوەی هەڵبژاردنی هاوسەری بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری نەخۆش و لەجێگەدا کەوت. لەسەرەتادا واگومان دەکرا کە ئەو نەخۆشییە بەهۆی ماندوو بوون و پەشۆکاوی سەری هەڵداوە، بەڵام دوایی بەهۆی تاقی کارییە پزیشکییەکان دەرکەوت توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووەو پتر لە چەند مانگی‌تر ژیان ناکات. ئێڤیتا پیرۆن دوای چەند مانگ نەخۆشی و ژان لە رۆژی ٢٦ی ژوئییەی ساڵی ١٩٥٢ماڵاوایی لەژیان کرد. ئەو لەکاتی مردنیدا تەنیا سی‌و سێ ساڵی تەمەن بووو ژمارەی بەشدار بوان لە رێورەسمی بەخاك سپاردنی ئەو نیشان دەدات کە تا چ رادەیەك لای خەڵك خۆشەویست بووە. ئەرژەنتین لەرۆژی بە خاك سپاردنی ئەودا وەك حاڵەتی وەستانی لێهات‌و کۆڕی یادکردنەوە وماتەمینی ئەو تا حەوتوویەك درێژەی هەبوو.



وێنەیەکی گەورە لە ئێڤیتاپێرۆن کە تا مانگێک دوای مردنی لە گۆڕەپانی گەورەی ناوەندی شاری بۆینێس ئایرێس رۆشن بووو لایەنگرانی شەوانە بە یادی ئەو لەم گۆڕەپانەدا کۆدەبوونەوە.

مردنی ئێڤیتا پیرۆن لەتەمەنی لاوێتیدا بۆشاییەکی گەورەی لەژیانی خۆان پیرۆن دروست کردو هەڵەکانی خۆان پیرۆن لە پاشماوەی خولی سەرۆك کۆماریدا وەدەریخست کە هاوسەری تا چ رادەیەك لە کۆنترۆڵ‌و رێنمایی ئەو لەکاروباری دەسەڵاتدا کاریگەری بووە. یەکەمین هەڵەی پیرۆن دوای مردنی خێزانی ئەوە بووکە ئیمتیازی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتی بە کۆمپانیایەکی ئەمریکایی‌دا و ئەمەش نارەزایەتی‌و دژەکردەوەی ژمارەیەك لەرێبەرانی حیزبەکەی لێکەوتەوە. دووهەمین هەڵەی گەورەی پیرۆن دانانی هەندێك یاسا سەبارەت بە ئازادی ژنان‌و مافی تەلاق بوو کە بووە هۆی دژایەتی کردنی کەنیسەی ئەرژەنتین. قەیرانی ئابووری‌و پەنەمان‌و بێکاریش فاکتەری‌تر بوون کە پێگەی پیرۆنیان لە نێوخەڵکدا لەرزۆك کردو هەل ومەرجی بۆ کودتایەکی سەربازی دژی ئەو ئامادە کرد. لەساڵی ١٩٥٥ هێزی دەریایی ئەرژەنتین بە دژی پیرۆن راپەڕی، بەڵام پیرۆن توانی ئەو بزوتنەوەیە سەرکوت بکات. لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا سەرکردەکانی سوپای ئەرژەنتین لەچەند بەشی دەوڵەتدا شۆڕشیان کردو پیرۆنیش دوای سێ رۆژ بەرگری ناچار بەدەست کێشانەوەو چوونە دەرێ لە ئەرژەنتین کرا. پیرۆن لەسەرەتادا چووە وڵاتی دراوسێ (پاراگوای)و دواییش نیکاراگوای‌و لە ئاکامدا لە ئیسپانیا نیشتەجێ بوو. پیرۆن نێزیکەی ١٧ساڵ بە پشتیوانی ژێنراڵ فرانکۆی دیکتاتۆری ئیسپانیا لەو وڵاتەدا ژیانی کرد. حیزبی پیرۆنیست لەسەرەتای ساڵەکانی دەیەیی ١٩٧٠ کە هەل ومەرجێکی نوێ لە ئەرژەنتین هاتبووە ئاراوەو حیزبە سیاسییەکان ئازادی تێکۆشانیان بەدەست هێنا، هەوڵەکانی خۆی دەست پێکردەوەو توانی لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٧٣ی ئەرژەنتین سەرکەوتن دەستەبەر بکات. ژێنراڵ پیرۆن دوای ١٨ ساڵ دووری لە نیشتمان گەڕاوە بۆ ئەرژەنتین‌و لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣لەتەمەنی ٧٨ ساڵیدا جارێکی‌تر بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئەرژەنتین هەڵبژێردرا. پیرۆن لە تاراوگەدا هاوسەرێکی‌تری هێنابووو دەیهەویست رۆڵی ئێڤیتا پیرۆنی لەژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەرژەنتین پێبدا. پیرۆن بۆ ئەم مەبەستە هاوسەری دووهەمی(ماریائێستیلا)[11] کە بەناوی "ئێزابێللا پیرۆن"[12] بەناوبانگ بوو وەك جێگری خۆی هەڵبژارد. خوان پیرۆن لەژووئییەی ساڵ١٩٧١دا، واتە کەمتر لەیەك ساڵ دوای هەڵبژاردنی بۆ پۆستی سەروك کۆماری مردو هاوسەری بوو بە جێنشینی. بەڵام ئاواتی

11-M aryia Estela
12-Lsabella Peron

پێرۆن سەبارەت بەوە کە هاوسەری دووهەمی ببێتە ئێڤیتای دووهەم وەدی نەهاتو ئیزابێللا کە لێهاتوویی‌و شارەزایی‌و توانایی پێویستی بۆ بەڕێوەبەری کاروباری حکوومەت نەبوو، لەمانگی مارسی ساڵی **١٩٧٦** بە کودتایەکی هێمنانەو بێ خوێنرێژی لەسەر کار لابردرا. ئەم ڕۆژانە لە ئەرژەنتین کەس یادی ئیزابێللا ناکاتەوە کە ٢٠ مانگ سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە بوو، بەڵام یادو بیرەوەری ئێڤیتا هێشتاش لە دڵەکاندا زیندووەو پەرتووکەکەی ئێڤیتا پێرۆن لەژێر ناوی **"ئامانجی ژیانی من"**[١٣] کە جگەلە ژیان نامەو بیرەوەرییەکان، ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی تێدا ڕوون کردۆتەوە هەموو ساڵێك بە ڕێژەیەکی زۆر لەچاپ دەدرێتەوە. ئەو پەرتووکە لەراستیدا پەرتووکی پیرۆزی حیزبی پێرۆنیست یان پێخواسەکانی ئەرژەنتینە کە هێشتاش یەکێك لە بەهێزترین حیزبەکانی ئەرژەنتینەو لەنێوان چینی کرێکار لایەنگرو خۆشەویستییەکی زۆری هەیە.

13-La Razzon de mi vida

فەسڵی سیانزەهەم

ڕۆڵی ژن لە حکوومەتی ئەمریکا

سێ ژنی سەرۆك كۆمار كە رۆڵی گرینگ و كاریگەریان لە سیاسەت و حكوومەتی ئەمریكادا نواند

لە كۆمەڵگای ئەمرۆی ئەمریكادا پلەو پایەی ژنو پیاو پێكەوە یەكسانە، بەڵام ژنانی ئەمریكا لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەم توانیویانە ئەو مافانە بەدەست بهێننو گەشەی سیاسی ئەوان لەو ماوەیەدا بەراورد لەگەڵ ژنانی ئەورووپیو تەنانەت ئاسیایش هێدیتر بووە. لەپاسای بنەڕەتی ئەمریكادا كە زیاتر لە دوو سەدە بە سەركۆكردنەوەو نووسینەوەیدا تێدەپەڕێت، مافی دەنگدان بە ژنان نەدراوەو تەنانەت دوای شەڕە ناوخۆییەكانی ئەمریكاو راگەیاندنی بڕیاری ئازادی كۆیلەكان لەدەیەی ١٨٦٠ یش تەنیا مافی دەنگدان بە پیاوانی رەش پێست دراو ژنانی ئەمریكا بە رەش پێستو سپی پێستەوە تا ساڵی١٩٢٠ لە مافی سیاسی بێبەش بوون. لەگەڵ ئەوانەشدا ژنێكی ئەمریكایی تەنانەت بەرلەوە كە ژنانی ئەم وڵاتە مافی سیاسی وەرگرن، لە سیاسەتو حكوومەتی ئەمریكادا رۆڵی یەكەمی نواندو وەك "یەكەمین سەرۆك كۆماری ژنی ئەمریكا" ناوبانگی دەر كرد. لەمێژووی ئەمریكا هیچ ژنێك بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری یاخود جێگری سەرۆك كۆماری هەڵنەبژێردراوە، بەڵام ژمارەیەك لەهاوسەرانی سەرۆك كۆمارەكانی ئەمریكا توانیویانە بە كارتێكەری لە مێردەكانیان رۆڵێكی گرینگو بەرچاو لەحكوومەتی ئەمریكادا بگێڕن. لە كۆی ئەو ژنانە سێ ژن توانیویانە زیاتر لە ژنەكانیتر لە ژیانی سیاسی هاوسەریانو لەو رێگەیەشەوە لە سیاسەتو شێوازی حكوومەتی ئەواندا كاریگەر بن. ئەو سێ ژنە بریتین لە خاتوو ئێدیت بولینگ ویلسۆن[1] هاوسەری "وودرۆ _ویلسۆن"[2]ی سەرۆك كۆماری ئەمریكا لە شەڕی یەكەمی جیهانی، ئێلیانۆر رۆزڤێڵت[3]، هاوسەری "فرانكلین دیلانۆ رۆزڤێڵت"[4]ی سەرۆك كۆماری ئەمریكا لە ساڵەكانی ١٩٣٣تا ١٩٤٥و لە كۆتاییشدا نانسی

1-Edith Bolling wilson
2-Woodrow Wilson
3-Eleanor Roosevelt
4-Franklin Delano Roosevelt

رەیگان[5]، هاوسەری "رۆناڵدرەیگان"[6]ی سەرۆك كۆماری ئەمریكا لەساڵەكانی ١٩٨١ تا ١٩٨٩ كە هەر سێكیان لەسەردەمی سەرۆك كۆماری هاوسەرانیان رۆڵی بەرچاوو جارجارەش دیاری كەریان لەسیاسەتی ئەمریكادا نواندووە. ئێدیت ویلسۆن هاوسەری دووهەمی بیستو هەشتەمین سەرۆك كۆماری ئەمریكا (ویلسۆن) بوو كە لەساڵی ١٩١٥ واتە ساڵێك دوای مردنی هاوسەری یەكەمی لەگەڵ ئەو زەماوەندی كرد. ویلسۆن لەساڵی ١٩١٢ وەك سەرۆك كۆماری ئەمریكا هەڵبژێردراو لەمانگی ئووتی ساڵی ١٩١٤ هاوسەری یەكەمی لەدەست دا. تەنیاییو پەرێشانیو پەشۆكاوی ئەو دوای مردنی هاوسەری، پزیشكە تایبەتو باوەڕپێكراوەكەی (كاری گریسۆن)[7] وەبیری ئەوەخست كە هاوسەرێكی نوێی بۆ ببینێتەوە. یەكێك لەدۆستە نێزیكەكانی هاوسەری كاری گریسۆن، ژنێكی ٤٢ساڵان بەناوی"ئێدێت بۆلینگ گاڵت"[8] بوو كە لەساڵی ١٩٠٨ هاوسەرەكەی لەدەست دابووو زێرینگەرییەكی گەورەی لە واشنگتۆن بە میرات بۆ بەجێ مابوو. گریستۆن بەپێكهێنانی چەند كۆڕێكی میوانی پێشەكییەكانی ئاشنا بوونی ویلسۆنو ئێدێتی ئامادە كردو ویلسۆنیشس كە لەو كاتەدا پیاوێكی ٥٨ ساڵان بوو، بەرادەیەك ئاشقی ئەم ژنە بوو كە بە ناردنی پێشكەشییەك ئەوی بۆ ئێوارە خوانێكی تایبەتی لە كۆشكی سپی بانگهێشتن كردو لەگەڵ ئەوە كە هێشتا ساڵێك لەمردنی هاوسەری تێپەڕ نەببوو، هاوكات لەگەڵ وتنی ئەو بابەتە كە لەیەكەمین چاوپێكەتنیدا ئاشقی بووە، پێشنیاری زەماوەندی پێكرد. ئێدیت ویلسۆن لە پەرتووكی بیرەوەرییەكانیدا كە لەساڵی ١٩٣٩ بلاو بۆوە، بەم شێوەیە داستانی ئەو میوانییە تایبەتە لەكۆشكی سپیو پێشنیاری زەماوەندی سەرۆك كۆماری ٥٨ ساڵەی ئەمریكا دەگێڕێتەوە:

... پێشنیاری زەماوەندی سەرۆك كۆمار كە زیاتر لە چەند جارێك ئەوم نەبینی بوو چاوەڕوان نەكراوو راچڵەكێنەر بوو بۆ من. من كە چاوەڕوانی ئەو پێشنیارە نەبووم، خۆم ئامادە نەكرد بوو كە وڵامێكی باشو شیاوی پێ بدەمەوە. یەكەمین شت كە هاتە زەینمەوە، هەڵبەت بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوە كە رەنگە قسەكانم ببێتە هۆی زویر بوونی ئەو، خستەسەر زارمو گوتم

5-Nancy Reagan
6-Ronald Reagan
7-cary Garyson
8-Editbollihg Galt

"بەلاّم بەرێز سەرۆك کۆمار ئێوە ناتوانن منتان خۆش بوێت... لەبەرئەوەی کە ئێوە هێشتا من ناناسن.. جگە لەوەش هێشتا ساڵێك بە سەر مەرگی هاوسەرتان تێ نەپەڕیوە". سەرۆك کۆمار لە وەلاّمدا وتی: "بەڵێ من لەهەستی ئێوە تێدەگەم. بەلاّم کچە بچکۆڵە (ئەو لەگەڵ ئەوەش کەمن زیاتر لە چل ساڵم تەمەن بوو، بەم ناوە دەیدواندم) لێرەدا پێوانە کاتو حەوتووو مانگو ساڵ نییە.. لەو رۆژەی کە هاوسەرم مردووە من ساتێك هێمنیو ئارامیم نەبینیوە. تەنیایی ئازارم دەداتو لەو رۆژەی کە ئێوەم بینیوە ئەو هەستە لە دەروونمدا دروست بووە کە تەنیا ئێوە دەتوانن جێگەی چۆڵی ئەو لەم ماڵەدا پڕ کەنەوە. من ئەم بابەتەم بە کچەکانمو هێلێن (کچە مامی ویلسۆن کە دوای مردنی هاوسەری ویلسۆن، بەڕێوبردنی کاروباری ناوخۆی کۆشکی سپیی لە ئەستۆدا بوو) وتووەو هەموویان رازین کە منو تۆ زەماوەند بکەین...

ئێدیت درێژە بە قسەکانی دەداتو دەڵێ کە وتووێژی ئێمە سەبارەت بە زەماوەند کاتژمێرو نیوێکی خایاند. لە ئاکامدا وتم ئەگەر بڕیار بێت ئەم شەو جوابی بەڵێ یا خود نا بدەمەوە، جوابی من نێگەتیڤ دەبێت مەگەر ئەوە کە دەرفەتی بیرکردنەوەم لەبارەی ئەو پێشنیارە پێبدەی. ویلسۆن دەرفەتی بیر کردنەوەی پێدا، بەلاّم ئێدیت کە نەیدەتوانی بڕیار بدات، دوو رۆژ دواتر لە واشینگتۆن چووە دەرێو دوور کەوتنەوەی لە پێتەخت دوومانگی خایاند. ئێدیت ویلسۆن لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: "کاتێك واشینگتۆنم بەجێهێشت دڵم بۆ پیاوێك لێی دەدا کە لەم پلە بەرزە سیاسیو زانستییەدا[9]، بەپاکیو راستگۆیی سەبارەت بە من ئەشقو خۆشەویستی درکاند، بەلاّم دەمەهەویست بە ماوەیەك دووری لە واشینگتۆن بە جۆرێك هەستی قووڵی ئەو تاقی بکەمەوە...". چەند رۆژ دوای رۆیشتنی ئێدیت لە واشینگتۆن، هاوسەری گریسۆن (پزیشکی تایبەتی ویلسۆن) ئەو ئاگاداری کردەوە کە سەرۆك کۆمار دوای رۆیشتنی ئەو بەهۆی خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە نەخۆشەو لە جێگەدا کەوتووە. ئێدیت نامەیەکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستیی بۆ ویلسۆن نووسیو بەڵێنی پێدا کە دوای گەڕانەوە ئەگەر سەرۆك کۆمار لە پێشنیارەکەی پاشەگەز نەبووبێتەوە وەلاّمەکەی بە دڵخوازی ئەو دەبێت. ئەو نامەیە ویلسۆنی

٩- ویلسۆن بەر لەوەکە ببێتە سەرۆك کۆمار، پسپۆرێکی ناسراوو نووسەرێکی بەتوانا بوو. پەرتووکەکانی سەبارەت بە بابەتە سیاسیو کۆمەلاّیەتییەکان لە زانکۆکانی ئەمریکا دەگوتراوە. هەروەها ویلسۆن ماوەی دەسالیش سەرۆکایەتی زانکۆی بە ناو بانگی "پرینستۆن"ی ئەمریکای لە ئەستۆدا بوو.

هێنایەوە سەرخۆشی و شادیو خۆشحاڵی ئەو لە کۆبوونەوەکانی حکوومەت بۆ ئەو وەزیرانەی کە ئاگادرای بابەتەکە نەبوون، سەرسووڕ هێنەر بوو. رۆژی سێهەمی سێپتەمبەر ئێدیت گەڕایەوە بۆ واشینگتۆنو لەکاتی گەیشتنی بۆ ماڵەوە سەبەتەیەکی گەورەی گوڵو بانگهێشتن نامەیەکی سەرۆك کۆماری سەبارەت بەبانگێشت کرانی بۆ خواردنی شەو لەکۆشکی سپی بەدەست گەیشت. ئەو شەوە ویلسۆن بە گەرمو گوڕی پێشنیاری زەماوەندەکەی باس کردەوەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ رێوڕەسمی زەماوەندەکەش بەیانی بێت. بەلاّم ئێدیت داوای مۆڵەتی زۆرتری بۆ ئامادەکردنی خۆی کرد. لەئاکامدا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە بڕیاری ویلسۆن بۆ زەماوەند لەگەڵ ئێدیت بوولینگ لەهەمان رۆژی چواردەهەمی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٥رابگەیێندرێو رێوڕەسمی زەماوەندی ئەوان لەمانگی ئۆکتۆبەر بەڕێوە بچێت. دوای راگەیاندنی بڕیاری ویلسۆن بۆ زەماوەند لەگەڵ ئێدیت بوولینگ رووداوێکی سەیرو سەمەرە روویدا کە نەتەنیا دەیتوانی پڕۆگرامەکانی ویلسۆنو ئێدیت لەمەترسی باوێ، بەڵکوو دەیتوانی ئابروو کەسایەتی یەکیك لە ناودارترین سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکاش ببات. ژنێك بەناوی ماری ئالێن پیك[10] رایگەیاند کە ویلسۆن سالاّنێکی زۆر ئەویندراری ئەو بووەو نێزیکەی ٢٠٠ نامەی ئاشقانەی بۆ نووسیوە. ماری ئالێن پیك پەیامی بە ویلسۆن دابوو کە ئەگەر دەیهەوێ زەماوەند بکات، دەبێ لە پێشدا زەماوەند لەگەڵ ئەو بکات. پەیامەکەی ماری ئەو هەڕەشەیەشی تێدا بوو کە ئەگەر زەماوەندەکەی ئەو لەگەڵ ئێدیت بۆلینگ سەربگرێت نامەکانی بلاّو دەکاتەوەو ئابرووی دەبات.

هەڕەشەی ماری مەترسیدار بووو ئەگەر ئەو بابەتە بسەلمێندرابوایە کە ویلسۆن لەکاتی زیندوو بوونی هاوسەری لەگەڵ ژنێکیتر پێوەندی یا خود نامە گۆڕینەوەی بووە، ئابروی کەسایەتییە سیاسیو کۆمەلاّیەتییەکەی دەکەوتە مەترسییەوە. رووداوی ماری ئالێن پیك کە هێشتاش بۆ کەس روون نییە، کۆتایی پێهاتو نامە ئاشقانەکانی ویلسۆن هیچکات بلاّو نەبۆوە. بەلاّم ئەوە روونو ئاشکرایە کە ئێدیت بوولینگ لە بێدەنگ کردنی ماری پیك رۆڵێکی گرینگی گێڕاو بە پێدانی پارەیەکی زۆر نامەکانی ویلسۆنی لەو ژنە کڕیوەتەوە. تەنانەت دەنگۆی ئەوە لە ئارادا بوو کە ماری بەخەرجی ئێدیت سەفەری دوورو درێژی بۆ وولاّتانی ئەورووپی کردووەو دوای

10-Mary Allen Peck

گەڕانەوەش بۆ ئەمریکا تا کۆتایی دەورانی سەرۆك کۆماری ویلسۆن پارەو پوولێکی بەرچاوی لە سامانی خودی ئێدیت وەرگرتووە. ویلسۆن بەهۆی ئەو رۆڵەی کە ئێدیت لەرووداوی ماری ئالێن پیکدا نواندی زیاتر لەجاران هۆگری بوو. رێوڕەسمی زەماوەندی ئەوان بەهۆی تووش بوون بە رووداوی ماری ئالێن پیكو پێویستیی بێدەنگ کردنی ئەو پێش ئەم رێوڕەسمە، تا مانگی دێسەمبەر وەدوا خرا. جێژنی بووکێنی لە رۆژی ١٨ی دێسەمبەر لەماڵی ئێدیت بەڕێوە چوو. تازە بووکی ٤٢ ساڵە لە ژانقییەی ساڵی ١٩١٦و دوای تەواو بوونی مانگی هەنگوین بۆ کۆشکی سپی گواسترایەوە. ویلسۆن کە لەساڵی ١٩١٦ بۆ جاری دووهەم بوو بە پاڵێوراوی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆماریو بە نازناوی "پیاوی ئاشتی"و کەسێك کە توانی ئەمریکا لەئاوری شەڕی یەکەمی جیهانی بپارێزێت، بەزۆرینەی دەنگ دووبارە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا. بەڵام چەندمانگ دواتر ئەو پیاوەی کە بە دروشمی ئاشتی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتبوو، ئەمریکای تووشی شەڕ کرد. ویلسۆن لەرۆژی یەکەمی ئاپریلی ١٩١٧ لە وتارێکدا کە لەکۆنگرەی ئەمریکا پێشکەشی کرد، دوای روونکردنەوەی هۆکارەکانی بەشداری ئەمریکا لە شەڕ، وتی: "خستنە ناوی ئەم دەوڵەتە ئاشتی خوازە بۆ یەکێك لە مەترسیدارو پڕکارەساتو مەینەتبارترین شەڕەکانی مێژوویی جیهان بڕیارێکی ترسناکە... بەڵام ئێمە رێگایەکی ترمان نییە... ژیاری مرۆڤ لە مەترسی دایەو لە هەموو کاتێکدا حەقو راستی (حەقیقەت) لە ئاشتی باشترو بەنرخترە". بەشداری کردنی ئەمریکا لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا فاکتەرێکی گرینگ بوو بۆ سەرکەوتنی هاپەیمانان لەبەرامبەر هێزەکانی ئەڵمانو ئیتالیاو عوسمانی (متحدین). سەرۆك کۆمار ویلسۆن وەك قارەمانێکی سەرکەوتووی ئەو شەڕە لەرۆژی چواردەیەمی دێسەمبەری ساڵی ١٩١٨ بەرەو ئەورووپا وەڕێکەوت. ویلسۆن چ لەکاتی شەڕو چ لەکاتی وتووێژەکانی تایبەت بە کۆتایی پێهێنانی شەڕو ئاشتی، لەگەڵ هاوسەری راوێژی دەکرد. ئێدیت لەوە کە هاوسەری لە وتووێژەکانی ئاشتیو دیاریکردنی داهاتووی جیهان رۆڵی یەکەمی هەیە شانازی بە خۆی دەکردو بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ گەلاڵەی پێشنیاری ویلسۆن بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی جیهانی کە ئاشتیو دادپەروەری لەجیهاندا سەقام گیر بکات، بە شانازیو لەخۆباییەوە باسی لێوە دەکرد. بەڵام حیزبی بەرهەڵستکاری ویلسۆن (کۆماریخواز) لە ماوەی سەفەری درێژخایەنی ئەو بۆ ئەورووپا لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی ئەمریکا سەرکەتو بەم هۆیەشەوە زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرەو

بەتایبەت زۆرینەی بەرچاوی سێناتۆرەکان دژ بە سیاسەتەکانی ئەو هەڵویستیان گرت. ویلسۆن دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا بینی رەنگە گەلاڵەکەی بۆ دامەزراندنی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" کە وڵاتەکانی ئەورووپا بە گەرمی پێشوازیان لێکرد، لەلایەن زۆرینەی سێناتۆرە بەرهەڵستکارەکانەوە رەد کرێتەوە. ئێدیت ویلسۆن کە ئاگاداری هۆگریو خۆشەویستی هاوسەری بەو گەلاڵەیەو ئەو کاریگەرییە خراپە بوو کە پەسند نەکرانی گەلاڵەکە لەسەر ورەو دەروونی ئەوی دادەنێت، پێشنیاری بە ویلسۆن کرد بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵك لەسیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکاو لەم رێگایەشەوە ناچارکردنی سێنا بۆ پێڕەوی لەرای گشتی خەڵك، خەباتێکی پڕوپاگەندەی بەرفراوان لەئەمریکا وەرێخەن. ویلسۆن ئەو پێشنیارەی پەسند کردو رۆژی سیهەمیسێپتەمبەری ساڵی ١٩١٩ بۆ سەفەرێکی یەك مانگە بۆ ویلایەتە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا سواری شەمەندەفەر بوو. بۆ ئەو سەفەرە١٦٠٠ کیلۆمەترییە پڕۆگرامی وتار بێژی بۆ ٢٦ جێگا ئامادە کرابوو. خانمی ویلسۆنو گریسۆن، پزیشکی تایبەتی سەرۆك کۆمارو ٢٥ هەواڵنێر لەو سەفەرەدا هاورێیەتی ویلسۆنیان دەکرد. هەروەك خاتوو ویلسۆن پێشبینی کردبوو، ئەو سەفەرەی ویلسۆن بەسەرکەوتنێکی بەرچاو دەستی پێکردو وتارەکانی ویلسۆن کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیسەرانی دادەنا.



خانمی ویلسۆن لەگەڵ هاوسەرەکەی، وودرو-ویلسۆن

رەنگدانەوەی بەرفراوانی ئەو وتارانە لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەمریکاو پێشوازی رای گشتی لەو وتارانە، ویلسۆنی هان دا کە وتاری پترو بە گوڕوتینتر بداو بۆیەش لە هەر شارێك چەند جارو لە کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان وتاری دەخوێندەوە. گریسۆن لە هەژانی توندی ویسلۆن لەکاتی وتاربێژی و ئەو گوشارەی کە لە رەوتی سەفەرەکە دەکەوتە سەر ویلسۆن بە پەرۆش بووو ئێدیت ویلسۆنیش بەراسپاردنی گریسۆن داوای لە هاوسەری دەکرد کە ژمارەی وتارەکانی کەمتر بکاتەوە، بەڵام ویلسۆن کە لە پێشوازیو گوێگرتنی خەڵك لە وتارەکانی سەرخۆش دەبوو، گوێیێ نەدەدا راسپاردەکانی پزیشكو هاوسەری، بۆیەش لەنێوان رێگادا بەهۆی گوشارو ماندووبوونو جۆشو خرۆشی زۆرەوە تۆشی شەپلە بووو هەر بەو هۆیەشەوە ئەو شەمەندەفەرەی کە ویلسۆنو هاورێیانی پێ بوو بەرەو واشینگتۆن گەڕاوە. رۆڵی سەرەکی خاتوو ویلسۆن لە سیاسەتو حکوومەتی ئەمریکادا لەم رێکەوتەوە دەست پێدەکات. لەبەرئەوەی کە ئێدیت ویلسۆن دەستبەجێ دوای گەڕانەوەی سەرۆك کۆمار بۆ واشینگتۆن، هاوسەرەکەی لە ژووری خەوتنی لە کۆشکی سپیدا بەند کردو بە بیانووی ئەوەکە دەبێ سەرۆك کۆمار بە راسپاردنی پزیشك پشووی تەواو بدات، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو قەدەغە کرد. ویلسۆن تا تەواو بوونی دەورانی سەرۆك کۆماری کە ١٧مانگ درێژەی کێشا نەخۆشو لەجێدا کەوت. پێوەندی ئەو بەدنیای دەرەوەو کاربەدەستانی حکوومەتو سیناتۆرەکانو نوێنەرانی کۆنگرە لەرێگای ئێدیت ویلسۆنەوە بوو. خانمی ویلسۆن لە ژوورێك کە لە تەنیشت دیوی خەوتنی هاوسەرەکەی بوو، چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیرەکانو کاربەدەستانی دەوڵەتو سەرکردە سەربازییەکانو سێناتۆرو نوێنەرانی کۆنگرە دەکردو بۆچونو پێشنیارەکانیانی دەنووسیو دوایش ئەو راپۆرتو هەواڵو پێشنیارانەی لەژوورێکی داخراودا لەگەڵ هاوسەری باس دەکردو وڵام یان بڕیارەکانی سەرۆك کۆماری لە بارەی هەرکام لەو راپۆرتو پێشنیارانە بە کاربەدەستانی دەوڵەتیو سەرکردە سەربازییەکانو سێناتۆرو نوینەرانی کۆنگرە رادەگەیاند. لە هەندێك جێگەدا کە پێویست بوو فەرمانی سەرۆك کۆمار لەژێر راپۆرتەکان بە نووسراوە بێت، ئێدیت فەرمان یا خود روانگەی هاوسەرەکەی بەدەستنووسی خۆی دەنووسیو ویلسۆنیش ژێری ئەو نووسراوانەی واژوو دەکرد. درێژەکێشانی نەخۆشی ویلسۆن بە لە بەرچاو گرتنی ئەو راگەیاندراوە لێڵو هیوابەخشە پزیشکییانەی کە سەبارەت بە یاسایی بوونی باری تەندروستی سەرۆك کۆمار بڵاو دەکرایە، ئەو گومانەی لەزەینی خەڵکدا درووست دەکرد کە سەرۆك کۆمار لەش ساغیو توانای بڕیاردانی لە

دەست داوەو ئەوە خانمی ویلسۆنە کە لە گرینگترین بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری سیاسەتی دەرەکیو ناوخۆیی ئەمریکا لەجیاتی ئەو بڕیاردەداتو واژۆی سەرۆك کۆمار لەژێر بڕیارەکانی خۆی دەدات. تەنانەت ژمارەیەك لە سێناتۆرە بەرهەڵستکارەکانی ویلسۆن شکیان لە واژۆکانی سەرۆك کۆمار دەکرد، لەبەرئەوەکە واژۆکانی بە خەتێکی شکاوو لەرزۆك لەسەر لاپەڕەکان دەدراو وادەهاتە بەرچاو کە خاتو ویلسۆن پێنووسەکەی داوەتە دەستی هاوسەریو ئەوی لە واژۆکردنی بەڵگەکان یارمەتی داوە. لەساڵی ١٩٢٠ کە خەباتی ژنانی ئەمریکا بۆ وەدەست هێنانی مافە رامیارییەکانیان گەیشتبووە بەرزترین رادەی خۆی، سێناتۆرێکی ئەمریکایی گوتی کە ژنانی ئەمریکایی پێش ئەوەی مافە رامیارییەکانیان بەدەست بهێنن، حکوومەتمان بە سەردا دەکەن. ئەو بەراشکاوی ناوی خانمی ویلسۆنی وەك ژنێك هێنا کە بەکردەوە ئەرکەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا ئەنجام دەداتو پێشنیاری کرد کە شاندێك لە پزیشکە پسپۆڕەکان سەرۆك ویلسۆن بخەنە ژێر تاقیکاریو ئەگەر بەراستی ناتوانێ ئەرکەکانی سەرۆك کۆماری ئەنجام بدات، ئەوە دەبێ بەپێی یاسای بنەڕەتی ئەمریکا دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری بەجێگرەکەی بسپێردرێت. بەڵام سێناتۆرەکانو نوێنەرانی کۆنگرە پێشوازییان لەو پێشنیارە نەکردو زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە ئەگەرچی دەیانزانی ویلسۆن توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی نییەو خاتوو ویلسۆن لەلایەن ئەوەوە لەسەر کاروباری ناوخۆییو دەرەکیو دانانو لەسەرکار لابردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی بڕیار دەدات، رازی بوون کە ئەم بارودۆخە تا تەواوبوونی دەورانی سەرۆك کۆماری ویلسۆن درێژەی هەبێت. هۆی ئەم هەڵویستەی سێناتۆرەکانو ئەندامانی کۆنگرە ئەوە بوو کە ئەگەر ویلسۆن لەسەرکار لابردرابوایە، جێگرەکەی (تۆماس رەیلی مارشاڵ)[11] دەبووە جێنشینی ئەوو تۆماس رەیلی مارشاڵیش نەتەنیا لەلای کۆماریخوازەکان قێزەون بوو بەڵکوو لەنێوان سێناتۆرەکانو نوێنەرانی دیمۆکراتخوازی کۆنگرەش نەیاری زۆر بووو هەر بۆیەش درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە لە بەدەستەوە گرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری لەلایەن تۆماس مارشاڵەوە لەلایەن ئەوانەوە زیاتر قەبووڵ دەکرا. بەم شێوەیە خانمی ویلسۆن توانی بە کەڵك وەرگرتن لەو هەڵکەوتە تایبەتییەی کە لە دەورانی نەخۆشی هاوسەرەکەی هاتبووە ئاراوە، تا کۆتایی دەورانی سەرۆك کۆماری

11-Thom as R ileg M arshal

هاوسەری لەساڵی ١٩٢١ لە ئەمریکا حوکمڕانی بکات. هەڵبەت سەنگی حکوومەتی حەڤدە مانگەی ئەو لە بواری سیاسەتی دەرەکیو نێوخۆیی قورس‌وسەرکەوتوو نەبووو کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بە پێشنیاری ویلسۆن لە کۆنفرانسی پاریس دامەزرا بوو، بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکا دەستی بەکارەکانی کرد. ویلسۆن تا چوار ساڵ دوای تەواوبوونی دەورانی سەرۆك کۆماری زیندو مایەوەو خانمی ویلسۆن لە رووی خۆشەویستیو ئەڤینەوە ئەرکی چاوەدێریو ئاگاداری مێردە پەککەوتووو نەخۆشەکەی تا کۆتایی هاتنی ژیانی لەرۆژی سێهەمی فێۆیەی ساڵی ١٩٢٤ بەئەستۆ گرت. خاتوو ویلسۆن کە پەرتووکی بیرەوەرییەکانی پێشکەش بە رووحی هاوسەری کردبوو، لەساڵی ١٩٣٩ چاپو بلاّو کردەوەو تاساڵی ١٩٦١کە لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا مرد، لەگەڵ ئەوەش کە پیرو نەخۆش بوو لە تەواوی ئەو رێوڕەسمانە بەشداری دەکرد کە بەیادی هاوسەری یاخود لەبەر ناو لەسەرنانی رێکخراوێك یان قوتابخانەیەك یان پردو شەقامێك بەناوی ویلسۆن بەرێوە دەچوو.

***

دوای ئێدیت ویلسۆن کە ماوەیەك بە تەنیاو بەناوی هاوسەری لە ئەمریکا حوکمڕانی کرد، لە نیوان هاسەری سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکادا ئێلیانۆر رۆزڤێلت، هاوسەری فرانکلین دیلانۆ رۆزڤێلت (سیو دووهەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا) رۆڵی بەر چاوی لە سیاسەتو حکوومەتی ئەمریکادا نواندو دوای مردنی هاوسەری ساڵانێکی زۆر پۆستی نوێنەری ئەمریکای لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەئەستۆ بوو. ئێلیانۆر رۆزڤێلت لەساڵی١٨٨٤لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی نیۆیورك لەدایك بووو لەتەمەنی منداڵیدا دایكو باوکی لەدەست داو لەژێر سەرپەرشتی خزمە نزیکەکانی دەژیاو لە قوتابخانە تایبەتیو شەوورۆژەیی (پانسیۆن) نیۆیورك خەریکی خوێندن بوو. یاساو رێساکانی ئەو قوتابخانانەی کە ئێلیانۆر دەرسی لێدەخوێند، زۆر توندو جیدی بووو هەر بۆیەش ئێلیانۆر جگە لەوە کە بەباشی وانەکانی دەخوێند، زۆر رێکوپێكو قورس راهاتو هەر ئەم هەڵسوکەوتە مەتینو قورسەی ئەو بوو کە سارای دایکی فرانکلین رۆزڤێلتی خستە بیری ئەوەی کە خوازبێنی لێ بکات بۆ کوڕەکەی. فرانکلینیش لە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەندو تێروتەسەلی نیۆیورك لەدایك ببووو لە بەناوبانگترین خوێندنگەکانو زانکۆکانی ئەمریکادا خوێندنی تەواو کرد بوو.



فرانکلین رۆزڤێلتو ئێلیانۆر لەساڵی ١٩٠٦، ساڵێک دوای زەماوەند


ئێلیانۆر رۆزڤێلت لەکاتی زەماوەند لەگەڵ فرانکلین لەساڵی ١٩٠٥ دا بیستو یەك ساڵی تەمەن بووو هاوسەریشی تەنیا دوو ساڵ لەو گەورەتر بوو. لەساڵی ١٩٠٦ یەکەمین منداڵیان کە کچ بوو، چاوی بە دونیا پشکوتو لەماوەی دەساڵی دواتر چوار منداڵی تریشیان بوو کە هەموویان کوڕ بوون. لەو ماوەیەدا فرانکلین رۆزڤێلت چووە نێو کارو تێکۆشانی سیاسیو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لەساڵی ١٩١٢ بە توندی لایەنگری لە ویلسۆن دەکرد. رۆزڤێلت دوای سەرکەوتنی ویلسۆن لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری، پۆستی جێگری وەزیری دارایی وەرگرتو لە رێکخستنی هێزی دەریایی ئەمریکا بۆ شەڕ لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا رۆڵی گرینگی گێڕا. هاوکات لەگەڵ هەوڵە سیاسییەکانی فرانکلین رۆزڤێلت، ئێلیانۆریش پێوەندیی بە بزاڤی ژنانی ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی مافە رامیارییەکانەوە گرتو لە کۆبوونەوەکانی ژنان لە نیۆیۆرکو واشینگتۆندا وتارگەلێکی پڕجۆش‌وخرۆشی خوێندەوە. هەروەها ئێلیانۆر رۆزڤێلت لە رۆژنامەکانی ئەمریکا دەستی بە نووسینی وتار بە لایەنگری لەمافی ژنان کرد. لەو کاتەدا ناوبانگی ئەو لەهاوسەری کەمتر نەبوو. لەساڵی ١٩١٨دا کاتێك کە فرانکلین رۆزڤێلت لەگەڵ ویلسۆن بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی ئاشتی چوو بووە پاریس،

ئێلیانۆر لەکاتی ڕێکوپێك کردنی ژووری کاری هاوسەری نامەگەلێکی ئاشقانەی دۆزییەوە کە بەدەستنووس‌و واژۆی سکرتێرە گەنج‌و جوانەکەی (لۆسی مێرسێر)[12] بۆ ڕۆزڤێڵت نووسرا بوو. نامەکان کە پتر لەوڵامی نامەکانی ڕۆزڤێڵت نووسرا بوون، تایبەت بوو بە پێوەندی ئەوان لە دوو ساڵی رابردوودا. ئێلیانۆر تا گەڕانەوەی ڕۆزڤێڵت بێدەنگی راگرت، بەڵام کاتێك کە ڕۆزڤێڵت لە سەفەر گەڕایەوە پێی گوت کە دەبێ لەنێوان ئەشقی ئەو کچە ٢٢ ساڵەیەو ژیانی بنەماڵەی خۆی یەکیان هەڵبژێرێت. ڕۆزڤێڵت ئامادە نەبوو کە ئەشق‌و پێوەندییەکانی لەگەڵ لۆسی بپچڕێنێ‌و هەر بەو هۆیەشەوە ئێلیانۆر بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی دایکی ڕۆزڤێڵت سەبارەت بە جیابوونەوەیان سەردانی ئەوی کرد. دایکی فرانکلین کە دوای مردنی هاوسەری بەتەنیا میراتگری سەروەت‌و سامانی ئەو بە ئەژمار دەهات، ڕۆزڤێڵتی بانگهێشتن کردو پێی راگەیاند کە ئەگەر واز لە ئەڤینی لۆسی نەهێنی لەسەروەت وسامانی خۆی بێ‌بەشی دەکات. فرانکلین ئامادە بوو لەبەر ئەڤینی لۆسی هەمووشتێکی خۆی فیدا بکات، بەڵام پێش ئەوەکە هاوسەری تەڵاق بدات چووە لای لۆسی تا بەڵێنی زەماوەندی لێ‌بستێنێ‌و لۆسی کە کاتۆلیك بوو، گوتی ناتوانێ لەگەڵ پیاوێك کە هاوسەری تەڵاق داوە زەماوەند بکات.

زەماوەندی لۆسی لەگەڵ پیاوێکی بەساڵاچووی دەوڵەمەند خاڵی کۆتایی ئەم ئەڤینە بوو. پێوەندییەکانی ئێلیانۆرو فرانکلین دوای ئەو رووداوە تا ماوەیەك سارد وسڕ بوو، بەڵام ئێلیانۆر لەساڵی ١٩٢١ کە فرانکلین تووشی پەککەوتوویی هات، بە لەخۆبردووییەکی بێ وێنەوە ئەرکی چاوەدێری‌و پەرستاری فرانکلینی بەئەستۆ گرت‌و ڕۆزڤێڵتی خستە ژێر کاریگەری دڵسۆزییەکانی خۆی. پەککەوتوویی ڕۆزڤێڵت بەهۆی چاوەدێری هاوسەری‌و بەهەندێك وەرزش کە بەیارمەتی ئەو ئەنجامی دەدا، بڕێك باشتر بووو توانی بە گۆچان بڕوات، بەڵام پەککەوتوویی هەردوو لاقی چاك نەدەبۆوەو ناچار بوو زۆرتر بە ویلچێر (عارەبانەی پەککەوتووان) هات وچۆ بکات. ڕۆزڤێڵت بە لەمێشك ڕۆکردن‌و هاندانی هاوسەری هەوڵە سیاسییەکانی خۆی چڕتر کردەوەو هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە توانی بەسەر ئەو پەرێشانی‌و کەسەریەدا زاڵ بێت کە بەهۆی پەککەوتوویی‌و نەجووڵانەوەی لەشی تووشی ببوو. ئێلیانۆریش پێ‌بەپێی هاوسەری چووە نێو گۆڕەپانی سیاسەت‌و توانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ژنانی لایەنگری حیزبی دیمۆکرات

12-Lucy Mercer

بەدەستەوە بگرێت. ڕۆزڤێڵت لەساڵی ١٩٢٨دا پۆستی گرینگی حاکمی ویلایەتی نیویۆرکی بەدەستەوە گرت و لەم دەنگدانەدا دەنگی ژنانی نیویۆرك لەسەرکەوتنی ئەودا ڕۆڵێکی گرینگی نواند.



ئێلیانۆر ڕۆزڤێڵت ڕێبەریی خۆپیشاندانی لایەنگرانی مافی سیاسیی ژنانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٢٠دەکات

لەسەرەتای دەیەی ساڵی ١٩٣٠دا ئەمریکا تووشی گەورەترین قەیرانی ئابووری دەورانی سەربەخۆیی خۆی بۆوەو ڕۆزڤێڵت بە پێدانی بەڵێنیی جێبەجێکردنی چەند گەڵاڵەیەکی کاریگەرو بەجێ بۆ نەهێشتن‌و لەناوبردنی ئەو قەیرانە خۆی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆماری پاڵاوت. هاندەری سەرەکی ئەو لەم پێشبڕکێیەدا هاوسەری بووو هەر بۆیەش ڕۆزڤێڵت دوای سەرکەوتن بەسەر ڕکەبەرەکانی لە کۆنڤانسیۆنی حیزبی دیمۆکرات، لەگەڵ هاوسەری سەردانی ویلایەتەکانی ئەمریکای کردو بە گوتنی زیاتر لە دووسەد وتار لە ویلایەتەکانی ئەمریکا، سەلماندی کە سەرەڕای پەککەوتوویی لاق هێشتاش هەر توانایی‌و لێهاتوویی بێ‌وێنەی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەم بارودۆخە دژوارو ناڵەبارەدا هەیە. ڕۆزڤێڵت بە وەدەستهێنانی زیاتر لەحەوت ملیۆن دەنگ توانی

بەسەر ركەبەرە كۆماریخوازەكەی خۆی (هێربێرت هۆڤێر)[13] سەركەویَ كە لەو ریَكەوتەدا سەرۆك كۆماری ئەمریكا بووو دەورانی سەرۆك كۆماری ئەو لەرۆژی چوارەمی مارسی ساڵی ١٩٣٣ دەستی پێكرد. رۆزڤێڵت بە هەڵبژاردنی دۆستو هاوكاری دروستكارو شایستەو بە بوێرییەكی بیَوێنەوە كە بۆ ئاڵو گۆڕی بنەڕەتی لە ئابووری ئەمریكادا بەكاری هێنا، توانی ئەمریكا لەو قەیرانە گەورە رزگار بكات. رۆزڤێڵت لەساڵی ١٩٣٦ بۆ جاری دووهەم بە زۆرینەی دەنگ كە لە جاری یەكەم زیاتر بوو، بە سەرۆك كۆماری ئەمریكا هەڵبژێردرا. لەساڵی ١٩٤٠ كە تازە بڵێسەی شەڕی دووهەمی جیهانی هەڵگیرسابوو، گەلی ئەمریكا نەیاندەویست لەو بارودۆخە نالەبارە كەسێكی نەناسراو بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری هەڵبژێرن، هەربۆیەش رۆزڤێڵت بۆ یەكەمین جار لە مێژووی ئەمریكاو بۆ جاری سێهەم وەك سەرۆك كۆماری ئەمریكا هەڵبژێردراو لەكۆتاییشدا لەساڵی ١٩٤٤ لەسەرەتای نێزیك بوونەوەی سەركەوتن لە شەڕ جارێكیتریش هیچ ركەبەرێكی لە حیزبی دێمۆكرات بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك كۆماری نەبوو. هەرچەند ئەمجارەیان تووشی ركەبەرێكی بەهێز لە حیزبی كۆماریخواز بۆوە، بەلاّم توانی بە جیاوازییەكی كەمو بۆ جاری چوارەم پۆستی سەرۆك كۆماری ئەمریكا بەدەست بهێنیَ. ئێلیانۆر لەتەواوی ماوەی سەرۆك كۆماری رۆزڤێڵت كە زیاتر لە دوازدەساڵی خایاند، نێزیكترین راوێژكارو هاوكاری ئەو لە كاروباری پەیوەست بەسیاسەتی دەرەوەو ناوخۆیی ئەمریكا بوو. گرینگترین كێشە تایبەتییەكانی سیاسەتی ناوخۆییو نێونەتەوەیی ئەمریكا نەتەنیا لە كۆبوونەوەكانی حكوومەتدا، بەڵكو لە كۆبوونەوە تایبەتییەكانی سەرمێزی نان خواردن كە لەچێشتخانەی كۆشكی سپی پێك دەهات،دەكەوتە بەر باسو لێكۆڵینەوە. لەم كۆبوونەوانەدا كە پتر لەكاتی خواردنی نانی بەیانیو نیوەڕۆ لەچێشتخانەی كۆشكی سپی ئەنجام دەدراو ناویان نابوو"كابینەی چێشتخانە"[14]، وەزیرانی پایەبەرزو راوێژكارانی نێزیكی سەرۆك كۆمار ئامادە دەبوونو ئێلیانۆریش كە ئەندامی هەمیشەیی‌ئەم كابینەیە بوو لە زۆربەی بابەتە گرینگەكان راوێژی پێدەكرا.

ئەركێكی گرینگی‌تر كە ئێلیانۆر لەو ماوەیدا بە ئەستۆی گرتبوو، ئەوە بوو كە بە جێگای هاوسەری لە رێوڕەسمە جۆراجۆرەكان بەشداری دەكردو هەروەها لەلایەن رۆزڤێڵتەوە بۆ چارەسەر كردنی بابەتو گرفتەكانی ناوخۆییو ئاگاداربوون لە بیروبۆچوونی رێبەرانی ولاّتانی دەرەوە سەفەری جۆراوجۆری بۆ دەرەوەو ناخۆی ولاّت دەكرد.

13-Herbert Hoover

14-Kitchen Cabinet



ئەم وێنەیەی ئێلیانۆر رۆزڤێڵت لە دوایین ساڵی مانەوەی لە كۆشكی سپی بۆ گۆڤاری لایف گیراوە

ئێلیانۆر بە نووسینی وتارگەلێك لەژێرناوی "رۆژی من"[15] كە هەموو رۆژێك پتر لەسەد رۆژنامە هاوكات لەسەرانسەری ئەمریكا چاپیان دەكرد، روانگەكانی خۆی سەبارەت بە بابەتەكانی رۆژ لەگەلّ خەڵك باس دەكردو مانگانە بە شێوەیەكی مام ناوەندی نزیكەی سێ هەزارنامەی لە خەڵك وەردەگرت كە نووسینگەیەكی بۆ لێكۆڵینەوەو ولاّمدانەوەی ئەونامانە دروست كردبووو هەر حەوتوویەك كورتەیەك لە بیرو بۆچوونی خەڵكی سەبارەت بە باسە جیاوازەكان كە لەم نامانەدا رەنگی دەداوە، پێشكەش بە هاوسەری دەكرد. ئێلیانۆر رۆزڤێڵت بەكردەوە لە رەوتی شەڕی

15-My day

دووهەمی جیهانیدا کە رۆزڤێلت بۆ بەشداری لە کۆنفراسە نێونەتەوەییەکان لە ئەمریکا دەرۆیشتەدەرێ، ئەرکەکانی سەرۆك کۆماری بەڕێوە دەبردو هەموو رۆژێك لەرێگای تێلیگرافو بێسیمەوە پێوەندی بە هاوسەرییەوە دەگرت. دوایین کۆنفراسێکی نێونەتەوەیی کە رۆزڤێلت بەشداری تێدا کرد، کۆنفراسی یالْتا بوو کە لەنیوەی یەکەمی فێوریەی ساڵی ١٩٤٥ لە کۆشکی دوایین تێزاری رووسیا لە کەناری دەریای رەش گیراو چارەنووسی داهاتووی جیهانو دابەش کردنی ئەورووپا بە ناوچەکانی ژێر دەسەلاٌتی تێدا تاوتوێ کرا. یەکێك لە بڕیارەکانی یالْتا کە رۆزڤێلت زۆر هۆگری بوو، دامەزراندنی رێکخراوێکی نێونەتەوەیی بەناوی "رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" بەجێگەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو. بەلاٌم کەمتر لە دوو حەوتوو دوای دەستپێکردنی یەکەمین کۆبوونەوەکانی ئەم رێکخراوە لە سانفراسیسکۆو لەشەوی دوازدەهەمی ئاپریلی ساڵی ١٩٤٥ چرای تەمەنی رۆزڤێلت کوژاوە. ئێلیانۆر دوای مردنی هاوسەری بوو بە نوێنەری ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانو لەحەوت خولی دانیشتنە سەرەتاییەکانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کە دەورانی کێشەو ناکۆکی ئەمریکاو یەکیەتی سۆڤیەت بوو، سەرۆکایەتی شاندی نوێنەرانی ئەمریکای لەو رێکخراوە لەئەستۆ بوو. ئێلیانۆر رۆزڤێلت لەساڵی١٩٥٣ کە سەردەمی سەرۆك کۆماری "ئایزۆن هاوێر"[١٦] و حکوومەتی کۆماریخوازان دەستی پێکرد، دەستی لە کاروباری سیاسی هەڵگرتو تاکۆتایی تەمەنی خەریکی سەیرو سەفەرو نووسین بوو. ئێلیانۆر لەساڵی ١٩٦٢و لەتەمەنی ٧٨ ساڵیدا مالاٌوایی لە ژیان کرد. ئێلیانۆر لەساڵی ١٩٣٢ تا ١٩٦٢ زیاتر لە دە پەرتووکی نووسیوە کە بەناوبانگترینیان پەرتووکی ژیاننامەی خۆیەتی لەژێر ناوی "ئەوە بەسەرهاتی منە"و بیرەوەرییەکانی لە کۆشکی سپی.

***

لەنێوان هاوسەرانی سەرۆك کۆمارەکانی ئەم دواییانەی ئەمریکا، تەنیا نانسی رەیگان هاوسەری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەساڵەکانی ١٩٨١ تا ١٩٨٩ لە سیاسەتو حکوومەتی ئەمریکادا رۆڵی بەرچاوی نواندوە، بەلاٌم رۆڵی ئەوەنە بەراورد لەگەڵ رۆڵی خانمی ویلسۆنو ئێلیانۆر رۆزڤێلت زۆر بەرچاو نیيە. رۆڵی نانسی رەیگان لەحکوومەتی ئەمریکادا بە بلاٌوبوونەوەی پەرتووکی پڕهاتو هاواری سەرۆکی ستاڤی پێشووی کۆشکی سپی (دۆناڵدرەیگان)[١٧] لەساڵی ١٩٨٨ ئاشکرا بوو .

16-Eisenhower
17-Donald Regan



لەم وێنەیەدا وینەی نانسی رەیگان، هاوسەری رۆناڵد رەیگان (سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا) لەگەڵ دۆناڵدرەیگانی سەرۆکی ستاڤی کۆشکی سپی دەبینرێت. ئەم وێنەیە پێش سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوانیان کە بووە هۆی لەسەر کارلابردنی دۆناڵدرەیگان گیراوە

دۆناڵد رەیگان کە نزیکترین هاوکاری رۆناڵد رەیگان بوو، لەم پەرتووکەدا کە ناوی "بۆ تۆمار لە مێژوو"[١٨]یە روونی کردۆتەوە کە نانسی رەیگان بە چ شێوەیەك دەست لە سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆی ئەمریکا وەردەداتو دوایین دەست تێوەردانی نانسی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ئەوو سەرۆکی پێشووی ستاڤی کۆشکی سپیو لەسەرکار لابردنی دۆناڵدرەیگان، بریتیبوو لە رووداوی فرۆشتنی چەكو چوڵی ئەمریکا بە ئێرانو گواستنەوەی قازانجی بەدەستهاتوو لەو مامەڵەیە بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێڕانی نیکارگوای کە دەستی نانسی تێدابوو.

یەکێك لەخاڵە سەرەنج راکێشەکانی پەرتووکی دۆنالدرەیگان ئەوەیە کە ئاماژە بە سەردانی بەردەوامی نانسی بۆ لای ئەستێرە ناسێکی دانیشتووی سانفرانسیسکۆ دەکات و دەبێت کە نانسی بۆ دیاریکردنی کاتژمێرەکانی بەختو شۆمی هەوڵەکانی هاوسەرەکەی سەردانی ئەو ئەستێرە ناسەی کردووە. بەو شێوەیەی کە دۆناڵدرەیگان لە پەرتووکەکەیدا دەنووسێ، پرۆگرامی کاری رۆنالد رەیگانو رێکەوتی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ رێبەرانی ولاتانیتریش هەر لە رووی خشتەیەکی زەمانی دیاری دەکرا کە بەبۆچونی ئەستێرە ناسی باوەڕ پێکراوی خانمی رەیگان رێك خسترابووو خانمی رەیگان لەکاتژمێرە شۆمەکان، پێشی بەدیمانەی هاوسەری لەگەڵ کاربەدەستانی جۆراوجور یان وتار خوێندنەوەو وتووێژو واژۆ بەڵگەو پەیماننامەکان دەگرت!

18-For the Record

فەسڵی چواردەهەم

چوار ژنی ئاسیایی کە ناوبانگ و دەسەڵاتیان لە باوك یان مێردەوە بە میرات وەرگرت

چوار ژنی ئاسیایی کە ناوبانگ و دەسەڵاتیان لە باوك یان مێردەوە بە میرات وەرگرت

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا چوار ژنی ئاسیایی بە دەسەلآت گەیشتن کە خاڵی هاوبەشی هەموویان بریتی بوو لە بە میرات وەرگرتنی دەسەلآت لە باوکو هاوسەریان. هەڵبەت هەر چواریان توانایی‌و لێهاتوویی تەواویان بۆ بەدەستهێنانی دەسەلآتو بەڕێوبردنی کاروباری نیشتمانەکەیان هەبوو، بەلآم هەرگیز بەبێ ناوبانگو سەرکەوتنی هاسەر یاخود باوکیان شانسی گەیشتن بە تەختی دەسەلآتیان نەبوو. یەکەمین ژن کە لەجیهاندا پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، خاتوو"سیریماڤۆ باندارانایکی"[1] بوو کە لەساڵی ١٩٥٩و دوای کوژرانی هاوسەری (سولەیمان باندارانایکی) بەجێگای ئەو وەك ڕێبەری حیزبی ئازادی سەیلان هەڵبژێردراو دوای سەرکەوتنی ئەم حیزبە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٠ ی سەیلان (سریلانکا)[2] بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی گەیشت. خاتوو باندارانایکێ بەهۆی ناوبانگی هاوسەری بووکە ئەم سەرکەوتنەو گەشەسەندنەکانی دواتری خۆی بەدەست هێناو هەربەم هۆیەشەوە پێویستە بەر لە ڕوونکردنەوەی ژیانی سیاسی ئەو، کورتەیەك لەژیانی هاوسەری (سولەیمان باندارانایکێ) باس بکەین. سولەیمان باندارانایکی لەساڵی ١٨٩٩ لە "کۆلۆمبۆ"[3]ی پێتەختی سەیلان لە دایك بوو. دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی چووە بریتانیاو خوێندنی بالآی لە زانکۆی ئاکسفۆرت تەواو کرد. سولەیمان دوای گەڕانەوە بۆ سەیلان لەساڵی ١٩٢٥دا خەریکی کاری پارێزەری دادگا بوو، بەلآم هاوکات لەگەڵ ئەم کارە خەباتی سیاسیشی دەکردو لەسەرەتای ساڵەکانی دەیەی ١٩٣٠ وەك ڕێبەی حیزبی کۆنگرەی نەتەوەیی سەیلان هەڵبژێردرا. سولەیمان باندارانایکێ لە ڕەوتی ئەو تێکۆشانە سیاسی‌یانە لەگەڵ قۆڵی هێندیی حیزب کە دەیانهەویست لەحیزبی کۆنگرەی هێند

1-Sirimavo Bandaranaike

2-Sri Lanka

3-Colombo

پێڕەوی بکەن دژایەتی دەکردو لەخەباتی ڕزگاریخوازانەی سەیلان ڕۆڵی بەرچاوی نواند. سولەیمان باندارانایکێ لە یەکەمین دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی سەیلان کە دوای سەربەخۆیی ئەم ولآتە لەساڵی ١٩٤٨ دامەزرا، پلەی وەزیری تەندروستی سەیلانی وەدەست هێناو لەم پۆستەدا توانی نەخۆشی مالاریا کە زەرەدو زیانێکی مرۆڤی زۆری لێکەوتەوە بنەبڕ بکات. سولەیمان باندارانایکێ لەساڵی ١٩٥١ دەستی لەم پۆستە کێشاوەو دواییش حیزبی ئازادی سەیلانی دامەزراند. ئەم حیزبە توانی بە دروشمە سۆسیالیستییەکانی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٦ سەرکەوێتو سولەیمان باندارانایکێ دوای بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیری، بنکە سەربازی‌و دەریاییەکانی بریتانیای لە سەیلان داخست. بەهۆی سیاسەتە ناسیۆنالیستییەکانی باندارانایکێ‌و بەرتەسك کردنی ژیانی کەمایەتییەکانی هێندی‌و بوودایی لەولآت، هەندێك شلەژاوی لە سەیلان دروست بوو کە کوژرانی ئەوی لەساڵی ١٩٥٩ لێکەوتەوە. خاتوو سیریماڤۆ باندارانایکێ لەساڵی ١٩١٦ لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەدایك بووو لەساڵی١٩٤٠لەگەڵ سولەیمان باندارانایکێ زەماوەندی کردو تا ساڵی ١٩٥١ کە هاوسەری حیزبی ئازادیی پێك هێنا، بەشداری لە هەوڵە سیاسییەکانی هاوسەریدا نەکرد. خاتوو باندارانایکێ لەساڵی ١٩٥١ بە پێداگری هاوسەری لەپێکهێنانی حیزبی ئازادی سریلانکا بەشداری کردو لەراکێشانی ژنان بۆ ناو حیزبی ئازادی ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاو دەنگی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٦ی سەیلان کە بە سەرکەتنی حیزبی ئازادی کۆتایی پێهات، فاکتەری گرینگی ئەو سەرکەوتنە بووو هەربۆیەش هەڵبژاردنی خاتوو باندارانایکێ دوای کوژرانی هاوسەری وەك ڕێبەری حیزبی ئازادی کارێکی سروشتی وئاسایی دەهاتە بەرچاو. خاتوو سیریماڤۆ بە کەڵك وەرگرتن لە شەپۆلی هەستی جەماوەر کە دوای کوژرانی هاوسەری بە قازانجی ئەو هەژێندرا بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٠ی سەیلان سەرکەوتو ژمارەی دەنگەکانی کە لەو هەڵبژاردنانەدا بەدەستی هێنا لەژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی حیزبی ئازادیی سریلانکا لەسەردەمی هاوسەری زۆرتر بوو. بەلآم ئەم سەرکەوتنە پڕشەنگدارو چاوەڕوان نەکراوە کە پتر جۆرێك دژکردەوەی ڕای گشتی خەڵك لە ئاست کوژرانی سولەیمان باندارانایکێ بوو، ئەم باوەڕەی لە دەروونی‌خاتۆو باندارانایکێ درووست کرد کە کەسایەتی‌و خۆشەویستی خۆی هۆکاری سەرەکی ئەو سەرکەوتنە بووەو هەر ئەم باوەڕە هەڵەیەش هۆکاری لەخۆبایی بوونو توندڕەوی‌و هەڵەکانی دواتری ئەوی پێکهێنا. ڕاوێژکارەکانی حکوومەتی خاتوو باندارنایکێ کە پتر لە توندڕەوەکانی سریلانکا پێکهاتبوون، ئەویان ناچار بە ئەنجامدانی

زەنجیرەیەك كاری توندڕەوی بۆ نەتەوەیی كردنی پیشەو دامەزراوە ئابوورییەكانو دیاریكردنی خاوەندارێتی تاكەكەسی كرد. ئەم كردەوانە پەشۆكاویو قەیرانی ئابووری لێكەوتەوەو هەر بۆیەش حیزبی ئازادی لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٦٥ی سەیلاندا نەیتوانی بەسەر ركەبەرەكەیدا سەركەوێ. خاتوو باندارانایكێ دوای شكست لە هەڵبژاردنەكانو لەسەركار لاچوونی لەساڵی ١٩٦٥، هەوڵی بنیاتنانەوەو نوێ كردنەوەی حیزبەكەی داو لە ماوەی پێنج ساڵدا كە ڕێبەری كەمایەتییە بەرهەڵستكارەكانی دەوڵەتی لە پەرلمانی سەیلان لەئەستۆ بوو، خۆشەویستی زیاتری لەنێو خەڵكدا بەدەست هێنا. خاتوو باندارانایكێ كە ئەمجارەیان بە كەڵك وەرگرتن لەئەزموونی دەساڵ سەرۆكایەتی دەوڵەتو ڕێبەری كەمایەتییەكانی بەرهەڵستكاری دەوڵەت سیاسەتێكی شیاوو میانەڕەوی بە كارهێنابوو، لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی١٩٧٠دا بەزۆرینەی دەنگ سەركەوتو جارێكیتر لەسەر تەختی سەرۆك وەزیرانی سەیلان دانیشت. دووهەمین خولی سەرۆك وەزیرانی خاتوو باندارانایكێ حەوت ساڵ درێژەی كێشاو یەكێك لە گرینگترین كارەكانی ئەو لەم خولەدا بریتی بوو لە دانانو نووسینەوەی یاسایەكی بنەڕەتیی نوێ لەساڵی ١٩٧٢. بەپێی ئەم یاسایە ڕێژیمی كۆماری لەم وڵاتە دامەزراو ناوی كۆنی سەیلان گۆڕا بۆ سریلانكا.



سیریماڤۆ باندارانایکێ یەکەمین سەرۆک وەزیری ژنی جیهان

خاتوو باندارانایکێ لە کۆتاییەکانی خولی دووهەمی سەرۆك وەزیرانیدا، بەرەو جۆرێك دیکتاتۆریو دەسەڵاتی تاکێتی چووو هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیو ئاڵۆزیو دواییش سەر نەکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٧. پەرلمانی سریلانکا دوای سەرنەکەوتنو لەسەرکار لاچوونی دووبارەی خاتوو باندارانایکێ لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بەڵگەنامەکانی تایبەت بە یاسا شکێنییەکانی ئەو لە دەورانی سەرۆك وەزیرانی ئەنجامداو دوای سەلماندنی یاساشکێنییەکانیو تۆمەتبارکردنی بەچەوت کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات، ئەوی بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە نوێنەرایەتی پەرلمانی سەیلان بێبەش کرد. خاتوو باندارانایکێ لەساڵ ١٩٨٠و دوابەدوای ئەو بڕیارە، ناچار کرا کە کورسی نوێنەرایەتی پەرلمانی سەیلان چۆڵ بکاتو دواییش نەیتوانی پێگەی رابردووی خۆی بەدەست بێنێتەوە.

دووهەمین ژنی سەرۆك وەزیرانی جیهانیش هەر ئاسیایی بوو کە ناوبانگو دەسەڵاتی لە باوکی بە میرات وەرگرتو بۆ ماوەی شازدە ساڵ لە هێندووستان حوکمڕانی کرد. "ئیندیرا گاندی"[4] تەنیا منداڵی "جەواهیری لەعلی نێهرۆ"[5] (ڕێبەری سیاسی هێند) بوو کە بە یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتە دوای سەربەخۆیی دەژمێردرێت. بەهۆی ئەوە کە ناوبانگو سەرکەوتنی خۆی لە باوکی بە میرات وەرگرتووەو زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانی بەر لە گەیشتن بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەگەڵ ژیانی باوکی گرێی خواردووە، ڕوونکردنەوەیەکی کورت سەبارەت بە ژیانی نێهرۆ لەم بە شەدا پێویستە: جەواهیری لەعلی نێهرۆ کوڕی پارێزەرو ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی هێندییە(موتی لەعلی نێهرۆ)[6] کە لەساڵی ١٨٨٩ لەشاری **"الله آباد"**ی هێند چاوی بەدونیا پشکوتو دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی لە هێندووستان، بۆ درێژەپێدانی خوێندن ڕۆیشتە بریتانیاو خویندنی باڵای خۆی لە کۆمبریج تەواو کرد. جەواهیر دوای گەڕانەوە بۆ هێندووستان پیشەی باوکی، واتە پارێزەری دادگای گرتە بەرو لەهەمان کاتیشدا پێوەندیی بە خەباتی سیاسی لەپێناو سەربەخۆیی هێندووستانەوە گرتو لەماوەیەکی کورتدا چووە ناو ریزی نزیکترین هاوکارانی گاندی (ڕێبەری ناوداری سەربەخۆیی خوازی هێند).

4- Indira Gandhi

5- Jawaharlal Nehru


6- Motilal Nehru

بەرهەمی زەماوەندی نێهرۆ و کچێك بەناوی "کەمالیٚ" کچێك بوو کە لە ڕۆژی ١٩ی نۆڤەمبەری ساڵی١٩١٧ چاوی بە دونیا هەڵێناو ناوی "ئیندرا" یان لەسەردانا. سەردەمی منداڵی ئیندیرا هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنی خەباتی سیاسی گەلی هێند کە باوکی ڕۆڵی بەرچاوی لەم خەباتەدا هەبوو. یەکەمین بیرەوەری سەردەمی منداڵی ئیندیرا بریتی بوو لە گیرانی باوکی لەساڵی ١٩٢١ کە لەو کاتەدا چوار ساڵی تەمەن بووو هاوشێوەی ئەم ڕووداوە چەند جارێکیتریش لەسەردەمی منداڵیو گەنجێتی ئەودا دووپات بۆوە. نێهرۆ لەسەردەمی منداڵیو لاوێتی ئیندیرادا نێزیکەی ٩ ساڵی تەمەنی لە بەندیخانەدا بەسەر بردو یەکێك لەسەرقاڵییەکانی نێهرۆ لە بەندیخانەدا، نووسینی نامە بۆ کچەکەی بوو کە لەڕێگای ئەو نامانەوە کچەکەی فێری بابەتە سیاسیو کۆمەڵایەتیو مێژووییەکانی جیهان دەکرد. کۆمەڵێك لەو نامانە کە ٩٠ دانە بوو، دواتر لەژێرناوەکانی "نامەکانی باوکێك بۆ کچەکەی" و"چاوخشاندنێك بەسەر مێژووی جیهان"[٧] بلاّو بۆوە. ئیندیرا لەباسی بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئەو ڕۆژانە وەبیر دەهێنێتەوە کە نەتەنیا باوکی بەڵکو دایکیشی لە بەندیخانەدا بوو. لەبەرئەوەی کە دایکیشی (کەمالیٚ) لە تەنیشت باوکی لەخەباتی سیاسیدا بەشداری دەکردو چەندجار لەگەڵ ئەو دەستبەسەرو بەند کرا. لەساڵی ١٩٢١ کە دەورانی زیندانی کرانەکانی نێهرۆو هاوسەری دەستی پێکرد، ئیندرا لەماڵی باپیری (مووتی لەعلی نێهرۆ) دەژیاو لەو ماڵەشدا جگە لە سیاسەت باسی هیچیتر نەدەکرا، لەبەرئەوە کە باپیری ئیندیراش یەکێك لەلایەنگرەکانی گاندی بووو هەرچەند وەك کوڕەکەی ڕۆڵی بەرچاوی لەخەباتدا نەبوو، بەلاّم ماڵەکەی جێگای هات وچۆی ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی سەربەخۆیی خوازی هیندو هەروەها جێگەی تاوتوێکردنی باسە سیاسییەکانی سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێبەریو ڕێنمایی ئەو خەباتە بوو. ئیندیرا لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیو گەنجێتیدا دەنووسیٚ: "من لە یەکەمین ساڵەکانی منداڵیمدا هۆگریم بە سیاسەتەوە گرتو لەگەڵ سیاسەتدا گەورە بووم. ئاواتی سەردەمی منداڵی من ئەوە بوو کە ببم بە ژاندارکی هێندو هەر بەم ئاواتەوە گەورەبووم... خۆخدەو ئاکارم بەراورد لەگەڵ تەمەنم کەمێك توندو تیژ بوو. پۆرەکانم دەیانگوت کە من بە پێچەوانەوە

٧.ئەم دوو پەرتووکە لەلایەن خوالێخۆشبوو مەحموودی تەفەزولی وەرگێڕدراوەتەوەو لەچاپ دراوە

لەدایك بوومو دەبوایە کوڕبوایەم... من دایکم زۆر خۆش دەویستو کاتێك دایکمو پوورەکانم بەشەڕ دەهاتن، بۆ لایەنگری لە دایکم هێرشم دەکردە سر پوورەکانم..."

ئیندیرا بیرەوەرییەکی سەرنج ڕاکێشی سەبارەت بەسەردەمی منداڵی بۆ ژیاننامە نووسی خۆی (زەریرماسانی)[٨] گێڕاوەتەوە کە دەڵێت: "ڕۆژێك خزمێکمان کە لە پاریسەوە گەڕابۆوە جلێکی جوانی بیانی بۆ هێنابووم، بەلاّم بەرلەوەی کە وەریگرم دایکم گوتی یەکێك لە درووشمەکانی ئێمە لە خەبات بۆ سەربەخۆیی ئەوەیە کە نابێت جلکی بیانی لەبەر بکەینو تەنیا دەبێت لە کوتاڵی هێندی جلك بۆ خۆمان بدوورینو هەربەم هۆیەشەوە پێشکەشییەکەی وەرنەگرت. ئەو خزمەی کە جلکەکەی هێنابوو گوتی ئەم درووشمانە بۆ خۆتان هەڵگرنو دەسەلاّتی وەرگرتن یان وەرنەگرتنی بە خودی ئیندیرا بدەن. دایکم ڕووی لە من کردو گوتی ئیندیرا چ دەڵێی؟



وێنەیەکی نموونە لە ئیندیرا گاندی لەگەڵ مهاتماگاندی ڕێبەری گەورەی هێند

ـ ئەم وێنەیە لە ڕۆژەکانی ڕۆژووی سیاسی گاندیدا گیراوە

8-ZareerM asani

لەگەڵ ئەوەی کە زۆر تامەزرۆی ئەو جلکە بووم قەبووڵم نەکرد. خزمەکەمان (ژن بوو) بە تەشەرەوە گوتی خوشکی پیرۆز، ئەدی بۆچی بە بووکی بیانی یاری دەکەی؟... ئەم قسەیە زۆر لەدڵم گران هاتو لەجیهانی منداڵیمدا چەند رۆژ لەگەڵ دەروونم شەڕم کرد. لە ئاکامدا رۆژێك بڕیاری خوم داو بووکە خۆشەویستەکەم هەڵگرتو بە شەمچەیەك چوومە سەربانی ماڵێ‌و ئاورم تێبەرداو کاتێك دەسووتا نەمتوانی پێش بە گریانم بگرم... لە تەواوی ژیانمدا بەرادەی ئەو رۆژە نەگریاوم‌و لەو رۆژەوە هیچ شتێك بەرادەی شەمچە داگیرساندن رقم هەڵناستێنێ..." ئیندیرا لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا ناچار بوو هاوکات لەگەڵ دەرس خوێندن، چاوەدێری‌و پەرستاری دایکی نەخۆشی بکات. لەساڵی ١٩٣٥ ئیندیرا لەگەڵ دایکی بۆ ئەڵمانیاو لەوێشەوە بۆ سویسرا رۆیشت. نەخۆشییەکەی دایکی سیل بووو لەو کاتەشدا چارەسەر نەدەکراو هەربۆیەش دایکی ئیندیرا لە فێوریەی ساڵی ١٩٣٦ لەتەمەنی سی وشەش ساڵیدا لە لۆزانی سویسرا کۆچی دوایی کردو ئیندیرا لەگەڵ تەرمەکەی دایکی گەڕایەوە هێند. سەرەڕای ئەمەش کە نێهرۆ بە دژی دەسەلاّتی بریتانیا خەباتی دەکردو لە بەندیخانەی ئەواندا بەند کرابوو، بەلاّم کچەکەی بۆ درێژەپێدانی خوێندن نارده بریتانیاو ئیندرا لە زانکۆی ئاکسفۆد کۆتایی بەخوێندن هێناو دوای گەڕانەوە بۆ هێند بوو بە ئەندامی حیزبی کۆنگرەی هێندو لەرەوتی خەبات بەدژی بریتانیا لەکاتی شەڕدا، ساڵێك لە گرتووخانەدا بەند کرا. ئیندیرا لەساڵی ١٩٤٢ لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا لەگەڵ لاوێکی پارسی بەناوی فیروز گاندی زەماوەندی کردو دوای ئەم زەماوەندە بەناوی ئیندیرا گاندی ناوبانگی دەرکرد. فیروز گاندی زەردەشتییەکی هێند بووو بە پێچەوانەی بڕوای زۆر کەس هیچ خزمایەتی‌و پێوەندییەکی بە مهاتما گاندییەوە نەبوو. فیروز گاندی لەسالاّنی پێش زەماوەند لەگەڵ ئیندیرا هات وچۆی بنەماڵەی نێهرۆی دەکردو یەکێك لە ئەندامە تێکۆشەرەکانی حیزبی کۆنگرە بوو، بەلاّم بنەماڵەی نێهرۆ لە بەر هۆکاری ئایینی‌و داب‌و نەریتی بنەماڵەکەیان دژی ئەم زەماوەندە بوون. نێهرۆ بۆ خۆشی باوەڕێکی پتەوی بە ئایین نەبووو لەبەر هەندێك هۆکاری تایبەت بە خۆی لەگەڵ زەماوەندی فیروزو ئیندیرا کۆك نەبوو، بەلاّم ئیندیرا بڕیاری خۆی دابووو کەسیش نەیدەتوانی رێگری ئەو زەماوەندە بێت. زەماوەندی ئیندیراو فیروز گاندی بە سەرەتایەکی خۆش وسەرکەوتوو دەستی پێکرد، بەلاّم ئیندیرا هێدی هێدی سەبارەت بە هاوسەری کە پیاوێکی خۆشگوزەران‌و ژنباز بوو، هەستی بە نامۆیی‌و بێگانەبوون دەکرد. ئیندیرا لەساڵی ١٩٤٧ کە هێندووستان بە سەربەخۆیی گەیشتو نێهرۆ

وەك سەرۆك وەزیرانی هێند هەوساری دەسەلاّتی ئەو وڵاتە بەرینە بەدەستەوە گرت، زیاتر لەجاران رووی کردە تێکۆشانی سیاسی‌و لەحیزبی کۆنگرەی هێنددا بەرپرسایەتی گرینگی بە ئەستۆ گرت. ئیندیرا سەرەڕای ئەوەش کە دوو منداڵی کوڕی لە فیرووز هەبوو، بەکردەوە جیا لە هاوسەری دەژیاو پتر وەك چاوەدێرو پەرستار لەلای باوکی دەژیا. فیروز گاندی لەساڵی ١٩٦٠ بەهۆی شەپلەی دڵ مردو ئیندیرا خۆی ئەرکی پەروەردەو پێگەیاندنی دوو کوڕکەی وەئەستۆ گرت. ئیندیرا لەو کاتەدا سەرۆکی رێکخراوەکانی حیزبی کۆنگرە بووو سەرەڕای ئەوە کە لە دەوڵەتی هێنددا هیچ پۆستێکی حکوومەتیی لەئەستۆدا نەبوو، بەلاّم باوکی لە زۆربەی بابەتە سیاسییەکان‌و کاروباری تایبەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت راوێژی لەگەڵ دەکرد. لەساڵی ١٩٦٤ نێهرۆش هەر وەکوو هاوسەری ئیندیرا بەهۆی شەپلەی دڵ کۆچی دوایی کردو حیزبی کۆنگرە یەکێك لە هاورێیانی نێزیك‌و باوەڕ پێکراوی ئەوی بەناوی "لەعل بەهادۆری شاستری"[9] وەك سەرۆك وەزیرانی هێند هەڵبژارد. ئیندیرا وەك وەزیری هەواڵگری‌و پڕۆپاگەندەی کابینەی (حکوومەت) شاستری دەستی بە تێکۆشانی دەوڵەتی کردو لەرەوتی شەڕی هێندو پاکستان کە لەساڵی ١٩٦٥ روویدا، تواناییەکی زۆری لەخۆی نیشان دا.



ئیندیرا گاندی‌و کوڕەکەی، راجیۆ گاندی

9-Lal Bahadur shastri

شاستری لەکۆتایی دانوساندنەکانی نێوان خۆیو ئەیوب خانی سەرۆك کۆماری ئەو کاتی پاکستان کە بە نێوبژیوانی "کۆسیگین"[10] (سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی شۆرەوی) بەڕێوە دەچوو، بە سەکتەی دڵ مردو بە مردنی ئەو لە رۆژی ١١ی ژانڤییەی ساڵی ١٩٦٦پێشبڕکێیەکی چڕ بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی هێند دەستی پێکرد. دوای مردنی شاستری، ئیندیرا گاندیو مۆرارجی دێسای[11] رکەبەری سەرەکیی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بوونو کەمتر کەسێك تێبینی ئەوەی دەکرد کە لەم پێشبڕکێیەدا ئیندیرای ٤٨ ساڵان بتوانێ بەسەر سیاسەتوانی ٧٠ ساڵەو لێهاتوویی وەك مۆرارجی دێسای کە هاوڕێی نێزیکی گاندی بوو سەرکەوێ، بەلاّم ئیندیرا بە پێچەوانەی چاوەڕوانی زۆر کەس توانی لەو پێشبڕکێیەدا سەرکەوێو لە رۆژی ٢٤ ی ژانڤییەی ساڵی ١٩٦٦ بوو بە سەرۆك وەزیرانی هێند.



سێ سەرۆک وەزیرانی هێند لە وێنەیەک دا

نەهرۆ- ئیندیرا و راجیۆ گاندی

10-Kosygin

11-Morarji Desai

هەڵبژاردنی ژنێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی ولاّتێك کە لەو رێکەوتەدا ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە ٥٠٠ ملیۆن کەس، لەسەرانسەری جیهان بە سەرسووڕمانو حەپەساوییەوە سەیری دەکراو کەمتر کەسێك لەو باوەڕەدا بوو کە دووهەمین جیهان لە بواری ژماری حەشیمەتو هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتانە بتوانرێت بەدەستی ژنێکی ٤٨ ساڵە و بێ ئەزموون لە کاروباری دەوڵەتیدا بەڕێوەبچێت: بەلاّم ئیندیرا لە ماوەیەکی کورتدا توانی نیشان بدات کە لە کاروباری دەوڵەتیدا زۆر لە پێشنیانی خۆی بە تواناترەو توانایی و لێهاتوویی و سووربوونی ئەو لە کارەکاندا ئەگەر لە باوکی زیاتر نەبێ کەمتریش نی‌یە. ئیندیرا دەستبەجێ دوای واژۆ کردنی پەیماننامەی ئاشتی لەنێوان هێندو پاکستان، هەوساری کاروباری هێندی بەدەستەوە گرتو رێزی لە نێوەرۆکی پەیماننامەکە گرت، بەلاّم درێژەی بە بەهێزتر کردنی سوپای هێند داوو هەنگاوێکی‌تری بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی هێندو پاکستان هەڵنەگرت. یەکێك لە کارەکانی حکوومەتەکەی کە پێوەندی بە پاکستانەوە هەبوو، ئەوە بوو کە ئیندیرا پاڵپشتیی لەبزاڤە جیایی خوازەکانی پاکستانی رۆژهەلاّت دەکرد. پاڵپشتی کردنی ئیندیرا لەم بزاڤە بووەهۆی دابەشبوونی پاکستانو دروستبوونی ولاّتێکی سەربەخۆ بەناوی بەنگلادێش لەرۆژهەلاّتی پاکستان. بەهۆی پشتیوانیی سەربازی هێند لە بەنگلادێش بەرامبەر بە پاکستان، خەریك بوو ئەم دوو دەوڵەتە تووشی شەڕێکی نوێ ببنەوە بەلاّم پاکستان کە بەهۆی جیابوونەوەی بەنگلادێش لاوازتر ببوو، خۆی لەو شەڕە پرمەترسییە هەڵنەقوتاند. ئیندیرا بە سەردانی جۆراجۆر بۆ ولاّتانی دەرەوە پێگەی نێونەتەوەیی هێندی پتەوتر کردو لەگەڵ ئەوەشدا کە مەیلەوچوونی بەرەو رۆژهەلاّت دەچووو یارمەتی دارایی و سەربازی لە شۆرەوی وەرگرت، لە ئەمریکاو جیهانی رۆژئاواش یارمەتی بەرچاوی وەرگرتو کەلکی زۆری لە رکابەری نێوان رۆژهەلاّتو رۆژئاوا وەرگرت. ئیندیرا گاندی لەبواری سیاسەتی ناوخۆیشدا هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی هەژاریو کۆنترۆڵی حەشیمەت چڕ کردەوەو هەنگاوی کاریگەری بۆ گەشەسەندنی پیشەو کشتوکاڵ هەڵێنا. سەرکەوتنەکانی ئیندیرا گاندی لە یەکەمین خوولی پێنج ساڵەی حکوومەتەکەیدا بووە هۆی سەرکەوتنی پڕشنگداری حیزبی کۆنگرە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧١ی هێند، بەلاّم هەرئەم سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوە بووە هۆی ئەوە کە ئیندیرا لە خولی دووهەمی سەرۆك وەزیرانی خۆیدا لە خۆبایی و تووندڕە بێت. مورارجی دێسای رکەبەری سەرەکی ئیندیرا لە حیزبی کۆنگرە کە لەساڵی ١٩٦٩ لەم حیزبە جیابۆوەو حیزبێکی‌تری بەهەمان ناوی "کۆنگرە " دامەزراند، ئەوی بەوە تۆمەتبار کرد کە یاساکانی هەڵبژاردنی پێشێل کردووە. بە دواداچوونی دێسای و رکەبەری پاڵێوراوی ئەو لە **"الله آباد"** لەسەریەکێك لە پێشێل کارییەکانی ئیندیرا بووە هۆی دەرچوونی بڕیاری تاوانباری ئەو لەساڵی ١٩٧٥ کە ئەگەر ئەم بڕیارە

جێبەجێبکرابایە، ئیندیرا بۆ ماوەی ٦ساڵ لە بەدەستەوە گرتنی کاروباری دەوڵەت بێبەش دەکرا. ئیندیرا گاندی لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی بەرهەڵستکارانیدا دژکردەوەیەکی توندوتیژی ئەنجامداو بە راگەیاندنی بارودۆخی نائاسایی، لە ماوەی شەوێکدا لەسەرانسەری هێند ٦٨٦ کەس لە بەرهەڵستکارانی خۆی دەستبەسەرو بەند کرد. ئیندیرا گاندی دواییش بە وەرگرتنی دەسەلاّتە نائاساییەکان لە پەرلمان، یاساو ڕێساکانی راگەیاندنی هەل ومەرجی نائاسایی کە دەتوانرا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جێبەجێبکرێت نوێ کردەوە و بەکەڵك وەرگرتن لەم دەسەلاّتانە هەزاران کەس لەنەیارە سیاسییەکانی خۆی دەستبەسەر کردو ئازادی قەڵەمو رادەربڕینو کۆبوونەوەکانی لە هێند بەرتەسك کردووە. بەرگریو دژایەتی توند لەسەرانسەری هێند بەدژی ئەم کارانە سەری هەڵداو ئیندیرا بە راگەیاندنی هەڵبژاردنەکانی پەرلمان لەمانگی مارسی ١٩٧٧، نێوبژیوانی نێوان خۆیو بەرهەڵستکارەکانی بەرای گشتی سپارد. هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٧ ئەزموونێکی تاڵ بوو بۆ ئیندیرا گاندی، لەبەرئەوەی کە نەتەنیا حیزبەکەیو زۆرینەی ئەندامانی پەرلمانی لە دەست دا، بەڵکو نەشی توانی لەناوەندی هەڵبژاردنو زێدی خۆی بەسەر رکەبەرەکەیدا سەرکەویو بچێتە پەرلمانی هێند. لەراستیدا سەرنەکەوتنی ئیندیرا گاندی لەو هەڵبژاردنانەدا وەلاّمی خەڵکی هێند بوو بەو کردەوە توندوتیژو دیکتاتۆرییانەی ئەو لەکاتی بارودۆخی نائاساییو دەسەلاّتە نائاساییەکان کە دەبوایە ئیندیرا ئەزموونی لێ وەرگرتبایە.



ئیندیرا لەسەرەتای سەرۆك وەزیرانی

دوای سەرنەکەوتنی حیزبی کۆنگرە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٧ی هێند، مورارجی دێسای (رکەبەری بەسالاّچووی ئیندیرا گاندی) بەسەرۆکایەتی دەوڵەتێکی هاوبەند لەحیزبە بەرهەڵستکارەکان دەسەلاّتی بەدەستەوە گرت. بەلاّم بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ڕێبەرانی حیزبە هاوبەندەکان نەیتوانی کارێکی ئەوتۆ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی هێند ئەنجام بدات. جگە لەسەرنەکەوتنی ئەم دەوڵەتە لە چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانی هێند کە هەندێك نارەزایەتی گشتیی بەدواوە بوو، کردەوە تۆڵە ئەستێنەوەکانی دەوڵەتی دێسای لە ئیندیرا گاندیو خزمەکانی کە بووە هۆی گیرانو بەند کرانی خودی ئیندیراو کوڕەکەی (سانجای)[12]، هەستی خەڵکی بە قازانجی ئەوان هەژاندو هەلی بۆ سەرکەوتنی ئەوان لەخولی هەڵبژاردنەکانی دواتر رەخساند. نارەزایەتی گشتی خەڵكو سەرهەڵدانی ئاڵۆزیو شێواوی لە هێند بە درێژایی ساڵی ١٩٧٩، دەوڵەتی هێندی ناچار کرد کە رێکەوتی هەڵبژاردنەکانی پەرلمان وەپێش بخات. ئیندیرا گاندیو سانجای کە تازە لە بەندیخانە ئازاد ببوون، لەم هەڵبژاردنانەدا دەستیان بە پێشبڕکێیەکی بەرفراوانو هەمەلایەنە کردو بە درووشمی خەبات بۆ نەهێشتنی هەژاریو دابینکردنی ئاسایشی کۆمەلاّیەتیو دامەزراندنی حکوومەتی یاسا، سەرنجی زۆربەی دەنگدەرانی هێندیان بۆ لای خۆیان راکێشا. ئیندیرا گاندی کە لەو کاتەدا ژنێکی شەستو دووساڵەبووو بەهێزو تواناییەکی زۆرەوە کە لە ژنێکی ئاوا بەسالاّچوودا بەدی نەدەکرا، توانی لەماوەی دوومانگی کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا زیاتر لە شەست هەزار کیلۆمەتر سەفەر بکاو لە ٣٨٤ ناوەندی هەڵبژاردن وتار بدات. ئیندیرا گاندی هەموو رۆژێك لە چەند کۆبوونەوەی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردندا وتاری دەخوێندەوەو جارێکیان ژمارەی وتارەکانی ئەو گەیشتە بیست وتار. دەرەنجامی ئەو هەوڵە بەردەوامو بێ وچانەی ئیندیرا گاندی بریتیبوو لەسەرکەوتنی بەشکۆی حیزبی کۆنگرەی ئیندیرا لە هەڵبژاردنەکانی سێهەمی ژانڤییەی ساڵی ١٩٨٠. لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنانەدا کە ١٩٦ ملیۆن دەنگدەر بەشدارییان تێدا کرد، پاڵێوراوانی حیزبی کۆنگرەی ئیندیرا نێزیکەی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلمانیان بەدەست هێناو لەو نێوانەدا سانجای درەوشاوەترین سەرکەوتنی بەدەست هێناو توانی بە بەدەستهێنانی زیاتر لە سەد هەزار دەنگ بچێتە پەرلمان. ئیندیرا گاندی ئەمجارەیان بەهێزتر لەپێشوو گەرِایەوە سەر تەختی دەسەلاّت، بەلاّم بە ئەزموونێکی کە لە حکوومەتی ٢١


12-Sanjai.

مانگەی دیکتاتۆریەتی خۆی لەساڵی ١٩٧٥و ١٩٧٦ وەری گرتبوو، ئەمجارەیان بە پارێزو هێمنی زیاترەوە هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتو لە یەکەمین وتاری دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا، وتی کە ئامانجی ئەو لەم خولە نوێیەی حکوومەتدا بریتیە لە سەقامگیر کردنی ئاشتی نەتەوەیی‌و چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری وڵاتو بەهیچ جۆرێك هەوڵ نادات بۆ قەرەبوو کردنەوەو تۆڵە سەندنەوە لەو کەسانەی کە لە رابردوودا زوڵمیان لێکردووە هەڵوێست بگرێ. ئیندیرا گاندی لەخولی دووهەمی حکوومەتیدا زیاتر لەجاران دەرفەتی بە کوڕەکەی داو ئەوی لە هەموو کارەکاندا کردە راوێژکاری خۆی. بە جۆرێك کە وردە وردە رۆژنامەکانی هێندو جیهان ئەویان وەك رۆشنایی چاوو جێنشینی ئیندیرا دەزانی‌و دەیان نووسی کە ئیندیرا گاندی دەیهەوێت سانجای بۆ جێنشینی خۆی پەروەردە بکاتو حکوومەت لە بنەماڵەی نێهرۆدا بکاتە میراتگری.



ئیندیرا گاندی لە رەوتی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن

سانجای لاوێکی پڕ جموجۆڵو بەزەبرو ژیر بووو ئەو توانایی‌و لێهاتووییەی تێدا بەدی دەکرا کە ببێتە جێنشینی دایکی، بەڵام مردنی لەنەکاوی ئەو لە کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە لە ٢٣ی ژوەنی ساڵی ١٩٨٠، واتە کەمتر لە شەش مانگ دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی هێند، ئەم ئاواتەی بەبا داو داخێکی نوێی لەسەردڵی ئیندیرا گاندی دانا. "راجیۆ گاندی"[١٣] کوڕە گەورەی ئیندیرا لە کاتی زیندووبوونی سانجای هیچ هۆگرییەکی ئەوتۆی بە کاروباری سیاسی نەبوو و لە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی هێندا فڕۆکەوان بوو. بەڵام دوای مردنی لەنەکاوی سانجای، دایکی داوای لێکرد کە جێگەی چۆڵی ئەو لە تەنیشتی بگرێتەوە. راجیۆ داواکارییەکەی دایکی قەبووڵ کردو لە یەکەمین هەوڵە سیاسییەکانیدا خۆی بۆ پڕ کردنەوەی کورسی چۆڵی براکەی لەناوەندی هەڵبژاردنی "ئامێتی"[١٤] لە ئەیالەتی "ئۆتاد پرادێش"[١٥] پاڵاوتو بە زۆرینەی دەنگ بۆ نوێنەری پەرلمانی هیند هەڵبژێردرا.



ئیندیرا گاندی لەگەڵ سانجای کە لە کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەدا کوژرا

13-Rajiv Gandhi.

14-Amethi.

15-uttarpradesh.

ئیندیرا گاندی لە خولی دووهەمی حکوومەتەکەیدا هەندێك سەرکەوتنی لە سیاسەتی دەرەکیو ناوخۆیی بەدەست هێنا، بەلاّم ئەم سەرکەوتنانە بەتایبەت لە بواری ئابووریدا کەمتر لەو رادەیە بوو کە لە رەوتی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٩دا بە جەماوەری هێندی بەڵێنی دابوو. هەندێك لە پڕۆگرامەکانی لەبواری ئابووریدا بەتایبەت پرۆگرامی کۆنترۆڵ کردنی حەشیمەتو نەزۆك کردنی بەزۆری پیاوان تارادەیەك دژایەتیی لە نێوخەڵکدا دروست کرد، بەلاّم گەورەترین گرفتی نێوخۆیی ئیندیرا بریتیبوو لە بەرەو روو بوونەوەی بزاڤی جیایی خوازانی سیك کە ئیندیرا بە ناچاری ئەم بزووتنەوەیەی بە توندی سەرکوت کردو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە تووندڕەوانی سیك بەدژی ئەو راپەڕن. ئیندیرا گاندی لە رۆژی ٣١ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن دووکەس لەسەربازانی گاردی پارێزگاری خۆی کە ئەندامی تاقمی سیك بوون تیرۆر کرا. سەرەڕای ئەوە کە پێوەندییەکانی ئیندیرا گاندی لەگەڵ تاقمی سیك کزببووو هەڕەشەی کوشتنی ئەو لەلایەن تووندڕەوانی ئەم تاقمە لە ئارادا بوو، بەلاّم بۆچی سەربازانی سیکیان لە گاردی پارێزگاری ئەو لانەبرد؟ پرسیارێکە کە هێشتاش ولاّمێکی ئەوتۆی بۆ نەبیندراوەتەوە. ئەم پرسیارە لە رەوتی دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەم تیرۆرەش ولاّمی پێ نەدرایەوە. بەلاّم چەند ساڵ دوای کوژرانی ئیندیرا، ئەگەری بوونی پیلانێك لەنێوان کۆڕو کۆبوونەوە سیاسییەکانو رۆژنامەکانی هێند لە ئارا دابووو یەکێك لە نزیکترین هاوکارانی ئیندیرا بەناوی "راجێندێر کۆمار داوان"[16] بەوە تۆمەتبار دەکرا کە بەشداری لە تیرۆری ئەودا کردووە، بەلاّم لەم دواییانە بە بلاّوبوونەوەی راپۆرتێکی فەرمی لەسەر دەرەنجامەکانی تایبەت بە تیرۆری ئیندیرا گاندی، داوان گەڕایەوە سەر کارەکانیو تۆمەتی بەشداربوونی ئەو سەبارەت بە تیرۆری ئیندیرا بەدرۆ خرایەوە. کوژرانی ئیندیرا گاندی بەدەستی توندڕەوانی سیك راپەڕینێکی جەماوەریی بە دژی ئەوان دروست کردو بۆ قەرەبوو کردنەوەی کوژرانی ئیندیرا هەزاران کەس لە تووندڕەوانی سیك لەرەوتی ئەم راپەڕینە گشتییەدا کوژرانو هەزاران بنەماڵەی سیکیش بەهۆی روخاندنو ئاگر تێبەردانی ماڵەکانیان ئاوارە بوون. رێبەرانی حیزبی کۆنگرە رۆژی دوای کوژرانی ئیندیرا، راجیۆگاندییان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی هێند هەڵبژارد. راجیۆ گاندی بەر لە هەموو کارێك، کۆتایی بە کوشتاری سیکەکانو ئەو ئالۆزییە هێنا کە دوای کوژرانی دایکی دروست ببوو. راجیۆ گاندی لەرۆژی ٢٤ ی دێسەمبەری ساڵی ١٩٨٤، واتە کەمتر لە دوومانگ دوای تیرۆری دایکی، هەڵبژاردنە نوێیەکانی پەرلمانی لە هێند ئەنجامداو بەسەرکەوتن لەم هەڵبژاردنانە کە لەژێر کاریگەری تیرۆری دایکی دروست ببوو، دەسەلاّتی

16-Rajnder Kumar Dhawan

لەبنەماڵەی نێهرۆدا جێگیر کرد. ئیندیرا گاندی لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵی تیرۆر کراو پتر لە دوو بەشی تەمەنی بە تێکۆشانی سیاسی تێپەر کرد. ئەو نزیکەی شازدە ساڵ لە هێند حوکمڕانی کردو ئەوەندە خۆشەویست بوو کە گەلی هێند دوای کوژرانی ئەو کوڕەکەیان بەبێ ئەزموونی پێویست لە کاروباری حکوومەتو تەنیا بۆ درێژە پێدانی رێبازی دایکی وەك رێبەری خۆیان هەڵبژارد. سەرەڕای ئەوە کە نەیارەکانی ئیندیرا ئەویان بە توندو تیژیو بە کارهێنانی هێزو گرینگی نەدان بە بنەماکانی دیمۆکراسی لەسەردەمی حکوومەتیدا تۆمەتبار دەکردو لەگەڵ ئەوەش کە هەندێك لە کردەوەکانی وەکوو نەزۆك کردنی بەزۆری پیاوان بۆ کۆنترۆڵ کردنی حەشیمەت ناکۆکی زۆری لەهێند دروست کرد بوو، ئەمرۆ بە یەکێك لە خۆشەویست ترینو ناودارترین کەسایەتییەکانی هێند دەژمێردرێتو دوای رێبەرانی گەورەی هێند وەکوو گاندیو نێهرۆ لە ریزی سێهەم جێ دەگرێت.

دووهەمین ژنی سەرۆك کۆماری جیهانیش هەر ئاسیاییە کە وەکوو یەکەمین ژنی سەرۆك کۆماری جیهان (ئیزابێللاپێرۆن)و یەکەمین سەرۆك وەزیرانی جیهان (باندارانایکێ) پێگەو ناوبانگی لە هاوسەری بە میرات وەرگرتووەو بەهۆی ئەو هەموو هەست وسۆزەی کە دوای کوژرانی هەسەری لە نێو خەڵکدا دروستی ببوو، بەم دەسەلاّتە گەیشت. هەڵبەت خۆشی دوای گەیشتن بە پۆستی سەرۆك کۆماری کە هەرگیز پێش کوژرانی هاوسەری چاوەڕوانی نەدەکرد، لێهاتوویيو شارەزایی خۆی لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دژوارانەی کە لەئەستۆی گرتبوو وەدەرخست. "کورازۆن ئاکینۆ"[17]، سەرۆك کۆماری فیلیپین (ولاّتی حەوت هەزار دوو رەگە) کە لەتەمەنی ٥٣ ساڵیدا ئەم پۆستەی بەدەست هێنا، لەساڵی ١٩٣٣ لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی فیلیپین لەدایك بوو. ئەو شەشەمین منداڵی بنەماڵەکەی بووو دایكو باوکی کە کاتۆلیکێکی دەمارگرژ بوون، کۆرازۆنیان بۆ خوێندن ناردە قوتابخانەیەك کە بەشی هەرە زۆری پڕۆگرامەکانی فێرکردنی ئایین بوو. بنەماڵەی کورازۆن لەنێوان ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیو دوای داگیرکرانی فیلیپین لەلایەن ژاپۆنەوە ئەم ولاّتەیان بەجێ نەهێشت، بەلاّم لەساڵی ١٩٤٢و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ ئەمریکا کۆچیان کردو کورازۆن کە کاتی مانەوەیان لەئەمریکا لەزانکۆکانی فیلادێلفیاو نیۆیۆرك درێژەی بە خوێندن دا. کورازن دوای گەڕانەوەی بۆ فیلیپینو لەتەمەنی بیستو یەك ساڵیدا لەگەڵ لاوێکی هاوتەمەنی بەناوی "بێنیگنۆ ئاکینۆ"[18] کە ئەویش لە بنەماڵەیەکی ناوداری فیلیپین بوو زەماوەندی کرد. ئاکینۆ ساڵێك دوای

17-Corazon Aquino

18-Benigno Aquino

زەماوەند لەگەڵ كورازۆن خۆی بۆ پۆستی سەرۆكی شارەوانیی شاری "كۆنسێپسیۆن"[19] پالاوتەو بەسەركەوتن لەم هەڵبژاردنانەی شارەوانیدا، لەتەمەنی ٢٢ ساڵی نازناوی لاوترین شارەوانی فیلیپینی وەرگرت. پێشبڕكێیەكانی هەڵبژاردنی ئاكینۆ بۆ بەدەستهێنانی پۆستی شارەوانیی شاری كۆنێپسیۆن یەكەمین ئەزموونی سیاسی كورازۆنیش بوو، لەبەرئەوەی كە كورازۆن تا ئەو كاتە لەهیچ كۆڕو كۆبوونەوەیەكی سیاسیدا بەشداری نەكردبووو كچێكی زۆر شەرمێون بوو. كورازۆن بە پێداگری هاوسەری ناچار بوو لە پێشبڕكێیەكانی هەڵبژاردن بەشداری بكاتو لەگەڵ خەڵك قسە بكات. ئاكینۆ لەتەمەنی ٢٩ ساڵیدا لاوترین "قایم مقام"ی فیلیپینو لەتەمەنی ٣٤ ساڵیدا گەنجترین سێناتۆری فیلیپین بوو. كورازۆن لەگەڵ ئەوەشدا كە دایكی چوار منداڵی كچ بوو، بەلام لە پێشبڕكێیەكانی هەڵبژارنی هاوسەری بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سێناتۆری رۆڵی گرینگی نواند. ئاكینۆ لەپۆستی نوێی خۆیدا دەستی كرد بە رەخنەگرتن لە سیاسەتەكانی "ماركووس"[20] (سەرۆك كۆماری فیلیپین)و وردە وردە بوو بە ركەبەری سەرەكی ئەو. ئاماجنی دواتری ئاكینۆ بەتەواوی دیار بوو: ئەو دەیهەویست لەساڵی ١٩٧٣ كە دووهەمین خولی سەرۆك كۆماری ماركووس تەواو دەبوو، خۆی بكاتە پالێوراوی پۆستی سەرۆك كۆماری فیلیپینو هیچ گومانێكی نەبوو كە لەتەمەنی چل ساڵیدا لاوترین سەرۆك كۆماری فیلیپین دەبێت.



كورازۆن ئاكینۆ لەگەڵ هاوسەری كە تێرۆركرانی ئەو بەدەستی ئەفرادی ماركوس هۆكارەكانی لەسەركار لاچوونی ماركووس و سەركەوتنی كورازۆن ئاكینۆی لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆماری فیلیپین ئامادە كرد.

19-Concepcion

20-Marcos

بەلام سەرۆك كۆماری دەسەلاتخوازی فیلیپین كە ژنێكی لەخۆی پاوانخوازتری هەبووو نەیدەویست بەسانایی دەست لەتەختی دەسەلاتو حكوومەت بەردات، لەساڵی ١٩٧٢ دا واتە ساڵێك بەر لە تەواوبوونی خولی سەرۆك كۆماری، بە بیانوویی دووزینەوەی پیلانێكی دژی دەوڵەت، یاساو رێساكانی راگەیاندنی بارودۆخی نائاساییو حكوومەتی سەربازیی لە ولاتدا راگەیاندو تەواوی بەرهەڵستكارەكانی كە ئاكینۆ لەسەرووی هەموویانەوە بوو دەستبەسەر كرد. ماركووس بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانی ئەمریكاییەكان لە حكوومەتەكەی، نەیارانی بەوە تۆمەتبار كرد كە لەگەڵ كۆمۆنیستەكان هاوكارییان كردووەو بەبیانووی سەركوتی شۆڕشی كۆمۆنیستەكان یاساو رێساكانی حكوومەتی سەربازیو بارودۆخی نائاسایی نوێ كردەوە. ئاماجنی سەرەكی ماركووس لەم كردەوانە بریتی بوو لە گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار بۆ دوو خولی یەك لەدوای یەك و لەئاكامدا ماركووس توانی خولی سەرۆك كۆماری بۆ ماوەیەكی نادیار نوێ كاتەوە. ئاكینۆ نێزیكەی ٨ ساڵ واتە تا ساڵی ١٩٨٠ لە بەندیخانەدا بوو و لەم ماوەیەدا تەنیا رێگای پێوەندی ئەو بە دنیای دەرەوە هاوسەری بوو كە هەموو حەوتوویەك بۆ بینینی دەچووە بەندیخانەو مۆڵەتی ئەوەی هەبوو بۆ ماوەی كاتژمێرێك بە تەنیا لەگەڵ هاوسەری ببێنێتەوە. كۆرازۆن ئاكینۆ بە كەڵك وەرگرتن لەم هەلكەوتە توانی رۆڵی پێوەندی هاوسەری لەگەڵ گرووپە بەر هەڵستكارەكانی ماركووس لەدەرەوەی بەندیخانە بگێڕێو هاوكات لەگەڵ هێنانی پەیامەكانی بەرهەڵستكاران بۆ هاوسەری، فەرمانەكانی ئاكینۆش بۆ ئەوان ببات. لەراستیدا ئاكینۆ توانی بە هاوكاری كورازۆن لە بەندیخانەوە بزوتنەوە بەرهەڵستكارییەكانی دژی ماركووس رێبەری بكاتو كورازۆن ئاكینۆ بە ئەنجامدانی ئەو كارانە بەكردەوە رۆڵی جێگری هاوسەری لەم بزوتنەوە بەرهەڵستكارییانەدا وەئەستۆ گرت. لەساڵی ١٩٨٠دا كە ئاكینۆ بەهۆی نەخۆشی دڵەوە لەمەترسی مردن دابوو، هەوڵەكانی هاوسەری بۆ سەرنج راكێشانی رای گشتی جیهانو بەتایبەت رۆژنامەكانی ئەمریكا بەباری تەندرووستی ئەو لە بەندیخانەدا، ماركووسی ناچار بە ئازادیی بەمەرجی ئاكینۆ لە بەندیخانەو رۆیشتنی بۆ ئەمریكا بۆ ئەنجامدانی نشتەرگەری دڵ كرد. ئاكینۆ لەگەڵ هاوسەری چوو بۆ ئەمریكاو لەناوەندی پزیشكی بۆستۆن نشتەرگەری لەسەر ئەنجام درا. ئاكینۆ دوای چاك بوونەوە دەستی بە هەڵمەتێكی پرۆپاگەندەیی بەرفراوان بە دژی ماركووس كردو لەساڵی ١٩٨٣ بە مەبەستی درێژەدان بەو هەڵمەتە بۆ روخاندنی ماركووس گەڕایەوە نیشتمان. لایەنگرانی ئاكینۆ لە نێوخۆی ولاتدا ئەویان ئاگادار كردەوە كە لەنەبوونی ئەودا بڕیاری كوشتنی پەسند كراوەو لەكاتی گەڕانەوە دەستبەجێ

دەستبەسەرو ئێعدام دەکرێ. بەلاّم ئاکینۆ لەم بڕوایە دابوو بەهۆی ئەو پڕۆپاگەندانەی کە بە دژی مارکووس لە ئەمریکا وەڕێی خستبوو، مارکووس هیچکات ناوێرێ ئەو تیرۆر بکاتو بێگوێدان بەو ئاگادارییانە گەڕایەوە فیلیپین. ڕەنگە گومانی ئاکینۆ سەبارەت بەوە کە مارکووس ناوێرێ ئەو بکوژێ دروست بێت، بەلاّم مارکووس بۆ دەرباز بوون لە شەڕی ئاکینۆ مشورێکی تری خوارد بوو: ئاکینۆ هەر بە گەیشتنی بۆ فرۆکەخانەی مانیلی پێتەختی فیلیپین بە تەقەی چەکدارێکی نەناسراو کە جگە لە یاساولە هەوالگرەکانی مارکووس کەسێکیتر نەبوو، تیرۆر کرا. ئەم دیمەنە ناحەزو نامرۆڤانەی کە کورازۆن ئاکینۆ لە فرۆکەخانەی مانیل بە چاوی خۆی بینیی، سەرەتای بزوتنەوەیەك بوو کە سێ ساڵ دواتر مارکووسی لەسەر تەختی دەسەلاّت هێنایە خوارێو هۆکارەکانی هەلّبژاردنی کورازۆن ئاکینۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئامادە کرد. مردنی ئاکینۆ بۆ دیکتاتۆری فیلیپین لە زیندووبوونی مەترسیدارتر بووو ئامادە بوونی ٢ملیۆن کەس لەرێوڕەسمی بەخاك ئەسپاردنی ئاکینۆ، ناوی هاوسەری ئەویکە لە پێشەوەی ئەو حەشیمەتە زۆرەوە دەرۆیشت وەسەر زمانان خست. ئەو هەلّە گەورەیەی کە مارکووس لەکوشتنی ناجوامێرانەی ئاکینۆ ئەنجامی دا، بووە هۆی ئەوەکە بزوتنەوە نهێنییەکانی دژ بە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکەی ئاشکرا بێتو دەزگای ئاسایشی فیلیپین نەتوانێ شەپۆلی نارەزایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری خەلّك کۆنترۆل بکات. مارکووس لەژێر گوشاری ڕای گشتی خەلّکی جیهاندا کە ڕاگەیاندنە گشتییەکانی ئەمریکا لەو دا ڕۆلّی گرینگیان گێڕا، ناچار بوو ئازادییەکی زۆرتر بۆ گەلی فیلیپین دابین بکاتو بەهەر هەنگاوێك پاشەکشە لەبەرامبەر بەرهەلّستکارەکانی، شەپۆلی نارەزایەتی بە دژی حکوومەتی ئەو بەهێزتر دەبوو.

تەنیا شانسی مارکووس لەو کاتەدا پەرشو بلاّوی هێزە بەرهەلّستکارەکانو ناکۆکیو ڕکەبەری لەنێوان ڕێبەرانی ئەم گرووپانە بووو مارکووس بەهیوای کەلّك وەرگرتن لەم ناکۆکییانەو جێگیرکردنی پێگەی خۆی لەپۆستی سەرۆك کۆماریدا، ڕایگەیاند کە لەفێورییەی ساڵی ١٩٨٦ هەلّبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری فیلیپین نوێ دەکرێتەوەو خەلّك بڕیاری یەکلاکەرەوەی نێوان ئەوو بەرهەلّستکارانی پەسند دەکەن. کاتێك کە مارکووس ڕێکەوتی هەلّبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ڕاگەیاند، کورازۆن ئاکینۆ نەببوو بە پالێوراوی ئەو پۆستەو ئەگەر ئەو بە دروشمی یەکگرتوویی نەتەوەیی نەهاتبایە نێو گۆڕەپانی هەلّبژاردنەکان، دەنگی بەرهەلّستکارانی مارکووس لەنێوان چەند پالێوراو دابەش دەبووو هیچکام لەمانە نەیاندەتوانی لەگەلّ مارکووس کە هێشتاش هێزە چەکدارەکانو توێژی حەساوەو تێری کۆمەلّگا پشتیوانیان لێدەکرد، ڕکەبەری بکەن. لەم قۆناغە

هەستیارەو کەمتر لەچوارمانگ بەرلە دەستپێکردنی هەلّبژاردنەکان بوو کە کورازۆن هاتە نێو گۆڕەپانی هەلّبژاردنەکانو هاوکات لەگەلّ ڕاگەیاندنی پالێوراوی خۆی، داوای لە هەموو هێزە بەرهەلّستکارەکانی حکوومەتی مارکووس کرد کە لە پشت ئەوەوە یەکگرن. مەزنترین سەرکەوتنی کورازاۆن لەرەوتی پێشبڕکێیەکانی هەلّبژاردن کە لێهاتوویی سیاسی ئەو بەرلە سەرکوتن وەدەردەخات، ئەوە بووکە توانی هاوکاری بەرچاوترین ڕێبەری سیاسی بەرهەلّستکاران (سالڤادۆرلۆرێل)[21] کە پێش ئەو خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری پالاّوتبوو بەدەست بهێنێت. سالڤادۆر لۆرێل خۆی لە کورازۆن بە شایانتر دەزانی، بەلاّم کاتێك کە بینی بە هاتنە ژوورێ کورازۆن بۆ گۆڕەپانی پێشبڕکێیەکانی هەلّبژاردن ئیتر شانسی سەرکەوتنی نەماوە، ئامادە بوو وەك پالێورای پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار لەتەنیشت ئاکینۆ درێژە بە پێشبڕکێیەکە بداتو یەکگرتنی ئەو دوانە هێزە بەرهەلّستکارانیتریشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. کورازۆن ئاکینۆ زۆربەی کات بەدرێژایی پێشبڕکێیەکانی هەلّبژاردن جلوبەرگێکی زەردی سادەی لەبەر دابووو هەربەم سادەییەوە جیاوازی خۆی لەگەلّ "ئیمێلدا"[22]ی هاوسەری مارکووس کە هەر ڕۆژ جلوبەرگێکی زریقەو بریقەداری نوێی ئەورووپی لەبەر دەکرد، نیشان داو توانی لەماوەی سێ مانگدا سەفەر بۆ سەد ناوەندی هەلّبژاردن بکاتو لە هەرکام لەم ناوەندانەو تارێك بدات.



کورازۆن ئاکینۆو جێگرەکەی، سالڤادۆرلۆرێل

21- Salvador Laurel

22- Imelda

دوایین وتاری هەڵبژاردنەکانی کورازۆن ئاکینۆ لە مانیل کە بەرهەمی راهاتنی ئەو لەماوەی سێ مانگ پێشبڕکێ‌و وتار خوێندوە لە کۆڕوکۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان بوو، توانایی ئەوی وەك سیاسەتوانێکی کارامە سەلماندو پشتیوانی رێبەرانی ئایینیی فیلیپین لە کورازۆن لە قۆناغە کۆتاییەکانی پێشبڕکێیەکەدا پێکانی کۆتایی لەپێگەی مارکووس دا. مارکووس کە هەستی دەکرد یارییەکەی دۆڕاندووە، بە شێوازی هەمیشەیی دیکتاتۆرەکان‌و لەکاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریدا دەستکاری شانۆی هەڵبژاردنی کردو یاساوڵەکانی لەزۆربەی بنکەکانی هەڵبژاردن بە گۆڕینی سندوقەکانی دەنگدان‌و نووسین‌و تۆمارکردنی دەنگی زیادی بەناوی ئەو، ئاکامی هەڵبژاردنەکانیان بە پێچەوانەی راستی راگەیاند، بەلاّم ئاکامی هەڵبژاردن لەمانیل‌و شارە گەورەکانی فیلیپین کە بەهۆی ئامادەبوونی چاوەدێرانی بیانی نەدەتواندرا فێڵی تێدا بکرێت، نیشانی دەدا کە زۆربەی هەرە زۆری دەنگدەران بە قازانجی کورازۆن‌و جێگرەکەی دەنگیان داوە. ئەنجامی گشتی دەنگدانەکان لەرۆژی پازدەهەمی فێوریەی ساڵی ١٩٨٦راگەیاندرا. بەپێی ئەم راگەیاندراوە ٥٤ لەسەر ١٠٠ی دەنگدەران بەقازانجی مارکووس‌و هاوسەری کە پاڵێوراوی جێگری سەرۆك کۆماری بوو دەنگیان دابوو ٤٦ لەسەر ١٠٠ی دەنگدەران بە قازانجی کورازۆن ئاکینۆو سالڤادۆر لۆرێل دەنگیان دابوو. مارکووس بۆ ئەوەی کارەکە کۆتایی هاتوو رابگەێنێت، رێوڕەسمی سوێند خواردنی خولی نوێی سەرۆك کۆماری خۆی بە ڕێوە برد. بەلاّم بەهۆی رژانی خەڵك بۆ سەرشەقامەکان‌و ئەو خۆپێشاندانە بەرینەی کە بە قازانجی ئاکینۆ ڕێخسترا، روون بۆوە کە بەپێچەوانەی چاوەڕووانی مارکووس یاری هێشتا تەواو نەبووە.



دوایین سوێندی سەرۆك کۆماری مارکووس‌و هاوسەری کە لەگەڵ ئەودا بۆ جێگری سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرا.

خۆپێشاندان‌و شڵەژاوی لە فیلیپین بۆ ماوەی سێ رۆژ درێژەی هەبوو، بەلاّم مارکووس هیوادار بوو بتوانێ بەپاڵپشتی سوپای فیلیپین بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە. لەم میانەدا سەلماندی فێڵی مارکووس لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن شاندێکی کۆنگرەی ئەمریکا کە بۆ فیلیپین نێردرا بوون، پێگەی مارکووسی لەنێو سەرکردەکانی سوپا لەرزۆك کردو دوابەدوای رۆژی سێهەمی خۆپیشاندانەکان کە فیلیپینی بەتەواوی ئیفلیج کرد، سەرکردە سەربازییەکان وەفاداری خۆیان بۆ ئاکینۆ راگەیاندو پەرلمانی فیلیپینیش رایگەیاند کە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو دروست نی‌یەو بە پووچەڵکردنی دەنگەکانی چەند بنکەیەکی هەڵبژاردن کە فێڵیان تێدا کرابوو، رایگەیاند کە کورازۆن‌و لۆرێل لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتون. کورازۆن ئاکینۆ لەرۆژی سوێند خواردنی سەرۆك کۆماریدا بەو جل وبەرگە زەردەی کە لەکاتی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن لە بەری دەکرد، سواری سەیارەکەی بوو و بەهۆی مانەوە لەپشت چرا سوورەکانی هات وچۆی شەقامەکانی مانیل بڕێك درەنگ گەیشتە رێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆك کۆماری. قسەکانی ئەو لە رێوڕەسمەکەدا کورت، بەلاّم قورس‌و پتەو بوو. بۆ وێنە دەیگوت: "من بەناوی گەلی فیلیپین دەسەلاّت بەدەستەوە دەگرم...و بەڵێن دەدەم ئەو دەوڵەتەی کە دایدەمەزرێنم دادپەروەری‌و یاسا جێبەجێ بکات، لەسەر بنەمای راستی‌و رەوشت کار بکات‌و ئازادی‌و دێمۆکراسی لە ولاّتدا مسۆگەر بکات..." مارکووس‌و هاوسەری کە نزیکەی بیست ساڵ لە فیلیپین دا حوکمڕانیان کرد، کەمتر لە دوازدە کاتژمێر دوای تەواو بوونی رێوڕەسمی سوێند خواردنی ئاکینۆ ئەم ولاّتەیان بەجێهێشت. ئەوان لەسەرەتادا بۆ بنکەی ئاسمانی ئەمریکا لە "گوام"و دواتر بۆ دوورگەی هاوایی رۆیشتن. یەکێك لەسەرەتاییترین کارەکانی ئاکینۆ ئەوە بوو کە شاندێکی لێکۆڵینەوەی دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو چەند ملیارد دۆلار پارەو پوولەی کە مارکووس‌و دەست‌و پێوەندییەکانی لەکاتی دەسەلاّتداریّتی بە فیڕۆیان دابوو. ژیانی شاهانەی مارکووس لە کۆشکی سەرۆك کۆماری‌و جێگەی نیشتەجێ بوونی پیشان خەڵك درا کە بۆ وێنە سرنج راکێشترینیان سێ هەزار جووت پێلاّوی ئیمێڵدا بوو. لەسەرەتادا توانایی‌و لێهاتوویی کۆرازۆن ئاکینو لە بەڕێوبردنی کاروباری ولاّتی٥٦ ملیۆن کەسیی فیلیپین جێگەی متمانە نەبوو، بەلاّم ئەو بەدانانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە کاروباری دەولەتیدا ئەم گرفتەی ئاسان کردەوە. سالڤادۆر لۆرێل (یاوەرو هاوکاری کورازۆن ئاکینۆ لەکاتی پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکان بۆ رووخانی حکوومەتی مارکووس) هاوکات لەگەڵ پاراستنی پۆستی جێگری

سەرۆك كۆماری، بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی كابینەی حكوومەتدا (ئەنجومەنی وەزیران) پتر پسپۆڕیو كارزانی لەبەرچاو گیرا. كورازۆن ئاكینۆ بە هەڵبژاردنی ئێنریلێی[23] هاوكاری ماركووس بۆ پۆستی وەزیری بەرگری فیلیپین، تارادەیەكی زۆر نەرمو نیانیی بۆ ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی وڵاتو پاراستنی یەكپارچەیی سوپای فیلیپین لە خۆی وەدەرخست. ئێنریلێ كە لەحكوومەتی ماركووسیش دا وەزیری بەرگری بوو، بۆ پیشاندانی وەفاداری خۆی بۆ كورازۆن ئاكینۆو گواستنەوەی دەسەڵات بە ڕێگایەكی ئاشتی ڕۆڵی كاریگەری نواندو بە پاداشتی ئەم خزمەتە لەسەر پۆستی وەزیری بەرگری جێگیر بوو.



كورازۆن ئاكینۆ سوێندی سەرۆك كۆماری دەخوات

لە پشت سەری كچێكی خۆی ڕاوەستاوە.

بەڵام ئاكینۆ بەو ڕادەیەی كە لەدانانی دوژمنێكی قەدیمی بۆ پۆستی گرینگی وەزیری بەرگری نەرمو نیان بوو، بەهەمان ڕادەش بۆ لەسەركار لابردنی سوورو سەرسەخت بوو. ئێنریلێ كەمتر لە ساڵێك دوای هاتنە سەركاری كورازۆن ئاكینۆ دەستی بە كێشەو ناتەبایی لەگەڵ ئەو كردو دەنگۆ گەلێك سەبارەت بە داڕشتنی پیلانێكی سەربازی لەلایەن ئەوەوە بڵاو بۆوە. ئێنریلێ دەیهەویست بەبیانووی ئەوەكە حكومەتی كورازۆن خەباتی بەدژی شۆڕشگێڕانی كۆمۆنیست ڕاگرتووە،

23-Enrile

كاروباری خۆی لە كاروباری دەوڵەت جیابكاتەوەو لە دەرفەتێكی گونجاودا بەپاڵپشتی ئەمریكا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. بەڵام كورازۆن پێشدەستی كردو بە دڵنیابوونی لەپشتیوانی سەرۆكی ناوەندیو سەركردە پایە بەرزەكانی سوپا لە حكوومەتەكەی، ئێنریلێی لەسەركار لابرد.

كورازۆن توانی بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی فیلیپینو پێدانی ئازادی پتر بە گەلو خاوێن كردنەوەی دامو دەزگاكانی دەوڵەت لەكەسانی گەندەڵ، هەندێك لە بەڵێنەكانی جێبەجێ بكات، بەڵام لە چارەسەركردنی گرفتە بنەڕەتییەكانی خەڵك كە كێشەی ئابووریو هەژاریو بێكاری بوو، سەركەوتنێكی ئەو تۆی بەدەست نەهێنا. هەڵبەت چارەسەركردنی ئەو گرفتانە كاتی زۆری پێویستە، بەڵام هەر ئەوەندەی كە قەیرانو پەنەمانی ئابووری كۆنترۆڵ كراوەو گەشەسەندێك لە بواری ئابووری ئەگەریش زۆر نییە ئەنجام دراوە، بۆ خۆی سەركەوتنێك بۆ كورازۆن بە هەژمار دێت. كاتێك كە كورازۆن دەسەڵاتی فیلیپینی بەدەستەوەگرت ئەم وڵاتە ٢٧ ملیارد دۆلار قەرزدار بووو هەمووساڵێك ڕێژەی ئەم قەرزە ٢ ملیارد دۆلار زیاتر دەبوو. حكوومەتی ئاكینۆ لە دووساڵی یەكەمدا یەك ملیارد دۆلاری تریشی بە بڕی ئەم قەرزەوە زیاد كرد، بەڵام ئەو قەرزە نوێیەی فیلیپین بۆ دووبارە بنیاتنانەوەو بوژاندنەوەی ئابووری وڵات بەكار هاتووەو كورازۆن هیواداره كە لەسەرەتای دەیەی ١٩٩٠دا دەست بە دانەوەی قەرزەكانی فیلیپین بكات.



كورازۆن لە ڕێورەسمێكی سەربازیدا ٩١

کورازۆن ئاکینۆ که له بنەماڵەیەکی دەمارگرژی کاتۆلیك لەدایك بووەو خۆشی لەخوێندنگە ئایینی‌یەکان وانەی خوێندووە، بیرو باوەڕی قووڵی ئایینی هەیەو له ڕۆژدا کاتژمێرێکی بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز (ئینجیل)و رازو نیازو پاڕانەوە لەگەڵ خودا تەرخان کردووە. ئەو لەڕۆژە دژوارەکانی فێوریەی ساڵی ١٩٨٦ که هیچکەس نەیدەتوانی داهاتوو پێشبینی بکات وتی: من دڵنیام که موعجزەیەك کۆتایی بەو قەیرانە دەهێنێت‌و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە که باوەڕی قووڵم بەهێزێکی نەبینراو هەست پێ نەکراو هەیە که لەسەرووی باوەڕی ئێمەیە. ئەو له وتووێژێك لەگەڵ گۆڤاری ئەمریکایی تایم که ئەویان وەك "ژنی ساڵ"[24]ی ١٩٨٦ هەڵبژارد گوتی: من لەم باوەڕەدام که خودا بۆ هەر یەك لەبەندەکانی خۆی چارەنووسێکی دیاری کردووەو چارەنووسی منیش ئەوە بووە که لەم بارودۆخەدا ببم بە سەرۆکی ولاتێك‌و بە نەرم‌و نیانی‌یەکی که کەمتر لە دەسەلاّتدارانی پیاو دەبیندرێت، چارەسەری ئەو دەردو گرفتانە بکەم کە لەرژێمێکی دیکتاتۆری بەجێ ماوە.



کورازۆن ئاکینۆ

ژنی یەکەمی

ساڵی ١٩٨٦

٢٤- گۆڤاری تایم ماوەی حەفتا ساڵە که هەموو ساڵێك کەسایەتییەك وەك "یەکەمین پیاوی ساڵ" هەڵدەبژێری، بەلاّم زۆرکەم بەجێگای پیاو ژنی هەڵبژاردوەو لەو ماوەیەدا تەنیا سێ ژنی بەناوەکانی والیس سیمپسۆن‌و مەلیکە ئێلیزابێتی دووهەم‌و لە کۆتاییدا کورازۆن ئاکینۆی وەك "ژنی یەکەمی ساڵ" هەڵبژاردووە.

چوارەمین ژنی ئاسیایی که له نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بەدەسەلاّت گەیشتووە، گەنجترین ژنێکە که تا ئێستا پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە. بی‌نەزیر بوتۆ سەرۆك وەزیرانی پاکستان یەکەم ژنە که له ولاتێکی ئیسلامی دەسەلاّتی بەدەستەوە گرتووەو توانیویەتی لەماوەیەکی کورتدا تواناییی‌و شیاوی خۆی لەئەنجامدانی ئەم ئەرکە گرینگ‌و پڕمەترسییە بسەلمێنێت. بی‌نەزیر بوتۆش هەروەك ئیندیرا گاندی سەرۆك وەزیرانی پێشووی هێند، ناوبانگ‌و سەرکەوتنی خۆی له گۆڕەپانی سیاسەتدا له باوکی بەمیرات وەرگرتووەو هەر بەم هۆیەشەوە پێش ئەوە ئاماژە بە چۆنیەتی پێشبڕکی‌و سەرکەوتنی ئەو لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی پاکستان بکەین، پێویستە کورتەیەك له ژیانی باوکی (زولفەقارعەلی بوتۆ) بزانین. زولفەقار عەلی بوتۆ لەساڵی ١٩٢٨ له بنەماڵەیەکی دەولەمەندی راجپووتی هێندووستان لەدایك بووو بەشی هەرە زۆری خوێندنی له ئەمریکاو بریتانیا تەواو کرد. زولفەقار عەلی بوتۆ خوێندکارێکی کەم وێنە بووو هەربەم هۆیەشەوە دوای تەواو کردنی خوێندنی بالاّ له زانکۆی ئۆکسفۆرد، وەك مامۆستای "مافی نێونەتەوەیی" له زانکۆی "ساوتامپتۆن"[25]ی بریتانیا دەستی بەکار کردو ماوەیەك لەم زانکۆیە وانەی گوتەوە. هێندووستان لەسەردەمی خوێندن‌و وانە وتنەوەی زولفەقار عەلی بوتۆ له ئەمریکاو بریتانیا سەربەخۆیی وەرگرت‌و بە دوو ولاتی سەربەخۆی هێندو پاکستان دابەش بوو. زولفەقار عەلی بوتۆ دوای دامەزراندنی دەولەتی پاکستان گەڕایەوە بۆ نیشتمان‌و سەرەڕای ئەوە که لەرەوتی خەباتی سەربەخۆیی خوازانەی هێندا پێوەندی نێزیکی بە نێهرۆ (رێبەری هێند)و محەمەد عەلی جێناحەوە (رێبەری پاکستان) گرتبوو، بەلاّم بە جێگەی کاری دەولەتی، سەرقاڵی ئیشی پارێزەری دادگا بوو.

25- Southampto



بێنەزیر بوتۆ لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا بوو بە سەرۆک وەزیرانی پاکستان.

زولفەقار عەلی بوتۆ لەساڵی ١٩٥٢دا لەگەڵ کچی بازرگانێکی بەڕەچەلەك ئێرانیی دانیشتووی بەمبەئی زەماوەندی کردو کچێكو دوو کوڕی بوو کە ناوی کچەکەی "بێنەزیر بوتۆ"و ناوی کورەکانی "غولاٚم مۆرتزاو شەهنەواز"بوو. زولفەقار عەلی بوتۆ لەساڵی ١٩٥٨ لەسەر بانگهێشتی ئەیوب خانی سەرۆك کۆماری ئەو کاتی پاکستان رووی کردە کاروباری دەوڵەتیو دوای بەدەستەوە گرتنی چەند پۆستێکی وەزیری، لەساڵی١٩٦٣دا بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوەو لەم پۆستەدا بوو کە ناوبانگی جیهانی وەرگرت. زولفەقار عەلی بوتۆ لەسەر کێشەی کێشمیر سیاسەتێکی قورسو پتەوی بەرامبەر بە هێند بەکار هێناو بۆ رووبەروو بوونەوەی هێرشەکانی هێند، خۆی لەچین نێزیك کردەوە. بوتۆ لەکاتی شەڕی هێندو پاکستان لەساڵی ١٩٦٥ دا لایەنگری سیاسەتی خۆڕاگری لەبەرامبەر هێندییەکانو وەرگرتنی یارمەتی بیانی بۆ درێژەپێدانی شەڕ بوو، بەلاٚم بەهۆی دژایەتی لەگەڵ ئەو ئیمتیازانەی کە دەوڵەتی پاکستان بەپێی پەیماننامەی تاشکەند بە هێندی دا، وازی لەدەسەلاٚت هێنا. زولفەقار عەلی بوتۆ لەساڵی ١٩٦٧دا حیزبی گەلی پاکستانی دامەزراند کە لەسیاسەتی دەرەوە خوازیاری شێوازی توندو تیژتر بەرامبەر بە هێندو لەسیاسەتی ناوخۆیشدا هەواداری شێوەیەك لەسۆسیالیزمی ئیسلامی بوو. حیزبی گەلی پاکستان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٠ سەرکەوتو زولفەقار

عەلی بوتۆ ساڵێ دواترو دوابەدوای دابەش بوونی پاکستانو ئەو رۆڵەی کە هێندییەکان لەم رووداوەدا نواندیان، بوو بەسەرۆك کۆماری پاکستان. یەکەم هەنگاوی گرینگی سیاسی بوتۆ لەپۆستی سەرۆك کۆماریدا بریتیبوو لە راگەیاندنی رۆیشتنەدەرێی پاکستان لەکۆمەڵەی ولاٚتانی هاوبەرژەوەندی بۆ دژایەتیکردنی بڕیاری بریتانیاو هەروەها چەند ولاٚتیتری ئەم کۆمەڵەیە سەبارەت بە دان پێدانانی بەنگلادیش (پاکستانی رۆژهەلاٚت). زولفەقار عەلی بوتۆ لەیەکەمین ساڵەکانی دەسەلاٚتداریدا زنجیرەیەك چاکسازی ئابووریو کۆمەلاٚیەتی ئەنجامداو بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامە سۆسیالیستییەکانی حیزبی گەلیپاکستان، پیشە گرینگەکانی ئەم ولاٚتەی خۆماڵی کرد. ئەو لەساڵی ١٩٧٤ هەندێك گۆڕانکاریی لە یاسای بنەڕەتی پاکستان ئەنجامداو پۆستی سەرۆك وەزیرانی کرد بە گرینگترینو بەرزترین دەسەلاٚتی جێبەجێکردن لەدەوڵەت (بەجێگەی سەرۆك کۆماری)و دوای ئەم ئاڵ وگۆڕییانە لەپۆستی سەرۆك کۆماری دەستی کێشاوەو ئەرکی سەرۆك وەزیرانی لەئەستۆ گرتو تا ساڵی ١٩٧٧ کە بە کودتایەکی سەربازی لەسەرکار لابردرا، لەسەر ئەم پۆستە مایەوە. کودتای سەربازی ساڵی ١٩٧٧ی پاکستان دوابەدوای هەندێك شڵەژاوی روویدا کە لەرەوتی هەڵبژاردنەکانی مانگی مارسی هەمان ساڵ هاتە ئاراوە. بەرهەلستکارانی بوتۆ ئەوۆیان بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانو تیرۆری یەکێك لە پالێوراوەکانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی کە لەگەڵی ناکۆك بوو تۆمەتبار کرد. ئەم ئاڵۆزیو شڵەژاوییانە بیانوویدا بەدەستی سەرکردەکانی سەربازی کە لەرۆژی پێنجەمی ژوویەی ساڵی ١٩٧٧ بە دژی ئەو کودتا بکەن. رێبەری کودتا سەربازییەکە ژنراڵێك بوو بەناوی **"ضیاء الحق"** کە چەند مانگ پێشتر لەلایەن زولفەقار عەلی بوتۆوە بە سەرۆکی ناوەندی سوپای پاکستان هەڵبژێردرا بوو. ئەگەر چی کودتاکە بە بیانووی کێشەی هەڵبژارنو ئەو شڵەژاوییەی کە لێی کەوتەوە ئەنجام درا، بەلاٚم دەگوترا ئەمریکاییەکان بەهۆی نارازی بوونیان لە سیاسەتە سۆسیالیستییەکانی بوتۆو مەیلەوچوونی بەرەو رۆژهەلاٚت(شۆڕەوی)و هەروەها چالاکییەکانی ناوەکییەکانی دەستیان لەم کودتایەدا هەبووە.

"ضیاء الحق" دوای ئەم کودتایە بەڵێنیدا کە لەماوەی ٣ مانگدا هەڵبژاردنی ئازاد لە پاکستان ئەنجام بداتو حکوومەت بە مەدەنییەکان بسپێرێت، بەلاٚم هەرگیز ئەم بەڵێنەی بەجێ نەگەیاند. زۆلفەقار عەلی بوتۆ دوو مانگ دوای کودتاکە دەستبەسەر کراو بەتۆمەتی بەشداری لە تیرۆری کەسێك لە بەرهەڵستکارە سیاسییەکانی لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٧ دا

دادگاییو بڕیاری کوشتنی پەسند کرا. بوتۆ لەم دادگاییەدا کە لەمانگی مارسی ساڵی ١٩٧٨ لەدادگای لاهوور بەڕێوە چوو، توانابییەکی ئەوتۆی بۆ هەڵبژاردنی پارێزەرو بەرگری لەخۆی نەبوو. تاوانبارکرانی بوتۆ دژایەتییەکی زۆری لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکان لێکەوتەوەو ژمارەیەك لە ڕێبەرانی وڵاتانی دەرەوە بۆ وێنە "ژیسکارد- دێستان"[26]ی سەروك کۆماری ئەوکاتی فەڕانسە، هەوڵێکی زۆری بۆ رزگاری ئەو ئەنجامدا.



"ضياء الحق" کە لەلایەن زولفەقار عەلی بوتۆوە بوو بە سەرۆکی ناوەندی سوپای پاکستانو بە دژی بوتۆ کودتای کردو دوابەدوای ئەم کودتایە بوتۆ دەست بە سەرو لەسێدارە درا.

زولفەقار عەلی بوتۆ لە نامەیەکی راچڵەکێنەردا کە لەرێکەوتی ٣٠ی ژوویيەی ساڵی ١٩٧٨ لە بەندیخانەی "رەواڵپێندی"[27] بۆ سەرۆك کۆماری فەڕانسەی نووسیبوو لە رێگای کچەکەیەوە (بێنەزیر بوتۆ) لە بەندیخانە ناردبوویە، هاوکات لەگەڵ سوپاسو رێز لێنان لە یارمەتییەکانی سەروك کۆماری فەڕانسە بۆ رزگارکردنی ئەو، پوختەیەك لەو ئازارانەی کە لە بەندیخانە دەیچێژا روون کردۆتەوە. بەلاّم سەرەکیترین خەمو پەژارەی ئەو کە لەم نامەیەدا ئاماژەی پێکردووە، بریتی‌یە لە ئێشو ئازاری هاوسەر (نووسرەت)و کچەکەیو ئەو چارەنووسەی کە دوای مردنی

26-Giscard D'Estaing

27-Rawalpindi

ئەو چاوەروانییان دەکات. هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ رزگار کردنی بوتۆ بێئاکام مایەوەو بوتۆ لە رۆژی چوارەمی ئاپریلی ساڵی ١٩٧٩ لەحەساری بەندیخانەی رەواڵپێندی لەسێدارە درا. زولفەقار عەلی بوتۆ لەکاتی مردنیدا ٥١ ساڵی تەمەن بووو دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی لە خراپترین بارو دۆخ و لە ژوورێکی تاکەکەسیدا تێپەر کرد.

نووسرەت بیگمو بێنەزیر بوتۆ کە چەند رۆژ بەر لە جێبەجێکرانی بڕیارەکە بوتۆیان لە بەندیخانە بینیبوو، دواتر رایان گەیاند: "عەلی بوتۆ لەژێر بارودۆخی دژوارو نالەباری بەندیخانە وەك پێستو ئێسقانی لێهاتبوو و زۆر بە زەحمەت دەتوانرا بناسرێتەوە".



بێنەزیر بوتۆ - ئەم وینە لە رێو رەسمی ساڵیادی باوکیدا گیراوە.

بێنەزیر بوتۆ لەکاتی لە سێدارەدرانی باوکی ٢٥ ساڵی تەمەن بوو و لە ژیاننامەکەیدا لەژێر ناوی "کچێك لە رۆژهەلاّت" کە پرفرۆشترین پەرتووکی پاکستانە دەنووسێت: "باوکم سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجە رووحیو جەستەییە تاقەت پرووکێنانەی بەندیخانە هەرگیز ورەی دانەبەزیو لە هەموو چاوپێکەوتنەکانیدا داوای لە منو دایکم دەکرد کە لەئاست زەبرو زەنگ سەر دانەخەینو بۆ رزگاری ئەو سووکایەتی قەبووڵ نەکەین. تەنانەت ئەو لەرۆژەکانی کۆتایی تەمەنیدا کە وەك پێستو ئێسقانی لێهاتبوو، بە هەمان دەنگ قورسو پیاوانەکەی داوای لێکردین کە لە درێژە پێدانی خەبات نائومێد نەبینو دڵنیا بین رۆژێك دادێت کە چاکە بەسەر خراپەدا زاڵ دەبێت". بێنەزیر بوتۆ خوێندنی بالاّی لە بریتانیا تەواو کردبووو دەیتوانی لەدەرەوەی پاکستان بە سانایی بژیت، بەلاّم داواکارییەکەی باوکی جێبەجێ کردو هەوڵیدا

درێژە بە چالاکییەکانی بۆ سەلماندنی بێتاوانی باوکیو ڕووخاندنی دەسەڵاتی **"ضیاء الحق"** بدات. نزیکترین پشتو پەنای ئەو لەم خەباتەدا دایکی بوو و**"ضیاء الحق"** کە لەبەرامبەر بەهەڵستکارەکانی زۆر توندو بێبەزەیی بوو، نەیتوانی سەبارەت بەم دوو ژنە ئەوەندە توندوتیژی بەکار بهێنێت. براکەی بینەزیر بوتۆ (غولاّم مۆرتەزا) لەدەرەوەی پاکستان درێژەی بە خەبات دەدا، لەبەرئەوەی کە ئەگەر بگەڕابوایەوە بۆ پاکستان تووشی چارەنووسی باوکی دەبوو. کاتێك کە**"ضیاء الحق"**دوای حەوت ساڵ دیکتاتۆریەتی ڕەها لەژێر گوشاری نێودەوڵەتی ناچار بوو هەندێك ئازادی بە گەلی پاکستان بدات، بینەزیر بوتۆ توانی حیزبی گەلی پاکستان زیندوو کاتەوەو لەسەرووی ئەو حیزبەوە درێژە بەخەباتی خۆی بدات بۆ سەقامگیر کردنی دیمۆکراسی لە پاکستان. بەلاّم **"ضیاء الحق"** بۆ جاری چەندەم بوو کە بەڵێنەکانی سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد لە پاکستان دەخستە ژێر پێی. ئەمجارەیان نە تەنیا بینەزیر بوتۆو لایەنگرانی لە حیزبی گەلی پاکستان، بەڵکوو ژمارەیەك لە هاوکارەکانی **"ضیاء الحق"** بۆ وێنە مەحەممەدخانی جۆنجۆش[٢٨] (سەرۆك وەزیرانی پاکستان) نارازی بوونی خۆیان لەحکوومەتی تاکەکەسی ئەو ڕاگەیاند. ئەم ناکۆکییانە بوو بەهۆی ئەوە کە جۆنجۆ لەمانگی مەی ساڵی ١٩٨٨ لەسەرکار لابربردرێت. لەم میانەدا بینەزیر بوتۆ کە تازە زەماوەندی کردبووو منداڵێکشی ببوو، درێژەی دەدا بە خەباتە بێوچانو ماندوو نەناسانەکەی خۆی بەدژی حکوومەتی **"ضیاء الحق"**. حیزبی گەلی پاکستان بەرێبەری بینەزیر لەسەردەمی باوکی پتر لەنێو خەڵکدا جێگەی کردبۆوەو ئامادەبوونی دەیانو سەدان هەزار کەس لە کۆبوونەوەکانی حیزبیو هەڵبژاردنی ئەودا کارتێکەریو خۆشەویستی ئەوی لەنێو خەڵکدا بەرووونی وەدەر دەخست. **"ضیاء الحق"** ئاگاداری ئەو مەترسییە بوو کە بینەزیر بوتۆ بۆ سەر دەسەڵاتەکەی درووستی کردبووو ژمارەیەك لەلایەنگرانی بینەزیر بوتۆش هەستیان بەو مەترسییە دەکرد کە سروشتی دەسەڵاتخوازانە و بێ بەزەییانەیو **"ضیاء الحق"**و تەماحی زۆری ئەو بۆ پۆستی دەسەڵات، هەڕەشە لەو ژنە لاوە دووگیانە دەکات. ئەگەر **"ضیاء الحق"** لە ڕۆژی ١٧ی ئووتی ساڵی ١٩٨٨دا لەئاکامی کارەساتێکی ئاسمانی گیانی لەدەست نەدابوایە، ژیانی بینەزیر بوتۆ لە مەترسیدا دەبووو ئەو مەترسییە لە ئارادا بوو کە لەکاتی


28-Junejo

ئامادەبوون لەنێو خەڵكو لە کۆڕو کۆمەڵە گشتییەکاندا لەلایەن ئەندامە نهێنییەکانی پۆلیسی **"ضیاء الحق"** بەچەکی سارد یان گەرم تیرۆر بکرێ، بەلاّم تەقینەوەی فڕۆکەیەکی سەربازی کە **"ضیاء الحق"**و ژمارەیەك لەسەرکردەکانی سوپای پاکستانی تێدا بوو خاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی پاکستان بوو کە چارەنووسی بینەزیر بوتۆشی گۆڕی. لە یەکەمین هەڵبژاردنە ئازادەکانی پاکستان کە یازدە ساڵ دوای دەسەڵاتی ڕەهای **"ضیاء الحق"** ئەنجام درا، حیزبی گەلی پاکستان بەرێبەری بینەزیر بوتۆو لەگەڵ هەبوونی کارشکێنیی ژمارەیەك لە پاشماوەکانی دەورانی **"ضیاء الحق"** توانی لە ٢٣٧ کورسی ٩٢ کورسی لە پەرلمانی پاکستان بەدەست بهێنێو حیزبی"یەکگرتووی دیمۆکراتیکی ئیسلامی" کە لەیەك گرتنی ٨ حیزبی باڵی ڕاست پێك هاتبوو، بە بەدەست هێنانی ٥٥ کورسی پلەی دووهەمی بەدەست هێنا. بینەزیر بوتۆ بە نەرمو نیانیو لێهاتوویییەکی تایبەتەوە توانی پشتیوانی چەند گرووپی بچووکی سیاسیش کە ٣٠ کورسی پارلمانیان بەدەست هێنابوو، بۆ لای خۆی ڕاکیشێو بە ڕاگەیاندنی پاڵپشتی زۆرینەی ئەندامانی پەرلمان لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن بینەزیر بوتۆوە، غولاّم ئیسحاق خانی بریکاری سەرۆك کۆماری ناچار بوو کە لەرۆژی دەیەمی دێسەمبەری ساڵی ١٩٨٨دا ئەرکی دامەزراندنی حکوومەت (ئەنجومەنی وەزیران) بە بینەزیر بوتۆ بسپێرێ. بینەزیر بوتۆ کە کەمتر لەدەساڵ دوای مردنی باوکی واتە لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا پۆستی سەرۆك وەزیرانیی بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنی وەزیرانی حکوومەتو شێوازی حوکمڕانی، لێهاتوویی و شایەستەییەکی لەرادەبەدەری لەخۆی نیشان دا. ئەو لە یەکەمین کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی خۆیداو دوای بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی گووتی کە بەرژەوەندییەکانی پاکستان لە پێشووی هەموو شتێك دادەنێتو نایهەوێت تۆڵە لەو کەسانە بستێنێتەوە کە سەبارەت بە خۆیو بنەماڵەکەی خراپ بوون.



بی‌نەزیر بوتۆ لەكاتی
دادگایی كردنی باوكی،
هەوڵی زۆری بۆ رزگاری
ئەو ئەنجام داو لە رەوتی
خەباتی سیاسی خۆشی‌دا
هەر هەوڵی دا یادو
بیرەوەری باوكی‌و
خەباتەكانی زیندوو كاتەوە.
وێنەی سەرەوە تایبەتە
بە خەباتەكانی رابردووی
بوتۆو وێنەی خوارەوەش
تایبەتە بە كاتی
بەدەستهێنانی پۆستی
سەرۆك وەزیرانی

درووستی وتەكانی بی‌نەزیر لەكاتی هەڵبژارنی ئەندامانی كابینەی حكوومەتەكەی دەركەوت و ژمارەیەك لە وەزیرانی كارامەو بەرچاوی كابینەی **"ضیاء الحق"**ی بۆ وێنە وەزیری كاروباری دەرەوە لەسەر كارەكەی جێگیر كرد. هەروەها بی‌نەزیر بوتۆ پشتیوانیی لە هەڵبژاردنی غولام ئیسحاق خانی بریكاری سەرۆك كۆماری پاكستان بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری كردو جارێكی‌تر نیشانی‌دا كە دەتوانی لەگەڵ دۆستانو هاوكارانی بكوژی باوكی هاوكاری بكات.



دیمانەی راجیۆ گاندی، سەرۆك وەزیرانی هیند لەگەڵ خاتوو بی‌نەزیر بوتۆ، هەل‌و مەرجی ئاشتی‌و دۆستایەتی ئەم دوو وڵاتەی ئامادە كرد، بەڵام بە لەسەر كار لابرانی راجیۆ گاندی ناكۆكییەكانی ئەم دوو وڵاتە سەبارەت بە كێشەی كێشمیر دەستی پێكردەوە.

بی‌نەزیر بوتۆ بنەماكانی سیاسەتی دەرەوەی پاكستانی كە لەسەردەمی **"ضیاء الحق"** بەرەو رۆژئاوادا شكابووە، زۆر نەگۆڕی‌و سوپای پاكستانیش هەر سەركردەكانی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی **"ضیاء الحق"**ی لەسەر مایەوە. هەڵبەت سەركردەكانی سوپای پاكستان دوای مردنی **"ضیاء الحق"** و ژمارەیەك لە هاوسەفەرانی لەكارەساتێكی ئاسمانی لەساڵی ١٩٨٨دا، شێوازێكی ئارامتریان بەكار هێناوەو سەرۆكی ناوەندی سوپای پاكستانیش جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەكاتەوە كە سوپا ئیتر دەست لەكاروباری سیاسەت وەرنادات، بەڵام وەفاداری سەركردەكانی سوپا بەم بەڵێنە بەستراوەتەوە بە سیاسەت‌و ژێری بی‌نەزیر بوتۆوە لە داهاتوودا. گەورەترین گرفتی بی‌نەزیر بوتۆ كە چارەسەركردنی لە گرفتەكانی‌تر دژوارترە، بریتی‌یە لە قەیرانی ئابووری ئەم وڵاتە ١٠٠ ملیۆنی‌یە. پاكستان یەكێك لە هەژارترین وڵاتەكانی جیهانەو بی‌نەزیر بوتۆ لە پێشبڕكێیەكانی هەڵبژاردندا بەردەوام جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەكردەوە كە ئەگەر بەدەسەڵات بگات، ئەوە دابینكردنی لانی كەمی ئیمكاناتی ئاسایش‌و كار بۆ گەلی

پاکستان، لەسەرووی هەمووی پرۆگرامەکانیدا دەبێت. هەڵبەت لەساڵی یەکەمی حکوومەتی بی‌نەزیر بوتۆ هیچ چاکسازییەك لە بارودۆخی ئابووری پاکستان ئەنجام نەدرا، بەلاّم بۆ بڕیاردان لەسەر ئەگەری سەرکەوتنی ئەو لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بە کاتی زیاترە. کاتێك کە ئەم پەرتووکە ئامادەی چاپ بوو، راگەیاندرا کە خانمی بی‌نەزیر بوتۆ دوای ٢٠ مانگ حوکمڕانی بە شێوەیەکی لەنەکاو لەلایەن غولاّم ئیسحاق خانی سەرۆك کۆماری پاکستان لەسەر کار لابردراوەو یەکێك لە سیاسەتوانە بەرهەڵستکارەکانی تا کاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلمانی داهاتوو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبژێردراوە. بی‌نەزیر بوتۆ خۆشی لەکاتی لەسەرکار لابرانی، زۆرینەی کورسییەکانی پەرلمانی لەدەست دابووو هەر بۆیەش هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی بڕیاری لەسەر کارلابردنی خانمی بی‌نەزیر بوتۆ، فەرمانی هەڵوەشانەوەی پەرلمانیش پەسند کراو رێکەوتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلمان بۆ کۆتاییەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٩٠ (سەرەتاکانی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٩ ی ك.هـ) دیاری کرا. سەرۆك کۆماری پاکستان بە رواڵەت بی‌نەزیر بوتۆی بەهۆی ناڕەزایەتی گشتی لە شێوازی حکوومەت وناشارەزاییی‌و گەندەڵی لەدەوڵەت لەسەرکار لابردووە، بەلاّم بی‌نەزیر بوتۆ کە ئەم کردەوەیەی سەرۆك کۆمار بە پێشێل کردنی یاسای بنەڕەتی دەزانێ، پێداگرە لەسەر ئەوەی کە غولاّم ئیسحاق خان لەژێر گوشاری ژێنراڵ‌و رێبەرە سەربازییەکانی پاکستان کە لەحکوومەتەکەی رازی نەبوون، ئەو بڕیارەی دەرکردووە. بی‌نەزیر بوتۆ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەست لە خەبات هەڵناگرێ‌و ئەگەر هەڵبژاردنەکانی پاکستان لەکاتی دیاری کراوو بە رەچاوکردنی بنەماکانی دێمۆکراسی‌و ساختەکاری ئەنجام بدرێت، بەهێزێکی زۆرترەوە دەگەڕێتەوە سەر گۆڕەپانی دەسەلاّت‌و سیاسەت.

فەسڵی پازدەهەم

دایە گەورەی ئیسرائیل

کچی دارتاشێکی هەژاری رووسی کە لە خزمەتکاریو جلوبەرگ شووشتنەوە گەیشتە پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل*

لەنێوان ئەو ژنانەی کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بە دەسەلاَت گەیشتوون، نابێ ناوی "گۆڵدامایێر"[1]ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەساڵەکانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٤ لەبیر بکرێت. لەبەرئەوەی ئەم ژنە جگە لەوەیکە لەیەکێك لەقەیرانیترین سەردەمەکانی دەسەلاَتداریێتی ٤٠ ساڵەی دەوڵەتی ئیسرائیل هەوساری کاروباری ئەم ولاَتەی بەدەستەوە گرت، بەڵکوو هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیشەوە رۆڵی گرینگی لەسیاسەتی دەرەکیو ناوخۆیی نواندووەو یەکێك لە دامەزرێنەرانی رێژیمێك بوو کە لەگەڵ ئەو هەموو بچووکییە، بەهۆی پشت ئەستووری بە ئەمریکا یان باشتر بڵێین بەهۆی رۆڵێکی کە بەدەستی یەهوودییەکانی ئەمریکا لە دیاریکردنی رێبازی سیاسی ئەم دەوڵەتە دەیگێرێت، بە یەکێك لە داشە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەئەژمار دێت.

گۆڵدا مایێر کە لەساڵی ١٩٧٨ لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا مرد، لەساڵی ١٨٩٨ لە بنەماڵەیەکی هەژاری رووسی لە شاری کییەفی رووسیا لە دایك بوو. باوکی گۆڵدامایێر (مووشی مابۆڤیچ)[2] دارتاشێکی هەژار بوو کە بە چەرمەسەریو کەسەرییەکی زۆرەوە دەیتوانی بژێوی بنەمالەکەی دابین بکات. گۆڵداو سێ خوشکەکەی جگە لە برسێتیو هەژاری، لە سووکایەتی پێکردنو ئازاری دراوسێکانو کچانی هاوتەمەنیان مەینەتییان دەچێشت، لەبەرئەوە کە یەهودییەکانی رووسیا لەو کاتانەدا کەمایەتییەکی زوڵم لێکراو بوونو بەردەوام لەژێر ئازارو نەهامەتیو تەنانەت کوشتن دابوونو پۆلیسی تێزاری رووسیاش ئەوانی بە نەتەوەیەکی پیلانگێڕو بێزراو دەناسی. بنەماڵەی مابۆڤیچ لە ساڵی ١٩٠٦دا بە فرۆشتنی هەموو ماڵو مڵکیان توانیان خەرجی سەفەری ئەمریکا دابین بکەنو لەگەڵ کۆمەڵێك لەکۆچبەرانی یەهوودی بەرەو ئەمریکا وەڕێکەون. ئەوان لەئەیالەتی "ویسکانسێن"[3]ی ئەمریکا نیشتەجێ بوونو هەر چەند بارودۆخی

* تێبینی: ولاَتێك بەناوی ئیسرائیل لەروانگەی ئێمەوە (ئێران) دانی پێدا نەنراوەو لە هەر جێگەیەك ناوی هات ئەوە مەبەستمان رێژیمی داگیرکەری قودسە.

1-Golda Meir
2-Moshe Mabovitch
3-Wisconsin

ئەوان بەراورد لەگەڵ رووسیا باشتر بوو، بەلاَم هەر لە برسێتیو هەژاریدا دەژیان. جگە لە باوکی کە لە کارگەیەکی دارتاشیدا کاری دەکرد، دایکیشی ناچاربوو بۆ یارمەتیدانی هاوسەری لە دابینکردنی بژێوی بنەماڵەکەی دوکانێکی عەتر(بۆن) فروشی بچوك بکاتەوەو گۆڵداش کە لەو کاتەدا کچێکی ٩ ساڵە بوو، ناچار بوو بەجێگەی خوێندن لەدووکانی دایکی کار بکات. هەڵبەت گۆڵدا لای باوكو خوشکەکانی زمانی عیبری فێربیوو کەم کەم بەهۆی کار لە دووکانە بۆنفرۆشیەکەی دایکیو وتووێژی رۆژانە لەگەڵ خەڵك بە تەواوی بە سەر زمانی ئینگلیزیدا زاڵ بوو.



گۆڵدامایێر لەسەردەمی گەنجێتیدا

گۆڵدا لە منداڵییەوە ئاواتی ئەوە بوو ببێتە مامۆستا، بەلاَم باوکی رازی نەبووو دەیگوت زۆربەی ئەو کچانەی کاری مامۆستایەتی دەکەن ناتوانن زەماوەند بکەنو لە ماڵدا دەمێننەوە. بەلاَم گۆڵدا کە دەیهەویست بەهەر شێوەیەك بێت بەئامانجی خۆی بگات، لەتەمەنی ١٥ساڵیدا بنەماڵەکەی بەجێهێشتو بڕیاریدا لەشاری "دێنڤێر"[4] لەگەڵ خوشکە گەورەکەی بژی. گۆڵدا پێی وابوو دەتوانێت لای خوشکەکەی درێژە بە خوێندن بداتو کاری مامۆستایەتی ئەنجام بدات. بەلاَم خوشکەکەی بە زەحمەت دەیتوانی بژێوی خۆی دابین بکاتو گۆڵداش ناچاربوو

4-Denever

خەریکی کاری کارەکەر وەك جل شوشتن بێت. گۆڵدا یەکەمجار لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا چووە نێو کاروباری سیاسیو لە فیدراسیۆنێکی کرێکاریدا کە لەژێر دەستی زایۆنیستەکاندا بوو دەستی بەکارو چالاکی کرد. گۆڵدا لەرەوتی ئەم چالاکییانە لەگەڵ لاوێکی یەهودی بەناوی "موریس میرسۆن"[5] ئاشنا بوو. موریس مێرسۆن دروشمی پرۆپاگەندەی لەسەر قوماش دەنووسیو لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا زەماوەندی لەگەڵ گۆڵدا کرد. گۆڵدا کە لە رێکخراوێکی زایۆنیستی بۆ هاندانی یەهودییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە کۆچ بۆ فەلەستین کاری دەکرد، لەساڵی ١٩٢١دا هاوسەرەکەی ناچار کرد کە بۆ فەلەستین کۆچ بکەن. ئەم ژنو مێردە لە "کیبۆتز"[6] یان زەوی جوتیاری هاوبەش نیشتەجێ کرانو دوو ساڵ ژیانیان تێدا کرد. گۆڵدا بە تینو گوڕێکی تایبەتەوە لەم زەوییە کشتوکاڵییە خەریکی کاروباری جوتیاریو پەروەردە کردنی پەلەوەر بوو، بەڵام هاوسەری کە لە کاروباری جوتیاریو ژیان لە خەوتنگەی هاوبەش نارازی بوو، داوای لە گۆڵدا کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا. گۆڵدا مایێر یەکەمین جار لەکاتی کار لەم زەوییە هاوبەشەدا لەگەڵ "دەیڤید بێن گۆریۆن"[7]، یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئاشنا بوو کە داهێنەری ئەم زەوییە هاوبەشانە بوو. بێن گۆریۆن داوای لە گۆڵداو هاوسەری کرد کە ناوی بنەماڵەیی خۆیان لە مێرسۆنەوە کە پتر لەناوی بنە ماڵەی مەسیحییەکان دەچوو، بۆ "مایێر" بگۆڕن (ناوێکی عیبری بوو)و بە دەربڕینی رەزامەندی گۆڵداو هاوسەری لەسەر ئەم پێشنیارە، ناوی بنەماڵەییان لە ناسنامەو بەڵگەکانیاندا گۆرا بۆ مایێر. گۆڵداو هاوسەری لەساڵی ١٩٢٣ بۆ تێل ئاڤیۆو دواتریش بۆ "بیت المقدس" رۆیشتنو دوو منداڵەکەیان کە یەکیان کوڕ(مۆنافیم)و ئەوی تریان کچ (سارا) بوو لەم دوو شارە لەدایکبوون. داهاتی هاوسەری گۆڵدا لە شاری "بیت المقدس" زۆر کەم بووو نەیدەتوانی بژێوی بنەماڵە چوار کەسییەکەی دابین بکات، بەم هۆیەشەوە گۆڵدا مایێر جارێکیتر ناچاربوو خەریکی کاروباری ئاشپەزیو پاكو خاوێنیو جلوبەرگ شووشتن بێت. گۆڵدا هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو گرفتە، کاروباری سیاسیشی بەجێ نەدەهێشتو بەردەوام لە کۆبوونەوەکانی فیدراسیۆنی کرێکاری یەهود بەناوی "هیستادروت"[8] کە ئێستاش گرینگترین رێکخراوی کرێکاری ئیسرائیلە بەشداری دەکردو

5-Morris Myerson
6-Kibbutz
7-David Ben-Gurion
8-Histadrut

لەلایەن ئەم رێکخراوە هەندێك کاری پێدەسپێردرا. هاوسەری گۆڵدا لەبیروبۆچونە سوسیالیستیو چالاکییەکانی هاوسەری لە فیدراسیۆنی کرێکاری رازی نەبووو جگە لەمەش لە درێژەپێدانی ژیان لە فەلەستین ماندوو ببووو دەیهەویست بگەڕێنەوە ئەمریکا. گۆڵدا مایێر لە ژیاننامەی خۆیدا کە لەژێر ناوی "ژیانی من" چاپ کراوەو هێستاش یەکێك لە پڕفرۆشترین پەرتوکەکانی ئیسرائیلە، دوای ئاماژە بە ناکۆکییەکانی لەگەڵ هاوسەرەی دەنووسێ: "من لەئاکامدا کەوتمە سەر ئەم دووڕێیانە کە هاوسەرم هەڵبژێرم یا خود ئامانجەکەم، لەئەنجامدا ئامانجەکەم هەڵبژارد". گۆڵدا مایێر دوای جیابوونەوە لەهاوسەری رۆڵی گرینگتری لە فیدراسیۆنی کرێکاری بە ئەستۆ گرتو لەساڵی ١٩٢٨دا وەك سەرۆکی یەکیەتی ژنانی کرێکاری یەهودی هەڵبژێردرا. گۆڵدامایێر لەساڵی١٩٣٤دا ئەندامی شاندی بەڕێوەبەرایەتی فیدراسیۆنی کرێکارانی یەهود بووو لەساڵی١٩٤٠دا بوو بە سەرۆکی دەفتەری سیاسی فیدراسیۆن. گۆڵدا هاوکات لەگەڵ چالاکی لە فیدراسیۆنی کرێکارانی یەهود، لەگەڵ رێکخراوی زایۆنیستی بێن گۆریۆنیش هاوکاری دەکردو بەکردەوە یەکیەتی کرێکارانی یەهودی لەرەوتی ئامانجەکانی زایۆنیستەکان رێنمایی دەکرد. گۆڵدامایێر بە تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانیو زۆر بوونی چالاکییەکانی زایۆنیستەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئیسرائیلی، لەلایەن بێن گۆریۆنەوە کە لەو کاتەدا سەرۆکی رێکخراوی سیاسی زایۆنیستەکان بوو بەرەو ئەمریکا وەڕێکەوت. ئەرکی گۆڵدامایێر لەم سەفەرەدا بریتیبوو لە کۆکردنەوەی پارەو پووڵ بۆ دامەزراندنی هێزێکی چەکداری یەهوودی لە فەلەستین. گۆڵدامایێر لەم سەفەرەدا لە شارە گەورەکانی ئەمریکا کە جێگەی نیشتەجێ بوونی یەهودییەکانی ئەمریکا بوو وتاری داو لەیەکێك لەم وتارانەی لە شیکاگۆو لەوڵامی ئەو کەسانی کە رازی نەبوون دەوڵەتێکی یەهوودی لە فەلەستین دابمەزرێت، گوتی: "ئێوە ناتوانن سەبارەت بەوە بڕیار بدەن کە ئێمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهودی شەڕ بکەین یان نا... ئێمە بڕیاری خۆمان داوەو شەڕ دەکەین..." گۆڵدا مایێر لەکۆتایی سەفەرەکەیدا توانی٥٠ میلیۆن دۆلار یارمەتی بۆ یەهوودییەکانی فەلەستین کۆبکاتەوە کە بە پێوانەی ئەوکات پارەیەکی زۆر بوو. بێن گۆریۆن بەم پارەیە یەکەم رێکخراوی سەربازی یەهوودی بەناوی "هاگانا"[9] دامەزراند کە بنەمای سوپای ئێستای ئیسرائیلەو چەند ساڵ دواتر لە وتارێکدا لەپوستی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلدا

9-Haganah

گوتی کە گۆڵدا مایێر بە کۆکردنەوەی ئەم پوولە رۆڵی بنەڕەتیی لەدامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل نواند، لەبەرئەوەی کە بە بێچەكو چۆڵو دامەزراندنی هێزێکی چەکداری یەهوودی کە بەم پارەیە دامەزرا، دەوڵەتی ئیسرائیل هەر لە لەسەرەتای هێرشەکانی وڵاتانی عەرەبی لەناو دەچوو. بێن گۆریۆن کە بەسەرۆکی دەوڵەتی نوییێ ئیسرائیل هەڵبژێردرا بوو، دوای پەسەندکرانی بڕیاری دابەش بوونی فەلەستینو دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهوودی لەبەشێکی ئەم وڵاتە، گۆڵدامایێری بۆ ئەرکێکی گرینگو نهێنی نارده ئۆردۆن. دەوڵەتی ئۆردۆن رێکوپێکترین هێزی وڵاتانی عەرەبی دراوسێی فەلەستینی لەژێر دەست دابوو کە لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرێکی بریتانیایی بەناوی ژێنراڵ "گلووب"[10] یان گلووب پاشا بەرێوە دەچووو دەیتوانی لەهەموو وڵاتانی عەرەبی زیاتر مەترسی بۆ دەوڵەتی نوێی یەهوود درووست بکات. گۆڵدا مایێر کە جلوبەرگی ژنانی عەرەبی لە بەر کردبوو، سێ جار چاوپێکەوتنی لەگەڵ مەلیك "عبدالله"ی پاشای ئۆردۆن ئەنجام داو هەوڵیدا ئەو لە هێرش کردنە سەر دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل کە تازە دامەزرابوو، پاشەگەز بکاتەوە. مەلیك "عبدالله" لە دیمانەی یەکەمیدا لەگەڵ گۆڵدا مایێر کەوتە ژێر کاریگەری ئەوو بەڵێنی دا کە هێرش نەکاتە سەر دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل، بەلاّم مەرج گەلێکی دانا کە دەبوایە لەچاوپێکەوتنەکانی دواتریان تاوتوێ بکرێ. گۆڵدا مایێر لە چاوپێکەوتنی دووهەمدا بۆی دەرکەوت کە شێوازی ئەو گۆڕاوەو بەرواڵەت دوای راوێژ لەگەڵ بریتانیا یا خود بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی خۆی لەنێو وڵاتانی عەرەبی نایهەوێت هیچ بەڵێنێك لە مەڕ هێرش نەکردنە سەر دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل قەبووڵ بکات. مەلیك"عبدالله" لە چاوپێکەوتنی سێهەمدا داوای لە گۆڵدا مایێر کرد کە رێکەوتی راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەدوا بخەن. کاتێك کە گۆڵدا مایێر وتی ئەم کارە ناکەین مەلیك "عبدالله" لەولاّمدا گوتی: "ئێوە بۆچی ئەوەندە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهوودی بەپەلەن؟" گۆڵدا مایێر لە ولاّمدا گوتی: "ئێمە دووهەزار ساڵە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهوودی خۆمان راگرتووە...دیسان دەڵێن بۆ بە پەلەن؟!

10-Glubb



گۆڵدامایێرو بێن گۆریۆن، یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل

دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەمانگی مەی ساڵی١٩٤٨، دەوڵەتی شوڕەوی کە لەو کاتەدا پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی نەبوو، یەکێك لە یەکەمین وڵاتانێك بوو کە دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دانا. سەرەڕای ئەوەکە بێن گۆریۆن (یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل) بە ئەمریکاو زایۆنیزمی نێودەوڵەتی وابەستە بوو، بۆ دانانی پێوەندی دۆستانە لەگەڵ شۆڕەویو بۆ پتەوتر کردنی پێگەی دەوڵەتی یەهوودو پێشگرتن لە نزیك بوونەوەی عەرەبو شۆڕەوی، داوای لە گۆڵدا مایێر کرد کە وەك باڵوێزی ئیسرائیل بچێتە شۆڕەوی. گۆڵدا مایێر پێشوازی لەم پێشنیارە کرد، چوونکە جگە لەوەی کە بە رەچەڵەك رووسی بووو بەزمانی رووسیش وەك زمانەکانی عیبریو ئینگلیزی قسەی دەکرد، تامەزرۆی ئەوە بوو کە لەنزیکەوە رووسیای دوای شۆڕشی بێلشویکی ببینێتو لەگەڵ چۆنیەتی جێبەجێکرانی بیردۆزەکانی سوسیالیستیو مارکسیستی ئاشنا بێت، لەبەرئەوەی کە خۆشی سوسیالیستو هەواداری کرێکاران بووو بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە خەبات لە فێدراسیۆنە کرێکارییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی کرێکاران تێپەڕ کردبوو. لە شۆڕەوی پێشوازییەکی گەرم لەلایەن یەهوودییەکانی ئەم وڵاتە لە گۆڵدا مایێر کرا. یەکێك لەو کەسانەی کە لەرۆژانی سەرەتای نیشتەجێ بوونی ئەو لەهوتێل ناسیۆناڵی مسکۆ سەردانی کرد، هاوسەرە یەهوودییەکەی

مۆلۆتۆفی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی شۆڕەوی بوو کە زۆر زوو پێکەوە بوونە دۆستو ئەو پێوەندییەی ئەوان کە تا تەواوبوونی ئەرکی گۆڵداماییر لە مسکۆ درێژەی کێشا، ڕۆڵی گرنگی لە پتەوکردنی پێوەندی شۆڕەوی‌و ئیسرائیل‌و هەروەها هاوکاری نەکردنی شۆڕەوی لەگەڵ عەرەبەکان لە یەکەمین ساڵانی جێگیر بوونی دەوڵەتی یەهوود گێڕا. بەڵام گۆڵداماییر لەو شتانەی کە لە شۆڕەوی دەیبینی پەشۆکاوو نائومید بوو، لەبەرئەوە کە لەکاتی مانەوەی لەشۆڕەوی خۆی بۆ کڕینی خواردەمەنی‌و پۆشاکی پێویست سەردانی دووکانەکانی دەکردو کەمو کۆڕی‌و ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خەڵکی لەنێزیکەوە هەست پێدەکرد. گۆڵدا ماییر دواتر نووسی کە دووساڵ ژیانی مسکۆ بیروباوەڕی منی بە سوسیالیزم لاواز کردو بە دەرکەوتنی گرفتەکانی جێبەجێکرانی بیرودۆزەکانی سوسیالیزم، بێ ئەوەکە بە گشتی دەست لە بیرو باوەڕم هەڵگرم پێدا چوونەوەیەکم تێدا ئەنجام دا. گۆڵداماییر لەساڵی ١٩٤٩ گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل‌و بێن گۆریۆن ئەوی کردە وەزیری تەندرووستی‌و دابینکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی کابینەکەی. گۆڵداماییر ماوەی حەوت ساڵ لەسەر ئەم پۆستە مایەوەو بەو پێشینەیەی کە لە فێدراسیۆنی کرێکاری ئیسرائیلدا هەیبوو، توانی پێش بە سەرهەڵدانی مانگرتن‌و شڵەژاوی لە پیشە تازە بنیاتنراوەکانی ئیسرائیل بگرێت. بێن گۆریۆن لەساڵی ١٩٥٦ ئەوی کردە وەزیری دەرەوەی حکوومەت‌و کاتێك ژمارەیەك لە هاوکارانی ئەو سەبارەت بەم هەڵبژاردنە نارەزایەتییان دەربڕی‌و وتیان کە ژن ناتوانێ ئەم کارە بەڕێوە ببات، وتی:"گۆڵدا تەنیا پیاوی حکوومەتی منە". گۆڵدا ماییر نێزیکەی ١٠ ساڵ پۆستی وەزیری دەرەوەی بەڕێوە بردو بەجۆرەی کە گۆریۆن تێبینی کردبوو، هێزو توانایی خۆی لەم پۆستەدا بەرێکوپێکی وەدەر خست‌و تەنانەت لەگەڵ خودی ئەویش (گۆریۆن) ناکۆکیان لێ پەیدابوو. گۆڵداماییر دوای دەست کێشانەوەی گۆریۆن لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەساڵی ١٩٦٣ توانی پۆستی خۆی لە حکوومەتی دواتر بپارێزێ، بەڵام لەساڵی١٩٦٦ دەستی لەکار کێشاوەو ڕێبەرایەتی حیزبی سۆسیالیستی "ماپای"[11] بەدەستەوە گرت. گۆڵداماییر دوای مردنی"لیڤی ئیشکوول"[12] (سەرۆك وەزیری ئیسرائیل لەساڵی١٩٦٩) کە سکرتێری گشتی حیزبی دەسەڵاتداری ئیسرائیل بوو، بە

11-Mapai

12-Levi Eshkol

جێنشینی ئاسایی ئەو دەژمێردرا. گۆڵدا ماییر لەکاتی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەساڵی ١٩٦٩دا ٧١ساڵی تەمەن بوو، بەڵام چالاکی‌و تواناییەکی سەرسووڕهێنەری بۆ بەڕێوەبردنی‌ئەرکەکانی لە خۆی نیشان دەداو ڕۆژانە١٦ کاتژمێر کاری دەکرد. ئەو زۆربەی کارەکانی پەیوەست بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی لە ماڵی خۆی ئەنجام دەداو هەندێك لە کۆبوونەوەکانی حکومەتی لە چێشتخانەی ماڵەوە بەڕێوە دەبردو هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی هەندێك لەم کۆبوونەوانە کە تا شەودرەنگ درێژەی دەکێشا، چێشتی بۆ هاوکارانی درووست دەکردو لەکاتی چێشت لێنانیشدا درێژەی بە وتووێژەکانی دەدا. کاتێك کە گۆڵدا ماییر بوو بە سەرۆك وەزیران، زۆربەی شیکەرەوە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا تێبینی ئەوەیان کرد بوو کە هەندێك نەرمو نیای لەسیاسەتی ڕەق‌و توندنی ئیسرائیل سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبی دروست دەبێت. چەند فاکتەرێکی جۆراجۆر بۆ ئەم گەشبینییە هەبوو کە بەرچاوترینیان ژن بوونی سەرۆك وەزیرانی نوێی ئیسرائیل‌و بیرو باوەڕی سوسیالیستی ئەو بوو، بەڵام گۆڵدا ماییر بە پێچەوانەی هەموو ئەو پێشبینیانە لە پێشینیانی خۆی سەرسەخترو لاسارتر بووو ئامادە نەبوو هەنگاوێك بۆ نێزیکی‌و دیالۆگ لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانی هەڵگرێت. "جمال عبدالناصر"ی سەرۆك کۆماری میسر کە سەرسەخترین دوژمنی ئیسرائیل بە ئەژمار دەهات، ساڵێك دوای هاتنە سەر کاری گۆڵدا ماییر بە سەکتەی دڵ مردو جێنشینەکەی (انور سادات) سیاسەتی ئاشتی خوازانەی سەبارەت بە ئیسرائیل گرتە بەر، بەڵام گۆڵدا ماییر ئامادە نەبوو نەرمو نیانی پتر لە خۆی نیشان بدات. گۆڵداماییر لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ "ئۆریانا-فالاچی"[13]، ڕۆژنامەوانی ناوداری ئیتالیایی لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٢دا لەماڵی خۆی ئەنجامی دا، هەندێك مەرجی پێشەکیی وەکوو وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرکام لە ڕێبەرانی عەرەب کە پێش هەر ڕێکەوتنێك دان بە ئیسرائیل دابنێن، ڕاگەیاندو جگە لەمەش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرگیز ئامادە نی‌یە سەبارەت بە شاری "بيت المقدس"و بەرزاییەکانی جەولان (گولان) سازش بکات. هەروەها بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل هیچکات ناگەڕێتەوە سەر سنوورەکانی پێش شەڕی ١٩٦٧. ئەم مەرجانە لەمپەرێك بوو لەبەردەم پێشدەستی ڕێبەرانی عەرەب سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ ئیسرائیل. هەروەها گۆڵداماییر لەم وتووێژەدا ڕایگەیاند کە تا

13-Oriana Fallaci

تەمەنی ٧٥ساڵی درێژە بە کارەکەی وەك سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دەداتو لەساڵی ١٩٧٣و دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلمان دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئەو تەنانەت رێکەوتی دەست کێشانەوەی بۆ رۆژنامەوانەکە ئاشکرا کردو وتی: لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ بێ سرنجدان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پەرلمان دەست لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دەکێشێتەوە. بەلاّم شەڕی بە ناوبانگی "کیپۆر"[١٤] یان شەڕی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ کە لەسەرەتاکانی ئەم مانگە روویدا، جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی وەدواخست.



گۆڵدا مایێر

لەکاتی

سەرۆک وەزیرانیدا

14-Kippour

ئەنوەر سادات کە لەهەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز لەئسرائیل سەبارەت بە چۆڵکردنی بیابانی سینا هیچ دەرەنجامێکی بەدەست نەهێنا بوو، لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٣دا خۆی بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی نوێ بۆ وەرگرتنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان لە ئیسرائیل ئامادە کرد. ئەنوەر سادات ئەم شەڕەی بە غافڵگیر کردنی ئیسرائیلییەکان لەیەکێك لەجێژنە گرینگەکانی ئایینی یەهوود کە "رۆژی کیپۆر"ی پێدەوترێو لەم جێژنەدا خواردنو خواردنەوەو کارکردن قەدەغەیە، دەست پێکرد. گۆڵدا مایێر لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم رۆژە بە تاڵترین رۆژەکانی ژیانی ناودەباتو ئەوەش نەك بەهۆی ئەوەکە غافڵگیر بووە بەڵکوو بەهۆی ئەوە کەلەکاتی خۆیدا بڕیاری نەداوە! بەمجۆرەی کە گۆڵدا مایێر باسی دەکات، رووداوەکە بەم شێوەیە بوو کە ئەو رۆژی پێنجەمی ئۆکتۆبەر، واتە رۆژێك پێش هێرشی هێزەکانی میسر لەنێوان هەواڵەکاندا ئەم هەواڵە کورتە دەخوێنێتەوە کە دەوڵەتی شۆڕەوی داوای لە هاووڵاتیانی خۆی کردووە کە سووریەو میسر بەجێ بهێڵنو چۆڵکردنی هاووڵاتیانی شۆڕەوی لەم ولاّتانە دەستی پێکردووە. گۆڵدا مایێر وەبیری دێتەوە کە شۆڕەوی لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ١٩٦٧ی عەرەبو ئیسرائیلیش ئەندامانی خۆی لە سووریەو میسر دەباتە دەرێو دەستبەجێ ئەم بیرە دێتە ناو مێشکییەوە کە رەنگە پیلانێکیتری شەڕ بە دژی ئیسرائیل لە ئارادابێت. گۆڵدا مایێر بە پەلە پێوەندی بە وەزیری بەرگری خۆی بەناوی"مووشیدایان"[١٥] دەگرێتو پەشۆکاوی خۆی سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ باس دەکات. مووشی دایان سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ گۆڵدامایێر هاوبیر نەبووو پێشنیاری ئەو سەبارەت بە راگەیاندنی باری ئامادەباشی سەربازیو بانگهێشتی هێزە پاشەکەوتەکان رەت دەکاتەوە. هەروەها گۆڵدامایێر پێوەندی بە کاربەدەستانی هەواڵگری ئیسرائیلەوە دەگرێتو ئەوانیش دەڵێن ئەم جموجۆ لەسەربازییانەی میسر لە رۆژهەلاّتی کەناڵی سویز ئاساییەو هیچ نیشانەیەك بۆ هێرشی میسر نابیندرێت. گۆڵدا مایێر رازی نابێت بەلاّم پەسندکرانی بڕیاری کۆتایی لەسەر پێشنیارەکەی بە کۆبوونەوەی نائاسایی کابینەی حکوومەت دوای رۆژی کیپۆر دەسپێرێ. میسرییەکان لە هەمان شەوی جێژنی کیپۆر کە یەهوودییەکان رۆژووی ٢٤ کاتژمێرەی خۆیان دەست پێدەکەن، هێزەکانیان بۆ کەناری رۆژهەلاّتی کەناڵی سویز دەگوازنەوەو لە کۆتایی جێژنی کیپۆردا کە سەربازانی ئیسرائیلی بەهۆی برسێتیو تینوێتی

15-Moshe Dayan

بێ‌هێز دەبن، هێرشەکە دەست پێدەکەن. گۆڵدامایێر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بە شێوەی پەرتووك لەژێر ناوی "ژیانی من"چاپ کراوە، بەم شێوەیە باس لەو رۆژە تاڵەو ئەو هەڵەیەی دەکات: "لەبەرابەر دڵنیایی دەزگاکانی هەواڵگری سەبارەت بەوەی کە هیچ نیشانەیەك لە ئامادەبوونی هێزەکانی میسر بۆ هێرشی سەربازی نەدەبینرا، سووربوونی من بۆ راگەیاندنی بارودۆخی ئامادەباشیو بانگێشتی سەربازە پاشەکەوتەکان نابەجێ دەهاتە بەرچاو، لەکاتێکدا دەبوایە ولاّمی بانگەوازی دڵم دابایەوەو وەکوو زۆر بابەتی‌تر خۆم سەبارەت بەم بابەتەش بڕیاری پێویستم پەسند بکردایە..." ئەم کارەساتەی کە لەرۆژی جێژنی کیپۆر روویدا زامێکی کووشندەی لەسەر ورەی من داناو لەگەڵ ئەوەش کە ئیسرائیل توانی لەمەترسی ئەم شەڕەش رزگاری بێت، من ئیتر هەرگیز وەك ژنی پێش شەڕی کیپۆر نابم..." چوار رۆژی سەرەتایی شەڕی کیپۆر کە سەرجەم ١٨ رۆژی خایاند بۆ گۆڵدامایێر وەکوو مۆتەکەیەك وابوو، ئەمەش بە شێوەیەك بوو کە نەیدەتوانی لەم چوار شەوو رۆژەدا بخەوێت. گۆڵدامایێر لە بیرووەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بە وردەکارییەکانی ئەم رۆژانە ناکات بەلاّم سکرتێرو نهێنی پارێزی ئەو بەناوی "لووکادۆر"[16] دواتر بە ژیاننامە نووسی گۆڵدای (سلاتێر)[17] وتووە کە "گۆڵدامایێر لەو کاتانەدا رۆژانە چەند جار دەرگای ژوورەکەی لەخۆی دادەخستو دەگریاو جارێکیان بەمنی گوت کە خۆکوشتنم لە قەبووڵکردنی شکستو ملکەچی پێ باشترە". رەشبینی و نەفس نزمی مووشی دایانی وەزیری بەرگری کابینەی گۆڵدا کە دەیهەویست لە رۆژی دوای داگیرسانی شەڕەکە دەست لەکار بکێشێتەوە، ببووە هۆی نائومێدی و دابەزینی ورەی گۆڵدا لە رۆژانی سەرەتایی شەڕەکە، بەلاّم گۆڵدامایێر لە ترسی ئەوە کە دەست لەکار کێشانەوەی ئەو ببێتە هۆی دابەزینی ورەی سەربازانی سووپای ئیسرائیل داواکارییەکەی قبووڵ نەکرد. هاوکات لەگەڵ هێرشی سەربازی میسر لە درێژایی کەناڵی سویزو پەڕینەوەیان لەو کەناڵە کە بە شاکارێکی سەربازی دەژمێردرا، هێزەکانی سووریەش بە درێژایی سنوورەکانی باکووری ئیسرائیل هێرشیان کردو ئیسرائیل لە بارودۆخێکدا لە دوو بەرەوە تووشی شەڕ بوو کە یەك لەسەر چواری هێزەکانی سوپا لە پشوو دابوون. گۆڵدامایێر دەستبەجێ فەرمانی ئامادەباشی گشتیو

16-Lou Kaddar

17-Slater

بانگهێشتنی هێزە پاشەکەوتەکانی دەرکرد، بەلاّم تا کۆبوونەوەو وەرێکەوتنی ئەو هێزانە بۆ بەرەکانی شەڕ، هێزەکانی میسر تا ناوەندی بیابانی سینا پێشڕەوییان کردو سوپای سووریەش بەرزاییەکانی جەولانی کە لە شەڕی ١٩٦٧ لەدەست دابوو لە ئیسرائیلی ئەستاندەوە. گۆڵدامایێر بە پاڕانەوە داوای یارمەتی بەپەلەی لە نیکسۆنی سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا کردو هەر بەم هۆیەشەوە گرووپێك لە سێناتۆرو نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا داوایان لە نیکسۆن کرد کە راستەوخۆ بۆ یارمەتی ئیسرائیل بچێتە ناو شەڕەوە. نیکسۆن ئەم پێشنیارەی قەبووڵ نەکردو، بەلاّم بە ناردنی یارمەتی بە پەلە لەرێگای ئاسمانیو دەرياییەوەو هەروەها داسەپاندنی گوشاری سیاسی لەسەر ولاّتانی عەرەبی، پێشڕەوی هێزەکانی میسرو سووریەی بۆ ناو خاکی ئیسرائیل راگرت. هێزەکانی ئیسرائیل لە پێنج رۆژی سەرەتای شەڕەکەدا توانیان لەهەر دوو بەرەدا هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سووریەو میسرو لەسەرەتای حەوتووی دووهەمی ئەو شەڕەدا توانیان هەندێك سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لەشەوی حەڤدەهەمی ئۆکتۆبەردا هێزەکانی ئیسرائیل لە کەناڵی سویز پەڕینەوەو چوونە ناو خاکی میسرو لە ماوەی حەوتوویەکدا توانیان تا ١٠١ کیلۆمەتری شاری قاهیرە پێشڕەوی بکەن. ئیسرائیلییەکان لە بەرەی باکووریشدا دوای وەرگرتنەوەی بەرزاییەکانی جەولان گەیشتنە ٦٠ کیلۆمەتری شاری دیمەشق. لەم قۆناغەدا بووکە بەهۆی گووشاری ئەمریکاو شۆڕەویو هەڵوێستی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشڕەوی هێزەکانی ئیسرائیل بۆ دیمەشقو قاهیرە راگیراو لە رۆژی ٢٤ ئۆکتۆبەری ساڵی **١٩٧٣**دا یاساو رێساکانی ئاگربەست جێبەجێکرا. شەڕی کیپۆر سەرەتای دەستپێکردنی هەندێك رووداو بوو کە بە وتووێژی راستەوخۆی نێوان ئیسرائیلو میسرو هەروەها سەفەری ئەنوەرسادات بۆ شاری "بيت المقدس"و بەستنی پەیماننامەی ئاشتی لەنێوان میسرو ئیسرائیل کۆتایی پێهاتو سەرجەم ئەم رووداوانە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا بوو، بەلاّم گۆڵدامایێر تا کۆتایی تەمەنی لەوە کە بۆچی لەکاتی پێویستدا فەرمانی ئامادەباشی گشتی نەداوەو بەم هۆیەوە سوپای ئیسرائیل لەسەرەتاکانی شەڕ شکستی خواردوە، خۆی نەبەخشیو شەش مانگ دواتر دەستی لە کار کێشاوەو چوار ساڵی پاشماوەی ژیانی خەریکی نووسینی بیرەوەریو سەفەر بوو. گۆڵدامایێر لە بیرەوەرییەکانیدا

ئاماژە بە منداڵو نەوەکانی دەکاتو ناوی پێنج نەوەی هێناوەو باسی شەشەمیان ناکات. بەڵام دوکتور "پیەر رێنچنیك"[18] لەپەرتووکی بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەژێر ناوی "مێژووسازانی نەخۆش" نووسیویەتی، گۆڵدامایێر نەوەیەکی دواکەوتووی مێشکی هەبوو کە تووشی نەخۆشی"مۆنگۆلیدا"[19] یان نەخۆشی مەنگۆلیا بووەو لەکاتی مردنی گۆڵدامایێردا ٢٢ ساڵی تەمەن بووە. دوکتور رێنچنیك کە گۆڵدامایێری بە ژنێکی دڵڕەقو بێسۆز ناساندوە دەنووسێ: "گۆڵدامایێر لەتەواوی ژیانی خۆیدا تەنانەت جارێك ئامادە نەبوو نەوە نەخۆشەکەی ببینێتو حاشای لەبوونی ئەو کردووە". هەروەها دوکتور رێنچنیك لە پەرتووکەکەیدا دەنووسێ کە گۆڵدامایێر لەتەمەنی ٧٠ساڵیدا تووشی جۆرێك شێرپەنجەی "لێنفاوی"[20] بووە کە بەخواردنی دەواو دەرمانو چارەسەری کیمیایی ئەو نەخۆشییەی کۆنترۆڵ دەکرد. ئەو لەکاتی گەیشتن بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلیش ئەو نەخۆشییەی بووە بەڵام ئاشکرای نەکردووەو نەخۆشییەکەی بە "نهێنی‌یەکی نێو دەوڵەتی" دادەندرا. دوکتور رێنچنیك لەو باوەڕەدایە کە ئاسەواری خواردنی



گۆڵدامایێر لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا

18-Pierre Rentchnick

19-Monholide

20-Lymphatic

دەرمانە دژە شێرپەنجەکان لە فاکتەرەکانی‌تر لەمەڕ بێ‌ئیرادەیی‌و بێ‌بڕیاری ئەو لەکاتی شەڕی کیپۆر کاریگەرتر بووەو دەست کێشانەوەشی لەپۆستی سەرۆك وەزیرانی بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە بووە. گۆڵدا مایێر لە وتووێژێکدا لەگەڵ "ئۆریانا-فالاچی"، ژنە رۆژنامەوانی ئیتالیایی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، وتبووی ئاواتی ئەوەیە بمرێت پێش ئەوەکە پیر بێت. گۆڵدامایێر لەم وتووێژەدا وتبووی کە لە نەخۆشییە دەروونی‌یەکانی پیری زیاتر دەترسێ تا لە نەخۆشییە جەستەییەکانی، لەبەرئەوەی کە دەترسا لەتەمەنی پیریدا ساغی وسلامەتی بیری لەدەست بداتو مردنی ناوەختی بە ئەقڵی ساغەوە لەتەمەنی درێژ بە بیری نقوستانەوە پێ‌باشتر بوو. ئەو بەم ئاواتەی خۆی گەیشتو تا پێش مردنیشی هەر وەك سیاسەتوانێکی بەرچاوو لێهاتوو رێزی لێدەگیراو دوای مردنیشی یەهوودییەکانی سەرانسەری جیهان وەك "دایەگەورەی ئیسرائیل" رێزیان لێنا. لە لێکدانەوەیەکی کۆتایی لەسەر کەسایەتی ئەم دایەگەورەیەی ئیسرائیل پێویستە بوترێت کە بێگومان ئەو یەکێك لە بێ‌بەزەیی‌و تووڕەترین ژنانی ناوداری جیهانەو دەمارگرژی ئەو سەبارەت بە زایۆنیزم باشترین شایەتی ئەم بۆچوونەیە. ئەو لە وتارو وتووێژە جۆراوجۆرەکانیدا لەسەر کێشەی فەلەستین هەموو کات نکۆڵیی لەهەبوونی ناسنامەی ئەم نەتەوەیە کردووە. بەم ئەقڵییەتەوە پاساوی سیاسەتە شۆڤینی‌یەکانی حکوومەتەکەی‌و پێشبینیانو داهاتووی سەبارەت بە فەلەستینی‌یەکان دەهێنێتەوەکە بەهۆی ئەوەی فەلەستینی‌یەکان دەیانهەوێت ئێمە بنبڕ بکەن ئێمەش مافی لەناو بردنی ئەوانمان هەیە!. گۆڵدامایێر تەنەت بەرەشبینی‌یەوە دەیڕوانی‌یە رێکەوتنی ساداتو بێگینو تا کۆتایی تەمەنی پێی وانەبوو کە ئاشتی راستەقینە لەنێوان ئیسرائیلو عەرەبەکاندا سەقامگیر دەبێت.


فەسڵی شازدەهـــەم

ژنی ئاسنینی بریتانیا

ژنێك كە درێژترین ماوەی سەرۆك وەزیرانی بریتانیای لە سەدەی بیستەمدا تۆمار كرد

مارگرێت تاچێر[١] یەكەمین سەرۆك وەزیرانی ژنی بریتانیاو ئەورووپایە كە لەمانگی مەی ساڵی١٩٨٩دا دەیەمین ساڵی سەرۆك وەزیرانی خۆی تێپەڕ كردو بەم شێوەیە درێژترین ماوەی تۆماركراوی سەرك وەزیرانی بریتانیای لەسەدەی بیستەمدا شكاند. مارگرێت تاچێر كە نازناوی ژنی ئاسنینی بریتانیای وەرگرتووە بە باوەڕی زۆربەی بریتانیاییەكان یەكێك لە بەهێزترین‌و مكوڕترین دەسلاتدارانی بریتانیایەو لەراپرسییەكی گشتیدا لە بریتانیا، زۆربەی ئەو كەسانەی كە پرسیاریان لێكرا بوو ئەوەیان لە هەندێك بواردا لەچێرچیل بەتواناتر دەزانی. لە راپرسییەكی كە لە رەوتی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٨٨ی ئەمریكا ئەنجام درا، زۆربەی هەرەزۆری ئەمریكاییەكان رایانگەیاند كە ئەگەر مارگرێت تاچێر ئەمریكایی بوایە، ئەویان بە جێگای دوو پاڵێوراوەكەی حیزبی كۆماریخوازو دێموكرات هەڵدەبژاردو هەر بەم هۆیەشەوە مارگرێت تاچێر بە سانایی دەیتوانی پۆستی سەرۆك كۆماری ئەمریكا بەدەست بێنێ! ژنی ئاسنینی بریتانیا كە ناوی "مارگرێت هیلدا رۆبێرتس"[٢]ە لەساڵی ١٩٢٥ لەبنەماڵەیەكی مام ناوەندی بریتانیایی لە شارۆچكەی "گرانتهام"[٣] لە ١٦٠ كیلۆمەتری باكووری شاری لەندەن چاوی بەدونیا هەڵێنا. باوكی مارگرێت (ئالفرێد رۆبێرش)[٤] كە كوڕی پینەچییەك بوو، دووكانێكی بچوكی لە شارۆچكەكەیان بووو مارگرێت‌و خوشكە گەورەكەی (مۆریل)[٥] لە خانوویەكی دوو ژووری لە نهۆمی سەرەوەی ئەم دووكانە ژیانیان بەسەردەبرد. ئالفرێد رۆبێرتس پێڕەوی رێبازی مەزهەبی "میتۆدیست"[٦] بوو كە پەلێك لەمەزهەبی بریتانیایەو منداڵەكانی بەپێی بنەماكانی ئەو مەزهەبە كە رێكوپێكی‌و رێسایەكی تایبەتی لە كاردا دروست دەكات پەروەدە دەكرد.

1-MargaretThatcher
2-MargaretHilda Roberts
3-Grantham
4-Alfred Roberts
5-Muriel
6-Methodist



مارگرێت تاچیر لەسەرەتای سەرۆك وەزیری خۆیدا

باوكی مارگرێت یەكێك لەلایەنگرە دەمارگرژەكانی حیزبی "پاریزگاران"و بەرهەڵستكاری سەرسەختی حیزبی كرێكار بووو مارگرێت تاچێر لە منداڵییەوە لەگەڵ باسی سیاسی لە ماڵەوەو دووكانی بابی ئاشنا ببوو. ئالفرێد رۆبێرتس لە هەڵبژاردنی شارەوانی‌یەكانی بریتانیا لەلایەن حیزبی پارێزگارانەوە خۆی بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شاری گرانتهام پالاوت‌و دوای سەركەوتن لەم هەڵبژاردنانەدا پۆستی سەرۆكی شارەوانی گرانتهامی بەدەست هێنا، بەلاّم بە سەركەوتنی حیزبی كرێكاران لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٥٢ لەسەركار لابرداو مارگرێت تاچێر ئێستاش خەم‌و پەژارەی باوكی لەم شكستەدا لەبیرە. مارگرێت تاچێر قوتابییەكی زۆر رێكوپێك‌و ژیر بووو ولاّمی هەموو پرسیارەكانی مامۆستای دەزانی. ئەو لەتەمەنی ٩ ساڵیدا لە كێبڕكێیەكانی هۆنراوە بێژی خەلاّتی یەكەمی بەدەست هێناو كاتێك سەرۆكی قوتابخانە هاوكات لەگەڵ پێدانی خەلاّتەكەی وتی كە شانست هێناوە لەنێوان قوتابییەكانی پۆلی بەرزتر سەركەوتنت بەدەست هێنا، مارگرێت تاچێر بە وردبینی‌یەكی تایبەتەوە وتی: "بەرێز، سەرۆكی قوتابخانە من شانسم نەهێنا بەڵكوو شیاوی ئەم خەلاّتە بووم!". مارگرێت دوای تەواوكردنی قۆناغەكانی سەرەتایی‌و ناوەندی لە گرانتهام، رۆیشتە زانكۆی ئۆكسفۆردو لەبەشی كیمیا

درێژەی بەخوێندندا. ئەو هۆگرییەکی تایبەتی بەم بەشە نەبوو بەلاَم ئەم بەشەی لەبەرئەوە هەڵبژارد بوو کە دەیتوانی دوای تەواوکردنی خوێندن کارێکی باش پەیدا بکات. لەم کاتەدا زانکۆی ئۆکسفۆرد گۆڕەپانی چالاکی سیاسی بوو لەنێوان هەوادارانی حیزبی پارێزگاران‌و لاینگرانی حیزبی کرێکاران کە تازە لە یەکەمین هەڵبژارنەکانی دوای شەڕ سەرکەوتبوو. مارگرێت تاچێریش کە لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی باوکیدا هەواداری حیزبی پارێزگاران بوو، پەیوەندی بە ئەنجوومەنی لایەنگرانی حیزبی پارێزگارانی زانکۆوە گرت‌و بەهۆی چالاکی زۆرو بەردەوام توانی لەساڵی ١٩٤٦دا وەك سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە هەڵبژێردرێت. مارگرێت تاچێر لەو کاتەدا کچێکی جوان‌و ناسك بوو، بەلاَم بە پێچەوانەی زۆربەی کچانی هاوتەمەنی دڵداری نەبووو هەمووی کاتە بەتاڵەکانی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەنی خوێندکارانی پارێزگار تەرخان دەکرد. مارگرێت تاچێر دوای تەواوکردنی خوێندن لە بەشی کیمیای زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە کارخانەیەکی پەلاستیك سازی دەستی بەکار کرد. زۆربەی کارمەندان‌و کرێکارانی ئەم کارخانەیە لایەنگری حیزبی کرێکاران بوون، بەلاَم مارگرێت لە دمەتەقێ‌و راوێژ لەگەڵ ئەوان ماندوو نەدەبووو لە ماوەی ٣ ساڵ کارکردن لەم کارخانەیەدا توانی ژمارەیەکیان بۆ لای حیزبی پارێزگاران رابکێشێ. هەوڵ‌و تێکۆشانی مارگرێت تاچێر لە حیزبی پارێزگاران بووە هۆی ئەوە کە لەنێوان ئەندامانی ناوچەیی ئەم حیزبە ناوبانگ‌و رێزی تایبەت بەدەست بهێنێ‌و حیزبی پارێزگاران لەساڵی١٩٥٠دا ئەویان بۆ پالێوراوی نوێنەرایەتی پەرلمان لەبنکەی هەڵبژاردنی "دارتفۆرد"[٧] لەباشوری لەندەن هەڵبژارد. مارگرێت رۆبێرتس لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا گەنجترین پاڵێوراوی حیزبی پارێزگاران لەهەڵبژاردنەکانی پەرلمان بوو، بەلاَم سەرکەوتنی ئەو لەم پێشبڕکێیەدا دوور دەهاتە بەرچاو، لەبەرئەوە کە دارتفۆرد ناوەندێکی کرێکاری‌و ناوچەی دەسەلاَت‌و کارتێکەری حیزبی کرێکاران بوو و لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەرەوە کورسی نوێنەرایەتی ئەم ناوچەیەی بەدەستەوە بوو. مارگرێت رۆبێرتس لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠دا شکستی لە رکەبەرەکەی خوارد، بەلاَم لەرەوتی پێشبڕکێیەکانی ئەم هەڵبژاردنانەدا لەگەڵ پیاوێك بەناوی "دێنیس تاچێر"[٨] ئاشنا بوو و دواتر زەماوەندی لەگەڵ کرد. دێنیس تاچێر خاوەنی کارخانەیەکی

7-Darfrord

8-Denis Thatcher

رەنگسازی‌و یەکێك لەلایەنگرە دەمارگرژەکانی حیزبی پارێزگاران بوو کە لەدابینکردنی خەرجی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردنی مارگرێت بەشداری کرد بوو. دێنیس تاچێر کە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا ئەفسەری تۆپخانە بووو لەبەرەی شەڕی فرانسەو ئیتالیا بە پلەی سەرگوردی خزمەتی دەکرد، پێشتر زەماوەندی کرد بوو، بەلاَم لەگەڵ هاوسەری بەهۆی نەسازان‌و یەك نەگرتنەوەی هەلسوکەوتیان لە یەکتر جیاببوونەوە.

دێنیس تاچێر دوای هەرس هێنانی مارگرێت لە هەڵبژاردنەکاندا پێشنیاری زەماوەندی پێکرد، بەلاَم مارگرێت تاچێر قەبوولّی ئەم پێشنیارەی لەبەر هەلسوکەوت‌و راوێژو ناسیاری زیاتر ئەو وەدواخست. دێنیس تاچێر ١٠ساڵ لە مارگرێت رۆبێرتس گەورەتر بوو، بەلاَم لە ئاکامدا مارگرێت پێشنیارەکەی قەبووڵ کردو لەساڵی ١٩٥١دا زەماوەندیان کرد. مارگرێت رۆبێرتس کە ئیتر بەناوی مارگرێت تاچێر باسی دەکەیەن، دوای زەماوەند جارێکی‌تر لەلایەن حیزبی پارێزگارانەوە بوو بە پالێوراوی دارتفۆرد، بەلاَم دیسان نەیتوانی بەسەر رکەبەرەکەی سەرکەوێت. مارگرێت تاچێر دوای ئەم شکستە بڕیاریدا تا ماوەیەك خەیاڵی نوێنەری پەرلمان لەبیر خۆی بباتەوەو خەریکی ماڵداری بێت. مارگرێت لەساڵی ١٩٥٣کوڕو کچێکی جمکی بووو پاشان لە بەشی ماف درێژەی بە خوێندن داو دوای سەرکەوتن لەم بەشە دەستی بەکاری پارێزەری دادگا کردو لە بەشی باج‌و تۆماری کۆمپانیاکان پسپۆڕی بەدەست هێنا.

مارگرێت لەساڵی ١٩٥٨دا جارێکی‌تر رۆڵی گرینگتری لەحیزبی پارێزگاران بە ئەستۆ گرت‌و لەساڵی ١٩٥٩دا لە بنکەی هەڵبژاردنی "فینچلی"[٩] لە دەوروبەری شاری لەندەن بوو بە پالێوراوی نوێنەری پەرلمان‌و ئەمجارەیان بە زۆرینەی دەنگ بە سەر رکەبەرەکەی لەحیزبی کرێکاران سەرکەوت‌و بۆ یەکەمین جار لەتەمەنی ٣٤ساڵیدا رۆیشتە پەرلمان. جگەلە وتارو دەربڕینی بەهێزی خودی مارگرێت تاچێر لەم پێشبڕکێیەدا، هۆکارێکی‌تری سەرکەوتنی ئەو بریتی بوولە دەست ئاواڵە بوونی هاوسەری لە دابینکردنی خەرجییەکانی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەو کە بەبێ قسوری دابینی دەکرد. مارگرێت تاچێر لەو رۆژەوە کە چووە ناو پەرلمان بەهۆی بەشداری لە باس‌و دمەقالییەکانی پەرلمان‌و وتنی چەند وتاری پڕدەنگ‌و پەنگ سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشاوو بە خێرایی بووە بەرچاوترین‌و ناودارترین پەرلمانتاری

9-Finchley

ژن. ئەو یەکێك لە نەیارانی دەمارگرژی حکومەتی کرێکاری "هارۆڵد-ویلسۆن"[10] بووو بەتووندی رەخنەی لەسەر سیاسەتەکانی باجو پرۆگرامە سوسیالیستەکانی ئەو دەگرت. جارێکیان یەکێك لەوەزیرانی حکومەتی ویلسۆن هاوکات لەگەڵ ولاٚمدانەوەی قسەکانی مارگرێت، وتی کە ژن نابێت خۆ لە هەموو کاروبارێکی حکومەتەوە هەڵقوتێنێ، تاچێریش وتەیەکی "سۆفۆلکیس"[11]ی (بیرمەندو درامانووسی ناوداری یونانی) گێڕاوە کە وتبووی: " کاتێك ژنو پیاو لەهەڵکەوتو پێگەیەکی یەکسان دابن ژن سەرکەوتووترە".




چوار دیمەن لە ژیانی مارگرێت تاچێر:لەگەڵ خوشکە گەورەکەی (مۆریل) لەکاتی منداڵی – لەگەڵ دایكو باوکی لەسەردەمی خوێندن-لەگەڵ هاوسەری-لەگەڵ منداڵە جمکەکانی.

10-Harold Wilson

11-Sophocles

مارگرێت تاچێر لەساڵی ١٩٦٧دا بوو بە ئەندامی "کابینەی سێبەری"[12] حیزبی پارێزگارانو لەم کابینەیەدا پۆستی وەزیری نیشتەجێو گواستنەوەو وەزیری پەروەردەو فێرکردنی وەئەستۆ گرت. دوای سەرکەوتنی حیزبی پارێزگاران لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٧٠دا سەرۆك وەزیرانی نوێی بریتانیا لەحیزبی پارێزگاران (ئیدواردهێت)[13] مارگرێتی بۆ دوایین پۆستی خۆی لەکابینەی سێبەردا، واتە پۆستی وەزیری پەروەردەو فێرکردن هەڵبژارد. مارگرێت تاچێر لە بەڕێوەبردنی کاروباری پەروەردەو راهێنان تواناییەکی زۆری لە خۆی نیشان دا، بەلاٚم یەکێك لە بڕیارەکانی ئەو لەمەڕ بڕینی بەشە شیری قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ دابینکردنی خەرجی وەزارەتەکانیتر، ناکۆکیو دژایەتی زۆری لێکەوتەوەو ئەو درووشمە بە نێوبانگەی کە ئەو کات کەوتە سەرزمان بریتیبوو لە "میسیز تاچێر، میڵك ئیسناچێر"[14] کە مانای "خاتوو تاچێر، دزی شیر"ی دەدا. لەساڵی ١٩٧٤و دوابەدوای مانگرتنی کرێکاران کە ئابووری بریتانیای فەلەج کردبوو، حیزبی کرێکاران سەرکەوتو جارێکیتر هارۆڵد ویلسون پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانیای بەدەستەوە گرت. پێگەی ئیدوارد هێتیش دوابەدوای سەرنەکەوتنی حیزبی پارێزگاران کەوتە بەر مەترسیو مارگرێت تاچێر یەکێك لەو کەسانە بوو کە دژایەتی دەکرد.



مارگرێت تاچێرو ئیدوارد هێتی سەرۆك وەزیرانی پێشووی بریتانیا

١٢. کابینەی سێبەر (Shadow Cabinet) لەئەندامانی حیزبە کەمایەتییەکان پێك دێت

13-Edward Heath

14-Mrs.Thathcher,Milk snatcher

مارگرێت تاچێر کە لەکۆتاییەکانی حکوومەتی هێت داو پێش شکستی حیزبی پارێزگاران لە هەڵبژاردنەکان ناکۆکی لەگەڵ ئەو پەیدا کردبوو، ئەوەی بە بێسیاسەتو ناشیاوو بێبڕیاری تۆمەتبار دەکردو ئەوەی بە شایستەی ڕێبەری حیزبی پارێزگاران نەدەزانی. پێش دەستپێکردنی کۆنفرانسی حیزبی پارێزگاران لەفێورییەی ساڵی ١٩٧٥، ســێ کەس پاڵێوراوی جێنشینی ئیدوارد بۆ پلەی ڕێبەری حیزب بوونو خۆشی ئامادە نەبوو دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە. ئیدوارد کە هەستی دەکرد زۆربەی ئەندامانی کۆنفرانس دەنگی نادەنێ، لەکاتی دەستپێکردنی کۆنفرانسە حیزبییەکان خۆی نەپالاوت و بەدەست کێشانەوەی دوو پاڵێوراوەکەیتری باڵی راستی حیزب، ســەرکەوتنی پاڵێوراوی سێهەم بەناوی "ویلیام وایت لاو"[15] لە قۆڵی میانەڕەوی حیزب مسۆگەر بوو. کە مارگرێت تاچێر لەو کاتەدا بوو هاتە نیو گۆڕەپانەوەو خۆی بۆ بەدەسیتهێنانی پۆستی ڕێبەری حیزب پالاوت. وتاربێژی ئەو لە کۆنفرانسە حیزبیەکان کە پاڵێوراوی خۆشی تێدا ڕاگەیاند، هەموانی خستە ژێر کاریگەری وتەکانی. مارگرێت تاچێر جگە لە وتاربێژیو دەربڕینی بەهێز، پرۆگرامێکی نوێی بۆ حیزبی پارێزگاران ئامادە کردبوو کەبە وتەی ئەو سەرکەوتنی حیزبەکەیانی لە هەڵبژاردنەکانی دواتری بەریتانیا مسۆگەر دەکرد. کۆنفرانسی پارتی پارێزگاران لە ڕۆژی یازدەهەمی فیۆرییەی ساڵی ١٩٧٥دا بە ١٤٦ دەنگ لەبەرانبەر ٧٩ دەنگ مارگرێت تاچێری بەڕێبەری حیزب هەڵبژارد. ئەمە یەکەمین جاربوو لەمێژوودا ژنێك ڕێبەرایەتی حیزبی سەرەکی بریتانیا وەئەستۆ دەگرێت. دژکردەوەی ڕای گشتی گەلی بەریتانیا لەمەڕ هەڵبژاردنی مارگرێت تاچێر بۆ ڕێبەری حیزبی پارێزگاران جیاواز بوو، لەکاتێکدا کە ڕۆژنامەمەکانی سەربە حیزبی پارێزگاران تواناییو لێهاتوی ئەویان ستایش دەکرد، ڕۆژنامەکانی سەربەخۆو سەربە حیزبی کرێکاران بە ئاماژەکردن بەو ئاژاوەیەی کە لەکاتی وەزیری پەروەردەو فێرکرن دروستی کربوو، سەرکەوتنی ئەویان لە پۆستی ڕێبەری حیزبی پارێزگاران بەدوور دەزانی. هەرچەندە ئەم بابەتە بەڕاشکاوی نەدەوترا، بەلاّم بەهۆی ئەو ڕەخنانەی کە لەحیزبی پارێزگاران سەبارەت بە هەڵبژاردنی مارگرێت تاچێر دەگیرا، ژن بوونی ئەویان بە خاڵی لاوازی ئەم هەڵبژاردنە دادەنا. وردە وردە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە سەبارەت بە مارگرێت تاچێر گـۆڕاو خاتوو تاچێر لە بەرەورووبوونەوەی هارۆڵد ویلسۆنی سەرۆك وەزیرانی بریتانیاو لەپۆستی ڕێبەرایەتی حیزبی بەرهەڵستکاری دەوڵەتدا نیشانی دا کە لەخەباتدا زۆر

15-William Whitelaw

سەختکۆشو ماندوو نەناسە. هارۆڵد ویلسۆن لەمانگی مارسی ساڵی ١٩٧٦دا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەستی لەکار کێشاوەو وەزیری دەرەوەی کابینەکەی بەناوی "جیمز کالاهان"[16] بۆ جێنشینی ئەو هەڵبژێردرا. گیروگرفتە ناوخۆییو دەرەکییەکانی بریتانیا لەسەردەمی کالاهان دەرفەتێکی باشی بۆ خەبات بەدژی حکومەتی کرێکاریدا بەدەست مارگرێت تاچێر. دمەقاڵەی توندو بەردەوامی مارگرێت تاچێر لەگەڵ سەرۆك وەزیران لە کۆبوونەوەکانی پەرلماندا بابەتی هەمیشەییو ڕۆژانەی چاپەمەنیو ڕاگەیێنە گشتییەکانی بریتانیا بوو. مارگرێت تاچێر لەساڵی ١٩٧٨دا بۆ ولاّتانی جۆراوجۆر سەفەری کردو تواناییو لێهاتوویی خۆی وەك سیاسەتوانێك لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی ئەو ولاّتانەدا سەلماند. یەکێك لەم سەفەرانەی کە لەکۆتایی ئاپریلی ساڵی ١٩٧٨دا (بانەمەری ساڵی ١٣٥٧ی ك .هـ) ئەنجام درا، سەفەر بۆ ئێرانو چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمەد ڕەزا شاو فەرەح بوو. لەو کاتەدا هێشتا شۆڕشی ئێران ڕووی نەدابوو و مارگرێت تاچێر لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیدا لە تاران پێشتیوانی خۆی بۆ ڕژێمی پاشایەتی ڕاگەیاند.



مارگرێت تاچێر لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانی

16-James Callaghan

حیزبی پارێزگارانی بریتانیا لە هەڵبژاردنەکانی مانگی مەیی ساڵی ١٩٧٩ی بریتانیا بە رێبەری مارگرێت تاچێر بە زۆرینەی دەنگ بەسەر حیزبی کرێکاران سەرکەوتو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی بریتانیادا ژنێك بەپۆستی سەرۆك وەزیری ئەو وڵاتە گەیشت. مارگرێت تاچێر لەگەڵ هاوسەری کە ئیتر بەناوی "بۆس"[17] واتە سەرۆك بانگی دەکرد، رۆیشتە کۆشکی پاشایەتی بریتانیاو بڕیاری سەرۆك وەزیرانیو ئەرکی دامەزراندنی کابینەی حکوومەتی لە مەلیکە ئێلیزابێتی دووهەم وەرگرت. مارگرێت تاچێر رۆژی دواتر ناوی ئەندامانی کابینە٢٢ کەسیەکی راگەیاند. لەو کابینەیەدا لێهاتووترینو شارەزاترین ئەندامانی حیزبی پارێزگاران بەشدارییان کرد کە ژمارەیەکیان لە رابردوودا لەگەڵ هەڵبژاردنی مارگرێت بۆ رێبەری حیزب دژایەتییان کردبوو و ویلیام وایت لاوی رکەبەری سەرەکی ئەو لەکاتی هەڵبژاردنەکانی رێبەری حیزب یەکێك لەو ئەندامانە بوو. وایت لاو لەکابینەی حکوومەتی مارگرێت دا پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری دەوڵەتی وەرگرت.



مارگرێت تاچێرو هاوسەری لەبەرامبەر بارەگای سەرۆك وەزیرانی بریتانیا

17-The Boss

لۆرد کارینگتۆن[18] (سیاسەتوانی کارامەی بریتانیا) پۆستی وەزیری دەرەوەی وەئەستۆ گرتو سێر جێفری هاو[19] بۆ پۆستی مۆرەداری پاشایەتی هەڵبژێردرا کە هەمان وەزیری ئابووریو دارایی بووو فرانسیس پیم[20] پۆستی وەزیری بەرگری پێئەسپێردرا. خاتوو "سالی ئۆپێن هیم"[21] تەنیا ژنی کابینەی مارگرێت تاچێر (جگە لەخۆی) بوو کە پۆستی وەزارەتخانەی دەرەجە دووهەمی (کاروباری بەکاربەران) وەئەستۆ گرت. مارگرێت تاچێر دوای ناساندنی ئەندامانی کابینەکەی، ژمارەیەك لە رۆژنامەوانانو فیلمبەردارانی تەلەفزیۆنی بۆ وتووێژ لە بینایەی ژمارە١٠ی داوننینگ ئێستریێت[22] وەرگرت کە جێگای نیشتەجێ بوونی سەرۆك وەزیران بوو. یەکێك لە هەواڵنەرەکان دیواری ژووری کۆبوونەوەکانی کابینەی پێشان دا کە بە وێنەی سەرۆك وەزیرەکانی بریتانیا لە "ویلیام پیت"[23]ەوە تا کالاهان رازابۆوەو گووتی: دەڵێی جێگایەك بۆ ئێوە نەماوەتەوە. مارگرێت تاچێر بە گاڵتە وتی:"نیگەران مەبە من وێنەی هەمموویان دەهێنمە خواریّ!". خاتوو تاچێر لە یەکەمین رۆژی سەرۆك وەزیرانی خۆیدا یەکێك لە بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە زۆر کردنی بوودجەی پۆلیس بە بڕی سەد میلیۆن پۆند بە مەبەستی پترکردنی مووچەی ئەندامانی پۆلیس جێبەجێکرد. دووهەمین فەرمانی ئەو لەسەرەتای دەستپێکردنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئەوە بوو کە مووچەی کادیرەکانی هێزی چەکداریی تا ئاستی مووچەی کارمەندانی مەدەنی بەرز کردەوە. بەلاّم خانمی تاچێر لەگەڵ ئەو هەموو دەست ئاواڵەییە لە پترکردنی مووچەی ئەندامانی هێزی سەربازیو ئاسایش، لەئاست داواکاری فێدراسیۆنە کرێکارییەکان کە مووچەی زۆرتریان بۆ درێژەپێدانی چالاکییەکانیان دەویست خۆڕاگری کرد. هەروەك مارگرێت تاچێر لەکاتی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو، کەمکردنەوەی باج لەسەر داهاتو بەرنگار بوونەوەی قەیرانی ئابووریی لەسەروەی پرۆگرامەکانی داناو بۆ قەرەبوو کردنەوەی دابەزینی داهاتی دەوڵەت، رێژەی باج لەسەر نرخی زیاد کراوی کەلو پەلی بە کار

18-Lord Carrington
19-Sir Geoffrey Howe
20-Francis Pym
21-Sally Oppenheim
22-Downing Street
23-william Pitt

هاتووی لە ٨ تا ١٥ لەسەر ١٠٠ بەرز کردەوە. بەهۆی ئەم پرۆگرامە گوشاری باج لەسەر چینی مووچەخۆرو کەم داهاتی کۆمەڵگا بۆ خاوەن داهاتە زۆرەکانو ئەو کەسانە گواسترایەوە کە توانایی کڕینیان زۆرتر بوو.

***



مارگرێت تاچێرو کارتێر، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا

مارگرێت تاچێر سێ مانگ دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو بە سەرۆك وەزیرانو یەکێك لەسەرەتاییترین بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە بریتی بوو لەدانانی ڕێبازی گشتی سیاستی بریتانیا لەئاست حکومەتی نوێی ئێران. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، خانمی تاچێر لەکاتی ڕێبەری حیزبو ساڵێك پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، بۆ ئێران سەفەری کردبووو بەڵێنی بە محەمەد ڕەزا شاو فەراح دابوو کە ئەگەر بتوانێ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٩دا سەرکەوێ ئەوە پشتیوانی لەڕێژیمی شا دەکات. ڕێژیمی پاشایەتی ئێران لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ڕوخاو بابەتی پەنابەری محەمەد ڕەزا شا بۆ ئەمریکا یان یەکێك لە وڵاتەکانی ئەورووپا وەك بابەتێکی گەرمو بەرچاوی ڕۆژانەی ڕۆژنامەکانو کۆڕوکۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی لێهات. "ویلیام شاوکرۆس"[24]، نووسەری بەناوبانگی بریتانیایی لەم دواییانەدا پەرتووکێکی لەژێر ناوی "دوایین سەفەری شا"[25] نووسیوەو لەم پەرتووکەدا ڕۆژە کۆتاییەکانی

24-William Shawcross

25-The Shah's Last Ride

پاشایەتیو ژیانی پاشای ئێران لە تاراوگە ڕوون دەکاتەوەو ئاماژە بە ڕۆڵی خانمی تاچێر لەم میانەدا دەکاتو دەنووسێ کەخانمی تاچێر لە ڕەوتی پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن و حەوتوویەك بەر لەوەی ببێتە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ "ئالان هارت"[26]، پەیامنێری تەلەفزیۆنی بریتانیا لەوەڵامی ئەم پرسیارە کە ئەگەر پاشای ئێران داوای مافی پەنابەری لەبریتانیا بکاتو ئێوەش سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە بن چ هەڵوێستێك دەگرن؟ وتی: "ئەگەر نەتوانم مافی پەنابەری بەپاشای ئێران بدەم لە بریتانیایی بوونی خۆم شەرم دەکەم!". شاوکرۆس درێژەی پێدەداو دەڵێت: "دوای ئەوەی کە مارگرێت تاچێر بوو بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە ڕاپۆرتێکیان لەسەر بارودۆخی ئێران پێشکەش بە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا کردو لۆرد کارینگتۆنی وەزیری دەرەوەی کابینە خانمی تاچێر ئەوی ڕازی کرد کە ئەگەر بریتانیا مافی پەنابەری بەشای ئێران بدات ئەوە باڵوێزخانەی بریتانیا لەئێران دەکەوێتە بەر هێرشو بەرژەوەندییەکانیان لەتاران دەکەوێتە مەترسییەوە" کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا هەندێك هەواڵیان پێگەیشتبوو سەبارەت بەوەکە شای ئێران دەیهەوێت لەسەر بەڵێنەکانی خاتوو مارگرێت داوای پەنابەری لە بریتانیا بکاتو لە ماڵەکەی خۆی لە "سۆری"[27] لەندەن نیشتەجێ بێت. مارگرێت ڕایگەیاند کە ئەگەر پاشای ئێران ئەم داوایەی لێ بکات، ئەوە قەبووڵ نەکردنی بۆ ئەو زۆر ئەستەمو دژوار دەبێت، هەرلەبەر ئەمەش دەبێ هەندێ کار بکرێت کە پاشای ئێران داوای مافی پەنابەری لە بریتانیا نەکات. کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا پێشنیاریان کرد کە یەکێك لە دیپلۆماتکارە بەئەزموونەکانی بریتانیا کە ماوەیەکی زۆر باڵوێزی بریتانیا لە تاران بووەو لەنزیکەوە لەگەڵ شای ئێران یەکتر دەناسن، بنێرنە دوورگەی "باماها"[28] (پاشای ئێران بە شێوەیەکی کاتیو تا پەیداکردنی پەناگایەکی هەمیشەیی لەوێ دەژیا) بۆ ئەوەی شای ئێران لەم بارەیەوە ڕازی بکات. "سێردێنیس رایت"[29]ی باڵوێزی بریتانیا لە ئێران لە ساڵەکانی ١٩٦٣ تا ١٩٧١بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵبژێردرا، بەڵام بەهۆی ئەوە کە نەیاندەویست سەفەری رایت سەرنجی کەس ڕابکێشێ، ئەویان

26 Alan Hart

27-Surrey

28-Bahamas

29-Sir Denis Wright

بەناوی خوازەی "ئێوارد ویلسۆن"[٣٠] بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە نارد. شاوکرۆس دواتر چۆنیەتی چاوپێکەوتنو وتووێژەکانی سێردێنیس رایت یا خود ئیدوارد ویلسۆن لەگەڵ شای ئێران بەم شێوەیە روون دەکاتەوە:

... ویلسۆن (دێنیس رایت) دوای سلاٌو چاکو خۆشی ئاسایی، بۆ شای روون کردەوە کە دەوڵەتی خاوەن شکۆ شاژنی بریتانیا بەم دەرنجامە گەیشتووە تا کاتێك کار بەدەستانی نوێی ئێران تەواو بە سەر بارودۆخەکەدا زاڵ نەبن (بە واتەیەکیتر تا کاتێك مەترسی لەسەر ئەفرادی باڵۆێزخانەی بریتانیا ماوە) ئەوە دەوڵەتی بریتانیا ناتوانێ مافی پەنابەری بە ئێوەو منداڵەکانتان بدات. ئەو گوتی هیواداره شای ئێران ئەم بابەتە قەبووڵ بکەنو تێبگەن... وتووویژەکانی ئەوان زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاندو لەم کاتەدا ویلسۆن گوتی:"دەوڵەتی من دەیهەوێت کەکاتێك سەبارەت بە پەنابەری ئێوە پرسیاریان لێکرد، بەدڵنیاییەوە وڵاٌم بداتەوە ئێوە ئەم بابەتەتان قەبووڵکردووەو تێگەیشتوون کە داوای پەنابەری نەکەن..." شای ئێران دیسان دوودڵ بووو هەر بەم هۆیەشەوە وڵاٌمی روونی نەدایەوە. ویلسۆن بە پێداگری وتی وەزیری نوێی دەرەوەی بریتانیا (لۆرد گارینگتۆن) کە پشتیوانی کۆنی شا بوو، دەیهەوێت بە دڵنیا بوون لە ئێوە بڵێت کە ئەم بابەتەتان قەبووڵکردووەو تێدەگەن..وشەکانی "قەبووڵکردن"و "تێگەیشتن" دوو وشەی سەرەکی بوون کە بەردەوام دووپات دەبوونەوە... لە ئاکامدا شای ئێران ئەم بابەتەی قەبووڵ کرد، بەلاٌم بە مەرجێك کە دەوڵەتی بریتانیا رابگەیێنێت ئەو هەرگیز داوای مافی پەنابەریی لە بریتانیا نەکردووە.

خاڵێکیتر کە دەبێ بەم روونکردنانەی شاوکرۆس زیاد بکرێت ئەوەیە کە دەوڵەتی خانمی تاچێر نەتەنیا ئامادە نەبوو مافی پەنابەری بە شاو بنەماڵەکەی بدات بەڵکو بە نهێنی داوای لە دەوڵەتی باماها کرد (یەکێك لە وڵاٌتانی هاوبەرژەوەندی بریتانیا ورێکەوت بوو) کە شای ئێران لەم وڵاٌتە دەربکاتو هەر وەك دەزانین محەمەد رەزا شا لەوێوە بەرەو مەکزیكو دوایش رۆیشتە ئەمریکاو پاناماو میسر. یەکەمین جار بابەتی گوشارهێنانە سەر دەوڵەتی باماها بۆ دەرکردنی شای ئێران لەم وڵاٌتە لەلایەن "هامیلتۆن جۆردۆن"[٣١]ی راوێژکارو سەرۆکی ستاڤی کۆشکی سپی لەسەردەمی کارتێردا ئاشکرا بووو کار بەدەستانی بریتانی دوای بلاٌوبوونەوەی ئەم بابەتە لە پەرتووکە

30-Edward Wilson

31-Hamiltmn Jordan

بەناوبانگەکەی هامیلتۆن جۆردۆن لەژێر ناوی "قەیران"[٣٢] لە دان پێدانان یا خود رەدکردنەوەی ئەم بابەتە خۆیان پاراست.

***

کاتێك کە مارگرێت تاچێر پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەدەستەوە گرت، رێژەی پەنەمان لەم وڵاٌتەدا لە ٢٠ لەسەر ١٠٠ لەساڵدا تێدەپەڕیو تا ساڵی ١٩٨٠ش هەر لە رێژەی ٢٢ لەسەر ١٠٠ مایەوە. بەلاٌم لەساڵی ١٩٨١دا بە کۆنترۆلی مووچەو سیاسەتی بە فیرۆ نەدان کە لەگەڵ کەمکردنەوەی نرخی باج لەسەر داهات لە ٨٣ لەسەر ١٠٠ بۆ٦٠ لەسەر ١٠٠ هاوکات بوو، رێژەی پەنەمان وردەوردە کەمتر بۆوەو لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٨٣دا بە ٤ لەسەر ١٠٠ گەیشت. بارودۆخی ناسكو لەرزۆکی لیرەی بریتانیا سەقامگیر بوو، بەلاٌم بەرز بوونەوەی نرخی بەرابەری لیرە بەراورد لەگەڵ دراوە بیانییەکان بووە هۆی زۆر بوونی هاتنە ناوەوەی کەلو پەلو کەم بوونەوەی هەناردنی شتو مەك بۆ دەرەوە کە لەئەنجامدا رێژەی بێکاری لەسەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەلاٌت لەلایەن مارگرێت تاچێرەوە لە ٥/٤ لەسەر١٠٠ بۆ ١٣/٣ لەسەر١٠٠ لە کۆتایی ساڵی چوارەمی حکوومەتەکەی بەرز بۆوەو ژمارەی بێکارانی بریتانیا لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا لە سنووری سێ میلیۆن کەس تێپەڕی. تەرازنامەی ئابووری خانمی تاچێر لەروانگەی زۆربەی گەلی بریتانیاوە نێگەتیڤ بووو هەر بەم هۆیەشەوە لەراپرسییەکی گشتیدا تەنیا ٢٥ لەسەر١٠٠ی خەڵك لە حکوومەتی ئەو رازی بوونو ئەمەش کەمترین رادەی نارازی بوونی گەلی بریتانیا لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەرۆك وەزیرانی بریتانیا بوو. لەهەڵکەوتێکی ئاوادا بوو کە حکوومەتی سەربازی ئەرژانتین هەلەکەی قواستەوەو دووبارە داواکارییە کۆنەکانی سەبارەت بە خاوەنداریەتی دوورگەکانی "فالْك لەند"[٣٣] کە دەکەوێتە خوارووی باشووری رۆژئاوای زەریای ئەتلەسەوە دەست پێکردووە. کۆمەڵە دوورگەکانی فالْك لەند کە ناوی راستەقینەی ئەو "مالڤیناس"[٣٤]ە لە دووسەد دوورگەی گەورەو بچووك پێك هاتووەو تا ساڵی ١٧٧٠ کە بریتانیاییەکان بە ناچاری بەجێیان هێشت لەژێر دەسەلاٌتی بریتانیادا بوو. بریتانیاییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا جارێکیتر ئەم

32-Crisis

33-Falkland

34-Malvinas

دووڕگانەیان داگیر کردووەو گوێیان بە داواکارییەکانی ئەرژانتین نەداو دەستیان بە دامەزراندنی بنکەو دام ودەزگاکانی سەربازیو دەریاییەکان کردەوە. حکوومەتی سەربازی ئەرژانتین کە لە ئاپریلی ساڵی ١٩٨٢دا دەیهەویست لەناوخۆی وڵات لایەنگریو خۆشەویستی بەدەست بهێنێ، بو سەلماندنی داواکاری ئەرژانتین سەبارەت بە خاوەندارێتی ئەم دووڕگانە دەستبەکار بووو بە هێرشێکی لەنەکاو هێزە بچووکە دەریاییەکەی بریتانیای تێك شکاندو بنکە سەربازییەکانی بریتانیای لەم دووڕگانە داگیر کرد. مارگرێت تاچێر وڵامێکی بەپەلەو ئازایانەی بەم هێرشە داوەو چالاکییە سەربازییەکانی بریتانیا بۆ وەرگرتنەوەی دووڕگەکانی فالك لەند بەسەرکردایەتی راستەوخۆی خانمی تاچێر لە رۆژی ٢١ مەیی ساڵی ١٩٨٢ بە ئاکام گەیشتو هێزەکانی ئەرژانتین بە دانی زیانو زەرەرێکی قوورسی مرۆڤیو ماددی لە دووڕگەکان دەرکران.

مارگرێت تاچێر لە رەوتی شەڕی فالك لەندا، نێوبژیوانی ئەمریکاو هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی بریتانیای سەبارەت بە تاوتوێکردنی ئەم ناکۆکییانەو پێدانی هەندێك ئیمتیاز بە ئەرژانتین قەبووڵ نەکردو لێبڕاوانە بە هیچشتێك جگە لە تێکشکاندنی قوورسی هێزەکانی ئەرژانتین رازی نەبوو. سەرکەوتنی مارگرێت لە شەڕی فالك لەند هەموو خاڵە لاوازەکانی سیاسەتی ناوخۆیی ئەوی قەرەبوو کردەوەو بە کەڵك وەرگرتن لەم هەلە هەڵبژاردنەکانی پەرلمانی بریتانیای لە ژووەنی ساڵی ١٩٨٣دا واتە ساڵێك بەر لەکاتی دیاری کراوی خۆی ئەنجام دا. باری ئابووری بریتانیا لە ماوەی نێوان شەڕی فالك لەندو هەڵبژاردنەکانی پەرلمانی ساڵی١٩٨٣وردە وردە باشتر ببووو هەر بەم هۆیەشەوە حیزبی پارێزگارانی بریتانیا بە رێبەری مارگرێت تاچێر گەورەترین سەرکەوتنی خۆی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بەدەست هێنا. حیزبی پارێزگاران لە کۆتایی ئەم هەڵبژاردنانەدا بەدەست هێنانی ٣٩٧ کورسی لە کۆی ٦٥٠ کورسی پەرلمان بە زۆرینەی دەنگ سەرکەوتو خانمی مارگرێت خولی دووهەمی سەرۆك وەزیرانی خۆی بەهێزو توانایەکی زۆرەوە دەست پێکرد. کارنامەی خانمی تاچێر لە خولی دووهەمی سەرۆك وەزیرانیدا پڕشەنگدارتر لە چوار ساڵی یەکەمی حوکمڕانی ئەو بووو هەر بەم هۆیەشەوە جارێکیتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٧دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لە خولی سێهەمی سەرۆك وەزیرانی خۆیدا تووشی کێشەو گرفت بووو دوایین راپرسی لە گەلی بریتانیا نیشان دەدات کە بە شێوەیەکی هەست پێکراو خۆشەویستی مارگرێت تاچێر دابەزیوە. رۆژنامەی ناوداری تایمزی لەندەن لە ژمارەیەکی خۆیدا لە بەرواری ٢٧ی مارسی ١٩٨٩(٧ی خاکەلێوەی ١٣٦٨.ك.هـ) ئاکامی ئەو راپرسییانە بلاو دەکاتەوەو دەنووسێ سەرەڕای ئەوە کە

هێشتاش لەنێوان دەنگداران ژمارەی هەوادارانی حیزبی پارێزگاران ٤٪ لەلایەنگرانی حیزبی کرێکاران زیاترە، بەلام جیاوازی ئەوان سەبارەت بە دوایین هەڵبژاردنەکانی پەرلمانی بریتانیا زۆر کەمتر بۆتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٧دا ٤٣٪ی دەنگدەران بە قازانجی حیزبی پارێزگارانو ٣٢٪یش بە قازانجی حیزبی کرێکاران دەنگیان دابوو کە جیاوازی ئەوان ١١لەسەر١٠٠ بوو. خاڵێکی سەرنج راکێش کە لە لێکۆڵینەوەکانی رۆژنامەی تایمز دەردەکەوێت ئەوەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لەلایەنگرانی خانمی تاچێر لەنێوان دەنگدەرانی ژن کەم بۆتەوەو بەو شێوەیەی کە راپرسییەکان نیشان دەدەن ئەگەر هەڵبژاردنە نوێیەکانی پەرلمان دەست پێ بکاتەوە ئەوە زۆربەی ژنانی بریتانیایی بەتایبەت لە گرووپی تەمەنی ١٨تا٢٤ساڵ بە حیزبی کرێکاران دەنگ دەدەن. هەڵبەت خانمی تاچێر (لەکاتی نووسینی ئەم پەرتووکە) بەهۆی ئەوەکە لایەنگری زۆری لەپەرلماندا هەیە گرینگییەکی ئەوتۆ بەم راپرسییانە ناداتو لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وتوویەتی کە تا ساڵی ١٩٩٢ بەبێ هیچ دوودڵیو گومانێك درێژە بە حکوومەتی خۆی دەداتو بە سەرکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی بریتانیا هیواداره. هەروەها لەم وتووێژەدا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەتوانایی ئەو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سەرۆك وەزیری کەم نەبۆتەوەو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا تەختی دەسەڵات چۆل ناکات.

***



رۆژنامەکانی بریتانیا دوای شەڕی فاڵك لەند مارگرێت تاچێریان ستاییش دەکرد، بەلام رۆژنامەکانی ئەمریکای لاتین زۆر بە توندی هێرشیان کردە سەری. لە وێنەی سەرەوەدا گۆڤارێکی ئەرژانتینی وێنەی خانمی مارگرێتی لە قەیافەی دزێکی دەریایی کێشاوەتەوەو گۆڤارێکی بریتانیای وێنەی مارگرێتی وەك وێنەی مەلیکە ڤیکتۆریا کێشاوەتەوە.

لەروانگەی زۆربەی خەڵکی بریتانیاوە تەرازنامەی دە ساڵەی حکوومەتی مارگرێت تاچێر پۆزێتیڤە. هەڵبەت هەر وەك ئاماژەی پێکرا، ژمارەی هەوادارانی خانمی تاچێر بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو کەمتر بۆتەوە، بەڵام ناڕازی بوونی بەشێك لەرای گشتی بریتانیا لەحکوومەتی مارگرێت تاچێر پتر لەبەر سیاسەتی نێوخۆییو کێشەو گرفتی ئابووریە لەکاتێکدا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی زۆربەی هەرەزۆری گەلی بریتانیا پشتیوانی لەخانمی مارگرێت تاچێر دەکەنو زۆر کەس ئەو بە بەهێزترین سیاسەتوانی سەدەی بیستەمی بریتانیا ناودەبەن. بریتانیا لەسەردەمی ١٠ساڵەی حکوومەتی مارگرێت تاچێردا بەراورد لەگەڵ پێگەی نێودەوڵەتی بریتانیا بەر لە دەستپێکردنی حوکمڕانی ئەو لەساڵی ١٩٧٩دا، کێشی قورستری لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانیدا بەدەست هێناو ڕۆڵو کارتێکەری مارگرێت تاچێر لە سیاسەتی جیهاندا لە پێشینیانی خۆی زۆر زیاترە. مارگرێت تاچێر دوای بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەسەرەتاوە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کارتێرو دوا جاریش رەیگانو لە کۆتاییشدا بووش داناو کۆتایی بە رکاربەرییەکانی ئەمریکاو بریتانیا لە بەشە جۆراجۆرەکانی جیهان هێنا کە پێگەی بریتانیای لەرزۆك کردبوو. ئەو لەپەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی بازاری هاوبەشی ئەورووپاش هێزو توانایيەکی زۆری لە خۆی وەدەرخستو دەستکەوتێکی زۆری بۆ بریتانیا بەدیاری هێنا. سەرسەختی خانمی تاچێر لەداسەپاندنی بیروبۆچوونەکانیلەسەر رێبەرانی وڵاتانیتری ئەورووپا کە هەندێك رەخنەو دژایەتی لێکەوتەوە، پێگەی سیاسی ئەوی بردە سەریو لە نێو هاوکارانیدا بە دووگۆلی نوێی ئەورووپا ناوی دەرکرد. مارگرێت تاچێر لەسەرەتای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، لەئاست شوڕەوی سیاسەتێکی سەرسەختانەو قوورسی گرتە بەرو بەتووندی لەبەرامبەر سیاسەتە داگیرکارانەکەی بێرژنێفو دەست تێوەردانی شوڕەوی لە کاروباری ئەفغانستان دژایەتی کرد. مارگرێت تاچێر یەکەمین دەسەڵاتدری رۆژئاواییی بوو کە لە لەندەن لەگەڵ "گۆرباچۆف"و پێش هاتنە سەرکاری ئەو وتووێژی کرد. گۆرباچۆف کە بە سەرکردایەتی شاندێکی نوێنەرانی پەرلمانی شوڕەوی رۆیشتبووە بریتانیا لەو کاتەدا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیستو یەکێك لە پاڵێوراوانی چاوەڕوانکراوی رێبەرایەتی شوڕەوی دوای "ئاندرۆ پۆڤ "ی رێبەری نەخۆشی ئەم وڵاتە بوو. مارگرێت تاچێر دوای دیمانەیەکی درێژخایەن لەگەڵ گۆرباچۆف بەم رستەیە کەئەو پیاوێکی راست بێنو ژیرەو "دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت" رێزی لێ نا. لەگەڵ ئەمەشدا خانمی تاچێر دوای هاتنە سەرکاری گۆرباچۆف بە گومانو پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ سیاسەتی ئاواڵەی ئەو دەکردو بەراشکاوی دژایەتیی لەگەڵ پێشنیاری رێبەری نوێ شوڕەوی سەبارەت بە

نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی(ناوەکی) لە ئەورووپا دەکرد. تاچێر لە سەفەرێکیدا بۆ مسکۆ لە کۆتاییەکانی مانگی مارسی ساڵی١٩٨٧ لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی مسکۆ وتی کە هێزێکی پارێزەری ئەتۆمی لەگەڵ ئەو هەموو مەترسییەی کە هەیەتی باشترین پارێزەری ئاشتی لە جیهانە. خانمی تاچێر بۆ پاساو هێنانەوەی وتەکانی گوتی: "ئەورووپا لە نیوەی سەدەی بیستەمدا دوو شەڕی گەورەو مەترسیداری بینیوەو ئەگەر نێزیکەی چل ساڵە کە لەسەرهەڵدانی شەرێکیتر پارێزراوە بەهۆی ئەم چەکە ئەتۆمی‌یەیە... من ناتوانم لەم بابەتە تێبگەم کەبۆچی ئێوە لە بیری لەناو بردنی چەکی ناوەکینو باس لە هەڕەشە لەسەر ئاشتی بەهۆی هێزەکانیترەوە ناکەن؟"

هەواڵنێرێکیتری رووسی لە رەوتی ئەم وتووێژەدا لە مارگرێت تاچێری پرسی: "سەرەڕای ئەمەش ئایا دان بەمە دانانێن کە ئەورووپا لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا چەند جار لەسەرەتای شەڕێکی ناوەکی مەترسیدار بووە؟" خانمی تاچێر لە وڵامدا وتی: "بەڵێ، بەڵام تەنیا لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ئەتۆمی دابووەو ئەگەر شەڕێك رووی نەداوە لە بەر ترس لە ئاکامەکانی ئەو شەڕە بووە... رەنگە ئێمە تا ئێستا بەبێ بوونی ئەم هاوسەنگەییە مەترسیدارە(چەکی ناوەکی) کێشەوگرفتی شەڕێکیتریشمان لە ئەستۆدا بوایە." مارگرێت لەسەردەمی سەرۆك وەزیرانی خۆیدا چەند جار سەفەری بۆ وڵاتانی ئەفریقاییو ئاسیایی کردووەو سەرەڕای هەبوونی قەیرانێك کە بەهۆی دژایەتی ئەو سەبارەت بە ئابلۆقەی ئابووری رێژیمی رەگەزپەرستی خوارووی ئەفریقا لەنێوان پێوەندییەکانی بریتانیا لەگەڵ کۆمەڵەی وڵاتە هاوبەرژەوەندییەکان سەری هەڵدا، زیانێك لە بنەمای ئەم کۆمەڵە نەدراوە.



ئەم وێنەیەی خانمی تاچێر کە لەسەر گۆڤاری ئێکۆنۆمیستی لەندەن چاپ کراوە، ئەو بە دووگۆل دەشوبهێنێ

لەسەردەمی دەسەلاّتداری تاچێردا پێوەندی نێزیك لەنێوان بریتانیاو ولاّتە عەرەبییەكان درووست بووو كڕینی چەند میلیارد دۆلاری چەكو چۆلّ لەلایەن ولاّتانی كەناری باشوری كەنداوی فارس لە بریتانیا، یارمەتی گەشەسەندنی ئابووری ئەو ولاّتەی داوە. لەسەردەمی حكومەتی مارگرێت تاچێردا پێوەندی بریتانیاو ئێران بەسەر چەند قۆناغێكی قەیرانیو ناسكدا تێپەڕیوەو لە ئاكامدا بەهۆی پشتیوانی دەولّەتی بریتانیا لە سەلمانی رۆشدی، نووسەری بەرچەلّەك هێندیی پەرتۆكی پڕلە كوفری "ئایاتی شەیتانی" پەیوەندییە سیاسییەكانی ئەم دوو ولاّتە بە تەواوی پچڕاوە. حكومەتی تاچێر بەر لە ئێران لەگەلّ لیبیاش پێوەندییەكانی پچڕاند بووو هەروەها پێوەندی بریتانیا لەگەلّ ژمارەیەك لە ولاّتانی ئەمریكای لاتین دوای رووداوی دوورگەكانی فالّك لەند ئاسایی نەبۆتەوە. زۆربەی گەلی بریتانیا دوای شەڕی فالّك لەندو وەرگرتنەوەی ئەم دوورگانە لە ئەرژانتین پشتیوانیان لە مارگرێت تاچێر دەكردو سەركەتنی بێوێنەی حیزبی پارێزگاران لە هەلّبژاردنەكانی سالّی ١٩٨٢دا زۆرتر بەهۆی ئەم سیاسەتەی ئەو بوو، بەلاّم درووستی سیاسەتی مارگرێت تاچێر لە راگرتنی ئەو دوورگانەو نەسازان لەگەلّ ئەرژانتین دوای تێپەڕ بوونی چەند سالّ بەسەر ئەم رووداوە، لە كۆڕو كۆبوونەوە سیاسییەكانی بریتانیا كەوتۆتە ژێر پرسیارو رەخنەی لێگیراوە. دەولّەتی بریتانیا بۆ پاراستنی ئەو دوورگە دوورانە كە گرینگییەكی ئیستراتیژی ئەوتۆی نییە، سالاّنە٦٧٢ میلیۆن دۆلاّر خەرج دەكاتو ئەمەش لە كاتێكدایە كە ژمارەی دانیشتوانی ئەم دوورگانە لە ٢٠٠٠ كەس كەمترەو دەولّەتی بریتانیا بە پێوانەی گۆڤاری تایمی ئەمریكایی سالاّنە بۆ هەر نەفەرێك **٣٧٣** هەزار دۆلار خەرج دەكات! سوور بوونی خانمی تاچێر لە پاراستنی دوورگەكانی فالّك لەند جگە لەم خەرجییە بەردەوامە، سالاّنە چندین میلیارد دۆلاّر زیان لە بازاری هەناردەی بریتانیا لە ولاّتانی ئەمریكای باشوور دەدات، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە دوورگەكانی فالّك لەند بگۆڕێو جۆرێك سازشی سیاسی لەگەلّ ئەرژانتین ئەنجام بدات.

***

سەرەڕای پشتیوانی زۆربەی دەنگدارانی بریتانیایی لە مارگرێت تاچێر كە بووە هۆی سەركەوتنی ئەو لە سێ هەلّبژاردنەكەی پێشوو، زۆربەی رووناكبیرانو چینی كرێكاری بریتانیا بە توندی رەخنە لە سیاسەتە ناوخۆییو دەرەكییەكانی ئەو دەگرن. لەم دواییانەدا قسەو باسی

نارەزایەتیو رەخنە لە شێوازی حكوومەتی مارگرێت تاچێر لەنێوان رێبەرانی كۆنی حیزبی پارێزگاران بە گوێ دەگاتو ژمارەیەك لە وەزیرانی پێشووی مارگرێت تاچێر وەكوو فرانسیس پیم، وەزیری دەرەوەی پێشووو "جان نۆت"[35]ی وەزیری بەرگری پێشوو كە بەهۆی دژایەتی لەگەلّ سیاسەتەكانی ئەو دەستیان لەكار كێشاوەتەوە، ئەو بە جۆرێك "سەرەڕۆیی پشت ئەستوور بە زۆرینە"[36] تۆمەتبار دەكەن. وەزیری پێشووتری ئەو بەناوی "ویلیام وایت لاو" كە نەیتوانی درێژە بە هاوكاری ئەو بدات، وتوویەتی كە خانمی تاچێر دوای هەر سەركەوتنێك لە هەلّبژاردنەكاندا زیاتر لە خۆبایی بووەو بەهۆی ئەوە كە پێیوابوو خەلّك دەنگیان بە سیاسەتەكانی ئەو داوە، لەسەر داسەپاندنی روانگەكانی بەسەر كەسانی دەوروبەریدا پتر پێدادەگرێ. لەسالّی ١٩٨٨دا دوو پەرتووك سەبارەت بە رەخنە لە شێوازی حكوومەتی ئەو بلاّو بۆوەو خەلّك بە خێرایی پێشوازییان لێكردو لە كۆروكۆبوونەوە سیاسیو كۆمەلاّیەتییەكانی بریتانیا باسی لێكرا. ناوی پەرتووكێكیان "تاچێریسم"[37]و ناوی ئەوی تریشیان "رێگای دژواری بنیاتنانەوە: تاچێریسمو قەیرانی چەپ"[38]ە. پەرتووكی یەكەمیان لە كۆمەلّێك روانگەی نووسەرانی بریتانیایی سەبارەت بە چۆنیەتی حكوومەتی تاچێر پێك هاتووە كە "رۆبێرت ئێسكید لێسكی"[39] كۆی كردۆتەوەو پەرتووكی دووهەمیش شیكردنەوەیەكی حكوومەتی تاچێرو فاكتەرەكانی هەرەس هێنانی قۆلّی چەپ لە سێ هەلّبژاردنەكانی ئەم دواییانەی بریتانیایە كە "ئێستۆرات هالّ"[40] نووسیویەتی. لە هەر دوو پەرتووكەكەدا وشەی "تاچێریسم" نەوەك ئایدۆلۆژیایەك، بەلّكوو وەكوو شێوازی حكوومەتو رێبەری شی كراوەتەوەو نووسەرانی ئەم دوو پەرتووكە ئەو شێوە حكوومەتەیان بەحكوومەتی دیكتاتۆریو دژ بەبنەماكانی دێموكراسی لەبریتانیا ناساندوە. لەپەرتووكی "تاچێریسم"دا رەخنە لەسەركەوتنە ئابوورییەكانی تاچێریش گیراوە كە فاكتەری سەرەكی سەركەوتنی ئەو لە هەلّبژرادنەكان بووە.

35-Joho Nott

36-Authoritaian Populism

37-Thetcherism

38-The Hard Road to Renewal: Thatcherism and the Crisis of the Left

39-Robert Skidelsky

40-Stuart Hall

بۆ وێنە نووسراوە کە لەساڵی ١٩٧٩دا تا دەیەمین ساڵی حکوومەتی مارگرێت تاچێر ئاستی بەرهەمە پیشەییەکان لە بریتانیا تەنیا ٪٦ بەرز بۆتەوەو ئەمەش لەکاتێکدایە کە لەم ماوەیەدا ئاستی بەرز بوونەوەی ئەم بەرهەمانە لە ژاپۆن ٪٣٨، لە ئەمریکا٪٢٥و لە ئیتالیا ١٥ لەسەر ١٠٠ بووە.



لە دەیەمین ساڵیسەرۆك وزیرانیدا ئاسەواری ماندووبوونو تێکچرژاوی لە رووخساری مارگرێت تاچێر وەدەرکەوتووە.

نووسەرانی ئەم پەرتووکانە لەو باوەڕە دان کە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەقامگیری سیاسیی بارودۆخی ئابووری بریتانیا لەو ماوەیەدا بەهۆی داهاتی٢١٠میلیارد پۆندی نەتی باکوور بووەو لێهاتوویی‌و پسپۆری خانمی مارگرێت تاچێر هیچ رۆڵێکی تێدا نەنواندووە. ناوی دوایین پەرتووك کە لە بریتانیا لە بارەی مارگرێت تاچێرو دەورانی حکوومەتی ئەو بلاوبۆتەوە، بریتیە لە "یەکێك لە ئێمە"[41] کە لەلایەن "هۆکۆیانگ"[42]ەوە کە لێکۆلەری سیاسی‌و رۆژنامە نووسی ناوداری بریتانیایە نووسراوە. ئەم پەرتووکەش کە لە ئاپریلی ساڵی١٩٨٩دا چاپ کراوە، پتر زمانی رەخنەگرانەی هەیەو نووسەر لە زمانی ئەو کەسانەی کە وتوویژی لەگەڵ ئەنجام داونو ژمارەیەك لە ئەندامانی بەرزی حیزبی پارێزگارانو وەزیرەکانی پێشووی کابینەی مارگرێت تاچێریشی تێدایە، مارگرێت تاچێری بە لەخۆبایی بوونو کورتبینی‌و لاساری‌و پێداگری لەسەر داسەپاندنی بیروبۆچوونەکانی تۆمەتبار کردووە. لەم پەرتووکەشدا نووسراوە کە سەرکەوتنەکانی حکوومەتی مارگرێت تاچێر لە بواری ئابووریدا زۆرتر بەهۆی بەرز بوونەوەی

41-One of Us

42-Hogo Young

بەرهەمی نەوتی باکوور بووە نەوەك لەبەر شایستەیی‌و کارزانی ئەو. لە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەندا تەرازنامەی حکوومەتی١٠ساڵەی ئەو نێگەتیڤ بووە، لەبەرئەوەی کە لەسەردەمی حوکمڕانی ئەودا دەوڵەمەندان دەوڵەمەندترو چینە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگاش هەژارتر بوون. خانمی تاچێر بەرز بوونەوەی لیرە لە ئاست نرخی دراوە بیانی‌یەکانو بەرز بوونەوەی داهاتی دەوڵەت بەراورد لەگەڵ خەرجییەکانی دەوڵەت بە سەرکەوتنی مەزنی خۆی دەزانێ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەرز بوونەوەی نەگونجاوی نرخی لیرە لە ئاست دراوە بیانی‌یەکان بۆتە هۆی دابەزینی هێزی رەکەبەری بەرهەمەکانی بریتانیا لەبەرامبەر بەرهەمی ولاتانی‌ترو بریتانیا لەساڵی ١٩٨٨دا ١٥میلیارد لیرەی لە بازرگانی دەرەکی کەم وکورتی هێناوە. واتەیەکی‌تری دابەزینی ئاستی بازرگانی دەرەکی ئەوەیە کە بریتانیا تووشی دابەزینی ئاستی بەرهەمو بەرز بوونەوەی بێکاری بووەو ئەمەش بە گەورەترین ئاستی رێژەی بێکاری لەنێوان ولاتانی ئەورووپی دەژمێردرێت. نووسەری ئەم پەرتووکە نکۆڵی لەهەندێك لەسەرکەوتنەکانی دەورانی حکوومەتی مارگرێت تاچێرو تایبەتمەندییە باشەکانی خودی ئەو ناکات، بەلام لەو باوەڕەدایە کە زۆربەی خەڵکی بریتانیا سوودیان لە حکوومەتی ئەو وەرنەگرتووەو ئەگەر گەشەی بەدرووی ئابووری بریتانیا لەسەردەمی ١٠ ساڵەی دەسەلاتداری ئەو بەم شێوەیە درێژە بکێشێ ئەوە لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠دا جێگەی خۆی بە وەستانو قەیرانێکی توند دەسپێری‌و بەدەستپێکردنی ئەم قەیرانەش تەمەنی دەسەلاتی مارگرێت تاچێر کۆتایی پێدێت.

دەست لەکارکێشانەوەی خاتوو تاچێرو ئەو ئاژاوەیەی
کە بە نووسینی پەرتووکی بیرەوەرییەکانی درووستی کرد

هەروەك لە کۆتایی بەشی تایبەت بە خانمی تاچێر لەچاپی یەکەمی ئەم پەرتووکەدا تێبینی کراوە، "ژنی ئاسنینی بریتانیا" لەدەیەمین ساڵی سەرۆك وەزیرانی خۆیدا بەملاوە تووشی هێرشێکی توند لەلایەن رۆژنامەکانی بریتانیاو تەنانەت هاوکارەکانی پێشووی خۆی بۆوەو لەئاکامدا ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە. مارگرێت تاچێر لە دوایین ساڵی دەسەڵاتداری خۆیدا بە لەسەرکار لابردنی چەند کەس لەوەزیرانی پایەبەرزی کابینەکەی، ویستی دەوڵەتێکی یەکدەستو ملکەچی خۆی دابمەزرێنێ، بەلام وەزیرانی پایەبەرزی کابینەی خاتوو تاچێر کە کارتێکەرییەکی زۆریان لەنێوان نوێنەرانی حیزبی پارێزگاران لە پەرلماندا هەبوو، ژمارەیەك لە نوێنەرانی سەربەحیزبی پارێزگارانیان بەدژی کابینەی تاچێر هەڵگەڕاندەوەو هەربەم هۆیەشەوە مارگرێت تاچێر کە زۆربەی لایەنگرەکانی لەپەرلمان لە دەست دابوو، بە ناچاری لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠داو دوای نێزیکەی ١١ساڵو نیو سەرۆك وەزیرانی دەستی لە کار کێشاوە. مارگرێت تاچێر بەر لە دەستکێشانەوە لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی بە پێشگرتن لە هەڵبژاردنی نەیارانی قەستەسەری خۆی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی، تۆڵەی لێ ستاندنەوە و"جان مەیجێر" کە وەك جێنشینی ئەو هەڵبژێردرابوو، یەکێك لە وەزیرە لاوەکانی کابینەی تاچێرو سەرخستراوی ئەو بوو. خانمی تاچێر دوای دەست کێشانەوە لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی بە نازناوی لۆردی بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردەکانی بریتانیا کە پۆستێکی تەشریفاتی (نافەرمی) بوو. ئەو چەند ساڵێکیش بێدەنگ مایەوەو لە وتووێژو وتاربێژی خۆی پاراست بەلاّم لەنەکاو بە بلاّوکردنەوەی پەرتووکی بیرەوەرییەکانی لەساڵی ١٩٩٣ ئاژاوەیەکی نوێی ناوە. مارگرێت تاچێر لەو پەرتووکەکەیدا (چاپی یەکەمی بە ٥٠٠ هەزار پەرتووك دوای دوومانگ وەدەست نەکەوتو لەهەمان ساڵدا وەرگێڕدراوە سەر دە زمان) بە توندی هێرشی کردۆتە سەر هاوکارەکانی پێشووی خۆیو سووکایەتی پێکردوونو تەنانەت لە بارەی دەسەلاّتدارانی زۆربەی ئەو ولاّتانەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردبوون، زمانێکی رەخنە گرانەو توندی بەکار هێناوە. جان مەیجێری



دوایین وێنەی مارگرێت تاچێر کەلەسەر پەرتووکەکەی دراوە.

جێنشینی خانمی تاچێر لەیەکەمین هەڵبژاردنەکانی دوای دەست لەکارکێشانەوەی مارگرێت تاچێر توانی لایەنگیری زۆرینەی نوێنەرانی حیزبی پارێزگاران لەپەرلمان بپارێزێتو خۆی لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی پارێزگاری بریتانیادا بمێنێتەوە، بەلاّم لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٧دا نەیتوانی بەسەر حیزبی کرێکارانی بریتانیا بە رێبەری تۆنی بلێر سەرکەوێتو پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانیاو رێبەری حیزبی پارێزگارانی لەدەست دا. جێگەی باسە کە سەرکەوتنی تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی لاوو جوان چاکی نوێێ بریتانیا پتر بەهۆی دەنگی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٧ی بریتانیا بووەو ئێستاش ژمارەی ژنانی نوێنەری پەرلمانی بریتانیا زیاتر لە دوو بەرابەری پەرلمانی پێشووە.

فەسڵی حەڤدەیەم

ژنانی دەسەڵاتداری جیهان
لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا

ژنانی دەسەڵاتداری جیهان لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا

ژنان لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنی تازەو گەورەیان لە گۆڕەپانی سیاسەتو ئابووری جیهاندا بەدەست هێنا. ناودارترین ژنی ئەو سەدەیە کە پێشتر بەناوی "ژنی ئاسنینی بریتانیا" باسمان لێکرد، لە ئاکامدا دوای نزیکەی ١١ساڵو نیو حوکمڕانی ناچار بوو دەست لەدەسەڵات بکێشێتەوە. بەڵام دوای ئەو ژنانی لێهاتووی‌تر لە وڵاتانی ئەورووپیو ئاسیایو ئەمریکایی پۆستی گرینگی سەرۆک کۆماریو سەرۆک وەزیرانو زۆر پۆستی گرینگیان وەك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەدەست هێنا (مادلین ئاڵبرایت)و تا ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمیش هەر لەسەر پۆستەکانیان مانەوە. ماوەیەکی کورت دوای دەست لەکار کێشانەوەی خانمی تاچێرلە پۆستی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، بۆ یەکەمین جار لەوڵاتی ئیرلەندا ژنێك پۆستی سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتەی وەرگرت. ناوی ئەم ژنە خاتوو "ماری رابینسۆن"[1]ە کە تاقانە کچی دایكو باوکێکی پزیشکی کاتۆلیکی ئیرلەندایە. چوار براکەی خانمی رابینسۆن وەك باوکیان وەدوای پزیشکی کەوتن، بەڵام ماری رابینسۆن خوێندکاری بەشی ماف بووو لەبەشی مافی زانکۆی هاڤاردی ئەمریکادا خوێندنی تەواو کرد. ماری دوای گەڕانەوە بۆ ئیرلەندا کاری پارێزەری هەڵبژاردو لە ئاکامدا لەگەڵ یەکێك لەهاوکارانی بەناوی نیکۆلا رابینسۆن کە کوڕی بانکدارێکی پرۆتستانی بوو زەماوەندی کردو هاوکات لەگەڵ کارەکەی چووە نێو جیهانی سیاسەتو لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا بوو بە نوێنەری ئیرلەنداو لەوێش وەك پارێزەرو دواکاری سەرسەختی مافی ژنان ناوبانگی دەرکردو لەئاکامدا لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٠دا بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئیرلەندا هەڵبژێردرا. خاتوو رابینسۆن لە ماوەی حەوت ساڵ سەرۆك کۆماری خۆیدا، خۆشەویستیو متمانەی گەلی ئیرلەندای بەدەست هێناوەو هەلومەرجی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە کۆنەکانی ئیرلەنداو بریتانیای سەبارەت بە ئیرلەندای باشوور ئامادە کردووە. خانمی رابینسۆن جگە لەوەکە سیاسەتوانێکی بەرچاوو بەڕێوەبەرێکی بەتواناو پارێزەرێکی شارەزاو لێهاتووە، بەڵکوو دایکێکی کەم وێنەشەو لە پەروەردەو فێرکردنی کچو دوو کوڕەکەی ئەوپەڕی چاوەدێریو وردبینی بەکار هێناوە. هەروەها خاتوو رابینسۆن رێزێکی تایبەتیش لە هاوسەری دەگرێ کە یەکێك لە پارێزەرە ناودارەکانی ئیرلەندایەو چەند جاریش وتوویەتی کە هاوسەرم باشترین راوێژکارو باشترین هاندەرو لەهەمان کاتیشدا باشترین رەخنەگری منە. ئەو لە زۆر هەڵەدا منی رێنوێنی کردووەو هۆکاری گرینگی سەرکەوتنە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی من بووە.

1-Mary Robinson



خانمی رابینسۆن سەرۆك کۆماری ئیرلەندا

دایك سەرۆك وەزیرانو کچ سەرۆك کۆمار!

دوای خاتوو رابینسۆن کە سێهەمین سەرۆك کۆماری جیهانە (دوای ئیزابیلاپێرۆن، سەرۆك کۆماری ئارژانتینو خانمی ئاکینۆ، سەرۆك کۆماری فیلیپین) ژنێکی ئاسایی‌تریش بەناوی"چاندریکا"، کچی گەنجی یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ژنی جیهان بەناوی "خانمی سیریماڤۆ باندارانایك" بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی گەیشتووە. چاندریکا کە پلەی دوکتورای لەزانکۆی بەناوبانگی "سووربۆن"ی پاریس وەرگرتوە، پێش ئەوە کە پۆستی سەرۆك کۆماری سریلانکا بەدەست بهێنێ لە پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانی سریلانکا کە دایکی پاڵێوراوی حیزبی ئازادی بوو، رۆڵی گرینگی نواندو خانمی باندارانایك بە سەرکەوتنی ئەم حیزبە لەهەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٤ دوای هەڤدە ساڵ گەڕایەوە سەر پۆستی سەرۆك وەزیرانیو ساڵی دواتر بە هەڵبژاردنی چاندریکا بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی جیهاندا دایكو کچێك پۆستی سەرۆك وەزیرانیو سەرۆك کۆماری وڵاتێکیان بەدەستەوە گرت. چاندریکا لە پۆستی سەرۆك کۆماری دژی هەندێك کردەوەی دایکی بوو، بەڵام ئەم دایكو کچە پێش ئەوەی ئەم ناکۆکییانە ببنە قەیرانێکی سیاسی لەسەر ئاستی سریلانکا پێکەوە

سازشیان دەکرد. هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی دایكو کچێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانیو سەرۆك کۆماری له سریلانکا، ژنان له ولاتانیتری نیمچه قارەی هێندیش (هێند، پاکستان، بەنگلادێش) هەندێك سەرکەوتنی مەزنی سیاسییان بەدەست هێنا. له پاکستاندا بینەزیر بوتۆ جارێکیتریش بەسەر رکەبەرەکانیدا سەرکەوتو بۆ جاری دووهەم پۆستی سەرۆك وەزیرانی پاکستانی بەدەست هێناو له بەنگلادێش دا "بیگم خالیده زیا"ی بێوەژنی رێبەری کۆچکردووی بەنگلادێش (**ضیاء الرحمن**) که رێبەرایەتی حیزبی ناسیۆنالیستی بەنگلادێشی دوای مردنی هاوسەری بەدەستەوە گرتبوو، دوای ده ساڵ خەباتی بێوچان لەبەرامبەر دەوڵەتی میلیتاری ژێنراڵ حوسێن محەمەد ئیرشادا و له یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادی بەنگلادێش، دوای رووخانی دەوڵەتی میلیتاری محەمەد ئیرشاد سەرکەوتنی بەدەست هێناو به پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەنگلادێش گەیشت.



خانمی شێخ حوسەینە



بیگم خالیدە زیا

رکەبەری سەرەکی بیگم خالیده زیا لەم هەڵبژاردنانەدا ژنێك بەناوی خاتوو شێخ حوسەینە، کچی "**مجیب الرحمن**"ی رێبەری خەباتی سەربەخۆیی خوازانەی بەنگلادێشو یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئەم ولاته دوای سەربەخۆیی بوو که به جیاوازییەکی کەمەوه له خاتوو بیگم خالیده شکستی خوارد، بەلام له هەڵبژاردنەکانی دواتردا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێو وەك دووهەمین سەرۆك وەزیرانی ژنی بەنگلادێش دەسەلات بەدەستەوه بگرێت. بینەزیر بوتۆ له پاکستان بۆ جاری دووهەم بەهۆی پیلانی هاوکارەکانیو بەپشتیوانی سەرکردە سەربازییەکان لەسەرکار لابردراو به تۆمەتی چەوت کەڵك وەرگرتن له دەسەلاتو هەروەها یارمەتیدانی هاوسەری که پێشتر له مامەڵه پڕ قازانجەکانی دەوڵەت پووڵو پارەی دزیبوو، کەوته ژێر راوەدوونان. ئەم تۆمەتانەی که خرایه پاڵ بینەزیر بوتۆوه نەسەلمێندرا، بەلام گەلاڵه کردنی ئەم تۆمەتانەو ئەو پڕۆپاگەندانەی که به دژی ئەو ئەنجام درا، بووه هۆی سەرنەکەوتنی حیزبەکەی

له هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٩٧ی پاکستانو رکەبەری قەدیمی ئەو بەناوی نەوازشەریف جارێکیتر دەسەلاتی بەدەستەوه گرت. ئێستاش که بینەزیر بوتۆ سەرۆکی کومیتەی بەرهەڵستکاری دەوڵەته له پەرلمان، دەستی له خەبات هەڵنەگرتووەو هیواداره که جارێکیتر له هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلمان سەرکەویو ئەمجارەیان ئەگەر سەرکەوت هەندێك چاکسازی له یاسای بنەڕەتی پاکستان ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی رێگه لەسەر هەڵدانی بارودۆخێکیتر بگرێت که ببێته هۆی لەسەرکار لابردنی نایاسایی ئەو. له کۆتاییشدا له هێندا رێبەرانی حیزبی کۆنگره دوای دوو جار شکست هێنان له هەڵبژاردنەکان، جارێکیتریش بیریان لەوه کردەوه که به کەڵك وەرتن له ژن دەتوانن سرنجی رای گشتی بۆ لای خۆیان راکێشنو دەسەلات بەدەست بگرنەوه. ئیندیراگاندی (کچی نێهرۆ) که دوای باوکی بەهێزترینو خۆشەویست ترین سەرۆك وەزیرانی هێند بووو راجیۆگاندی که دوای ئەو به پۆستی سەرۆك وەزیران گەیشت، کوژرانو ئێستاش رێبەرانی حیزبی کۆنگره دەیانهەوێ رەزایەتی وەرگرن بۆئەوەی وەك رێبەری حیزبی کۆنگره له هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هێند بەشداری بکات. سۆنیا گاندیی[1] هاوسەری بەرەچەڵەك ئیتالیایی راجیۆگاندی (ماوەیەك لەمەوبەر پەرتووکێکی پڕفرۆشی له بارەی هاوسەری نووسی).



خانمی سۆنیا گاندی

تا کاتێك ئەم پەرتووکه ئامادەی چاپ دەبێت، سۆنیا گاندی رێبەرایەتی خەباتی سیاسیی بۆ جێنشینی هاوسەری قەبووڵ نەکردووە، بەلام ئەگەر ئەم پێشنیارەی رێبەرانی حیزبی کۆنگره قەبووڵ بکات به ئەگەرێکی بەهێز دەبێته سەرۆك وەزیرانی داهاتووی هێند.

1-Sonia Gandhi

ژنە دەسەڵاتدارەکانی تری دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم

لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا (لەساڵی ١٩٩٠بەملاوە) جگە لەم ژنانەی کەلە بەشەکانی رابردوودا باسمان لێوە کردن، پێنج ژنیتر لە بەشە جۆراجۆرەکانی جیهان بە پۆستی سەرۆك کۆماریو سەرۆك وەزیرانی گەیشتوون کە ئاماژەیەکی کورتیان پێدەکەین.

١-لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی١٩٩٠ی نیکاراگوای، خانمی "ڤیۆلیتا چامۆرۆ"[2] توانی لە رکەبەری سەرەکی خۆی بەناوی "دانیەل ئۆرتێگا"ی رێبەری شۆڕشگێڕی نیکاراگوای بباتەوەو بۆ یەکەمین جار رێژیمی شۆڕشی لەرێگای هەڵبژاردنەوە جێگەی خۆی بەحکومەتێکی هەڵبژێردراوی دیمۆکراتی ئەسپارد.

٢-خاتوو "گرۆ هارلێم برۆنتلەند"[3] کە لەساڵی ١٩٩٠دا بەملاوە پۆستی سەرۆك وەزیرانی لە ئەستۆ دایە، کاتێك کە خوێندکاری پزیشکی بوو هاتە نێو جیهانی سیاسەتەوەو دوای بەدەستهێنانی رێبەرایەتی حیزبی کرێکاری نەرویژ بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی گەیشت. خانمی برۆنتلەند وەرزش وانەو چەند جار مەودای بەینی ماڵ (لە ئۆسلۆ)و ڤیلاکەی کە لە چل کیلومەتری شاری ئۆسلۆیە بەخلیسکانە رۆیشتووە.



خانمی برۆتلەند،
سەرۆك وەزیرانی نەرویژ

2-Violetta Chamorro
3-Gro Harlem Brundtland

٣- لەسەرەتاکانی ساڵی١٩٩٣دا، خانمی تانسۆ چیلەر[4] وەزیری ئابووری کابینەی سولەیمان دێمیرێل، دوابەدوای مردنی "تۆرگۆت ئۆزال"ی سەرۆك کۆماری توورکیەو هەڵبژێردرانی سولەیمان دێمیرێلی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی توورکیە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری، بوو بە جێنشینی ئەوو بۆ یەکەمین جار لەمێژووی توورکیەدا ژنێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردرا. خانمی چیلەر کە ژنێکی گەنجو دەوڵەمەندو لە هەمانکاتیشدا خوێنکاری ئەمریکا بوو، لەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بۆ چاکسازی باری ئابووری و چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو دوای سێ مانگ سەرۆك وەزیرانیو دوابەدوای سەرکەوتنی حیزبی ئیسلامی رێفاه لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٩٥ دەستی لە کار کێشاوە.



خانمی تانسۆ چیلەر سەرۆك وەزیرانی تورکیا

خانمی تانسۆ چیلەر لە کابینەی هاوبەندی جێنشینی خۆیدا (نجم الدین ئەربەکان) پۆستی وەزیری دەرەوەی وەرگرت، بەڵام ئەربەکان کە رووبەرووی دژایەتی توندی سوپا لەمەڕ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی ببۆوە، دوای نزیکەی ساڵێك حوکمڕانی ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوەو هەر بەم هۆیەشەوە تانسۆ چیلەریش پۆستەکەی لەدەست دا. تانسۆ چیلەر بۆ گەڕانەوەی بۆسەر دەسەڵات چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی توورکیە دەکات.

4-Tansu Gillar



خانمی تانسۆ چیلەر لە ڕێورەسمێکی ئایینیدا لەنێوان ژمارەیەک لەلایەنگرەکانی

٤- لەمانگی ژوییەی ساڵی ١٩٩٣دا، لیخ والّسای سەرۆك كۆماری ئەوكاتی لەهێستان (پۆڵندا) لەنێوان سەرسووڕمانی هاوكارەكانیدا یەكێك لەپەرلەمانتارە ژنەكانی لەهێستانی بەناوی "هانا-سوچوكا"[5] بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتە هەڵبژارد. سوچوكا كە لەو كاتەدا ٤٦ ساڵی تەمەن بووو هێستاش زەماوەندی نەكردبوو، لای نوێنەرانی پەرلەمانی لەهێستان زۆر خۆشەویستو ناودار بوو، بەڵام هەرگیز كەسێك باوەڕی نەدەكرد ڕۆژێك پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەهێستان بەو بدرێت. سوچوكا كابینەیەكی هاوبەندی بە بەشداری وەزیرانی حەوت حیزبی لەهێستان دامەزراندو توانی لەپەرلەمانی لەهێستان كە لەوكاتەدا بەتووندی تووشی شێواویو ناكۆكی هاتبووە دەنگی متمانە وەربگرێت. سوچوكا كە باوكی دەرمانسازەو خۆشی دوكتورای مافی هەیە، یەكێك لەسەركەوتووترین سەرۆك وەزیرانی لەهێستانی دوای رووخانی ڕێژیمی كۆمۆنیستی ئەو وڵاتەیە. سوچوكا دوای لەسەركار لابرانی لیخ والّسا، پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەدەست داوە بەڵام هێشتاش یەكێك لە نوێنەرە بەهێزەكانی پەرلەمانی لەهێستانە.

5-Hanna Suchocka



خاتوو سوچوكا سەرۆك وەزیرانی پۆڵۆنیا

٥-لەناوەڕاستەكانی ساڵی ١٩٩٣دا، كانەداش بۆیەكەمین جار بوو بە خاوەنی سەرۆك وەزیرانی ژن. یەكەمین سەرۆك وەزیرانی ژنی كانەدا خانمی "كیم كامبێل"[6]ە كە لەتەمەنی ٤٦ ساڵیدا بە پۆستی سەرۆك وەزیرانی كانەدا گەیشت. خانمی كامبێل ژیانێكی تاڵو پڕ كارەساتی بووەو دوای جیا بوونەوەی دایكو باوكی، سەرپەرشتی باوكی لە ئەستۆ گرتووەو دووجار شووی كردووەو تەلاقی وەرگرتووەو لە ئاكامدا هاتە نێو جیهانی سیاسەت. خانمی كامبێل كە مارگرێت تاچێری كانەدای پێ‌دەڵێن، لەساڵی١٩٩٣دا ڕێبەری حیزبی گەشەسەندنی كانەدای بەدەستەوە گرتو بە وتاربێژی پڕجۆش توانی ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنەكان سەرخات. بەڵام خانمی كامبێل نەیتوانی ئەم چاوەڕوانییە گەورانە جێبەجێ بكات كە لەكاتی پێشبڕكێی هەڵبژاردنەكاندا بە خەڵكی دابووو هەربەم هۆیەشەوە لە هەڵبژاردنەكانی دواتری كانەدا لەحیزبی لیبراڵ شكستی خوارد. لەگەڵ ئەمەشدا خانمی كامبێل خەیاڵی گەڕانەوە بۆ سەر دەسەڵاتی هەر لەمێشك دایەو بە سەرۆكایەتی كەمینەی بەرهەڵستكاری دەوڵەت لە پەرلەمانی كانەدا خۆی بۆ هەڵبژاردنەكانی داهاتووی پەرلەمانی كانەدا ئامادە دەكات.

6-Kim Campbell

لە هاوسەری مائۆوە تا هاوسەری کلینتۆن!

هەر وەك لە بەشەکانی پێشووی ئەم پەرتووکەدا ئاماژەی پێکرا، تەنیا ئەو ژنانەی کە پۆستە فەرمییەکانی وەکوو سەرۆك وەزیری یا خود سەرۆك کۆمارییان وەرگرتووە بە ژنانی دەسەڵاتداری جیهان بە هەژمار نایەن، بەڵکوو زۆر ژنیتریش هەبووە کە وەك هاوسەر یان دایكو تەنانەت کچی خاوەن دەسەڵاتەکان، پتر لەو ژنانەی کە پۆستی شاژن یان سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانیان وەرگرتووە لەسەر رەوتی مێژووی ولاتەکەیان یا خود مێژووی جیهان شوێنپەنجەیان داناوە.



خاتوو جیانک کینک، بێوەژنی مائۆ لە دادگا

وێنەی ئە ژنانە لە رابردوودا بریتیە لە کاترین دۆمێدیسی، دایکی سێ پاشای فەرانسەو لەسەدی هاوچەرخیشدا بریتین لە مەلیکە ئالێکساندرای هاوسەری دوایین تێزاری رووسیاو خانمی ویلسۆنی هاوسەری سەرۆك کۆماری ئەمریکاو لە نێوەی دووهەمی سەدەی بیستەمیشدا دەتوانین ناوی خانمی "چیانکا یچك"ی هاوسەری دوایین سەرۆك کۆماری چین بەر لەدەسەلاتی کۆمۆنیستەکانو هەروەها خانمی جیانك کینکی هاوسەری مائۆ (رێبەری کۆمۆنیستەکانی چین) بهێنین.بە باوەڕی ئەو کەسانەی کە لە نێزیکەوە لەگەڵ جیانك کینك هەڵسوکەوتیان کردووە (بۆ وێنە پزیشکی تایبەتی ئەو کە لەم دواییانەدا پەرتووکێکی لەسەر ژیانی مائۆ نووسیوە) خانمی جیانك کینك لە هەموو کەس زیاتر کارتێکەری لەسەر رێبەری چین بووەو لەسالانی کۆتایی تەمەنی مائۆدا سەرۆکی راستەقینەی چین بووە. خاتوو جیانك کینك کە لەسەردەمی گەنجێتیدا سەما کارو هوونەرمەندی شانۆ بووە، دوای مردنی مائۆ بە هاوکاریو هاوپەیمانی لەگەڵ رێبەرانی سیاسیو سەربازی چین کە دواتر بە گرووپی چوار

کەسی ناوبانگیان دەرکرد، ویستی کودتایەك ئەنجام بدات و لەم رێگەیەشەوە دەسەلات بەدەستەوە بگرێت، بەلاّم سەر نەکەوتو لە دادگاییەکەی پڕدەنگوپەنگدا بە مەرگ مەحکووم کرا. بڕیاری کوشتنی ئەو لەبەر رێزلێنان لە مائۆ گۆڕا بۆ زیندانی ئەبەدیو لە ئاکامدا لە بەندیخانەدا مرد.



هیلاری کلینتۆن، هاوسەری سەرۆك کۆماری ئەمریکا

هیلاری کلینتۆن، هاوسەری بیل کلینتۆنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا یەکێکیتر لە ژنە کارتێکەرو دەسەلاتدارەکانی جیهانە کەلە هەموو کەسێك زیاتر، کارتێکەریی لەسەر هاوسەری هەیەو کلینتۆن لە هەموو بڕیارە سیاسییەکانو هەڵبژاردنی پۆستەکانی دەوڵتیدا راوێژ لەگەڵ ئەو دەکات. رۆژنامەکانی ئەمریکا لە خانمی کلینتۆن کە لە زانکۆ هاپۆلی کلینتۆن بووەو لەکاتی خوێندکاریدا زەماوەندی لەگەڵ ئەو کردووە، وەك بەهێزترینو کارتێکەرترین خانمی یەکەمی ئەمریکا یاد دەکەنەوەو تەنانەت ژمارەیەك لە رۆژنامەکانی ئەمریکا بە گاڵتە بە جێگەی پرێزیدێنت یان سەرۆك کۆمار، ناوی هاوسەری خانمی هیلارییان لەسەر کلینتۆن داناوە.

لەساڵی ١٩٨٨دا لە ولاتانی جیهان ٩٦ وەزیری ژن لەسەر پۆستە گرینگەکانی وەکوو وەزیری کاروباری دەرەوە ودادو هەروەها وەزیری کاروباری فێرکردنو پەروەردە خزمەت دەکەن. یەکێك لە دەسەلاتدارترینیان خانمی "مادلین ئالبرایت"ی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکایە. لە ئەمریکادا دوای پۆستی سەرۆك کۆماری، پۆستی وەزیری دەرەوە بەرزترین پۆستەو خانمی مادلین ئالبرایت کە کۆچبەرێکی چێکییە لە زۆربەی کاروبارە گرینگەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە تەنیا بڕیار دەدات.